# دڵڕەقی و بێدەنگی

www.dengekan.com

**کەنعان مەکییە**

# دڵڕەقی و بێدەنگی

## جەنگو ستەمکاری و ڕاپەڕین
## لە جیهانی عەرەبیدا

وەرطێرانی
**حەمە رەشید**

**سلێمانی** 2005

www.dengekan.com

**زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**
**کتێبی سەردەم ژمارە ( 293 )**

**سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە**
ئازاد بەرزنجی

**دڵڕەقی و بێدەنگی**

بابەت: لێکۆڵینەوە
نووسینی: کەنعان مەکییە
وەرگێڕانی: حەمە ڕەشید
بەڕێوەبەری هونەری: شیروان تۆفیق
مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولڕەحمان
سەرپەرشتیاری چاپ: فەرهاد رەفیق
تیراژ: 1000 دانە
ژمارەی سپاردن: 68 ی 2005

**مافی لە چاپدانەوەی ئەم کتێبە بۆ**
**دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە**

www. m.info

# پێشـــکەشە

بـەو دوو مرۆڤـەی فێرییـان کـردم بەرامبـەر بـە دڵڕەقـی بێـدەنگ نـەبم و لـە ئاسـت بێدەنگەکانیش دڵڕەق نەبم، پێشکەشە بە دایك و باوکم.

## سوپاس و پێزانین

رێزو پێزانینم بۆ برای خۆشەویستم (رێبین هەردی) هەیە کە سەرەڕای ئەوەی پێشەکی بۆ ئەم کتێبە نوسیوە، دووجاریش وەرگێڕانەکەی لەگەڵ دەقە عەرەبیەکەی بەراورد کردووەو چەندین رێنمایی پڕ بەبەهای پێشکەش کردم، هەروەها رێزی بێپایانم بۆ ئەنـدازیار (سـروە ئیسماعیل) هەیە کە هەڵەبڕی وەرگێڕانەکەی گرتە ئەستۆی خۆی، لەگەڵ چـەندین رێنمـایی بەنرخ لەسەر دەقە عەرەبیەکە، چونکە شارەزاییەکی زۆر باشی لەزمانی عەرەبیدا هەیە.

www.dengekan.com

# پێشەکی

کاتێـك بـۆ یەکـەمجار ئـەم کتێبـەم خوێنـدەوە، تاکـە پاڵنـەرم بـۆ خوێندنـەوەی نـاوی نوسەرەکەی بوو، پێشتر کـەنعان مەکیـە کـە بـەناوی سـەمیر خەلیلـەوە شـتی دەنوسـی، بـەهۆی کتێبـی (کۆمـاری ترسـەوە) نـاوو ناوبـانگی گـەورەی بـۆ خـۆی دروسـتکردبوو.. کتێبەکـە باسـی رژێمێکی سیاسی دەکرد کە جگە لەخەڵکی عێراق بۆ هەموو دنیا رژێمێکی نهێنی ئامێزو ئاڵۆز بوو، شیکردنەوەی جیهانێکی پڕ لەنهێنیو بێدەنگو ئەو میکانیزمانەی بەدرێژایی دەیان ساڵ رژێمی بەعس لەعێراقدا بۆ دروسـتکردنی کۆمەڵگایـەکی بێـدەنگو یـەکرەنگ خـستبویە گـەڕ، بابـەتی سـەرەکی کتێبەکـە بـوو، شـیکردنەوەی عێـراقو کـارکردنی رژێمـی بـەعس بـوو لـەناو خۆیدا، چۆنێتی دروستکردنی وێنەی دوژمـن لەبەشـێك لەکۆمـەڵگای عێراقـی خـۆیو چۆنێتی قەناعـەتپێکردنی بەشـەکەی تـر بەپێویـستی سـزادانی ئـەو بەشـە.. کتێبەکـە باسـی رژێمێکـی دەکرد کە وردترینو حسابکراوترین میکانزمی لەڕووی سیاسیو راگەیاندنەوە بەکار دەهێنا بۆ ئەوەی زۆرینـەی خەڵکی عێراق بکاتە هاوتـاوانی خـۆی.. یـان بەبەشـداریکردن لەتەماشـاکردنی شانۆگەریەکانی سزادانو هەلهەلە لیێدان بۆی، یان بەبێـدەنگبوون لەبەردەمیـدا.. کتێبەکـە بـۆ پـەردە هـەڵماڵین لەسـەر تاوانـەکانی بـەعس نەنوسـراوە، یـەکێك نیـە لـەو هـەزاران کتێبانـەی لەبارەی رژێمە دیکتاتۆریەکانو ریسواکردنو ئاشکراکردنی شێوەی ئەشکەنجەدانو پێشێلکردنی مافی مرۆڤ تیایـدا نوسـراونو ئەوانەشـی کتێبەکـەیان وا تەماشـاکردو خوێنـدەوە لەبەڵگانـدنی سەرەکی کتێبەکەو ئەو خاڵەی دەیەوێت پەنجەی بـۆ راکێـشێ، تێنەگەیـشتوون. ئـەم کتێبـە بـۆ

ریسواکردنی رژێمێکی سیاسی نەنوسراوە، بەڵکو بۆ ئەوە نوسراوە ئەوە ئاشکرا بکات چۆن رژێمێکی سیاسی هێواش هێواش دەتوانێ کۆی گروپەکانی کۆمەڵگا بکات بەشەریکێکی چالاك لەهەموو ئەو تاوانانەدا پێی هەڵدەسێ.. کۆماری ترس چیرۆکی تاوانەکانی دیکتاتۆرێك نیە، بەڵکو چیرۆکی بێدەنگکرنو هاوبەشیپێکردنی کۆمەڵگایە لەهەنگاوەکانی دەوڵەتدا.. تەنها باسی چۆنێتی ملکەچکردنی کۆمەڵگا لەبەردەم دەوڵەتدا ناکات، بەڵکو لەمەش زیاتر باسی کردنی کۆمەڵگایە بەبەشێكو پارچەیەك لەپارچەکانی دەوڵەت دەکات، باسی دۆخێك دەکات کە تیایدا ماوەیەك لەنێوان دەوڵەتو کۆمەڵگادا نامێنێت.. گەر ئەو ماوەیەش بمێنێت، ئەوا بێدەنگی پڕ دەکاتەوە، نوسەر خۆی لەکتێبەکەیدا دەڵێت: (لێرەدا بەپێی یادەوەری رستەکان دەهێنمەوە): سەرەتا ترس پاڵنەری خەڵکی بوو بۆ ئەوەی بەروکەش خۆی بەهاوڕای بەعس بزانێت، بەڵام دواتر روکەش بوو بەهەقیقەت)، خەڵکی بەڕاستی بوون بەبەشێك لەدەزگاکانی دەوڵەتو بەشێوەی جۆراوجۆر بەشداریان لەبەهێزبوونو سەقامگیری رژێمی عێراقدا دەکرد.

بەم شێوەیە مەکیە لەکۆماری ترسدا بەهەمان ئەو شتانە گەیشتبوو کە ویلیام رایش لەڕێگەیەکی یەکجار جیاوازو روانگەیەکی دیەوە لەتێڕوانینیدا بۆ نازیەکان پێیگەیشتبوو.

ئەگەر ویلیام رایش دەیگوت کە (ئەڵمانیەکان لەنازیەکان نەترسان، بەڵکو نازیەکانیان دەویست)، ئەوا مەکیە لەکۆماری ترسدا دەیگوت (سەدام بێدەنگی دروستنەکرد، بەڵکو بێدەنگی سەدامی دروستکرد)، ئەگەر رایش باسی ئامادەبوونی کلتورێکی پێشوەختی دەکرد کە وای لەئەڵمانیا کرد نازیەکانی بوێت، ئەوا مەکیە لەکۆماری ترسدا باسی کلتورێکی کرد کە بەعسیەکان لەعێراقدا دروستیان کردو کۆمەڵگای عێراقیان کرد بەبەشدارێکی چالاك لەو کلتورەدا.. ئەویان لەکلتورەوە دەستی پێدەکردو بەترس دەگەیشت، ئەمیان لەترسو بێدەنگیەوە دەستی پێدەکردو بەکلتور دەگەیشت، بەڵام هەردوکیان بەشێوەی جیاواز بەدوای یەك شتی هاوبەشدا دەگەڕان: چۆن دەوڵەتو کۆمەڵگا دەبنە یەك شتو ماوەیەك لەنێوانیاندا نامێنێت، جۆرێك لەیەکانگیری دەوڵەتو کۆمەڵگا کە ئەگەری گۆڕان لەناوەوە دەکات بەشتێکی مەحاڵ، کۆماری ترس راستیەکی ئاشکرا دەکرد کە پێشتر لەئەزموونی نازیەکاندا دەرکەوتبوو: رژێمی بەعس جۆرێك لەسیستەمی کۆمەڵایەتیو سیاسیو دروستکردووە کە وەك ئەزمونی نازیەکان بەهۆی هێزێکی دەرەکیەوە نەبێت، مەحاڵە گۆڕانی بەسەردا بێت.

بەڵام ئەمە هەموو بەسەرهاتی دروستبوونی کۆمەڵگای عێراقی نیە لەسەردەمی حوکمڕانی رژێمی بەعسدا، چونکە کۆمەڵگای عێراقی نەیدەتوانی لەئاستی روکەشو بینراودا

www.dengekan.com

ئەوەنـدە یـەکانگیر بێـت، گـەر لـەژێرەوە بەسـەرهاتی پارچەپارچـەبوونو دابڕانێکـی گـەورە لەنێوان گروپە جیاوازەکانیـدا روونـەدات.. هـیچ یـەکانگیریو هاوڕەنگیـەکی ئاشـکرانیە لەسـەر بناغەی داپۆشـینو شاردانەوەی دابـڕانو پارچـە پارچـەبوون نـەبێت، هـەموو یـەك ڕەنگیـەکی زۆرەکی، ناوچونیەکیو جیاوازیـەکی سروشـتی دەشـارێتەوە.. واتـە ئـا لـەو کاتـەدا کـە رژێمـی عێراقـی هـەموو دەزگاکـانی خـۆی بـۆ ئـەوە تەرخانـدەکرد کـە کۆمـەڵگا لەسـەر شـێوەی خـۆی بونیادبنێتـەوە، هـەر ئـا لـەو کاتـەدا کـاری بـۆ پارچـە پارچـەبوونی زیـاتری کۆمـەڵگا دەکـرد.. لەرژێمێکی ئیستیخباراتیو ئایدیۆلۆژی وەك بەعـسدا مرۆڤـەکان هـەموو هەسـتێکی نێوکـۆییو ئینتیما بۆ کۆمەڵگا بەتوندی لەدەستدەدەنو هەموو بڕوایەکی خۆیـان بەدەوروبـەر دەدۆڕێـن.. بـێ بـاوەڕیو نائومێـدیو بـەدگومانی دەبێـت بەخەسـڵەتێکی بەرچـاوی کەسـایەتیەکان.. خۆپەرستیو بیرکردنەوە لەخودو لەدەستدانی هەسـتی هـاودەردیو نـەبوونی گیـانی هاوکـاری دەبن بـەکلتورێکی ڕەگ داکوتـاو لـەناو دەرونـی تاکـە کەسـەکاندا.. لـەناو رژێمێکـدا کـە هـەموو کەسێك تیایدا هەست بەقوربانییبوونی خۆی دەکات، هەمووان بـەمافی خۆیـان دەزانـن ئـەوەی ژیـانی گـشتی لێـە سـەندوون، لـەژیانی تایبەتیـدا وەریبگرنـەوە.. ئـەو تەحـەمولو بێـدەنگیو سەرکزیەی رژێمێکی هاوچەشنی وەك عێـراق لـەبواری گـشتیدا داوای دەکـات، باجەکـەی گیـانی هاودەردیو پێکەوە گرێـدانی کۆمەڵایـەتی دەیـدات.. تـا داواکـاریو ئەرکـەکان لـەبواری گـشتیدا زیاتر بێت، گیانی خۆپەرستیو خۆویستی زیاتر دەبێت.. لێرەوە پرۆژەکەی کەنعان مەکیـە بـۆ خوێندنەوەی کاریگەری رژێمی بەعس لەسەر کۆمەڵگای عێراقـی، کـارێکی ناتـەواو دەبـوو گـەر لەکتیبی (کۆماری ترسدا) رابوەستایە، بەڵکو کتێبێکی دی پێویست بوو بۆ ئەوەی دیویێکی تری ئەو کۆمەڵگایە پیشان بدات کە رژێمی بەعس دروستیکرد.. (دڵڕەقـیو بێـدەنگی) بەشـێوەیەك لەشێوەکان بەم ئەرکە هەڵسا.

ئەگەرچـی (کۆمـاری تـرس)و (دڵڕەقـیو بێـدەنگی) دوو کتێبـی جیـاوازنو لـەقۆناغی جیاوازیـشدا نوسـراون، بـەڵام هـەردوو کتێبەکـە باسـی دیـویێکی کۆمـەڵگای عێراقیـان دەکـرد.. کۆمـەڵگای تـرس کتێبێکـی بـوو تەماشـای رژێمـی عێراقـی لـەناوەوە دەکـرد، لەڕێگـەی دەزگـای ئاسایشو ڕاگەیاندنو سـیناریۆکانی لەسـێدارەدانو زیندانـەوە، چـیرۆکی دروسـتبوونی عێراقـی لـەزمانی جەلادەکانیـەوە دەگێڕایـەوە، کتێبێـك بـوو چـۆنێتی یـەکانگیربوونو یـەك ڕەنگـی کۆمـەڵگای عێراقـی باسـدەکرد، بـەڵام کتێبـی (دڵڕەقـیو بێـدەنگی) چـیرۆکی عێـراق لـەزمانی قوربانیـەکانی رژێمـی (کۆمـاری ترسـەوە) دەگێڕێتـەوە.. بەسـەرهاتی عێراقـە لـەپاش سەقامگیربوونی پایەکانی کۆماری ترس.. تەماشاکردنی عێراقە بەچاوی قوربانیەکانی دڵڕەقی

که لەکۆماری ترسدا بەشێکن لەکارەکتەری دەوڵەتو کۆمەڵگا، هەر لەبەر ئەمەش ئەم کتێبە هەرگیز نەیدەتوانی بەر لە (زریانی بیابان) بنوسرێو چاپ بکرێ.. کتێبەکە دەبوو بوەستێت بۆ کاتێك قوربانیەکان زمانیان دەکرێتەوەو خۆیان چیرۆکی خۆیان دەگێڕنەوە.. کارێك کە مومکین نەبوو بەر لەراپەڕینی 1990 رووبدات.. شکانی دیوارەکانی ترس کە لەمەیدانێکی بەسەرەوەو بەدەستپێشخەری ئەبوحەیدەر ناوێك دەستپێدەکات، مەرجی سەرەکی بوو بۆ ئەوەی قوربانیەکان بتوانن قسە بکەنو چیرۆکی خۆیان بگێڕنەوە.. بەڵام لێرەشدا وەك (کتێبی کۆماری ترس) هەڵەیەکی گەورە دەکەین گەر وابزانین ئەم کتێبە تەنها بۆ ئەوە هاتوە زمان بداتەوە بەو کەسانەی سالآنێکی زۆرە زمانیان لەدەستداوە.. تەنها بۆ ئەوە هاتووە ئەم چیرۆکانە بگێڕێتەوە کە قوربانیەکان بەدەمی خۆیان دەیگێڕنەوە، تیشك بخاتە سەر تاوانەکانی سەدامو رژێمی بەعس لەسالآنی حوکمڕانیاندا، گەر کتێبەکە تەنها ئەمە بوایە ئەوا هیچ لەو هەزاران کتێبانەی دی زیاتر نەدەبوو کە لەسەر تاوانو کارەساتی رژێمە دیکتاتۆریەکان نوسراون.. دەتوانین سەدان کتێب لەبارەی بەسەرهاتی خەڵکی لەناو رژێمە دیکتاتۆریەکاندا ببینن، بەڵام هەمیشە چاومان بەکتێبێکی وەك (دڵڕەقیو بێدەنگی) ناکەوێت.

لەراستیشدا خوێندنەوەی یەکەمی کتێبەکە هەمیشە هەڵخەڵەتێنەرە، سەرەتا بەرەو ئەو رایامان دەبات کە ئەم کتێبە تەنها بۆ پەردە هەڵماڵین لەکۆمەڵی تاوانی نەبیستراو نوسراوە.. کاردانەوەکانیش لەبەردەم کتێبەکەدا هەر لەم ئاستەدا مایەوە.. نەیارانی کتێبەکە کە لایەنگری رژێمی بەعس بوون یان لانی کەم بەلای رژێمدا دایانشکاند یان لایەنگرانی ناسیۆنالیزمی عەرەبیو ئیسلامی توندڕەو بوون یان لەو بەریانە رۆشنبیریە بوون کە گرێی ئەمریکا وایلێکردوون هەڵوێستی خۆیان بەپێی سیاسەتەکانی ئەمریکا بگرنە بەر (بەو مانایەی ئەوان دژی هەموو شتێك بن کە ئەمەریکای تیابێتو لایەنگری هەموو شتێکیش بن کە ئەمەریکا بەدڵی نیە)، هەموو ئەمانە کتێبەکەیان بەبەشێك لەو دەسیسە نهێنیە دەزانی کە ئەمەریکاو زایۆنیزمی جیهانی بۆ ناشیرینکردنی عەرەبو ئیسلام خستویەتیە گەڕ، لایەنگرانی کتێبەکەش کە زۆربەیان عێراقیەکان بوون کتێبەکەیان بەلاپەڕەیەکی راستەقینە لەمێژووی خوێناوی عێراق دەزانی، کوێتیەکان دڵخۆشبوون بەوەی کتێبەکە بەبەسەرهاتی کارەساتاوی ئەوان لەسەردەمی داگیرکردندا دەست پێدەکات، شیعەکان خۆشحاڵبوون کە بەسەرهاتی دڕندەی بەعس لەگەڵ شیعەکاندا دەگێڕێتەوە، کوردەکان دڵخۆشبوون بەوەی کە بەشێکی زۆری کتێبەکە تەرخانە بۆ قسەکردن لەسەر کارەساتی ئەنفالو ئەو مەینەتیە گەورانەی بەسەر

کورد لەعێراقی بەعسدا هاتووە.. ئیدی لەم نێوەدا بەڵگاندنی سەرەکی کتێبەکەو ئەو شتە گرنگانەی تیاییدا گوتراوە ونبوو، دڵڕەقیو بێدەنگی ئەو بەشەی تەواو دەکرد کە لەکۆماری ترسدا باسنەکرابوو، گەر مەکیە لەکۆماری ترسدا چیرۆکی یەکڕەنگکردنی کۆمەڵگای عێراقی دەگێڕێتەوە، ئەوا لەدڵڕەقیو بێدەنگیدا بەپێچەوانەوە ناکۆکیو دژایەتی بەشە جیاوازەکانی کۆمەڵگا دەستنیشان دەکات.. لەکۆماری ترسدا جیاوازیەکان وندەکرێنو کۆمەڵگایەکی تەباو بێ ناکۆکی دروست دەکرێت، بەڵام لەدڕەقیو بێدەنگیدا جیاوازیەکان دەردەکەون تا ئاستی ناکۆکی دەڕۆن.. لەیەکەمدا پرسیاری سەرەکی ئەوەیە چۆن عێراق بەهەموو جیاوازیو ناکۆکیەکانی ناوەوە یەکڕەنگو بێدەنگ کرا، بەڵام پرسیار لەدوهەمدا ئەوەیە چۆن نەك جیاوازی، بەڵکو ناکۆکیو دژایەتی هەڕەشە لەمانەوەی عێراق دەکات، ئەم کتێبە گەڕانێکە بەناو جیهانێکدا کە ڕەنگە لەدوای ڕژێمی سەدامەوە لەدایك بێت.. خوێندنەوەی کارەکتەری ئەو کەسانەیە کە دەشێت لەجیهانی پاش سەدامدا کارەکتەری چالاکی ناو گەمە سیاسیەکان بن، هەوڵدانە بۆ بینینی کارەکتەری ئەو کەسایەتیانەی لەپاش ئەگەری ڕوخانی ڕژێمەوە، دەنگیان دەبێتو قسە دەکەن، لێرەوە کتێبەکە زۆر زیاترە لەو کتێبە بەڵگەدارانەی تاوانەکانی ڕژێمێکی دیکتاتۆری تۆمار دەکەنو زیاتریشە لەپیشاندانی ئازارو ئەشکەنجەی قوربانیەکانی ڕژێمێکی دیکتاتۆر، جەوهەرو ناوەڕۆکی سەرەکی کتێبەکە شتێکی دیو قسەیەکی دی دەکات، مەسەلەکە پیشاندانی دڵڕەقی ڕژێمێك نیە، بەڵکو پیشاندانی ئەو گۆڕانەیە لەکارەکتەرو کەسایەتی ئەو کەسانەدا کە قوربانی دڵڕەقین، کتێبەکەش ئەگەر بەبەسەرهاتی هاوڵاتیەکی کوێتی لەسەردەمی داگیرکردنی کویتدا دەست پێدەکات، بۆ ئەوە نیە کە عێراقیەك هاوسۆزی خۆی بۆ کوێتیەکان ئاشکرا بکاتو پاکانە لەو تاوانانە بکات کە عێراقیەکان لەکوێتدا ئەنجامیان داوە، بەڵکو بۆ ئەوەیە ئاشکرای بکات داگیرکردنو دڵڕەقی چەند کارەکتەرو کەسایەتی مرۆڤ دەگۆڕن. (خەلیل هەرگیز ئەو کەسە نەمایەوە کە پێش داگیرکردن بوو)، وەك چۆن ئەو ئەفسەرەی دەستی هەبوو لەتاڵانکردنو وێرانکردنی ماڵی خەلیل ئاساکاندا، کەچی لەگەڕانەوەیدا بۆ عێراق یەکەم پریشکی ڕاپەڕینی 1990ی خستەوە.

ئەم کتێبە پێمان دەڵێت دڵڕەقی کەسایەتیەکان دەگۆڕێتو دەیانکاتە زیندانی یادەوەریەك کە ڕزگاربوون لێی ئەگەر مەحاڵ نەبێت ئەوا ئەستەمە. ئەم کتێبە چیرۆکی بەسەرهاتی ئەو میراتیە تاریكو ڕەشەیە کە دڵڕەقی لەناو مرۆڤەکاندا بەجێی دێڵێت.. گەڕانە بەدوای چارەنوسی قوربانیەکانی دڵڕەقیداو هەوڵدان بۆ خوێندنەوەی ئەو دنیایەش پاش نەمانی دڵڕەقی دەردەکەوێت، نەك پیشاندانی دڵڕەقی ڕژێمی بەعس. کتێبێکە لەو مەترسیانە دەدوێ

کە دەشێت پاش روخانی رژێم روبەڕوی قوربانیەکانی بێتەوە، لەکۆمەڵگایەکدا کە هەموو گروپو توێژەکانی هەستدەکەن قوربانی یەکەمی دەستی رژێمن، ئەوا لەدوای روخانەوە هەر گروپە بڕوای وایە هەموو شتەکان دەبێت لەدنیای تازەدا لەپێناوی ئەوانـدا بێت، ئەو عێراقیانەی کە لەکتێبە رازی نەبوون، لەبەر ئەوە بوو کە کتێبەکە زۆر گرنگی بەمەینەتیەکانی ئەوان نەداوە.. هەموو بەدوای ئەوەدا دەگەڕێن بیسەلمێنن کە چەند لەهەموو کەسێکی دی زیاتر قوربانی رژێم بوون، وەك ئەوەی هەر ئەم خاڵە بەس بێت بۆ ئەوەی پێمان بڵێن: ئیدی نۆبەی ئێمەیە هەرچی ئازادیو دەستکەوت هەیە دەبێت بۆ ئێمە بێت.. دڵڕەقیو بێدەنگی دەڵێت سوربوونی بەشە جیاوازەکانی کۆمەڵگای عێراقی لەسەر قوربانی بوونی خۆیانو تەماشانەکردنی بەشەکانی تری کۆمەڵگان ئەو مەترسیە گەورەیەیە کە لەدوای روخانی رژێمی عێراقەوە، هەڕەشە لەدروستبوونی عێراقێکی تازە دەکات، لێرەوە ئەم کتێبە بەپێچەوانەی برێکی زۆر لەو رەخنانەی ئاراستەی کراوە تەنها بۆ پیشاندانی قوربانیەکانی رژێم نەنوسراوە، بەڵکو لەمەش گرنگتر بۆ ئەوە هاتووە بیری قوربانیەکان بخاتەوە تا چەند خۆشیان دەستیان هەبووە لەو دۆزەخەدا کە رژێمی بەعس لەماوەی $30$ ساڵ حوکمڕانی کردنیدا بۆ عێراقی دروستکردو دایخست.. دڵڕەقیو بێدەنگی لەتاوانەکانی رژێم دەدوێت، بەڵام بیری قوربانیەکان دەهێنێتەوە کە تا چەند خۆیان لەشکرێکی گەورە لەکوردەکان بەشداریان تیا کرد، شیعەکان لەعێراقی بەعسدا دەست سپی نەبوون، بەڵکو زۆریان لەناو لەشکری عێراقو دامودەزگاکانیدا کاریان دەکردو رۆڵیان هەبوو، هەموو کۆمەڵگای عێراقی چەند قوربانی رژێمی بەعس بوون، هێندەش بەشداربوون لەدەوری جەلاددا.. هەموو سونەو خەڵکی ناوەڕاستی عێراقیش بەعسی نەبوون، بەڵکو برێکی زۆریان دژی رژێم بوون بەپێی خۆیان بەرگریان کردو قوربانیان دا، لەم ئاراستەیەشدا دڵڕەقیو بێدەنگی بەتایبەتی باس لەدەوری شیعە دەکات بەو پێیەی شیعەکان زۆرینەی خەڵکی عێراق پێکدەهێننو لەهەموو گروپەکانی دیش زیاتر هەست بەقوربانی بوونی خۆیان لەرژێمی عێراقدا دەکەن. ئەم کتێبە کە بەر لەروخانی سەدام بە $10$ ساڵ نوسراوە بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر پێشبینی ئەو خوێن رشتنو کوشتارە دەکات کە لەدوای روخانی سەدامەوە، بەرۆکی عێراق دەگرێتەوە، برێکی زۆر لەبەرپرسیاری ئەم دۆخەش لەئەستۆی سیاسیە شیعیەکان دادەنێ: (ئەو پارچە پارچە بوونو فەوزا زۆرو خوێن رشتنەی لەدوای سەدامەوە بەرۆکی عێراق دەگرێتەوە، بەپلەی سەرەکی دەکەوێتە ئەستۆی شکستی سەرکردایەتی سیاسی شیعە لەبەرزبونەوەی بۆ

ئەو دەرفەتە مێژووییەو ئەو بەرپرسیاریانەی کە گروپەکەی بەتایبەتی دەیخاتە ئەستۆی)، رووداوەکانی دوای روخان گەلێك لەراستی ئەم پێشبینیانەی دەرخست.. مەترسی سونەکان لەدەسەڵاتی شیعەو توندڕەوی شیعەکان کە لەیاخیبونەکەی موقتەدا سەدردا خۆی ئاشکراکرد، تا ئێستاش بۆتە هۆی پەشێویەکی زۆر لەعێراقدا لەئارادایە، لەپشت هەموو پێشبینیەکی دروستیشەوە وردبینیەك و شیکردنەوەیەکی دروست هەیە کە لەم کتێبەدا دەتوانین بیخوێنینەوەو بیری لێبکەینەوە. ئەمەشە کە وا دەکات ئەم کتێبە هەمیشە زیندوبێت و شایەنی خوێندنەوەو قوڵبوونەوەی زیاتر بێت، نرخی ئەم کتێبە لەمڕۆدا کە رژێمی بەعس روخاوە گەلێك زیاترە لەو کاتەی کە کتێبەکەی تیا چاپکرا، خوێندنەوەشی لەمڕۆدا زۆر بەسودترو بەنرخترە لەکاتی دەرچوونی کتێبەکە، نەك هەر لەبەر ئەوەی ئەم کتێبە بەشێوەیەکی سەیر پێشبینی دروستی بۆ دنیای دوای رژێمی بەعس کردووە، بەڵکو لەبەر ئەوەش کە گەلێك بەوردی مێژووی هۆکانی ئەو دنیا ناکۆکەی دەرخستووە کە دەشێت لەدنیای دوای سەردەمی بەعسدا لەعێراقدا دەرکەوێت. لێرەوە پێشنیاری ئەوە دەکەم بۆ هەر خوێنەرێك کە پێش روخانی رژێم ئەم کتێبەی خوێندۆتەوە، هەنوکە پاش روخانی رژێمی بەعس جارێکی دی بیخوێنیتەوە، چونکە بەدڵنیایی گەلێك شتی بەنرختر لەخوێندنەوەی یەکەم دەدۆزیتەوە کە دەتوانێت یارمەتی بدات بۆ ئەوەی زیاتر لەهۆکارەکانی ئەگەری ئەو ناکۆکیانە بێبگات کە هەنوکە لەعێراقی دوای روخانی رژێمی بەعسدا، ئاماژەکانی بەئاشکرا دەرکەوتووە.

**رێبین هەردی**

## پێشەکی نوسەر

لە 2 / ئاب / 1990، کاتێك بیستم سەدام حوسێن کوێتی داگیر کرد، نەخۆش کەوتم، هەر لەخۆمەوە پێم وابو لەم کردەوەیەیدا دەرباز دەبێت. جیهانی عەرەبی لەحاڵەتی سڕبون و پەرتەوازەییا دەژیا، سەدام حوسێنیش جیهانی عەرەبی زۆر باش دەناسێ ئەگەرچی دەرکێکی ناچیزی لەهەر جیهان و خەڵکێکی دی هەبوو. ئەگەر ڕێگەی پێبدرایە گشت کوێت یان بەشێکی بخستایەتە سەر عێراق، ئەوا نوێنەرایەتی لەرووی سیاسییەوە لەدەرەوە تەعمیم دەکرا و جیهانی عەرەبیی بۆ وەچەکانی داهاتوو هەڵدەگێڕایەوە.

لەلای هەریەکێك لەئێمە ساتە هەرە گرنگەکانی سیاسەت لەگەڵ ئەو هەستە خاوەدا دەست پێدەکات کەدووچاری من ببو لەکاتێکدا لەژوری دانیشتنەکەی ماڵی خۆمان دانیشتبوم و گوێم لەهەواڵەکان دەگرت. هەموو شیکردنەوە ئاڵۆزەکان ـ کە ئامرازی نوسەرن ـ بەهەستێکی لەمجۆرە مەحکوم بون، هەستێك بیرکردنەوە و نوسین دەکات بەپەرەسەندنی غەریزەیەکی سەرەتایی.

لەمانگی ئابدا نوسیومە : "پێویستە سەدام بوەستێنرێ" درزی گەورە لەو نیازەی ئەمریکا دژایەتی دەکرد بریتی بو لەوەی ؛ ئەو تیپە سەربازانەی بۆ ریزەکانی پێشەوە ئامادەکرابون هێزی عەرەبی نەبون. بەمجۆرە رەنگە جارێکی دی هەموو شێوازە کۆنە ناسیونالیستەکان و دژ بەئیپمریالیزم سەرهەڵبدەنەوە و شۆکێکی گەورە بخوڵقێنن، بۆیە لەپێناوی ئاینەدەی خودی عەرەبدا پێویستە عەرەب لەسەر خاکی سعودی شەڕی عەرەب بکات، بۆ ئەوەی سەروەری و سەربەخۆیی بۆ کوێت بگێڕێتەوە، هەروەها لەپێناوی چارەسەری مەسەلە مرۆییەکاندا پێویستە دژایەتی پرەنسیپی توندوتیژی و ئەو بنەمایانە بکات کەسیاسەتی بەعسی لەسەر بونیات نراوە[1].

لە 17 / کانونی دوەم / 1991، ئەو رۆژەی هێزی هاوپەیمانەکان عیراقیان بۆردومان کرد، من لەقاهیرەبوم تا ئامادەی بیست و دوەمین پێشانگەی ساڵانەی کتێبی عەرەبی بم. بەر لەهەفتەیەك، کاتێك لەو تاکسییە دابەزیم کە لەفرۆکەخانەوە بۆ ئوتێل دەیگواستمەوە، لەسەر شۆستەی شەقامی تەلعەت حەرب ژمارەیەك کتێبی میللی پەرپووتم بینی کەلەنێوانیاندا چاپێکی بازرگانی خراپی کتێبی " کۆماری ترس"ی تیابو، برادەرێکی میسری پێی وتم ؛ ئەو کەسەی ئەم کتێبەی چاپکردوە لەگەڵ ئاژانسی هەواڵگری سعودیە کاردەکات. کاتێك سەیری کتێبەکەم دەکرد و لاپەرەکانیم هەڵدەدایەوە لەکتێب فرۆشەکەم پرسی داخۆ شتێك لەبارەی نوسەری ئەم کتێبە دەزانێت. کتێب فرۆشەکە وتی :"پێشتر یەکێك بوە لەخۆیان، ئنجا

بەرلـەداگیرکردنی کوێـت لەگـەڵ هاورێکـانی تێکدەچـێت و ریـسوایان دەکـات". لەهـەردوولای کتێبەکـەی منـدا، دوو کتێـب لەسـەر یاداشـتی سـیخوری دانرابـون، یـەکێکیان کتـێبی "راوچـیی سـیخورەکان" ی پیتــەر رایـت بـو، ئـەوی دی کتێبەکـەی لێپرسـراوی پێـشوی مۆسـاد بـو بەناونیـشانی ( لەرێگـەی فریودانـەوە ). ئـەم دوو کتێبـە لـەکاتێکی گونجـاودا بەعـەرەبی چاپکرابون و سەرکەوتنێکی گەورەیان لەپێشانگاکە بەدەست هێنا. بەسـەرهاتە سـیخورییەکانی پیتەر رایت لەمیسردا جەماوەرێکی زۆری هەیە، بۆیە پێدەچێت پەخشکارەکانی میـسر کتـێبی " کۆماری ترس " یان لەهەمان سنفی کتێبی سیخوری دانابێت.

لەسەر هەمان شۆستەی تەلعەت حـەرب، رێـك لـەدەرەوەی دەروازەی پێـشەوەی ئوتێلەکـەم یـەکێك لـەو کتێبانـەش دانرابـو کـە پڕبـو لـەجنێوی سـوك و ناشـیرین بەسـەلمان روشـدی، ئـەو کتێبـەی کەلەهـەموو شـوێنێکی قـاهیرە دەبینـرێ. وێنەیـەکی کاریکـاتێری شـەیتانیی سـەلمان روشدی لەسەر بەرگی دەرەوەی کێشرابوو کە دوو شاخی دوو ئینجی لەسەر هەردوو گوێـچکەی کرابـو. لەشـوێنێکی دی شۆسـتەکە ژمارەیـەك کتـێبی ئەوینـداری و سـەرنج راکێـشی میـسری دانرابـو، لەتەنیـشتیانەوە یـەکێك لەکتێبـە هـەرە بڵاوەکـانی میـسر دانرابـو، ئـەویش کتـێبی "کۆتایی جیهان" بو لەنوسینی " ئیمام و شێخ " محەمەد متەوەلی ئەلـشەعراوی کـە بـە بێڵـی گراهـامی میــسر دادەنــرێ. ســیناریۆی پیــشبینیەکەرەکان، روداوە ســیحرییەکان، پێــشبینی ئەسـتێرەوانی، پیلانگێـری و سیاسـەتی سـیخوری لـەکاتی شـەڕی کەنـداو، لـەکانونی دوەمـی 1991 دا، لەقاهیرە جۆش و خرۆشێکی زۆری دەوروژاند.

پێشانگاکە چەندین کتێبی دی لەبارەی جیاکردنـەوەی ئـاین لـە دەوڵـەت تیـابو بەپێنوسـی رونـاکبیرە ئیـسلامیە ئەقلانیـەکانی وەك فوئـاد زەکـەرەیا یـا لیبرالیـستە مەدەنیـەکانی وەك فەرەج فۆدە. لەراستیدا چانـسم هـەبو کـە دەرفـەتی ئـەوەم بۆرەخسا ئامـادەی کـۆڕێکی فـەرەج فۆدە بم لەسەر دوا کتێبی، لەدوای تەواوبونی کۆڕەکە بەسەدان کەس لەنەیارانی تورەی فـەرەج فۆدە بەحەماسەوە گفتوگۆیان دەکرد، داکۆکی کردن لەعەلمانیەت بەئاشکرا ئازایەتییەکی زۆری دەویـست. واتـە هـەر بـەهۆی ئـەو جورئەتەشـەوە لەبـەرواری 9/ حـوزەیران/1992، واتـە هەفتەیـەك تێنەپـەڕی بەسـەر رەخنەکردنـە راشکاوانەکەی فـۆدە لەحوسـنی موبـارەك بـەوەی ئازادییە مەدەنیەکان زەوتدەکات، بەدەستی تیرۆریستە توندڕەوەکان تیرۆرکرا(2).

کتێبێکـی نـوێی دی لەسـەر قـەیرانی کەنـداو بەناونیـشانی " نـەوت و خـوێن " هـەبو، بـەناوێکی خـوازراو و زمـانێکی دژ بەسـەدام نوسـرابو. کتێبەکـە کۆمـەڵێك بەڵگەنامـەی نهێنی رژێمی عێراق و چەندین لیستی بەناوی ئەو جولەکانەی لەخۆگرتبو کەئەندامی حزبی بەعس

بون، لەگەڵ راپۆرتێك لەبارەی (رۆڵی فیعلی) جولەكان لەسیاسەتی عێراقدا. بەعسیش هەمان میتۆدی بەكاردەهێنا. لەساڵانی هەشتاكاندا فازل بەراك، بەریوەبەری گشتی ئاسایشی عێراق كتێبێكی چاپكرد بەمەبەستی ئەوەی بەدۆكیومێنت دەریبخات چۆن ( هێزی داگیركەر و شەیتان ) كاریان كردوە سیخور و تێكدەران لەنێو فێرگە عێراقی، یەهودی و ئێرانییەكان بچێنن [3]. ئەو لیستانەی بەراك لەكتێبەكەیدا پێشكەشی كردبو، نوسەرە نەناسراوەكەی كتێبی " نەوت و خوێن " یش هەمان لیستی بەراكی دوبارە كردبووە.

لەدوای شەڕی كەنداو بەخت پشتی لەبەراك كرد، لەلای بەعسیەكان بوە كەسێكی ناحەز و بێزراو، بۆیە لەژێر ئەشكەنجەدان ئیعترافی كرد لەسەر ئەوەی سیخوری بۆ روسیا و ئەڵمانیا كردوە. لەهاوینی ساڵی 1992 دا لاشەكەیان لەسندوقێكی سەرمۆردا دایەوە بەخێزانەكەی لەتكریت [4].

زەمەنی نائاسایی شتی سەیروسەمەرە بەسەر كتێبدا دەهێنێت. كتێبی " كۆماری ترس " لەساڵی 1986 دا تەواو بو، بەڵام بڵاوكردنەوەی ماوەیەكی زۆری خایاند. رەنگە ئێستا ئەمە شتێكی نامۆ بێت، بەڵام تائەم دواییەش خەڵكانێكی زۆر كەم ئامادەبون بڕوا بكەن بەوەی بارودۆخی عێراق بەو ئەندازەیە خراپ بوە. زۆرێك لەخوێنەران و پەخشكاران پێیان وابو دەستنوسەكە " لایەنگری یەكلایەنەی تیایە و كتێبێكی زانستی نیە و مشتومڕێكی زۆر دەوروژێنێ ". بۆیە تائەمڕۆش سڵ دەكەمەوە كاتێك ئەوەم بیردەكەوێتەوە چۆن كتێبەكەم لەلایەن یەكێك لەپەخشكاران رەتكرایەوە، چونكە یەكێك لەدیارترین پسپۆرانی عەرەبی نیشتەجێی ئەمریكا لەبواری بارودۆخی نوێی عێراقدا لەراپۆرتێكدا نوسیبوی ؛ ئەم كتێبە (سوكایەتی) بەمیللەتی عێراق دەكات. بەهەرحاڵ، دواجار كتێبەكە بەهۆی سەدام حوسەینەوە بوو بەیەكێك لەو كتێبانەی زۆرترین ژمارەی لێفرۆشرا، لەگەڵ رەچاوكردنی ئەوەی، ئەم كتێبە بەزمانی ئینگلیزی نوسراوە و تایبەتە بەوڵاتێكی خۆرهەڵاتی ناوەراست (ئەو وڵاتەش ئیسرائیل نیە).

لەپێشانگەی كتێب لەقاهیرە، پازدە ناونیشانی تازەم لەسەر قەیرانی كەنداو ژمارد. هەر پازدە كتێبەكەش بەپێی تەعبیری بازرگانی باو كتێبگەلێكی " فەوری " بون، دوو چاپی جیاوازی عەرەبیش لەسەر هەر چوار بەشی یەكەمی "كۆماری ترس" لەنێو ئەو پازدە كتێبەدا بوو. پێموایە نیوەی دوەمی كتێبەكە والێكدراوەتەوە كەلەئەكادیمی بونیدا زیادەرەوی تیاكراوە، چونكە پێویستی نەدەكرد سەدام بەشەیتان دابنرێت. یەكێك لەو كتێبانە خانەی پەخشی

رۆشـنبيرى (دار الثقافة) چـاپيكردوە كـە دەزگايـەكى بـچوكى سـەنگين و عەلمانيـە. كتێبەكـەى ترشيان، كتێبێكى بازرگانى بو كەلەسەر شۆستەى شەقامى تەلعەت حەرب دانرابـو. دواتـر بـۆم دەركەوت "دار ئەلزەهرا" ى ئيسلامى هەر هەشت بەشەكەى بەشێوەيەكى بازرگانى چاپكردوە. ئەو هـەمو بايەخدانـە كتـوپڕە، پێويـستە بەهەڵوێـستى ئـەو پەخـشكارانە بـەراورد بكرێـت كـە كەسيان ئامادەگى چاپكردنيان تيانەبو، هەرلەتەواوبونيەوە تاداگيركردنى كوێت[5].

سەربارى مۆركى مەرگئاميز و ترسناكى بارودۆخى ئەو سەردەمە، كەچى ئاسودەبووم ئەو هەموو گرنگييە بەكتێبەكەم درابوو. بەلأم ئايا دڵى هەر نوسەرێك نابێت بەئاو كاتێك دەبينـێ كتێبەكەى لەسەر شۆستەى تەڵعەت حەرب لەقاهيرە دانراوە، بەتايبەتى لەتەك ئەو نامێلكانەى بەرگى دەرەوەى بەوێنەى دڵ و شتى لەو بابەتە رازاوەتەوە و باس لەچۆنێتى فێربونى نوسينى نامەى دڵدارى دەكات ؟. بەلأم بـاقى كتێبـەكانى دى سـەرنجيان رانەكێشام. بـۆ نمونـە كتـێبى " قەسـاب " يـەكێك بـو لـەو كتێبانـەى بەپەلـە لەسـەر عێـراق نوسـرابو. وێنەيـەكى كاريكاتێرى سـەرۆكى عێـراق لەسـەر بـەرگى دەرەوەى كێشرابو كەنەخـشەى كـوێتى بەعێراقـەوە دەلكانـد. مايەى گاڵتەجارييە لەكاتێكدا كتێبەكەم بوو بەكتێبێكى ميللى زەرورەتـى ئـەوەى لەدەسـتدابو ئامانجى خۆى بپێكێ، چونكە مـن دەمويـست زۆر بەجيـدى سـەرنـج بـۆ مەسـەلەى توندوتيـژى بەعس رابكێـشم، بـەلأم لـەدواى 2 / ئـاب / 1990، ئيـتر كـەس پێويـستى بـەوە نـەبو 300 لاپەرە بخوێنێتەوە بۆ ئەوەى ئەو شتە ئاشكرا بكات.

مرۆڤ لەماناى ئەو هەمو بايەخپێدانە دوچارى گومانى جيـدى دەبێتـەوە كاتێـك تێـدەگات كتێبەكەى بەوشێوەيە بلأودەبێتەوە كە وەسفم كـردوە، كەچـى لـەلاى هێنـدێك لـەو كەسـانەى ئەم كتێبەيان بۆ نوسراوە، مەبەستم ئەهلى فيكرە لەميسر، زۆر بـەگرنگ وەرناگيرێـت. لێـرەدا ئـەم كتێبـە سـەرپێيانە هـەمان بـرەوى لەنـدەن و نيويۆركيـان هەيـە. ئەگـەر وايـدابنێين ئەرگۆمێنتى " كۆمارى ترس " ماناى بارودۆخى سياسەتى هاوچەرخ دەگرێتەوە، ئەوا پـتر ئـەو ئەرگۆمێنتە لەرێگەى بەستنەوەى بەكتێبى ( جەنگ لـەنێوان ئيـسلام و شـەيتاندا ) فـەرامۆش دەكـرێ كـە ئـەويش كتێبێكـى تـۆز لێنيـشتوى سـەر شـەقامى تەلعـەت حەربـە، لەسـەر بـەرگى دەرەوەى ئەم كتێبە وێنەيەكى سەدام حوسەين هەيە كەدوو كەلبەى وەك كەلبەكانى دارکۆلای لـەزار هاتۆتـە دەرەوە و خەنجـەرێكى خوێناويـشى بەئاراسـتەى كەعبـە بەدەسـتەوەيە. راسـتە ئەمرۆ ژمارەيەك لەرۆشنبيرانى عـەرەبى ميـسر و كەنـداو رژيمـى عێـراق رەخنەدەكـەن، بـەلأم ئەو رەخنەيە تەنها لەدواى دووى ئابى 1990 ەوە دەستى پێكرد. لە كانونى دووەم/1991دا

هەموویان گلەییان لە سەدام حوسێن دەکرد، وەك ئەوەی درندەیی ئەم پیاوە ئەو کارەساتە پاوان بکات کەلەبیست ساڵی رابردوودا بەسەر دنیای عەرەبیدا هاتووە.

بەڵام کارەساتی راستەقینە لەدیمەنی رۆشنبیری میسر یا لەحاڵەتی خانەی پەخشی میسرییەکان نەبوو، بەڵکو لەزەینی دەستەبژێری (نوخبە) جیهانی عەرەبی بو، بەتایبەتی ئەوانەی سەر بەوڵاتانی خۆرهەڵاتی میسر بون. سەدام حوسێن لەنێو ئەو رۆشنبیرە عەرەبانەی پتر کراوە و عەلمانی بون و پتریش بەنێو ئەزمونی خۆرئاوادا رۆچون ـ بەتایبەتی ئەوانەی رۆشنبیرییەکی بەرزیان هەیە، واتە فەلەستینیەکان ـ لایەنگری زۆر و بەرفراوانی هەبوو. سەیرە فەلەستینیەك لەسەر خاکی داگیرکراوی خۆیدا رۆژانە لەسەردەستی دەسەڵاتی سەربازی ئیسرائیلی روبەروی زەلیلی دەبێتەوە کەچی سۆزێکی کتوپڕی بۆ " سوارە ئەسمەرەکەی سەر ئەسپەسپییەکە" هەبێت، بەپێی ئەو دەستەواژە ئاوارتە جوانەی کە نوسەری فەلەستینی (ئەمیل حەبیبی) لەناوکۆیی داشۆرین و رەخنەکردنی سەدامدا بەکاریهێناوە. بەڵام ئەم مەسەلەیە بەتەواوەتی مەسەلەیەکی جیاوازە سەبارەت بەزۆرێك لەرۆژنامەنوس و نوسەر و مامۆستایانی زانکۆ، ئەوانەی لەخۆرئاوا دەژین و خۆیان بە "عەرەب" یا "لایەنگری عەرەب" دەزانن، هەستی پشتگیری لەستەمکارێکی درندە دەردەبڕن، ئەمە سەرباری ئەوەی زۆر باش دەزانن چ بەسەر برا عەرەبەکانیان دەهێنێت [6]. لە سەرەتای جۆش سەندنی قەیرانی کەنداودا زۆر بەتوندی ماکەکانی ئاستەنگی رۆشنبیریی عەرەبی بەدیارکەوت کەساڵانێکی دورودرێژ بو لەقۆناغی شکلگرتندا بوو. ئەم ئاستەنگییە نێوەندی شانۆی سیاسەتی عەرەبی داگیرکرد و دەرکەوتنی سەدام حوسینیش باشترین هێمای بو.

وەك ژمارەیەکی زۆری عیراقیەکان، بەتایبەتی ئەوانەی لەپێناوی کێشەی فەلەستیندا خەڵکانێکی چالاك بوون، بەم کاردانەوە عەرەبییە رووبەرووی ئەزمونێکی شەخسی زۆر خراپ بومەوە. لەبەر ئەوەی " کۆماری ترس " م بەناوێکی خوازراو نوسیبو، رووبەرووی هێرش و پەلامارێکی زۆر بوومەوە. هێندێك کەس پێیان وابوو ناوی خوازراوی (سەمیر خەلیل) بەڵگەیە لەسەر ئەوەی یا دەبێ بەکرێگیراوێکی مۆسادبم یا جولەکەیەکی عێراقی. بەڵام وەقایعەکان کەمتر مایەی وروژاندن بون، چونکە نەخۆم و نەهیچ ئەندامێکی خێزانەکەمان لەلایەن بەعسیە عێراقییەکانەوە دوچاری ئێشوئازار نەبونەوە، بۆیە نوسین بەناوێکی خوازراو باشترین شێوازی کردەیی بوو تا مەسەلەکان وەك خۆیان بمێننەوە.

قسەوباس و مقۆمقۆیەکی زۆر سەبارەت بەناوی خوازراو و پێگە سیاسیەکان وروژێنرا، کەچی تەنها چەند قسەیەکی زۆر کەم لەسەر روداوەکانی ناو عێراق کرا. کتێبی ( کۆماری ترس ) هەوڵیداوە مەسەلەیەك گەڵاڵە بکات، ئەویش نابێت چاوپۆشی لەرژیمی بەعسی عێراق بکرێت وەك ئەوەی تەنها دیکتاتۆرێکی ئاسایی بێت بەهەمان رادەی پۆخڵەواتەکانی هەموو جیهانی سێیەم. عێراق لەساڵانی هەفتاکاندا بوە دەوڵەتێکی توتالیتاری ئەوتۆ کەزیاتر لەتوتالیتاریزمی یەکێتی سۆڤێتی ساڵانی سییەکان و ئەڵمانیای هیتلەری دەچو تا رژیمی ئوردن و سعودیە. ئایا ئەو فاکتانەی کتێبەکە خستویەتیە روو ئەو دەرئەنجامانە پشتڕاستدەکاتەوە ؟ ئایا بارستایی ئەو دۆکیومێنتە زۆرانەی لەکاتی شەڕی کەنداودا کەوتنە بەردەست، ئەو وێنەیەی رژیمی عێراق پشتڕاستدەکاتەوە کەلە کتێبی (کۆماری ترس) دا ئاماژەی پێدراوە یا بەپێچەوانەوە پوچەڵی دەکاتەوە ؟ ئایا بەراستی لەماوەی بیست ساڵی رابردودا لەعێراق چی رویداوە ؟ پەسەندکردنی ئەرگۆمێنتی ( کۆماری ترس ) بەهێڵە درشتەکانیەوە کۆمەڵێك شتی لەخۆی گرتوە کەلەعێراق دوورتر دەڕوات و سەرانسەری جیهانی عەرەبی دەگرێتەوە، بەڵام رۆشنبیرانی عەرەب لەکاتی قەیرانی کەنداودا دەیانویست حاشا لەو شتانە بکەن.

لە 7/ ئازار/ 1991، لەچرکەساتی راپەرینی خەڵکی عێراقدا لەدژی سەدام حوسێن، لەسیمیناریکدا کەسەنتەری لێکۆڵینەوەی خۆرهەڵاتی ناوەراست لەزانکۆی هارفۆرد رێکی خستبو وازم لەناوە خوازراوەکەم هێنا. لەو سیمینارە و چەند سیمینارێکی دی داوام لەهێزی هاوپەیمانان کرد کۆتایی بەم جەنگە بهێنێت و حکومەتی بەعس بەحکومەتێکی کاتی ئینتقالی بگۆڕێت:

" قەبەیی شکستی عێراق لەهەناویدا دەرفەتێکی مێژویی بۆ سەرەتایەکی نوێ هەڵدەگرێت، رەنگە لەماوەی کەمتر لەنەوەیەك نەخشەی سیاسی ناوچەکە بگۆڕێت. بەڵام دەبێ هێزی هاوپەیمانان پێشوەخت دان بەشۆڕشگێڕە عێراقیەکاندا بنێن و هاریکاریان بکەن ... بچنە ناو بەغداوە ... پێویستە بەقەدەر مەزنیی جەنگەکە هەنگاوی سیاسی ستراتیجی بهاوێژرێ. چ روویدەدا ئەگەر وڵاتە یەکگرتوەکان لەئوروپا بکشایەتەوە بەبێ ئەوەی کۆمەڵێك دیسپلین لە پێناوی دیموکراسیەت و بونیات نانەوەی ئابوری پێشکەش بکات"[7].

وڵاتە یەکگرتوەکان ناچار نەبو بە 443 هەزار سەربازەوە نیوەی گۆی زەمین ببڕێت بۆ ئەوەی گرفتەکانی خۆرهەڵاتی ناوەراست چارەسەر بکات. سەدام حوسێن هەرەشەی لەسەر هاوڵاتیانی ئەمریکی دروست نەدەکرد. پێشتر سەرکردە ئەمریکییەکان بەشێوەیەکی ئاسایی مامەڵەیان لەگەڵدا کردبو، بۆیە دەیانتوانی سەرلەنوێ مامەڵەی لەتەکدا بکەنەوە. بەتایبەتی

جۆرج بوش بەئاسودەییەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرد [8]. بەڵام لەو ساتەوەختەی وڵاتە یەکگرتوەکان بریاریدا ئەو بەرپرسیارێتییە لەئەستۆ بگرێت، واتە کاتێك شەڕ دەستی پێکرد، ئیتر دەبوایە بەرامبەر میللەتی عێراق بەشێوەیەکی جیاواز کۆتایی بەمەسەلەکان بهێنێت، چونکە پێش ئەوەی سەرباز رەوانەی جەنگی کەنداو بکات، ئەو بەرپرسیارێتییەی لەسەر شان نەبو.

لەدوای ئەوەی بەئاشکرا ئەم هەڵوێستەم وەرگرت، کاردانەوەی عەرەبە ناعێراقیەکان زیادیکرد، ئەوانەی پێشتر رووبەرووم ببونەوە. بۆ نمونە رۆژنامەی (ئەلقودس ئەلعەرەبی) بریاریدا وتاری (شیکردنەوەی بیری کەنعان مەکییە) بلاوبکاتەوە، ئەویش لەدوای نمایشکردنی فیلمێکی دۆکیومێنتاری لەبریتانیا بەناونیشانی " رێگەی دۆزەخ " کەتیایە راپۆرتێکم لەسەر کوشتنی بەکۆمەڵی زیاتر لە 100 هەزار کوردی بێوەی پێشکەش کردبو لەنێوان شوبات ـ ئەیلول/1988، (بڕوانە بەشی 4 ـ 5 ی ئەم کتێبە) [9]. نوسەری سوری سوبحی حەدیدی وتارەکەی بەدوو ناونیشانی فەرعی بلاوکردۆتەوە، یەکەمیان بەناوی ( چۆن کتێبی کۆماری ترس بو بەئەفسانە ) و دوەمیان بەناوی (لەنیگەرانییەوە دۆزەخی زەین سەرهەڵدەدا)[10]. سوبحی حەدیدی دەیویست رونیبکاتەوە سەمیر خەلیل (ئەستێرە) ی درەوشاوەی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی کەداوای لەهێزی هاوپەیمانان کردوە کۆتایی بەم جەنگە بهێنێت و دیکتاتۆریش بروخێنێت، دەستکردی راگەیاندنی خۆرئاوایە، هەروەها هەر دوو وتارەکەی حەدیدی ئاماژە بەوە دەکات، هەر کاتێك ئینتمای تائیفی شیعانەی کەنعان مەکییە رونبێتەوە، ئیتر رەونەق و درەوشانەوەیشی خامۆش دەبێت.

سەرەرای ئەوەی ناونیشانی سەرەکی وتارەکەی حەدیدی ئاماژەیە بۆ ریسواکردنی فیکری مەکییە، بەڵام نوسەر هەرگیز لەئەرگومێنتی (کۆماری ترس) نزیك نەبۆتەوە، چونکە حەدیدی دەڵێت وتارەکەی جێگەی تاوتوێکردنی ئەو بابەتەی تیا نابێتەوە. بەڵام دەکرێت لەدوو لاپەرەی پڕبەپڕی رۆژنامەیەکی رۆژانە (نزیکەی 3200 وشە دەبێت) گەلێك شت بوترێ. هەروەها دەکرێ مرۆڤ بپرسێت و مافی ئەوەشی هەیە، لەسەر چ شتێکی دی بنوسێت؟ وتارەکەی حەدیدی کەبەدوو بەش بلاوبۆتەوە یەك وشەیشی لەسەر کارەساتە ترسناکەکەی فیلمە دۆکیومێنتییەکە نەوتوە. ئایا راگواستنی زیاد لە 100 هەزار عێراقیی بێوەی لەژن و منالْ و پیاو لەماوەی شەش مانگی 1988 دا لەگوندەکانیان مەسەلەیەکی گرنگ نیە؟ ئایا

ئەوەش مایەی گرنگیپێدان نیە کە حکومەتی عێراقی لەساڵی 1975 ەوە بەناوی عروبەوە پتر لە 3500 گوندی کوردنشینی وێرانکردوە؟.

لەو دیوی کەناری دەریای ئەتڵەسییەوە، ئیدوارد سەعید، مامۆستای زانکۆی کۆڵۆمبیا، رەنگە دیارترین رۆشنبیری عەرەبیش بێت لەخۆرئاوا "کۆماری ترسی" رەخنەکردوە و پێی وایە پرۆژەیەکە مەبەستی " بەرگریکردنە لەو تیورەی کە دەڵێت شەڕ و توندوتیژی لەخۆرهەڵاتی ناوەراستدا، بەگوزارشتێکی رێژەیی دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێکی بەرلەمێژوو، کەلەجیناتی ئەو خەڵکە چەسپیوە (عەرەب). سەعید لەچاوپێکەوتنیکیدا لەبارەی رۆڵی رۆشنبیران لەکاتی شەڕی کەنداودا دەڵێت:" سەمیر خەلیل ـ بەرازی گینیایە ـ وەك هەواڵگرێکی ساویلکە خزمەتی بەرژەوەندی دروستکارانی سیاسەتی ئەمریکا دەکات[11].

ئەو نیگەرانی و نائومێدییەی لەم وشانەدا هەیە، زۆر زیاترە لەهەمو کتێبەکانی کتێبخانەیەکی تایبەت بەدڕندەیی دیکتاتۆرەکانی خۆرهەڵاتی ناوەراست و ئەو زیانە مرۆییە گەورانەی لەجەنگەکانیان دەکەوێتەوە. ئەگەر سیاسەتمەدار بیت و لەجیهانی عەرەبیدا داوای مانایەك بۆ کاری سیاسی بکەیت ئەوا پێویستە رەتیبکەیتەوە دیلی ئەو جۆرە قسانە بیت. چەندین دەیە لەتوندوتیژی بەردەوامی ئەم ناوچەیە رێگەی بۆ گومان، گاڵتەجاری و بێمتمانەیی خۆشکردوە کەبەشێوەیەکی ترسناك لەنێوانماندا بلاوبۆتەوە. لەتوانادا نیە بزانین چی رویدەدا ئەگەر کاردانەوەی جیهانی عەرەبی لەداگیرکردنی کوێت لەلایەن سەدام حوسێنەوە بەو شێوەیە بوایە "وەك ئەوەی دەبوایە وابێت"، و پێشبینی زیاتر بکەین (وەك ئەوەی من پێشبینیم دەکرد، کاتێك لەمانگی ئابدا بانگهێشتی عەرەبم کرد فەرماندەیی جەنگ بکەن لەدژی عەرەبەکانی دی دەربارەی مەسەلەی کوێت، بەڵام کەس ئەوەی نەکرد، بەڵکو پێیان باش بو مەسەلەکە بۆ وڵاتە یەکگرتوەکان بەجێ بهێڵن) باشترە تا بکەوینە داوی بێزاری و نائومێدییەوە.

لەلایەکی دی، پێداگرتن لەسەر کاری هەق ـ واتە کۆتایی هێنان بەجەنگ و رزگاربون لەزۆردار ـ یەکسان نیە بەباوەڕهێنان بەوەی ئەم شتە بەهەر شێوەیەك بوە روودەدات، مەسەلەکە بریتیە لەوەی هەڵوێستێك بنوێنیین کەهیوا بەخش بێت و بەئەندازەی واقیعیش خراپ نەبێت. کاتێك گرنگی بەمەسەلەی دڵڕەقی و توندوتیژی دەدەم کەبەشێوەیەکی ترسناك لەجیهانی عەرەبیدا باڵای کردوە، مانای وایە، بەقەناعەتەوە رێگەیەکی دی بۆ کەمکردنەوەی ئەو دڵڕەقییە و دورخستنەوەی لەژیانماندا نیە. لەبەر ئەوەی کەس نازانێت سبەینێ چ لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ، چونکە لەکاتی قەیرانە گەورەکاندا هەمو شتێك و هیچ شتێك وەك دوو ئەگەر

وشیمانەی حازر دەمێننەوە. ئەو هەڵوێستە سیاسییە لەناخمدا رەتکردنەوەی وازهێنانە لەو جیهانە عەرەبییەی نشونمام تیاکردوە، هەروەها رەتکردنەوەی وازهێنانیشە لەخۆرئاوا کە وەك شوێنی نیشتەجێ بون هەڵمبژاردوە. بەبێ ئەم دوو رەفتارە : دانپیانان و رەتکردنەوە، نەسیاسەت، نەئایندە و نەئومید هەیە.

قەیرانی کەنداو تەنها مەسەلەی دەست تێوەردانی دەرەکی نەبو یا مەسەلەی پیاوێکی درندە نەبو کە رۆڵی دیماگۆگی وازیبکات، بەڵکو لەبنەرەتدا شکستێکی ئەخلاقی عەرەبی بو کەرەهەندێکی مێژوویی هەیە، بۆیە هەر کەسێك گرنگی بەم بەشەی جیهان دەدا، دەبێ لەئاستیدا هەست بە بەرپرسیارێتی شەخسی بکات. لێرەدا شتێك، لەشوێنێك لەرێچکەی نوێی عەرەبیدا هەڵە بوە، و سەدام حوسێنیش تەنها بەرجەستە و نوێنەرایەتی کردوە. لەم کتێبەدا لاف ئەوە لێنادەم کەتوانیومە ئەو خەوشە تەفسیر بکەم، بەڵکو ئامانجی من دانپیانان و وەسفکردنی بوە. لەنێو ئەو زریانە سۆزدارییەی جەنگی کەنداو وروژاندی، وامدەبینی (دڵڕەقی و بێدەنگی) دارشتەی ئەو واقیعەبو.

دڵڕەقی و توندوتیژی یەکتر دەبڕن، نەك یەك شت بن. دەشێت پاساو بۆ توندوتیژی بهێنرێتەوە، ئەویش بەپێی ئەو ئامانجانەی دەیەوێت پێیان بگات ( بۆ نمونە کردەی بەرگری لەخۆکردن). لەبەرامبەر ئەوەشدا رەنگە توندوتیژی لەنێوان دوو نەیار بێت. بەڵام ناکرێ هەرگیز پاساو بۆ دڵڕەقی بهێنرێتەوە، چونکە دڵڕەقی بەئەنقەست ئازاری جەستەیی بەخەڵکانی لاواز دەگەیەنێت. بۆ ئەوەی دڵڕەقی هەبێت پێویستە شێوەیەك لە ملکەچی و بێتوانایی هەبێت. دڵڕەقی سایکۆلۆجی و کۆمەڵایەتی ناچێتە دوتوێی ئەم کتێبەوە، بەڵام تارادەیەکی زۆر پەیوەستە بەدڵڕەقی جەستەیی و موتوربەی دەکات. ئازاردانی جەستەی مرۆڤ بەهێز بێت یا لەرێگەی ئامرازێکەوە خاسییەتێکی ناعەقڵانی ریشە داکوتراوە و بنبڕ ناکرێت. ئەمەش ئەو تاوێرەچینەیە کە کەوتۆتە ژێر هەمو چینەکانی ئەو کردەوە خراپ و ئابروبەرانەوە کە مرۆڤ بەسەر مرۆڤیدا دەهێنێت.

ئەو دڵڕەقییەی باسیدەکەم هیچ پەیوەندییەکی بەجینات یا هۆکارەکانی پێش مێژووە نیە، بەڵکو هۆکارەکەی سیاسییە و کاریگەریشی جیهانییە، بەتەنها روداتی دەبێتە مایەی سوکایەتی بۆ هەمو مرۆڤایەتی، ئەمەش وایلێدەکات هەستیاری و سنوری نیشتمانی و ئاینی ببڕێت. دڵڕەقی لەم چەند ساڵەی دواییەدا لەم تەرزە گەردونییە باڵای کردوە، بەڵام خێرایی و هێواشی بەرێژەی جیاواز بوە ( پێویستە بیر لەدابەشبونی یۆگۆسلاڤیا و مەرگی رۆژانەی

سەرایڤۆ بکەینەوە ). یەکێك لەو پرسیارە سەرەکیانەی لەبەشی دووەمی ئەم کتێبەدا گەلاڵە کراوە : ئایا دڵرەقی لەم دوو دەیەی دواییەدا لەجیهانی عەرەبی باڵای کردوە ؟ ئەگەر مەسەلەکە وابێت، چ فۆرمێکی لەخۆی گرتوە؟

بێگومان دڵرەقی لەساڵانی هەشتاکاندا و لەدواخولی داگیرکردن و جەنگ و راپەریندا لەعێراق گەورەتر بو کەسەدام حوسێن لەناوچەکە جڵەوی بۆشلکردبو تا لەناکاو بەمانەوەی رژێمی عێراق لەدەسەلات کۆتایی هات. لەساتەوەختی راپەریندا خەلکی عێراق هیوایان پەیداکردەوە کەچی ئەوەندەی پێنەچو هیوابراو بونەوە. بەلام هیچ شتێك بۆ دۆخی جارانی ناگەرێتەوە. یەکێك لەداخراوترین ولاتەکانی دنیا ئاشکرا بو. لەواقیعدا هەمو عەرەبێك بۆ ماوەیەکی کورت دەیتوانی شتێك لەسەر ئەم مەسەلەیە بلێت. بەلام ئەوەی گرنگ بو، قوربانیەکانی دڵرەقی بەجۆرێك کەوتنە گێرانەوەی بەسەرهاتەکانیان کەپێشتر ئەو کارەیان نەدەکرد. دەمویست ئەو وشە نوێیانەی بەپچرپچری دەهاتنە دەرێ، لەجیاتی من ئەم کتێبە بنوسنەوە. بەدڵنیاییەوە بەشی یەکەمی ئەم کتێبە گرنگترین بەشی ئەم کتێبەیە، گەشتێکە بەنێو ئەو دڵرەقییەدا و بەزمانی ئەو خەڵکانەوە گێردراوەتەوە کەبەپلەی یەکەم لەو ئەزمونەدا ژیاون. بەلام رۆڵی من بەتەنها گۆرینی وشەی قارەمانەکانی ئەم کتێبەیە ـ خەلیل، ئەبوحەیدەر، عومەر، مستەفا و تەیمور ـ بۆ بەسەرهات و هەواڵ لەبارەی مەسەلەگەلێکی ناماقووڵ کە مرۆڤەکان بەسەر یەکتریدا دەهێنن.

خەلیل پیاوێکی کوێتی جیاکار بو، لەکاتی داگیرکردنندا لەکوێت مایەوە، سەرەرای بەسۆیی ئەزمونەکەی کەچی گۆرابو. چونکە داگیرکردن وایلێکرد بزانێت خۆی کێیە. خەلیل منەی دەکردم تا لەهاوینی / 1990 دۆزیمییەوە، دواتر پەیوەندی نێوانمان ئەوەندە بەهێز بو کەبەشی یەکەمی ئەم کتێبەی لێکەوتەوە.

ئەبوحەیدەر لەدایك بوی شاری نەجەفی پیرۆزە و ئەفسەرێکی سوپای عێراق بو. لەدوای مەینەتییەکی زۆر، ژیانی خۆی ریکخستەوە و لەدژی سەدام حوسێن راپەری. حیکایەتی ئەم پیاوە، حیکایەتی راپەرینێکە کەلەزاری عێراقییەکانەوە بەشێوازی جۆراوجۆر دەگێردرێتەوە. شۆرشگێرەکانیش هەروەك بەدەمی خۆیان کردەوەکانیان دەگێرایەوە، لەگەڵ جەلادەکیان زۆر دڵرەق بون. بەلام سەرباری ئەوەش لەوبروایەم یەکەمین کەرەنای ئازادیان لەعێراقدا لێدا. هەروەها لەگەڵ شکستی راپەرینیدا هەردوو شاری کەربەلا و نەجەفیش دوچاری وێرانی و تالانییەکی ئەوتۆ بونەوە کەلەسەردەمی داگیرکردنی بەغداوە لەلایەن مەغۆلەکانەوە لەساڵی

1258 دا هیچ شارێکی عێراق ڕووبەرووی نەبۆتەوە. ئێستاش حزبی بەعس هەوڵدەدا ئەم دوو شارە بەشێوازی تایبەتی خۆی وەك شاری بابل بونیات بنێتەوە.

عومەری گەنج ئەندازیارێکی مەدەنیە و دانیشتوی ئەلئەعزەمییەی شاری بەغدایە و ماوەی (49) ڕۆژ ( 42 ڕۆژ ـ و) لەیەکێك لەزیندانەکانی پایتەختی عێراق زیندانی کراوە، هەرچەندە ئەشکەنجە نەدراوە، بەڵام خراوەتە جیهانێکی ترسی ئەوتۆوە کەوێناناکرێت، ئەو ترسەی لەناوعێراقدا بوە بەرێسایەك. لەتشرینی دوەم/ 1990، لەکوردستانی عیراق چاوم بەمستەفا کەوت، و هاورێیەتی کردم بۆ تەماشاکردنی ئەو پەیکەرەی بۆ یادی کوژرانی 68 هاوڵاتی گوندەکەی خۆی (گۆپتەپە) دروستی کردبو، ئەوانەی لەساڵی 1988 دا بەچەکی کیمیایی گیانیان لەدەستدابو، 25 کەسیان ئەندامی خێزانەکەی بوون.

لەئابی 1991 دا چاوم بەتەیموری مێردمناڵی کورد کەوت کەیەکەمجار لەکاسێتی ڤیدیو بینیبوم. چوار مشقی لەسەر عەرزەکە دادەنیشت و باسی ئەوەی بۆکردم چۆن لەئابی / 1988 دا لەدەستی تیمەکانی گوللەبارانکردن دەربازی بوە، بەڵام بەخت یاوەری دایك و باوك و هەرسێ خۆشکەکەی نەبو. هەرچەندە منیش، وەك هەمو کەسێك لەدوای (3) مانگ لە گرتنی کوێت لەسەر حیکایەتی ئەشکەنجەدان راهاتبوم، بەڵام بەسەرهاتی تەیمور شتێکی تایبەت بو. رەنگە ئەوەش بەری ئەو بەستە لاپەڕانە بوبێت کەچەند ڕۆژێك پێش بینینی کاسێتی ڤیدیۆکە دەستم کەوتبوون. ئەو لاپەڕانەش وێنەی ئەو بەڵگەنامە رەسمیانە بو کەشۆڕشگێرە کوردەکان لەراپەرینی ئازاری / 1991 دا دەستیان بەسەراگرتبوو. بەڵام بایەخ وگرنگی تاهەنوکەش نادیارە. ئەو کاسێتەڤیدیۆیە و بەڵگەنامەکان، بەشێوەیەك کەقابیلی لێکدابڕان نیە لەزەینمدا پێکەوەبەستراونەتەوە. ئەو بەستەرەش ناوی: هەڵمەتی لەناوبردنی بەکۆمەڵ بو کەسوپای عێراق لەشوبات ـ ئەیلول / 1988 ئەنجامیدا[(12)].

تا تاوان گەورەتر بێت، شاردنەوەی ئاسەوارەکانی زەحمەتتر دەبێت. تەیمور لەشوێنێکی ئەو چیایانەی کوردستان ئامادەگی تیابو شایەتی بدات. لە 11 / تشرینی دوەم / 1990، بەمەبەستی چاوپێکەوتنی تەیمور و زانیاری لەسەر بەڵگەنامەکان سەردانی عێراقم کرد و بەکۆمەڵێکی زۆر لەگەواهینامە و وەقائیعی ترسناك گەڕامەوە، کەسەرجەمیان لەبەسەرهاتەکانی بەشی یەکەمی ئەم کتێبەدا هاتوە.

دڵڕەقی پرۆسەیەکی تایبەتە و ئاراستەی جەستەی مرۆڤەکان دەکرێ. دڵڕەقی کردەیەکی شەخسیە و رەنگدانەوەی لەسەر ژیانی تاکەکان بەجێدەهێڵێت. تەیمور لەم ڕۆژانەدا جۆرە

جلوبەرگێك دەپۆشێت تا وەك جەنگاوەر و کەسێکی ئـازا لـەکاتی چـاوپێکەوتنەکاندا بەرامبـەر بەرۆژنامەنوسەکان نمایش بکرێ. بـەڵام هێـشتا مێـرد منـاڵێکی بـچوکە، کاتێـك دنیـای بەسـەرا روخا، لەتەمەنی ئێستای کچەکەمدابو.

من نوسـەرم نـەك تێکۆشـەرێکی پێنـاوی مافـەکانی مـرۆڤ. لاێ ئـەوەش لێنـادەم ئـەو کـارە ترسناکانەی دوچاری ئەو کەسانە بۆتەوە کەناویان بوە بەناونیشانی سەرەکی بەشی ئەم کتێبە، هەقی خۆییانم پێدابێت. ئەگەرچـی ئەوپـەری هەوڵمـداوە بەرامبـەر روداوەکـان بەئەمـەك بم، بـەڵام دەشـزانم سـەبارەت بـەو کەسـانەی هەوڵمـداوە بەسـەرهاتەکانیان بگێڕمـەوە، بەتـەنها هەوڵدان بەس نیە، ئەگەر چی بگاتـە ئەوپـەری رادەی هەوڵدانیش. ئنجا بـۆ ئـەوەی خـەلیل، ئەبوحەیدەر، عومەر، مستەفا و تـەیمور بـۆ ناوجەرگـەی بایەخپێـدان بگێڕمـەوە، پێویـست بـو لەسەرم بییانکەم بەوێنەی مەجازی ئەو توندوتیژییە دزێوە. بۆ ئـەوەش دەبوایـە ئـەو خەڵکـە راسـتەقینانەی لەگۆشـت و خـوێن دروسـت بـون، بگـۆڕم بـۆ نمونەگـەلێکی عـەرەبی لەتـەرزێکی نوێدا.

بریمـۆ لیڤـی، بەرلەخۆکوشـتنی و لـەدوا تێروانینیـدا سـەبارەت بـەو کەسـانەی لـەکاری "توندوتیژی بێ پاساو" رزگاریان ببو، دەنوسێت :

" زۆربـــەی ئـــەو کەســـانەی ( لـــەکوورەی نازییـــەکان ) دەربـــازببون، بـــەزارەکی یـــا لەیاداشتەکانیاندا، خەونێك دەگێڕنەوە کەبەردەوام لەشەوانی دەستبەسەریدا دەیانبینی، ئەگەر چـی خەونـەکان لەوردەکاریـدا جیـاواز بـون، بـەڵام یـەك ناوەرۆکیـان هـەبو : کاتێـك لەماڵـەوە بەهەڵچونێکی زۆرەوە ئێشوئازاری رابردویان بۆ ئازیزەکانیان دەگێڕایەوە، کەچـی ئازیزەکانیـان باوەریان پێیان نەدەکردن، راستییەکەی گوێیان لێنـەدەگرتن. بەشـێوەیەکی زۆر تەقلیـدی (زۆر دڵڕەقانە) گوێگرەکانیان بەبێدەنگی پشتیان تێدەکردن و دەرۆیشتن.

ئەگـەر دڵڕەقـی مەسـەلەیەکی تایبـەت و شەخـسی بێـت، ئـەوا بێـدەنگی مەسـەلەیەکی کۆمەڵایەتیە. لەکردەی خەڵکانێك دەکەوێتەوە کەبەگروپ کاردەکەن، ئیتر چ بەوشیاری بێت یا ناوشـیاری. روبەروبونـەوەی بێـدەنگی وەك ئـامرازێکی مامەڵـە لەگـەڵ کەلـەپوری دڵڕەقیـدا بـەزەرورەت کـاری بەکۆمەڵـە. لەکاتێکـدا ئـەو کـردەوە درندانـەی لەبەشـی یەکەمـدا باسـکراوە بەرێکوپێکی ئەنجام دەدرا، ئەوا روناکبیرانی عەرەب بێدەنگیان لێکردبو.

بەڵام بێدەنگی روناکبیرانیش چەشنی دڵڕەقی شـتێك نیـە قـابیلی گـۆڕان نـەبێت. زۆرێـك لەعەرەبە هەستیارەکان لەقوڵیی رەگوریشەی ئەو دڵـەراوکێی و نەخۆشـی فیکـری و کولتورییـە تێدەگەیـشتن کـەجیهانی عـەرەبی لەسـاڵانی هەشـتاکاندا پێـی گەیـشتبو. بـەڵام بـەردەوام

دەگەڕێمەوە سەر ئەوەی چییان پێیە، هەرچەندە خاڵی سەرەکی ئەم کتێبە ئەوەیە ؛ کۆی بێدەنگی عەرەب لەئاست ئەو دڵڕەقی و بێدەنگییەی کەزۆرجاران بەناوی هەمووو عەرەبەوە ئەنجام دەدرێ، لەساڵانێکی زۆری بیرکردنەوە بەپێی لۆجیکیکی دیاریکراو سەرچاوە دەگرێ. ئەمەش مەسەلەیەکی گەوهەری ئەوتۆ نیە کەقابیلی گۆڕان نەبێت، بەڵکو سیاسەتی بێدەنگییە. سیاسەتی بێدەنگی لەسەروبەندی شەڕی کەنداودا وێنەی ئەفسانەیی سەدامی وەك رزگارکارێك لەخۆگرتبو، لەگەڵ وێنەیەکی ئاوەژوی ئەو وێنەیەش، واتە ئەو بیرۆکەیەی هەڵگیرسانی شەڕ و قەیران بەدەرئەنجامی دەسیسەی رەگەزپەرستی یا ئیمپریالیزمی خۆرئاوا دەزانێ.

جاران خۆرئاوا دەسەڵاتێکی فراوانی هەبو، گەمەی بەچارەنوسی جیهان دەکرد و بریاری لەسەر دەدا، ئەمەش تائاستێك بۆ ئەمرۆ هەر وایە. ئامانجی بەشی دوەمی ئەم کتێبە نەفیکردنی ئەو شتانە نیە کە بەروونی دەردەکەوێ، بەڵکو بریتیە لەدەرخستنی ئەوەی چۆن ئەهلی فیکر لەجیهانی عەرەبیدا "مێژو" یان بەحاڵەتێکی زەینی سیاسی بۆگەنی ئەوتۆ گۆڕیوە، کەبەتەواوەتی لەگەڵ بارودۆخی راستەقینەی عەرەبدا ناگونجێت. ژمارەیەکی زۆری عەرەب بۆیان رونبۆتەوە کە خەوشێکی دزێو لەجیهانی عەرەبیدا هەیە، بەڵام بریاریانداوە توخنی نەکەون، بەتایبەتی بەرامبەر جەماوری خۆرئاوا. ئەمجۆرە رۆشنبیرە بوە بەشێك لەگرفتەکە لەجیاتی ئەوەی لەسەروی ئەو کەسانەوە بوەستێ کە کار بۆ چارەسەرکردنی دەکەن. لەسەردەمی قەیرانە ئەخلاقییەکاندا بێدەنگی دەبێت بەرەزامەندی، وازهێنان لەبەرپرسیارێتی فیکریش لەنێو رۆشنبیراندا مەسەلەیەکی ترسناکترە تالەنێو ئەو کەسانەی گرفتەکە نابینن، چونکە رۆشنبیران شتی زیاتر دەزانن.

پشتم بەژمارەیەك لە وتار و قسەوباسی ئەو رۆشنبیرانە بەستوە کەلە ساڵ و نیوی یەکەمی قەیرانەکەدا نوسیویانە وەك سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ وەسفکردنی ئەم سیاسەتی بێدەنگییە. ئەو قسە گشتگیر و بۆچونە تەجریدییانەی بەتێڕوانینێکی زانستیانە دادەنرێ، برێکی گەورەی گوناهەکان دەشارێتەوە، بێدەنگی زمانێکی رەقی دەستەهەستی (ملموس) خۆی هەیە کەپێویستە پێڕەو بکرێ، لەهەمو حاڵەتێکدا ناوهێنانی هێندێك کەس و گواستنەوەی ئەو قسانەی لەزەینیدا دەگوزەرێ من و ئەوانەی رەخنەیان دەکەم، پێکەوە ئاشکرا دەکات. بێگومان هێندێك لەدوای ئەوەی شکستی سەربازی عێراقیان بۆ دەرکەوت، رای خۆیان گۆڕی یا روتوشیان کرد، کەچی هێندێکی دییان تا ئەمرۆش لەیەککاتدا گوزارشت لەدوو رای دژبەیەك

دەکەن. ئەمەش ئاماژە دەکات بەوەی کەئەو هەڵوێست و هەڵچونانەی لەسەرەتادا هەوێنی ئەو وتارانە بون بەهیچ شێوەیەك نەگۆڕاون. ئەم ڕێچکە عاتیفیە تەوەری رەخنەکانی منە نەك خودی کەسەکان.

خەڵکی توانای گۆڕینی دیدوبۆچونەکانیان هەیە، بۆیە منیش گرەو لەسەر ئەو توانایە دەکەم، چونکە ئەو توانایەم لەزەینی ژمارەیەك لەو عەرەبەگەنجانە دیوە کەلە پێناویاندا دەنوسم. گەنجانی خۆرهەڵاتی ناوەراست پێویستیەکی زۆریان بەدژایەتی کردنی ئەو پاڵەوانانە هەیە کەنائومێدیان کردون، بەوەی زمانێکی جیاواز دابهێنن بۆ ئەوەی لەرێگەیەوە بزانن خۆیان کێن و چییان لەم جیهانە دەوێت.

ئەو راستیانەی دەیانگێڕمەوە و پشتیان پێدەبەستم لەسەر بەرد هەڵنەکۆڵراون، بەڵکو لەناخی مرۆڤەوە هەڵقوڵاون. ئەوەش رێگەگەلێکە کە دەکرا زۆر بەئاسانی شتی دی پێهەڵبژێرم. هەمو راستییەکی گشتی بریتیە لەراستییەکی تایبەت و تاکەکەس، ئەمەش زۆر ئازاربەخش و بەسوێیە. هەروەها دڵڕەقی و زمانی ئەو رۆشنبیرانەش ئازاربەخشە کە هەوڵیاندەدا پاساوی بۆ بهێننەوە.

مشتومڕ لەمەڕ دەستنیشان کردنی حەقیقەت بەکۆتایی ناگات، بەڵام لەسەر هەمو کەسێك پێویستە گومان لەدەستنیشان کردنی دڵڕەقی برەوێنێتەوە. ئەم کتێبە ئەرگومێنتێکە بۆ ئەوەی شتەکان ناوی راستەقینەیان بۆ دابنرێ، ئەوەش لەپێناوی ئەوەی دان بەشکستدا بنرێت و بەرپرسیارێتی لەئەستۆ بگیرێت. بەپێچەوانەی ئەو ئاسودەییەی لەگێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی خەلیل، ئەبوحەیدەر، عومەر، مستەفا و تەیمور هەستم پێی دەکرد، هیچ چێژێکم لەنوسینەکانی رۆشنبیرانی عەرەب وەرنەگرت. دەبوایە مەسەلەکەش بەوشێوەیە بوایە. ئێستا مەسەلەکان زۆر گۆڕاون و ناکرێ لەو رێگەیەش لابدرێ کەخودی سەدام حوسێن لە 2/ ئاب/1990 بەداگیرکردنی کوێت دیاریکرد. گرەوەکان زۆر گەورەن، چونکە دواجار ئەم جەنگە، جەنگێکە لەبارەی ئایندەی داواکراوی جیهانی عەرەب. جەنگێکە لەسەر ئەو پرسیارەی کەبەردەوام لەجیهانی عەرەبیدا گەڵاڵە دەکرێ " چ کەسێك عەرەبە ؟ ". لەنێو ئەم جەنگەشدا هەوڵدەدەم کەسێکی دادپەروەربم، بەڵام لافی بێلایەنی لێنادەم. ئامانجەکەم شەخسی نیە، بەڵام شێوازەکەم بەوجۆرەیە. دەمەوێت لەرەگوریشەی مەسەلەکە تێبگەم، دەمەوێت بگەمە ناوجەرگەی شتەکان، لەبری ئەوەی تەنها سەیری ئاوێنە فیکرییەکان بکەم. تا ئەوساتەش، گۆڕی مردوەکانی جیهانی عەرەبی هەر کراوەیە.

کەنعان مەکییە
**لەندەن : کانونی دووەم** / 1992
**و / نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد**

www.dengekan.com

## بەشی یەکەم

## دڵـــــــڕەقی

## 1 - خەلیل
## ئەو گرنگییەی لەناودایە

خۆزگە دایکم منی نەبوایە تا ئێشوئازاری ئەم دونیایە بەچاوی خۆم نەبینم

**ئەبو حەیدەر**

12 / ك2 / 1991

خەلیل ـ ی تەمەن سی ساڵەی کوێتی ئەم وشانەی لەسەر دیواری ئەو ژورەی دەیروانی بەسەر هۆڵی خانوە گەورەکەیاندا بەدیکرد. ئەو خانوەی جاران خێزانەکەیانی تیا دەژیا. هەروەك خەلیل بۆی گێڕامەوە وشەکان زۆر بەسەلیقەیی" بەنەقشێکی لار" بەدەستی سەربازێکی عراقی لەکوێتی داگیرکراو نوسرابو کە نازناوی ئەبو حەیدەری بۆ خۆی دانابو[1]. خەلیل بەدرێژایی حەوت مانگی داگیرکردنی ولاتەکەی ناوێکی خوازراوی بۆ خۆی دانابو، هەروەها یەکەمجاریشی بو لەدوای داگیرکردنی سوپای عراق پێی دەخستە ماڵی خۆیانەوە. ئەبو حەیدەر بەهەمان سەلیقەیی لەسەر دیوارێکی دی نوسیبوی :"بۆ کور و کچەکەم کەلە هەمو شتێکی دی ئەم دونیایە زیاتر خۆشم دەوێن". خەلیل جگە لەو شتانە هیچی دی لەسەر ئەبوحەیدەر نەدەزانی، تەنانەت نەیشیدەزانی لەدوای راکردنە سەرشێتانەکەی عراق، کاتێك بەغدا لەئێوارەی رۆژی دوو شەممەی 5/شوبات/1991 بریاری کشانەوەی دا رزگاری بوە یا نا. بەهەر حاڵ پێم وایە یارەنگە باشترە بڵێم ئەبوحەیدەر پیاوێکی خوێنەوارو روناکبیر بوە.

خەلیل کەوت بەسەر ماڵێکی وێرانەدا. نیشتەجێیەکی کوێتی دەڵێت: "هەرچییەکیان بۆ دەرچوبێت لەگەڵ خۆیاندا بردیان ... ئەگەرچی ئۆتۆمبیلیشیان نەبو، یەکێکیان دزی. دەیانویست بەزووترین کات کوێت بەجێ بهێڵن"[2]. بەلام عراقییەکی نەناسراو پێش ئەوەی ئەو شوێنە بەجێ بهێڵێت هێندە وەختی هەبوە ئەم چەند دێرە لەسەر پشتی وێنەیەکی فۆتۆگرافی خوشکەکەی خەلیل بنوسێت : " خوشکی کوێتی ئازیز، تکا دەکەم لە کردەوەکانمان ببوریت ".

ئایا ئەو سەربازەش هەر خودی ئەبو حەیدەر نەبوە ؟ لەراستیدا دەشێت هەر سەربازێکی عراقی دی بوبێت، چونکە زۆرێك لەسەربازە عراقییەکان لەو رۆژەی دەستیان بەسەر ماڵەکەی خەلیل دا گرت، لە 21/ ئەیلەل / 1990 دا بەشێوەیەکی کاتی لەماڵەکەی نیشتەجێ بون. خەلیل لەپاڵ

www.dengekan.com

نوسـین و وێنـە فۆتۆگرافەکـە گوێرەکەیـەکی سەربڕاویـشی لـەناو هۆڵەکـە بـەدیکرد. گوێرەکەکـە نیـوەی بـەبێ ئـەوەی دەسـتی بـۆ برابێـت بـەجێ هێڵرابـو، هـەروەها پێـست و ئیـسقانەکەی بـەناو هۆڵەکـە بڵاوکرابـووە و خوێنەکەیـشی لەسـەر فەرشـەکە گۆمـاوی بەسـتبو. سـەربڕین و لێنـانی گوێرەکەکـە لـەقاتی سـەرەوەی خانوەکـە بـو، بـەڵام خواردنەکـەی لـەقاتی خـوارەوە بـو. سـەرەرای ئـەوەی خانوەکـە گـەرماوی زۆری تیـابو، کەچـی سـەربازە ئـەبو حەیـدەر ئاسـاکان، رەنگـە ئـەبو حەیـدەریش یـەکێکیان بوبێـت، لەسـەر فەرشـەکە و بەچـواردەوری ئـەو گوێرەکـە سـەربڕاوەی بەشێکی لێخورابو، پیساییان کردبو. هەروەك خـەلیل دەیگێڕایـەوە سـەرتاپای ماڵەکـەیان بۆگـەنی کردبو.

"هێندێك لەو یادەوەرییانـە بەرادەیـەك ترسـناك و قێـزەون بـون، تەنانـەت نەسـت (لاوعـی) یـش پەردەپۆشـی دەکـرد، بۆیـە پـێش ئـەوەی مامەڵە لەگـەڵ ئـەو یادەوەرییانـە بکـەم پێویـستیم بەرێگەیەك یا نەزمێك هەیە بۆ دەرکردنیان وەك ئەوەی چەشەیان بکەم تاتورهەڵدرێن، ئـەویش لەرێگـەی ئاخـاوتن لەگـەڵ یادەوەریـدا بـەوتنی: "قەیناکـە ئەگـەر لـەیادەوەریم بـچیتە دەرەوە، دەتوانم سەر لەنوێ روبەروت ببمەوە. تۆ ناتوانیت ئازارم پێبگەیەنیت".

پیـاوانی ئـەبو حەیـدەر ئاسـا لەهـەمان ژور دەیـانخوارد و دەیـانخواردەوە و خۆیـان بـەتاڵ دەکـردەوە رەنگـە ئـەو کارەشـیان لـەپێش چـاوی یـەکتری کردبێـت. ئـەو شـتانەیان لـەماڵێکی داگیرکراوی شارێکدا دەکرد کەشاری خۆیان نەبو. لەخۆم دەپرسی : ئەوانـە چ مـرۆڤ گـەلێك بـون. لەوانەیە خەلیل ـ یش هەمان بیرۆکەی بەمێشکدا هاتبێت، چونکە مـۆرە توندەکـەی شـڵەژاندمی، ئنجا وتی :"بەپانی و درێژی کوێت ئەو جۆرەکارەیان کردوە".

"سەرجەم ئەو کارانە بریتی بو لە توندوتیژی لـەپێناوی توندوتیـژی، وێرانکـردن لـەپێناوی وێرانکـردن و کوشـتن لـەپێناوی کوشـتندا. سـەرتاپای وڵات بـو بەسـودوم، (سـودوم شـارێکی فەلەسـتینیە لەبـەر گەنـدەڵی وێـران بـوە، بـەڵام وەرگێـڕ جێگـۆڕکێی بەوشـەی **Sodomized** کردوە بۆ وشەی **Saddamized**)، بۆیە پێویـستە وشـەیەکی نـوێ دابهێـنین بـۆ ئـەوەی لەگـەڵ روداوەکانی کوێت بگونجێت، ئەویش : "سەداماوی کرا"، بەڵێ کوێت "سەداماوی بو".

لەسەر مردن و کوشـتن تابلۆیـەکی سـوریالی سـولڤادۆر دالـی بهێننـەوە پـێش چـاوی خۆتـان. پاشماوەی درندایەتی لەعەقلیەتی ئێمەی مرۆڤدا دەگەڕێتەوە بۆ دەیـان هـەزار سـاڵ پـێش ئێـستا. هێزێکی سەرەتایی نادیار لەمێشکماندا خۆی مەڵاس داوەو جارناجارێـك بەسـەرماندا زاڵ دەبێـت. لەبـەردەم تابلۆیـەکی دالـی دا ئـەم پرسـیارە لـەخۆم دەکـەم، چـۆن مـرۆڤ دەتـوانێ ئـەو شـتانە بهێنێتەوە پێش چـاوی خـۆی. هێنـدێك وێنـە توشـی هێڵنجدانمان دەکـات، چونکە ئـەو تابلۆیانـە

چەند داهێنانی تیایە ئەوەندەش قێزەونــە. بــەڵێ خـودی ئـەو هێـزە لـەکاتی داگیرکردنـی کوێتـدا بەشێوەیەکی رەها کاریدەکرد".

لەبیرمە کاتێك لە لەندەن سەردانی ئاپارتمانی هاورێیەکم کرد، بینیم دزی لێکرابو. زۆربـەی شتەکانی نێـو چـەکمەجەکانی فرێـدرابوە سـەر زەوییەکـە و بـوتڵێکی پێـنج لـیتری رۆنـی سـپیش رژابـوە نیوەراسـتی فەرشـی هۆڵەکـەی. رۆنەکـە لـەدوای وشـکبونەوەی شـێوەی حەلەزۆنییـەکی ئەسـتوری وەرگرتبـو ... سـپێتی رۆنەکـە لەپاشـەرۆکی ئـاژەڵ دەچـو. کەوچـکێك لەناورۆنەکـەدا بەشـێوەیەکی زۆر نەشـاز روی کردبـوە ئاسمـان، بـەڵام هـەرگیز تێنەگەیـشتم چـۆن ئـەو کەوچـکە لەدوای وشکبونەوەی رۆنەکە ئەو شکڵەی وەرگرتبو.

ماڵەکەی خەلیل لەئاپارتمانەکەی کینیسنگتۆن زیاتر سوکایەتی پێکرابو. هـیچ داگیرکردنێـك سروشتی نیە، بەڵام هێنـدێك داگیرکـردن لەهێنـدێکی دی ناسروشـتی تـرە. گـۆڕینی ژووری میـوان بەقەسـابخانە و ئاودەسـت مەسـەلەیەکە سـاکارترین راڤـەکردن هـەڵناگرێت. ئـەو کـارەی لەنـدەن کارێکی نامۆ بو، بەڵام ماڵەکەی خەلیل وەك زۆرێك لەماڵە کوێتیـەکانی دی کاولـەکرا بـو، بـەڵکو داگیرو تاڵانکراو دەستیشی بەسەراگیرا. لق گەڕایەوە بـۆ ئەسـڵ یـا کـورێکی چـەتونی سەرپێـچیکار گەڕایــەوە باوەشــی خێزانەکــەی. بەمــشێوەیە پروپاگەنــدەی بەعــسیەکان کــردەوەی ســوپاکەیان لـەکوێت راڤـەدەکرد. بـەڵام سـەبارەت بەوتـەکانی "ئەبوحەیـدەر" لەسـەر دیـواری ژوری میـوانی ماڵەکەی خەلیل چ دەوترێت ؟ ئەمەیان چ جۆرە داگیردنێك بو؟

مرۆڤ تا زیاتر لەم داستانە تایبەتە قوڵبێتەوە ـ خەلیل کێیە و ئەبوحەیدەر چی بەسەرهات ـ داگیرکردنـی کوێـت و ڤـەیرانی کەنـداوی ئـاڵۆزتر دێتەبەرچـاو. شـتێکی ئاشـکرایە ئەبوحەیـدەر پێی خۆش نەبو لەکوێت بێت، کەچـی سـەرەرای ئـەوەش هێنـدێك کـاری ترسـناکی ئـەنجام داوە و دەیـشیزانی کـاری دزێـو ئـەنجام دەدا. هـەر خـودی ئـەو زانیارانـە لـەناوخۆی عـراقـدا بـوە هێـزی راپـەڕین لـەدژی سـەدام حوسـەین کـە رۆژێـك لـەدوای گەڕانـەوەی خـەلیل دەسـتی پێکـرد. ئـەو پزیسکەی بڵێسەی راپـەڕینی لێکەوتـەوە ئـەو ئەبوحەیدەرانـەی گەڕانـەوە عـراق، هەڵیانگیرسـاند. سـەرەرای ئـەوەی سـەربازەکان هـەزاران هاورێیـان لـەژێر ڤورسـی بۆردومـانی هێزەکـانی ئـەمریکا پارچەپارچـەبون و گیانیــان لەدەســتدا و دەربــەدەربون، بــەڵام تورەبونەکــەیان ئاراســتەی ئــەو دیکتاتۆرەکرد کەسەرەتا رەوانەی کوێتی کردبون(3).

خەلیل ـ ی گەنج کێیە ؟ خەلیل بەداگیرکردنی کوێت لەهاوینی 1991 بۆ یەکـەمجار کـوێتی بەجێ هێشت و لەلەندەن منی دۆزییەوە، چـونکە دەیویـست چـاوی بەنوسـەری کتـێبی " کۆمـاری

www.dengekan.com

ترس " بکەویت. بەلام من سەرقالی دانانی کتێبێك بوم لەسەر راپەڕینی گەلانی عـراق و بـەهیچ شێوەیەك نەمدەویست پەیڤین لەگەڵ کوێتییـەکان بکـەم یـا سەرگوزەشـتەیان لـەم کتێبـە تازەیـە بنوسمەوە. کەچی ئەو پەیڤینە ئاساییە گۆڕابە پەیڤێکی تێروتەسەلی رەسمی. ئـەو پەیڤینـە بـوە هۆی گۆڕینی شـێوازی نوسـینی کتێبەکـەم. لـەکاتی ئـەو ئاخاوتنـەدا بـۆم دەرکـەوت تـاچ رادەیـەك ئەزمونی داگیرکردن مرۆڤ دەگۆڕێت. خەلیل هەرگیز ئەو مرۆڤەی پێش داگیرکردن نەبو.

ئیـشکردن لەسـەر داسـتانی کەسـێتی خـەڵکانی وەك خـەلیل و ئـەبو حەیـدەر دوارۆژ ئـالۆز دەکـات و تـەعمیم کردنیـشی زیـاتر دژوارتـر دەکـات. چـونکەئەو تـەپوتۆزەی هـەڵکراوە هێـشتا نەنیـشتۆتەوە، بـەلام هـیچ شـتێك وەك سـەردەمی داگیرکـردن یـا کـاتی داگیرکـردن یـا وەك کـاتی راپەڕین لەشـوێنی خـۆی نامێنێتـەوە، بۆیـە دوای ئـەوەی چـاوم کـەوت بەهێنـدێك لـەو کەسـانەی بەشدارییان لەراپەڕین کردبو، ئەوانەی ماوەی بیست ساڵێك لەژێر دەستی دیکتاتۆرییـەت ژیـابون، بیروراکـانی منـیش لەسـەر راپـەڕین گۆڕانکاریـان بەسـەراهات. لـەئازاری / 1991دا رفوکینـەو ئازارێکی چەپەکراو لەبەدرەوشتی توندوتیژی لەعراق تەقییەوە. کاتێك بیرلەدڕندایەتی ئەو کارە دزێوانە دەکەمەوە کەخەڵکی بەسەریەکیان هێناوە زۆرجاران قێـزی لێدەکەمـەوە تادەگاتـە رادەی ئـەوەی خـۆم لەراپـەڕین بـەنامۆ دەبیـنم، ئەمـە لەکاتێکـدا بـەدڵ و بـەگیان هـانی راپـەڕینم دەدا، چونکە خودی قوربانییەکان لـەئازاردانی ئـەو کەسـانەی بەردەسـتیان دەکـەوتن لاسـایی ریـژیمیان دەکردەوە و راپەڕینەکەشیان شکستی هێنا. ئایا پێویستە کارەکان بەمشێوەیە بێت ؟

لـەژێر کاریگـەری وشـەی بەشـداربوانی راپەڕینـدا بەسەرسـامی رەشـدادەگەڕام. رەقـی و توندوتیژی وشەکان وەسف ناکرێت. بەلام مەجازییـەتی داتـەپیو و عاتیفـەی میلۆدرامـای تایبـەت بـەگوتاری سیاسـی عـەرەبی بەتـەواوەتی ونبـو، لـەجیاتی ئـەوەش جـۆرێکی دی لەحەقیـەت بەدیارکەوت. دەمویست لەگەڵ ئەمجۆرە گوتارە خۆم بسازێنم. عراقییەکان هەمو شـتێکیان دەوت و قسەیان بـۆ دەکـردم بـۆ ئـەوەی دونیـا بەراسـتی روداوەکـان بزانێـت. بـۆ سـاتەوەختێك خـودی قوربانیەکان رەتیـانکردەوە ئـەو پاسـاوە بێگیانـە قبـوڵ بکـەن کـە دەڵێت ؛ هـۆی هـەمو کێـشەکان دۆزەخی میکانیزمی رۆژئاواو ئیسرائیلە و لەجیاتی ئەوەش ئەو چەند وشەیەی ئەبوحەیـدەرمان بـینی کەلەسـەر دیـواری هۆڵەکـەی مـاڵی خـەلیل نوسـیبوی. ژمارەیـەك لەعراقییـەکان بەخۆیانـدا چوبونەوە، چونکە لەوانەیـە لەهێنـدێك هەلومـەرجی زۆر تایبـەت و دژواردا پیـسێتی و بـالاکردن لەرەوشتی مرۆڤدا تێهەڵکێش بێت، بۆیە لەو هەلومەرجەدا کەسانێك دەردەکـەون گـەورەترن لـەو شێوەگەرێتیەی کەزۆرجاران سورین لەسەر ئەوەی پێیانەوە بلکێنین.

سەربازە ئەبوحەیدەرئاساکان لەجادەی سەرەکی کوێتەوە بەرەو بەسرە رایانـدەکرد. لـەنزیك گردی مەتلاع ( مەتلاع گردێکی لمییەو بەرزییەکـەی چوار سـەد مـەتر دەبێـت و نزیکـەی بیـست میل لەباکوری رۆژئاوای پایتەختی کوێتەوە دورە و نزیك شارۆچکەی جەهرا ـ یە ) کـەرتی دووی زریپۆشی لیوای بەور ( لواء النمر ) کەبە " سەگی دۆزەخ " ناسراوە پەلاماری هێزە راکردوەکـەی سوپای عراقـی دا. پـەیامنێری تایبـەت بـەلیوای بـەور بەمـشێوەیە ئـەو پـەلامارە دەگێڕێتـەوە : " زۆربەی عراقیەکان خۆیان تەسلیم بەهێزەکانی ئەمریکا یا بەرگری کویت دەکـرد یـا هەوڵیانـدەدا خۆیان بەدەستەوە بدەن، دیمەنێکی سەیربو، لەئاهەنگی راوێکی مەزن دەچو. عراقیـەکان لـەپێش چاوم وەك ئاژەڵ بالّبەست دەکران ... لە تەماشاکاری نێو پێشبرکێی لەناوبردن دەچو". هێنـدێك لەو سەربازانەی دەیانویست لەقەراخ جادەکە خۆیان بشارنەوە، کەوتنـە کێڵگـەی مـینی خۆیانـەوە یـا هێنـدێك لەسـەربازەکان بەنائومێـدی تەقـەیان لـەو سـەربازانەی خۆیـان دەکـرد کەرێگەکـەیان لێگرتبون. یەکێك لەئەفسەرە گەورەکانی ئـەمریکا دەیـوت ئامـانجی هێزکـانی هاوپـەیمانان بـەدیل گرتنی پاشماوەی سوپای عراق بو تا وەك " سەگی سەرانگوێلك " لەلای خۆیـان بیانهێڵنـەوە ". یـا هـەروەك سـەرکردەی بـاڵی هێـزی ئاسمـانی مـارینز جەنـەراڵ مـایجۆر مـۆر دەڵێـت : " ئـەم کـارە لەگەمەی شەڕە قەل دەچو ". ئەم گەمەیەش پێش ئەوەی باری کەشوهەوا بـەرەو خراپـی بـروات چـەند کاتـژمێرێکی خایانـد. بـەڵام سـەبارەت بەعەقلیـەتی دەشـتەکیانەی ئینگلیزێـك، ئـەوەی لەمەتلاع رویدا لە " تەماشاکردنی مێگەلە مەڕ دەچو"[(4)]. ئەو رستانە وەسفی ئەوە دەکات چۆن کـەژاوەی بێـسەروبەرو راکـردن لـە ئۆتۆمبیلـە دزراو پـاس و لـۆری و تانـك و زریپۆشـەکان قەرەبالغییەکی بێماناو ئەفسانەییان لەئاسنە شکاو و نەفەری برژاو دروست کردبو، کە بەدرێژایی 60 میـل هـەر چـوارلای جـادەی نێـوان جـەهراو سـنوری عراقیـان گرتبـو. ئـەم ئۆپراسـیۆنە زۆربەنهێنی لەدوری نیو میلەوە ئەنجام دراو تەنها یەك سەربازی ئەمریکی بریندار بو.

لەکاتی شەڕی کەنداودا جۆرە چەکێکی پێشکەوتویان تـاقیکردەوە کـە گەرماییـەکی نائاسـایی بەرهەم دەهێنـا و بەدرێـژایی رێگـەی مـەتلاع لـەدژی سـەربازە عراقییـەکان بـەکاریان هێنـا. ئـەو گەرمییە ئەوەندە بەهێز بو شوشەی ئۆتۆمۆبیل و شتەکانی دی دەتوانەوە و دەیکـردن بـەدلۆپێك لەسیلیکۆن، هەروەها ئەو گەرمییـە دەبـوە هـۆی تەقینـەوەی ئـامێری دی بێئـازار و شـتی سـەیری لەسەر لەشی مرۆڤ دروستدەکرد.

یـەکێك لـەو سـەربازانەی ویـستبوی خـۆی لـەئۆتۆمۆبیلێکی بارهـەڵگری جـۆری کـاوازاکی هەڵداتە خوارەوە دوو کەرت ببو " سەربەرەو خـوار لـەدەرەوەی کورسـییەکەی هەڵپەسێرابو، لای

چەپ و خوارەوەی هەلاهەلا و ... قاچی لەدوری ـ 15 ـ پێ ببو بەخەڵوز". نۆ پیاو لەناو ماشێنێکی بارهەلگردا لەچاوتروکانێك بەتەواوەتی سوتابون و ببون بەیەکپارچە خەڵوز، ئەو نۆ کەسە چۆن لەناو ماشێنەکە دانیشتبون بەسوتاویش هەر بەو شێوەیە مابونەوە. سەربازێك قنگەوتلور کەوتبو وەك ئەوەی ژێر سندوقی ئۆتۆمۆبیلەکە بگەڕێت و هەردووقاچی ببو بەخەڵوز و لەناوەراستی رانیشیەوە لەهەوادا هەڵدەلەرزی. لەگەنجێکی جوانکیلەی چەناگە باریك و دڵپاك دەچو. سەرەرای ئەوەی لەشی ببوبەمۆمیا، بەلاّم ئەو خەسلّەتەی تیابەدی دەکرا. بۆمبێك پیاوێکی هەلّتەکاندبو، و کونێکی گەورەی دەمکراوەی لەلەشی دروست کردبو، هەناوو ریخۆلّەکانی لەشوێنی خۆیان مابون بەلاّم لەبرژاویدا لەشی رەشداگەڕابو"[5]. لەدوای چەند رۆژێك رۆبەرت فیسك ـ ی رۆژنامەنوس سەردانی شوێنەکەی کرد، گەلەسەگێکی بینی پاشماوەی سەربازە عراقیەکانی دەکڕانەوە[6].

یەکێك لەو کوێتیانەی لەدوای رزگاربون سەردانی مەتلاعی کرد، بەرامبەر بەو دیمەنە هەستی بەخۆشییەکی زۆر دەکرد و بەمشێوەیە گوزارشتی لەهەست و بیروبۆچونێك دەکرد کە لەو دەمەدا لەکوێت برەوی هەبو " خۆشحالّم بەبینیی ئەم مردن و وێرانکارییە، چونکە عراقییەکان زۆر لەمە زیاتریان بەئێمە کرد " [7]. بەلاّم لەلایەکی دی خەلیل پەرچەکردارێکی جیاوازی هەبو. خەلیل لەدوای ئەو قەتلوعامە و لەماوەی کەمتر لەبیست و چوار کاتژمێر، ئێوارەیەکی درەنگی زەردەپەڕ گەیشتە مەتلاعو بەدوای حەمودی رەفیقی منالّیدا دەگەڕا کەچوار رۆژ پێش رزگاکردنی کوێت وەك زۆربەی کوێتیەکان لەلایەن سوپای عراقەوە بەدیل گیرابو. خەلیل لەبەر چەند هۆیەکی بەجێ دەترسا لەوەی لەسەر جادەی مەتلاع تەنها چەند شتێکی بەجێماوی حەمود بدۆزێتەوە.

" کاتێك لەئۆتۆمۆبیلەکە دابەزیم، یەکەم شت هەستم بەبۆن دەکرد. بۆنێك لەبۆنی ناپالّم دەچو، وەك بۆنی سوتاوی، سوتانی ئەو شتەی لەیەك کاتدا ئۆرگانی و نائۆرگانیش بو. بەدرێژایی ماوەی داگیرکردن و تەنانەت پێش سوتاندنی بیرەنەوتەکانیش بۆگەن ولاّتی تەنی بو. ئەو بۆگەنە لەمانگی کانونی دوەم و شوبات دا بەرادەیەك تیژو بەهێز بو بەردەوام کۆلۆنیای ریش تاشینم بەکاردەهێنا بۆ ئەوەی لەو بۆگەنە رزگارم بێت. لەمەتلاع بۆگەن وەك شەپۆلێکی گەرما روبەروت دەبووە، بۆنێك لەشتی گەنیو و دارزیوی تێکەڵ بەتایەی سوتاو و لاشەی داوەشاو دەچو، بۆگەنێك وەسف ناکرێت. دەبوایە لەرۆیشتندا زۆر وریا بیت، چونکە چەك و تەقەمەنییەکی زۆر لەوناوەدا بلاّوبووە بۆیە بەوپەڕی وریایی هەنگاوم دەنا و هێندێك جاریش بەناچاری لەجادەکە لام دەدا یا بەسەر ئۆتۆمۆبیلەکاندا بازم دەدا تالەکۆتاییدا بڕیارمدا بەسەر ساترە چیمەنتۆکە

بـڕۆم لەبەرئـەوەی کـەمێك لەجادەکـە بـەرزتربو، کەچـی سـەرەرای ئـەو بێدەنگییـەش مـرۆڤ شـڵەژانێکی مـەزن و وروژانێکـی مـتی بەدیـدەکرد، هـەروەك بێـدەنگی سـاتەوەختی روداوەکـە. حاڵەتێکی ترس و تۆقاندنی ئەوتۆ بو خەڵکەکەی سەرسام کرد و هەمو شتێکیشی لەناوبرد.

پێویـستە بـزانین ئـەو خەڵکـە بەتـەواوەتی تۆقیبـون. ئۆتۆمـۆبیلێکی زۆر بەهـەمو لایەکـدا بڵاوببونــەوە و دەرگــای پــێش ودواوەیــان کرابونــەوەو شاســیەکانیان هەڵدرابونــەوە. هێنــدێك لـەئامێرەکان رویـانکردبووە خۆرئـاوا و هێنـدێکی دییـان خۆرهـەڵات یـا بـاکوری خۆرهـەڵات یـا بـاکوری خۆرئـاوا یـا بەسـەر سـاترە چیمەنتۆکە هـەڵنزابون یـا بەتـەواوەتی لەرێگـە لایـان دابـو و هێنــدێکی دییــان 180 پلــە ســوڕابونەوە رویــان کردبــووە پایتــەختی کوێــت. ئــەو شــتانە زۆر بـــەخێرایی رویانـــدا. ئـــەو ئۆتۆمۆبیلانـــەی بەتەنیـــشتیانەوە دەرویـــشتم هێـــشتا رادیـــو و ریکۆردەرەکانیان ئیشی دەکرد و دەنگی موسیقا و باری کەشوهەوا لەدورەوە بەکزی دەبیستر‌ا.

ئۆتۆمـۆبیلیکی سـوری ئـاگر کوژێنـەوەی بەڕیوەبەرایـەتی ئـاگر کوژانـەوەی کـوێتی بەهـەمو پەیژەو سـۆندە لولکراوەکـانی خـۆی کێشابو بەپاسـێکی نەفـەر هـەڵگری سـپی و شـیندا و وێرانـی کردبو، پاسێك بو لەو پاسانەی دەشیا بۆ گوێزانەوەی حەمود بەرەو عراق بـەکاربهێنرێ. پاسـێکی بـــەتاڵ بولەخێودەچـــو. تانکـــەرێکی گـــەورە خـــۆی کێـــشابو بـــەئۆتۆمۆبیلێکی بـــچوکی ماســـت دابەشـکردندا و ماشـینێکی تویوتـا کرونـا خـۆی کێـشابو بەتانکیکـدا. گـەلێك تـانکی دی. مـرۆڤ نەیدەتوانی وێنای نامۆیی ئەو بێسەروبەرییە بکات.

بەڵام لەراستیدا ئەوەی باوەر نەکردەنی بو لەنێو ئەو ئامێرانەدا دەبینرا. پـێم وابـو عـراق و گەلی عراق دەناسمەوە. جیاوازییەکی زۆریان لەگەڵ ئێمە و هیچ مرۆڤێکی دی نیە. سـەربازەکان چـاوەرانی ئـەوەیان لێـدەکرێ شـەڕبکەن و خۆیـان بەکوشـت بـدەن و مـرۆڤ لـەم هەڵوێـستەیان تێـدەگات، بـەڵام بۆچـی ئـەو سـەربازانە بـۆ نمونـە سـینیەکی پلاسـتێك یـا تەنەکەیـەکی خـۆڵ یـا تیوبێکی دەرمانی دان دەدەزن؟

بوکە شوشەی "باربی". ئایا دەتوانن وێنای دزینی دەیان بوکـە شوشـەی بـاربی بکـەن ؟. ئـەو بوکـە شوشـانەی جلـی بـوکێنی و ڤردێلـەی سـپییان پۆشـیبو. دزیـنی دەرپێـی ژنانـە و رۆژمێـری سەردیوار و کاتژمێر و ڤوتوی جگەرە و دزینی چەندین سەفتە گۆڤـاری "مرآة الامـة" ی کـوێتی کە گۆڤارێکی بێناوەرۆکی ژنانەی کوێتی بـو. ئەمـە سـەرباری دزیـنی سـندوقە پرتـەقاڵ و فـەردە بـرنج و کیـسەپیاز، بەگـشتی شـتی زۆر پـروپـوچ و بێبـەهاتریان دزی بـو. ئـەو شـوێنە لـەبازاری وردەواڵـە فـرۆش دەچـو. ئـەو جانتایانـەی لـەناو زرێپـۆش و ماشـینی گواسـتنەوەی سـەربازە

عراقییەکان کەوتبون، شتە دزراوەکانی لێهاتبونە دەرەوە. سەربازە عراقییەکان لەناو فەردە و کیسەی وردەواڵەی دزراو گیانیان لەدەست دابو. روداوێکی هێندە سەیر بو مرۆڤی ناچار دەکرد بیر لەژیانی تایبەتی خۆی و بەهای شتە مادییەکان بکاتەوە. ماڵە کوێتییەکان ئاڵتون و گەوهەرێکی زۆریان تیابو، کەچی سەربازەکان لەکاتی هەڵهاتن و رزگارکردنی گیانی خۆیان ئەو شتانەیان دزیبو. لێتان دەپرسم ژیانی ئەو سەربازانە بەنرخترە یا ئەو شتە مایەپوچانە؟ بەراستی مردنێکی دزێو بو؟ بەبێ ئەوەی رەوایەتی یا نارەوایەتی ئەو شەڕە لەبەرچاوبگرین ئەوا دەبینین سەربازەکان وەك دزێکی سوك و سەلیم دەمردن.

نامیلکەکانی حزبی بەعس و دۆسیکانی هەوالگری عراق لەناو ماشێنێکی سەربازی دی پەرشوبڵاوببونەوە. ( 28 ) فایلم لەو دۆسیانە کۆکردەوە. دۆسێکان تایبەت بون بەناوچەی فروانیەی ( فروانیە ) کوێت. گرتنی تایپێك لەماڵێکی کوێتی بابەتی راپۆرتێکیان بو. راپۆرتەکانی دی لەسەر دزین یا بزربونی سەیارەی ناوچەکە بو. دۆسێکانم تەسلیم بەهێزی بەرگری کوێتی کردەوە. فەرهەنگێکی مەوردی (مورد) ئینگلیزی و عەرەبیم لەسەرجادەکە دۆزییەوە و ناوی خاوەنەکەی لەسەر لاپەرەی یەکەمی فەرهەنگەکە نوسرابو. فەرهەنگەکەم لەلای خۆم هەلگرتوە بەو هیوایەی رۆژێك بیدەمەوە بەخاوەنەکەی. پێم خۆشە ناوی خاوەنەکەی بزانم. ناوێکی میسریە..

بەهەرحاڵ، لەهەمو ئەزمونی سەر جادەی مەتلاع، وێنەی مردنی سەربازێکی عراقی تا مردن لەیادەوەریمدا دەمێنێتەوە. ئەو کاتەی بەرەو باکور دەرۆیشتم لەسوچێکی سەرجادەکە و لەناو چەندین ئۆتۆمۆبێلی شکاودا سەربازێکم بینی بەدەما کەوتبو. لەشی بەئاراستەی باکوری رۆژهەڵات کەوتبو، پێم وایە بەئاراستەی فاو بو، هەردوو مشتی توند نوقاندبو، سەری بەجۆرێك خستبوە نێوان هەردوو دەستییەوە کەتەنها پشتەسەری دەبینرا، وەك کەسێك نامەیەکی پێبگات یا وەك کەسێك بەسەر سکدا کەوتبێت و پشتی لەخۆر کردبێت.

ئەو سەربازە یەکەم، لەسوتاویدا وەك خەڵوز رەش داگەڕابو، نە جلی سەربازی لەبەردامابو، نە موو بەلەشییەوە مابو. لەدورەوە لەشی و جادە قیرەکە لەیەك جیانەدەکرایەوە. دوەم، نیوەی لەشی، لەناوکی بەرەوخوار نەمابو، وەك ئەوەی بەمەقەستێکی گەورەی زۆرتیژ دوولەتکرابێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەك پیاوێکی کەتە و چوارشانەی بەخۆ دەهاتەبەرچاو.

هەستم کرد بەهۆی قورسی شەڕەکە پەنای بۆ جادە قیرەکە بردبو، وەك ئەوەی لەو جادە قیرەنەرمتری شك نەبردبێت روخساری خۆی تیا بشارێتەوە. لەمناڵێکی چەتونی سەرزەنشت کراو دەچو کە دەرگای ژورەکەی لەخۆی داخستبێت و سەری خستبێتە ژێرسەرینەکەیەوە بۆ ئەوەی

کەس بەداماوی و ترس وخەفەتی نەزانێ. ئەو سەربازە عراقییە لەبەرئەوەی هیچ دەربازگە و جێگەیەکی دی نەبو، پەنای بۆ زەوییە رەقەکە بردبو.

شێوەی مردنی ئەو سەربازە شتێکی وەبیرهینامەوە کەهیچ پەیوەندییەکی بەو دیمەنەوە نیە. لەپێش دەسپێکردنی شەڕی کانونی دوەم، لەرووداوێکی چاوەڕوانەکراودا خزمێکی گەنجی پەرکەم دارم لەتەمەنی بیستساڵیدا گیانی لەدەست دا. نزیکەی کاتژمێری (9) ی سەر لەبەیانی خزمەتکارەکە بەچاوی پڕلەفرمێسکەوە بەپەلە خۆی کرد بەماڵی ئەو پورەی لەماڵیان دەژیام و بەردەوام ناوی خزمەکەمی دوبارە دەکردەوە و داوای لێکردم سەردانی بکەم، ئیتر تێگەیشتم شتێك رویداوە، چونکە خزمەکەم لەرووداوێکی ئۆتۆمۆبیلەوە توشی نەخۆشی ڤێ هاتبو، بۆیە چارەسەری وەردەگرت. پێم وابو ڤێ لێیداوەتەوە لەبەرئەوە بەپەلە بەهانایەوە چوم.

خزمەکەم جگەرەی زۆر دەکێشا، بۆیە پێدەچێت لەنیوەشەودا و هەر لەسەر نوێنەکەی خۆیەوە ویستبێتی سنگی پاك بکاتەوە، رەنگە کەوتبێتە لای چەپ بۆ ئەوەی تف رۆبکاتە ناو تەنەکە خۆڵە هێلکەییە کانزاییەکەی تەنیشت نوێنەکەیەوە، ئیتر هەر لەو ساتەشدا لەسەر نوێنەکەی کەوتۆتە خوارەوە و سەری لەتەنەکەی خۆڵەکە گیری خواردوە چونکە بەو شێوەیە کەوتبو.

خزمەکەم بەرامبەر بەشتەکان کاردانەوەیەکی زۆر توندی هەبو، بەدەنگێکی بەرزقسەی دەکرد. رەنگە لەکاتێکدا کە سەری لەناو تەنەکە خۆڵەکەدا بووە، فێی لێهاتبێت، ئیتر سەری بۆ دەرنەهێنرابێتەوە وتف و لیك هەناسەی لێبڕیوە، بۆیە هەر لەناو تەنەکەی خۆڵەکە هەناسەی لێبڕابو. ویستم یارمەتی بدەم و هەناسەی بۆ بگێڕمەوە بەڵام لەشی سارد بو. قەراغی تەنەکە خۆڵەکە لەسەرملی دەرچو بو. دەموچاوی شین هەڵگەڕابو. زمانی شۆڕوئاوسابو. دەستە سارد و سڕەکانی لەدەستی سەربازی سەرجادەکەی مەتلاع دەچو. مردنێکی سامناك بو. چەندین کەرەت وەك سەربازە عراقیەکەی سەر جادەی مەتلاع بیرم لەم رووداوە کردۆتەوە. دوا وێنە کەبینی بریتی بو لەبنی تەنەکەی خۆڵێك. بەمشێوەیە خزمەکەم ماڵئاوایی لێکردین. ئەم رووداوە وایلێکردم بیرلەمردنی خۆم بکەمەوە. پێم خۆشە بەشێوازێکی جوان بمرم وەك مردن لەکاتی عیشقدا یا لەکاتی خەوتندا نەك بەم شێوازە بمرم ".

**لەئەستۆنان**

کاتێك کاسێتی چاوپێکەوتنەکەم دایە دەستی فیریاڵ ـ ی یاریدەدەرم بۆ ئەوەی تۆماری بکات زۆر تورە بو. ئایا بەراستی ئەو وشانە وەك خۆی بنوسمەوە؟ فیریاڵ دەیویست دەستکاری چاوپێکەوتنەکە بکات، چونکە وەك عراقیەك هەستی بریندار کرابو، هەرچەندە پێم وابو رەزامەندیم وەردەگرێت کاتێك دەستکاری کردنی تێکستەکە دەکات، بەڵام من سوربوم لەسەر ئەوەی بەهیچ شێوەیەك دەستکاری نوسینەکە نەکات و لەجیاتی ئەوەش داوام لەفیریاڵ کرد هەستی خۆی بنوسێت و بەفیعلیش ئەو کارەم کرد. کام وەسفی خەلیل لەسەر روداوەکەی جادەی مەتلاع فیریاڵی ئەوەندە تورەکردبو؟

بۆن فیریاڵی وروژاند و بەبێدەنگی هەستی بەسوکایەتی دەکرد، چونکە پێی وابو تەنانەت "کوێتیە پیشەوەر و خاوەن بروانامە بەرزەکانیش عراقییەکان بەبۆن ناخۆش تاوانبار دەکەن". فیریاڵ ئەو ژنە کوێتیانەی وەبیرهێنامەوە کە رادیۆی "سبکترۆم ئینتەرناسیوناڵ" بانگهێشتی دەکردن، ئەو رادیۆیەی لەدوای داگیرکردنی کوێت لەلەندەن دامەزرابو. ژنە کوێتیەکان بەدورودرێژی باسی ئەو "بۆنە ناخۆشەی" عراقییەکانیان دەکرد کە وڵاتەکەیانی تەنی بو. لەگەڵ بەردەوامبونی داگیرکردن ئەو بۆنەی سەرچاوەکەی خودی "عراقییە داگیرکەرەکان"بو قێزەوتنر دەبو. فیریاڵ پێی وابو خەلیل بەفیعلی باسی لەجەستەی داوەشاو و تایەی سوتاو نەدەکرد و هیچ شتێکیش ئەو رایەی پێنەدەگۆڕی، چونکە فیریاڵ سوربو لەسەر ئەوەی کە خەلیل باسی ئێمەی دەکرد و لەراستیدا دەیوت بۆنی ئێمە ناخۆشە. ئایا من زانیاریم هەیە لەسەر ئەوەی لەدێرزەمانەوە کوێتیەکان دەهاتنە عراق تا لەگەڵ ژنانی بەسرە رابوێرن ؟ و مەبەستیان تەنها رابواردن بو لەگەڵ ژنانی عراقیدا. لەدوای داگیرکردنی کوێت زۆرێك لەعراقیەکان بەمشێوەیە بیریان دەکردەوە بەتایبەتی پیاوان هەستیان دەکرد شەرەفیان لەمەحەکدایە، بەتایبەتیش لەدوای ئەوەی سەدام حوسەین لەگوتارێکیدا بەمجۆرە پاساوی بۆ داگیرکردنی کوێت دەهێنایەوە: " ماجیدەی عراقی بەدرهەمێکی کوێتی بو"[8].

لەبیرمە منیش هەستم بەهەمان بێزاری فیریاڵ کرد، کاتێك خەلیل باسی پیسایی چواردەوری گوێرەکە سەربراوە نیوە خوراوەکەی بۆ دەکردم کەرۆژێك لەدوای رزگارکردنی کوێت لەسەر فەرشەکەی ماڵی خۆیان بینیبوی. فیریاڵ ئازارێکی زۆری بەدەست بەعسیەکانەوە چەشتبو، بۆیە پێی خۆش نەبو سەرلەنوێ قسە لەسەر کردەوە ترسناکەکانی پیاوانی بەعس بکات، کەچی سەرەرای ئەوەش چاوپێکەوتنەکە وروژاندبوی. هەروەك ئاشکرایە ئەو شتانەی لێرەدا لەمەحەکە بەرادەیەك زۆرە کەیادەوەری فیریاڵی ماندوودەکرد لەگەڕان بەدوای بژارکردنی ئەو شتانەی ژنە کوێتیەکانی والێدەکرد لەوبەرنامەیە بێنەگۆ، ئەو سەرنجانەشی لەرێگەی

برادەرەکانییەوە لەلا چەسپیبو. فیریاڵ بەرادەیەك لەو چاوپێکەوتنە تورەببو کە نەیدەتوانی درێژە بەکارەکانی بدات.

ئەو بەسەرهاتە ناخۆشەی خەلیل لەحەوت مانگی داگیرکردندا بۆی گێرامەوە ترسی کوێتیەکانی بەجۆرێك بۆ ئاشکرا کردم کە هیچ رۆژنامە و ریپۆرتاجێکی تەلەفزیونی ئەو کارەی نەکردبو [9]. بۆ نمونە بەسەرهاتی سێ برای بۆ گێڕامەوە کە تەنها لەبەر ئەوەی مۆبایلیان پێبو گوللەباران کران، چونکە گومانی ئەندامێتی هێزی بەرگری کوێتیان لێکردن ولاشەکانیشیان لەسەریەك لەبان جادەکە بەجێ هێشت تا خەڵکانی دی پەندی لێوەربگرن. پێشتر روداوی لەو بابەتەم بیستبو، بەلاَم نەك بەوشێوەیەی کەخەلیل دەیگێڕایەوە :

" لاشەی براکەی سەرەوەیان توشی شۆکێکی گەورەی کردم، پێستی بەتەواوەتی رەش داگەڕابو، سەری بەپەڵەیەکی سوروسپی داپۆشرابو بەبێ ئەوەی بەدڵنیاییەوە سەرچاوەکەی بزانیت. تالەکۆتاییدا تێگەیشتم ئەو پەڵەیە، لەخوێن بەربونێکی لەسەرخۆی مێشکەوە دروست بوە، بەلاَم نەمدەتوانی بەتەواوەتی جیاوازی لەنێوان رەنگی سپی و پێستی رەشداگەڕاو لە فیکری خۆم دەربکەم. ئەو پەڵەیە روومەتی گوڵئاسای تابلۆیەکی رێنواری وەبیرهینامەوە، چۆن هەمیشە وادەهاتە بەرچاو لەپشتەوە پەلامارت دەدا. بەلاَم چۆن لەوساتەدا بیرم لەتابلۆیەکی رێنوار دەکردەوە، خۆشم نازانم، رەنگە راڤەکردنی ئەوەش سەبارەت بەخۆم کارێکی ترسناك بێت، نازانم".

لەکاتی داگیرکردنی کوێت دا نیشانەیەکی پیس تەشەنەی سەندبو کە زۆر لە کوشتنی کوێتیەکان و تالاَنکردنی ماڵەکانیان خراپتربو. کوێت لەو حاڵەتەدا بهێننەوە پێش چاوی خۆتان چۆن توشی جۆرێك لەدەردەدەرەشی ( تاعون ) بوە. ئەو دەردە رەشەی بەچاو نابینرێ، بەلاَم هەڵمی مردنی لێهەڵدەستی. ئەو تاعونەش لەو برینە پڕلەکێمانە بلاَودەبووە کەپێشتر کەس زانیاری لەسەر نەبو. برینەکان بۆنێکی ناخۆشیان هەبو ئەوەش رووی راستەقینەی ئەو نیشانە پیسە بو. چیرۆکێکی ئیسرائیلی وێنای سەربازێکی ئیسرائیلی دەکات کەپێشتر لەناوچەداگیرکراوەکان خزمەتی کردوە، بەلاَم کاتێك سەربازەکە دەگەڕێتەوە هەست دەکات بۆنێکی ناخۆشی لێدێت و بۆنەکەشی ناڕوات " بۆنی ڤیزەونی شابەڕو، وەك پەڵە هەورێکی رەش هەمو هەست داگیردەکات. لێرەدا زۆر زەحمەتە مرۆڤ هەڵبکات ... رەنگە ئەوەش بەشێك بێت لەدڵڕەقی"[10]. ئەو چیرۆکانە حەقیقەتیك ئاشکرا دەکات کە داگیرکردن چ لەکەناری رۆژئاوای روباری ئوردون بێت یا لەکوێت، بەردەوام بۆنێکی پیسی هەیە.

www.dengekan.com

لـەدوای 2 / ئـاب / 1990 بـۆنێکی پیـسی لـەو جـۆرە لـەکوێت بڵاوبـووە. بـۆنێکی پیـسی نائاسایی لەهەمو سوچ و قوژبنێکی کوێت هەستی پێدەکرا، دواتریش بۆنەکە ئەوەندە زیـادی کـرد مرۆڤ خۆی بۆرانەدەگیرا. پاشەرۆك فرێ نـەدەدرا و بۆگـەنی دەکـرد و بـۆنێکی ئۆرگـانی ناخۆشـی دروسـتدەکرد. لاشـەی ئـەو کوێتیانـەی لـەکاتی بەرگریـدا بەردەسـت دەکـەوتن لەسـەرە رێگـە فرێدەدران ـ وەك لاشەی سێ براکە ـ وبەکتریاش پاشماوەی لاشەکانی خراپ دەکرد. بێگومان ئـەو شتانە بۆنێکی پیسی دروستدەکرد. عراقی و کوێتییەکان وەك یەك ئارەقـەیان دەردەدا و لـەجاران کەمتر خۆیان دەشۆری. ئاو و کارەبا کەمی کردبو. جلەپیسەکان نەدەشۆران. ئاستی چاککردنەوەی ئامرازەکانی پاککردنەوەی ئاو زۆر دابـەزیبو، هـەروەها ئـەو نەوتـە خـاوەی دەگەیەنرایـە دەرەوەی شـار بەرێگەیـەکی زۆر سـەیر بـۆ ناوشـار دەگەڕایـەوە، و گیانلەبـەرە ئاوەکییـەکان دەمـردن و بۆگەنیان دەکرد.

کەواتـە راسـت بـو بۆگـەنی پاشـەرۆك و ماسـی و ئـاوی پـیس و بـۆنی جەسـتەی ئـارەقکردو ئاسمانی کوێتی پڕکردبو لەبۆنێکی تیژی ناخۆش، ئەمە ئەگەر قسە لەسـەر کاریگـەری سـوتاندنی شەش سەد بیری نەوت نەکەین، بۆیە دەبینین تائەمرۆش منالان بەڵغەم و کۆکەیان هەیە. راسـتی مەسەلەکەش یەك شـتە ئـیتر ئـەو بۆنـە، بـۆنی جەسـتە بێـت یـا بـۆنێکی خـەیاڵی بێـت ئـەویش؛ داگیرکردن دزە بۆ ناو جەستەی مرۆڤ دەکات. کوێت لەکاتی داگیرکردنی عراقدا بـۆنێکی ناخۆشـی هەبو کە رەنگە هەرگیز بۆ دۆخی جارانی نەگەڕێتەوە.

داگیرکردن و شەڕوستەم و سەرپێچی کردن بیرۆکەیەکی رووتە ئەگەر لەگـەڵیا نـەژی، رەنگـە وەك هەسـتێکی مرۆیانـەی بێگیـان بمێنێتـەوە، تەنانـەت ئەگـەر کەسـێکی خـەلیل ئاسـاش بەشـێوەیەکی زۆر کاریگەرانـە بیگێڕێتـەوە. پەرچـەکرداری فیریـاڵ لەچـاوپێکەوتنەکەی خـەلیل لـەداگیرکردنی کوێـت زیـاتر شـڵەژاندمی، هـەروەها لـەوەش تێگەیـشتم کـە ناشـیرینی راسـتگۆیی خـەلیل و سـەرقاڵی فیریـاڵ بـۆ لەئەسـتۆنانی کوێتیـەکان یـەکتری رەت ناکەنـەوە، بـەڵکو بەپێچەوانەوە راڤەی یەکتری دەکەن. لەهەردو حالەتەکەشدا بۆن کلیلی کێشەکە بو.

بۆنی ناخۆش واتە شتێك بۆگەنی کردوە، ئەمەش لەدیدی موسڵمانێکی خوانـاسدا ئامـاژە بـۆ شتێکی پیس دەکات، بۆیە دەستنوێژگرتن لەپێش نوێژ وئوسڵ دەرکردن لـەدوای کـاری سێکـسی و بێنوێـژی و منـاڵبون و مـردن پـێش ئـەوەی مـردوو کفـن ودفـن بکـرێ، فـەرزە لەسـەر هـەمو موسڵمانێك لەبەر ئـەوە مەسـەلەکە تـەنها پەیوەنـدی بەتەندروسـتیەوە نیـە، بـەڵکو خۆپاراسـتنە لەپیسی و گڵاوی، بۆیـە کاتێـك ریـژیمی عـراق رێگـەی نـەدەدا خـەڵکانی لەسێدارەدراو بەرێگـەی ئیسلامی کفن و دفن بکرێن بۆ ئەوەی تا هەتاهەتایە روحیـان گونـاح باربکـات. تـەلکیف (تلکیـف)

کەمایەتییەکی بێزراوی مەسیحی کلدانی عراقە و لەبەر نزیکی لەگوندی تەلکیف ئەو ناوەی لێنراوە. تەلکیفەکان پێیان دەوترێ "میز پاککەراوەکان" لەبەر ئەوەی پەیوەندی نێوان گروپێکی مەسیحی و پیسی و پۆخڵی لەکولتوری ئیسلامدا کارێکی ڕێکەوت نیە. لەلایەکی دی لەناوچەی ڕۆژهەڵاتدا بۆنە تیژەکانی وەك بوخورد زۆر ڕەواجی هەیە، چونکە بۆنی ناخۆش ناهێڵێت و مانای پاکی و تەمیزی دەگەیەنێت. بەپێی دابونەریتی میوانداری لەلای عەرەب دەبێ میوان لەکاتی تێرخواردن قرقێنە لێبدات، چونکە مانای باشی خواردنەکە دەگەیەنێت و خانەخوێش دڵخۆش دەکات، ئەمە لەکاتێکدا قرقێنە لەسەر مێزی نانخواردنی ئینگلیزی کردەوەیەکی زۆر دزێو و ناشیرینە، کەچی تر لێدان لەلای عەرەب لەبەردەمی خەڵکی شایانی لێبوردن نیە ولەڕۆژئاواشدا شتێکی ئاساییە ئەگەر بەئەنقەست نەبێ.

بۆنی پیسایی مرۆڤ ناخۆشترین بۆنە. فیریاڵ لەبێلایەنی دیاردەی بایۆلۆجی لەشی مرۆڤی دەروانی و لەپشتییەوە کۆمەڵێك مانای ئاڵۆزی شارستانی و دەلالاتی نادیاری دەبینی. بەڵام من لەلایەکی دی، تاڕادەیەکی زۆر بوبوم بەکەسێکی ڕۆژئاوایی، چیدی سەرسام نەدەبوم بەو زمانە ڕەمزییەی بەشێوەیەکی زۆر ورد توانای جیاکردنەوەی هەیە، تا لەدواجاردا دەگاتە ئەوەی گرنگی شتێك بۆنەکەی ببەستێتەوە.

پەرچەکردارەکانی لەش زنجیرەیەك هەستی ئاڵۆز دروستدەکات کە هەمو ژێردەستە و داگیرکارێك پێکەوە وەکویەك وێراندەکات : پاساوی پروپوچ، ناسنامەی هەرەشەلێکراو، کەرامەتی بریندار، هەستی شەرمن و تاوان و ئارەزوی تۆڵەسەندنەوە، بۆیە وشە تۆمارکراوەکانی خەلیل هەستی لەئەستۆنانی لەوجۆرەی وروژاند نەك تەنها هۆکاری بایۆلۆجی تایبەت بەهەستی بۆنکردن.

ئەوانەی بەپێچەوانەی ئەوانی دی بۆ باکور دەڕۆن، بەرەو باشور دەڕۆن، ئەمەش برێك کارئاسانی بۆ کردم.

## شیعر و لەئەستۆنان

<u>**لەو خۆپێشاندانانەی وڵاتە عەرەبیەکانی هێنایە لەرزە ( وەدەهێنێتە لەرزە )، هیچ دروشمێك ئەوەندەی ئەو دروشمە توندوتیژە هۆرای بۆ نەکێشرا کەدژی شانشین و میرنشینەکانی کەنداو دەوترایەوە.**</u>

www.dengekan.com

ئەمە یەکێکە لەوتەکانی مونسیف مەرزوقی ( منصف المرزوقی )، سەرۆکی هاوبەندی مافی مرۆڤ لەتونس، تەنانەت لەکاتی داگیرکردنی کویتیشدا لە" 90٪ عەرەب بەمیسریشەوە رقوکینێکی زۆریان لەو ریژیمە دیکتاتۆرو کۆنەپەرستانەی کەنداو بو کە ماڵ و شەرەفی عەرەبیان بەهەدەر دەبرد و بەردەوام وەك مشەخۆرێکی فێزەون مامەڵەیان لەگەڵ هاوڵاتیانی عەرەب دەکرد. هەر خودی ئەو قینە گەورەیە لەپشت گەورەیی و بەرفراوانی ئەو خۆپێشاندانانەوە بو کەپشتگیریان لەعراق دەکرد، بەتایبەتی لەوڵاتانی رۆژئاوای نیشتمانی عەرەب (مەغریب، جەزائیر، تونس و لیبیا) کە تێیدا پیاهەڵدانی سەدام و دژایەتی کردنی فەهد هاوسەنگ بو. لەو وڵاتە عەرەبیانەی چەند هەنگاوێك لەدیموکراتیەتی رۆژئاواوە دوربون، درندەترین ریژیمی نادیموکراسی و پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ حوکمرانی دەکەن و بەرادەیەك نادیموکراسین تەنانەت رێگەش نادەن ژن ئۆتۆمۆبیل لێبخورێت.." [11]. ئەمە وتەی سەرۆکی پێشکەوتوترین و بوێرترین و کۆنترین رێکخراوی مافی مروڤی وڵاتە عەرەبیەکانە کە ساڵی 1989 ژمارەی ئەندامەکانی گەیشتبوە 4000 ئەندام ( ساڵی 1982 تەنها 1000 ئەندامی هەبو ) و 40 لقی هەبوە[12].

ئەگەر دونیای سیاسەتیش بەهەند وەرنەگرین ئەوا زۆرێك لەروناکبیرانی عەرەب لەکاتی قەیرانی کەنداودا لەگەڵ کوێتیەکان هاوسۆز نەبون. "کوێت گرنگ نیە"، ئەمە وتەی رۆماننوسی لێهاتوی عەرەب، عەبدولرەحمان مونیفە، کە روداوەکانی شاکارە بەناوبانگەکەی ( مدن الملح ) تایبەتە بەعەرەبی کەنداو. بەرای مونیف عەرەبی کەنداو گرنگ نین [13].

بەڵام نوسەرەکانی دی لەسەر "دەستبڵاوی" و " گەندەڵی" کویتیەکان، وتارەکانیان دەرازاندەوە و وڵاتەکەشیان بەوڵاتێکی کۆنەپەرستی بێشەرعیەتو دەستکردی ئیمپریالیزم دادەنا، ئەمە سەرەرای ئەوەی کوێتیەکان هێندەی عەرەبی وڵاتە پێشکەوتوەکانی وەك سوریا و عراق و لوبنان دەستیان بەخوێنی خەڵکانێکی زۆر سور نیە، کەچی سوکایەتیان بەکوێتیەکان دەکرد وەك ئەوەی وڵاتە عەرەبیەکانی ناوچەکە شەرعییەتێکی زۆر و گەندەڵییان کەمتر بێ.

وشەی لەئەستۆنان (تحامل) شیاوترین وشەیە بۆ وەسفکردنی هەستی زۆێك لەعەرەبەکان بەرامبەر بەکوێتیەکان، تەنانەت لەو کاتەی وڵاتەکەشیان لەسایەی داگیرکردندا بەتاڵان دەبرا هەر ئەو هەستەیان هەبو[14]. رەگوریشەی لەئەستۆنان مێژوویەکی دێرینی لەدابونەریتی عەرەبدا هەیە و جۆرێکە لەجۆرەکانی بیرکردنەوە کە زۆر بێپەروایانە شێواز و گوتاری بەپێی هەلومەرج دەگۆرێت. باشترین نمونەی ئەم شێوازەش لەهونەری هەجودا دەبینرێ کە هەمیشە بۆ تانوت لێدانی شەرەفی تاکەکەس و گروپەکان تەرخاندەکرێ. هونەری هەجو زیاتر لەشیعردا

پەسەند دەکرێ، چونکە هەجو بۆ شەڕ و پێکدادانی گروپەکان بەکاردەهێنرێ. هونەری هەجو لەپێش ئیسلام لەنێو خێڵە عەرەبەکان دا بەشیعری بەرز دەنرخێنرا. ئەبو تەیب موتەنەبی (915 ـ 965 زاینی)و زۆرجاران بەمیری شیعری عەرەبی ناوزەدە دەکرێ، لەهەجوکردنی کافور ـی حاکمی میسر و ملکەچی دانیشتوانەکەی نمونەیەکی زۆر بەرجەستەی هونەری هەجوکردنە. ئەم شاعیر نابودە لەدوای دەست پانکردنەوەی دەستی سوالکەرانەی لەپێش دەربارى حاکمی میسردا چاوەروانی ئەوەی نەدەکرد خەلات نەکرێ، ئیتر شیعری بۆ تۆڵەسەندنەوە بەکارهێنا و بەرزترین ئاستی میرخاسی و خانەدانی خۆی بۆ سوککردنی رەشپێستێکی لچ کونی خەسیو خستەکار. کافوری خوسیو هێندە سوك و ریسوا بو تەنانەت مردنیش بێزی لەگیان کێشانی دەکردەوە "الا وفي يدة من نتنها عود. من كل رخو وكاء البطن منتفخ / لا في الرجال ولا النسوان معدود"[15].

ئەو نەریتە شیعرییەی لەسەر قەشمەری و سوکایەتی پێکردن و جنیودان بونیات نراوە، ناو وناوبانگی قوربانیەکانی لەکن لایەنگرانی شاعیر دەزڕێنێ، هەتا ئێستا لەکولتوری نوێی عەرەبدا بەشیعریشەوە بەزیندویتی ماوەتەوە[16]. ئەگەر بەرهەمەکانی نزار قەبانی شاعیری میللی عەرەب و کورەبازرگانی شام بەنمونە وەربگرین کەلەکۆتایی چلەکانی سەدەی بیستەم و لەگەڵ ڕێنیسانسی شیعر کە هاوزەمانی نوێخوازی دونیای عەرەبە، بەرهەم بلاودەکاتەوە ئەوا دەبینین لەزۆربەی هاونەوەکانی خۆی زیاتر هەوڵیداوە زمانی کلاسیکی شیعر زیندوبکاتەوە و لەزمانی عەرەبی رەشۆکی و زمانی نوسینی ناوچەی هیلالی خەسیب ( ئوردون و سوریا و عێراق دەگرێتەوە) نزیکی بخاتەوە [17]. قەبانی لەزۆربەی شاعیرە عەرەبەکانی دی جەماوەردارترەو بەردەوام هەوڵدەدا کاریگەری هەڵچون لەشیعرەکانیدا دەربکەوێتو زۆرجاریش لەرێگەی هەڵبژاردنی وشەورستەی کورت و کاریگەرەوە سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت.

نزار قەبانی ساڵ و نیوێك پێش داگیرکردنی کوێت قەسیدەیەکی داناوە بەناوی "ئەبوجەهل فلێت سترێت" دەکرێت. لێرەدا دەستەواژەی ئەبو جەهل گوزارشت لەسەردەمی جاهلییەت دەکات. سەردەمی جاهلییەت بۆ وەسفکردنی باری نیمچە دورگەی عەرەب لەپێش دەرکەوتنی ئیسلام بەکاردەهێنرێت. قەبانی لەقەسیدەی (بەدو) مەبەستی لەو کەسانەیە کە دزە بۆ کۆشکی پەکنگهام دەکەن و لەسەر نوێنی شاهانە دەخەون و وشترەکانیان بەو پاسەسورە جوانانەی لەندەن دەگۆڕنەوە کەیەك لەدوای یەك لەبەرچاو ونەدەبن. ئەم قەسیدەیە زمانێکی سانا، دەستەواژەی باو، وشەی ئینگلیزی تەعریب کراو و سوکایەتی کردن لەسەر شێوازی موتەنەبی پێکەوە

کۆدەکاتەوە، بـەڵام وێنـە شـیعرییەکان بـەردەوام شـێواو وەهەسـت بـزوێن بـون (لەیبوکـە بـەدۆکان کاتێك لەسـۆهۆ سـەمایان دەکـرد دامـێنی دزداشـە سـپییە شـۆڕەکانیان بـەخێرایی ئـەملاو ئـەولای دەکرد ـ وێنەکە تەنها بەپێنج وشە کێشراوە). چوار لاپـەرە لەرەخنـەیکی گاڵتـە ئـامێز و بەسـوێ لەدژی عەرەبی کەنداو، بەمشێوەیەی خوارەوە کۆتایی دێت:

ئەی تەویلْ ئەلعومر
ئەی ئەو کەسەی بەرەتڵ ژن دەکڕیت..
وبەرەتڵ خامە دەکڕیت..
هیچمان لەتۆ ناوێت
چۆنت پێخۆشە کەنیزەکانت بهێنە..
چۆنت پێخۆشە ملی دەستوپێوەندەکانت بقرتێنە
نەتەوە بەئاگر و ئاسن گەمارۆ بدە..
کەس سامانی تۆی ناوێت
کەس عەبای خەلافەتت لێ نادزێت
شەرابی نەوت تادوا دڵۆپ هەڵقوڕێنە..
بەڵام کولتورمان بۆ بەجێ بهێڵە.. [18]

شیعر شکلێکی هونەری شایسـتە و پێشکەوتوی هەیـە لـەلای عـەرەب، و پێگەیـەکی سـەرەکی لەکەلەپوری ئەدەبی کلاسیك داگیردەکات، لەپاڵ ئاینی ئیسلامدا تاکـە رایەڵەیـە بـەردەوام عـەرەب بـەرابردوی خۆیـەوە دەبەسـتێتەوە. سـەرەرای ململانێـی نێـوان عـەرەب کەچـی ئامـادەبونی ئـەم نەریتـە لـەحاڵی حـازردا ــ چ ئامـادەبونی ئـەدەبی بێـت یـا ئـاینی ــ بـوە بەبناغەیـەکی پتـەوی ناسنامەی عەرەب. وەڵامی ئەو پرسیارەی کەهەمو عەرەب بەدوایدا دەگەڕێت ـ من کێم ؟ ـ بـەرەو کەلەپور ـ ئیسلام ـ ئاراستەی وەرگرتوە یا لـەلای قـەبانی شۆڕشـێکە لـە دژی راسـتیەکانی واقیـع. قەبانی پێمان دەڵێت ؛ ئەو دەنوسێت "بۆ ئـەوەی شـتەکان بتەقێنێتـەوە"[19]. قـەبانی هەسـتێکی بریندار و تورەی شاعیرێکی سەرەتایی هاوچەرخی هەڵگرتوە کەمێژوو بەیاخی بونێکی بـەردەوام و نائومیدییەکی پـڕ بەسـوێ دەبـێنێ، بۆیـە بـەیاخی بـون دەسـتی بەنوسـینی شـیعر کـرد و وەك شۆرشگێڕێکی سەرپێچیکاریش درێژەی بەخەباتی خۆی دەدا. ئەمەش بریتییە لەدوپاتکردنـەوەی یەکێتی لەرێگەی رەتکردنـەوە و بـەهۆی تـانوت لێـدان و داشـۆرین و لێخوێنـدن و بەخراپـەگوتن. دەرئـەنجام زۆرجـاران لەوڵاتـە عەرەبیەکانـدا ئـەمجۆرە شـیعرە قەدەغـە کـراوەو شاعیرەکەیـشی

هانداوە هەڵوێستی ئازایانـەی ئاشکرا لەبـەردەم جـەماوەر وەربگـرێ بەتایبـەت لەسـەر مەسـەلەی ئازادی سێکسی و فرەژنی و داکۆکی کردن لەمافەکانی ژن.

لەلایـەکی دی نـزار قـەبانی تارادەیـەکی زۆر شـاعیرێکی دوانگەییـە (منـبری)، (دوانگـەیی هەمیشە لەلای عەرەب کاریگەری خۆی هەبوە)، وشـە و دەنـگ نـەك مانـا بەسـەر جەماوەرەکەیـدا دەبارێنێ و لەشکڵ و ئیقاع نەك لەفیکردا کەسێکی بەتواناو لێهاتوە. کاتێك ئەم خەسڵەتە گـەورە دەبێت، ئیتر دەبێتە لەنگییەکی بنەرەتی شاعیر و خڵتـەی نـەریتێکی کولتـوری ـ سیاسـی نـوێ کـە خودی شاعیر بەئاشکرا نوێنەرایەتی دەکات. بەمـشێوەیە قـەبانی دەبێتـە قوربـانی نـەریتی زمانـە تایبەتەکەیو ئاوێنەی کەسانێك کەتوانای لەبەرکردنی کەلەپوریان نیـە. بـۆ نمونـە قـەبانی خـۆی بەکەسـێکی شۆرشگێر دەزانێت، بـەڵام بـەرای مـن تـەنها جنێـو بەئاسمانـدا بڵاودەکاتـەوە و تـوڕە دەبێـت بـەبێ ئـەوەی هـۆی توڕەبونەکـەی بڵێت یـا پاسـاو یـا بەڵگـەی کولتـوری پێـشکەش بکـات. لەسـەردەمێکدا عـەرەب شـاعیرەکانی دەکـات بەخـەڵکانێکی سیاسـی بـۆ ئـەوەی بـەخۆیان و شیعرەکانیان تۆڵە لەجهانی دەرەوە بسەننـەوە، بەڵام قەبانی زۆر بەچاکی ئـەم مەبەسـتە دەپێکـێ، چـونکە کاتێـك لـەدژی سـعودییەکان دەنوسـێت، لەهـەمان کاتیـشدا لەرۆژنامـەکانیان بابـەت بڵاودەکاتەوە.

لەراسـتیدا چـیدی قـسەکانی بایـەخیان نـەماوە، چـونکە بابـەتی : زایـونیزم، ئیمپریـالیزم، مەسـەلەی فەلەسـتین و شـا و سـەرانی بودەڵـەی عـەرەب چـیدی بابـەتێکی فیعلـی نیـە. ئـەوەش بێزارییەکی هەمیشەیی ئەوتۆیە کەتەنانەت فیکری خودی شاعیریش نایشێوێنێ.

لەبەر ئەوەی کێشەی کولتوری لەوڵاتە عەرەبیەکاندا کەوتۆتە ژێر دەستی شـاعیرانی قـەبانی ئاساوە، بۆیە سەرگوزشتەی خەلیل، ئەو بۆگەنەی باسـی دەکـرد، پەرچـەکرداری فیریـاڵ بەرامبـەر بەوشـەکانی خـەلیل، وەسـفێکی تونـد و روون وئاشـکرای رووداوەکـان، پەرچـەکرداری شەخـسی مەبەسـت دیـاریکراوی فیریـاڵ و خـەلیل لەزۆربـەی شـیعری هاوچـەرخی عەرەبیـدا بـەدیناکرێت. بەدەگمەن ناوادارێك لەئەدەبی عەرەبیدا دەبینرێ ئەم ئەرکە لەئەستۆ بگرێت، چونکە تـەداعیاتی بینـایی (بـصری) ورد وبـەردەوام لـەلای شـاعیرێکی تـوڕەو یـاخی وەك قـەبانی بەپرۆژەیـەکی راسـتەقینەی شـیعر دانـانرێ. بـەڵام جنێـودان و شـێوەگەرێتی ( تنمیط ــ **Typification**) و دەمارگیری کوێرانە هەمیشە سازو ئامادەیە [20].

ناشیرینی شێوەگەرێتی بریتیە لەوەی هەمیشە نیوەی راستیەکان دەخاتە روو، قوربەسەریش لەوێدایـە هـەمو کەسـێك بەکاریـدەهێنێ. ئەمریکییـە سپیپێـستەکان لـەکاتی ئاژاوەکـەی لـۆس

ئەنجلۆس لەدژی ئەمریكییە كۆرییەكان ئەم شێوازەیان بەكاردەهێنا رێك وەك ئەوەی بەدرێژایی چەندین سەدە سپیپێستەكان لەدژی رەشپێستەكان بەكاریاندەهێنا. عەرەب و ئیسرائیلیەكان بەردەوام یەكتری پێتاوانبار دەكەن. لەراستیدا ئەوپەری ئاستی دەوڵەمەندی و هەژاری و شێوەی ژیانی زۆرێك لەعەرەبە تازە دەوڵەمەندە ئابروتكاوەكانی كەنداو بۆتە هۆی ئەوەی ببنەمایەی بێزاری.

لێرەدا هەوڵنادەم نكۆڵی لەبەشێكی ئەو بەڵگەنەویستە بكەم كە مانەوەی دیاردەیەك وەك خۆی راڤەدەكات. هیچ عەرەبێك بەخۆشمەوە حەز ناكات قسە لەسەر كارە ناشیرینەكانی وەك رەگەزپەرستی و دژایەتی كردنی سامییەت و گاڵتەكردن بەمیللەتانی دی بكات بەبەراورد لەگەڵ ئەو گرفتانەی دی كە جهان بەدەستییەوە دەناڵێنی، چونكە سەرقاڵبونە بەكاری لابەلا و لاوەكییەوە، بەڵام راستگۆیی رەوشتی عروبە ـ هەرچۆنێك لەمانای ئەم وشەیە وردبینەوە ـ و ئارەزوی بونیاتنانی كۆمەڵگەیەكی عەرەبی كە كەمترین توندوتیژی و زۆرترین لێبوردنی تیابێ لەسەنگی مەحەكە. ئەمرۆ هەروەك پەرچەكرداری زۆرینەی عەرەب لەدژی كردەوەكانی سەدام لەكوێت دەریدەخات جڵەوی ئەم دیاردەیە بەتەواوەتی لەدەست دەرچوە، بۆیە هەنوكە لەهەمو كەس زیاتر داوا لەعەرەب دەكرێ هەڵوێست لەدژی تەشەنەسەندنی رەگەزپەرستی وەربگرێت كەبەشێوەیەكی بەربڵاو لەناویاندا تەشەنەی سەندوە، كتومەت وەك ئەوەی لەسەر روناكبیرانی رەشپێست پێویستە پێشەنگی خەبات بكەن لەدژی دوژمنایەتی كردنی سامییەت لەنێو رەشپێستەكاندا[21].

بەعەقڵانی كردنی رەگەزپەرستی كوێرانەی روناكبیرە عەرەبە دەركەوتوەكانی وەك قەبانی، پاساو بۆ ئیرەییەكی تەسكبین دەهێنێتەوە تا لەكۆتایدا بەرەو خراپەیەكی گەورەتری دەبات. ئەو روناكبیرانە لەسەر دڵەراوكێی رابردو دەژین و وەك میكرۆبێكی پیس و لەناوبەر پەلاماری جەستەی سیاسی دەدەن، ئەویش كاتێك ئەو جەستەیە لەماوەی قەیرانەكاندا لەوپەری سستی و لاوازی بێت. قەوارەی ئەو لەئەستۆنانەی سەدام حوسەین لە 2 / ئاب / 1990 ختییە ئەستۆی كوێتیەكان بەراستی ترسناك بو، چونكە بەڵگەی داتەپینی شارستانیەكی دێرینە. مرۆڤ ئەم حاڵەتەی لەهەمو وڵاتە عەرەبیەكاندا دەبینی، دەتوانێ بەئاوەژویی لەهەڵوێست و رەفتاری كوێتیەكانیش ببینێ لەدوای رزگاربونیان بەرامبەر بەفەڵەستینیەكان، هەروەها لوبنانییەكان بەرامبەر بەسورییەكان و عەرەبی سوننە بەرامبەر بەعەرەبی شیعە و هتد. قەبانی لەكاتی داگیركردنی كویت دا پشتگیری لەكوێتیەكان دەكرد (بەپێچەوانەی زۆرێك لەروناكبیرانی عەرەب)،

بەڵام لێرەدا باس لەهەڵوێستی سیاسی ناکەم، چونکە لەبەشی دووەمی ئەم کتێبەدا دەگەڕێمەوە سەری.

هەڵوێستە سیاسییە جوامێرانەکەی قەبانی لەکاتی قەیرانی کوێتدا تیشکێکی گەورە دەخاتە سەر ئەو مەسەلەیەی هەنوکە جەختی لەسەر دەکەم : ڕاستی زمانەکەی ــ بەدیاریکراوی خەسڵەتی شێوازو جۆری ئەو وێنانەی بەدرێژایی ژیانی شارەزایی لێی هەبو ــ دواجار لەوڵاتە عەرەبیەکاندا خزمەتی بەهەڵایسانی ئاگری تەوژمی دەمارگیری و لەئەستۆنانی دەکرد. لەگەڵ جۆرەها نهێنی نامۆیی ترسێنەر کە عێراق لەداگیرکردنی کوێتدا زیندوی کردەوە، هەروەکو نمونەکەی قەبانی بەڵگەیە لەسەرئەوەی لەشوێنێکی هەستە شەبەنگییەکان خۆی شاردۆتەوە و تەنانەت پیاوێکی وەك قەبانیش لەکولتوردا نوێنەرایەتی دەکات.

لەلایەکی دی خەلیل یەکێك بو لەو عەرەبانەی کەنداو کە قەبانی لەسەری دەنوسین. خەلیل بەناوی کولتورو شیعرەوە قسەی لەگەڵ من نەدەکرد، بەڵکو وەك مرۆڤێکی ئاسایی هەست ناسك بەرامبەر وردەکارییە میکرۆسکۆبیەکان قسەیدەکرد کەرێڕەوی ژیان و هەستەکانی دیاریدەکەن. خەلیل چیرۆك و بەسەرهاتی ژیانی وەك خۆی دەگێڕایەوە و شێوازی گێڕانەوەکەیشی لەگەڵ هەستە تایبەتەکانی یەکیدەگرتەوە. خەلیل و فیریاڵ وەك یەك بەچڕی و بەقوڵی هەستیان بەدونیای دەوروبەریان دەکرد و بەهەستێکی قوڵ ئاوێتەی دونیا ببون. هەردوکیان هەم بۆنیان دەکرد و هەم بۆن کاری لێیان دەکرد و ڕەنگە سەبارەت بەو بۆنەش گلەییان لەیەکتر کردبێت، هەرچەندە ئەمە مەسەلەیەکی ترە، بەڵام بەلایەنی کەمەوە دەیانزانی چی گرنگە و چی گرنگ نیە.

بەڵام شاعیرانی قەبانی ئاسا بەمشێوەیە پەیوەندییان بەدونیای دەرەوە نەبو. ئەم پارچە شیعرە لەکاتی شەڕی کەنداودا بەناونیشانی ( دەبێ یارمەتی لەنیشتمان بخوازم ) نوسراوە :

خۆشەویستەکەم دەمەوێت بتبینم
بەڵام دەترسم هەستی نیشتمان بریندار بکەم
خۆشەویستەکەم حەز دەکەم هەمو شەوێك ستایشت بکەم
بەڵام دەترسم پەنجەرەکانی نیشتمان گوێبیستی وتەکانم بن
دەمەوێت بەشێوازی خۆم خۆشەویستی بکەم
بەڵام بەرامبەر بەغەم و خەفەتی نیشتمان
شەرم لەگەلحۆیی خۆم دەکەم [22]

ئـەم قەسـیدەیە بەتایبـەتی هەڵدەبـژێرم لەبـەر ئـەوەی بەرامبـەر بەکێشە هەنوکەییـەکان تەمومژی پێوە دیارە. ئەم قەسـیدەیە کاتیـك نوسـراوە کەشـەڕی کەنـداو لەئانوسـاتدا بـوە. مـرۆڤ لەسـەر نـاوەرۆکی ئـەم قەسـیدەیە نازانێـت قـەبانی لایـەنگری لەشـەڕ دەکـات یـا دژایـەتی دەکـات، چـونکە قەسـیدەکە بـارودۆخێکی گـشتی ڕەخنـە دەکـات، بـەبێ ئـەوەی بـاس لەوردەکارییـەکانی حاڵەتەکە بکات یا دەست نیشانی بکات. ئەم قەسیدەیە لەکاتی نوسینیدا گشت سنورو هۆکارەکانی دووبەرەکی و پارچەپارچەبونی عەرەبی پشت گوێ خستوە. نیـشتمانەکەی قـەبانی نیـشتمانێکی گشتی نەك هەستپێکراو. بانگ لە میزاج ولـە هەسـتی کڵۆڵی و دابـڕان و دڵـەراوکێ و داروخـان و دۆڕانێکی تەواو دەکات، چونکە لـەو کاتـەدا هـەمو ئـەو شـتانە بـاڵا دەسـت بـون. ئنجا ئـەو دەنگـە گەورە دەبێ تا دەبێتە دەنگی غەموکەسـەرە، کڵۆڵی و تەنانـەت ڤیزلێکـەرەوەش، تادواجـار شـاعیر دەگاتە ئەوەی ئـەم پرسـیارە بکـات : " ئایـا بـونی ئێمـەی عـەرەب درۆیـەکی گـەورە نیـە؟ وەڵامـی پرسیارەکەیـشی بەراشـکاوی بریتیـە لـە بـەڵێ. بۆچـی ئێمـە درۆیـەکی گەورەیـەن؟ لەبـەر ئـەوەی توشی ئەم تەنگژەیە بوین، تەنگژەی قەیرانی کەنداو.

لێرەدا من گرنگی بـەم دەرئەنجامـە نـادەم ئەوەنـدەی گرنگی بـەو ڕاستیە دەدەم کـە خـودی شـاعیر بـوار بەدرۆیـەك دەدا زاراوەی گوتارەکـانی بەسـەرا بـسەپێنێ، چـونکە شـاعیر نـەك هـەر تاوتوێکردنی درۆکـان ڕەتدەکاتـەوە، بـەڵکو لەڕاسـتیدا درۆکـان بەدۆسـێیەکی هونـەری دەوڵەمەنـد دەکات، هەروەها دەشتوانین بڵێین شاعیر درۆی لەژیاندا هەڵبژاردوە. هێندێك جار ژیـان لـەو ژنـە دەچـێت کـە لەقەسـیدەکەیدا خۆشـی دەوێـت و باوەشـی بـۆ دەگرێتـەوە، ئـەو ژنـەی نـەدەتوانێت بیبینێت یا هانای بۆ بەرێت یا لەگەڵیدا بخەوێت، چونکە ژنی قەسیدەکەی شاعیر ژنێکـە لەسـۆزو خوێنی خۆی دروست بوە. شتێکی دی هەیە پەرجو (معجزە) ئاسا هەمیشە بەسەر سەری شاعیردا دەسوڕێتەوە وپەلی دەگرێت و دەیشڵەژێنێت، ئەو شتەی پێی دەوترێت " نیشتمان" یـا نیـشتمانی عەرەب و شاعیر دەستی پێڕاناگات و دواتر بەڤێزەوە ناوی درۆی لێدەنێت. سـەرەرای ئـەوەی درۆ ـ سەرچاوەی دڵەراوکێی شاعیر لەوێدایە کـە نـاچارە بەدرۆبـژێت ـ لەهوشـیاریدا دەمێنێتـەوە، تاکـار دەگاتە ئەو حەقیقەتەی شاعیر نەتوانێت یا حەزنەکات خۆی لەدرۆ رزگار بکات، چـونکە درۆ بـوە بە بەشێك لەخودی شاعیر.

شاعیر ئارەزوو دەکات ئەو ژنەی لەقەسیدەکەیدا ئاخاوتنی لەتەکدا دەکات، بیبینێ، هانای بـۆ بەرێت و خوشەویستی لەگەڵدا بکات، بەڵام ئەوکارەی بۆ ناکرێت، بۆیـە بـەفیعلی لەقەسـیدەکەیدا دەناڵێنێت و دەڵێت : "خۆشەویستەکەم ئەم چـەرخە چـەرخی پەخـشانە نـەك چـەرخی شـیعر و خۆشەویـستی و هـەور و بـاران ... "، هـەروەها لـەعوروقی شـاعیردا ئـەم جهانـە هـەر لەئەزەلـەوە

جهانێکی بێ بۆنە، بەڵام کێشەی راستەقینە ئەوەیە جهان بۆنی خۆی هەیە و ئەم لێی رایکردوە، کەچی خەلیل و ئەبوحەیدەرو فیریال دەزانن هێندێك جار دونیا بۆنێکی ناخۆشی هەیە و وشەکانیشیان ـ کەپێی دەوترێ پەخشان ـ گرنگی ئەو بۆنەمان بۆ راڤەدەکات.

ئەو ژیانە راستەقینەیەی پیاوانی وەك خەلیل و ئەبوحەیدەر بەچاوی خۆیان بینیویانە و تیایە ژیاون و بەگۆشت و خوێنی خۆیان بەلا و کوێرەوەرییەکانیان تاقیکردۆتەوە، کەچی قەبانی ئەو ژیانە بەهەند وەرناگرێت بۆ ئەوەی ململانێی خۆی لەگەڵ بیرۆکەی نیشتمان یا زێد یا نەتەوەی عەرەب دەست پێبکاتەوە. بەڵام ئەو نیشتمانەی قسەی لەسەر دەکەین نیشتمانی کێیە ؟ ئایا نیشتمانی سەدام حوسەین یا نیشتمانی میری کوێت یا حافز ئەسەد یا حوسنی موبارەکە ؟ رەنگە قەبانی لەو بیرۆکەیە بتۆقێت کەیەکێك لەو کەسانەی سەرەوە نوێنەرایەتی نیشتمانەکەی بکەن. نیشتمانەکەی قەبانی عێراق و کویت و سوریا و میسر نیە، بەڵکو نیشتمانی قەبانی بیرۆکەیەکی رۆمانسی بێگیان و بێجوڵەیە و بەسەر سەری ئەو سەرکردە سیاسیانە دەسوڕێتەوە کە بەهەمو قورسایی و سوکییەکی خۆیانەوە حوکمرانی دەکەن. ئەم رۆمانسیەت و ئەوباسکردننە واقیعی مرۆڤ سەرچاوەی توندوتیژی شاعیرە بەرامبەر بەو ژنەی خۆشیدەوێت و لەکۆتاییشدا هەر ئەو توندوتیژییە خڵتە و گرفتی قەسیدەکەیەتی. لەئەنجامدا ئەگەر قەبانی هەمو ناشیرینی دەوروبەرەکەیشی رەتبکاتەوە، ئەوا دیسانەوە کێشەی خەلیل و ئەبوحەیدەر ناخاتە روو، بەڵکو لەپێناو درۆیەکی جوان و لەپێناوی ئەفسانە سرکەرەکەی نیشتمان لەگرنگی ژیان بەهەمو ناکۆکیە ترسناکەکانی و بەلا تراجیدییەکانی کەمدەکاتەوە.

گەشتی ژیانی قەبانی وەك شاعیرێك نەك هەر لەگەڵ ئەم قەسیدەیە هاوئاهەنگە، بەڵکو لەگەڵ ئەو قەسیدەیەش هاوئاهەنگە کەلەنیسانی 1991 نوسیویتی، بەڵام ئەمجارەیان راستەوخۆ بەزمانێکی پڕلەقەشمەری و زۆر دڵرەقانە هێرش دەباتە سەرخودی سەدام حوسەین. قەسیدەکەی نیسان لەژێر ناوی " لەپەراوێزی رۆژمێری شکست" دا نوسراوە و ئاماژەیەکی راستەوخۆیە بۆ قەسیدە ناودار و کاریگەرەکەی قەبانی کەلەدوای شەڕی 1967 لەژێر ناوی " لەپەراوێزی رۆژمێری نسکۆ"دا نوسیوێتی، بەڵام لەو کاتەوە روداوەکان خراپتر بوە، چونکە نسکۆ گۆڕاوە بەشکست، واتە لەنسکۆی 1967 ـ ەوە بۆ شکستی 1991، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا زۆر شتی دی بەتایبەتی شێوازی نوسین و بیرکردنەوەی عەرەب لەساڵی 1967 ەوە گۆڕانکاری بەسەرا نەهاتوە. ئەم دوو قەسیدەیە زەمەنی یەکتری دەگۆڕنەوە، بۆیە نوشستی و نائومێدی نەوەیەك لەم واقیعەدا پوخت دەبێتەوە.

www.dengekan.com

قـەبانی لەنیـسانی 1984 دا نامەیـەکی گرنگـی بـۆ سـەدام حوسـەین نوسـی و لـەگۆڤاری ( ئەلفبا ) ی عراقی بەدەستوخەتی خۆی بڵاوکرایەوە. شاعیری میللی بەناوبانگی عەرەبی بەرەگـەز سوری کەهیچ دەربەستێکی بەرامبەر ریژیمی عراق نەبوە، ئەم وشانەی نوسیوە:

" بەتێکشکاوی گەیشتمە بەغـدا ... سـەدام حوسـەین سـەرلەنوێ دروسـتی کردمـەوە ... لەبـەر خراپی کردەوەی عـەرەب بـەکافری گەیـشتمە بەغـدا ... سـەدام حوسـەین ئیمـانی بـۆ گێڕامـەوە ... هێوری کردمەوە ... بەمشێوەیە پڕ لەهیواو ئومێد و لەشساغی لەبەغدا دەگەڕێمەوە ... سوپاس بـۆ سەدام حوسەین کەرەنگی سەوزی بۆ چاوەکانم گێڕایەوە"[24].

رەنگـی سـەوز نیـشانەیە بـۆ رەنگـی ئیـسلام، بـەڵام ئـەم نامەیـە لـە25 / نیـسانی 1984 دا نوسراوە، واتە دوای ئەوەی شەڕی عراق ـ ئێران پێی نابوە چوارەمین ساڵییەوە، بۆیە شەڕی عراق ـ ئێران بەهۆی سەرەکی سەردانەکەی قەبانی دادەنرێ.

بەهەرحاڵ خەڵکی بیرورایان دەگۆڕن، ئەمەش بەلگەی ئازادییانە و هـیچ هەڵەیـەکی تیانیـە. پـێم وایـە ئەگـەر قـەبانی سـاڵی 1991 راسـتگۆ بوبێـت، ئـەوا سـاڵی 1984 و 1967 یـش هـەر راستگۆ بوە، بۆیە هەوڵنادەم خاڵە سوك و بێبـەهاكان تۆمـار بكـەم، بـەڵكو هەوڵدەدەم لـەو كێـشە گەورەیە تێبگەم کەدەڵێت ؛ سەرەرای ئەوەی هەمو شتێك دەگۆڕێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا شـتێك لـەخودی قەسـیدەکاندا بەنـەگۆڕی دەمێنێتـەوە و کێـشەکەش لێرەدایـە، واتـە کێـشە لەنـەگۆڕی کارەکەیە نەك لەهەڵوێستی سیاسی کەبەزۆری لەرۆژهەلاتی ناوەراست گۆڕانکاری بەسەرا دێت.

ئـازادی قـەبانی لەقـسەوتن بەدەسـتەڵات و سـکاڵاکردنی لـەداروخانی دونیاکـەی لـەتارمایی دەچێت. ئەو تارماییانـەش ئامادەگییـان لـەو وێنانـەدا هەیـە کەبەکاریـدەهێنی، نـەك لەسـەر ئـەو بیروراکانـەی لەگـەڵیا تەبایـە یـا رەتیاندەکاتـەوە. بیروڕاکـان بەشـێوەیەکی گـشتی وەك کاروبـاری سیاسی لەهەڵچون و داچونە، بـەڵام وێنـە مەجازییـەکان و کاریگـەرییان لەسـەر عـەقڵی خوێنـەر وەك خـۆی دەمێنێتـەوە. کەواتـە کێـشەکە لـەم شـێوازەیەدایە نـەك لەهەڵویـستی ئایـدۆلۆجیا. مەسەلەکە، مەسەلەی زمانە، چونکە نوسـین بـەو زمانـە دەلالـەت لەشـێوازی بیرکردنـەوە دەکات، ئنجـا لەسـەر شـێوازی خوێندنـەوە. مـرۆڤ واهەسـتدەکات شـیعرەکانی قـەبانی دوا هەناسـەیە بـۆ ئـەوەی لەرێگـەی هونـەرەوە ئـەو شـتە بەدەسـت بهێنێتـەوە کەلەسیاسـەت دا بەخوایـشتی خـۆی لەدەستی داوە، کەواتە بەپێی هەمان رێسای جێبەجێ کـردن (القاعدة الاجرائية) کـار دەکـات کـە خۆی لەسیاسەتدا رەتیدەکاتەوە. داوای ئازادی سێکسی و ئازادی ژن دەکات، بەڵام بۆ نمونـە شـەڕی پرەنـسیپەکانی نەریتـە باوەکـانی وەك شـەرف و ریـسوایی و پیـاوەتی و ترسـنۆکی ناکـات، بـەڵکو لـەجیاتی ئـەوە لەرێگـەی ئـەو پرەنـسیپانە و لەرێگـەی گەرانـەوە بـۆ رابـردو، ئـاوازو گـۆرانی،

رۆمانسیەت و رەتکردنەوە کاردەکات. لەساڵانی سییەکان و چلەکاندا لاوێکی وەك میشیل عەفلەق، دامەزرێنەری حزبی بەعسی عەرەبی ئەم شێوازەی بەکاردەهێنا. عەفلەق لۆجیکی لەسەر بنەمای عروبە رەتدەکردەوە و ئیدعای بۆ هێزی "ئیمان" و "خۆشەویستی" دەکرد. ئامانجی سیاسی قەسیدەی "دەبێ یارمەتی لەنیشتمان بخوازم" هەر چییەك، بێت ئەوا شێوازە رازاوە رۆمانسیەکەی هەمان شێوازی سەرەتایی بەعسیەکانە.

بەراستیش شیعرەکانی قەبانی لەبەخۆنازین و رەشبینی تراجیدیا کە لە دڵەراوکێیەکی قوڵەوە برەو پەیدا دەکات، جەماوەرێکی ناکامڵ و دەمدەمی و بروابەخۆ نەبو پەسەندی دەکەن. ئەو جەماوەرە بەرفراوانەی لەدوای دووەم جەنگی جهانیەوە تێکەڵ بەدونیای سیاسەت بوە، لەدەوری ئەم شێوازە خڕبۆتەوە. ئەم شیعرە، شیعرێك نیە لەپێناو جەماوەرێکی هاوچەرخی روناکبیری خاوەن کەسایەتی خۆی دانرابێت. هەروەها ئەم شیعرە بۆ ئەو ئۆروستۆکراتە پێشبرکێکار (ارستوقراطیات متنافسة) و چالاکانەش دانەنراوە کە چێژ و هەستێکی بەرزیان هەیە، بەڵکو لەراستیدا ئۆروستۆکراتی روناکبیری لەمجۆرە بەدەگمەن وەك هێزێکی یەکگرتو لەناوچەی رۆژهەڵاتدا دەبینرێ ( وڵاتە عەرەبیەکانی رۆژهەڵاتی میسر )، چونکە بەتەواوەتی گۆشەگیر کراوە یا لەتاراوگە پەرشوبڵاوبۆتەوە. ئەم پۆلە روناکبیرە لەئەنجامی یەکێتی نێوان ستەم و خێڵ و گەندەڵی بەتەواوەتی لەرۆژهەڵاتدا، سەربەخۆیی خۆی لەدەستداوە، ئەمە سەرەرای ئەوەی ئەمرۆ ژمارەی روناکبیرە عەرەبەکان لەجاران زیاتر بوە، بەڵام بەسەر وڵاتە عەرەبیەکاندا دابەشبون.

خەلیلی کوێتی لەمجۆرە عەرەبە بو، هەستی لەگەڵ شێوەگەرێتی گشتی عەرەبی کەنداو ناتەبا بو. شێوەگەرێتی بەشێکە لەهەستی روناکبیرە کۆسمۆپۆلیتەکانی عەرەب، ئەوانەی قەبانی ئاسا لەسەبەینێ دەروانن. شێوازی رۆمانسییەت یا شێوازی پاڵەوانێتی لەکولتوری عەرەبی هاوچەرخدا، وەك قەسیدەکانی قەبانی، هەوڵدانێکە بۆ یەکگرتنەوەی کولتوری فیکرو هەستی جەماوەر نەك لەگەڵ هەستی عەرەبێکی هاوچەرخی وەك خەلیل. بەڵام لەدوای ئەوەی شەری ناوخۆی لوبنان و شۆرشی ئێران و شەری عێراق ـ ئێران و شەری کەنداو، کێوێك لاشەی لێکەوتەوە، ئیتر رۆمانسیەت یا پاڵەوانێتی ساختە لەنیشتمانی عەرەب مۆدێلی بەسەرچو، چونکە تەنها میراتیەك لەئێشوئازار هەیە، بۆیە پێویستە بەزمان و شێوازێکی نوێ قسەی لەسەر بکرێ. کەواتە کاتێك روناکبیرانی قەبانی ئاسا فرمێسك لەسەر کۆچی شیعر لەنیشتمانی عەرەب

دەرێژن، خەڵکانی وەك خەلیل و ئەبوحەیدەر بەزمانی سەردەمی خۆیان قسەمان بۆ دەکەن و وشەکانیشیان دەکەن بەشێوەیەکی نوێ لەشیعر.

## خەلیل کێیە؟

خەلیل گەنجێکی کوێتی و خوێنەوارێکی باشە و بەزمانی عەرەبی و ئینگلیزی دەیخوێندەوە و کەسێکی خۆهەڵقورتێن (فضولي) و وردبین و کراوەبو. لەم رۆژگارەدا کەسێکی وەك ئەو بەزەحمەت لەنێو روناکبیرانی رۆژهەلاتدا دەبینرێ. کاتێك پێکەوە قسەمان دەکرد بەجوانی هەست ناسکی تیا بەدیدەکرا، لەماوەی داگیرکردنی کوێتیشدا هەستی ناسکتر ببو. بیرکارییەکی باشی دەزانی و هونەری بەمیراتی بۆ مابووە، بەلام پیشەی سەرافی (مصرفي) بو. لەکاتی داگیرکردندا لەهەمو وەختێك باشتر لەهێزوتوانای جەستەی خۆی تێگەیشتبو.

" لەچەند هەفتەی یەکەمی داگیرکردندا ( 15 ) کیلو گرام لەکێشم کەمیکرد. لەماوەی حەوت مانگی ژێردەستەیی هەستێکی زۆر بەهێز لەناخمدا کاریدەکرد. ئارەزوی سێکسیم دەیان کەرەت لەجاران زیادیکردبو. لە 26 / شوبات / 1991 دا، ئەو رۆژەی کوێت رزگار کرا، لەیەك کاتدا و بەبێ جیاوازی زۆر هەستم بەخۆشی، تورەبون، تۆڵەسەندنەوە، خەمۆکی، رقوکینە، روح سوکی و شادمانی دەکرد. پێم وایە ئەو هەستەی ئەو رۆژە لەگۆڕەپانی ئەلعەلەم هەستم پێی دەکرد جارێکی دی لەداهاتودا ئەو حاڵەتە نابینمەوە، بۆ ئەوەی چرکەساتی ئەو ئەزمونانە بژیم کە هەستەجیاوازەکانم بەچری گەشەی تیابکات. ئەو رۆژەی هەتا بمێنم لەیادم ناچێتەوە".

خالید ناسر ئەلسەباح ناوی راستەقینەی خەلیل بو. بەلام لەکاتی داگیرکردنی کوێتدا نازناوی خەلیلی بۆ خۆی دانابو، بۆیە ساختەی لەچەندین ناسنامەی کردبو تاکەس نەزانێت یەکێکە لەبنەماڵەی حوکمرانی کوێت. ئەگەر لەسەر ناوەکەی حوکمی بەسەرا بدەین، ئەوا خالید عەرەبێکی کەنداوی نمونەییە کەقەبانی شێوەی بۆ دیاریکردوە. لەکاتی داگیرکردنی کوێتدا هیچ شتێك ئەوەندەی کەسانی بنەماڵەی حوکمرانی کوێت لەلای ریژیمی بەعس بەهادار نەبو تا وەك بارمتەیەك لەلای خۆی بیهێڵێتەوە. خالید بەچەند رۆژێك لەدوای شالاوەکەی ئاب لەبەر ئەوەی ناوی خەلیل ناسر ـ ی هەڵگرتبو نەك خالید ناسر ئەلسەباح ژیانی رزگاری بو، هەروەك خۆی پێی وتم : " نەمدەویست شتێك نیشان بدەم پێی بناسرێمەوە ".

بەلام مەسەلەکە لەوەش گەورەترە. چونکە خالید لەکاتی خوێندنی زانکۆدا تێکۆشەرێکی سیاسی چەپرەو بو، هەروەها وەك زۆرێك لەهاونەوەکانم لەدوای 1967دا بەرامبەر رێکخراوەکانی رزگاریخوازی فەلەستین لەسەر بنەمای سۆزی رۆمانسیەت پێگەیشتبو. لەبەر ئەوە

گەلێك هاورێی دڵسۆز و خۆشەویستی فەڵەستینی هەبو، بۆیە کاتێك لەرۆژئاوا سەرقاڵی خوێندن بو بەو شێوەیەی دەساڵ پێش ئێستا من کارم دەکرد، بەمەبەستی هاوکاریکردنی فەلەستینەکان، کاری لەگەڵ ڕێکخراوەکانی قوتابیانی عەرەب دەکرد. کاتێك مرۆڤ بەئاشکرا رایدەگەیەنێت سەر بەبنەماڵەیەکی وەك بنەماڵەی ئەلسەباحە کاری لەوجۆرە ناکات.

ساڵی 1983 لەدوای بلاوبونەوەی کتێبی "کۆماری ترس" بەماوەیەکی کورت خالید / خەلیل کتێبێکی دەست کەوتبو. خەلیل لەدوای ئەوەی کتێبەکەی خوێندبووە بەناو برادەرەکانیدا دەستاو دەستی پێدەکرد. چونکە دەیزانی نوسەرەکەی خەڵکی عراقە و نازناوی سەمیر خەلیل ـ ی بۆ خۆی هەڵبژاردوە. لەو سەردەمەدا تەنها چەند کەسێك گرنگیان بەو کتێبە دەدا. کاتێك تانکەکانی ریژیمی عراق لە 2 / ئاب / 1990 شارەکەیانی داگیرکرد، ئیتر ئەویش وەك هەزاران کویتی دی لەوە تێگەیشت کە ژیانی لەسەر ئەوە راوەستاوە بەزووترین کات ناسنامەیەکی نوێی ساختە بۆ خۆی دروست بکات. ناسنامەی خالید بەئاسانی ئاشکرا دەبو، بۆیە پێویست بو شتێك لەناوەکەی بکات. " بەردەوام بیرم لەهەڵبژاردنی ناوێك دەکردەوە. حەزم لەناوی کۆن نەدەکرد تالەکۆتاییدا بریارمدا خەلیل بکەم بەناوی یەکەمم لەبەرئەوەی نەمدەتوانی ناوی سەمیر خەلیل بەکاربهێنم چونکە سەرنجی رادەکێشا و دەبووە مایەی گومان. سەبارەت بەخۆشم هەڵبژاردنی ئەو ناوەم بەنیشانەی نارەزایی دەزانی ". شانازی بەناوی خالیدەوە دەکەم و ئەو کارەش بەگەورەترین ستایش دەزانم کەئاراستەم بکرێ.

ئەو روناکبیرە عەرەبانەی بەنوسین و بەعاتیفە عەرەبی کەنداو لەبابەت خالید بەدەرەبەگ و کۆنەپەرست لەقەڵەم دەدەن، وڵاتانی کویت ئاساش بەکردەی ئیمپریالیزم دەزانن، هەر خۆیان بەرپرسیارن بەرامبەر بەبەرزکردنەوەی فەلەستین بۆ ئاستی قوربانییەکی ئەفسانەیی لەکولتوری عەرەبیدا. لەزەینی عەرەبدا، فەلەستینیەکان خەڵکانێکی ئاسایی نین، بەڵکو بون بەهێمای هەمو جۆرە مەینەتیەکی عەرەب، بۆیە مەینەتی هیچ عەرەبێکی دی ناگاتە ئاستی مەینەتی فەلەستینیەکان. بەمشێوەیە مەینەتی و ئێشوئازاری عراقی ـ کویتی و کورد لەئاستێکی نزمترە. دواتر لەشوێنێکی دی ئەم کتێبە دەگەڕێمەوە سەر هەلومەرجی خولقاندنی ئەمجۆرە ئەفسانەیە. لەدوای 2 / ئاب / 1990 و لەماوەی داگیرکردنی کوێتدا فەلەستینیەکانی ئوردون و کەناری رۆژئاوا بەرەفتارو بەکردەوە گوزارشتیان لەم ئەفسانەیە دەکرد و رزگاری خۆیان لەکەسێتی سەدام حوسەین دەبینییەوە، تەنانەت هێندێکیان لەکوێت بەمەبەستی رزگار بونیان هاوکاری ریژیمی عراقیان دەکرد. ئەم روداوە جۆرێکی نوێی لەئەستۆنان و دوژمنایەتی چەپەکراوی

لەدوای خۆی بەجێهێشت کەتائێستاش خەڵکانێکی زۆر بەتایبەتی خودی فەلەستینیەکان باجی ئەو رەفتارە دەدەن، باجی داهێنانی جۆرێکی نوێی شێوەگەرێتی ئەویش : فەلەستینی سیخور.

ژیانی راستەقینە هەمیشە ئاڵۆزە. خالید ناسر ئەلسەباح چیرۆکی شۆفێرێکی تەنکی ئاوی فەلەستینی بۆ گێرامەوە. ئەو شۆفێرەی خالید ناوەکەی نەدەزانی، بەلام لەدواقۆناغەکانی داگیرکردن و شەڕی کەنداودا، ژیانی رزگارکردبو :

" بێ ئاوییەکی لەرادەبەدەر هەبو. رۆیشتم کەمێك ئاوبهێنم، شۆفێری تانکی ئاوەکە فەلەستینی بو، پیاوێکی لەخواترس دیاربو، چونکە لەناکاو لەناوەراستی جادەکە کەوتە نوێژکردن. ئەم روداوە دوو هەفتە لەپێش رزگارکردنی کوێت رویدا. شۆفێرەکە پێی وتم :"تکایە هەر ئێستا بچۆ ژورەوە و مەیە دەرەوە". لێم پرسی بۆچی ئەم قسانە دەکەیت ؛ وتی : بیستومە سوپای عراق فرمانی دەستگیرکردنی لاوانی کوێتیان دەرکردوە و ئەو فرمانەش تۆ دەگرێتەوە. بەکەس نەڵێیت ئەم قسەیەم پێوتوی، بەلام دواتر بۆم دەرکەوت شۆفێرەکە راستی دەکرد، چونکە لە21 شوباتدا حەمودی هاورێمیان دەستگیرکرد".

هەروەکو لەبیرتانە خالید بەمەبەستی گەڕان بەدوای حەمودی هاورێی منالیدا سەردانی جادە ترسناکەکەی مەتلاعی کرد.

بەلام حەنان کچێکی فەلەستینی لەدایك بوی کوێت بو، هەر لەکوێتیش گەورە ببو. حەنان بەشێوەیەکی بەهێزتر یارمەتی و پشتگیری لەخالید دەکرد. لەسەرەتای شالاوەکەی سەدام حوسەیندا، کاتێك ترس باڵی بەسەر کوێتدا کێشابو حەنان بەردەوام سەرگوزشتەی ساڵی 1948 ی داپیرەی بو دەگێڕایەوە کە چۆن بەردەوام لەترسی هێزی هاغانا ـ سوپای نهێنی یەهود ـ دایکی حەنانی لەکۆڵ دەنا و بەسەر گردەکانی فەلەستیندا سەرەوخوار و سەرەو ژور دەبووە[25]. ئەو سەرگوزشتەیە ورەی بەرزدەکردەوە، بۆیە کاتێك خالیدی خۆشەویستی ویستی بزانێت کوێت بەجێ دەهێڵێت، یەکەم شت کەمێشکیدا گوزەریکرد : هەمو سوپای عراق ناتوانێت کوێتم پێ بەجێبهێڵێت. حەنانیش وەك خالید لەدەرەوەی هەمو شێوەگەرێتیەك بو. حەنان لەکاتی داگیرکردندا زیاتر هۆگری کوێت و خالید بو. " یەکەمجارە لەژیانمدا هەست دەکەم کوێت وڵاتی خۆمە، بۆیە لەرۆژانی یەکەمی داگیرکردنەوە عیشقێکی بێگەرد لەگەڵ ئەم خاکە دەکەم. خالید هەرگیز بیری لەوەنەدەکردەوە کوێت بەجێبهێڵێت. رۆژانە دەمبینی چۆن خالید دەگۆڕێت بەخەلیل. لەناخەوە لەگەڵ ئەم سەرزەمینە داگیرکراوەدا هەم هەستم بەئاوێتەبونێکی قوڵدەکرد و هەم خەلیلشم خوشدەویست، ئەو خۆشەویستییەی وایلێکردم هەمو شتێك بکەم".

خەلیل و حەنان لەسایەی داگیرکردندا بەشداریان لەهەمو شتێك دەكرد و ئەو دیوارانەشیان روخاند کەلەسەر نەزانی و گۆشەگیری هەڵچنرابو. حەنان پێی وتم :" سەرەرای ئەوەی چەندین ساڵە پێکەوە دەژین کەچی مایەی سەرسورمانە کوێتی و فەلەستینیەکانی نیشتەجێی کوێت یەکتری ناناسن. لەمەشدا راڤەکردنێکی بوێرانەم بۆ ئەو هەستەبەهێزە دۆزییەوە کەفەلەستینییەکانی تاراوگە لەدەوری یەکتر خڕدەکاتەوە، و دڵسۆز و وەفاداری " هاورەگەزەکانی" خۆیان دەبن، هەروەها ئەوەشم بۆ رونبووە کە کۆمەڵگەی کوێتی لەواقیعدا زۆر داخراوە. لەماوەی داگیرکردندا، کاتێك ژمارەی دانیشتوان بەهۆی رەوی بەکۆمەڵ بۆ دەرەوەی وڵات زۆر کەمبووە، سستی و کزی پەیوەندیکردن و بازرگانی پروپاگەندەش بارودۆخەکەی خراپتر کردبو.

خێزانەکەی حەنان لەتشرینی دوەمدا بۆ دواجار کوێتیان بەجێهێشت و کوێت وەك نیشتمانیی ئەو خێزانە نەمایەوە، بەڵام دەبوایە حەنان جارێکی دی بگەرێتەوە، هەروەها پێی وتم " دڵم لەکوێت بو. دەبوایە دەمامك بۆ خەلیل و خێزانەکەی بەرم تا لەگازی ژەهراوی خۆیان بپارێزن. چوار دەمامکم دەستکەوت، یەکێکیان بۆ خۆی و ئەوانی دی بۆ ئەحمەدی مامی و سارای پوری و عەبدولای برای خەلیل. دەمامکەکانم لەناو سندوقێکی سەهۆڵ لەگەڵ خواردنەکەم لەژێر جلەکانی خۆم شاردەوە، بۆیە کاتێك سەربازێکی عراقی داوای لەسەر نشینی پاسەکە کرد دابەزن و بەریز بۆ پشکنین بەپێوەراوەستن، ترسێکی زۆرم لێنیشت، بەڵام خۆشبەختانە خەڵکەکەیان بەوردی نەپشکنی ". حەنان خۆی توشی مەترسی گەورە دەکردەوەو بەتەنها بەناو ئوردون و باشوری کاولبوی عراق سەفەری دەکرد، و دەمامکەکانی گەیاندە کوێت." سەرەتا بەتەلەفون پەیوەندیم بەخەلیلەوە کرد. کاتێك گوێی لەدەنگم بو لەخۆشیدا توشی شاگەشگە بو. باوەری بەگەرانەوەم نەدەکرد، بەڵام هەروەك جاران بەجیفرە قسەی خۆمان کرد. کاتێك لە 31 / کانونی یەکەم / 1990 بۆ دواجار بینیم گوڵێکی پێشکەش کردم کەبەدرێژایی رێگەی گەرانەوەم بەدەستمەوە بو. تائێستاش ئەو گوڵەم لەدوتوێی کتێبێکدا هەڵگرتوە".

لەدوای رزگاربونی کوێت پەیوەندی نێوان خالید و حەنان وەك خۆی نەمایەوە، چونکە هەردوکیان لەکاتی داگیرکردن و لەدوای داگیرکردن بەردەوام دەگۆران و لەسەر ئەو گۆرانەش گلەییان لەیەکتری دەکرد. تورەیی و بێزاری خالید بەرامبەر بەفەلەستینیەکانی نیشتەجێی کوێت تادەهات زیاتر دەبو، چونکە هەستی دەکرد فەلەستینیەکان لەرۆژانی تەنگانەدا خیانەتیان لەکوێتیەکان کردوە و پشتگیریان لەعراق کردوە، تەنانەت تێگەیشتوترین کوێتی پێی وابو، ئیتر فەلەستینی بون رۆمانسیەتی خۆی لەدەست داوە. لەمرووە تورەیی و بێزاری خەلیل بەرامبەر

فەلەستینیەکان زۆر زیاتربو لەو عراقیانەی ولاتەکەیان داگیرکردبو. بۆ نمونە لەوکاتەی پاشماوەی فەلەستینیەکانیان بەشێوەیەکی تراجیدی لەکوێت دەردەکرد زۆر بەسۆز و میهرەبانی قسەی لەسەر ئەبوحەیدەر دەکرد، ( ئەبوحەیدەر هەر کەسێك بێت )، چونکە هێندێکیان هاوکاری سوپای عراقیان کردبو، حەنانیش لەلای خۆیەوە سەرلەنوێ هەستی بەفەلەستینی بونی خۆی دەکرد و گەیشتە ئەو ئەنجامەی کەدەوڵەتی دوارۆژی فەلەستین نیشتمانی راستەقینەیەتی.

" کوێتیەکان بەرزگاربونی ولاتەکەیان رەفتاری ناشیرین و دزێوییان بەرامبەر بەفەلەستینیەکان کرد، بۆیە هەستم دەکرد سەرگوزشتەی ئەو خەلیلەی بۆ یەکەمجار لەهاوینی 1991 پەیوەندی پێوەکردم خەریکە دەگاتە کۆتایی. چونکە کەسێکم دەبینی بریاری لەسەر تۆڵەسەندنەوەداوە نەك خۆشەویستی. لەبەرئەوە گەیشتمە ئەو باوەرەی خالید ئەو خەلیلەی کوشتوە کەبەراستی خۆشم دەویست، ئیتر ئەم باوەرەم راست بێت یا هەڵە".

حەنان و خالید/ خەلیل لەئەنجامی کردەوەکانی سەدام حوسەین لەکوێت. بەشێوازی جۆراوجۆر کەسایەتی خۆیان ناسی و زۆر بەقورسی و توندی ئەو زانیاری و تێگەیشتنەیان بەدەست هێنا و ئێشوئازاری زۆریشیان بەدەستیەوە چێشت. بەهەرحاڵ، ئەو زانیاری و تێگەیشتنە سەرلەنوێ کەسایەتی دروست کردنەوە.

خالید نەك خەلیل، لەدوای رزگارکردنی کوێت لەیەکەم سەفەری بۆ دەرەوەی ولات لەلەندەن منەی منی دەکرد. لەرۆژێکی گەرمدا بەدرێژایی چەندین کاتژمێر پێکەوەقسەمان کرد. لەدوای ئەوەی لەقسەکانمان بوینەوە داوای لێکردم کتێبێکی " کۆماری ترس " ی پێشکەش بکەم. ئەم چەند وشەیەم بەعەرەبی لەسەر کتێبەکە نوسی :" لەخەلیلەوە بۆ خەلیلیکی دی، لەکەنعان مەکییە ـ وە بۆ خالید ناسر ". کاتێك بەرەو دەرگاکە دەچوین شڵەژان و بێتاقەتی پێوە دیاربو. لەبەردەم دەرگاکە راوەستا و لێی پرسیم ؛ ئەگەر لاریم نەبێت خزمەتێکی چکۆلانەی بێبەهای بکەم. بەدڵنیاییەوە وەڵامم دایەوە : "بێگومان لاریم نیە". خالید لێی پرسیم ئەگەر لاریت نەبێت ناوی "ئەلسەباح" یش بخەیتە پاڵ ناوەکەم.

یەکسەر تێگەیشتم هەڵەیەکی گەورەم کردوە و بەشپرزەیی بۆ قەڵەم دەگەرام، بەلام ئەو قەڵەمەم نەدۆزییەوە کە بۆ پێشکەشکردنی کتێبەکە بەکارمهێنابو، سەرەرای شپرزەیی کەچی خالید سوربو لەسەر ئەوەی هەمان قەڵەم بۆ زیادکردنی ناوەکەی بەکاربهێنم تاپێشکەشکردنەکە بەیەك قەڵەم بنوسرێت. چونکە قوربانی بەکەسێك داوە کە جارێکی دی هەرگیز ناسنامەکەی ناشارێتەوە. لەدوای گەرانێکی پرلەشپرزەی و بیرکردنەوە لەناوەرۆکی روداوەکە قەڵەمەکەشم دۆزییەوە. و هەڵەیەك چاککرایەوەکە سەرلەنوێ روناداتەوە. بەلام پرسیارێکی جارزکار هەر

دەمێنێتەوە : کاتێك بەناهوشیاری هەوڵمدەدا ناوی ئەلسەباح نەخەمە پاڵ ناوی خالید دەمویست چ پەیوەندییەك بپچڕێنم ؟

## 2 ـ ئەبوحەیدەر

## راپەڕینی نەجەف

ئەبو حەیدەر کێیە؟ ئەبو حەیدەر سەربازێکی سوپای عـراق بـو، بەشـێوەیەکی کـاتی لـەماڵی خـەلیل بارگـەی خـستبو. حەیـدەر لـەزمانی عەرەبیـدا مانـای " شـێر " دەگەیـەنێت، ئـەم نـاوە پەیوەندی بەکەلەپوری ئیسلام و عەلی کوری ئەبو تالیب، چوارەم خەلیفـەی ئیـسلام و پـسمامی پێغمبـەرو ئیمـامی ئـەهلی شـیعەوە هەیـە. بەمـشێوەیە دەردەکـەوێت ئەبوحەیـدەر موسـڵمانێکی شیعەی عـراقە.

ئەم پیاوە لە 17 / کانونی یەکەم / 1991 هەستی خۆی لەسـەر دیـواری ژوری نوسـتنەکەی خـەلیل نوسـیوە. هەسـت بـەتاوانکردن ( یاهەسـت بەریـسوایی کـردن ؟ ) کەسـێکی دی هانـداوە کەرەنگـە ئـەو کەسـەش هـەر خـودی ئـەبو حەیـدەر بوبێـت لەسـەر پـشتی وێنەیـەکی فۆتـۆگرافی خوشکەکەی خەلیل ئەم وشانە بنوسێت :"خوشکی کوێتی ئازیز، تکایە لـە کردەوەکانمـان ببـورە". ماڵەکـەی خـەلیل لـەدوای ئـەوەی خـەڵکانی ئـەبو حەیـدەر ئاسـا بـۆ مـاوەی ( 154 ) ڕۆژ تیایـە ژیابون، بۆنێکی ناخۆشـی گرتبـو لەبـەر ئـەوەی داگیرکـردن بۆگـەن بلاودەکاتـەوە، بـەڵام وادیـاربو ئەبوحەیدەر ئەو بۆنەی پێ خۆش نەبوە.

ئەبو حەیدەریش وەك خەلیل لەکاتی داگیرکردنـدا گۆڕابـو. چـونکە بڕیـاری لەسـەر ڕاسـت و چـەوتی شـتەکان دەدا. ئـەبو حەیـدەری شـیعەی عـراق، ئازایـەتی ئـەوەی تیـابو لەسـەر دیـواری خانوەکەی خەلیل و پشتی وێنەی خۆشکەکەی خەلیل هەستی خۆی دەربڕێت.

لەوانەیـە ئـەبو حەیـدەریش وەك هـەر عـەرەبێکی دی لەسـەر هـەمان شـێوەگەرێتی گەشـەی کردبێت کەعەرەبی کەنداو بەخەڵکانێکی بۆگەن دادەنێت و وەچەکانیشیان بەدەستبلاوی بێکەڵك ، هەروەها لـەو گێلەفـەرمانرەوا دەشـتەکییانەش تورەبـوە کـە زۆربـەی کاتیـان بەهاتوچـۆی نێـوان گازینۆ و ژوری نوستن لەگەڵ ژنـە عەرەبـەکانی هیلالـی خەسـیب بەسـەر دەبـەن، ئەوانـەی خـۆی ئاسا شارستانییەکی بەرزیان هەیە. بـەڵام ئەگـەر بـۆ چرکەسـاتێکیش بێـت ڕێـزی لـەخۆی گرتـوە وبەسەر دەمارگیری کوێرانەیدا زاڵبوە و ڕاستگۆیانە ڕوبەڕوی ڕەفتارەکانی خۆی بۆتەوە.

ئێمە زۆر شـت لەسـەر ئەبوحەیـدەر دەزانـین، بـەڵام نـازانین ڕوخـساری چـۆنە یـا لەڕاسـتیدا ئەبو حەیدەر کێیە.

کاتێك خەلیل ڕۆژێك لەدوای " یاری شەرە قەل " مەکەی هێزی هاوپەیمانان لە 25 / شـوبات / 1991 گەیشتە جادەی مـەتلاع، لەپاسـێکی بـچوکی دزراودا، لـەناو بەسـتەیەك وەرەقـەی نیـوە

سوتاودا دەفتەرێکی یادەوەری ئەفسەرێکی پۆلیسی عراقی دۆزییەوە. دوا وشەی ئەو یادەوەرییە لەنیوە شەوی 21 / شوبات / 1991 دا نوسرابو. نوسەری یادەوەرییەکە یا شیعەیەکی بەعسی بو کەبەروکەش لایەنگیری لەریژیم دەکرد یا بەئەسڵ خەڵکی هۆرەکانی باشوری عراق بو، لەپاڵ نوسینی چەند پارچە شیعرێك لەسەر زێدی باوباپیرانی، وەزیفەی خۆیشی لەکوێت دیاری کردبو، لەگەڵ چەند بابەتێکی رۆتینی رۆژانە و یادەوەری خۆشەویستییەکی مەزنی بەئاوات نەگەیشتو. " ساڵی 1989 لەبەر چەند هۆیەك کە ناشێت لێرەدا باس بکرێت بەیەکجارەکی پەیوەندیم لەگەڵ پچراند "، بەڵام تەنها نوسینی چەند وشەیەك لەدەفتەری یادەوەرییەکانیدا بەڵگەیە لەسەرئەوەی تاکو ئێستاش ئەو کەسەی خۆشدەوێت.

ناوچەی هۆرەکان، شوێنی لەدایك بون و گەورەبونی ئەفسەرەکە، سێ گۆشەیەك لەنێوان بەسرەو عیمارە و ناسریە دروستدەکات. عەرەبی هۆڕەکان لەنەوەی سۆمەرییە دێرینەکانن و یەکێکن لەکۆنترین گەلانی جهان و مانەوەیان تارادەیەکی زۆر بۆ بێهاوتایی شێوازی ژیانیان دەگەڕێتەوە، چونکە رەگوریشەیان لەژینگەیەکی تایبەت بەزۆلکاوەکان سەرچاوەدەگرێ - زۆلکاوەکان ناوچەیەکی بەرفراوانە لەهۆرو دورگە و قامیشەلان وحکومەتی عراق بەبیانوی "هۆی ئەمنی" [1] هۆڕەکانی وشك کرد. ئەم پرۆسەیە زۆربەنهێنی ئەنجام درا، بەڵام بەڵگەنامەکان ئاماژە دەکەن بەوەی لەساڵی 1989 ـ ەوە درێژەی هەیە.

هۆنراوە خەمۆکییەکانی سەردەفتەری یادەوەری ئەفسەرە پۆلیسەکە نوقمی وەبیرهێنانەوەی ئەو جهانە بێهاوتا و وەختەنایابانەبو کەبەگەنجێتی لەگەڵ براکەی بەماسیگرتنەوە بەسەریان بردبو. ئەو فەریکە شاعیرە هەروەك خۆی دەڵێت شەڕی کوێتی کردوە و رەنگە لەکاتی ئەنجامدانی ئەرکەکانی سەرشانیشی خەڵکی لەبەرگری کوێت کوشت بێت. ناو وناونیشانی لەسەر دەفتەری یادەوەرییەکانی تۆمارکردبو. ئەو ئەفسەرە ئەبو حەیدەر نەبو، بەڵام رەنگە وەك ئەبوحەیدەر گیانی لەدەست دابێت.

ئەو نیوە جەستەیەی خەلیل لەمەتلاع بینی، بەسەر دەموچاویدا کەوتبو، هەردوو باسکی لەسەر پشتە سەری گرێدابو، هەردوو مشتیشی ئەوەندە توند نوقاندبو وەك ئەوەی ویستبێتی جادە قیرەکە هەڵکەنێت، ئایا هەر ئەوەندەلەو ئەفسەرە - شاعیرەی مابووە کە دەفتەری یادەوەرییەکەی لێبەجێمابو ؟ ئەگەر راست بێت خەلیل خودی خالید ناسر ئەلسەباح بێت، دەشێت ئەو پارچە خەڵوزە رەشەی سەر جادەی مەتلاعیش، ئەبو حەیدەر بێت، ئەو کەسەی

www.dengekan.com

لەسەر دیواری ژوری میوانەکەی خەلیل نوسیبوی :"خۆزگە دایکم منی نەبوایە بۆ ئەوەی ئێشوئازاری ئەم دونیایە بەچاوی خۆم نەبینم".

گریمان ئەبو حەیدەر لە"یاری شەرەفەل"ە کەی سەرجادەی مەتلاع رزگاری بوە. وەك هەزاران سەربازی برسی و ماندوی عراقی دی گەیشتۆتە شاری بەسرەی باشوری عراق. ئەبوحەیدەر شەڕی کوێتی پێخۆش نەبو. ئەفسەرێکی عراقی بەدەم گریانەوە دەیوت :"چەندین کاتژمێر چاوەروانی هاتنی سوپای ئەمریکا بوین". سەربازێکی دی لەبەسرە دەیوت :" ئەوەندە بەزیندویێتی بمێنمەوە تاروبەرو سەربازی ئەمریکی بەچاوی خۆم دەبینم، ئنجا دەزانم جارێکی دی خێزانەکەم دەبینمەوە" پاشان نێوچەوانی گرژکردو قسەکانی بۆ تەواو نەکرا [2].

لەنێو بەرداشی سروشت و هێزی سەربازی هاوپەیمانەکان، پیاوانی بێچارە و ماندوی ئەبوحەیدەر ئاسا بەخۆیان و سەیارە دزراو تانك و زرێپۆشەکانیان رژانە نێو شارێکی وێرانەوە. پیرێژنێکی خەڵکی بەسرە بۆی گێڕامەوە کەسەربازەکانی دراوسێیان بەپێی پەتی و بەبێ چەك و تەقەمەنی لەکوێتەوە رایاندەکرد"

حەبیب لاوێکی عراقیە و لەسەرکردایەتی بەعسەوە نزیك بو، یەکێك لەخزمەکانی عیزەت دوری کەئەندامێکی پایەبڵندی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش بوە، پێی راگەیاندوە :"زۆرێك لەئەفسەرو سەربازەکان لەدوای ئاگربەست لەکوێتەوە بەدەرپێی کورت گەڕانەوە و هەمونیشانەو جلێکی سەربازیشیان لەبەر داکەندبو تاوەك خەڵکانی ئاسایی بەدیاربکەون، چونکە شەرمیان لەسەربازبونی خۆیان دەکردەوە، هەروەها زۆربەیان بە درێژایی پێنج رۆژ بەپێ لەکوێت و بەسرەوە گەیشتنە بەغدا"[3]. هەرخودی ئەو سەربازانە شۆرشێکی گەورەیان لەسەرتاپای عراق هەڵایساند کە بەراپەڕین دەناسرێتەوە.

## یەکەم پزیسك

ئەوپزیسکەی راپەڕینی لێکەوتەوە لەشاری بەسرەی شیعە مەزهەبەوە دەستی پێکرد کە گەورەترین شاری باشوری عراقە. لەکاتی راگەیاندنی ئاگر بەستی شەڕی کەنداودا، لەکاتژمێری پێنجی پاش نیوەرۆی 28 / شوبات / 1991 دا راپەڕین دەستی پێکرد. رستێك لەتانکە راکردوەکانی کوێت گەیشتنە گۆڕەپانی سەعد، گۆڕەپانێکی لاکێشەیی گەورەی دیارە و دەکەوێتە ناوجەرگەی شاری بەسرەوە. وێنەیەکی زەبەلاحی سەدام حوسەین بەجلی سەربازییەوە لەتەنیشت بینای سەرکردایەتی حزبی بەعس دروستکرابو.سەرکردەی رستەکە لەسەر یەکێك لەتانکەکان بەرامبەر بەوێنەکە راوەستاو بەزمانێکی تیژ دیکتاتۆری عراقی بەم وشانە تاوانبار

دەکرد "سەدام حوسەین بەگەوجی، نەزانی و رەفتاری سەرەڕۆیانەت، شکستمان خوارد، وسوك و ریسوا و سەرشۆڕیش بوین"[4].

بەئاپورەبەستنی خەڵکی کەشێکی زۆر نائارام دروست بو، پاشان فەرماندەی رستەکە خۆیکرد بەناوتانکەکەدا و لولەی تانکەکەی ئاراستەی پەیکەرەکەی سەرۆك کرد و چەند گوللە تۆپێکی پێوەنا و ئاپورەی خەڵکەکەش وروژا و دەستیان کرد بە هورا کێشان : "سەدام کۆتایی هات، سوپا لەناوچو". تانك و سەربازەکانی دی سەرگۆرەپانەکە بەشداریان نەدەکرد و لەواقیعدا هەر زوو چونەریزی ئەو خۆپێشاندانەی تادەهات گەورەتر و فراوانتر دەبو. " هەمویان تەقەیان دەکرد بەئاسماندا ". عەبدولا بەدرانی، بیست و چوارساڵەی کوێتی بەبارمتەگیراو، وەك شاهیدێك ئەو روداوە دەگێڕێتەوە.[5] ئەو دەستانەی تامەزرۆی چەك هەڵگرتن بون تفەنگیان بەسەرا دابەشکرا و بەتوڕەیی بەرەو نێوەندی سەرکردایەتی حزبی بەعس کەوتنەڕێ و بارەگای حاکمی بەسرەیان سوتاند و پەلاماری بنکەی پۆلیسیان دا و دائیرەی ئەمنیان بەتالان برد و هەمو فایلەکانیشیان لەناوبرد و راپەڕین وەك ئاگری بن کا تەشەنەی دەسەند. لەدوای یەکەم تەقەی گۆڕەپانی سەعد بەچەند کاتژمێرێك خەڵکی مەدەنی و ئەو سەربازانەی لەکوێت گەڕابونەوە مەتەریزیان لەسەر رێگەوبانەکان دروستکرد وشارەکەیان کۆنترۆڵ کرد. چرکە ساتێکی شۆڕشگێرانەی کلاسیکی بو.

کاتێك نەیاری دێرینی ریژیمی عراق محەمەد بەحر ئەلعلوم ( محمد بحر العلوم )، لە 7 / ئازار / 1991 دا لەزانکۆی هارفۆرد قسەی دەکرد، گوێبیستی هێندێك وردەکاری ئەو بەسەرهاتە بوم. وشەکانی وروژاندمی و داوای وردەکاری زیاترم لێکرد، هەروەها ئەو پەنابەرانەی بۆ ئێران رایانکردبو بەشێوازی جیاواز هەمان بەسەرهاتیان دەگێڕایەوە یا بەشێوەیەکی ناراستەخۆ لەزاری خەڵکانی شارەکانی دی عراق دوبارە دەکرایەوە، بەلام ئەوەی رویدا وێنەیەکی تەواوی راپەڕین بو.

بەڵام ئایا ئەوە راست بو ؟ لەهاوینی 1991، بەمەبەستی زانیاری زیاتر لەسەر روداوەکانی چەند کاتژمێری یەکەمی بەسرە، بەدوای شاهیدێکدا دەگەڕام و هەوڵمدەدا روداوەکان هەر لەیەکەم پزیسکی گۆڕەپانی سەعد ـ دوە تا ئەو ئاگرە گەورەیەی باشور و باکوری عراقی گرتەوە ریزبەندی بکەم، بەڵام دواتر ئەستەمی ئەو کارەم بۆ دەرکەوت. چونکە تەنانەت نەمتوانی ناوی ئەو فەرماندەیەش بزانم کەچوە سەر تانکەکە تەقەی لەوێنەکەی سەدام حوسەین کرد. هەروەها نەمتوانی ئەوەش بسەلمێنم ئایا لەدوای دامرکاندنەوەی راپەڕین ئەو فەرماندەیە رزگاری بوە یا

نا، بەڵام بەراستی پیاوێکی لەوجۆرە هەبوە. روداوەکانی چەند کاتژمێری یەکەمی 28 / شوبات / 1991 شاری بەسرە بەفیعلی بوە ئەفسانەی عراق.

پێم باشە بڕوابهێنم بەوەی ئەو پیاوە ئەبو حەیدەر بوە، ئەو کەسەی لەسەر دیواری ماڵەکەی خەلیل هەستی خۆی دەربری، بەڵام لەراستیدا نازانم.

هەواڵی روداوەکەی گۆڕەپانی سەعد گەیشتە کوردستان و وڵاتانی ئێران، سوریا و لەندەنیش پێیان زانی. بەڵام پێش ئەوەی بگاتە شوێنە دورەکان ئاگری لەهەمو شارەکانی باشور هەڵایساند. کەسایەتی شاری ناسرییە،" کازم ئەلرەیسان" بۆی گێڕامەوە ؛ بەچاوی خۆی چواردەکەسی بینیوە لەچەکە سوکەکانی سوپای عراقیان لەشان بوە، و لەناوچەی هۆڕەکانەوە بەرەو ناوجەرگەی شاردەرۆیشتن[6]. بەڵام کاتێك شار دەستەڵاتی حکومەتی تیا نەما بە "اللەاکبر" خۆیان کردبەناوشارا و لەماوەیەکی کورتدا بەسەدان کەس پەیوەندی پێوەکردن.

نزار خەزرەجی، سەرەك ئەرکانی پێشوی سوپای عراق، لەکاتی گەڕانەوەی بۆ بەغدا لەگەڵ 60 ـ 70 کەسی دی لەبینایەکی حکومی چواردەوریان گیرا و لەدوای شەرێکی قورس سەرجەم پاسەوانەکانی خەزرەجی کوژران و خۆیشی بەبریندراری کەوتە دەست شۆڕشگێرەکان و بەپەلە بۆ یەکێك لەنەخۆشخانەکانی ناوچەکە گواستیانەوە. دەمویست بزانم بۆچی خەزرەجیان نەکوشتوە، ئەمە لەکاتێکدا خەڵکانێکان دەست بەجێ دەکوشت کە بایەخێکی ئەوتۆیان لەلای ریژیم نەبو، تەنانەت کەسێکی وەك ئەلرەیسان ـ یش کەبەشداری لەراپەڕین کردبو هۆیەکەی نەدەزانی. بەهەرحاڵ لەدوای چەند رۆژێك کۆپتەرێکی حکومەت کەهێزی کۆماندۆی عراقی دەگواستەوە لەدەستی شۆرشگێرکانی رفاند.

پێم وایە ئەلرەیسان ـ یش وەك ئەبو حەیدەر پیاوێکی ئایدۆلۆجیست و رەگەزپەرست و خێڵەکی نەبو. ئەلرەیسان لەرۆژانی یەکەمی راپەڕیندا پاریزگاری لەنەعیم حەداد ( نعیم حداد )، ئەندامی پێشوی سەرکردایەتی بەعس و سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی عراق دەکرد بۆ ئەوەی نەکەوێتە دەست ئەو گەنجە شۆڕشگێرە تورانەی بەزەحمەت جڵەو دەکرێن. کاتێك حەداد و خێزانەکەی لەماڵی ئەلرەیسان خۆیان حەشاردابو، ئەویش لەسەرجادەکان شەڕی بەعسیەکانی دەکرد و هەوڵی دەدا جۆرە نەزمێکی ئیداری بۆ شارەکەی دابین بکات و لەحەتمیەتی تۆڵەی ریژیم دوری بخاتەوە. هەرچەندە هەوڵیدەدا دانوستان لەگەڵ خێڵە شیعەدراوسێکانی بکات بۆ ئەوەی بەشداری لەراپەڕین بکەن، بەڵام سەرچڵی رەتدەکردەوە و دەیویست بزانێت روداوەکان بەکوێ دەگەن. زۆرێك لەعەرەبی سوننە بەشداریان لەراپەڕین کرد، کەچی لەکۆتاییدا خۆی و خێزان و کەسوکارەکەی بەرەو سعودییە رایانکرد و لەئۆردوگای پەنابەرانی رەفحا نیشتەجێ بون،

ئەو ئۆردوگایەی لە 10٪ زیاتر سوننە مەزهەبە. لێم پرسی بۆچی وەك كەسایەتییەكی شیعەی ناوداری ناسرییە بۆ سعودیە رایكردوە، بەڵام دەیتوانی زۆر بەسانایی بگاتە ئێران. " لەئێران چ بكەم ؟ نەزمانەكەیان دەزانم و نەدۆست و ناسیاوم لەئێران هەیە، راستە ئێران وڵاتێكی موسڵمانە، بەڵام ماوەی هەشت ساڵ شەڕی ئێرانمان كردوە".

فاتیمەی لەخواترسی تەمەن چڵ ساڵە ساتەكانی راپەڕینی بەچاوانی خۆی دیوە. سەماوە روبەڕوی روباری فوراتە و نزیكەی سی میل لەرۆژئاوای ناسرییەوە دورە. فاتیمە ساڵی 1975 مێردی كردوە و لەساڵی 1980 یشەوە عەباسی مێردی نەدیوە، چونكە بەبیانوی " ئێرانی رەگەز " ییەوە لەعێراق دەركراوە [7]. لەراستیدا عەباس كۆمۆنیست بو، چەندین ساڵ لەگرتوخانەی نوگرە سەلمان زیندانی بوە كەناو دارترین گرتوخانەی عێراقە و بریتیە لەچاڵێكی رەش لەبیابانی سەر سنوری عێراق ـ سعودی، ئەو زیندانەی لەوانەیە دەیان هەزار كوردی ئەنفالكراوی تیانێژرابێت[8]. كاتێك لەسەرەتای راپەڕیندا قسەم لەگەڵ كرد تازە عەباس و فاتیمە لەدوای دوازدە ساڵ دابڕان، شادوشوكور ببونەوە:

" شەوی (5) ی رەمەزان لەسەربانەكانەوە گوێم لەتەقەیەكی زۆر بو. بەدرێژایی ئەو شەوە تەقەیەكی بێمانا دەكرا، بەبێ ئەوەی سەرچاوەی تەقەكان بزانرێت. هاوارم كرد :"خودایە ئەمە چیە؟"، وتیان راپەڕینە. "ئەمە چ جۆرە راپەڕینێكە؟"، دەمویست بزانم. وتیان نەجەف، كەربەلا، عیمارە و ناسرییە كەوتونەتە دەستی میللەت و راپەڕین هەمو شوێنێك دەگرێتەوە و ئێستاش نۆرەی سەماوەیە".

زۆرێك لەبەعسیەكان لەترسا سەماوەیان چۆڵ كردبو، ئیتر یامۆڵەتی چۆڵكردنیان پێدرابو یا بەرەو بەغدا رایانكردبو. لەدڵی خۆمدا وتم :"پێویستە لێرە نەمێنم". ژن و پیاو دەستمان كرد بەراكردن. لەسەر لاكۆڵانەكەی خۆمان بیست گەنجێكم بینی بەدزداشەی سپییەوە بەرەو بنكە گەورەكەی پۆلیس دەرۆیشتن كە دەكەوتە لای دەستی راستەوە. دڵنیات دەكەم ئەو گەنجانە هیچیان تەمەنیان لەبیست ساڵ زیاتر نەبو. من هەموویانم دەناسی، چونكە كورانی گەڕەك بون. ئەو گەنجانە تاسەر ئیسقان لەشەڕە یەك لەدوای یەكەكانی بەعس بێزاربون. ئەو گەنجانە تەنها لەنائومێدی تەقینەوە"[9].

راپەڕینی ئازاری / 1991 هێڵێكی جیاكەرەوە بو لەمێژوی تازەی عێراقدا. هەروەك عێراقیەكان پێیان خۆشەبڵێن لەگەڵ راپەڕین " دیواری ترسیش روخا ". ئەو ئەفسەرەی لەگۆرەپانی سەعد چوە سەرتانكەكەی، هەر خودی ئەو ئەفسەرەش دەستیكرد بەروخاندنی ئەو

دیوارە. گرنگ نیە ئەفسەرەکە کێیە یا دەبێ هەنوکە لەکوێ بێت، بەڵکو دەست پێشخەری ئەو ئەفسەرە ئاماژە بۆ سەرەتای داهاتوی ولاتێك دەکات کە زەمەنێکە لەژێر دەستی چەوسانەوەی دیکتاتۆرییەت مێشکی لەکارکەوتوە. ئێستا ئەو زەمەنە بەسەرچوە، و عراقیەکانیش قەرزارباری ئەفسەرێکی نەناسراون کەقارەمانی راپەرینەکەیان بو، بەلاّم ئێستا عراقیەکان ئەگەری دوا رۆژیان هەیە.

## یەکەم رۆژی شاری نەجەف

دەرئەنجام توانیم چاوپێکەوتن لەگەلْ ئەفسەرێکی سوپای عراق سازبکەم. یەکێك بو لەوئەفسەرانەی پەیوندی بەراپەرینەوە کردبو، لەدژی پەلاماری وەحشیانەی گاردی کۆماری بەرگری لەشاری نەجەف کردوە. کاتێك تانك و هیلیکۆپتەرە شەڕکەرەکان لەناوەراستی مانگی ئازاردا تەنگیان بەشار هەلْچنی، ئەو لەرێگەی هێلّی چاودێری فرەنسیەکانەوە نامەیەك لەسەرکردایەتی راپەرینی شاری نەجەفەوە بۆ هێزی هاوپەیمانان دەبات و داوای یارمەتیان لێدەکات بەلاّم نامەکەی پشتگوێ دەخرێ و بەهەند وەرناگیرێ، چونکە هاوپەیمانەکان باوەریان بەشیعە نەبو، ئیتر ئەویش بواری گەرانەوەی بۆ نامێنێتەوە، بەلاّم لەبەرئەوەی خێزانی ئەفسەرەکە تائێستاش لەعراق دەژێت، بۆیە بەپێویستی دەزانم ناوێکی خوازراوی بۆ دابنێم.

ئەو ئەفسەرە نەفەرماندەی تانکەکانی گۆرەپانی سەعد بو، نەناوی ئەبوحەیدەر بو، بەلاّم پێم باشە ئەم ناوەی لێبنرێ (10).

لەئوتێلێکی مامناوەندی لەندەن چاومان بەیەك کەوت، ئەبوحەیدەر کۆنە بەعسی بو، لەسالآنی شەستەکان دا ئەو کاتەی خوێندکاری ئامادەیی بو لەشاری نەجەف بەقەناعەتەوە پەیوندی بەحزبی بەعسەوە کرد. بەلاّم " لەسالّی 1979 دا حزب توانای ژیانی لەدەست دا، چونکە لەشانە حزبیەکان دا لەجیاتی ئەوەی قسە لەسەر مەسەلەسیاسیەکان بکرێ. گفتوگۆیان لەسەر کەسایەتی سەدام دەکرد، منیش زۆر دەمێکە رقم لەسەدام دەبێتەوە، لەبەر ئەوەی چەندین کەسی لەخێزانەکەم کوشتوە ". لەدوای کوشتنی کەسوکاری ( ئەبوحەیدەر پێی خۆش نەبو قسە لەسەر کوشتنەکە بکات ) هەمو گەنجێتی خۆی لەبەرەکانی پێشەوەی شەڕی هەشت سالّەی عراق ـ ئێران بەسەر برد. کاتێك لێم پرسی بۆچی دژایەتی شالآوەکەی 2/ ئاب دەکات ؛ بەو شێوازەی شیعەی عراقی پێدەناسرێتەوە وەلاّمی دایەوە : "لەبەر ئەوەی کەسێکی واقیع بینم، جهان شتێکمان بەسەرا دەسەپێنێ، منیش سەپاندنی ئەو شتەم قبول کردوە، پێویستە مرۆڤ بەئەمری واقیع قایل بێت. سەدام حوسەین دەلێت ( هەمو کوێتێەك پێنج کەس خزمەتی دەکات

)، منیش لەسەدام حوسەین دەپرسم، چەند کەس خزمەتی تۆ دەکات ؟ هەمو ریژیم خزمەتی تۆ دەکات. بڕوام بەسیاسەت نەماوە. دەمەوێت خەڵکی ئازاد بکرێت. لەدوای$17$/ کانونی دوەمەوە تەنها چاوەروانی هێرش و پەلاماری هێزی هاوپەیمانەکانم دەکرد".

وریاییەك کە ناچاری سەپاندبوی، بی حەوسەڵەیی، جوتێك چاوی شینی بێڕەونەق و دەرکەوتنی نیشانەی بەتەمەنی ئەبو حەیدەری وەك پیاوێکی شارەزا و بەدیسپلین دەردەخست. بەپێی پێودانگی سەربازی کشانەوەی سوپای عراق لەکوێت "کشانەوە نەبو، بەڵکو شکستێکی ئابروبەرانە بو".

بەڵام شاری نەجەف، ئەو شارەی لێی لەدایك بوەو لەدەوری مەزاری ئیمامی عەلی کوری ئەبو تالیب نشونمای کردوە، پیرۆزترین شاری شیعە مەزهەبی عراقە. شاری نەجەف گرنگترین پلەوپایەی ئاینی و کەمترین وابەستەیی بەئێرانەوە هەیە.

سەرەتا ئەم بینایەی نەجەف کەزۆرینەی شیعەکان پێیان وایە گۆری ئیمام عەلی لێیە لەچەرخی زێرینی شارستانی ئیسلامدا بەچاودێری و لەسەر داوای خەلیفەی عەباسی هارون ئەلرەشید بونیات نراوە. ئەمرۆ مەزاری ئیمام عەلی بەو قوللە ئاڵتونیە شکۆدارەی کە لەسەدەی حەڤدەهەم دروستکراوە، دەکەوێتە ناوجەرگەی شاری نەجەفەوە و هەزار ساڵە گۆڕانکاری بەخۆیەوە دەبینی، و دیمەنی چواردەورە تەخت و نزم و رێرەوە تەسك و کۆڵانە پێچاوپێچەکانی تەنیشت بینا تاقدارەکان زیاتر بەرجەستەترو بێدەنگ تری کردوە، هەروەها حەوشەیەکی گەورە یا گۆرەپانێکی فراوانی پرلەژوری تاقدار لەهاتوهاوارو دەنگە دەنگ دەیپارێزێت. خودی ئەبو حەیدەر شاهیدە لەسەر ئەوەی چۆن ئەم نێوەندە بینایی و روحیەی شارەکە لەکاتی راپەریندا بوە بەنێوەندی سەرکردایەتی عەمەلیاتی شۆرشگێرانە.

لەسەر روداوە یەکلایی کەرەوەکانی رۆژی یەکەم، چەندین کاتژمێر پێکەوە قسەمان کرد. پیاوێك هەرەشەی کوشتنی لێدەکرێ و خێزانێکی گەورەی لەناو عراق بەجێ هێشتوە، زۆر واقعیانە و بەئاسودەیی باس لەرەفتار و کردەوەکانی خۆی و ئەوانی دی دەکات.

رۆژی پێنج شەممە، رێکەوتی $28$ / شوبات، نزیك نیوەرۆ، هەواڵی روداوەکانی شاری بەسرەم لەسەر جادە لەخەڵکی بیست، وەك لەیادم مابێت بەخۆم وت " ئافەرین "، مەبەستم لەرەفتاری فەرمانـدەی تانکەکانی گۆرەپانی سەعد بو کە تەقەی لەوێنەکەی سەدام کرد: "سەدامی تاوانبار هەمومانی بەرەو وێرانە برد".

لەراستیدا تێروانێکی تایبەتیم لەسەر شاری نەجەف هەیە، چونکە ئەو شارەم بەچاکی دەناسی کە تیایە لەدایك و گەورە بوم، بۆیە بەئەزمونی خۆم لەگەڵ حزب و ئەندامەکانی یا لەرێگەی ئەو کەسانەی زۆر دەمێك بو دەمناسین پێم وابو تەنانەت ئەوەی لەبەسرە لەئەنجامی تەقینەوەی شۆرش لەعراق رویدا، هەر لەباکورەوە تا باشور، هەرگیز لەشاری نەجەف رونادات، چونکە نەجەفییەکان لەشێوازی تۆڵەسەندنەوەی سەدام دەترسان بەتایبەتی ئەگەر ئەم شارە لەدژی دەست بەراپەڕین بکات. لەهەمو حاڵەتێکدا حەقیقەتێکی گرنگ هەیە ئەویش ؛ ئەم شارە مەرجەعی ئەهلی شیعەیە لەبەر ئەوە بەدڵنیاییەوە دەوڵەت ئەورێوشوێنە ئەمنییە تایبەتەی لەو شارە دەگرێتەبەر کەلەهەمو شارەکانی دی عراق زیاتر دەبێت. سەدام گیانی زلکردنی شتەکانی تیایە و حەز دەکات روداوە بچوکەکانیش بەتەواوەتی کۆنترۆڵ بکات، بۆیە دەبینین هێزی هەوالگری (پۆلیسی نهێنی حزبی بەعس کەرەنگە ترسناکترین هۆبە بێت لەناوسیستمی هەوالگری دەوڵەتدا) بەجۆرێکی ئەوتۆ لەنەجەف بڵاوەیان پێکرابو کە وێناناکرێت.

سەرباری لەبەرچاوگرتنی ئەو هۆیانەی سەرەوەش، کەچی بەفیعلی بەراپەڕینەکەی نەجەف سەرسام بوم.

بۆردومانی هێزی هاوپەیمانەکان نزیکەی لە60٪ هێزی یەکەکانی قودسی تایبەت بەگاردی کۆماری لەناوبرد، کەلەچوار دەوری شار بارگەیان خستبو، بۆیە زۆرێك لەو چەکە قورسانەی بۆ بەرگری شار بەکارمان دەهێنا لەو هێزەی گاردی کۆماری بەجێ مابو، هەروەها هێزی هاوپەیمانەکان چوار رۆکێتیان نا بەناوچەی ئاوەدانی ئەلئەمیر- ەوە سێ خانویان لەگەڵ زەویدا تەختکرد و چوار خانوی دی بەجۆرێك زیانیان لێکەوتبو کەبەکەڵکی نیشتەجێ بون نەمابون و دەیان خانوی تریش زیانیان لێکەوتبو. بەڵام شوێنە پیرۆزەکان بۆردومان نەکران. سەبارەت بەزیانی مرۆییش رۆکێتیك تەنها لەماڵی رەحیم حەبوبی و براکەی (13) کەسی کوشت وەهر رەحیم بەسەلامەتی دەرچو. یەکێك لەماڵی " زوین " کوژرا، ولەئۆتۆمۆبیلێکی مۆدێل 1990 دا چوارکەسی نەناسراو کوژران و شۆفێری سەیارەیەکی تاکسیش هەلاهەلا ببو. پێم وایە بەلایەنی کەمەوە سێ فرۆکەی ئێف 15 نەجەفیان بۆردومان کرد و فرۆکەخانە و ویستگەی رادار یان وێرانکرد و چوار جاریش کارگەی گاز و چیمەنتۆیان بۆردومان کرد.

سەر لەبەیانی رۆژی هەینی، رێکەوتی 1 / ئازار هێندێك پێداویستیم کڕی، لەرێگەی گەڕانەوەمدا خەڵکم دەبینی، لەگەڵ دکتۆر و ئەندازیار و مامۆستایان باسی بارودۆخەکەم دەکرد و هەمویان پێیان وابو لەنەجەف هیچ رونادات. لەو کاتەدا هەواڵ گەیشت سبەینێ چەند گەنجێك لەناوجەرگەی شاردا، لەناوچەی مەیدان نزیك بازاری گەورە لەدژی ریژیم خۆپێشاندان

سازدەکەن. تەنها بیرۆکەی خۆپێشاندان کاریگەرییەکی زۆری تێکردم. دڵم پڕبو، تەنانەت حەزم دەکرد خۆشم بەشداری بکەم.

سەرلەبەیانی رۆژی دواتر دەرچومە دەرەوە بۆ ئەوەی بزانم چ روودەدا. دوو گەنج پێیان وتم خۆپێشاندانەکە بۆ کاتژمێری 30ر2 پاش نیوەرۆی سبەینێ دواخراوە ( واتە 3/ ئازار ). ئەو وەختە بۆ خڕبونەوەی خەڵکی دیاریکرابو. بۆچی خۆپێشاندانەکە دواخرا ؟ چونکە هێزەکانی ئاسایش بەخۆسازدانەکەیان زانیبو. لەراستیدا هەمو کەس بەخۆپێشاندانەکەی دەزانی. بەدواخستنی خۆپێشاندانەکە غەم دایگرتم، ئیتر گەیشتمە ئەو باوەڕەی لەم شارە هیچ رونادات، بەڵام مرۆڤ دەیتوانی لەسەرجادەوبانەکان رەوینەوەی تارمایی ترس بەدیبکات، چۆن ؟ بۆ نمونە شۆفێری تاکسییەکەم بینی لەپەنجەرەی ئۆتۆمۆبیلەکەیەوە نەفرەتی لەسەدام دەکرد یا یەکێك لەناو ئاپورەکەوە تفی لەوێنەکەی سەدام دەکرد. ئەوەش کارێکی مەزن بو، بەڵام من هێشتا دڵنیانەبوم. پێویستە لەبیرمان نەچێت کەنرخی یەك کیلۆگرام ئارد بە 5ر7 دینار بو. چ کەسێك دەیتوانی شتومەك بەو نرخانە بسەنێت؟ بۆیە شۆڕشکردن لەو بارودۆخەدا لەسەرووی خەیاڵەوە بو.

پێیان راگەیاندم بەسرە بەتەواوەتی کۆنتڕۆڵکراوە و رۆژی دواتر دەستەڵاتی مەدەنیان دامەزراندوە. بەپێی دەنگوباسەکان خۆپێشاندانەکەی نەجەف لەگۆڕەپانی مەیدانەوە دەستی پێدەکرد و بەرەو بازاری گەورە و حەوشەی مەزاری پیرۆز دەڕوێشت. رۆژی 3 / ئازار، لەکاتژمێری 30ر2 پاش نیوەرۆ کاتێك لەگەڵ هاورێیەکی بەغدادی قسەم دەکرد بەچاوی خۆم دەمبینی :

" گەنجانێك تەمەنیان لەنێوان پازدە و بیست ساڵان زیاتر نەدەبون. لەراستیدا پێویستە بڵێم کەزۆربەیان تەمەنیان لەنێوان پازدە تاهەژدە ساڵان بو. گەنجەکان بەکۆمەڵ لەکوچە و جادە لاوەکی و تاقەکانی خانیەی جادەی خورنەق و جادەی نیوەوێرانەی سەدیر و هێندێك کۆمەڵی دی لەجادەی سادق و کوچەی عەبد عەبتان ـ ەوە بەرەو مەیدان رایاندەکرد. هەر کۆمەڵێك بەلایەنی زۆرەوە لەسەد کەسێك پێکدەهات، جگەلە دووسێ کەسیان دەمانچەیان پێبو ئیتر هەمو کوتەك و قامەیان بەدەستەوە بو، یەکێك لەدەمانچەکان لەجۆری " ویلی " بو. هەمویان پێکەوە هورایان دەکێشا : "صدام شیل ایدك، شعب نجف مایریدك" و "ماکو ولی الا علی، نرید حاکم جعفری"[11].

پیاوانی ئاسایش لەنزیك حەوشەی مەزار وەستابون، لەبازاری گەورەوە بەئاراستەی مەیدان تەقەیان بەئاسماندا دەکرد. بەمشێوەیە بڵاوەیان بەخەڵکەکە کرد، چونکە پێیان وابو خۆپیشاندەران بەرەو ئەوێ دەڕۆن. رازی عەبدولشەهید یەکەم ئەمنی حزبی بو بەدەمانجە کوشتیان و عەلی حوسەینی ئەفسەر لەجادەی رەسول کوژرا، هەروەها 5 ـ 6 خۆپیشاندەریش گیانیان لەدەستدا، کەچی بەردەوام ژمارەی گەنجەکان زیادی دەکرد. لەناکاو خۆپیشاندەران بەرەو جادەی زەین ئەلعابدین و سادق پێچیان کردەوە. پیاوانی ئاسایش پێشبینی ئەو هەڵوێستەیان نەدەکرد. خۆپیشاندەران ژمارەیان لەسەدانەوە دەبون بەهەزاران و هەموشیان لەخێزانە دیارو دەوڵەمەندەکانی شاری نەجەف بون وەك بازرگان و زێرەنگەرو خاوەن پێشانگەی ئۆتۆمۆبیل و پیشەی دی لەو بابەتە نەك فەرمانبەری حکومەت. خۆشی و شادی بەسیمای ئەو کەسانەوە دیار بو.

دواتر خۆپیشاندانەکە بەرەو حەوشەی مەزاری پیرۆز ئاراستەی گرت. بەهەزاران ئەمن لەدەوروبەری مەزاری پیرۆز بڵاوەیان کردبو، بەڵام زۆربەیان تەنها چاودێری بارودۆخەکەیان دەکرد. کاتێك پیاوانی ئاسایش گەنجەکانیان بینی بەورەیەکی بەرز بەرەو حەوشەی مەزار دەڕۆن دەستیان کرد بەهەڵاتن. لەبەردەم دەرگای سەرەکی حەوشەی مەزار شەڕێکی دەستەویەخە رویدا و چەند ئەمنێك کوژران. یەکەم کوژراو ئەمنێك بو، لەکاتی تەقەکردندا خۆپیاشندەرێك لەپشتەوە گرتی و ملیان قرتاند و هەرلەبەردەم دەرگاکەش چەند خۆپیشاندەرێك کوژرا. دەمەو خۆرئاوا لەدوای کوژرانی 20 ـ 30 خۆپیشاندەر و چەند ئەمنێك دی مەزاری پیرۆز و حەوشەکەی بەتەواوەتی کۆنترۆڵ کرا.

لەکاتی رووداوەکاندا بەتەواوەتی هەڵچوبوم، بەڵام پێم وابو راپەڕین بەئاکام ناگات. لەگەڵ یەکەم تەقەدا رووداوەکان مەترسی پێوە دیاربو، بۆیە بریارمدا بگەڕێمەوە بۆلای خێزانەکەم. ئەوان پێیان دەوت راپەڕین بەڵام من دڵنیات دەکەم سەرتاپای ئەم مەسەلەیە بریتی بو لەخۆپیشاندانێکی عەفەوی و سەدامییەکان گۆڕییان بۆ شتێکی دی".

شۆرشگێرەکان لەدوای ئەوەی پیرۆزترین مزگەوتی شیعەیان کۆنترۆڵ کرد، بیریان لەکۆنترۆڵکردنی بنکەی فەرماندەیی پۆلیس کردەوە و بەدرێژایی ئەوشەوە شەڕ لەبنکەی پۆلیس بەردەوام بو. گەنجانی نەجەف بەهاوەنی 82 ملم ـ ی بەجێ ماوی یەکەکانی قودسی گاردی کۆماری بیناکەیان بۆردومان دەکرد. کاتژمێری 30ر4 بەیانی، رۆژی دووشەممە، رێکەوتی 4 / ئازار، بنکەکەیان کۆنترۆڵکرد و هەمو دۆسیە و فایلی بنکەکەیان سوتاند. هەروەك ئەبوحەیدەر

دەڵێت هەوڵێکی زۆر بۆ نەهێشتنی شڕەخۆری درا "بەڵام بێهودە بو. هەمو شتێك لەناوبرا : تیانوسی ئۆتۆمۆبیل، چەکی خانوبەرە، دۆسیەی پۆلیس و کۆنوسی دادگوزاری".

زۆربەی بەشداربوەکانی تریش هەمان بۆچونی ئەبوحەیدەریان لەسەر راپەڕینەکەی شاری نەجەف هەبو. کۆمەڵێك گەنجی نەجەفی لەسەرباز و سەربازی هەڵهاتو کەژمارەیان شەست کەسێك دەبو دەستیان بەراپەڕین کرد. خۆپیشاندەران هەمویان کەسوکار و هاوڕێی نزیکی یەکتری و کوری گەڕەك بون، بەڵام لەدوای چەند کاتژمێرێك ژمارەی شۆرشگێرەکان لەدەوری حەوشەی مەزاری پیرۆز لەشەش سەد کەس تێپەریکرد. ئەو گەنجانە بەبێ مەرجەعییەت رەفتاریان دەکرد. خۆپیشاندەران شەش بنکەی پۆلیس و دەزگای حزبییان داگیرکرد و ژمارەکیشیان لێکوشتن. ئەوەی بەرگری بکردایە دەیانکوشت و تەنها لەو کەسانە خۆشدەبون کە بەبێ بەرگری تەسلیم دەبون یا هەڵدەگەڕانەوە. ئەو شەڕەی لەچواردەوری فوتابخانەیەکی ئامادەیی دووکاتژمێری خایاند یەکێك لەو گەنجانەی بەشداری تیاکردبو، بەمشێوەیە وەسفی دەکات :" خۆزگە توانای بینینی ئەو دیمەنەت دەبو. دڵنیات دەکەم، سوێند دەخۆم بە قورئان کەشتی لەوجۆرە لەکاتی شۆرشی ئیسلامی ئێرانیشدا روینەداوە. گوللە بارانیان دەکردین. کاتێك نارنجۆکی دەستیمان لێدەبرا هاوارمان دەکرد "مۆلۆتۆفەکان بهێنن، مۆلۆتۆفەکان بهێنن !"، ژنان مۆلۆتۆفیان لەشوشەی بیبسی کۆلا بۆ دەهێناین. پلانی بەکۆمەڵ خرایە بواری جێبەجێ کردنەوە. ژنان هەڵهەڵەیان لێدەدا و چاودێری برینداراەکانیان دەکرد و دەیانگواستنەوە بۆ ماڵە دراوسێکان، تالەکۆتاییدا شوێنەکەمان داگیرکرد و وەك کرم بەدیواردا هەڵدەگەڕاین و لەهەمو لایەکەوە پەلامارمان دەدا"[12].

لەدوای ئەوەی پۆلیس لەناوشاری نەجەف توانای بەرگریکردنی نەما، شەڕ بۆ دەرەوەی شار گوێزرایەوە کەچەند یەکەیەکی سوپای لێمابو. ئەو سەربازانە لەدوای بەرگرییەکی ناچیز رایانکردو رێگەی کوفەیان ئاواڵەکرد کە دوەم شاری پیرۆزی شیعە مەزهەب بو. لە کوفەش هەمان نمونەی شاری نەجەف دوبارە بووە، لەدەرەوەی بینای فەرماندەیی گشتی ئاسایشی کوفە شەرێکی قورس دەستی پێکرد و تا تەسلیم نەبون شەڕکۆتایی نەهات. یونس شەمەری لێپرسراوی ئەمنی کوفە لەبەر ئەوەی بریاری بەرگری دابو حوکمی مردنی بەسەرا درا، هەرچەندە پێیان وتبو حوکمی مردنی لەسەر هەڵدەگرن ئەگەر شوێن و جبەخانە نهێنیەکانی چەك و تەقەمەنی ئاشکرا بکات، بەڵام شەمەری رەتیکردەوە نهێنی بدرکێنێت. ئەبو حەیدەر پێش ئەوەی شەمەری

بکوژن گوێبیستی قسەکانی بو کە بەشۆڕشگێڕەکانی وتبو : "بەدرێژایی ژیانم بەعسی بوم و بەبەعسییەتیش دەمرم".

ئەو بەعسییەگەورانەی بەمشێوەیە کوژران زۆر نەبون لەبەر ئەوەی زۆربەیان رایانکرد. جێگری فەرماندەیی ئەمنی نەجەف، سەرهەنگ عەلی بەجلی ژنانە (عەبایەکی رەشە جگە لەروخسار هەمو لەش دادەپۆشێت) وپەچەوە رایکرد (پەچە پارچە قوماشێکی لۆکەی تەنکە هەمو دەموچاوی مێینە دادەپۆشێت)، چەند کەسێکی وەك سەرپەلی یەکەم مەحمود، لەدوای خۆی بەجێ هێشتبو بۆ ئەوەی ببنە قۆچی قوربانی بێزاری خەڵکی. گەنجێکی نەجەفی شۆڕشگێڕ بەرێکەوت سەرپەلی یەکەم مەحمودی دەستگیر کرد، چونکە زۆر باش دەیناسی. هەردوو قاچ و ئەژنۆی بەتەواوەتی بەگولله کرابو بەبێژنگ، دوای ئەوەی بەسکەخشکێ رۆیشتبو تا لەزبڵدانێکدا خۆی بشارێتەوە. کاتێك ئەو گەنجە دەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە تا پاروە نانێك بخوات، گوێی لەئاهەو ناڵەی مەحمود دەبێت و لێی پاراوەتەوە ژیانی رزگار بکات. بۆ بەدبەختی ئەو گەنجە مولازم مەحمودی ناسیوەتەوە کە لە کاتی خزمەتدا لەناو مەزاری پیرۆزی عەلی مەشروبی خواردۆتەوە، بۆیە دەرفەتی رزگاربونی نەبو. " ئەم پیاوە دەیویست رەوشتی ئیمام عەلی و شیعەی عراق بزڕێنێت، چونکە کاتێك یەکێکی ئاسایی سەردانی مەزاری پیرۆز دەکات و مەشروبی تیا دەبینی، ناڵێت ئەمە کاری مولازم مەحمودە، بەڵکو دەڵێت خزمەتکارانی مەزارو پیاوانی ئاینی نەجەف بەدرەوشتی دەکەن ". ئەو گەنجە شۆڕشگێڕە بەمشێوەیە لەلای هاورێکانی پاساوی بۆکوشتنی مەحمود دەهێنایەوە ولاشەکەیشی لەزبڵدان بەجێ هێشت بۆ ئەوەی بۆگەن بکات[13].

ئەو کەسانەی لەکاتی راپەڕیندا بەشێوەیەکی رەسمی لەشاری نەجەف لەسێدارەدران، جگە لە یونس شەمەری بریتی بون لە نوری فەرهود، خالید کەرعاوی، بەرپرسێکی پایەبڵندی بەعس بەناوی بولبول و شاعیری بەناوبانگ فەلاح عەسکەر، کەپۆلیسێکی هاتوچۆی خاکی ناوچەی حلەبو. یەکێك لەگەنجەکان ئەم روداوە لەرستەیەکدا کورت دەکاتەوە :" نەمانەدەتوانی رێگە لەخۆپیشاندەران بگرین ئەو بەعسیانە نەکوژن "، بەڵام بەپێی سەرچاوەکانی راپەڕین ؛ ژمارەی ئەو بەعسیانەی لەماوەی شەڕی 24 کاتژمێری کونترۆڵکردنی شاری نەجەف کوژران، لەچوارسەد کەس زیاتربون.

ئەو کەسانە کێ بون ؟ هێندێك لەکوژراوەکان جەلاد و بەرپرسی گەورەی بەعس بون وەك شەمەری، بەڵام هێندێکی دییان خۆیان ئاسا خەڵکانی ئاسایی و شیعە مەزهەب بون، بۆ نمونە فەلاح عەسکەر۔ ی شاعیر، سەرنجی بەعسیەکانی بەوە راکێشابو کەتوانای دانانی شیعری خەمۆکی و شۆڕشگێڕی هەیە. عەسکەر لەئەنجامی دانانی چەند ئاوازێکی وەك " كل الشعب شدة ورد و

الريحة بعثية " يا " بالروح، بالدم نفديك يا صدام " ناوبانگی پەیداکرد. بەپێی نەریتی باوی عەرەب دەتوانرێ گۆرانی بوترێ یا چەند دێرە شیعرێکی لەو بابەتە بەشێوازێکی پڕ لەهەڵچون بخوێنرێتەوە، تەنانەت ئەگەر بەقەناعەتیش نەنوسرابێت یا بەفیعلی بێناوەرۆك بێت. لەشیعری عەرەبیدا شکڵ زیاتر عاتیفە دەوروژێنی تا ناوەرۆك، عەسکەریش لەو بوارەدا کەسێکی لێهاتو بو.

بەهەرەو لێهاتویی عەسکەر لەو چیرۆکە شعرییانەی بۆ گۆرانی بگونجێت تارادەیەکی زۆر لەناوچە شیعەنشینەکانی عراقەوە سروش دەگرێ و سەرچاوەکەیشی ئەو "پرسە" و "سنگ کوتانە" یە کە هەمو ساڵێك وەك سروتێك دوبارەدەبێتەوە و بەشێوەیەکی شانۆگەرییانە گوزارشت لەروداوە تراجیدییەکانی ساڵی 680 زاینی پێدەشتەکانی کەربەلا دەکات کە حوسەینی تیاکوژرا. شاعیرانی خاوەن بەهرەی وەك فەلاح عەسکەر، رەزا فەحام و کەریم عراقی و حەسەن عەمارە لەسەر ئەمجۆرە چیرۆکانە چاویان کردۆتەوە و نشونمایان کردوە و تێکەڵ بەسیاسەتی چەپڕەوانە بون. حزبی بەعس لەدوای شکستی حزبی کۆمۆنیستی عراق لە کۆتایی حەفتاکاندا پشی پشی بۆ دەکردن تا لەساڵانی هەشتاکاندا بون بەهاوتای عەزیز عەلی گەورە شاعیری میللی گاڵتەکار و رەخنەگری کۆمەڵایەتی ساڵانی چلەکان[14].

هەواڵەکان دەڵێن ؛ کاتێك حەسەن عەمارە ( ناوێکی خوازراوە ) ئاهەنگی ژنهێنانی دەگێڕا، دەستەیەك لەدزانی ئاسایش هەڵدەکوتنە سەر خەڵکەکە و کۆتایی بەئاهەنگەکە دەهێنن. لەدوای ئەوەی چینێکی باش بوکێ دەکوتن، حەسیرمەیانێکی باشتری باوکی بوکێ دەکەن و شوێنەکەیش تێك وپێکدەدەن. لەدوای رۆژێك سەدام حوسەین تەلەفون بۆ زاوای هەشبەسەر دەکات و پێی رادەگەنێ کەبەروداوەکەی زانیوە، بۆیە داوای لێدەکات گرێبەستێکی لەتەکدا بکات. سەدام دەیزانی گرێبەستەکەی رەتناکرێتەوە. سەدام بەڵێنی بەعەمارەدا ئەگەر لەسەر دەستکەوتە مەزنەکانی شۆرشی بەعس شیعر بنوسێت، ئەویش سەرپێچیکاران سزا دەدا. بەمجۆرە لەسەر شێوازی فیلمی "العراب" گەشتێکی هونەری نوێ و درەوشاوەی لەموسیقای میللی عراقی دەست پێکرد.

شاعیرە میللیەکانی وەك فەلاح عەسکەر، رەزا فەحام و حەسەن عەمارە لەکاتی راپەریندا لەبەرچاو بون، ئەمە سەرەرای ئەوەی ئەو کەسانە بەگشتی وەك زۆربەی ئەو عراقیانەی ماوەی بیست ساڵ بو لەژێر حوکمی حزبی بەعس گوزەرانیان بەسەر دەبرد، بێچارە و کڵۆڵ و دەربەستی هیچ شتیك نەبون، چونکە هێندێکیان وازیان لە شوعییەت هێنا وپەیوەندییان بەبزوتنەوەئیسلامیە سیاسیە نهێنییەکانی شیعەوە کرد و هێندێکی دییان لەبابەت حەسەن

عەمارە بون بەشاعیری حزبی بەعس لەبەر ئەوەی لەنەکردنی دەترسان. ئەوخەڵکانە کارێکیان دەکرد کەخەڵکانی ئاسایی و زۆربەی نوخبەی عراقی لەبەرهەمان هۆ بەشێوەیەکی رێکوپێك دەیانکرد. حزبی بەعسی نوێ لەسەر زنجیرەیەك دەست تێکەڵ کردن و بەشداربونی هەمو کەسێك دروست بو.

کوشتنی فەلاح عەسکەر کوشتنێکی نمونەیی بو. عەسکەر بەدرێژایی شەوێك لەمەرقەدی ئیمام عەلی بەدەست بەسەری لەگەڵ پەنجا کەسی دی چاوەروانی دادگایی دەکرد. بەرپرسی دەست بەسەرەکان بەمشێوەیە روداوەکەی ئەو شەوە دەگێڕێتەوە: "هەروەك دەزانرێ هەمو شاعیرە میللیەکان ئینتمای خۆیان گۆری و فەلاح عەسکەریش شەوی دەستبەسەرییەکەی پێنج قەسیدەی بۆ پیاهەڵدانی ئیمام عەلی و حوسەین و ئیمام خومەینی دانا و زیندانیەکانی والێکرد لەخۆیان بدەن و لەسەدام هەڵگەڕێنەوە". لەو کاتەدا بەفەلاحم وت :"کوا بروا و قەناعەتت، خۆ تۆ ئەو شتانەشت بۆ سەدام دەوت؟"، پێی وتم:"سەدام پیاوێکی تاوانبارە و دەسخەرۆی کردم"[15].

بەخت یاوەری عەسکەری کلۆڵ نەبو. بروای بەهیچ شتێك نەمابو، بەسەدامیشەوە، چونکە ئەو بەهرەیەی توشی تەنگژەی کردبو، رزگاری نەکرد. هێشتا ئاشکرانەبوە چەند کەس لەسەر شێوازی عەسکەر لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە لەسێدارە دران، بەڵام بەدڵنیاییەوە زانیارییەکانی حکومەت لەم بارەیەوە جێگەی بڕوانین.

لەراستیدا ئەو کەسانە هەمویان نەکوژران. شۆرشگێرەکان لەگوندێکی نزیك سەماوە وێنەکێشێکی پۆرتریتی ئاساییان دەستگیر کرد کە ئەویش وەك هەزارانی دی لەرێگەی وێنەکێشانی سەرکردەی مەزنەوە نانی پەیدا دەکرد. تۆنی هۆرفیتزی رۆژنامەنوس لەرۆژنامەی " زی واڵ ستریت جورناڵ " بەمشێوەیە روداوەکە وەسف دەکات :" وێنەکێشەکە لێیان دەپارایەوە، چونکە پێی وابو خۆپیشاندەرەکان دەیکوژن، بەڵام لەجیاتی کوشتن بەپەنجا دینار غەرامەیان کرد و ناچاریان کرد بەسەدام بڵێت (کوری سەگ)[16].

زۆرێك لەبەعسیەکان یا ئەوانەی بەبەعسی ناسرابون بەخاتری ناوداری کەسوکاریان یا بەتۆبەکردنیان لێیان خۆش بون[17]. بۆ نمونە فاتیك ئەلساق، کۆنەبەعسی ساڵانی پەنجاکان، خۆی و سەدام لەدوای هەوڵێکی سەرنەکەوتوانەیان بۆ کوشتنی سەر کۆمار لەساڵی 1959 دا رایکرد بۆ سوریا، لەلایەن شۆرشگێرەکانەوە دەستگیر کرا، بەڵام ئازادیان کرد، چونکە مەرجەکانی سەرەوەی تیابو، هەروەها زۆرێك لەوکەسانەش ئازادکران کەلەسایەی حوکمی بەعسدا ماڵ و سامانێکی زۆریان پێکەوەنابو، کەچی خەڵکانێکی وەك فەلاح عەسکەریان

دەکوشــت، ئەمــە ســەرباری ئــازادکردنی دووپیــاوی ئــاینی شــیعە کەبەرەچــەڵەك لەنــەوەی پێغەمبەربون. ئەو دوو کەسە دوو هاوکاری چالاك و زورناژەن و شایەری بەعس بون.

خۆپیــشاندەرێك یــەکێك لــەو دوو ســەیدەی تاوانبــار دەکــرد بــەوەی "پیــاوێکی نەخوێندەوارئیدعای زانایەتی دەکات"، بۆیە لەئازادکردنی پەشیمان بـو. بەهەرحاڵ کاتێك ئـەو زاتەیان گرت وەك ئەوەی دژایەتی راپەڕین بکات دەمانچەیەك و دوو نـارنجۆکی دەسـتی لـەکن بـو، بەڵام بەهۆی تێهەڵچونی پیـاوانی ئاینیـەوە ئـازادکرا، ئـەوەش لەبەرچـاوی کـاڵی ئـەو زاتەنـەبو یـا لەبەرئــەوەی باوەریــان بەپرەنــسیپی کوشــتنی هاوکــارانی ریــژیم نــەبێت، بــەڵکو دەیانویــست پێـشینەیەك بـۆ کوشـتنی پیـاوانی ئـاینی نـەخولقێنن، چـونکە دەترسـان لـەوەی رۆژێـك بەسـەر خۆیشیاندا بشکێتەوە[18].

نەجەفییەکان چەکیان لەکوێ دەستکەوت ؟ حکومەتەکـەی سـەدام پێـی وابـو چـەتربازەکانی ئـەمریکا لەشـارەکانی عـراق دادەبـەزن، بۆیـە لـەتێکرای شـارەکانی عـراق، بنکـەکانی پـۆلیس و بیناکـانی حـزب بـەعس کـرا بەبنکـەی دابەشـکردنی چـەکی سـوك. بەرپرسـێکی گـەورەی حزبـی بەعس بیرۆکەیەکی سەیری هـەبو بـەوەی ئەگـەر خـەڵکی عـراق بکرێـت بـەهێزی میلیـشیا، ئـەوا دەتوانرێ گەورەترین زیان بەهێزی هاوپەیمانان بگەیەنرێت. لـە سـەماوە فاتیمـە پێـی راگەیانـدم هـەمو گـەنجێکی پـازدە یـا شـازدە سـاڵان چـەکیان پێـدەدا ئەگـەر ئامـادەگی خـۆی بـۆ شـەڕی چـەتربازەکانی ئـەمریکا دەربڕبایـە[19]. یـەکێك لەشۆرشـگێرە نەجەفییـەکان دەڵێـت : "سـەدام کەسێکی لـەخۆبایی بـو، چـونکە دڵنیـا بـو لـەوەی لەشـەڕی هاوپەیمانەکانـدا سـەرکەوتن بەدەسـت دەهـێنێ، بۆیـە چـەکی لەهـەمو قوتابخانـەکان دانـا بـۆ ئـەوەی لـەدژی چـەتربازەکانی ئـەمریکا بـەکاربهێنرێ". کاتێـك پیـاوێکی بەتەمـەن گـوێی لەگەنجەکـە بـو قـسەی دەکـرد، ئـەویش ئـەم بەســەرهاتەی لەسەرچارەنوســی چــەکەکانی ســەردەمی راپــەڕین گێڕایــەوە:" رۆژێکیــان زاتێکــی ناسراو بەوریاییەوە پێی وتم ؛ ئەگەر بتوانم کلاشینکۆفێك یا یەك دوو دەمانچەی بـۆ پەیدابکـەم لەبەر ئەوەی لەماڵەوە پێویستی پێـی هەیـە. چـەکەکانم بـۆ پەیـداکرد و لەجانتایەکـدا بـۆم بـردە ماڵەوە بـەڵام کاتێـك چومە ژورەوە سـەرنجم دا چـەند چـەکێکی دی هەیـە. لـێم پرسـی مەسـەلە چییە. هێشتا هەر لەوێ بوم میوانێکی دی هات، ئەو پیاوە ئاینیە لەمیوانەکەی پرسـی " کـوا ئـەو چەکانەی بـەڵێت پێـدابوم؟". هەرچـەندە دوو تفـەنگ و چـەند دەمانچەیەکشم بـۆ پەیـداکردبو، بەڵام کاتێك لەو زاتـەم پرسـی چ لـەو چـەکانە دەکـات، لـەژێر لێوەوە پێـی وتم " لـەرۆژی خۆیـدا بەکاردەهێنرێ، بەکاردەهێنرێ"[20].

هەمو ئەسیادەکانی نەجەف وەك ئەم زاتە ئامادەنەبون لەدژی ریژیم چەك هەڵبگرن. پیاوێکی ئاینی دی بەدڵەراوکێ و لەپلەوپایەیەکی تەواو جیاواز لەکاتی راپەڕیندا رۆڵێکی سەرەکی بینی، بەڵام بۆ بەدبەختی نابێت ناسنامەی ئاشکرا بکرێت، چونکە خۆی بەهاوکاری ریژیم لەقەڵەم دەدا، ئەوەش جۆرێك لەئازایەتی تیابو، بۆیە تائێستاش بەهۆی ئەو کەشە پڕ لەقین و تایفەگەرییەی پاش راپەڕین دەکرێ ئەو هەڵوێستە لەدژی بەکاربهێنرێ.

" لەکاتی راپەڕیندا بەهۆی ونبونی کورێکی هەشت ساڵانەی دراوسێمانەوە توش بوم. ئەحمەد لەپێش روداوەکە رۆیشتبو بۆ بازار بۆ ئەوەی شتومەك بکرێت، بەڵام کە تەقە دەستی پێکرد هێشتا نەگەڕابووە، بۆیە دایکی ئەحمەد خەریك بو شێت دەبو، لەناوەراستی ماڵی ئێمەدا قژی دەرنی و هاواری دەکرد و داوالێدەکردم کورەکەی بدۆزمەوە. بەمشێوەیە پاش نیوەرۆی 3 / ئازار من و کۆمەڵێك برادەر بەدوو ئۆتۆمۆبیل زۆر بەهێواشی و بەوریایی بەرەو ناوچەی مەیدان لەناوجەرگەی شار بەرێکەوتین. شار لەژێر کۆنترۆڵی کورانی گەرەك بو، لەهەمو شوێنێك مەتەریزیان دانابو، لاشەی کوژراوەکانیش لەوناوە کەوتبون. گەیشتینە شوێنێك بەهۆی قەرەباڵغی و پشێوی نەماندەتوانی بەماشین برۆین، ئیتر پێچمان کردەوە بۆ جادەیەکی فەرعی کەلەماڵی برادەرێکەوە نزیك بو.

" لەنزیك ماڵی برادەرەکەم ئۆتۆمۆبیلەکانمان راگرت، بەڵام شتێکی باوەر نەکردەنی رویدا، ئەویش ئەفسەرێکی هەواڵگری بەعس کەپێشتر دەمناسی خۆی شاردبووە. ئەو ئەفسەرە سەرباری ئەوەی بەهۆی شەبەقێکی گەورەی ناولەپی خوێنێکی زۆری لیرۆیشتبو، حەوت گوللەیشی پێوەبو. ئەفسەرەکە پێی راگەیاندم تەنها فیشەکێکی تەقاندوە پێش ئەوەی لەشی بکەن بەبێژنگ، لێم پارایەوە ژیانی رزگار بکەم. دەمتوانی چ بکەم؟ عەبایەکی ژنانەم دابەسەریاو بەئۆتۆمۆبیل گەیاندمە نەخۆشخانە. دەیویست لەنەخۆشخانەش لەگەڵیدا بمێنمەوە، بەڵام نەمامەوە، چونکە خەستەخانەکە بەدەست خۆپیشاندەرەکانەوە بو، ئیتر لەدوای ئەوە نەمزانی چ بەسەرهات، لەکۆتاییدا مناڵەکەمان دۆزییەوە و بردمانەوە بۆلای دایکی"[21].

### رۆڵی ئایەتوڵلا خووئی

ئایەتوڵلا ئەبو قاسم ئەلخووئی کەبەرزترین دەستەڵاتی روحی شیعەیە لەجهاندا لەکاتی راپەڕیندا لەنەجەف دەژیا. خووئی ساڵی 1899 لەشارۆچکەی خووی، لەئازەربایجانی ئێران

لەدایك بوە، لەتەمەنی دوازدەساڵیدا بۆ خوێندن هاتۆتە نەجەف. تاکە مەرجەعی شیعە، ئیمام خووئی ماوەی حەفتا ساڵ لەنەجەف خوێندویەتی و زیاد لەچل بەرگی لەشەریعەتی ئیسلام داناوە و سەرۆکی روحی دەزگای یارمەتی و هاوکاری جهانیە و دەزگاکەش بەناوی خۆیەوە ناونراوە، هەروەها لەنیمچە دورگەی هیندستان پشتگیرییەکی زۆری لێدەکرێ. خووئی زۆر لەپێش سەرکەوتنی شۆرشی ئێرانەوە لەساڵی 1979 دا دژی بەسیاسی بونی زانایانی شیعە بو (خومەینی ساڵی 1970 لەشاری نەجەف بەمەبەستی بەرپەرچدانەوەی بۆچونەکانی پێشوی خووئی لەزنجیرە وتاریکدا دیدوبۆچونەکانی خۆی لەسەر ''ولایەتی فەقیە'' ساغکردۆتەوە)، چونکە لەوقەناعەتە بو ئەو کارە سازشکردنێکی نابەجێ دەسەپێنێ کەدواجار دەبێتە مایەی ناوزڕاندن و سوکبونی دەستەڵاتی ئاینی.

بەدرێژایی شەڕی عیراق ـ ئێران، خووئی بەهێرفلێتی توانی خۆی لەکاریگەری بەغدا یا تاران بەدووربگرێت، بەڵام لەدوای کارەساتی شەڕی کەنداو، تراجیدیای خەڵکی عیراق خووئی تێگەیاند. ئایەتوڵلا خووئی لەژێر گوشاری کۆمەڵێك کەسایەتی شاری نەجەف لەسێیەمین رۆژی راپەڕیندا، واتە لەرۆژی 5 / ئازار فەتوایەکی دەرکرد. لەئایندا فەتوا رەئێکی شەرعییە و فەقیە دەریدەکات. فەقیە لەسەردەمی عوسمانیدا دەیتوانی لەدەربار ئەرکی راوێژکار وازی بکات. بەڵام لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی تازەی عەرەبیدا فەتواش گرنگی خۆی لەدەست دا و تەنها لەم ساڵانەی دواییەدا بەهۆی بەسیاسی کردنی ئیسلام بوژاوەتەوە. لەنەجەف، پیرۆزترین شاری شیعە، رەئی خووئی لەو نۆ رۆژەی شار لەژێر کۆنترۆڵی خۆپێشاندەران بو تاکە قانون بو.

فەتواکەی خووئی بەدوودڵی و لەژێر کاریگەری روداوەکان دەرچو. شار تاڵاندەکرا و کەس لە لاشەی ئەمن و بەرپرسە کوژراوەکان نەدەپرسییەوە و لەوناوە کەوتبون. کاتێك فەتواکەی خووئی دەرچو، ئەو تانکانەی دەستی بەسەراگیرابو لەگەڵ دەیان هەزار کەسی چەکدار لەدەوری مەرقەدی ئیمام عەلی بون، ئەمە سەرباری ئەوەی سەدان زیندانی وەك فەلاح عەسکەر دادگایی و گوللەباران دەکران. زۆربەی شار تاڵانکرا و کەس بەکەس نەبو، ئاژاوە و پشێوی بەرکەماڵ بو.

مامۆستا حەمید سەرباری مامۆستایەکەی شۆفێری تاکسییەکی کۆنی دەکرد تا بژێوی خۆی دابین بکات، یەکەمجار لەرادیوی دەنگی ئەمریکاوە گوێ بیستی هەواڵەکانی راپەڕین بو، بۆیە کاتێك گوێی لەروداوەکانی بەسرە بو لەمەزاری ئیمام پەیوەندی بەراپەڕینەوە کرد. مامۆستا حەمید لەکاتی راپەڕین دا هەواڵە بیانیەکانی وەردەگێرا، چونکە هەروەك خۆی دەیوت "حەزی بەچەکداری نەدەکرد". سەرەتا ئەو شتانەی دەیبیست باوەری پێنەدەکرد، بەڵام دواتر حەماسەت

گرتی و بڕوانامەی مامۆستاییەکەی دڕاند : ئەو قوتابخانەیەی وانەی تیادەڵێمەوە ناوی سەدام حوسەین ـ ی هەڵگرتوە. مامۆستا حەمید سوربو لەسەر ئەوەی ڕاپەڕین شۆرشێکی ئاینی نەبو، بەڵکو شۆرشێك بو لەدژی ستەم و چەوسانەوەی سەدام حوسەین. سەرەتا هەمومان حوّل و نەفام بوین، بۆ نمونە پێمان وابو ترافیکلایتی هاتوچۆش هێمایەکە بۆ سەدام حوسەین بۆیە تیکمانشکاند ". خەڵکی هەڵیاندەکوتایە سەر ئەو قوتابخانانەی سوپا وەك جبەخانەی چەك و تەقەمەنی بەکاریدەهێنا، پاشان چەکەکانیان دابەشدەکرد. نزیکەی کاتژمێری ( 9 ) ی شەو خۆپیشاندەران نێوەندی شاریان کۆنترۆڵ کرد. هێندێك لەو کەسانەی کەسوکاری ئەو خەڵکەیان ڕاپێچی شەڕی عراق ـ ئێران کردبو لەقاتی دوەمی قوتابخانە ئیسلامییەکەی تەنیشت مەزاری پیرۆزەوە گوللە باران کران. لەبەر ئەوەی خەڵکی زۆر توڕەو بێزار بون پیاوانی حکومەتیان دەبردە سەرجادە و گوللەبارانیان دەکردن یا لەتوپەتیان دەکرد و لاشەکانیان دەسوتاند، بەڵام هێندێك کەسی دی تفیان لەلاشەی کوژراوەکان دەکرد[22].

فەتواکەی خوئی لەهەلومەرجێکی پڕ لەپشێوی چاوی هەڵهێنا. بەپێی دابونەریتی ئاینی ئەو بەڵگەنامەیە دەستنوس و مۆری ئایەتوڵلای لەسەر بو. بەدڵنیاییەوە نوسەری ئەو دەستنوسە پیاوێکی ئاینی پیشەزان بوە. ماجد ـ ی کوری ئایەتوڵلاخوئی لەسێیەم ڕۆژی ڕاپەڕیندا بەمایکرۆفۆن لەسەربانی مەرقەدی ئیمام فەتواکەی بۆ زۆرێك لەنەجەفییەکانی حەوشەی مەزاری پیرۆز خوێندەوە.

بسم الله الرحمن الرحیم

سڵاو و رەحمەت و بەرەکەتی خواتان لێبێت.

سوپاس بۆ بەخشندەیی و چاکەو نیعمەتی خوداوەند و درود و سڵاو لەباشترین پیغەمبەری خودا ( محەمەد ) و بنەماڵە پاکیزەکەی.

بێگومان ئەرکی هەمو موسڵمانێکە پاکێتی ئیسلام بپاریزێ و چاودێری پیرۆزییەکانی بکات، منیش لەلای خۆمەوە داوا لەخوای تەبارەك و تەعالا دەکەم لەو کارانەی خێری ئومەتی ئیسلامی تیایە سەرتان بخات.

داواتان لێدەکەم بەچاودێری بریارە شەرعییەکان، چاودێرییەکی وردی کاروکردەوەکانتان بکەن بۆ ئەوەی ببنە نمونەیەکی چاکی بەها بەرزەکانی ئیسلام و لەگشت کردەوەکانتان خوای تەبارەك و تەعالا بهێننەوە پێش چاوی خۆتان،و پێویستە ماڵ و موڵك و سامان و ئابروی خەڵکی بپارێزن، هەروەها پێویستە پاریزگاری لەدامەزراوە گشتیەکان بکەن، لەبەرئەوەی موڵکی هەمو کەسێکە و بەفەوتاندنی هەمومان لێی بێبەش دەبین.

داواتان لێدەکەم لاشەی سەر جادە و بانەکان بەپێی ڕێورەسمی شەرع کفن و دفنیان بکەن و کەس سزا مەدەن، چونکە کردەوە گەلێکە نامۆیە بەرەوشتی ئیسلامو بەبێ تاوتوێی کردن پەلە لەجێبەجێ کردنی بریارە شەخسیەکان مەکەن کە لەگەڵ بریارە شەرعیەکان و بەرژەوەندی گشتی یەکناگرێتەوە.

خوا لەسەر کارەباش و پەسەندکراوەکانتان بتانپارێزی و سەرتان بخات، هەر خوابیسەرو وەلامگۆیە.

سلاّو و رەحمەت و بەرەکەتی خواتان لێبێت.

18 / شەعبان / 1411[23]

ئامانجی سەرەکی فەتواکەی خووئی هاندانی میهرەبانی ومەترسی لەئاژاوەو پشێوی و سەقامگیرکردنی نەزم و ئارامی ناوشاربو. ئەگەر ئایەتوڵلا خووئی هەستی بەپێویستی دەرکردنی فەتواکردبێت، ئەوا مانای وایە بارودۆخەکە زۆر ترسناك بوە.. لە8 / ئازار فەتوای دوەمی دەرکرد کەتایبەت بو بە دروستکردنی " لیژنەی بالاّ " بۆ چاودێری کردنی کاروباری بەرژەوەندی گشتی. لیژنەکە لە ( 9) زانای ئاینی شیعە پێکهاتبو کە زۆربەیان سەرۆکی پەیمانگەکانی فیقهی شاری نەجەف بون. ئایەتوڵلا خووئی دەستەڵاتی تەواوی بەلیژنەکە دابو. لیژنەکە لەرێکخستنی کاروباری ژیانی رۆژانەی خەڵکی دا رۆڵی حکومەتی وازیدەکرد، بەلاّم چ حکومەتێك؟ ئایا لیژنەکە بۆ ئیدارەی حاڵەتێکی تایبەت و دیاریکراوی شاری پیرۆزی نەجەف بو یا سەرەتای حکومەتێکی ئەڵتەرنافیفی هەمو عراق بو؟ لەکاتی راپەریندا ئەم پرسیارە نەدەکرا.

ئایەتوڵلا خووئی لەرێگەی کورِ و دەستوپێوەندەکانیەوە تارادەیەکی زۆر ئامانجەکانی هێنایەدی. بێگومان ئەو هەڵوێستەی خووئی ژیانی زۆرێك لەعراقییەکانی رزگارکرد و جڵەوی گەنجانی راپەرینی گرت تا قەتلوعامی سەرشێتانە نەکەن کە رەگوریشەکەی دەگەرێتەوە بۆ رقێکی چەپەکراو و ئارەزوی تۆڵەسەندنەوە. ئەگەر پێنج سەد زیندانییەکەی ناو مەزاری پیرۆز بەنمونە وەربگرین: ئایەتوڵلا خووئی فرمانیدا زیندانیەکان بەسەلامەتی بۆ " دار الحکمە " بگوێزرێنەوە کەپەیمانگەیەکی فیقهی ئیسلامە و 300 م لەمەرقەدەوە دوورە و سەربەبنەماڵەی ئەلحەکیمە. یەکێك لەکورانی خووئی لیژنەیەکی لە ( 25 ) چەکداری دڵسۆز دروستکرد، ئنجا زیندانییە تۆقیوەکانی " لەپێش چاوی شۆرشگێرە قین لەدڵەکان" هێنایە دەرەوە، یەکێك لەو لیژنەیە پرۆسەی گواستنەوەی زیندانیەکان بەمشێوەیە وەسفدەکات: "ئەو چەکدارانەی لەچوار

دەوری حەوشـەی مـەزار تەماشـای ئـەو دیمەنـەیان دەکـرد بەرامبـەر بـەو بەعـسیانەی ئـازاری خـەڵکیان دەدا و دەیانکوشـتن و دەسـتدرێژییان دەکـردە سـەریان لەتوڕەییـدا وەك پـشکۆ گڕیـان گرتبـو. زیندانیـەکان بەپیادەگوێزرانـەوە و تـەنها چـەند کەسـێکیان بەدەسـتەبەرە گوێزرانـەوە. پرۆسەی گواستنەوەکە شەوێکی تەواو و چەند کاتژمێریکی سـەرلەبەیانی رۆژی دواتـری خایانـد. بەرپرسـی پرۆسـەکە وتـی: "سـەید داوای لێکـردین ئەگـەر ناچـاربوین پێویـستە شـەڕی موجاهیدەکانی حەوشەی مەزاریش بکەین" (24).

لیژنـەی بـاڵا بـۆ دابەشـکردنی خـۆراك و بەگەڕخـستنەوەی شـوێنە خزمەتگوزارییـە سـەرەکییەکانی شـار لیژنـەی فـەرعی دروسـتکرد و گـرەنتی بەکـەرتی گـشتی و پزیـشك و ئەنـدازیارانیش دا کـە سـەلامەتی ژیانیـان بپارێزێـت، بـەڵکو زۆریلێـدەکردن دەست بـەکارەکانیان بکەنـەوە. لیژنـە فەرعیـەکان چەند رۆژێـك پـێش ئـەوەی شاربکەوێتە دەست هێزەکانی گاردی کۆماری دەست بەکاربون، هەروەها لیژنەیەکی فەرعی سەربازییان لـە (6) ئەفسەر دامەزرانـد بـۆ ئەوەی بەرگری لەشاربکات و هاوکاری لەگەڵ شارە ئازادکراوەکانی تریش بکات.

یەکێك لەو ئەفسەرانەی لەسەر رێنمایی راستەوخۆی ئایـەتوڵڵا خـوئی دامـەزرابو، لەلایـەن خۆیەوە رەوانەی لای هێزەکانی فرەنسا کرا بـۆ ئـەوەی داوای یارمـەتی لەهاوپـەیمانان بکات. ئـەو ئەفسەرە ئەبو حەیـدەر بـو. کاتێـك داوایـان کـرد پەیوەنـدییان پێوەبکـەم بەهاوسـەرەکەم وت : " ژنەکە من بۆ مردنی خۆم دەرۆم ". هـەروەك دەبیـنن هـەرگیز چاوەروانی سـەرکەوتنی راپـەڕین نەبوم، بەڵام راپەڕینی شاری نەجەف، ئەو شارەی تیا لەدایك و گەورە بـوم، ئومێـدی پێبەخـشیم. شارێك هەرگیز پێم وانەبو راپەرێت و شۆرش بکات، کەچی لـەدژی سـتەم و چەوسـانەوە شۆرشـی بەرپاکرد. ئەمەش وایلێکردم بەشداری لەراپەڕین بکەم ".

## دیمەنی بەغدا

حـەبیب تاسـەرەتای جـەنگی کەنـداو خـۆی و خێزانەکـەی لەگـەڕەکێکی دەوڵەمەنـد و ئـارام دەژیان. حەبیب وەك دەرچویەکی زانکۆ ئومێدی بەپێشخستنی باری بازرگانی خێزانەکەی هـەبو. ژیـانی پیـشەیی حـەبیب پـڕ لەبـەڵێن بـو. بـەڵام لەکاتـژمێری 30ر2 بەرەبـەیانی 17 / ك2 / 1991 دونیـا هـێمن و ئاسـودەکەی بەتـەواوەتی داروخـا. "خـەریك بـو خـەوم لێدەکـەوت شەڕهەڵایسا. ئاسمـان سورهەڵگەڕا و تیـشکی روناکییـەکی درەوشـاوەی پیاتێدەپـەری. تەقینـەوەی بۆردومانەکانم بەوشە بۆ وەسف ناکرێت، چونکە لەکۆتایی دونیـا دەچو. رادێوکـەم کـردەوە گـوێم لەسەدام بو قسەی دەکرد : "ئەمریکیەکان پەلامارمان دەدەن ...". کەس باوەری بەلێدانی عـراق

نەدەکرد، تەنانەت خودی سەدام حوسەینیش باوەری نەدەکرد. کاتێك قسەی بۆ میللەت دەکرد دەنگی زۆر کزبو وەك ئەوەی داری تێبرابێت[25].

کاتێك رادیۆ گۆرانی عاتیفی ماجدە رومی گۆرانیبێژی لێدەدا زیاد لەملیۆنێك کەس لەکۆی چوار ملیون لەترسان بەغدایان بەجێ دەهێشت. ئەو نارەحەتی و ماندوبونە جەستەییەی خەڵکی لەسەرەتای دەستپێکردنی شەڕ بەهۆی چۆلکردنی شارەکانەوە روبەروی دەبونەوە زۆر لەخودی بۆردومانەکە زیاتر بو (ئەوەی لەبەغدا ئەنجام درا هاوپەیمانەکان زۆر بەوردی وەك خۆی رایاندەگەیاند). لەدوای ئەوەی خەڵکی تێگەیشت بۆردومانەکە هەرەمەکی نیە، حەبیبیش وەك زۆربەی خەڵك گەڕایەوە تابایەخ بەماڵ و کارەکانی بدات. حەبیب لەرێگەی برادەرە پایەبڵندەکانی حزبی بەعسەوە سەردانی پەناگەی عامرییەی کرد پێش ئەوەی بەرۆکێتی هاوپەیمانەکان لێی بدرێت و زیاد لەچوار سەد هاوڵاتی تیابکوژرێت.

" خێزانی ئەندامەکانی حزبی بەعس خۆیان لەعامرییە حەشاردەدا. سەرجەم خێزانەکەی جەمیل شەنشەل بەزیندۆێتی لەوپەناگەیە سوتان، هەروەها هێندێك لەو خیزانانەش کوژران کەبەهۆی نزیکیان لەعامرییەوە پەنایان بۆی بردبو. لەرۆژی بۆردومانەکە پێش ئەوەی بەیەکجارەکی ئەو شوێنە قەدەغە بکرێ سەردانی پەناگەکەم کرد. برادەرەکانم پێیان وتم حکومەت پێش ئەوەی بەهانای خەڵکەکەوە بچێت سندوقی بەڵگەنامەکانی دەرهێناوە. ژمارەیەك لاشە ببون بەخەڵوز و ژمارەیەکی تریشیان توابونەوە و بەیەکەوە نوسابون. دەست و قاچێکی زۆر بەجیا لەوناوەکەوتبون، لەراستیدا ئەو پارچانە لەئەندامی لەشی مرۆڤ نەدەچون و کەسیش هەوڵی نەدەدا خاوەنەکانیان بناسێتەوە لەبەر ئەوەی ناسینەوەیان کارێکی ئەستەم بو، بۆیە پاشماوەی لاشەکان خرایە بارهەڵگرێکەوە. تائێستاش ئەو دیمەنانە بەتەواوەتی لەبەرچاومە، تەنانەت زۆرجاران لەنیوە شەودا خەبەرم دەکاتەوە. هەرچییەك بڵێم هێشتا هەر ناتوانیت وێنای ئەو دیمەنانە بکەیت ئەگەر خۆت لەو بارودۆخە نەژیابیت ".

هەستی حەبیب بەرامبەر بەشەڕی کەنداو هەستی کۆمەڵانی سونە مەزهەبی بەغدا و حاڵەتی دەرونی سەردەمی راپەڕین بو کەراستەوخۆ لەدوای ئاگربەستی کەنداو دەستی پێکرد. ترسی کەمایەتییەکی گەمارۆ دراو، ئەو کەمایەتییەی سەرەرای ئەوەی پشتگیری لەدیکتاتۆر نەدەکرد، بەڵام لەکاتی راپەڕیندا لەدەوری خڕبووە، چونکە هەستی دەکرد بەهۆی رووداوێکەوە کەخەریکە جڵەوی لەدەست دەردەچێت و هەرەشە لەبونی دەکرێت. بەدەر لەوەی ئەو ترسە پاساوی خۆی هەیە یا نا. ئەوا وتەکانی حەبیب بەجوانی رونیدەکاتەوە مەسەلەکە بەلایەنی

www.dengekan.com

کەمــەوە ئــەوەی پەیوەنــدی بەخۆیــەوە هــەبێت بریتیــە لەمەســەلەی ژیــان نــەك پاراســتنی دەستکەوتەکان.

" لەرێگەی رادیـۆ بیانییەکانـەوە گوێ بیـستی راپـەڕینی باشـور بـوین. ئایـا دەزانـی لەبەغـدا نـرخی پیلێکی قەلەمی گەیـشتە دە دینـار ؟ تەنانـەت بـەو پارەیـەش دەست نەدەکـەوت. بێکومـان تەلەفزیون نەبو، بۆیـە دەبوایـە رادیـۆی ئۆتۆمۆبیلەکـەم بـەکاربهێنم بـۆ ئـەوەی گوێ لەهـەواڵ و وتارە گرنگەکان بگرم. وێستگەی تـازەی جۆراوجـۆر هـەبو کەپێـشتر هێنـدێکیانم هـەر نەبیـستبو. حکومەت پێی نەدەوت راپەڕین بەڵکو پێی دەوت فیتنە و ئاژاوەگێری و بەخەڵکە راپەریوەکەشـی دەوت ئاژاوەگێرەکـان. حکومـەتی عـراق لـەدوای ئـەوەی جـارێکی دی شـارەکانی باشـوری کـۆنترۆڵ کردەوە ئنجا قسەی لەسەر روداوەکانی باشور کرد، بۆیە کاتێك راپەڕینی شـیعەکان دەسـتی پێکـرد هەواڵە رەسمیەکان باسی لەراپەڕین نەدەکرد، بەڵام هەواڵی راپەڕین بەخێرایی بڵاو دەبووە.

پێیـان راگەیانـدم لەدەوروبـەری شـاری نەجـەف و کەربـەلا هێزێکـی چـوار هـەزار کەسـی بەفەرماندەیی شیعەیەك لەلایـەن یـەکێك لەسـەیدەکانەوە پێـشوازی کـراوە و نـانی بەهەموشـیان داوە، ئەمە لەکاتێکدا ئێمە لەبەغدا لەبرسـان دەتلاینـەوە. ئێـران سەرچاوەی خواردنەکـەبو. ئـەو زاتە موبارەك و فەرماندەیە پێکەوە هەوڵیاندەدا حـوکمی نەجـەف و کەربـەلا بگـۆڕن بـۆ کۆمـاری ئیـسلامی. لـەکاتی راپـەڕین دا ئـەو عراقیانــەی لـەماوەی شـەڕی عـراق - ئێـران دا دەرکرابـون گەڕانەوە بۆ کەربەلا و نەجەف بۆ ئەوەی بەشداری شەڕ بکەن. خەڵکی لەسـەر جادەکـان هورایـان دەکێشا :" ماکو ولی الا علی، نرید حاکم جعفری".

ئێمە هـەمو دەترسـاین چـونکە خـەریك بـو شـیعە دەگەیـشتە بەغـدا. عراقیـەکان دەسـتێکی باڵایــان لــەتاڵان و شــڕەوخۆری هەیــە و پــسپۆرن لەفــەرهود کردنــدا (تــاڵانکردنی مــاڵان و فرۆشـگەجوەکان لـەکاتی قەتلوعامەکـەی 1941 بەفـەرهود نـاوی دەرکـردوە، بۆیـە ئـەم زاراوەیـە لەکاتی راپەڕیندا بەشـێوەیەکی بـەربڵاو لەسەرتاسـەری عـراق بـەکاردەهێنرا). دڵنیـات دەکەمـەوە ئەگەر یاخی بونی شیعەکان بگەیشتایە بەبەغـدا ئـەوا کوشـتن و بـڕین دەبـو بەعانەیـەك. کاتێـك دەچونە سەر هەر ماڵێك لەدوای تاڵانکردنی ماڵەکەیان، هەمو خێزانەکەشیان سـەردەبڕین. کـەس بەکوشتنی کەسی نەدەزانی. مەسیحیەکان زۆر دەترسان و زۆربەیان وڵاتیـان بـەجێ هێـشت. هـەر کەسێك بکەوێتـە نێـوان کێـشەی عـەرەبی سـوننە و عـەرەبی شـیعەوە دەبێـت بەقۆچـی قوربـانی، ئەمـە ئەگـەر چـاو لەمەسـەلەی کـوردی سـوننە بپۆشـین کەئـەوانیش عـەرەبی سـوننە دەکـوژن ! بێگومان مەسیحی و یەهودیش دەبن بەقۆچی قوربانی.

روداوێکت بۆ دەگێڕمەوە. رۆژێکیان خەڵکی سەرەیان بۆ خواردن گرتبو، ژنە موسڵمانێك بریار دەدا نۆرە بڕی لەژنە مەسیحیەك بکات و پاڵێکی پێوەدەنێت و پێی دەڵێت : " تۆ کچی بۆش ـ یت، برۆ بۆ لای تا خواردنت پێ بدات ". ژنە مەسیحییەکەش نەعلەکەی دەگرێت بەدەستەوە و دەکەوێتە سەروگوێلاکی ژنە موسڵمانەکە. بەدەم هاوار کردنەوە پێی دەڵێت: " مێردەکەم وەك هەمو عراقییەك لەبەرەکانی شەڕ بەرگری لەعراق دەکات و براکەشم لەشەڕی عراق ـ ئێران دا کوژراوە. چۆن دەوێریت بەمن بڵێیت کچی بوش ؟ ". لەبەغدا شەڕی لەوجۆرە زۆر رویداوە. مەسیحییەکان بەهاوپەیمانی بریتانیا و ئەمریکا لەقەلەم دەدران، چونکە ئەمریکای مەسیحی عراقی بۆردومان دەکرد. دڵنیات دەکەمەوە عراقییەکان سۆزو خۆشەویستیان لەنێواندا نیە لەبەرئەوەی لەعراق هەمو کەسێك رقی لەوی دی دەبێتەوە.

حکومەت بەمەبەستی چارەسەرکردنی بارودۆخەکە هێزێکی تایبەتی درندە و بەتوانای سوننەی رەوانەی باشور کرد. سەربازەکانی ئەو هێزە تایبەتە خەڵکی رومادی، هیت، سامەڕا، موسڵ و تکریت بون. ئەو هێزە هەردووشارەکەیان بەگۆرستانەکانیشیانەوە وێرانکرد. هەمو شتێکیان لەناوبرد. لەسەرجادەکان سەگ لاشەی مردوەکانی دەخوارد.

لەنێوان شیعە و سوننەدا دوژمنایەتیەکی سەرسەختانە هەیە، ئەو دوژمنایەتیەش هەرگیز لەنیونابرێت، چونکە رقوکینەیەکی زۆر تەنیوەتەوە. مەسەلەکە قەت بەوشێوەیە نەبوە، ئێستا تۆڵەسەندنەوە لەنێوان عراقیە ئاساییەکانیشدا بڵاوبۆتەوە. لەنێو ژاوەژاوی ئاژاوە و پشێویدا، رقوکینە و دوژمنایەتی لەنێوان خەڵکێکی زۆر ئاشکرابوە، ئەوەش کاتێکی لەبار بۆ تۆڵەسەندنەوە دەرەخسێنێت.

کاتێك کوردەکان راپەڕین ژنێك و مناڵەکانی بون بەدراوسێمان و باسی کردەوە ترسناك و ناشیرینەکانی کوردی بۆ دەکردین کە چۆن مێردە بەعسیەکەیان کوشتوە و بەخۆشیان وتوە : " ئێمە عەرەب نین، تەنها مێردەکەت دەکوژین و خۆت و مناڵەکانت بگەڕێنەوە بۆ شوێنی خۆتان ". هەروەها ئەو ژنە دەیوت کاتێك کوردەکان ناوچەیەکیان کۆنترۆڵ دەکرد بەعسیەکانیان لەناو شار دەگێڕا و داوایان لەخەڵکی دەکرد ئەو کەسانە بناسنەوە کەئازاری پێگەیاندون وخەڵکەکەش هەریەکەیان سەرگوزشتەیەکی دەگێڕایەوە، چۆن ئەمیان دەستدرێژی کردۆتەسەر، چۆن ئەویان ئازاری پێگەیاندوەو ... هتد. کاتێك بەرپرسی گیراوەکان بریاری گوللەباران کردنی یەکێکیانی دەردەکرد، ئیتر خەڵکی بەخەنجەر پەلاماری گیراوەکەیان دەدا و تەنانەت هێندێك جار پێش دەرچونی بریارەکەش گیراوەکەیان دەکوشت. هێندێك لەگیراوەکان لەدوای سەربڕینیان

پارچەپارچە دەکران. ئەو کردەوانە جۆرێك لەتۆڵەسەندنەوە و پاکتاوکردنی حیسابات بو. تێکرای رووداوەکان بریتی بو لەقەسابخانەیەك. کوردەکان بەهەزاران بەعسیان کوشت، بەڵام کوشتنێکی هەرەمەکی نەبو، چونکە تەنها بەعسی و دەستیارانی ریژیمیان دەکوشت. کاتێك کوردەکان شاری کەرکوکیان کۆنترۆڵ کرد نەیاندەهێشت هێندێك عراقی بچێتە ناوشارەکەوە و پێیان دەوتن کەرکوك کوردستانە، وەك ئەوەی رۆیشتن بۆ شارێکی خۆت پێویستی بەڤیزا بێت.

حەبیب روحی گاڵتەو شۆخی تیابو، بۆیە سەردانەکەی سەدام حوسەین بۆ شارەکانی کەربەلا ونەجەف لەدوای تێکشکانی راپەڕین بەمشێوەیە دەگێرێتەوە ؛ سەدام دەمانچەکەی دەرهێنا و بەئاسماندا بەتاڵی کردەوە کەبەپێی دابونەریتی عەرەب مانای سەرکەوتن دەگەیەنێت، بەڵام رۆژی پاشتر گوێمان لە رادیۆی مۆنتیکارلۆ بو تەقەکردنەکەیان بەپێشیلکردنی ئاگربەست لەقەڵەم دابو، سەدامیان بەهەزار دۆلار غەرامەکرد و ئەوەشیان لەسەرلیستی قەرەبوکردنی زیانەکانی شەڕ حیساب کردبو.

بەهەرحاڵ حەبیب عەرەبێکی سونی نەبو، بەڵکو یەهودییەکی بەغدادی بو. لەعراقی سەدام حوسەین لەدایك و گەورە ببو، بەڵام زۆرجاران خەڵك بەهەڵە لێی تێدەگەیشت و بەبەعسیان دەزانی : "بەهۆی سمێڵ و رەشی رەنگی پێستم چەندین کەرەت داوایان لێکردوم پەیوەندی بەحزبی بەعسەوە بکەم، لەتەمەنی شازدە ساڵیدا بەفیعلی پەیوەندیم پێوەکردن، کەچی دەریان کردم، چونکە لەوە دەترسان ئەگەر پلەوپایەی بەرز لەحزب وەربگرم زانیاری بدەم بەئیسرائیل". بەڵام هەر کاتێك شاندێکی رۆژئاوایی سەردانی بەغدای دەکرد داوایان لێدەکرد سەردانی کنیسەکەی حەبیب بکات.

" رۆژێکیان تیمێکی ئەمریکی، لەناو مەزارێکی کنیسە، وەك پاشماوەی یەهودییە ونبوەکانی سەردەمی بابلی کۆن وێنەیان دەگرتین. وێنەگرەکە جەختی لەسەر تەوراتە تایبەتەکەی دەستم دەکرد و لەهەمو لایەکەوە وێنەی من و کتێبەکەی دەگرت. منیش بەهەمو توانایەکی خۆمەوە هەوڵمدەدا بەجیدی و بەخواپەرست خۆم پێشانبدەم، بۆیە سەرم لەسەر لاپەرەکەی بەردەمم هەڵنەدەبری وەك ئەوەی گرنگترین شتی ئەم دونیایە بێت. زۆر زەحمەت بو روو وەرنەگێڕم، پاشان ناچاربوم روو لەپیرەمێردێکی یەهودی تەنیشتم بکەم و لێی بپرسم ئایا لاپەرەی کتێبەکەم بەدروستی کردۆتەوە. پیرەمیردەکە تەماشای تەوراتەکەی کرد، ئنجا تەماشایەکی کردم و وتی "تەوراتەکەت ئاوەژوو بەدەستەوە گرتوە". لەراستیدا نازانم عیبری بخوێنمەوە".

یەهود تەنها دێرنترین کەمایەتی عراق نیە، بەڵکو بوە بە بچوکترین کەمایەتی و تەنها چەند سەد کەسێکیان لێماوەتەوە، بۆیە یەهودییەکان لەهەمو کەسێك باشتر لەمانای ژیانی ژێر

دەستەیی تێدەگەن. کاتێك حزبی بەعس لەساڵی 1968 حوکمی گرتە دەست، هەوڵیدەدا لەرێگەی دژایەتی کردنی یەهودەوە رەوایەتی بەحوکمرانی خۆی بدات ـ وەك بەئاشکرا لەسێدارەدانیان ـ ئەوەش یەکەم لێدانی ژێی (وتر)هەڵمەتێکی گشتی و فرەلایەنی ئەو ترسە بو کەدواتر هەمو تاکەکانی عراقی گرتەوە. کتێبی "کۆماری ترس" پەرچەکردارێکی بێمانای لەنێوهێندێك عەرەب وروژاند و پێیان دەوتم :"بۆچی روبەرێکی فراوانت بۆ قەیرانی مشتێك یەهودی ساڵی 1968 تەرخانکردوە؟ یا بۆچی لەسەر مەینەتی هەمو عراقیەکان پێت دانەگرتوە؟ بەڵام لەراستیدا چەوسانەوەی هەمو تاکێکی عراق لەلایەن حزبی بەعسەوە لەلاوازترین گروپیانەوە دەستی پێکرد. حەبیب بەباشترین شێواز قسەی لەسەر ترسی کەمایەتیەکانی عراق دەکرد، چونکە قوڵایی ئەو ئەزمونەی لەناخیا رەگی داکوتابو، دەکرد بەدەسپێك بۆ ئەوەی قسە لەسەر مانای چەوسانەوەی مرۆڤ بکات لەلایەن شارستانی زۆرینەوە. حەبیب بەشێوەیەکی تایبەت قسەی لەسەر ترسێکی تازەی کۆمەڵێك دەکرد، ترسی حوکمی عەرەبی سوننە لەبەغدا کەخاوەنی زۆرترین دەستکەوت بو لەعراقدا.

## دیوێکی دی را پەڕین

زۆرجاران دەوترێت لەکاتی راپەڕیندا خەڵکانی غەوارە بینراوە. مامۆستا حەمید کەپێشتر باسمان کرد، یەکێکە لەو شاهیدانەی گرتنی مەرقەدی ئیمام عەلی لەشاری نەجەف بەچاوی خۆی دیوە. رۆژی یەکشەممە، رێکەوتی 2 / ئازار گوێی لەهێندێك خەڵك بوە بەچرپە دەیانوت " هێزێکی گەورە لەئێران پەریوەتەوە "، ئنجا نزیکەی 15 ـ 20 کەسی لەو خەڵکانە بینیوە کەبەخۆیان دەوت "موجاهید" بەدەم "اللە اکبر"ەوە لەمزگەوتی گەورە دەهاتنە دەرەوە و هورایان دەکێشا "لاشرقیة، لاغربیة، جمهوریة اسلامیة"، ئەمەش دروشمێکی شۆرشی ئیسلامی ئێران بو.

هەروەها دەیانوت :" ئیسلام ئاینمانە و حەکیم سەرکردەمانە "[26] . یەکێکیانم نەناسیوە، چونکە روخساری بەلامەوە نامۆبو. ریشێکی بەردابوە و سەرپێچێکی سەوزی بەستبو. هێندێك کەس دەیانوت ئەوانە بۆ پیاوانی ئیستخبارات نێومەرقەد هێنراون. خەڵکی لەمزگەوت خڕبونەوە بۆ ئەوەی بەمایکرۆفۆن گوێ لەرێنماییەکان بگرن. خواردنیان دابەشدەکرد و داوای دەرمانیان دەکرد. واتەواتی ژەهراوی کردنی خواردنەکە بلاوبوەوە. خاوەن دەرمانخانەیەکی دەوڵەمەند کە دواتر بۆ سعودیە رایکرد، دەرگای گەنجینەکەی خستەسەر پشت. داوای ئەو

کەسانەیان دەکرد کەلـەتانك و رۆکێتی سـتریلایان دەزانـی. لـەمایکرۆفۆنی مزگەوتـەوە خـەڵکیان لەئۆتۆمۆبیلی دیـاریکراوی پیـاوانی ئیـستخبارات ئاگـادار دەکـردەوە و ئێمـەش بـۆ ئـەوەی لـەخاڵی پـشکنینی سـەر ڕێگـەکان خۆمـان بناسـێنین وێنەیـەکی ئیمـام عـەلی یـا ئایەتـەڵلاخوئی - مـان دەنوساند بەپێشی ئۆتۆمۆبیلەکەمانـەوە یـا ئاڵایـەکی سـەوزمان دەبەسـت بـەئاریالی سـەیارەکەوە. بەپێی دەنگوباسەکان ئێمە و کورد لەبەغدا یەکماندەگرتەوە و ئۆپۆزیسیۆنی عـراقیش چاوی بـە دان کوایلْ دەکەوێت"(27).

سەرگوزشـتەکەی مامۆسـتا حەمیـد کۆمەڵـە ڕەگـەزێکی نـوێی دی دەهێنایـە ئـاراوە لەگـەڵ پێداگرتنەکەی خۆی نەدەگونجا کە دەیوت : " ئەم ڕاپەڕینە، ڕاپەڕینێکی ئاینی نـەبو ". ڕیـژێم و توێژێکی گەورەی چینی مامناوەندی سوننە مـەزەب پێیـان وابـو ڕوداوەکـان بـەفیتی بێگانـە بـوە. ڕاڤەکردنێکی دی بۆ ڕاپەڕین هەیە کەبریتیـە لـەوەی ڕاپـەڕین بزوتنەوەیـەکی هەرەمـەکی نـەبو، بـەڵکو پێـشتر پلانـی بـۆ دارێـژراوە، ئەمـەش ڕەئـی سـەرکردەیەکی بـەرەی کوردسـتانی بـو کـە فەرماندەیی یەکەم هەڵمەتی سیستماتیکی پێشمەرگانەی دەکرد بۆ سەرپێگەکانی سوپای عـراق و لەکاتی ڕاپەڕیندا ڕۆڵێکی سەرەکی لەباکوری عراق هەبو.

" ئێمـە هـەواڵمان لـەناوخۆی عـراق دروسـتدەکرد، ڕەنگـە ڕاپـەڕین لەهێنـدێك شـوێنی دی ڕوداوێکـی هەرەمـەکی بوبێـت، بـەڵام لەناوچـە کوردنـشینەکاندا ڕوداوێکـی ڕێکوپێـك و لەلایـەن بـەرەی کوردستانیەوە پلانـی بـۆ دارێـژرابو. لەمەڵبەنـدی ڕانیـەی سەرسـنوری عـراق - ئێـران و ناوچـەکانی دی دەسـتمان بەڕاپـەڕین کـرد و هـەمو شـتێك بـەپێی پـلان ئـەنجام دەدرا. لـەدوای داگیرکردنــی کوێــت لەکۆبونــەوەکانی بــەرەی کوردســتانی و ســەرکردایەتی ئەنجومــەنی بــاڵای ئیـسلامی بـۆ ڕوبەڕوبونـەوەی ئەگـەرەکان گفتوگـۆ لەسـەر سـیناریۆی جیـاواز دەکـرا. بزوتنـەوەی کوردایـەتی و ئۆپۆزیـسیۆنی شـیعەی عـراق گەشـتنە جۆرێـك لـەهاوکاری و لەسـەر کۆمـەڵێك پرەنـسیپ ڕێکـەوتین، لەوانـەش هاوکـاری سیاسـی و سـەربازی. براشـیعەکان بـەڵێنیان پێمـان دا کۆمـاری ئیـسلامی لـەعراق دانەمـەزرێنن، چـونکە یەکـسەر لەسـەر ئاسـتی هەرێمایـەتی و جیهـان دژایەتی ڕاپەڕین دەکرێ.

ـ کـەنعان مەکییـە: بـەڵام لـەکاتی ڕاپەڕینـدا دروشمـی دامەزرانـدنی کۆمـاری ئیـسلامی بەرزکرایەوە؟

ــ بـــەڵێ، ئـــەوەش هۆیـــەکی ســـەرەکی شکـــستی ڕاپـــەڕین بـــو، ئەگـــەر لەبەڵێنـــەکان پاشگەزنەبونایەتەوە و ئەگەر ئەو دروشمانەی باسی دەکەیت بەرزنەکرایەتـەوە، ڕاپـەڕینیش بـەو تراجیدیایە کۆتایی نەدەهات.

بەڵام دەیزانـی لەبەرژەوەنـدی گـەلی عـراق و ئۆپۆزیـسیونی عـراق نـەبو بـوترێ بـەهاوكاری بزوتنەوەی كوردو ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی بەدرێـژایی چـەندین مـانگ و لەئـەنجامی چـەندین چاوپێكەوتن كەپێشتر ئامادەكاری بۆ كرابو راپەڕین بەرپاكرا. چاوپێكەوتنەكان لەرێگەی لیژنـەی هاوكـاری، كەنیوەندەكـەی لەباختــەران (كرماشــان) بــو بەشــێوەیەكی بــەردەوام ئەنجامــدەدرا، ولــەتارانیش چــاوپێكەوتن ســازدەكرا، ولیژنــەی فــەرعیش بــۆ هاوكــاری ســەربازی وسیاســی و پەیوەنــدی گــشتی دامــەزرا. ئێرانیــەكان لەهــەمو كۆبونــەوەكان ســیفەتی شــاهیدیان هــەبو. دانیــشتنەكان لەســەر كاســێت تۆمــار دەكــران، هــەروەها لــەكاتی چــاوپێكەوتنەكاندا ســەرنج و تێبینیەكانی خۆیان دەنوسی. پێویستە بوترێ لیژنەی بـاڵای شۆرشـی ئیـسلامی لـەعراق هێزێكـی گەورەی دەهەزار سەربازی بەناوی لیوای بەدرەوە هەبو، بزوتنەوەی رزگاریخوازی كـوردیش هێـزی چـەكداری خــۆی هــەبو. ئــەو هێزانــە بــەپێی پلانێكــی دارێــژراو لــەباكورو باشــوری عــراق دابەشكرابون.

ـ كەنعان مەكییە : بەڵام ئایا سەرگوزشتەی فەرماندەی تانكەكانی گۆڕەپانی سەعد راستە؟

ـ بەڵێ، راستە.

ـ كەنعان مەكییە : ناوی چیە ؟

بەداخەوە، نازانم [28].

ئــەو چــاوپێكەوتنانەی ســەركردە كوردەكــە باســی دەكــرد مەســەلەیەكە گومــان لەراســتی و دروستی ناكرێـت و نوێنـەری رەسمـی حكومـەتی ئێـرانیش ئامـادەی چـاوپێكەوتنەكان بـوە، بـەڵام لــەوە دەچــێت ئێرانیــەكان گوشــاریان خــستبێتە ســەر بــەرەی كوردســتانی و ناچــاریان كردبێــت ئامادەی كۆبونەوەكان بێت. بەرزترین نوێنەری بەرەی كوردستانی و ئەنجومـەنی بـاڵای ئیـسلامی ئامـادەی كۆبونــەوەكانی تـاران بـون. بەهـەرحاڵ ئـەو چـاوپێكەوتنانە چ سـود و قـازانجێكی بـوە، ئەوەیان مەسەلەیەكی ترە.

كــوردە ناحزبیــەكان پێیــان وایــە راپــەڕین لــەباكور و باشــور هەرەمــەكی بــوە. حزبــە كوردســتانیەكان لــەدوای ئــەوەی جــەماوەری كوردســتان بارودۆخەكــەیان كــۆنترۆڵ كــرد، كــەوتن بەســەر حازریــدا : ســەرلەبەیانی رۆژی 4 / ئــازار لەخــەبات وئۆردوگاكــەی، ئــەو ئۆردوگــا زۆرەملییەی حكومەتی عراق ساڵانی هەشتاكان بـۆ راگواسـتنی كوردەكـان دروسـتی كردبـو، چـەند خوێنـدكارێكی ئامـادەیی پـەلاماری یەكەیـەكی هێـزی فریاگوزاریـان دا ( طـوارئ) كەبـەدوای

سەربازی راکردو دەگەڕان، ولەئەنجامـدا شـەڕ هەڵایـسا و چـەند کەسـێك کـوژران، بـەڵام روداوەکـە پەردەپۆش کرا" [29].

رۆژی 6 / ئـازار بەریوەبەرایـەتی گـشتی ئـەمنی بەغـدا رێنمـایی و فرمـانی تایبـەتی بـۆ موخابـەراتی شـاری دهـۆك دەرکـردوە و داوای سـەرکوتکردنی خۆپیـشاندانە جەماوەرییـەکانیان لێدەکات. ئەو بەڵگەنامەیەی لەکاتی راپەڕیندا کەوتـە دەست شۆرشـگێرەکان بـە " بەسمەلـە " ی کلاسیکی، واتە " بسم الله الرحمن الرحیم " دەست پێدەکات ( لەناو کوردا پێی دەوترێ بیـسمیلا ـــ و ). بەڵگەنامەکـە بەتـەواوەتی جـەخت دەکاتــە سـەر خۆپیـشاندانەکانی دوژمنــان و ئــەو رێوشـوێنانەی پێویـستە پیـادەبکرێ بـە "داخـستنی هـەمو رێگەوبانـەکان" و کـۆنـترۆڵکردنی ئـەو بەرزاییانەی دەروانێت بەسەر رێگەوبانەکاندا "، بەڵام بڕگـەی چوارەم خـاڵێکی یەکلاییکـەرەوەی تیایـە : "لـەدوای گرتنەبـەری رێوشـوێنەکانی سـەرەوە و ئابلوقـەدانی دوژمنـان بـەپێی رێنماییـە نێوەندییــەکان دەبــێ لــە95٪ ـــ یــان بکوژرێــت و باقیەکەشــیان بەمەبەســتی لێکۆڵینــەوە بهێڵرێنەوە" [30].

سەرەرای ئـەو رێوشـوێنە تایبەتیانـەش کەچـی سـەروەر ـ ی کریکاری کارەبا کـەوتنی شاری دهـۆکی بەچـاوی خـۆی دیـوە :"زیـاتر جـەخت لەسـەر دەزگاکـانی ئـەمن دەکـرا و ئـەوانیش تـا کاتژمێری 6ر30 سەرلەبەیانی 17 / ئازار / 1991 بەرگرییەکی قورسـی دڕندانـەیان کـرد". بەرپرسی ئەمنەکان لەژورەوە رێنمایی پیاوەکانی خۆی دەکرد و هانیـدەدان درێـژە بەشـەڕبدەن و پێیانی دەوت : "مەترسن ... ئەوانە پێشمەرگە نین". راستی دەکرد چونکە ئـەو 150 کەسـەی ( یانزیك بـە150 کـەس ) پـەلاماری بیناکـەیان دەدا لەخـەڵکی ئاسـایی و موستەشـارە کوردەکـان بـون. کاتێـك لـەماڵ دەرچـومە دەرەوە چـەند چـەکدارێکم بـینی جلـی پێـشمەرگانەیان پۆشـیبو، هەرچـەندە پێـشمەرگەش نـەبون ". هـەروەك سـەروەر دەیگێڕایـەوە، رۆژی دواتـر پـاش ئـەوەی بەتەواوەتی شار کەوتە دەستی جەماوەر و ئەوانەی پێشتر پێیان دەوترا موستەشـار، نزیکـەی 60 پێشمەرگە گەیشتنە دهۆك" [31].

موستەشارەکان لـەکوردە دەستڕۆیـشتوەکان بـون و بـەزۆری لەسـەرەك خێڵـەکان پێکهـاتبون و بەرامبەر بەهێورکردنەوەی کـورد و رێکخـستنیان لـەو یەکەسـەربازییانەی خۆیـان سەرپەرشـتیان دەکـرد و بەشـێك بـو لەسـوپای عـراق، پارەیـەکی زۆریـان لەبەغـدا وەردەگـرت. موستەشـارەکان لەناوکورد بەچاش ناسراون. ئەو یەکە کوردییانەی موستەشارەکان سەرپەرشتیان دەکرد ژمارەیان لەچـەند سەدکەسـێکەوە بـۆ چـەند هـەزار کەسـێك دەبـو. لـەکۆتایی سـاڵانی هەشـتاکاندا زیـاد لەچارەکە ملیونێك سەربازی نانیزامی کورد لـە 300 ـ 350 یەکـەی لـەو جـۆرە کۆکرابونـەوە،

بۆیە لەدوای ئەوەی سەدان موستەشار لەریژێم هەڵگەڕانەوە، ئنجا ڕێکخراوەکانی ناو بەرەی کوردستانی لەباکور بەشداریان لەڕاپەڕین کرد. هەڵگەڕانەوەی کوردە جاشەکان، بەئەفسەر و موستەشار و پیاوەکانیانەوە هاوکات بو لەگەڵ ڕوداوەکانی باشور. هەڵگەڕانەوەو وازهێنان چەند ڕۆژێك لەدوای ڕوداوەکانی شاری بەسرە دەستی پێکرد، هەرچەندە پێشوەخت بەرەی کوردستانی بریاری لێبوردنی گشتی بۆ دەستیارانی حزبی بەعس دەرکردبو. لەزستانی 1990دا ئەو بریارەیان بەنهێنی یا بەرادێو بەموستەشارەکان ڕاگەیاند. هەڵگەڕانەوەی موستەشارەکان ڕێگەی بۆ هەردوو حزبە سەرەکییەکەی کوردستان ـ پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان ـ خۆشکرد دەست بەجموجۆڵی سەربازی بکەن.

ڕۆژی 5 / ئازار هێزی پێشمەرگەی کوردستان چونە شارۆچکەی ڕانیەی نزیك بەسنوری عێراق ـ ئێران و لەوێشەوە بەرەو ناوچەکانی دی کەوتنەڕێ. هێزەکانی بەرەی کوردستانی بەهاوکاری شانە چەکدارەکان و ئەو هێزانەی پێشتر لەشاروشارۆچکەکان دانرابون، دەستبەجێ پەلاماری دەزگاکانی حزبی بەعسیان دا، بەڵام جاشەکان بەبێ هاوکاری هێزەکانی بەرەی کوردستانی شارەکانی دهۆك و ئامێدی و زاخۆ و ئاکرێ یان ڕزگار کرد. سوپای عێراق بەرگرییەکی ئەوتۆی هێزی پێشمەرگەی نەکرد، بەڵکو هێزەکانی مجاهیدینی خەلق کەهێزێکی ئیسلامی نەیاری خومەینیە و بارەگای سەرەکی لەعێراقە ومەسعود ڕەجەوی ڕابەرایەتی دەکات، بەتانك و تۆپەکانی حکومەتی عێراق بەرگرییەکی دڕندانەیان کرد(32). هێزەکانی ڕەجەوی توانیان ماوەی دوو ڕۆژ پێشرەوی هێزە کوردستانییەکان بەرەو شاری سلێمانی ڕابگرن. بەڵام لەگەڵ ڕزگارکردنی کەرکوك لەڕۆژی 20 / ئازار بۆ یەکەمجار زۆربەی ناوچەکانی باکوری عێراق کەوتە ژێر دەستەڵاتی کوردەوە.

عەفەوییەتی ڕاپەڕینی خەڵکی باکور چەند ڕاستیەکی حاشاهەڵنەگرە ئەوەندەش مەسەلەیەکە پێویستی بەلێکۆلینەوەو بەدواداچون هەیە. لەهەمو حاڵەتێکدا بەڵگەی روون و ئاشکرا هەیە کەسەرچاوەی ڕاپەڕین وەك ڕوداوێکی گشتیگیر لەسوپای عێراقەوە دەستی پێکرد و یەکەم پزیسکی ڕاپەڕینیش لەسەر دەستی ئەفسەرێکی پایە بڵند کەوتەوە، ڕەنگە ئەو کاتەی بازیداوەتە سەرتانکەکەو کەوتۆتە جنێودانی ڕیژیم خودی خۆی حەپەسابێت و بەدڵنیایشەوە ئۆپۆزیسیونی عێراقی لەئێران ـ شیعەو کورد ـ سەرسام کردوە. ئەو پەندەی ئەفسەرەکە پێشکەشی کرد وەك ئاگری ناوپوش تەشەنەی دەسەند، بەڵام ئەو ئاگرەی لەباکور هەڵایسا بەتەواوەتی لەئاگری باشور جیاواز بو.

پـــشتگیریکردنی کوردەکـــان لەراپـــەڕین بـــەو شـــێوە توندوتۆڵـــە نـــەبو کـــەزۆرێك لەئۆپۆزیـــسیونەکانی عـــراق ئیـــدعای دەکـــەن، دەرەبـــەگ و ســـەرەك خێڵێکـــی دەوڵەمەنـــد کەلەسەرتاسەری عراق کاری بازرگانی وبەڵێندەرایـەتی هـەبو بەدرێـژایی راپـەڕین لەگـەڵ ریـژیم دژایەتی راپەڕینی دەکرد، بەڵام لەدوای ئەوەی هەمو شتێك تەواو بو ئنجا هەڵوێستی خۆی گۆڕی. ئەم جاشە وەك "هاورێیەکی نزیك خێزانەکەی سەدام" وەسفی خۆی دەکرد، ساڵانێکی دورودرێـژ پەیوندییەکی توندوتۆڵی لەگـەڵ ئەندامـە بـەرزەکانی سـەرکردایەتی حزبـی بـەعس هـەبوە. ئـەو پەیوەندییەشـی لەناوەراسـتی هەشـتاکانەوە دەسـتی پێکـردوە ؛ ئـەویش کاتێـك " مـن ونزیکـەی بیست کەسێکی دی بەمەبەستی وەرگرتنی مـەدالیای ئازایـەتی گەیـشتینە کۆشـکی کۆمـاری، بـەڵام کاتێك سـەدام هاتـە ژورەوە کـەسمان چـەپڵەمان بـۆی لێنـەدا. سـەرەك خێڵێکـی وەك ئێمـە پێمـان شەرم بو منالٔ ئاسا چەپڵە لێبدەین، بەڵام شتێك رویـدا بۆیـە جاری دوەم لەگـەڵ چـەند سـەرەك خێڵێکـی دی سـەردانمان کـردەوە رێکـەوتین لەسـەر ئـەوەی چـەپڵەی بـۆ لێبـدەین لەبەرئـەوەی تێگەیشتین سەدام پێشوازی لەو جۆرەی پێخۆشە". ئەم پاسـاوە سـەرنجراکێش و راشکاوانەی ئـەم بەرپرسەجاشە بۆ راڤەکردنی هەڵوێستی خۆی لەکاتی راپەڕیندا رەنگە لەگەڵ هێندێك دەستکاری گونجاودا بۆ هەمو ئەو عراقیانە بشێت کەساڵانی هەشتاکان قازانجی مادییان لەریژیم کردوە :

" بـەڵێ، ساڵی 1975 لەسـەرکوتکردنی کورد و ساڵی 1988 لـەکیمیا بـارانکردنی کـورد و ساڵی 1991 کاتێك کوردیان ناچارکرد بەرەو چیا رابکات وبەهەزاران کەسیان لێکوشت، هاوکاری و پـشتگیری بەعـسیەکانم دەکـرد. چـۆن ئەوانـەم کـردوە؟ لەبەرئـەوەی زۆر بەسـادەیی بـڕوام بەئۆپۆزیـسیون نـەبو. مـن و موستەشـارەکانی دی لەپایتـەخت و شـارەکان گـەورەبوین و لەسـەر جـۆرە ژیـانێکی تایبـەت راهـاتوین و کەسـوکار و زەویـوزارێکی زۆرمـان هەیـە. مـن لەپـشت ئـەو کێوانـەوە حـەوت هـەزار دۆنم زەویـم هەیـە و سـەدام زەوتـی کـردوە و لـەجیاتی ئـەوەش مانگانـە بەبری سەد هەزار دینـار وەلائـی مـنی کڕیـوە. دەزانم خزمـەکانم دەچەوسـێنەوە، بـەڵام هـەروەك پێشتر باسم کرد لەکاتی راپەڕیندا بڕوام بەراپەڕین نەبو.

مەسەلەی کورد بـەئێران بەسـترابووە و ئێرانیـەکانیش بەرامبـەر بەدەسـتەکەوتێکی خۆیـان واز لـەکورد دەهێـنن، بـەڵام ئەگـەر ئـەمریکا یـا فرەنـسا یـا بریتانیـا تەبـەنی مەسـەلەی کوردیـان بکردایـە، ئـەوا پەیونـدیمان بەشۆڕشـی کـوردەوە دەکـرد. دیـسانەوە دوبـارەی دەکەمـەوە بڕوامـان بەهێزی ئۆپۆزیسیون نەبو بۆیە پشتی ریژیمان دەگرت.

ناچـار کـرام لەگـەڵ سـوپای عـراق شـارەکەم بگرمـەوە. لـەکاتی هێرشـدا خزمـەکانم شـەڕیان دەکـردین و نەیاندەهێـشت شـارەکەیان بگـرین. سـێ رۆژ پـێش ئـەوەی شـارەکە کـۆنترۆڵ بکـەین

پێشرەویمان بۆ شارۆچکەیەکی نزیکی کرد و دەستمان بەسەراگرت و سێ پێشمەرگەشمان بەدیل گرت. شەوێ هەر سێ پێشمەرگەکەم ئازاد کرد و پێم وتن برۆن ئەوەی بەچاوی خۆتان دیوتانە، خەڵکی لێئاگاداربکەنەوە و پێیان بڵێن جارێکی دی سوپا دەگەڕێتەوە.

تەنانەت کاتێك برینداریش کرام دڵم هەرخۆش بو بەوەی کورد بەرگری لەخۆی دەکات. دەمویست بەرگری لەشارەکەیان بکەن. برا و ئامۆزا و خزمەکانم لەچیاکانی دەوروبەر شەڕیان دەکرد. برینداریان کردم.. بەڵام خۆشحاڵ بوم، هەرچەندە برینداربوم، بەس نەچوم بۆ نەخۆشخانە، چونکە پێم باش بو لەگەڵ سوپا بمێنمەوە تاخەڵکی لەئازار و شارەکەشم لەوێرانکاری بپارێزم. دوای ئەوە بەرەو شارۆچکەیەکی دی رۆیشتین، بینیمان چۆڵە، ئیتر تێگەیشتم کورد عاقڵ بوە و بەرژەوەندی خۆی دەزانێت و لەنزیکترین کاتیشدا ئامانجەکانی خۆی بەدەست دەهێنێ.

ئەو پرسیارەی ئێستا لەگۆڕێیە ئەوەیە: کاتێك هێزەکانی هاوپەیمانان ناوچەکە بەجێدەهێڵن چ روودەدا. عیزەت دوری پێش دە رۆژ ( ئایار / 1991 ) من و چەند کەسایەتییەکی دی کەبەشداری راپەڕینمان نەکردبو بانگهێشت کرد، بۆ هەریەکێکمان جانتایەك پارەی ئامادە کردبو. دوری پێی وتین :" ئێوە دوودڵن ... لەرێکەوتنی ئێمەو کوردەکان دەترسن. وەڵامەمان دایەوە ؛ ئێمە ناترسین چونکە هەمو کەسوکارو ماڵومولکمان لەچیایە و بەتەنها خۆمان ماوینەتەوە. وتی : لەوانەیە مەڵبەندی دهۆکتان بدەینێ. وتمان : تەنانەت لەم رۆژگارەدا مناڵەکانیشمان پشتمان ناگرن. وەڵامی دایەوە :"باشە، ئێوە دەستەڵاتان هەیە، بۆیە دەتوانین لەدهۆك بتانکەین بەنوێنەری حکومەت". وتم :"ئێستا کورد رازی نابێت ئێمە نوێنەرایەتیان بکەین". دوری وتی : "هێندێك جار ئاشتی لەگەڵ کورد دەکەین و هێندێك جاریش شەڕیان دەکەین، ئێستاش کاتی گفتوگۆیە، بەڵام کاتێك ئەم وەزعە کۆتایی بێت و ئەمریکاییەکان ناوچەکە بەجێدەهێڵن تەنها سێ رۆژ بۆ چارەسەر کردنی کێشەی کورد بەسە".

وشەی "چارەسەرکردن" مانای شەڕی کورد دەگەیەنێت، بەڵام ئەمجارەیان سوپا هێرشێکی بەربڵاوناکات، بەڵکو سەدام شێوازی دی بەکاردەهێنێ. هەرگیز سڵی لەتیرۆرکردنم نەدەکردەوە، ئنجا کوردی بەو کارە تاوانبار دەکرد، و داوای تۆڵەی خوێنی بەناهەق رژاومی دەکردەوە. دوری گرەوی لەسەر وەخت دەکرد، بۆیە تائەودەمەی لەگەڵ ئۆپۆزیسیون رێدەکەوتن پاریزگری لێدەکردین، ئنجا تەسلیمی دەکردینەوە و کوردی دی هاندەدا بمانکوژن.

پـێم وایـە ئێـستا کـاتێکی لـەبارە بـۆ سـەنگەر گۆڕینـەوە بۆیـە منـیش چارەنوسـی خـۆم بەچارەنوسی میللەتەکەم بەستەوە. بڕوام بەپـشتگیری و پارێزگـاریکردنی ئـەمریکا هەیـە. ڕاستـە ئەمریکا ساڵی 1975 کوردی فرۆشت، بـەڵام ئێـستا بارودۆخەکـە جیـاوازە، چونکە هەنوکـە جـێ بڕوایی وڵاتەیەکگرتوەکان لەمەحەکە ئیتر چ مەسەلەی مرۆڤایەتی بێت یـا بـەخت یـاوەری کـورد بێت، لەهەردوو حاڵەتەکەشدا ئەمریکا کەوتۆتە داوەوە، بۆیـە لەهـەمو بارێکدا تامەسـەلەی کـورد لەئارابێت ئەمریکاش ڕوبەڕوی بارودۆخێکی لەوجۆرە دەبێتـەوە. پـێم وانیـە جهـانی پێـشکەوتوی ڕۆژئاوا و ئەمریکا کەلەهـەمو دونیـا بـەرگری لەمافـەکانی مـرۆڤ دەکـەن، کـورد ئومێـدەوار بکـەن، پاشان پشتی تێبکەن بـۆ ئـەوەی ڕوبـەڕوی دوژمنێکـی وەك سـەدام بێتـەوە. ئەگـەر سـەدام هەڵـەی کوشندەی گرتنی کوێتی نەکردایـە، ئـەوا عـەرەب لەرکبەرایـەتی کـورد بـەردەوام دەبـو، مەسـەلەی کوردیش لەدونیادا بەفەرامۆشی دەمایەوە " [33].

## لەئاسودەییەوە بۆ گاڵتەجاری

شـۆڕش جۆرێکـە لەشـانۆگەری. دڕانـدن و ڕوخانـدنی وێنـەکانی سـەدام حوسـەین لەهـەمو شاروشارۆچکەکانی باشـور و بـاکوری وڵات لـەرۆژانی یەکـەمی ڕاپـەڕین دا باشـترین شـانۆگەری و قـوڵترین هێمـای ڕوداوەکـان بـو. هـەنا ـ ی ئەنـدازیارو دایکـی دوو منـاڵ بەمـشێوەیە ڕوداوەکـانی سلێمانی وەسفدەکات :

" کاتێك بیستمان شەڕی بینای سـەنتەری موخابـەراتی گـشتی ( ئەمنەسورەکە ) تـەواوبوە، هەمو ڕژاینە سەرجادەکان. نزیکەی پێنج مناڵی تەمەن 5 ـ 7 ساڵان بەرەو کۆمەڵە ژن و پیاوێـك ڕایانــدەکرد، ئەوانــەی بەرامبــەر وێنەیــەکی تەختــەی ســەدام ڕاوەســتابون، کەلەســەردیوارێکی چیمەنتۆ دانرابو. مناڵەکان دەستیان کـرد بـە بـەردە بـارانی کردنـی وێنەکـە و پاشـان بەچـەقۆ و شتی دی کەوتنە وێزەی وێنەکەی سەدام حوسەین و خەڵکە بەتەمەنـەکانیش بـەهێمنی تەماشـای ڕوداوەکـەیان دەکـرد. لێتـان ناشـرمەوە هـەمو دەترسـاین. ئنجـا مناڵـەکان پارچـە تەختـەکانیان کۆکردەوە و ژنێك بەبوتڵێك نەوتەوە لێیان نزیك کەوتەوەو نەوتەکەی پیاکرد و ئـاگری تێبـەردا. کاتێك ئاگرەکـە گەیـشتە دەموچـاوی سـەدام خەڵکەکـە دەسـتیان کـرد بەچـەپڵە لێـدان، دواتـریش خەڵك لەدەوری ژن و مناڵەکان خڕبونەوە تاسوتاندنی وێنەکەی سەدام ببینن.

خەڵکەکە لەدوای سوتاندنی وێنەکە بەرەو دروشمێکی سەرجادەکە ڕۆیـشتن و دەسـتیان کـرد بە بەردە بارانکردنی، بەڵام لەبەر بەرزی نەکەوتە خوارەوە، ئیتر بەرەو سەنتەری شاری سـلێمانی ڕۆیشتن چونکە چـەندین وێنـەی دی سـەدامی لێبـو. ئـەو ڕۆژە مـن لەگـەڵیان نەڕۆیـشتم و ڕۆژی

دواتـر کەبـەپیادە دەرۆیـشتین لەهـەمو شـوێنێك وینـەی سـوتاوی خوێناویمـان دەبـینی. بەراسـتی چرکەساتێکی کاریگەربو لەبەرئەوەی دیواری ترسیان روخاند"[34] .

بەپێــچەوانەی روداوەکــانی باشــوری عــراق، بــەرەی کوردســتانی زۆر بــەخێرایی نــەزم و دیسپلینی گێڕایەوە بۆ ئەو شاروگوندانەی دەستی بەسەرا گرتبو. بـەرەی کوردسـتانی لـە تـشرینی دوەم / 1990 لێبـوردنی بـۆ هـەمو پیاوەکـانی رژێمـی سـەدام دەرکـرد. لـەو رۆژەی لێبوردنەکـە لەرادیو راگەیەنرا تاکو ئەمرۆ بەتەواوەتی پێوەی پابەندن. ئـەو لێبوردنـە ئۆخـژنێکی خـستەدڵی زۆربـەی جاشـەکانەوە و پەرچـەکردار یـا وەڵامێکـی ئاشـکراو یـەکگرتوی کـوردیش بـو. مەسـعود بارزانی کوری سەرکردەی ئەفسانەیی کورد مـەلا مـستەفای بـارزانی و سـەرۆکی پـارتی دیمـوکراتی کوردستان، لەگەرمەی راپەڕیندا لەشارۆچکەی کۆیـە لەگوتاریکیـدا خۆشـی و شـادی کـوردانی لـەم چەند وشەیە کورتکردەوە :

"تـەنها چرکەسـاتێکی ئـەمرۆژە هـەمو سـامانی دونیـا دەهێنێـت. حەفتاویـەك سـاڵ بەسـەر دروستبونی دەوڵەتی عراق تێدەپەری ... شەهیدمان لەدوای شەهید دەدا ... گوند لەدوای گوند دەسـوتا ... ئـەو قوربانیـە لـەپێناوی رزگـارکردنی کـورد و کوردسـتان دەدرا، بـەڵام لەبەرئـەوەی یەکگرتو نەبوین بەدرێژایی ئـەو حەفتاویـەك ساڵە نـەمانتوانی ئاواتـەکانمان بهێنینـەدی، کەچـی ئەمرۆ لەبەرئەوەی یەکگرتوین لەماوەی هەفتەیەکدا لەزاخۆوە تا خانەقینمان رزگار کـرد. هێـزی پێشمەرگە و جەماوەری کوردسـتان زۆر بەسـانایی وەك ئـەوەی بـچن بـۆ0 سـەیران سـەربازگەکان دەگرن"[35].

نابێت لەرادەی کۆنترۆڵکردنی باردۆخەکە لەلایەن رێکخـراوە کوردسـتانیەکانەوە زیـادەرەوی بکەین. لەشارۆچکەی رانیە کۆمەڵێك کـەس ئـەو پـۆلیس و بەرپرسـە بەعـسیانەی لەمزگـەوتێکی شارەکە دەست بەسـەربون، بـەتۆپزی بـۆ سـەربانی ئـوتێلێکی شـارەکە پـەلکێش کـرد. لەسـەربانی ئوتێلەکەوە بەدەنگێکی بەرز ناویان دەخوێنرایەوە. ئەو کەسانەی بەعسیەکانیان گرتبـو هاواریـان بۆ خەڵکەکەی خوارەوە دەکرد " هەڵیاندەینە خوارەوە یـا نـا "، خەلکەکـەش لـەخوارەوە حـوکمی خۆیـان دەدا و زیندانیـەکانیان یـەك لـەدوای یـەك لەسـەربانی ئوتێلـە سـێ قاتەکـەوە هەڵدەدایـە خوارەوە. کـچانی نێـو جـەماوەرە تورەکـەش دەچونە سەرلاشـەکان و بەچـەقۆ هـەنجن هـەنجنیان دەکرد. پیرەمێردێك کەئەو دیمەنە ترساندبوی هەوڵیدا رێگەیان پێبگرێت، بەڵام ژنێك بەتورەیی ئاوریلێدایـەوەو پێـی وت "ئەوانــە شـایانی لـەوەش زیـاترن" ئـیتر پیرەمێردەکـە کـشایە دواوە، تالەکۆتاییدا هێزی پێشمەرگە خەڵکەکەیان لەلاشەکان دورخستەوە[36].

گەنجێکی سوننەی بەغدا لەرۆژی 8 / ئازار / 1991 نامەیەکی نائاسایی بۆ عومەر ـ ی برای ( ناوێکی خوازراوە ) نوسیوە و تێیدا دیمەنە لەیادنەچوەکانی ئەمنی گشتی لەسلێمانی بۆ وەسفدەکات. لەبەر ئەوەی نامەکە لەدوای تێپەربونی ماوەیەکی کورت بەسەر گێرانەوەی روداوە دزێوەکان نوسراوە بۆیە نوسەری نامەکە وەك ئەوەی لەحاڵەتی شۆکدا (الصدمة) بێت خۆی پێشان دەدا :

" برای خۆشەویستم عومەر .... 24 / نیسان

.... نازانم چۆن بەسۆیی ئەو کارەسات و روداوانەت بۆ بگێرمەوە کە بەسەر ئێمە و میللەتە باشەکەماندا هاتوە، بەعەرەب و کوردەوە. ئەو روداوانە مەینەتیەکی راستەقینەی ئەوتۆبون لەهیچ فیلم و چیرۆکێکدا وێنەیان نیە. تەنها مردن، مردن و مردن لەهەمو شوێنێکدا هەیە و جگە لەوێرانەیی و تۆڵەسەندنەوە و مردن و رفوکینە هیچی دی بەدیناکەیت.

من و خێزانەکەم سەفەرمان بۆ سلێمانی کرد. لەدوای ئەوەی چەند رۆژێك لەسلێمانیماینەوە بارودۆخەکە زۆر بەخێرایی گۆڕانکاری بەسەراهات. باری ئەمنی لەسلێمانی زۆر هێمن بو، پیاوەکانی سەدام بارودۆخەکەیان کۆنترۆڵ کردبو. کەس پێشبینی هیچی نەدەکرد. لەشەوی 6| 7 / ئازار بەرادێو ( رادێوی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ) داوا لەجەماوەر کرا راپەڕین دەست پێبکەن. لە 8 / ئازار جەماوەری شاری سلێمانی پەلاماری بارەگای ئەمن و موخابەرات و پۆلیسیان دا و دەستیان گرت بەسەر چەکەکانیاندا. شاری سلێمانی تەنها ( 200 ) پێشمەرگەی تیابو و باقیەکەی لەتوێژە جیاوازەکانی میللەت بون. بەراستی شۆرشێکی جەماوەری بو !

لاشەی ئەمن و موخابەرات و حزبیەکان لەتۆڵەی قەتلوعامەکانی سەدام لەهەڵەبجە و شوێنەکانی دی هەنجن هەنجن دەکران. دەنگی گریانی پیاوە ترسنۆکەکان دەگەیشتە ئاسمان، بەڵام کەس بەزەیی بەو سوك و خوێرییە ناوازانە نەدەهاتەوە. بەراستی داستانێکی بێوێنەی ئەوتۆ بو کە هەرگیز مرۆڤ لەبیری ناکات.

شەڕی راستەقینە لەئەمنی سلێمانی (ئەمنە سورەکە) بو. بەرپرسە گەورەکان بۆ ئەوەی ژیانی خۆیان لەتورەیی جەماوەر بپارێزن پەنایان بۆ ئەو دائیرەیە برد، چونکە وەك قەڵا تۆکمە و قایم بو، بۆیە ماوەی 48 کاتژمێر بەرگری تیاکرا. لەکۆتاییدا ئەو قەڵا تۆکمەیە داروخا و هەمو شتەکانی ناوقەڵاکە و بەرپرسەکانی لەسەر دەستی جەماوەر لەناوبرا. لەژیانمدا زۆری ئەشکەنجەدان و ئامێری ئازاردانو تیرۆکردنم نەدیبو، نەشتی لەوجۆرەشم نەبیستبو. بەسەر لاشەی کوژراوەکاندا دەرۆیشتین چونکە لەو دائیرەیەدا نزیکەی ( 700 ) ئەمن و بەرپرسی بەعسی

کوژران‌و ئەوانەی بەزیندوێتیش مابونەوە جەماوەر دادگاییکردن و بەدەم هاوار و گریانــەوە هـەر بەمشارو چەقۆ دەکوژران"[37].

ڕێکخراوەکـانی باشـور جـێ بروایـی و کـاملی ئـەوەیان تیانـەبو تەنانـەت نـزمترین ئاسـتی سەرکردایەتی سیاسی وەك سەرکردایەتی کورد دەستەبەر بکەن. ئـاژاوە و پـشێوی حوکمفـەرمابو. لەرۆژانی دوەم و سێیەمی ڕاپەڕیندا لەناوچەی هۆرەکانی دەوروبەری شاری بەسرەوە نزیکـەی 5 ـ 10 هـەزار چـەکداری خۆبەخـشی شـیعە مەزهـەب کەریـژیم لـەکۆتایی سـاڵانی حـەفتاکان و سەرەتای هەشتاکاندا لەعراق دەریکردبون بەشێوەی گروپی بچوك بـچوك هاتنـەوە بـۆ وڵات. ئـەو گروپانە لەلیوای بەدری سەر بەئەنجومەنی باڵای ئیسلامی بون، کەسەید محەمەد باقر ئەلحەکیم ڕابەرێتی دەکرد. لەبـەر پـیرۆزی یەکـەمین شـەڕی موسڵمانان نـاوی بـەدری لێنـراوە. ئـەو گەنجە شۆڕشگێرە تورانەی لەئێرانەوە هاتبون یەکەمجار پەلاماری ئوتێل شیراتۆنیان دا و بـار و گـازینۆی ئوتێلەکـەیان سـوتاند و ئنجـا کۆمـارێکی ئیـسلامی شـیعەیان لەشـارەکە دامەزرانـد [38]. سـەربازە دەستبەسـەرو تەسـلیم بوەکانیـان گوللەبارانـدەکرد و هێنـدێك جـاریش لـەدوای دادگاییکردنیـان دەیانکوشتن کەپیاوێکی ئـاینی سەرپەرشـتی دادگاییەکـەی دەکـرد. ئـەو بریارانـە بەسـەر ئەوانـەی پێیان دەوترا هەڵگەراوەکان " دوژمنانی خودا " پیادە دەکرا ( هەرچەندە تیوری دوژمنانی خـودا تیورییـەکی کۆنـە، بـەڵام لەسـەردەمی شۆڕشـی ئیـسلامی ئێرانـدا زیندوکرایـەوە و بەشـێوەیەکی بـەربڵاو لەزۆربـەی دەمەقاڵـە سیاسـیەکانی ڕۆژهـەڵاتی ناوەراستیـشدا بـەکاردەهێنرێ و شـێوەی بەکارهێنانی نوێی هاومانایە لەگەڵ وتەی بەعسیەکان "خـائینی نەتـەوەی عـەرەب". لەشـارەکانی باشوردا دروشمی وەك "خائنانی ئیسلام بکوژن" و "مردن بۆسـەدامی کـافر" یـا لەسـەر جادەکـان دەوترایەوە یا لەسەر دیوارەکان دەنوسرا.

لەکاتی ڕاپەڕیندا بیرۆکەی گومرایی و خیانەت و دوژمنی ناوخۆ زۆر بەربڵاوبو. سەرلەبەری ریژیمی بەعس بـەکافر و گـومرا دادەنـرا، بۆیـە ئەوانـەی لەبـەر هـەر هۆیـەك ئەرکـەکانی خۆیـان ئەنجام دابێت یا تۆبـەیان نـەکردبێت یـا زۆر بەسادەیی تۆبەشـیان کردبێـت بـەڵام شۆرشـگێرەکان باوەریان پێیان نـەکردبێت بـۆ ڕێگـەی ڕاست گەراونەتـەوە وەك فـەلاح عەسـکەر بـەکافر حیـساب دەکران. کـوفر لەشـەریعەتی ئیـسلامدا تاوانێکـە زۆر لەچـەمکی هیرسـی (**Heresy** ـ الهرطقة) مەسـیحییەت خـراپترە، لەبـەر ئـەوەی بـەپێی هێنـدێك راڤـەکردن ئیـسلام نـەك تـەنها خـۆی بەکۆمەڵگەیەکی ئاینی دادەنێ بەڵکو خۆی بەکۆمەڵگەیەکی سیاسیش دەزانێت، بۆیە کوفر بـەپێی کۆڵەکەیەکی بنەرەتی شوناسی کۆمەڵگە جۆرێکە لەخیانەت و سزاکەیشی مردنە[39].

ئــەو توندوتیژییــەی بــەناوی ئیــسلامەوە پاســاوی بــۆ دەهێنرایــەوە زۆرجــاران ئــارەزوی تۆڵەسەندنەوەی لەپشتەوە بو، بۆیە زۆر بـەخێرایی سنوری بـۆ ژیـانی راپـەڕین و هەڵگەڕانـەوەی یاخیبونی سەربازەکانی سوپا دانا. بەوەش ریـژیم هێـزە پەرتەوازەکـەی کۆکردەوە و دژە هێرشـی دەســتپێکرد. لەشـاری نەجـەف لەرێگـەی کەسـایەتی و زانائاینیـەکان و بـەهۆی رێزوپلەوپایـەی ئایـەتوڵلا خـوئی هەوڵـدەدرا بـەر بـەئاژاوە وپـشێوی بگیرێـت، بـەڵام لەشـاری بەسـرە و کەربـەلا چەندین کەسایەتی عراقی لەسەر ئاستی سەرکردایەتی تیابو کەپێشتر لەتاران دادەنیشتن، کەچـی لەگـەل ئەوەشـدا روبـەروی دزێـوترین دەسـتدرێژی بونـەوە. بـەپێی قـسەکانی دایکـی حوسـەین کەژنێکی موحەجەبەی شیعەی بەسرە بو لەهەمو بینا حکومیەکان یەك پـلان جێبـەجێ دەکـرا : هـەر ئەنـدامێکی حکومـەت دەکەوێتـە بەردەسـتان بیکـوژن و هـەمو کەلوپەلـەکانی نـاوی بـەتاڵان بەرن و کەمێك گیرۆسین بکەن بەچواردەوری بیناکەدا و ئاگری تێبەربـدەن، ئنجا زۆر بـەخێرایی دوربکەونەوە. جگەلە چەتەو رێگری هیچ دادگاییـەك نـەبو. بـۆ نمونـە خزمێکـی بەعـسیم هـەبو لەماڵـەوە بـەدوای دەگـەڕان و دەیـانوت :"ئـەو کوری وەهـا وەهایـە دەربکەنـە دەرەوە، دەمانـەوێت بیکوژین"، چەند کەسـێك بـەو شـێوەیە کـوژران، بـەڵام خزمەکـەم ماڵـەومالْ رایکـرد و لەجادەکـە پەرییـەوەو رزگـاری بـو کەچـی لەناسـرییە دووخـزمم بـەوجۆرە کـوژران. بـەبێ جیـاوازی هـەمو ئەفسەرێکیان دەکوشت". بەڵام ئەوەی زیاتر دایکی حوسەینی توڕەکرد دیدوبۆچونی حکومەت بو :"ئەوەی حکومەت دەیڵێت لەئیسلامدا کوفرە، چونکە ئەوانەی لەدەرەوە هاتبون خـەڵکانی خـراپ بـون، خـەڵکانێکی وێرانکـار و کاولکـار و سـوتێنەر بـون و دەیانکوشـت و رایانـدەکرد، ئایـا ئیـسلام بەمجۆرەیە؟" (40).

پیـاوانی ئـەمن و یەکـەکانی نەهێـشتنی تـاوان لەبەسـرە، هەریەکـەیان پارچـەیەکی سـەوزی دەبەست بەسەرییەوە و پەیوەندی بەراپەڕینەوە دەکرد. براکەی دایکی حوسـەین بەرێکـەوت دوو کەسی لێیان بینیبو لەپشت دیواری باخـچەکەیان یـاری تاوڵـەیان دەکـرد، کاتێـك لێـی پرسـی بـون مەسـەلە چییە، یـەکێکیان وەڵامـی دابـووە : " کۆمـاری ئیـسلامیە ـ ئازادییـە ". لـەدوای ئـەوەش دایکی حوسـەین سەرگوزشـتەی تفەنگـچییەکی گێرایـەوە کـە لەسـەربانێکی نزیـك خۆیـان مـاوەی هەفتەیەك هەرکەسێك لەمـەودای تفەنگەکـەی بجوڵایەتـەوە تەقـەی لێـدەکرد و تەنانـەت تەقـەی لەخۆیشی کردبو.

" لـەدوای تـەواوبونی شـەڕ لەباخـچەکە دانیـشتبوم، دانەویمـەوە پەرداخـە فافۆنەکـەی سـەر مێزەکـە هەڵبگرمـەوە کەبەمـشێوەیە بەدەسـتمەوە گرتبـوم. فیـشەکێك بەسەرشـانمدا ویزەیکـرد. فیشەکەکە ئاراستەی من کرابو. نەکەسم بینی و نەگوێم لەدەنگی تەقەی فیـشەك و شـتی دی بـو.

سـەرەتا نـەمزانی فیـشەکە. مناڵـەکان لـەدەرەوە یاریـان دەکـرد بـەراکردن بەپیرمـەوە هـاتن، لـێم پرسین : "چیتان تێگـرتم؟" هـەروەك دەبیـنن پـێم وابـو سـەلکەپیازیان تێگرتـوم یـا شـتێکی دی پەرداخەکـەی لەدەسـتم خـستۆتە خـوارەوە. وەڵامیـان دامـەوە : داپـیرە بۆچـی دەڵێیـت پیازتـان تێگرتوم ؟ ئەوە پیاز نەبو بەڵکو فیشەك بو "، کاتێك گوێم لەوقسانە کەوتم بەسەر زەویدا، ئنجا پرسیم ئەو فیـشەکە لـەکوێوە هـاتوە ؟ مناڵـەکان پەرداخەکـەیان دۆزییـەوە. پەرداخەکـەم لەگـەڵ خۆمــدا هێنــاوە بــۆ لەنــدەن تاپێــشانی کورەکــەمی بــدەم. (پەرداخــە فافۆنــە دیواودەرەکــەی بەرزکردەوە تاوەك بەڵگەی قسەکانی پێشانم بدات).

" لـەکاتی تـاڵان و شـرەخۆری شـاری بەسـرە خوشـکەکەم بـەئۆتۆمۆبیل دەرچـوە دەرەوە و کاتێـك گەڕایـەوە دەزگایـەکی ئەیرکۆندێـشنی لەگـەڵ خۆیـدا هێنایـەوە. لـێم پرسـی: ئـەو شـتەت لـەکوێ هینـاوە؟ وەڵامــی دایــەوە ؛ "فــەرهود هــەمو شــوێنێکی گرتۆتــەوە". خوشـکەکەم وشـەی فـەرهودی لـەجیاتی تـاڵان و شـرەخۆری بـەکاردەهێنا. ( حـەبیبیش لـەجیاتی ئـەو تاڵانکردنـەی لەکاتی قەتلوعامەکـەی ساڵی $1941$ روبـەروی مـاڵومولکی یەهودییـەکان بـووە وشـەی فـەرهودی بەکاردەهێنا ). ئنجا لەسەرجادە ژنێکی ناسیاوی خۆمان بـینی و لـێم پرسـی : " کـوا زاواکـەت؟ "، زۆر بـەهێمنی وەڵامـی دامـەوە : " بردیـان "، تـەنها وتـی " بردیـان "، پاشـان زۆر بـەهێمنی وەك ئەوەی هیچ روینەدابێت دەستی کردەوە بەتاڵانیکردن! لەوانەیە پۆلیس یا سـوپا یـا هـەر هێزێکـی دی حکومـەت زاواکـەیان گرتبێـت، بـەڵام لـەم بارەیـەوە تـەنها وتـی "بردیـان"، پاشـان سـەرلەنوێ دەستی کردەوە بە دزیکردن. ئەمە واقیعی ئەو ئاستە بو کەخەڵکی عراق بۆی دابەزی بو" [41].

ئـەو وزە و توانایـەی شۆڕشـگێڕەکان بـۆ رێکخـستنی خۆیـان پێویـستیان پێـی هـەبو بـۆ دزی بەکاریاندەهێنا. ئاستی تاڵان و شرەخۆری گەیشتبوە رادەیەك زیادەرەوی پێوەنـەدەکرا، بەداخـەوە ئەمـەش قـوڵایی داتـەپینی رەوشـتی گـشتی عـراق پوختەکاتـەوە. ئەگـەر ئـەم دیاردەیـە بـەفیعلی شایانی لێکۆڵینەوەی سۆسیۆلۆجی تایبـەت بێ ئـەوا بێگومـان سیاسـەتی رەسمـی دەوڵـەتیش بـوە بەرامبەر بەکوێت. بەلایەنی کەمەوە ئـەم بەشـەی مەسـەلەکە درکـی پێدەکرێت، بـەڵام هانـدەری شەخـسی کاریگـەری گرنگـی خـۆی هـەبو. فاتیمـە پێـی راگەیانـدم بەمەبەسـتی دزیـنی کەلوپـەلی کوێتی، وێستگەیەکی ئۆتۆمۆبیلی تاکسی لەسەماوە بۆ هاتوچۆی پارێزگـای نۆزدەهـەمی داگیرکـراو دامـەزرا. خـەڵکی بەدەسـت بـەتاڵی دەرۆیـشتن و پـاش ئـەوەی بەسـەر فرۆشـگەو ماڵەکویتیەکانـدا دەگەڕان بەخۆیان و تەسجیل، ڤیدیو، پۆشاك و شوکولاتە و شیرینیەکانی دی دەگەڕانـەوە و کرێـی هەر سـەرێکیش تـەنها دە دینـاری تێدەچـو. لـەکاتی راپەڕینـدا بارودۆخەکـە خراپتربـو. زەلامێـك

www.dengekan.com

دەزگایـــەکی گورچیلەشـــتنی لەنەخۆشـــخانەی ســـلێمانی دزی بـــو. پیـــاوێکی دی ســـەروبنی ئۆتۆمۆبیلەکەی پڕکردبو لـە کەلوپـەلی دزراو، وفرنێکـی مـاڵانی بەسـتبو بـەدوای سـەیارەکەیەوە، بۆیـــە کەبەســـەر جادەقیرەکــە دەڕۆیـــشت پریـــشکی لێـــدەبووە. قەرەوێڵـــەی ئاســـنی تایـــەداری نەخۆشخانەکان داواکاری زۆر لەسەر بو، چونکە بەپڕی پاڵیـان پێوەدەنـا و بـەوەش لـەئۆتۆمۆبیلی زەبەلاحی سۆپەرمارکێت دەچو. سامانی ئەندازیاری مەدەنی لەسلێمانی پێش ئەوەی خـۆی وەڵام بداتـــەوە ئـــەم پرســـیارەی لێکـــردم :"ئایـــا دەزانـــی لەنەخۆشـــخانەی ســـەربازی چـــییان کـــرد؟"، "قەرەوێلەیەکیان بەنەخۆشـەکەی سـەرییەوە دزی و ئـەویش هـاواری دەکـرد: مـن نەخۆشـم، مـن نەخۆشم، بـەڵام هـەرپاڵیان پێوەدەنـا وەك ئـەوەی کەسـی لەسـەر نـەبێت چـونکە قەرەوێڵەکـەیان دەویست، ئایا شتی وات بینیوە؟" [42].

لـەباکورو باشـوری وڵات کوشـتن و لـەناوبردن هانـدەری کەسـەکان بـو، بـەڵام لەباشـور زۆر بـــەربڵاوتربو. هێنـــدێك لەشۆرشـــگێڕەکان پێیـــان وابـــو ســـەرەتا و دوائامـــانجی شـــۆڕش بریتیـــە لـەتاڵانکردن. لـۆجیکی شـتەکان هـەر چـییەك بێـت ئـەوا لەواقیعـدا بارودۆخەکـە بەتـەواوەتی لەدەسـت دەرچـوبو. هـەمو شـوێنە گـشتیەکان بەمۆزەخانەشـەوە روبـەروی راوڕوت بونـەوە. ئـەو خانمەی لەناسریە لێپرسراوی مۆزەخانە بـو، نەیهێـشت مۆزەخانەکـەی تـاڵان بکـرێ تـا لەدواییـدا قەناعـەتی بـەدزەکان هێنـا لەبریارەکـەی خۆیـان پاشگەزببنەوە [43]. بـەڵام خـەڵکانی لـەو جـۆرە بەدەگمـەن دەسـتدەکەوتن. لەشارۆچکەیەکی وەك سـەماوە کـەس بەکـەس نـەبو. نـاجی حەمیـد سەراج کەخوێنرێژێکی بەعسی شارۆچگەی سەماوە بو، خوشکەزایەکی هەرزەکاری خۆی بـەتاوانی ئەندامێتی لەحزبی دەعوای ئیسلامی بەگرتن دابو، لەسەر دیواری حوسەینیەی سەماوە لەسێدارە درا [44]. ئنجا چوارپەل و سەریان بڕی و لاشەکەشیان لەزبڵدانی شـار فرێـدا تابۆگـەنی کـرد [45]. لـەو شاروشارۆچـکانەی گەنجـە چـەکدارە یاخیبوەکـان کۆنترۆڵیـان کردبـو، هـەمو بەعـسیەك یـا سوننەیەك بەبێ رەچاوکردنی ئـەوەی نـەیاری راپەڕینـە یـا لەگـەڵ راپەڕینـە هەرەشـەی کوشـتنی لێدەکرا.

خەڵکانی وەك ئەبو حەیدەر و کازم رەیسان و مامۆستا حەمید کەبەدرێژایی حوکمی بـەعس لـەعراق ژیـابون خـەڵکانێکی ئایدۆلۆجیـست و رەگەزپەرسـت نـەبون و بـەرادەی جیـاواز رویـەکی مرۆییانەتریان دەخستە روو، بەڵام ئەو خەڵکانە لەکاتی راپەڕیندا بەمەبەسـتی دەسـتیاری کـردن هانایان بۆ هێزی هاوپەیمانەکان برد.

ســەرەتا خــەڵکانی ئــەبو حەیــدەر ئاســا زۆربــون، بــەڵام لەبەرئــەوەی هاوکــاری و یارمــەتی هاوپەیمانەکان نزیك نەبو، بۆیـە تلانـە قورولیتـەی ئـەو میلیـشیانەی لەئێرانـەوە هـاتبون لەگـەڵ

لایەنگرەکانیان لەناوخۆی عراقدا. میلیشیاکان سێ لۆری وێنـەی رەنگاورەنگی ئیمـام خومـەینی و عـەلی خامەنـەئی و محەمـەد بـاقر ئەلحـەکیم ـ یـان لەگـەڵ خۆیانـدا هێنـابو. دوبارەکردنـەوەی شۆرشی ئێران و بەستنەوەی جۆش و خرۆشـی یـاخیبونی چـەکداری لەعراقـدا بەسـومبلی نوێـوە بیرۆکەیەك بو بەرەو زاڵبون دەچو. بیرۆکەی "ئیمام مونتەزر" کلیلـی سـەرەکی شۆرشـی شـیعەیە، ئەویش بەپێی وتەیەك کەدەدرێتە پاڵ پێغەمبەر گوایە ئیمام مونتەزر لەساتەوەختێکی گونجاودا دەگەڕێتـەوە "بـۆ ئـەوەی لەجێگـەی ئـەو زوڵـم و چەوسـانەوە زۆرەی گـۆی زەمـینی پڕکـردوە، دادپەروەری بچەسپێنێ"[46]. لەئازاری / $1991$ دا عراق پێویستی بەخومەینیەکی تایبەت هەبو، بـەڵام ئەگـەر خومـەینی خـۆی نـەبێ ئـەوا دەبـێ لەرێگـەی هەڵواسـینی گـەلێك وێنـەی تـازەوە کەتایبەت لەتاران بۆ سەرجادەکانی عراق چاپکرابو خومەینیـەك دابهێنـرێ. ئەمـەش بەرێکـەوت لەشـێوازو رەفتـاری سـەدام حوسـەین دەچـو. بەهـەمان خێرایـی خـەڵکی ئاسـایی عـراق کەهەڵیاندەکوتایـە سـەر وێنـەکانی سـەدام حوسـەین و رێزەرێزەیـان دەکـرد وەك ئـەوەی "هـەنا" بینیبوی، ئەو میلیشیا ئیسلامیانەش وێنەیەکی ئەڵتەرناتیفی سەدامیان بەرزدەکردەوە.

لەکاتی راپەڕیندا ئێرانیەکان نەهاتنە عراقەوە ـ بەپێچەوانەی بانگەشەکانی ریژیمی عـراق ـ جگەلەحاڵەتێك کەدەتوانم جەختی لەسەر بکەم : تیمێکی سینەمای وەزارەتـی راگەیانـدنی ئێـران لەگەرمـەی راپەڕینـدا لـەناو ئۆتۆمـۆبیلێکی تویوتـا لەسـەر جادەکـانی شاری نەجـەف هاتۆچۆیان دەکـرد [47]. لەبەدبـەختی عراقیـەکان تیمەکـە سـاتەوەختێکی پڕمەینـەتی عراقیـەکانی بـۆ نـەوەکانی دوارۆژ و دونیـای دەرەوە تۆمـار نـەدەکرد، بـەڵکو وێنـەی خانوەکـەی جـادەی رەسـولی دەگرت کە ئایـەتوڵڵا خومـەینی پـێش سـەفەرکردنی بـۆ پـاریس مـاوەی پـازدە سـاڵ تیایـە ژیـابو. ئێـستا ئێرانیـەکان دەوڵـەتی ئیـسلامی تایبـەت بـەخۆیان و فەرمانبـەر و دەزگـای ئیـداری خۆیـان هەیە کەوەزیفەیان لەداهێنان و بەرزراگرتنی سمبولـە تایبـەت و وەهمـەکانی رابردویـان لەرێگـەی تەلەفزیونەوە لەوەزیفەی بەعسیە عراقیـەکانی هاوپیـشەیان دەچێت. بەراسـتی شـۆرش جۆرێکـە لەشانۆگەری، بەڵام هێندیك جار شێوەی گاڵتەجاری وەردەگرێت.

بـەڵام ئـەو خەڵکانـەی لەئێرانـەوە هـاتبون چ جـۆرە مرۆڤێـك بـون؟ چیرۆکێك هەیـە بـاس لەکەسایەتی میلیشیایەك دەکات. گـەنجێکی هـەرزەکاری نەخوێنـدەوار، نازنـاوی " سـائر " ی بـۆ خۆی دانابو. چیرۆکەکەی بەدەستوخەت نوسراوەتەوە پاش ئـەوەی بەبنوسـەکەی وتـراوە. لـەدوای سەرکوتکردنی راپـەڕین پەنابـەرە عراقیـەکان لـەئێران گـەلێك چیرۆکی لـەو جۆرەیـان داهێنـاوە. زۆرجاران ئەو بەڵگەنامە دەبێتە نامیلکەی ئایدیۆلۆجیای ئاڵۆز. سەرچڵییەکانی سائر تارادەیـەکی

زۆر لەنوسینەکانی فواد مەتـەر دەچێت کـە بـۆ سـەدامی دەنوسـی [48]. بـەڵام لەکاتێکـدا پـیرۆزی گەشتە پیرۆزەکەی مەتـەر نیفـاقی لێدەچۆڕی ئـەوا شـایەتیەکەی سـائیریش وەك چـیرۆکێکی روح هەژاری پەشۆکاو دەخوێنرێتەوە. لەراستیدا سائر نەك هەر کەسی نەکوشـتبو، بـەڵکو پێدەچێت هەرگیز تەقەیشی نەکردبێت. هەرچەندە بەدڵنیاییەوە حەزی بەو کـارە دەکـرد، بـەڵام زۆرجـاران روح لاواز دەبێت، ئنجا رێکەوتی ژیانیش ئـەو پـرۆژە شۆڕشـگێرییەی پـێ بەرهـەم هێنـاوە و وەك منـاڵێکی سـەرگەردان مـاوەی چـەند هەفتەیـەك لـەعراق وێـڵ دەبێـت، تالەکۆتاییـدا بەرێگەیـەکی سەرسورهێنەر لەو ئاژاوەو توندوتیژییەی دەوروبەری رزگاری دەبێت [49].

سائر دەڵێت کەرتەکەم لـە (17) چـەکدار پێکهـاتبو، بـەڵام تـەنها (5) کەسـیان بەزینـدوێتی مایـەوە و یەکـەم کـەرت بـو لەئێرانـەوە چـونە ناوعراقـەوە، هـەروەها سـائر دەڵێـت : " خـۆم و کەرتەکەم پشتێنی دینامێتمان بەستبو ". مەبەست لەبەستنی ئەو پشتێنەش ئەگەر بەزینـدوێتی دەستگیر بکـرێن خۆیـان بتەقێننـەوە و زۆرتـرین بەعـسی بکوژن. دیـسانەوە دەڵێـت ؛ کەرتەکـەی چـەند کـارێکی تایبـەتی پێـسپێردرابو، ئەمـە سـەرباری ئـەوەی پەیوەنـدی بەشۆڕشـگێرەکانی نـاو عراقیشەوە بەستبو. لەبەسـرە خۆیـان لەبینایـەك حەشـاردابو. لەبەرئـەوەی زەخیرەیـان لەتـەواو بوندا بو سائر ـ یان نارد زەخیرەیان بۆ بهێنێ بەڵام کاتێك گەڕایەوە دەبینـێ کەرتەکـەی لەلایـەن هێزەکـانی حکومەتـەوە روبـەروی هێرشـێکی دڕندانـە بۆتـەوە و رزگـاربونی ئەسـتەمە. " لـەدوای ئەوەی نوێژم کرد و چـەند ئایـەتێك قورئـانم خوێنـد بەشـێوەیەکی سەرسـورهێنەر رزگـارم بـو". پاشان پشتێنە دینامێتەکە لەکەمەری دەکاتەوە "لەبەرئـەوەی هـەر لەوێـدا گوللـەبارانیان دەکـردم ئەمـە ئەگـەر نەیانـشێواندمایە لەبـەر ئـەوەی پـشتێنی دینـامێتم بەسـتبو". گەنجـە زراو چـوەکە بەدرێژایی شەو بۆ شوێنێکی هێمن دەگەڕا تـا لەکۆتاییـدا گەیـشتە شـوێنێك کـەپێی وابـو گۆمـاوە، ئیتر هەرلەوێدا خـۆی دەشـوات و تێـر ئـاویش دەخواتـەوە، بـەڵام سـەرلەبەیانیەکەی پێـی دەزانـێ لەبەردەم کونەزێرابێکی پیس بوە".

کـە لـەوێ دەرچـوم نـەفرەتم لـەدونیا دەکـرد، تاخـەڵکی گونـد قاچـیان شـتم و دزداشـەیەکی پیاوێکی قەڵەو و کـەمێك خواردنیـان پێـدام، لەبـەر ئـەوەی زۆر برسـیم بـو پـێم وابـو بـەتامترین ژەمی خـواردنم بـوە، چـونکە ژیـانی بـۆ گێڕامـەوە، پاشـان چارەنوسـی برادەرەکـانم بیرکەوتـەوە و دەستم کرد بەگریان، ئیتر بریارمدا بەمەلەکردن بۆ بەری بەغـدا بپەڕێمـەوە لەبـەر ئـەوەی مـاڵی خوشکەکەم لەبەغدا بو. خەڵکەکە پێیـان وتم کـارێکی خۆکـوژی دەکـەم، بـەڵام مـن هـەر سـوربوم لەسەر رای خۆم و دەستمکرد بەمەلەکردن، سوپاس بۆ خودا بەسەلامەتی گەیـشتمە بـەری بەغـدا و بەپێخاوسی لەبەسرەوە بەرەو بەغدا کەوتمەرێ".

" بەدڵنیاییەوە 150 خاڵی پشکنین لەسەر رێگە هەبو. هێندێك جار وەك سواڵکەر و هێندێك جاری دی وەك شێت لەزاڵگەکان دەپەریمەوە و جاریکیشیان وتم خانوەکەم لەبەسرە روخاوە و دەچم بۆ ماڵی خوشکەکەم لەبەغدا، بەمشێوەیە چەندین رۆژم گوزەراند".

سائر بەدرێژایی ئەو ماوەیە پارەی پێ نەبو، بەڵکو بەسەلیقەی خۆی رۆژی دەگوزەراند. تالەکۆتایدا گەیشتە ماڵی خوشکێکی. " کورەکەی کە هاورێی منالیم بو دەرگاکەی لێکردمەوە. کاتێك خۆمم پێناساند، دەستی کرد بەپێکەنین. هەقی خۆی بو پێم پێبکەنێت چونکە کەس باوەری بەحاڵم نەدەکرد".

پێش 12 ساڵ سائر عراقی بەجێ هێشتبو کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ماوەیەکی زۆر لەگەڵ کەسوکارەکەی نەمایەوە. لەدوای ئەوەی خۆی شۆری، جلەکەی گۆری و 400 دیناریان پێدا بەپەلە بەرێیان کرد لەبەرئەوەی تەنها مانەوەی هەرەشەی کوشتنی لەهەمو ئەندامانی خێزانەکە دەکرد. بەمشێوەیە سائر پاش سەرچڵییەکی زۆر گەیشتە ناوچەی سەفوان و لەوێشەوە بەفرۆکەیەکی کەنەدی سەربەهێزی هاوپەیمانان رەوانەی ئێران کرایەوە.

### شوێنەواری کارەساتەکە

هێزی هاوپەیمانەکان لەکاتی شەری کەنداودا چوار تیپی گاردی کۆمارییان بەسەلامەتی هێشتەوە و ئەو چوار تیپەش بربرەی پشتی ئەو هیزەی سەدام بو کەلەسەرکوتکردنی راپەرینی باشور بەکاریهێنا. کاتێك ئەو تیپانە لەرۆژی چوارشەممە، رێکەوتی 20 / ئازار / 1991 بەپاڵپشتی تانك و تۆپ لەسێ قۆڵەوە چونە ناوشاری نەجەفەوە لەسەر تانکەکانیان نوسرابو " لاشیعە بعد الیوم "[50].

لەپێش گرتنی شاردا ناوچە ئاوەدانەکانی بەبۆمبی ناپاڵم و هێشویی بۆردومان کرد و زیاتر لە (35) رۆکێتی سکۆدیشی گرتە ناوشار بۆ ئەوەی هێزی بەرگری لاواز بکات. ئەو رۆکێتە بالیستیانە بەوردی ئامانج ناپێکن، بۆیە لەمەودایەکی دورەوە هەڵدەدرا و لەپڕ بەشێوەیەکی هەرەمەکی دەکەوت بەسەرخەڵکی شارەکەدا. رۆکیتەکان خەڵکێکی زۆری کوشت و سەید ئەبو تەنانیر و هەمو ئەندامانی خێزانەکەی و ژنەکەی حەسەن کەمونە و کچەکەی و ژنەکەی تەلاڵ کاشوش و دوو کوری و بوکەکەی لەنێو کوژراوەکاندا بون.

ئەو رۆکێتانەی سەدام ئیدعای " وێرانکردنی نیوەی ئیسرائیلی " پێدەکرد کەچی ماڵی ئەبی حەمید ئەلشەکەری و سالم هاشم و سەید یوسف و سەید سەلمان و کازم نەداف و ئەوانی

دی پێویرانکرد ... [52]. مەبەست لەتۆپبارانکردن و ڕۆکێتی بالیستی و بۆردومان، چاندنی تـرس بـو تـا نەجەفییـەکان لـەو راسـتیە تێبگەیـەنێت ئەگـەر ریـژیم ناچـاربێت ئـامرازو ئـارەزوی وێرانکردنی شارو کوشتنی خەڵکەکەیشی هەیە.

هێرشە زەمینییەکان پۆلێك کۆپتەر پاڵپشتی دەکرد، سەرەتا ئۆپراسیونەکەی بەگەمارۆدانی ئەو ناوچەئاوەدانەی ئایەتوڵلا خـووئی تیـا دادەنیـشت و بۆردومـانکردنی خانوەکـانی دەوروبـەری دەسـت پێکـرد. بەسـەدان کـەس بـۆ پاریزگـاریکردن لـەخووئی لـەدەوری ماڵەکـەی خڕبونـەوەو زۆریـشیان لێکـوژرا، بـەڵام خانوەکـانی دەوروبـەری بەتـەواوەتی لەگـەل زەویـدا تـەختکران، ئنجـا هێزی کۆماندۆ بەهیلیکۆپتەر لەسەربانی خانوەکەی ئایەتوڵلادابەزین و خۆی و هاوەڵەکانی بـرد. گەورەترین مەرجەعی روحی شیعە خۆی و کەسوکارو هاوەڵـەکانی بەسـەر لاشـەی ئـەو کەسـانەی بـەرگرییان لێکردبـو، سواری هیلیکۆپتـەر بـون و گوێزرانـەوە بـۆ ئـەو شـوینەی تایبـەت لەبەغـدا بۆیان تەرخانکرابو[53]. یەکێك لەو کەسانەی روداوەکەی بەچاوی خۆی دیبـو، دەڵێت: "ئیمامیـان ناچارکرد بەبێ ئـەوەی کـەس یارمـەتی بـدات بـەپابروات، بـەڵام کـەوت لەبەرئـەوەی نەیـدەتوانی بەپابروات، کورەکەی هەڵیگرتەوە، ئنجا هەموویانیان برد"[54].

ئیمامی تەمەن 92 ساڵە کەلەهەمو کەسێك زیاتر هەوڵیدەدا جڵەوی شۆرشـگێرەکان بگرێـت رۆژێك لەدوای گرتنی لەگەڵ سەدام لەسەر شاشەی تەلەفزیون بەدیارکـەوت. دەڵێن گوایـە خـودی ئیمـام ئـەو داوایـەی کـردوە بـۆ ئـەوەی دەرفـەتی بـۆ بلوێـت قـسە بەراپـەڕین بڵێـت. کاسـێتەکە پیرەمێردێك نمایش دەکات، جلێکی خوری قاوەیی شۆری پۆشیوە و عەمامەیـەکی رەشـی لەسـەرە، ئـەو جلـەی ئەسـیادەکان لەبـەری دەکـەن و ریـشێکی سـپی و روخـسارێکی کـەمێك خـڕ و چـەند پەڵەیەکی قـاوەیی لەسـەر لاجـانگ بـو، هەرچـەندە غـەم و پەژارەیـەکی قـوڵی پێوەدیـاربو، بـەڵام رەفتاری جوان و هێمنی دەنواند کەچی دەنگی ئەوەندە کزبو لەچرپە دەچو.

خـووئی لـەپاش دەرکـەوتنی لەسـەر شاشـەی تەلـەفزیون مـاوەی (17) مـانگ لەشـاری کوفـە دەست بەسەر بو، لە8 / ئاب / 1992 هەر لەو شارە کۆچی دوایی کرد [55] ( مێـژوی شـیعە هـەر لەسەردەمی عوسمانیەکانەوە تا ریژیمی بەعس لەکەسایەتی خووئی بەرجەستە دەبێت ).

ئەو سەربازانەی بۆ هێرش و پەلاماری شاری نەجەف بەکارهێنـران (بەشـێوەیەکی گـشتی بـۆ سـەر شـارەکانی باشـوری عـراق ) لەشـارە سـونەکانی هیـت و موسـل و شـەرگات و بێجـی و لەیەزیدیەکان هەڵبژێردرابون. یەزیدییەکان تیرەیەکی بـچوکن لـەباکوری عـراق و مێژوویـەکی پـر لەململانیان لەگەڵ ئیسلامی شیعەدا هەیە [56]. ئەو سـەربازانەی لەیەکـەکانی خۆیـان رایـانکرد و خۆیـان گەیانـدە بنکـەی پێنجـی چـاودێری وپـشکنینی ئـەمریکا دەگێڕنـەوە : بـەڵێنیان پێمانـدا

بەرامبەر بەکوشتنی هەر ژنێك یا منداڵێك بە (250) دینار و بەرامبەر بەکوشتنی پیاوێکی باڵق و هوشیار بە (5) هەزار دینار خەڵات بکرێین [57]. هەروەها هەر سەربازێك دەیتوانی بەرامبەر بەکوشتنی سەد کەس لەرۆژێکدا داوای خەڵاتی زیاتر بکات. ئەو دروشمەی لەسەر تانکەکانی گاردی کۆماری نوسرابو " لاشیعە بعد الیوم " تەنها دروشمێکی خۆجێی نەبو، بەڵکو هەروەك ئاشکرایە سیاسەتی رەسمیش بو.

کاتێك سوپا چوە ناو شارەوە ژن و منداڵی وەك قەڵغانی مرۆیی بەکاردەهێنا، خەڵکە مەدەنیەکانیان ناچاردەکرد لەپێش ماشینی پیادە و تانکەکانەوە بڕۆن بۆ ئەوەی ئەگەر شۆڕشگێڕەکان تەقەیان کرد خەڵکە مەدەنیەکە پێوەبێت [58] . هەروەها سەربازەکان ژن و منداڵیشیان لەو بینایانە گلدەدایەوە کەسوپا بۆ مۆڵگەی خۆی بەکاریدەهێنا، تەنانەت هێندێك جار بارمتەکان بەئاشکرا لەسەربانەکان دادەنران بۆ ئەوەی لەشۆڕشگێڕەکان بگەیەنن هەر هێرشێك بۆ سەر بیناکە دەبێتە مایەی کوشتنی خەڵکە بەبارمتە گیراوەکان[59] . ئەو مەدەنییانەی لەتۆپبارانکردنی زەمینی و بۆردومانی ئاسمانی رزگاریان بو لەدوای ئەوەی گاردی کۆماری و موخابەرات چونە ناو شارەوە روبەروی مەترسیەکی گەورەتر بونەوە. سوپا وەك تاکتیکێك بەمایکرۆفۆنی ناو هیلیکۆپتەرەکان، یەکێك لەگەڕەکەکانی شاری ئاگادار دەکردەوە پێش ئەوەی سوپا هێرش بکات بوار بەهاوڵاتیان دەدرێ شار چۆڵ بکەن، هەروەها لەرێگەی پەخشکردنی بلاونامەشەوە هەرەشەی بەکارهێنانی چەکی کیمیای لێیان دەکرد، بۆیە ئامۆژگاری خەڵکیان دەکرد لەو دەروازانەی بۆیان دیاریکراوە شاربەجێ بهێڵن. بۆ نمونە لەکەربەلا خەڵکیان ئاگادار کردەوە لەرێگەی هیندییەوە شار بەجێ بهێڵن. بەدرێژایی ئەو جادەیە و بەماوەی چەندین کیلۆمەتر خەڵکی کڵۆڵ ریزیان بەستبو تالەشەڕ رزگاریان بێت، بەلام لەپڕ کۆپتەرە سەربازییەکان هەڵمەتی بردەسەریان و دەستی کرد بەگوللەبارانکردنیان و دیمەنێکی زۆر ترسناکیان دروست کرد کەپاشان گەلێك شاهید ئەو حاڵەتەیان وەسف دەکرد. لەهەلومەرجێکی دی سوپا پەنابەرەراکردوەکانیشی تۆپباران کرد[60].

هێزەکانی حکومەت کەوتنەوێزەی ئەو دکتۆرانەی لەکاتی راپەڕیندا نەخۆشخانەکانیان دانەخستبو. سەر گوزشتەیەکی زۆر لەسەر دکتۆرەکان دەگێڕنەوە. یەکێك لەو دکتۆرانەی بۆناو هێزەکانی ئەمریکا رایکردبو دەڵێت ؛ لەبەرئەوەی بریندارە شۆڕشگێڕەکانی تیمارکردبو ژن و منداڵ و براکەیان لەفرۆکە فڕێ داوەتە خوارەوە. دکتۆرێکی نەشتەرگەری دی دەڵێت ؛ لەنەخۆشخانەی گاردی کۆماری پازدە دکتۆریان گوللەباران کرد، ئنجا ئاگریان لەو بینایەش بەردا

کەچوارهەزار مەدەنی ـ نەخۆش و کەسوکارەکانیان ـ مۆڵی تیاخواردبو [61]. دایکی حوسەین بۆی گێڕامەوە لەپێش چاوی فەرمانبەرانی نەخۆشخانەی نێوەندی بەسرە جەستەی دکتۆرێکیان بەفیشەك کردبەبێژنگ و فەرمانبەرەکانیشیان ناچارکرد تەماشای گوللەبارانەکە بکەن[62]. لەنەجەف لەنەخۆشخانەی سەدام سەربازەکان دەستدرێژییان دەکردە سەر دکتۆرە ژنەکان و چەندین دکتۆریان بەچەقۆ سەربڕی و ژمارەیەك نەخۆشیشیان لەپەنجەرەکانەوە فڕێ دایە خوارەوە. دکتۆر محەمەد ئەلخەلخال ـ یان هێنایە سەر تەلەفزیون بۆ ئەوەی بیکەن بەپەند بۆ ئەوانی دی، پاشان بێسەروشوێنیان کرد. لەلایەکی دی د. محەمەد عەلی قەریدی و قەیس هیلال ئەلجەلاوی لەپێش چاوی خەڵکی بەدەستی تیمەکانی ئیعدام گوللەباران کران[63].

ئەندامانی خێزانە شۆرشگێرەکان یا ئەوانەی گومانی شۆرشگێرییان لێدەکرا روبەروی چارەنوسێکی دزێو بونەوە. پیاوانی موخابەرات بۆ ئەوەی تۆڵە لەشۆرشگێرەکان بسێننەوە کەسوکاری شۆرشگێرەکانیان دەکوشت. جارێکیان هێزەکانی ئاسایش لەکاتی گەمارۆدانی مەزاری ئیمام شۆرشگێرێکیان ناسییەوە، ئیتر هێزەکانی ئاسایش بەپەلە هەڵیانکوتایە سەرماڵی شۆرشگێرەکە و کورە ساواکەیان لەگەڵ خۆیاندا هێنا، بەڵام هەر بەدەرکەوتنی باوکەکە منداڵەساواکەیان بەرەو مەزار توڕهەڵدا و یەکسەر گیانی لەدەستدا. پەنابەرێکی دی لەئێران روداوێکی دی گێڕایەوە ؛ کاتێك تیپەکانی سوپا گەمارۆی مەزاری ئیمام عەلییان دابو ئەندامە شێواوەکانی مرۆڤیان دەگرتە چەکدارەکانی ناو مەزار [64].

ئەو کوڕانەی ناوی کەسوکارەکانیان نەدەدرکاند لەبەنزین هەڵدەکێشران و ئاگریان تێبەردەدان. هێندێك کەسی دییان دەبەست بەپێشی تانکەکانەوە بۆ ئەوەی شۆرشگێرەکان تەقەیان لێنەکەن، هەروەها هێزەکانی ئاسایش هێندێك خێزانیان بەتەواوەتی سوتاند لەبەرئەوەی رازی نەبون شوێنی سەرەك خێزانەکانیان ئاشکرا بکەن یا دەیانوت شوێنیان نازانین. لەعیمارە لەدوای ئەوەی بلۆکیان بەست بەقاچی (150) کەسەوە ئنجا خستیانە روبارەوە و لەبەسرەش (30) کەسی دییان بەهەمان چارەنوس گەیاند.

سوپای عێراق بەشێوەیەکی بەرفراوان شێوازی گەردنبەندی ـ ڤلادە ـ بەکاردەهێنا. گەردنبەند جۆرێکە لەسزادان و لەباشوری ئەفریقیاش زۆر بەربڵاوبو. لەروداوێکدا سێ منداڵی خێزانێکی خزمی خۆم، کە گەورەکەیان تەمەنی لەنۆساڵ کەمتر بو تایەی پڕ لەبەنزینیان کردەملیان و ئاگریان تێبەردان، هەروەها بەپێی قسەی هێندێك کەس ژمارەیەك لەشۆرشگێرەکان پێش ئەوەی گوللەباران بکرێن، بەنزینیان دەرخوارد دەدان تالەحیاتی ئەوەی بکەون و ببنە

تۆپەڵێکی بێگیان و نادراما، ماوەیەکی کورت وەك مەشخەڵ بدرەوشێنەوە. ئەو جۆرە کوشتنە کاریگەری لەسەر بینەر زیاترە تاخەڵکی ریزبکرێ و گوللەباران بکرێن [65].

لەنێو ئەو کارە دزێو و ناشیرینانەی ئەنجام دران، هەر کەسێکی بەدەماخ دەستگیر بکرایە یەکسەر لەسێدارە دەدرا، هەروەها ئەو خێزانانەی لەدوای شەڕ گەڕانەوە سەر ماڵ و گوزەرانی خۆیان روبەروی هەمان چارەنوس بونەوە، چونکە ئەوانەی لەکاتی شەڕدا لەگەڵ مناڵەکانیان رایانکردبو ریزکران و بەکۆمەڵ لەسێدارەدران [66]. یا ئەگەر گەشتێکی سوپا لەماڵێکەوە تەقەی لێبکرایە ئەوا هەمو گەڕەك بەرپرسیار دەبو. جارێکیان لەسەربانی ئوتێلێکی جادەی زەین ئەلعابدین تفەنگچییەك سەربازێك دەکوژێت، وسوپاش لەتۆڵەی سەربازە کوژراوەکە دانیشتوانی هەمو ماڵەکانی دەوروبەری ئوتێلەکە کۆدەکەنەوە و داوایان لێدەکەن تفەنگچییەکە تەسلیم بکەنەوە، بەڵام کاتێك تەسلیمی ناکەنەوە ئیتر ژن و پیاو لەیەکتری جیادەکەنەوە، ژنەکان لەدوای رۆژێك دەستبەسەری بەرەڵا دەکەن و پیاوەکانیش بێسەروشوێن دەکرێن[67].

لەدوای ئەوەی هێزەکانی سوپا چونە ناوشارەوە، یەکەکانی ئاسایش و موخابەرات و ئەمنی تایبەت و هێزی پۆلیسی خۆجێتی تا پۆلیسی هاتوچۆش بەدوایاندا چونە ناوشارەوە. ئەو هێزانە بەشاردا بلاوبونەوە و کەوتنە گرتن و زارەوەرگرتنی گەنجان و ئەوانەی گومانیان لێدەکرا سەر بەئۆپۆزیسیون بن. هەروەها کەوتنە پشکنینی ماڵ بەماڵی شارو ئەوەش دەستدرێژی دی لێکەوتەوە. بەپێی چاوپێکەوتنەکانی رێکخراوی مافەکانی مرۆڤ لەعراقدا، ئەو هێزانەی ئۆپراسیونی کێومالیان دەکرد یەك شێوازیان بەکاردەهێنا ؛ هەمو ماڵەکانی گەرەکێکی دیاریکراویان دەپشکنی و هەمو جۆرە چەکێکیان زەوتدەکرد و نێرینەیان دەگرت، بەڵام ئەگەر ماڵەکە کەسی لێنەبوایە ئەوا ناوماڵەکەیان تالاندەکرد و ژنەکانیش توشی ئەشکەنجە و ئابروتکاندن دەبونەوە و رێگەیان پێنەدەدرا روپۆش بکەن. لەئەنجامی یەکێك لەو کێومالانەدا محەمەد عەلی رەماحی نەجەی تەمەن (55) ساڵە لە15 / ئازار / 1991 خۆی سوتاند، چونکە پیاوانی گاردی کۆماری ناچاریان کردبو تەماشای شەرەف شکاندنی هەرسێ کچەکەی بکات[68].

ئەو پیاو و گەنجانەی لەکاتی پرۆسەی کێومالدا دەگیران دەرفەتی دەرباز بونیان نەبو. ئەو پەنابەرە عراقیانەی لەسەرەتای مانگی نیسان گەیشتنە ئێران دەڵێن لەماوەی دە رۆژی راپەڕیندا زیاد لەچوار هەزار کەس لەشاری نەجەف کوژراوە [69]. گرتنی هەرەمەکی و گوللە بارانکردن حاڵەتێکی دیار و باو بو. لەچاوپێکەوتنێکی رۆژنامەی " میدڵ ئیست وۆچ " یەکێك لەدەربازبوەکان دەڵێت : " سوپای عراق بەمەبەستی گەڕان بەشوێن پیاواندا یەك لەدوای یەك

ناوچەکانیان دەتەنی و ئەو کەسانەی دەگیران ( پیاو و گەنج و خەڵکانی غەواره )، رەوانەی یاریگاکانی وەرزش دەکران، لەوێشەوە بەقافڵە بەرەو بەغدا دەگوێزرانەوە. ئۆپراسیۆنەکان تا 10 / نیسان بەردەوام بو ... لەو رۆژەوە تاکو ئێستا نازانین ئەو خەڵکە چییان بەسەر هاتوە [70].

لەنێوان 7 ـ 9 / ئازار، بەرگری سیستماتیکی شۆڕشگێرانە سەرەتا لەشاری بەسرە لەبەریەکهەڵوەشایەوە، هەرچەندە شۆڕشگێرەکان شەڕی پارتیزانیان لەدژی حکومەت دەکرد، بەڵام شارەکە هەرلەژێر کۆنترۆڵی حکومەت مایەوە. شاری سەماوە لەچاو شارەکانی دی ماوەیەکی زیاتر خۆی راگرت و لە29 / ئازار لەدوای ئەوەی سەرکردەی خێڵەکان جارێکی دی بەلای ریژیم بایاندایەوە شارەکەش کەوتەوە ژێر دەستی ریژیم.

لەدەوروبەری 16 / ئازار / 1991 شاری نەجەف و لەدوای ئەویش بەماوەیەکی کورت شاری کەربەلا کەوتەوە ژێر دەستەلاتی ریژیم. بەرپرسێکی گەورەی حزبی بەعس بەپەیامنێری بی. بی. سی، جۆن سیمبسۆن ـ ی راگەیاندوە : پێی وایە ژمارەی ئەو کەسانەی لەکاتی راپەڕیندا کوژراون چوار ئەوەندەی ژمارەی ئەو کەسانەیە کەبەبۆردومانی هێزەکانی هاوپەیمانان گیانیان لەدەستداوە [71]. لەناوەراستی مانگی نیسان / 1991 دا تەنها لەشاری نەجەف نزیکەی (5) هەزار زانای ئاینی و خوێندکار زیندانی کران، بۆیە قوتابخانەکانیش داخران، چونکە سەرجەم مامۆستا و خوێنکار و ئیدارەی قوتابخانەکانی شاری نەجەف لەزیندان بون[72].

بەدەیان خێزان لەسەر دەستی ریژیم بێسەروشوێن کران. سەید محەمەد بەحر ئەلعلوم کە یەکەم کەس بو سەرگوزشتەی فەرماندەی تانکەکانی بۆ گێرامەوە دەیان کەس لەئەندامانی بنەماڵەکەی کوژران، ئەوانەی لە22 / ئازار لەکاتی کێومالەکەی سوپادا دەستگیرکران. ئەو زانا ئاینیانەی لەشاری نەجەف رایاننەکرد یا گیران یا کوژران. یەکێك لەوکەسانەی لەبنەماڵەکەی بەحر ئەلعلوم لەمردن و گرتن رزگاری ببو، دەڵێت: "ئەوانەی عەمامەیان لەسەر بو یازیندانی دەکران یا دەکوژران"[73].

بۆ یەکەمجار لەمێژوی تازەی عراقدا ئەوەی شیعەی پێ جیادەکرێتەوە دەبێت بە ئامانج یا شوناسیان دیاریدەکرێ. لەشاری نەجەف چوار مزگەوت بەتەواوەتی وێرانکرا ؛ مزگەوتی ئیمام عەلی لەناوچەی ئەمیر و مزگەوتی بەقیعە وئیمام سادق لەجادەی مەدینە و مزگەوتی موراد لەجادەی توسی. شۆفڵەکانی حکومەت روبەرێکی گەورەیان لەگۆرستانی نەجەف بەبەلگەوکێلی گۆڕی خێزانە دێرینەکانیەوە وێرانکرد کە مێژوی هێندێکیان بۆ سەدان ساڵ دەگەرێتەوە. ئەوەشیان بەناوی چیمەنتۆ کردنەوەی ئەنجامدا[74].

نزیکەی (1500) کەس لەخەڵکی شاری نەجەف بەئومێدی ئەوەی خۆیان لەبۆمبی ناپاڵم بپارێزن پەنایان بۆ دالانە گەورەکانی ژێر گۆڕەکان بردبو، بەڵام دالانەکان رووخا بەسەریاندا و زۆربەیان زیندەبەچاڵ بون. یەکێك لەو کەسانەی لەو روداوە رزگاری بو خۆی گەیاندە سعودییە و ئەم بەسەرهاتەی گێڕایەوە[75].

لەکاتی راپەڕیندا گومەزە (قبـة) ئاڵتونیەکەی ئیمام عەلی راستەوخۆ چەند گوللە تۆپێکی بەرکەوت و گوزەرگە سەرەکیەکەی وێران بو، و بەشی ناوەوەیشی زیانێکی زۆری لێکەوت، هەروەها مەزاری ئیمام حوسەین لەکەربەلا زەرەرو زیانێکی زۆرتری لێکەوت، کەچی هێرشی کولتوری حکومەت لەدژی شوێنە پیرۆز و بینا و پەیمانگەئاینیەکان لەدوای شەڕی شارەکانیش بەماوەیەکی دورودرێژ هەربەردەوام بو[76]. گشت دارخورماکانی دەوروبەری شاری کەربەلایان بڕییەوە و هەمو خانوەکانی چوار دەوری هەردوو مەزارەکەشیان روخاند. لەقۆناغی یەکەمی ئەو پرۆژەیەی حکومەتێکی نابوت ئیدعای دەکرد بەرنامەیەکی مەزنی ئاوەدانکردنەوەی شاری کەربەلا بەریوەدەبات ، هەمو ئەو گەنجینە کۆنانەیان دزی یا گوێزایانەوە بۆ بەغدا کەچەندین سەدەی تەواو دەستکاری نەکرابو. ئەو " گەوهەر و ئاڵتون و دەستنوسە بەنرخانەی " ناو مەزاری ئیمام عەلی ـ یان بەتاڵان برد کەمیر و پاشاکان ماوەی هەزار ساڵ زیاتربو بەدیاری پێشکەشیان کردبو، هەروەها ئەو ئەڵماسە گەورەیەش دیار نەما کەسوڵتانی عوسمانی سوڵتان مورادی یەکەم ساڵی 1634 ـ ی زاینی پێشکەشی مەزاری کردبو [77].

بەلایەنی کەمەوە دەشێت لەناوبردنی شتە مادییەکان قەرەبو بکرێتەوە، بەڵام ناتوانرێ هەمان شت لەسەر سوتاندنی کتێبخانەی قوتابخانە ئاینی و پەیمانگە فیقهیەکانی نەجەف و کەربەلا و کوفە بوترێ، چونکە پڕ بون لەدەستنوسی کۆنی ئەوتۆ کەهێشتا لێکۆڵینەوەی وردیان لەسەرنەکرابو یا بەشێوازێکی هاوچەرخ بەئەرشیف نەکرابون. کتێبخانەی دار ئەلحیکمە کەخوالێخۆشبو سەید موحسین ئەلحەکیم دایمەزراندبو لەگەڵ کتێبخانەی گشتی کەبنەماڵەی ئەلحەکیم لەجادەی رەسول بەریوەیدەبرد ( نزیکەی 60 هەزار کتێب و بیست هەزار دەستنوسی تیابو ) هەموی بەتاڵان برا و سوتێنرا، هەروەها کتێبخانەی دار ئەلعیلم ـ ی ئایەتوڵلا خوئی کەنزیکەی 38 هەزار کتێب و 75000 دەستونسی تیابو هەمان چارەنوسیان هەبو. هەرگیز ناتوانرێت لیستێکی وردی ئەو گەنجینە بەنرخانە ئامادەبکرێتەوە کەبەپارە ناقەبلێنرێت، چونکە زۆربەی ئەو کەسانەی لێی بەرپرسیاربون یا کوژران یا زیندانی کران. مەترسی راستەقینەی هێرشەکانی ریژیمی بەغدا لەرێکخراویی قەوارە و شێوازەکەیەتی چونکە سنوری بۆ

نـەریتێك دانـا کەهـەزار سـاڵ تەمـەنی لەوانەوتنـەوە و فێربـونی فیقـە هەیـە لەشاری نەجەفـدا، لەگەڵ پێشبینی نەکردنی ئەو ئاکامانەی لەداهاتودا لەم هێرشە دەکەوێتەوە.

بەنیازی ئـەوەی چێکێکی سـەرتاپای ئـەو حیـسابانە بکرێتـەوە کەچـی رۆژنامـەی (الثورة)، زمانحاڵی حزبی بەعس لەنیسانی / 1991 شەش وتـاری سـەرەکی چاوەروان نـەکراوی بـەزنجیرە بڵاوکـردەوە [78]. وتارەکـان گـۆڕانێکی بنــەرەتی لەهەڵوێـستی بەغـدا دەردەخـست بەرامبــەر بـەهاوڵاتیانی شـیعە، بـەڵام هـەروەك چـاوەروان دەکـرا ریـژیم راپـەڕینی باشـوری بـە "پیلانـی چەپەڵی بێگانە" وەسف دەکرد.

ئەوەی لەم بیرۆکەیە نوێ بـو، دەسـتدرێژیکاران تـەنها بـەپێی شـوناس و رەگـەز نـامۆ نـەبون بەڵکو وەك زەین و ویژدان و هەستیش بەعراق نامۆ بون. لەجیاتی ئـەوەی عراقییـەکی دڵـسۆزبن و کـاربۆ بەرژەوەنـدی شۆڕشـی بـەعس و نەتـەوەی عـەرەب بکـەن، هەرچـەندە بەدرێـژایی شـەڕی عراق ـ ئێران پروپاگەندەی رەسمی ئەو هەڵوێستەی بەرز رادەگرت، کەچی خەڵکانێکی بێئـابرو و نەفس نـزم دەرچـون و ملکەچـی ئـاینێکی سوکی ئـەوتۆن کـەهیچ بنەمایـەکی رەوشـتی تیـا نیـە. پێشتر ئەمجۆرە وتارانە لەرۆژنامـەکانی حزبـی بـەعس بەدینـەدەکرا. لـەدوای ئـەوەش بەدرێـژایی سـاڵی 1992 بەمەبەسـتی شـێواندنی رەوشـتی شـیعە و ئاینەکـەیان گـەلێك وتـار لەرۆژنامـەکانی عراق و هەواڵی تێژی دکتۆرا بڵاودەکرایەوە.

لەواقیعـدا وتارەکـانی رۆژنامــەی (الثـورة) دەیویـست نـاعراقی بـونی شـیعەکانی عـراق بسەلمێنێ. هەروەك لەوتارەکانـدا هـاتوە کاریگـەری ئێـران لەسـەر باشـوری عـراق لـەرێز و پایـەی کولتـوری شـیعەی کەمکردۆتـەوە بەتایبـەتی لەپلەوپایـەی ئاینەکـەیان، هـەروەها دوو خەسـڵەتی عەرەبی راستەقینەشیان دۆڕاندوە : رێزلـەخۆگرتن و تێگەیـشتنی قـوڵ لەئیـسلام. شیعەیان وەك خەڵکانێکی سەرەتایی ئەفسانەپەرست لەقەڵەم دەدا کە وەچـەکانی پێغمبـەر دەپرسـتن ـ ئەوانـەی پێیان دەوترێ ئەسیاد ـ ئەوەش رووپامایەکی ئەوتۆیە کە عەرەبی راستەقینە قێزی لێدەکاتـەوە. بەپێی ئیدعاکانی رۆژنامەی (الثورة) ئەم رووپامابیە هێندێك جار دەگاتە ئاستێکی زۆرنـزم وەك ئەوەی " هێندێك کەس قاچ یا شوێن پێی ئەسیادەکان ماچ دەکەن " ئەو دابونەریتانەی لەرێگەی پیاوانی ئاینی ئێرانەوە هاتۆتە عراقەوە لەهێرسی " الهرطقة " دەچـێت، ئـەوەش ئاشـکرا دەکـات کەچـۆن خـەڵکانی غـەوارە هەوڵـدەدەن عراقیـەکان سـوك و ریـسوا بکـەن و .... لەرێگـەی ئـەو رێوشوێنانەی بەدوورویی ناوی ئاینیان لێناوە ملکەچیان بکـەن ". عـەرەبی راسـتەقینە رانـەهاتوە " سەر بۆ خەڵکانی دی دانەوێنێ ".

لەوتارەکانـدا هێـرش دەکرێتـە سـەر عـەرەبی هۆرەکـان و هـەژاری و دواکـەوتویی و داوێـن پیـسییان دەخاتـەروو، بەشـەڕخوازی خۆرسـك و پـیس و پـۆخڵ و وەچـەی کۆیلەهێندییـەکانیان دادەنێـت نـەك بەعـەرەبی راسـتەقینە. بـەلاَم هـەروەك لەرۆژنامـەی (الثـورة) دا هـاتوە کـاری سێکسیان قێزی لێدەکرێتەوە و ژنەکانیان نەك ئـاغر و پۆشـتەوپەرداخ نـین، بـەڵکو سـۆزانین و " زۆرجاران مرۆڤ بەسەرهاتی نـاوازەی قێزەونیـان لەسـەر دەبیـستی ". سـەرەرای ئـەوەش نوسـەری بێناوی وتارەکان بەمجۆرە کۆتایی بەوتارەکانی دەهێنێ، بەلاَم سـەدام حوسـەین مرۆیانـە و بـەپێی نـەریتێکی عـەرەبی بێگـەرد و بـەپێی پرەنسیپەشایـستەکانی ئیـسلام مامەڵـەیان لەتەکدا دەکات، کەچی سـەید بەمەبەسـتی پاراسـتنی دەسـتەلاَت و کاریگـەری لەسـەر ئـەو خەڵکـە نەزانـە لەبۆنـە گەورەکان نەبێت تێکەڵی پێرەوانی نابێت، ئەمە لەکاتێکدا سـەدام حوسـەین وەك کەسـێکی خـاکی تێکەڵ بەخەڵکی ئاسایی هۆرەکان دەبێت و لەگەڵیاندا دەخوا و دەخەوێت و هاوبەشی لەخۆشـی و ناخۆشیان دەکات.

روناکبیران و پیاوانی ئاینی و رای گشتی عەرەب روداوەکانی ئـازار و نیـسانی/1991 خـەڵکی عراقیان پشتگۆی خـست، " هـیچ یـەکێك لـەو روناکبیرانـەی لەبەشـی دوەمـی ئـەم کتێبـە رەئیـان رەخنە دەکەم یا ئەوانـەی بەتونـدی تێوەگلانی رۆژئاوایـان لەکێـشەی کوێـت سـەرەکۆنە دەکـرد چ بەنوسین یا بەقسەکردنی ئاشکرا پـشتگیریان لـەو میللەتـە نـەدەکرد کـەدواجار خـۆی کـۆکردەوەو لەدژی رێژیمێك شۆرشی کرد بەناپاڵم و بۆمبی ژەهراوی بۆردومانی دەکرد و بەدرێژایی 23 سـاڵ ئازارو ئەشکەنجەی دەدا. مامۆسـتا ناسـراوەکانی زانکـۆ لـەرۆژئاوا لەپـشت مێـژی خـواردنی شـێوان بەمانـەوەی سـەدام لەسـەر کورسـی حـوکم پێـشبینی چارەنوسـێکی باشـتریان بـۆ عـراق دەکـرد. هێندێك روناکبیری دی مێژگردیان لەگەڵ یاسـادانەرو سیاسـەتمەدارەکانی ئـەمریکا سـاز دەکـرد و بەپەرۆشەوە داوایان لێدەکردن خۆیان لەمەسـەلەی کوشـتنی بەکۆمـەڵی بێبەزییانـەی عراقیـەکان بەدوربگرن، چونکە پێیـان وابـو ئەگـەر تـەدەخول بکـەن ناوچـەکە روبـەروی ئاکامێکی ترسـناك دەبێتەوە[79]. ئەوجۆرە پەرچەکردارانە بەڵگەی مایەپوچی و نابوتی رەوشت و کـارێکی خـەمۆکی بـو، تەنانـەت هـیچ خۆمانـدوبونێکی پێوەدیارنـەبو بـەڵکو لەواقیعـدا لەسـەر ناهاوسـۆزی لەگـەڵ مەینەتی برا مرۆڤەکانیان بونیان نرابو، ئـەو برایانـەی ـ لـەم حاڵەتـەدا ـ بەرێکـەوت وەك خۆیـان عەرەب بون.

شێوازەکەی مستەفا جەمالەدین ـ ی شاعیرو نوسەری شاری نەجەف باشترین شێوازە بۆ ئەوەی کۆتایی بەم بەشەبهێنم. هاتنەگۆی مستەفا رەتکردنەوەی بێدەنگی زۆربەی جهانی عەرەب و ئیسلام بو لەئاست روداوەکانی باشوری عراق :

" گریمان راپەڕین، راپەڕینی شیعەی باشور بو نەك راپەڕینی گەلانی عراق. گریمان گومان لەئیسلامەتی شیعە دەکرێ ـ هەروەك هێندێك برای پەرگیری ئەهلی سوننە پێیان وایە ـ بەلاّم ئایا ئەو شوێنە پیرۆزانە هێما و نیشانەو مزگەوتی ئیسلام نیە، ئایا مەزاری چوارەم خەلیفەی موسلمانان عەلی کوری ئەبو تالیب و نەوەکانی پێغەمبەر (خوالێیان رازی بێت) لەوێ نیە. ئایا بۆردومانکردنی بەرۆکێتی سکۆد و پێشێلکردنی کەرامەت و حورمەتی شایانی ئەوەنیە لەلایەن لایەنێکی عەرەبی یا ئیسلامی تاکە بلاّونامەیەك یا بەیاننامەیەکی نارەزایی توند دەربکرێت، ئەگەر چی لایەنێکی ناحکومیش بێت وەك قوتابخانە ئاینیەکانی ئەزهەر لەمیسر، زەیتونەلەتونس، قەرەوییین لەمەغریب، هاوبەندی جهانی ئیسلام لەسعودیە یا هەر زانکۆیەك یا یانەیەك یا حزبێکی ئیسلامی یا توێژێکی ئیسلامی یاهەر زانایەکی ئاینی. . .

ئایا ئەو شوێنە پیرۆزانەپاکیزەکی و حورمەتیان پێشێلدەکرێ تەنها لەبەر ئەوەی شیعە لەدەوریان نیشتەجێ بون ؟.

من کەسێکی خێڵەکی نیم و مێژوی ئەدەبی و سیاسیم راستی قسەکانم دەسەلمێنێ، بەلکو تاهەنوکەش داوای ئیسلامی حەقیقی دەکەم کە دوور بێت لەتوندرەوی مەزهەبی و نەتەوەیی و دوپاتم کردۆتەوە کەئێمەی موسلمان بێئاگاین لەبەخشندەیی گیانی ئیسلام و زاڵبونی رەگەزپەرستی مەزهەبی بەسەر لێبوردەیی و مرۆیی ئەم ئاینەدا، هەروەها جەختم کردۆتەوە لەسەر بێئاگایی ئێمەی عەرەب لەسەر لێبوردەیی عروبە و گیانە مرۆڤانەکەی و لادانی بەرەو گیانی رەگەزپەرستی و شۆڤینی.

ئەمە بیروڕای منە لەسەر ئیسلام و عروبە کە خێلاّیەتی و رەگەزپەرستی گرنگترین نەخۆشی هەنوکەیی ئیسلامە. بەرای من و هەمو دڵسۆزێك لەنیشتمانی عەرەبی ئەو دوو دەردە نهێنی دواکەوتویی عەرەبی موسڵمانە بەگشتی و عراقیش بەتایبەتی . . .

پێویستە ئەو تێبینی و پەراوێزانەی بەراشکاوی باسم کردوە ـ هێندێك جار زبریش بوە ـ ببێتە بنەمای لەیەك تێگەیشتن سوننە و شیعەی عراق لەبەر ئەوەی بنەمایەکی نەگۆڕە بۆ چارەسەر کردنی کێشەی عراق. ئێمە نامانەوێ سوننە ببێت بەشیعە و ناشمانەوێ شیعە بکەن بەسوننە، چونکە رێبازی فیقهی و عەقائیدین و کار لەواقیعی سیاسی و کۆمەلاّیەتی هاولاتیانی یەك ولاّت ناکات.

ئێمە هەمومان عەرەبین لەبەر ئەوەی لەم بەشەی نیشتمانی عەرەب دەژین، وەك هەر عەرەبێك هەست بەعەرەبێتی خۆمان دەكەین و بەزمانی عەرەبی قسە دەكەین و یەك هەستمان هەیە و یەك چارەنوس كۆماندەكاتەوە، چونكە عروبە خوێن نیە لەدەماری هێندێك كەس بسوڕێت و لەهێندێكی دی نەسوڕێت، بەڵكو عروبە هەست و چارەنوس و دابونەریتی هاوبەشە " (80)

3 ـ عومەر

**لەگرتوخانەی بەغدا**

عومەر گەنجێكی تەمەن سی ساڵەی بەرزخواز (طموح) و روخۆش و پەروەردەكراو، ماوەی 42 رۆژ لەناو بینای هەواڵگری سەربازی كە دەكەوێتە نزیك نافورەكانی ناوچەی كازمییەی بەغداوە، دەست بەسەر دەكرێ. ئەم بینایە لەكاتی شەڕی كەنداودا وێرانكرا[1].

باسل ـ ی برای عومەر لەكاتی راپەڕیندا لەسلیمانی دەژیا و لەسەر روداوەكانی سلێمانی نامەیەكی تێروتەسەلی بۆ نوسیبو. عومەر رێگەی پێدام چەند بڕگەیەك لەنامەكەی باسل ـ ی پەناهەندەی ئێران بەكاربهێنم كەتوندو تیژی لەناكاوی روداوەكان توشی شۆكی كردبو[2].

بەهەرحاڵ لەکاتی قسەکردندا بۆم دەرکەوت عومەریش سەرگوزشتەی سەیرو باوەرپێنەکراوی هەیە. عومەر دوو ساڵ بەرلە مەینەتی براکەی لەئازاری/1991 لەبەغدا گیرابو. هەرچەندە بەروکەش وادیاربو ئەم دوو رووداوە پەیوەندییان پێکەوە نیە، بەلام بەسەرهات و سەرگوزشتەی عومەر باوەرکردەنی نیە ـ سەرەرای ئەوەی سەرگوزشتەی عومەر زەرورییە بۆ ئەوەی لەبەسەرهاتی باسل تێبگەین ـ چونکە زۆر ئاسایی دیاربو. ئەو گرتوخانەیەی عومەری تیا زیندانی بو لەچاو ئەو گرتوخانە گەورەیەی پێی دەوترێ عراقی بەعس، دونیایەکی بچوك بو.

لەسالانی هەشتاکاندا عراقییەکانی عومەر ئاسا بەدەست هەزاران چیرۆك و سەرگوزشتەی لەوجۆرە دەیانناڵاند. مەرج نیە قارەمانی ئەو چیرۆکانە شتێکیان کردبێت، ئەمە سەرەرای ئەوەی ئەو کەسانە کێن و چی بون، خۆی لەخۆیدا پرسیارێکی گرنگ نیە.

عومەر عەرەبێکی سوننەی کازمییەنشین بو، کوردێك خەبەری لێدابو، ئەفسەرێکی شیعەش لێپێچینەوەی لەگەڵدا دەکرد. بەپێی پێودانگ و ئیعتباراتی بەعس پیاوێکی بەختەوەر بوە، چونکە بێتاوان دەرچوە. عومەر بەمانای ئەشکەنجە، ئەشکەنجە نەدرابو، بەلام توندوتیژی راپەرینی ئەبوحەیدەر لەدایك بوی ئەو ئاساییە بو کەعومەر ئەزمونی کردبوو.

عومەر کورە بچوکی خێزانێك بو، لە سێ خوشك و سێ برا پێکهاتبو. ساڵی 1990 لەدوای ئەوەی گەمارۆی سەفەر لەسەر عراق هەلگیرا، لەحوزەیرانی هەمان ساڵ گەیشتە ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا. بۆ یەکەمجار لەگەڵ دوو عراقی دی لەکامبردج ـ ی ولایەتی ماساشوسیتیش چاومان بەیەك کەوت. سەرلەبەیانی رۆژی یەکەم بەدرێژایی چەندین کاتژمێر پێکەوە قسەمان کرد. عومەر بەشێوەیەکی سروشتی کەسێکی خۆش حیکایەت بو، چاوێکی تیژی بۆ بینینی وردەکاری شتەکان و یادەوەرییەکی نائاسایی بۆ گێرانەوەی روداو و مەینەتیەکانی کاتی زیندانی هەبو. توانای ئەوەی هەبو لەدڵرەقیدا لایەنی پێکەنیناوی ببینێ. هەرگیز ئەو شادمانی و دەمبەپێکەنینەیم لەبیرناچێتەوە کە ئازادکردنەکەی پێ وەسفدەکرد. تاکاتژمێری (3) ی بەرەبەیان گوێ بیستی ئەو وردەکارییە جارسکار و بێمانایە بوین. هەمومان سەرشێتانە پێدەکەنین تالەناکاو لەئەنجامی یادەوەرییەکی عومەردا دەستمانکرد بەگریان. بەهێنانەوەی روداوەکان تێگەیشتم پێکەنین و قاقاکەمان کارێکی پێویست بو تابتوانین بەو شێوازەی دەگریان، هەمومان بگرین.

بەرەزامەندی خودی عومەر دایەلۆگ و یادگاری روداوەکانی ئەو چەند کاتژمێرە و دانیشتنەکانی دیم بەشێوازی منی قسەکەر گۆری، بۆیە لەپێناوی پاراستنی ژیانی بەشداربوان،

گشت ناو، مێژوو، ژمارەکان گۆڕانکاریان بەسەراهاتوە، هەرلەپۆلیسەوە تاپاسەوانی زیندان و جەلاد و زارەوگر و هەوالگر و زیندانەکان و ناوەخوازراوەکانیش بەپێی بنەمای ئەتنی یاخێڵەکی کەسەکان گۆڕانیان بەسەرا هاتوە : کورد، عەرەب، سوننە یا شیعە. بەمشێوەیە ئەو شێوازە دیموکراسیەمان پاراست کەلەگرتوخانە و سوپای عێراق بەمەبەستی پیادەکردنی توندوتیژی بەکاردەهێنرێ[3].

لەناوچەی کازمییەی بەغدا لەدایك بوم کەجاران بەقەڵای نیشتمان پەروەرانی عەرەب دادەنرا. ئەو رۆژانەی هێزی دەریایی عراق پێی دەوترا "هێزی روباری"[4] باوکم لەو هێزەدا ئەندازیار بو. باوکم لەساڵی 1941 لەدژی بریتانیا بەشداری لەکودەتاکەی رەشید عالی کردوە. ئەو کودەتایەی حزبی بەعس بەیەکەم شۆڕشی عەرەبی دادەنێت. بەدرێژایی ساڵانی پەنجاکان باوکم وەك هیتلەر سمێڵی دەهێشتەوە.

لە 2 / ئەیلولی / 1979 لەدوای ئەوەی کۆلیجی ئەندازیاری مەدەنیم لەزانکۆی بەغدا تەواو کرد، یەکسەر لەلایەن سوپای عراقەوە بۆ خزمەتی سەربازی بانگ کرامو لە 7 / نیسان / 1985، واتە لەیادی دامەزراندنی حزبی بەعسی دەستەڵاتدار تەسریح کرام. ماوەی 5 ساڵ و 7 مانگ و 5 رۆژ خزمەتم کرد.

من و باوکم هێندێك شتی نامۆی هاوبەش و جیاوازمان هەیە. هەردوکمان ئەندازیاربوین. من لەماوەی شەڕی عراق ـ ئێراندا رقم لەهەمو ساتێکی سەربازی دەبووە، ئەویش ئەفسەرێکی نیشتمانپەروەری گیان بەخت بەشداری لە کودەتایەکی سەرنەکەوتو کردبو، کەچی بەهای خۆشەویستی باوکم بەرامبەر بەسیاسەت دەرکردن و چوار ساڵ زیندانی بو. بەڵام من وەك گەنجێکی دەست و پێ سپی و ساوێلکە و تەنها کات بەسەر دەبات 42 رۆژم لەزیندانی عراق گوزەراند. بەسەر بردنی 42 رۆژ لەشوێنێکی ڤێزەون و چوار ساڵ زیندانی باوکم بەتەواوەتی دوو دونیای جیاواز بون.

لەشەوێکی ساردی زستانی ساڵی 1987 و لەدوا ساڵی شەڕی عراق ـ ئێراندا بەهۆی هێندێك حیساباتی هەڵپەسێراوی کەرسەی پرۆژەیەکەوە تانیوە شەوێکی درەنگ مامەوە. ئیشوکار ماندوی کردبوم و هەستم کرد لەدوای (16) کاتژمێر کارکردن پێویستیم بەکەمێك خواردنەوە هەیە، بۆیە نزیکەی کاتژمێری (1ر5) شەو گەیشتمە ماڵەوە ئۆتۆمۆبیلەکەم لەگەراج راگرت. کاتێك ویستم لەئۆتۆمۆبیلەکە دابەزم چوار کەس وەك گیانەوەری درندە هەڵیلنکوتایە سەرم و

یەکێکیان نەڕاندی بەسەرما :" تۆ ئەو عومەرەی کەلە پرۆژەی میوانخانەکەی دەوڵەت کار دەکەیت؟".

تۆقیم، دووکەسیان لولەی دەمانچەکانیان تێکردبوم. دونیا تاریك بو، شتەکانم بەجوانی نەدەبینی، پێم وابو خەون دەبینم. بەپرتە پرت وتم ناسنامەکەم دەهێنم کەلەجانتای ناو دەشبولی ئۆتۆمۆبیلەکەم بو. یەکێکیان قیراندی :" راوەستە، راوەستە ! دەست درێژنەکەیت ! نەجولێیت ! ". پێیان وابو دەست بۆ دەمانچەکەم دەبەم. بەزۆر لەسەیارەکەم دایانبەزاندم. تارادەی هیستریا توڕەبون.

کەسیان ناسنامەی خۆی دەرنەخست. بەدرێژایی وەختەکە هاواریان دەکرد، ئەوەش زیاتر شڵەژاندمی. پرسیم :" چ رویداوە ؟ " نەڕاندیان بەسەرما : " بێدەنگ بە، ورتە نەکەیت. رووت وەرگێرە ". ئەو قسانە نزیکەی دە چرکەی خایاند. لەو کاتەدا دایکم لەباخچەکەوە بەرەو گەراجەکە دەهات، رەنگ و رووی پێنەمابو  و زۆریش ماندو دیاربو. دایکم سەری رووت بو، هەرچەندە زۆر بەدەگمەن بەسەری رووت دەمبینی. هاواریکرد :" عومەر، عومەر، ئاگاداربە براکەتیان بردوە ". نەمزانی باسی چ دەکات. کاتێك دایکم پێمانگەیشت زۆڵێکی ناشیرین و درێژی دەموچاو ئاوڵاویان پاڵێکی بەهێزی پێوەنا. دایکم هاوسەنگی تێکچو، خەریك بو لەناو گەراجەکەدا بکەوێت و بەدەنگێکی گڕی ناخۆش پێی وت ؛ بێدەنگ بە، پاشان بەبێ هیچ هۆیەك دەستی بەجنێودانی کرد.

بیرم دەکردەوە :" تۆ بڵێیت ئەمە خەون نەبێت ؟ " لەدەرەوەی گەراجەکە هەردوو دەستمیان لەپشتەوە کەلەپچەکرد و گوێشم لەهاوار و گریانی دایکم بو دەیوت : " لێتان دەپاڕێمەوە ئازاری مەدەن، تکاتان لێدەکەم، تکاتان لێدەکەم ". لەناکاو ئۆتۆمۆبیلێکی لاندکرۆزەری ژمارە مەدەنی سپی بەدیارکەوت. ئەمەش شێوازێکی تایبەت بەئیستخبارات و ئەمن بو. بەپاڵ خستمیانە ناو ئۆتۆمۆبیلەکەوە و دایکیشم لەدەرەوە هەر هاواریدەکرد : " ئاگاداربن، تکاتان لێدەکەم ئازاری مەدەن، خوا دەتپارێزێت، بەخوا کورەکەم هیچ خراپەیەکی نەکردوە ! ". ئەمنەکان پاڵێکی بەهێزیان بۆ ژورەوە پێوەنا و دەرگاکەیان بەرویدا داخست.

پێش ئەوەی بەپاڵ بمخەنە ئۆتۆمۆبیلەکەوە بەبلوزەکەم چاومیان بەستەوە ـ ئەو شەوە دونیا زۆر ساردبو ـ لەبەرئەوەی بلوزەکەم لەسوف دروستکرابو، لەکونەکانیەوە شتم دەبینی. براکەم لەسەر کورسیەکەی پشت لاندکرۆزەرەکەوە گرمۆڵە ببو. ئۆتۆمۆبیلەکە کەمێك گەڕایە دواوە ئنجا کەوتەرێ. لاندکرۆزەرێکی دی بەدەوامانەوە بو.

دواتر بۆم دەرکەوت ماوەی سێ کاتژمێر لەچواردەوری ماڵەکەمان بۆسەیان بۆ نابومەوە و چاوەروان بون بگەڕێمەوە چونکە پێیان وابو کەسێکی زۆر ترسناکم. براکەم لەپشت ئۆتۆمۆبیلەکەوە دەستی هێناو توند دەستی گوشیم وەك ئەوەی پێم بلێت :"زۆر خراپ تێکەوتوین".

لەناو ئۆتۆمۆبیلەکە هاواریان دەکرد :"لەکوێ بوی؟ سەگ کوری سەگ لەکوێ بوی؟ چەندین کاتژمێرە چاوەروانی جەنابت دەکەین، ئایا پێت وایە ئیشی باشترمان نەبێت؟ ئایا لەگەڵ کیفاحی هاورێت بوی؟". ئەمەیان راست بو، چونکە برادەرێکی دراوسێمان ناوی کیفاح بو، بەڵام ناویان چۆن دەزانی ؟

ویستم خۆم گێل بکەم بۆیە وتم "کیفاح کێیە؟". هەوڵیاندەدا فریوم بدەن و بەبەڵێ وەڵامیان بدەمەوە بۆ ئەوەی بیگرن. یەکێك لەئەمنەکان رویکردە براکەم و پێی وت :" ئایا هاتوچۆی کیفاح دەکات ؟ ". براکەشم وەڵامیدایەوە : " کیفاح کێیە". بەلایەنی کەمەوە لەو وەختەدا باوەریان کردبو کە کیفاح تێوەنەگلاوە. بەڵام لەچییەوە نەگلاوە؟ هێشتا هیچ بیرۆکەیەکم لەسەری نەبو. ئەگەر بمگوتایە پێکەوە کاردەکەین، ئەوا ئەمرۆ کیفاح لەژیاندا نەمابو. لەراستیدا کیفاح ئەفسەرێکی عراقی بو، بۆیە زۆر دڵڕەقانە مامەڵەیان لەتکدا دەکرد.

جارناجارێك ئۆتۆمۆبیلەکان دەوەستان وخەڵکی دییان دەگرت. کاتێك چومە ناو ئۆتۆمۆبیلەکەوە سەرنجم دا یەکێك لەپشتی سەیارەکە راکشاوە و پەتویەکی بەخۆیا داوە، دواتر بۆم دەرکەوت ئەو سیخورە بوە کەخەبەری لێدابوین و ماڵەکەمانی پێشاندابون. سەرەتا لەمن و براکەمیان شاردەوە، هەرچەندە دەنگی لەلام ئاشنابو کەچی نەمناسیوە. چونکە وڕوگێژ بوم و بەباشی بیرم نەدەکردەوە و گەورەیی کارەساتەکە کاسی کردبوم. بەردەوام خەڵکیان دەگرت و دەیانخزاندە ناو ئۆتۆمۆبیلەکەوە.

تائێستاش گۆرانیەکەی ( ئوم کەلسوم ) لەگوێمدا دەزرنگێتەوە کەبەکاسێت لێیان دەدا. ئەمنەکان لەیەك کاتدا گۆرانیەکەیان دەوتەوە و چەپڵەیان لێدەدا و هاواریشیان دەکرد. یەکێك لەئەمنەکان بەوانی دی وت : " دوێنێ لەگەڵ کچەکەی هاورێم دەرچوینە دەرەوە " وهیچ حیسابیکیان بۆ ئێمە نەدەکرد. لەناکاو قسەکەی بری و رویدەمی کردە من :" ریازی دەلاك دەناسی ؟ ". پێم وت ؛ کەسێك بەو ناوە ناناسم. ئەمجارەیان راستم دەکرد. " گەواد، کوری قەحبە ! دانییپانانێیت. بۆم راوەستە تادەگەینە شوێنی خۆمان. ناچارت دەکەین قسەبکەیت ".

لەترسان هەڵدەلەرزیم. نەمدەزانی بۆچی گیراوم. ئنجا کەسێکی دییان گرت. کەرەتێکیان

کاتـژمێرێکی تـەواو لەبـەردەم ماڵێـك چـاوەڕوان بـوین. گـوێم لـەهاتوهاوار بـو، کاتێـك لـەکونی بلوزەکەمەوە تەماشام کرد دەمانچەیەکی ئاراستەکراوم بینی.

ئەو دوو ئۆتۆمۆبیلەی لـەدەرەوەی ماڵەکـەمان راوەسـتابون لەخـەڵکی گـیراو جمـەیان دەهـات. سـەرەتا جگـە لـەمن و براکـەم و سـیخورەکە و دوو ئـەمن و شـۆفیری ئۆتۆمۆبیلەکـە کەسـی دی تیانەبو، ئنجا یەکێکی دییان خستە دواوە. بەمشێوەیە ئۆتۆمۆبیلەکەمان بەتەواوی پڕبو.

پـێم وابـو ئۆتۆمۆبیلەکـە چـەندین کاتـژمێرە بەرێگەوەیـە، ئنجـا لەسـەرخۆ بەسـەر شـتێکدا سەرکەوت، بەپرد تێگەیشتم. هەرچەندە دەرەوە زۆرسارد و پەنجەرەکانیش داخرابـو بـەڵام بـۆنی دەریـام دەکـرد. لـەدوای ئـەوەی لەپردەکـە پەڕینـەوە ئۆتۆمۆبیلەکـە هێواشـی کـردەوە تالەبـەردەم بەربەستێك راوەستا. دەنگە دەنگێك پەیدابو:"راوەستە!" بەربەستەکە لابرا و گوێم لەپاسـەوان و شۆفێرەکە بو سڵاویان لەیەکتری دەکرد، پاشان چوینە ژورەوە.

کاتێك ئۆتۆمۆبیلەکە وەستا و کوژاندییەوە بەشێوەیەك دوعام دەکرد کەپێـشتر هـەرگیز ئـەو کارەم نەکردبو. " یاساتر یا حـافظ " ( پەنابردنە بۆ خوداوەند ـ و ). فرمانیـان پێـداین دابـەزین. کـوێر ئاسـا وەك کابینـەی شـەمەندەفەر دەسـتی یـەکترمان گرتبـو. کاتێـك بـۆ ژورەوە راپێـچیان دەکردین یەکێکیان بەئەنقەست پێی خستە بـەرپێم و سـەرسمێکم داو کەوتمـە سـەرعەرزەکەدا، ئــەوانیش دەســتیان کــرد بەپێکــەنین،" بەدبــەخت و رەنجــەرۆ، مــردن بــۆ ئــەو کەســەی هەڵتدەگرێتـەوە " کـاتێکیش ویـستم هەسـتمەوە هاواریـان بەسـەرمادەکرد، جارناجـارێکیش تێـر جنێو و تف بارانیان دەکردین. بەو تاریکیە گوێم لەژاوەژاوی دەزگای بیسیم بو. چەند هـەنگاوێك رۆیـشتین پاشـان پێیـان وتـین سـەرکەوین، پلەیـەك و دوان و سـیان، تائێـستاش ژمـارەی پلـەکانم لەبیرنەچۆتەوە. لەو ئەنگوستەچاوەدا وەك کابینە هەر سەردەکەوتین.

بەتەواوەتی نازانم بۆچی چاوبەسـتنەوەمان لـەلای ئەمنـەکان مەسـەلەیەکی زۆر گـرنگ بـو. رەنگە لەبەرهۆی دەرونی نەیاندەویست بـزانین لـەکوێین، چـونکە کاتێـك مـرۆڤ نـەزانێت لەکوێیـە هەسـت دەکـات لـەبیر چـۆتەوە، ئـیتر تـرس دایـدەگرێ و زووتـر دەچـێتە ژێربـار. تـرس لـەنادیار گەورەترین جۆری ترسە، بۆیە هەمو رێوشوێنیکیان دەگرتەبەر بۆ ئەوەی نەزانین لەکوێین و کـێ لەدەورمانە، تەنانەت کـاتێکیش زانـیم لـەکوێم لـەلای کـەس باسـم نـەکرد. ئەوانـەی لێیـان دەدام، هاواریان بەسەرما دەکرد و پرسیاریان لێدەکردم ناوی خۆیان پێدەوتم : عـەباس، حوسـەین و ... هتد، بەڵام ناوەکانیان ساختەبو، ئەوەش شتێکی ئاسایی بو[5].

کاتێك ریزیان دەکردین بەدەست پاڵیان پێوەدەناین و بەتوندی لەگەڵمان دەجوڵانەوە. دونیـا زۆر ساردبو. لەدوای ئەوەی کەلەپچەکانیان کردەوە چاوبەستەکانیشیان لابرد. پاشان پێیـان وتـین

چاومان بکەینەوە. لەناوبینایەکی چوارگۆشەبوین کە دەکەوتە ناوەراستی حەوشێکەوە و هەمو پەنجەرەکانیشی دەچونەوە سەرحەوشەکە، بەلاّم رووی دەرەوەی پەنجەرەی تیانەبو. چوارگۆشەیەك لەناو چوارگۆشەیەکی گەورەتر وێنابکەن. چوار گۆشەکەی ناوەوە بریتی بو لەحەوشەیەکی چیمەنتۆ چواردەوری پەنجەرە بو، تەنها ژور دەمایەوە بۆیە هەر لەئوتێل دەچو.

یەکەمجار چاوم بەشوێنێك کەوت لەهۆڵ دەچو، عەرز و بنمیچەکەی نەخش و نیگاربو. لای چەپی سێ دەرگای تیابو بەلاّم لای راستی تەنها حەوشەیەکی هەبو. دیمەنی ئەو دەرگایانە ترسناك نەبون. بەمەبەستی زاروەرگرتن چەشنی مێگەل کراینە ژورێکەوە کەتەنها فەرمانبەرێك لەپشتی مێزیکەوە دانیشتبو. فرمانی پێداین جلەکانمان داکەنین. "ئێوە!! جلەکانتان داکەنن". ئەو دیمەنە جۆرێك بو لەگەوجێتی کەلەدائیرەکانی حکومەت دەبینرا، هەروەك ئەو پەندەی دەڵێت: "کەری خوا لەعەرزی خوا ـ زمال الله بارض الله ".

کراس و بانتۆڵەکەم داکەند چاوەروان بوم پێم بڵێت " بەسە " زۆر دەترسام لەوەی لێی بپرسم چی داکەنم. لەبەرئەوەی هیچی نەوت، بۆیە بەتەواوەتی خۆمان رووتکردەوە. سەرەرای ئەوەی دونیا زۆر سارد بو کەچی بەئەنقەست پەنجەرەکانیان کربووە. پاسەوانەکان کۆتی سەربازی ئەستوری گەرمیان پۆشیبو. یەکێکیان نەڕاندی بەسەرما :" ترسنۆك بۆچی دەلەرزیت ؟ لێرە چ دەکەیت ئەگەر ناتوانی بەرگە بگریت ؟ ". بەمشێوەیە وەك ئەوەی بەویستی خۆم بۆئێرە هاتبم.

ئەو شەوە بەجەعفەر ـ ی کۆنە هاورێمەوە پێنج کەسیان گرت. جەعفەر لە (الثورة) دادەنیشت و یاریزانێکی پلەیەکی تۆپی پێ بو [6]. دوو کەسی دی کەپێشتر ئاشنایەتیم لەگەڵیان نەبو. من و براکەم و جەعفەر جارناجارێك تەماشای یەکترمان دەکرد. بەرەو دالأنێکی درێژ بردیانین و وەك ئامێری بچوك ریزیانکردین و رووی هەریەکێکمانیان کردە دەرگایەکی جیاواز و هەر دەرگایەك پەنجەرەیەکی ئاسنی باریکی لەسەر بو. گوێم لەتەقەتەقێك بو لەتەقەی سەد قوفڵ دەچو. دەرگا ئاسنەکە کرایەوە و بەلەقەیەکی بەقوەت خستمیانە ژورەوە.

ئەو دیمەنەم لەناخۆشترین مۆتەکە نەبینیوە. خەڵکانێك تارادەی ترسناك باریکەلە و چاوبەقولاّچوی پێست سپی پەڵەکاوی، پەڵەی مۆرو زەرد، هەرلەزۆمبیەکان ( مرۆڤ خۆرەکان ) دەچون، سەریان تاشراو و دیزداشەی دڕاویان لەبەر بو، یەکێکیان نیوە دیزداشەیەکی لەبەربو، یەکێکی دی پارچە پەرۆیەکی پۆشیبو بەئاستەم پاشەوەی داپۆشیبو. کاتێك چومە ژورەوە کەسیان ورتەی نەکرد. بەدەم داچەقاوی بەجۆرێك تەماشایان دەکردم وەك ئەوەی پێشتر

مرۆڤیـان نـەدیبی و لەئەسـتێرەیەکی دییـەوە هـاتبم، بۆیـە دەسـتیان پیادەهێنـام. پـێم وابـو بـەو مانایـەی مـن لەوشـەی مـرۆڤ تێگەیـشتوم ئەوانـە مـرۆڤ نـەبون. مـاوەی (5) خولـەك کەسـیان وشەیەکی پێنەوتم. بەتەواوەتی تۆقیبوم.

لەکۆتاییدا یەکێکیان بەهەناسەسوارییەوە وتی :" خودایە بۆنی ئەم عارەقە چـەند خۆشـە "[7]. یەکەم شت ئەو وشانەم لێیان بیست. قۆزترین کەسیان بەدەنگێکی پڕ لەدلۆڤانیـەوە پێـی وتم " وەرە لێرە دانیشە ". سەروسیمایەکی بیـانی هـەبو، زیـاتریش لەئـەمریکی دەچـو : سوروسـپی و قۆڵ کوتراو، ولەچاو گروپەکیشی پاکترین دیزداشەی پۆشیبو.

لێی پرسیم :" ناوت چیە ؟"

" عومەر "

" چیت کردوە؟"

" بەخودا نازانم چیم کردوە ".

" ئیـدعای بێتـاوانی مەکـە، ئەگـەر تاوانێکـت کـردوە، پـێم بڵـێ. دەتـوانم هاوکاریـت بکـەم. دەتوانم فێرت بکەم چ بڵێت کاتێك بۆ زارەوەرگرتن بانگت دەکەن ".

ئێستاش ئەو شتانەم بیردەکەوێتەوە خۆم بەڤـەرزاربارى ئـەو پیـاوە دەزانم. بەهـەرحاڵ ئـەو کاتە گومانم لێی هەبو. بۆچی بەپێچەوانەی ئەوانی دی لەهەمویان چاکترو رێکوپێکتر بـو؟ داوای لێکردم دانیـشم و لەتەنیـشتیەوە پـاڵ بدەمـەوە. ژورەکـەیان پارچـە قوماشـێکی بـەناو دیزداشـەی تیابو کە بۆ پاککردنەوەی عەرزەکە و رشانەوە بەکاریان دەهێنا و بۆن نـاخۆش و پـڕ ئەسـپێ بـو. پیاوە سوروسپیەکە پارچە قوماشەکەی پێدام بـۆ ئـەوەی لـەشمی پێداپۆشـم. سـەرەرای بۆگـەنی و ئەسـپیاوی کەچـی لـەهیچ باشـتربو، بۆیـە لەبـەرم کـرد، چـۆن دەبـێ رەتیبکەمـەوە؟ چـونکە ئـەو خەڵکانە پلەوپایەیان لەمن بەرزتربو، دەبوایە گوێڕایەڵیان بکەم.

ئنجا دیواری بێدەنگی روخا و لەهەمو لایەکـەوە لەسـەر هـەمان بابـەت پرسـیار بـاران کـرام. بۆچـی گـیراوم ؟ چـیم کـردوە ؟ ئـەم مەسـەلەیە چـەند کەسـی دی تێـوەگلاوە ؟ ئایـا لەشـیراتۆن خواردومەتەوە ؟ منـیش بـەردەوام بـەقورئان سـوێندم دەخـوارد کـە ئاگـام لـەهیچ نیـە. باوەریـان پێنـەدەکردم یـا راسـترە بڵـێم هێنـدێکیان باوەریـان دەکـرد و هێنـدێکی دییـان نـا. ئـەو کەسـانە بێئەقل و شتی لەو بابەتە نەبون بەڵکو بەپێچەوانەوە، هێـدی هێـدی بـۆم دەرکـەوت خـەڵکانێکی زۆر زیرەك بون ـ زۆر زیرەکتر بون لەوەی کە مرۆڤ بۆ یەکـەمجار سـەرنجیان دەدا ـ زۆر بەسـانایی وەك گیانەوەر خوویان بەدەوروبەرە تازەکەیانەوە وەرگرتبو.

هەستم دەکـرد کـوڕە سوروسـپیەکە لەهـەمویان زرنگـترو بەئـەزمونترە، بۆیـە بەمەبەسـتی ئەوەی وێنایەکی لەسەر گرتنەکەم هەبێت ئاخاوتنی لەگەڵم کرد.

"ئایا لەکاتی خواردنەوە و یاریکردن و شتی دی هاورێیەتی زۆرکەست دەکرد؟"

ـ بەڵێ.

" هاورێیەتی چ جۆرە کەسێکت دەکرد ؟ "

ـ وەڵامم دایەوە.

" زۆرچاکە، ئێستا تێگەیشتم بۆچی لێرەی ؟ "

ـ پرسیم : " بۆچی ؟"، خۆشم نازانم بۆچی لێرەم "

" دەبێ شتێکت وتبێت ".

پێی وتم مـن نـاوم سـەعد ئەلسامەرائی ـ یـە، " ئەگـەر بەسـەرهاتی خۆمـت بـۆ بگێرمـەوە باوەرناکەیت ".

ـ لێم پرس :" بەسەرهاتی تۆ چیە ؟ "

" من ئسپانیم "

ـ بەسەر سورمانەوە هاوارم کرد :" چی ؟ "

"ژنێکی ئسپانیم هێنا، و بەوەش بـوم بەهاوڵاتیـەکی ئـسپانی و هەڵسوراوێکی ئۆپۆزیـسیونی ئسپانیاش بـوم "، ... رۆژێکیـان باڵیوزخانـە بەتەلـەفون داوای لێکـردم سـەردانیان بکـەم. منـیش سەردانی باڵیۆزخانەم کرد و کوپێك چایان بۆ هێنام، بەڵام لێرە چاوم کردەوە".

ئەو پیاوە رێك ئەم روداوەی بۆ گێرامەوە، ئیتر نازانم راستی دەکـرد یـا نـا، بـەڵام مـاوەی دوو ساڵ بو لەزیندان بو، تەمەنیشی نزیك چڵ ساڵ دەبو.

پێـی وتم هێنـدێك یاسـا و رێوشـوێنی پێویـستت پـێ دەڵێمـەوە بـۆ ئـەوەی بەزینـدوێتی لـەم شوێنە رزگارت بێت، ئیتر پێم خۆش بوایە یا نـا هـەر پێـی دەوتمـەوە. هـەمو زینـدانێك کەسـێکی تیـابو پێیـان دەوت " سـەرگەورە " و زیندانیـەکان خۆیـان ئـەو کەسـەیان هەڵدەبـژارد و ئـەوەش پەیوەنـدی بـەکۆنی کەسـەکەوە نـەبو، بـەڵکو تاچـەند سـیفاتی سـەرکردایەتی کردنـی تیـابو. ئـەو کەسە بۆ سیخوری کردن بەسەر هاوەڵەکانیەوە هەڵنەدەبـژێردرا، بـەڵکو بەمەبەسـتی رێکخـستن و چارەسەرکردنی کێشەکانیان هەڵیاندەبـژارد. بـۆ نمونـە پاسـەوانەکان ئامـادە نـەبون کـاتی خۆیـان بەفیرۆبدەن بۆ ئەوەی فێرم بکەن پێیان بڵێم " گەورەم " ، ئەوەشیان بۆ سەعد بەجێ هیشت بـو فێرم بکات، چ بڵێم و بەچ شێوەیەك وشەکان دەربرم. هەروەها چۆنێتی چـونە سـەر ئاودەستیـشی

فێرکردم. کاتێك نۆرەی زندانێك دێت، دەرگا دەکرێتەوە و هەمو بەریز هەڵدەنیشن چاوەنواری ئاماژەیەك دەکەن، ئنجا بەراکردن دەچن بۆ سەرئاو. تا ژمارە دە دەژمێرن، کاتێك ژمارەکە دەگاتە دە دەبێت هەمو شتێکت تەواو کردبێت و گەڕابیتەوە زندانەکەت، بەلاَم ئەگەر فریانەکەویت لەو ژمارەیە هەمو شتێك تەواو بکەیت، ئەوا تێرشەق شەپازلە دەکرێیت. ئەو پیرەمێردەم بیردەکەوێتەوە کەنەیتوانی بو لەکاتی خۆیدا تەواو بێت، ئەوەش والێکرد دەست بکات بەگریان. لاوازییەکانی مرۆڤ سەرجەم پاسەوانەکان دەوروژێنێ. لەرۆژێکی سەرماو سۆڵە و لەسەر عەرزێکی تەڕدا، پیرەمێردەکەیان بەرووتی بەدەما خست، ئنجا پاسەوانەکە کەوتە هاتوچۆکردن لەسەر پشتی، پیرەمێردەکەش وەك شۆرەبی دەلەرزی و منالْ ئاسا دەگریا. کاتێك پاسەوانەکە توڕەییەکەی دامرکایەوە بەپیرەمێردەکەی وت : " هەستە برۆ ! ئەمجارەیان لێت خۆشدەبم ! ".

رێگەیان نەدەدا بەشێوەیەکی ئاسایی بۆ ئاودەست رابکەین، واتە لەسەر هەردوو قاچ، بەڵکو دەبوایە بەشێوەیەك خۆت کووڕ بکەیتەوە کەهەردوو دەستت بەر زەوی بکەوێت. بەو راکردنەیان دەوت " مەیمونە راکردن ـ رکضة القرود ". ئەو پرۆسەیە رۆژانە سێ جار لەدوای ژەمەکانی خواردن دوبارە دەبووە (لەکاتی دەست بەئاو گەیاندنیش قاپی خواردنەکان دەشۆرا)، بەمشێوەیە بەبێ ئەوەی سەیری راست و چەپی خۆمان بکەین بەتایبەتی تەماشاکردنی دەموچاوەکان سەرئاومان دەکرد. ئاودەستەکان پاك و تەمیز نەبون، بەڵکو لەگۆمەچکەیەك دەچو بۆ خۆخالّی کردنەوە.

سەعد بەبێ ئەوەی داوای لێبکەم ئەو شتە رۆتینە سەرەکیانەی فێرکردم. ئەو شتانەی بەمانای وشە زۆر پێویست بون بۆ ئەوەی توشی تێهەڵدان نەبیت.

دواتر خۆم توانیم پەی بەهێندێك وردەکاری هەستیار و بنەڕەتی دی بەرم. دەتوانرێ رێگە بۆ تێپەراندنی یاسای زیندان بدۆزرێتەوە، ئەوەش بەندە بەجۆری پاسەوانەکان یا بارگرژی ناو زیندان. هێندێك پاسەوان کارئاسانی زیاتریان دەکرد. هێندێك پاسەوانی خوێریش چێژیان لەژماردنی خێرا وەردەگرت یا بەپچری ژمارەکانیان دەخوێندەوە بۆ ئەوەی زیندانەکان نەزانن چەند وەختیان ماوە. هێندێکی دی رقیان لەکارەکانیان دەبووە، بۆیە لەسەرخۆ حیسابیان دەکرد. لەسەرخۆ ژماردن لەنێو ئەوجۆرە کەسانەدا کارێکی جوامێرانە بو. ئەوانەی لەو شوێنانەدا کار دەکەن مەرج نیە خەڵکانێکی دڕندەبن.

هەروەها بۆ لێکۆڵینەوەکەی سبەینێی ئامادەی کردم، چونکە دەیزانی زۆر دەترسم، بۆیە بەوپەری هێمنی و لەسەرخۆ قسەی دەکرد بەبێ ئەوەی بەتەمای پەرچەکرداری من بێت.

" سەرەتا چاوت دەبەستنەوە ئنجا پێش ئەوەی لێپێچینەوەت لەگەڵدا بکەن چەند کاتژمێرێك راتدەگرن، دەتۆقینن، گوێت لەقیژە و هاتوهاوار دەبێ، بەڵام بایەخ بەو شتانەمەدە.

دوەم شت کاتێك چاوت دەکەنەوە ریکۆردەر و حەبل و زنجیر و تێلا و کێبڵ دەبینی. بەو شتانە دەترسێنن. هەروەها پێت دەڵێن قسەکانت تۆمارکراوە، پاشان پێت دەڵێن بەفاچ بەبنمیچەوە هەڵتدەواسین و دارکاریت دەکەین. باوەڕ بەو قسانە مەکە و مەترسە و ئارامی خۆت لەدەست نەدەیت، چونکە ئەو شتانە شانۆگەرییە. گرنگترین شت ئەوەیە ئیعتراف لەسەر شتێك نەکەیت کەنەتکردبێت.

لەوانەش گرنگتر ناوی زۆر یا روداوێکی دیاریکراو نەدرکێنی، تەنانەت ناویشیان خستە بەردەمت هەوڵبدە ئیمزای لەسەر نەکەیت. هیچ شتێك نەخەیتە سەرقسەکانیان، چونکە تا ناوەکان زیاتر بێت لێکۆڵینەوەی زیاترت لەگەڵدا دەکەن، تا لێکۆڵینەوەی زیاتریشت لەگەڵ بکەن ئەشکەنجەی زیاترت دەدەن ".

قسەکردن لەسەر ئەو شتانە لەپیادەکردنی ئاسانترە ! سەعد وێنەیەکی ناوەوەی فرۆفێڵەکانی پیاوانی ئەمنی پێشکەش کردم. هەروەك دەڵێن هیچی نەبو تا لەدەستی بدات. سەرەتا گومانم لەسەعد هەبو، بۆیە تالەراستی وتەکانی دڵنیانەبوم گومانم هەرلێی هەبو، پاشان تێگەیشتم سیخوری ئەمن نەبوە. سەعد پیاوێکی باشو دڵپاك بو. بەو شێوازە خەباتی لەدژی ریژیم دەکرد.

سەعد دەیوت :"رزگارکردنی هەر عراقیەك خزمەت بەنیشتمان دەکات". بەڵام چ دەستدەکەوت کاتێك ئەو شتانەی پێدەوتم؟

تەنها رۆژێك لەزندانەکەی سەعد ئەلسامەرائی مامەوە، ئیتر هەرگیز نەمبینیەوە، بەڵام بۆ هەتاهەتایە سوپاسگوزاری ئەو پیاوەم.

یەکێکی دی لەو زیندانیانەی لەگرتوخانە لەگەڵم بو گەنجێکی هەتا بڵێیت سیس و لاوازی تەمەن 24 ـ 25 ساڵان بو کە هەمیشە بەتەنها دادەنیشت. بەدوو دڵیەوەپێی وابو، رەنگە نزیکەی چوار ساڵی لەهەمان ژور و لەهەمان فوژبن بەسەربردبێت. ئەو گەنجە بەتاوانی ئەوەی لەماوەی سەربازیدا لەناوسوپای عراق پیتاکی بۆ حزبێکی ئۆپۆزیسیون کۆکردۆتەوە، تاوانبارکرابو.

ئەوانی دی نەحوکم درابون ونەلێکۆڵینەوەشیان لەگەڵ کردبون، لەبەر ئەوە کێشەکەیان بۆ کاتێکی گونجاو دواخرابو، وەك ئەوەی بەبارمتە گیرابن، بۆ نمونە پیرەمێردێك لەدورونزیکەوە

پەیوەندی بەسیاسەتەوە نەبو، بەڵام کورە سیاسیەکانی رایانکردبو، بۆیە ئەویان گرتبو تا کورەکانی خۆیان تەسلیم دەکردەوە یا لەدەرفەتێکدا دەگیران.

ئەو زیندانەی روبەرەکەی 2ر5 م درێژ و 2ر5 م پان بو بەمنەوە نۆزدە کەسی تیابو. هەمویان لەسەر لا دەخەوتن نەك لەسەر پشت یا سك و خۆیان بەریز رێکخستبو : دوو گروپی سەر بەدوای یەکدا خۆیان دەنوساند بەدیوارەکەوە. دوو گروپی پێ بەپێچەوانەوە قاچیان بەرەو نێوەندی ژورەکە درێژ دەکرد. قاچەکان تێکەڵ دەبون و زیندانیەکان لەخەودا شەقی توندیان لەیەك دەدا بەبێ ئەوەی خەبەریان بێتەوە ! جارێکیان یەکێك لەزیندانیەکان سەتڵی ژورەکەی سەرەخوار کردبووە ئنجا لەسەری دانیشتبو، و پشتی دابو بەدەرگاکەوە و خەوی لێکەوتبووە.

بەدرێژایی شەو گلۆپ نەدەکوژایەوە. هەر دە تا بیست خولەك تەماشایەکیان دەکردین، بەڵام من ئەو شەوە لەناوەراستدا گیرم خواردبو. هەناسەم تەنگ ببو، چونکە لوتم بەپشتی ئەوەی پێشمەوە چەقیبو. بەدرێژایی باقی شەوەکە تاکە نەفەربوم خەوم لێنەکەوت ، لەبەرئەوەی ئەوانی دی لەسەر وەزعەکە راهاتبون.

بەیانی شەقێکی توند دەرگاکەی لەراندەوە. لێرە کەس لەدەرگا نادات. دەرگاکە بەقوەت کرایەوە و پاسەوانێك لەنێو دەرگاکە وەستاو بانگی منی کرد. چاویان بەستمەوە، بەراستی قینم لەچاوبەستنەوە بو. ئەمجارەیان چاوبەستەکە بەجوانی دروستکرابو.

پاسەوانەکە فرمانی پێدام برۆم، ئنجا رایوەستاندم، پاشان دەست بەرۆیشتن بکەمەوە، ئنجا بۆلای چەپ لابدەم ... هتد، تالەکۆتاییدا فرمانی پێدام دانیشم. ئەوەش مانای تروشکان دەگەیەنێ، چونکە دانیشتن لەسەر کورسی قەدەغەیە، بۆیە کاتێك پاسەوانەکە فرمانی دانیشتن دەدا پێویستە هەڵتروشکێیت. بەلایەنی کەمەوە شەمشەمە کوێرە ئاسا ماوەی پێنج کاتژمێر روبەروی پەنجەرەکە هەڵتروشکام.

نەمدەزانی لەچ شوێنێکم. پێم وابو لەهەیوانێك یا ڕاڕەوێکم بەڵام دڵنیانەبوم. پاسەوانەکە بەئەنقەست راستەوخۆ روبەروی پەنجەرەیەکی کراوە دایانام. لەبەرئەوەی تەنها دیزداشەیەکی کۆنەی دڕاوم پۆشیبو، بۆیە هەوا ساردەکە وەك دەرزی جەستەمی کوندەکرد. هەوڵبدەن ئەوە بهێننەوە پێش چاوی خۆتان لەمانگی کانونی دوەم بەرووتیو چاوبەستراوەیی و بەپێی پەتی لەسەر کاشی ژورێك بەرامبەر پەنجەرەیەکی کراوە هەڵتروشکاوم و چۆن هەوای سارد چەقۆئاسا جەستەی دەبڕیم. سەرماوسۆڵەکە لەهەمو شتێکی دی خراپتر بو. گوێم لەهاتوهاواری لێکۆلینەوەی ژورەکەی تەنیشتمەوە بو. کەی نۆرەی منیش دێت ؟

لەکاتی لێپێچینەوەدا هیچ جۆرە ئەشکەنجەدانێك نەبو، تەنها قسەکردن بو، ناوبەناویش لێدانی تیابو ـ نەك ئەشکەنجەدان، چونکە لەنێوان شەپازلە و شەق و بۆکسو ئەشکەنجەدان جیاوازی هەیە. من ئەو شتانە بەلێدان دادەنێم. پاسەوانەکان ناوی محەمەد و عەلی و مەهدی ـ یان دەهێنا، ئیتر تێگەیشتم چەند کەس لەگەڵما گیراوە یا چەند کەسیان دەناسم. لێپێچینەوەی تایبەتیان لەسەر کیشەکەی ئێمە دەست پێکردبو ـ پرسیاریان دەکرد، شەقیان دەوەشاند و زللەیان لێدەدا، هاواریان دەکرد و جەڵدیان دەکرد. هەمو ئەو شتانەم بیست.

هەستم دەکرد تەنها خۆم لەهەیوانەکەم، خەڵکی هاتوچۆیان دەکرد و هەر دەرگا بو دەکرایەوە و دادەخرا. ئایا بەدرێژایی وەختەکە چاودێری دەکرام ؟ تەنانەت ئەوەشم نەدەزانی لەوانەیە زیندانی دی لەنزیکمەوە هەڵتروشکابن، بەلام ئاگام لێیان نەبو. ئەوەش مرۆڤی چاوبەستراو دەترسێنێ.

جارناجارێك شەپازلە یا شەق یا بۆکسێکیان دەکێشا بەلایەکمدا و لەو کاتەشدا نەدەبو رابوەستی یابجولێیت یا گوێم لەوشەی :" کوری قەحبە " دەبو بەبێ ئەوەی بزانم لەگەڵ منیانە یا نا.

دەنگێك لەژورەوە بەپاسەوانەکەی وت : " ئەیاد بکەنە ژورەوە "، ئەیاد برام بو. کاتێك دەرگاکە دەکرایەوە بەجوانی گوێم لەقسەکانی لێکۆڵەرەوە دەبو، بۆیە گوێم لێی بو بەئەیادی دەوت :" بەخێربێیت، کێیە، باوکی رەیا "، رەیا کچی ئەیادی برام بو. دەیویست تێی بگەیەنێت کەدەزانێت کچێکی بەناوی " رەیا " ەوە هەیە. ئەوەش کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لەسەر دەرونی ئەو کەسەی لێکۆڵینەوەی لەتەکدا دەکرێت. " باوکی رەیا چۆنی ؟ " پاشان دەرگاکە داخرایەوە و جگەلە دەنگێکی چەپەکراو وەك ئەوەی لەدوورەوەبێت گوێم لەهیچی دی نەما. لەدوای براکەم بەکاتژمێرێکی تەواو منیشیان بانگ کرد.

ژوری لێکۆڵینەوە گەرم و پڕ فەرش بو، فرمانیان پێدام هەڵتروشکێم. دەنگێکی کز لەبەرامبەرەوە پێی وتم :" عومەر، چۆنی ؟ " و " پێمان بڵێ چۆن پەیوەندییە سیاسیەکانتان رێکدەخست ؟ ".

لەماوەی ئەو چەند کاتژمێرەی بەچاوبەستراوەیی هەڵتروشکابوم هەوڵمدەدا وێنای روداوەکان بکەم، بەلام بیرم لەپرسیارێکی لەو جۆرە نەکردبووە، بۆیە بەو پرسیارە زۆر سەرسام بوم، وەلامم نەدایەوە. پێم وابو بێدەنگی لێکردن باشترین رێگەیە بۆ ئەوەی ئیستعابی وەزعەکە بکەم. رەنگە لەبەرئەوەی زۆر شڵەژابوم نەمتوانی قسەبکەم. بەرگری کردن لەرەزامەندی

دەربڕین یا ڕەتکردنەوەی پرسیارەکە بواری بۆ دەرەخساندم فیکری خۆم ڕێکبخەم. لەهەمو حاڵەتێکدا نەمدەزانی ئەو کەسە قسە لەسەر چ دەکات بۆیە ورتەم نەکرد.

پاشان بەتاوانبارکردنی نمونەیی لەسەر قسەکانی بەردەوام بو :"تۆ دژی حزب و شۆڕشی"، " ۆ ڤینت لەرێژیمە و جنێوت بەسەدام داوە"، بەبێ ئەوەی وشەی "سەرۆکی فەرماندە ـ سیدی الرئیس" بۆ سەدام بەکاربهێنێ کەلەسەر گەورەترین کەسی ناو ریژیم پێویست بو بەناوهێنانی سەدام ئەو دەستەواژەیە بەکاربهێنێ، کەچی لەم شوێنەدا ئەو شتە پیادەناکرێت. دەبێ ئەم پیاوە ئیمتیازی زۆر گەورەی هەبێت تا بەتەنها وشەی سەدام بەکاربهێنێ، بەوەش زۆر ترسام چونکە دەستەڵاتێکی مەزنی هەبو. ترسێك ئەوەندە سامناك بو لەژیانمدا هەستم پێی نەکردبو. لەبەر ئەوە بەجۆرێك دەلەرزیم کە دەیتوانی هەمو دەمارەکانی لەشم بەجوانی ببینێت.

وەڵامم دایەوە :" گەورەم، ئەو قسانەم نەکردوە ".

لەناکاو بەتوڕەییەوە نەڕاندی بەسەرما:" بەڵێ کردوتە " کاسێتی تۆمارکراومان هەیە. چاوت بکەرەوە ! ". بێهودە هەوڵمدەدا پەرۆکەی سەرچاوم لابەرم. ئەمجارەیان داباری بەسەرما : " کەرە، پەرۆکەی سەرچاوت لابەرە " ئنجا دوو دەنگ یا سێ دەنگ پێکەوە ئەمریان پێکردم.

" سەرەتا بەشی پێشەوە لابەرە ".

" کەمێك بۆ سەرەوە بەرزی بکەرەوە ".

" پەلەکە، کاتمان نیە ! "

بەتەواوەتی شڵەژابوم، بەڵام کاتێك پەرۆکەم لابرد ئەوەی بەچاو دەمبینی باوەڕم پێی نەدەکرد. ئەمەیە لێکۆڵەر! چونکە کاتێك گوێم لەهاوارو جنێوەکانی بو سەرنجێکی زۆر جیاوازم لەسەر سیمای لەلا دروست ببو. ئەگەر لەسەر جادە چاوت پێی بکەوتایە باوەڕت نەدەکرد ئەوە لێکۆلەرە. سمێڵی نەبو، چونکە پێت وایە کەسێك لەو پلەوپایە بێت پێویستە سمێڵێکی سەدام ئاسای هەبێت ! قژی لەپێشەوە کورت و لەدواوە درێژ بو. پانتۆڵێکی جینز و چاکەتێکی ڕەنگاو ڕەنگی لەسەر تی. شێرتێکی سادە لەبەربو. بەتەمەن زۆر گەنج بو. بەزاراوەیەکی عەرەبی ڕێزمانی و ڕەشۆکی و تێکەڵ بەشیعەی باشوری عراق قسەیدەکرد. مەحاڵ بو بڕوا بکەیت کەسێك بەو ڕواڵەتە ناسکە ئەو دەنگە ترسناکەی هەبێت. کاتێك چاوم کردەوە یەکەمجار لێکۆلیارەکەم بینی لەپشتی مێزێکەوە دانیشتبو، پەنجەی لەسەر دوگمەی ریکۆردەرەکەی بەردەمی دانابو.

عەقل پەی بەو کارە نەدەبرد. هەمو قسەکانی سەعد هاتەدی، کەچی هەرپێم وابو ریکۆردەرێکی لەشوێنێکی نادیار داناوە، چونکە لەکۆتاییدا ئەو خۆی دەستەڵات بو. ئایا مرۆڤ

باوەر بەقسەی هاوزیندانیەکی خۆی دەکات و پیاوێکی گەورە بەدرۆدەخاتەوە ؟ مەسەلەکە گومانی تیانەبو. قسەکانی سەعد لەمێشکمدا بو کە دواتر دەرکەوت زۆر بەسود بون، چونکە ئامۆژگارییەکانی وایلێکردم بەخێرایی وەڵامی لێکۆڵەرەوە نەدەمەوە، ئەگەر پێشوەخت ئاگاداری نەکردمایەتەوە ئەوا هێندێك شتم دەدرکاند کەدواتر لێی پەشیمان دەبومەوە و چۆن لەو کێشەیە رزگارم دەبو ! لەو شوێنانەدا تاڵەموویەك ژیان لە مردن جیادەکاتەوە. سەعد ـ یش وایلێکردم سەرێکی ئەو تاڵەمووە بەدەستەوە بگرم.

ماوەیەکی دی بێدەنگ بوم، ئنجا وتم : " گەورەم، ئەو قسانەم نەکردوە ".

" کەسێك قسەکانتی تۆمار کردوە ".

بەڵام ریکۆردەرەکەی پێنەکرد، چونکە راستی بوتایە ئەوا کاسێتەکەی دەخستە ریکۆردەرەکەوە. درۆی دەکرد.

" گەورەم، ئەو کەسە کێیە ؟ "

بەدرێژایی ئەو کاتە راستەوخۆ بەئاراستەی لێکۆڵەرەوە تەماشای بەردەم و سەرەوەم دەکرد، بەبێ ئەوەی بەهیچ شێوەیەك سەیری ئەملاو ئەولای خۆم بکەم و ئەوانیش ئەو هەڵویستەیان گەرەك بو. بەڵام یەکێك پێی وتم " تەماشایەکی چەپ بکەم ".

لەناکاو روخساری نەبیلی هاورێم لەلای چەپی خۆمەوە بینی، ریش تاشراو، جلێکی شیکی شینی سەربازی تایبەت بەهێزی ئاسمانی لەبەربو، تەنانەت ئیستاش قسەتان بۆ دەکەم وێنای کڵاوەشینە تایبەتەکەی دەکەم کەچۆن بەلاری لەسەر سەری بریقەی دەهات. جەستەم کەوتە لەرزین. چ بکەم ؟ نەبیل سیخوریانە و خەبەری لێم داوە. ئایا ئەو هەڵوێستە جگە لەمە تەفسیرێکی دی هەڵدەگرێ ؟

لەو کاتە ناسکەدا کەبەحاڵ هۆشم لەلای خۆم بو چیم بکردایە، هەنگاوێکی زۆر زیرەکانەم نا کەپێم وایە ئەو هەنگاوە ژیانمی رزگار کرد، چونکە لەجیاتی ئەوەی نکۆڵی لەناسینی نەبیل بکەم یا لێی تورەبم یا رقم لێی بێتەوە بەدلۆڤانیەوە زەردەخەنەیەکم بۆ کرد.

" رۆژباش نەبیل، چۆنی ؟ ".

" لێکۆڵەرەوە بەدەنگێکی بەرز وتی : " کەواتە دەیناسیت ".

" بەڵێ دەیناسم، نەنبیل هاورێمە ".

هەستم کرد نەبیل تەواوەتی شڵەژا.

لێکۆڵەرەوە بەزمانێکی زبر و رەق لێی پرسی : " نەبیل چ دەڵێیت، ئایا جنێوی بەسەدام داوە یا نا ".

نەبیل بەدەنگێکی نرم و بزەیەکی دەستکردی نابەدڵ و رەنگ پەڕیو، وەڵامی دایەوە : " بەڵێ گەورەم، جنێوی داوە ". ئیتر وەزعەکە بەتەواوەتی گۆڕا، منیش بەبێ ئەوەی هێرش بکەمە سەرنەبیل سوربوم لەسەر ئەوەی کەجنێوم نەداوە، بەڵام لەناخەوە لەقینا دەکوڵام ، بەتایبەتی لەدوای ئەوەی بەتێروتەسەلی باسی کچەکەی هاورێمی بۆ لێکۆڵەر کردبو.

" عومەر پێم بڵێ، لەماڵی باوکی لەباخەڵی دەخەوتیت ؟ دەمەوێت بزانم چۆن ئەو کارەت دەکرد. قسەبکە ! لەراستیدا ئەو کەرەتەی لەناو ئۆتۆمۆبیلەکە لاقەت دەکرد چاودێریمان دەکردیت، بۆیە لەسەر کاسێت تۆمارمان کردوە!".

وەڵامم نەدایەوە، ئنجا کەوتە جنیودان بەباوکە ئیفلیجەکەم کە بەرێکەوت لەکاتی یەکێك لەشەڕەکانی جەنگی عراق ـ ئێراندا و بەهۆی ئەوەی براکەم لەبەرەکانی شەڕ بو توشی جەڵتەی مێشك بو. بەپێی قسەکانی دکتۆر گوشاری دەرونی یەکێك لەهۆیەکانی ئەو جەڵتەیە بوە، بۆیە لەو کاتەوە پەیوەندییەکی تایبەت لەنێوان من و باوکم دروست بو. من ریشم بۆ دەتاشی و رۆژانە دەمبرد بۆ ئاودەست، هەروەها تاکە کەس بوم لەوشەکانی تێدەگەیشتم، چونکە ئیفلیجیەکەی کاری لەزمانیشی کردبو.

"وادیارە باوکت زۆڵە، بۆیە منالی وەك تۆ و براکەتی لێکەوتۆتەوە، لەبەرئەوە شایانی سزادانە".

تا ئەو کاتەش لێکۆڵەر لەسەرخۆ قسەیدەکرد، ئنجا لەناکاو بەجۆرێك نەڕاندی خەریك بو بنمیچی ژورەکە دەکەوتە خوارەوە.

" هەر ئێستا باوکت دەهێنمە ئێرە و هەڵیدەواسم. پاسەوان ! بڕۆن باوکە زۆڵەکەی بهێنن ".

کاتێك ئەو قسانەی دەکرد خەریك بو فرمێسکەکانم دەهاتەخوارەوە هیچ شتێکم نەدەبینی، لەناخەوە هەستم بەداتەپینی خۆم دەکرد کەبوم بەهۆی ئێشوئازاری ئەو پیاوەی بەخێوی کردوم.

" گەورەم، خوابتپارێزی، تکاتلێدەکەم گەورەم. باوکم ئیفلیجە و یەکێکە لەئەفسەرە ولاتپارێزەکانی ساڵی 1941 ـ ی عێراق و پیاوێکی نەخۆشە. گەورەم، خوابتپارێزی. باوکم ولاتپارێزێکی گەورەی عەرەبە ".

وادیار بو روخاویم و وەسفکردنی باوکم بەوڵاتپارێز کاری لەلێکۆڵەر کرد و هەستم دەکرد رێزم لێدەگرێت بەوەی هەوڵدەدەم باوکم بپارێزم. لەوانەیە نەزانی باوکم بەهۆی رۆڵی لەکودەتاکەی ساڵی 1941 چوار ساڵی لەزینددانی ریژیمی پاشایەتی بەسەربردوە، چونکە کودەتاکەی رەشید عالی پێگەیەکی گرنگی لەلای بەعسیەکان هەبو.

داوای لەپاسەوانەکان کرد بگەڕینەوە شوێنی خۆیان، بەوەش یەکەم لێپێچینەوەم کۆتایی پێهات. رەوانەی زینددانێکی دییان کردم کەتەنها دوو زیندانی تیابو. رۆژی دواتر لەکاتی مەیمونەراکردن بەرەو ئاودەست وەك زیندانەکانی دی نەبیل ـ م بەجلێکی شڕی پیسەوە، بەنیوە رووتی بینی. نەبیل لەنمایشێکی گەورەدا کەبۆ من ئامادەکرابو رۆڵی هەوالگری دەبینی. نەبیل نەك وەك من لەتەنگژەدا بو بەڵکو وەزعی لەمنیش خراپتر بو، چونکە من لەدوای (42) رۆژ گرتن ئازاد کرام، بەڵام ئەو کلۆڵە بەحوکمی هەتاهەتایی زیندانی کرا.

ئیدعای پاکیزەکی ناکەم چونکە لەعراق خواپەرستەکانیش دەکوژرێن، بەڵکو باشتر وایە وتووریابیت و بزانیت چۆن لەگەڵ روداوەکان خۆت دەگونجێنیت. ماوەیەکی دورودرێژ لەپێشگرتنم، کاتێك لەخزمەتی سەربازی بوم روبەروی هەمان وەزعی نەبیل بومەوە. وەزعێك پەیوەندی بەبرادەرێکی خۆمەوە هەبو کەناوی هاشم و خەڵکی عیمارە بو، ئەویش وەك ئەو لێکۆڵەرەی زاری وەردەگرتم شیعەیەکی باشوری عراق بو. هاشم وەك زۆربەی عراقیەکانی سەرەتای هەشتاکان خومەینی زۆر بەدڵ بو، بەڵام بۆ بەدبەختی خۆی کاڵفام و وریا نەبو، چونکە تەنها بەقسە نەك بەکردار باسی شۆرشی ئیسلامی دەکرد.

رۆژێکیان ئەفسەری هەوالگری یەکەکەمان بۆ ژورەکەی بانگی کردم. کاتێك چومە ژورەوە دەرگاکەی لەپشتمەوە داخست. ژورەکەی سێ کەسی دی تیابو. هەر گەیشتمە ژورەوە یەکسەر بەقسەی بێمانا و پروپوچ دەستیان کرد بەستایش کردنم. " تۆ پیاوێکی باش و لەخێزانێکی بەرێزی ". بەراستی لەستایش کردنی پیاوانی هەوالگری دەترسام. هەستم بەکێشەیەك دەکرد، بەڵام بواری خۆدزینەوەی تیا نەبو چونکە ئەو زۆڵانە چوار دەوریان گرتبوم. لەخۆم دەپرسی ؛ مەسەلە چیە ؟. لەناکاو لەنێو ئەو چەنەبازی و زۆربڵێییەدا ئاماژەیان بۆ شتێك کرد کەپەیوەندی بەتوشکردنی هاشمی برادەرمەوە هەبو.

" ئاه، ئەو "، پێش ئەوەی دەرفەتی قسەکردنیان پێبدەم ؛ " لەراستیدا هاشم برادەرم نیە " ... " تەنها هێندێك جار لەگەڵ خۆمدا هاتوچۆی پێدەکەم ". چونکە ئەگەر ئیشکردن لەگەلیان رەتبکەمەوە ئەوا گومانم لێدەکەن. شتێك زیاتر لەسروش دەچو والێکردم لەسەر هەمان

شێواز بەردەوام بم ؛ " بۆچی زوتر داواتان لێنەکردم سیخوری بەسەرەوە بکەم ؟ ". ئەو ئەفسەرەی لەهەموویان پایە بەرزتر بو، لێی پرسیم : " مەبەستت چیە ؟ ". وەڵامم دایەوە : " لەراستیدا زیاد لەجارێك لەپێش چاوی هاشم ستایشی حکومەتم کردوە، لەبەر ئەوە ئێستا بەبەعسیم دەزانی، بۆیە دڵنیام بڕوام پێناکات ". ئەوەش هەنگاوێکی زیرەکانە بو. باوەر ناکەن دواتر چ رویدا! ئەو گێلە پیاوانە دەستیان کرد بەسەرەکۆنە کردنی یەکتری لەبەر ئەوەی پێشتر ئەو کارەیان پێنەسپاردبوم، بەڵام پاش ماوەیەکی کورت لەرێگەی کەسێکی دی زەفەریان پێی برد.

ئەو جارەیان زوو رزگارم بو، بەڵام ئەمجارەیان بەئاسانی دەرباز نابم. لەدوای ئەو دانیشتنە سەرەتاییە چەندین دانیشتنی دییان لەگەڵ کردم تالەکۆتاییدا وازیان لێهێنام، چونکە زیاتر بەجیاکردنەوەی تازەگیراوەکانەوە سەرقاڵ بون کە بەهەمان تاوان گیرابون. ئەو کارانە بەچ مەبەستێك ئەنجام دەدران ؟ باوەڕم پێبکەن ئامانجی هەمو گرتنەکان نمایش و گەمەکردن بو. تا ئەو کاتەی خەبەریان لە دوو برا دەرەکەم نەدا کە تێوەگلابون وازیان لەمن نەهێنا.

حوسەین حەڵبوس، یەکەم کەس بو کەبوە هۆی ئەم مۆتەکەیە .

حوسەین ئەکتەرێکی تەلەفزیونی ناکارای هیچ لەبارا نەبوی پلە دوو بو. هەمیشە پلانی راکردنی بۆ دەرەوەی عێراق دادەنا. پیاوێکی گەوج و بەدمەست بو. بەردەوام دەردە دڵ و گازندەیی لەسەربازی و بەدبەختی خۆی دەکرد. هیچ بیرۆکەیەکم لەسەر پلانی راکردنەکەی نەبو، بەڵام ئایا گلەیی لێدەکرێ ؟ ئەو گەنجانەی من دەمناسین بیریان لەراکردن دەکردەوە. حوسەین قەناعەتی وابو لەکوردستانەوە بۆ ئێران رابکات. هەرچەندە رۆژی بوتلێك عارەقی دەخواردەوە، بەڵام بەدەم لایەنگری لەرژێمی خومەینی دەکرد. بەرێکەوت ئاشنایەتی لەگەڵ کوردێك پەیدا کردبو، ئەویش بەڵێنی پێدابو هەمو شتێکی بۆ رێك بخات. کوردەکە داوای لێکردبو چەند نامەیەك بۆ ئێرانیەکان بنوسێت تا متمانەی پێبکەن، ئەویش بەگێلێتی خۆی نامەکانی نوسیبو. ئایا وێنای شتێکی لەو بابەتە دەکەن ؟ دواتر ئاشکرا بو کوردەکە پیاوی هەواڵگری سەربازی بوە.

پاش ماوەیەکی کورت ژنێك بەبیانوی ئەوەی حەزی لیکردوە بەتەلەفون کەوتە پیاهەڵدانی، ئەو گەوجە کلۆڵەش گڕی گرت. پێشتر حوسەین لەگەڵ ئامۆزاکەی دادەنیشت کە سەرپەلی یەکەم ( ملازم اول ) بو لەسوپای عێراق. ئامۆزاکەی پیاوێکی باش و بێدەنگ بو، لەهیچ شتێك خۆی هەڵنەدەقورتاند. ژنەکە پێی وتبو خۆی حەزی لەخۆی کردوە و خوشکەکەشی حەزی لەئامۆزاکەی کردوە، بۆیە ژوانێکیان لەنزیك زانکۆی موستەنسریە رێکخست، بەڵام پاشان

دەرکەوت ئەو ژوانە داوی ئیستخباراتی سەربازی بوە. بەوجۆرە حوسەین و ئامۆزاکەیان پێکەوە دەستگیرکرد.

کەسمان بەو کارەمان نەدەزانی جگە لەوەی حوسەین ئامادەی ئێوارە کۆری هەفتانە نەدەبو. ئەشکەنجەیەکی زۆر خراپیان دابو چونکە پێیان وابو نۆکەری ئێرانە، بەوەش گەلێك ناویان لێدەرهێنابو بۆیە تاناوی زیاتری دەوت قوری زیاتری بۆ خۆی دەگرتەوە. تەنها جارێك لەناوەراستی ماوەی گرتنەکەمدا بینیمەوە کەبەتەواوەتی تێکچوبو، وەك شەن باریك و قەمور ببو، بەشەلەشەل بەدەست و قاچی کەلەپچەوەبەرەو ئاودەست دەچو. لەکاتی لێکۆلینەوەدا حوسەین ناوی براکەمی هێنابو، هەروەها بۆی گێرامەوە ئامۆزا کلۆکەی حوسەین ـ یشیان ناچارکردبو لەپێش چاوی براکەم و لێکۆڵەر بەقۆندەرە بکێشێ بەسەر حوسەیندا. ئایا وێنای ئەو سوکایەتی و ریسوایی و داغانیە دەکەن کەلەوجۆرە هەلومەرجەدا توشی مرۆڤ دەبێت.

حوسەین دانینا بەهەمو شتێکدا. من و براکەم و نەبیل و گەلێك کەسی دی تێوەگلاند. ئەو کەسەی لەپشتی ئۆتۆمۆبیلە لاندکرۆزەرەکە بەپاڵ کەوتنەوە پەتویەکی دابو بەخۆیدا هەر خودی حوسەینی سیخور بو. ئەو کەسانەی خەبەری لێدابون، ئەوانیش لەلای خۆیانەوە خەڵکی دییان تێوەگلاند و بەوجۆرە ...

چۆن کلافە دەزویەکی گەورە دەکرێتەوە کاتێك سەری تاڵەکەی دەدوزرێتەوە، حوسەینیش سەری تاڵە دەزوەکە بو تالەکۆتاییدا بەهۆی ئەو کێشەیەوە (45) کەس تێوەگلاند کەهەشت کەسیانم دەناسی. لەراستیدا کاتێك خەبەریان لەحوسەین دا تەنها ئەوەندەم لەسەر وت کەدژی حزب و شۆرشە و ئەوانیش دەیانویست گوێیان لەو وشانە بێت.

لەدوای چەند مانگێك خۆی و ئامۆزاکەیان لەسێدارەدا و جەستەی هەردوکیان لەتابوتێکی لولکراو تەسلیم بەخێزانەکەیان کرایەوە. لەعراق، لەوجۆرە هەلومەرجەدا کردنەوەی تابوت بەمەبەستی شۆردن و ناشتنی مردۆکە بەپێی رێورەسم و شەریعەتی ئیسلامی بەلادان لەیاسا دادەنرێ، هەروەها رێگەنادەن هەروەك لەعراق باوە لەخۆیان بدەن و پرسەی بۆ دابنێن، بەڵکو دەبێ هەمو شتێك بەنهێنی ئەنجام بدرێ، تەنانەت پێویستە تابوتەکە بۆ شوێنێکی دیاریکراو دوور بخرێتەوە کەتایبەتە بەشوێنی خائنەکان، سەرباری ئەوەش لەسەر هەردوو لای تابوتەکە دەنوسرێت "ترسنۆك".

لەپاڵ نهێنیەکان درۆش دەکرێ، لەزینداان نوکتە لەسەر گروپی زیندانییەکان دەکرێ، ئەوانەی پێیان دەوترا " گروپی لێبوردن ". هەمو کەس دەزانێت حکومەتی عراق بەردەوام

لێبوردنی تایبەت بۆ سەربازانی هەڵهاتو دەردەکات یا ئەوانەی بۆ دەرەوەی وڵات رایانکردبو، بۆیە دەبینین هێندێك گەمژەی هەڵهاتو بەفیعلی دەکەوتنە داوی حکومەتی عراقەوە و خۆیان تەسلیم دەکردەوە، بەڵام جگەلە چەند کەسێك کە بەژمارەی پەنجەی دەست دەژمێردران، ئەوانەی لەسەر شاشەی تەلەفزیون دەردەچون ئەوا باقی زیندانەکانی دی، ئەوانەی لێبوردن دەیگرتنەوە لەگەڵ ئێمە لەزیندان بون و چاوەڕێ بون لەسێدارە بدرێن.

بۆچی نەبیل حوکمی هەتا هەتایی درا ؟ لەبەرئەوەی کەسێکی لاواز و زیاد لەپێویست ناوی درکاندبو، هەروەها بڕوای پێکردبون کاتێك پێیان وتبو تازانیاری زیاتر بدات کارئاسانی زیاتری بۆ دەکرێ. بەڵام لەزیندانەکانی عراق کار بەوشێوەیە ناکرێت. چونکە حزبی بەعس قینی لەخەڵکانی لاواز دەبێتەوە، بۆیە کاتێك لاوازییان لێدەردەکەوێت زۆر بێبەزەییانە دەیانهارێت.

ئەیادی براگەورەم بە (5) ساڵ حوکمدرا لەبەرئەوەی خۆی توشکردبو بەوەی وتبوی دەیزانی حوسەین سەربازی راکردوە، بەڵام من زۆر بەسادەیی وتم ئەو دوانە رقیان لەرژیم بوە. کاتێك زانیان هیچ شتێکی دییان دەستناکەوێت، ئیتر گەیشتنە ئەوەی شتێکی دی نازانم، لەئەنجامی ئەوەشدا لێکۆڵینەوەکەم زۆر کورت و کەمئازار بو، کتومت ئەوەی سەعد پێی وتم. خوای گەورە، چەند فەرزاریاری ئەو پیاوەم!.

پێشتر ئەیادی برام لەبەعسیە چەپەکان بو. برایەکی دیم کە نەوەی ساڵانی پەنجاکان بو کەسێکی چەپگەر بو. کەسمان کاریگەری ناسیونالیزمی باوکمان لەسەر نەبو. ئەو دەمە بەعسی بون شتێکی زۆر ئاسایی بو، شیعە و سوننە پێکەوە وەك یەك دەبون بەعسی. منی برا بچوك کاتێك لەساڵانی حەفتاکاندا بالق بوم، بەعس حوکمی دەکرد. بەبۆچونی من جیاوازی لەنێوان کەسێکی بەعسی و کۆمۆنیست و ناسیونالیستی عەرەب و ئیسلامییەك نیە، هەرچەندە خەڵکانی دی پێیان وایە جیاوازی هەیە و هەریەکەیان ئایدۆلۆجیەکی تایبەت بەخۆی هەیە، ئەمەش قسەیەکی پروپوچە. سەرباری ئەو هەمو شتەی بەعس بەسەر منی هێنا، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا رقم لەئایدییای بەعس نیە. بەعس یەکێتی عەرەب دەخوازێت. زۆرباشە. گرفتێك نیە. مرۆڤ ئازادە چۆن بیردەکاتەوە، بەڵام پێویستە لەکاتی پیادەکردنی بیروراکانی خۆیدا خەڵکانی دی ئازار نەدات. ئەمرۆ لەژیاندا تەنها ئەو شتەم دەوێت. خەڵکی عراق تامردن بەشێوەیەکی دڕندانە بڕوا بەشتەکان دەهێنن، تەنانەت مردنی خەڵکانی تریش. لەسەر بڕوای خۆیان دەمێننەوە، سەرەرای ئەو راستیەی هەموشتێك پشت بەو تەمەنە دەبەستێت کەتێیدا دەبیت بەسیاسی.

لێکۆڵەر وەك کەسێکی ئیماندار خۆی دەردەخست وبەدڵ رقی لەئەیاد دەبووە، ئەورقەشم کاتێك بۆ دەرکەوت کەلێکۆڵینەوەی لەگەڵ هەردوکماندا دەکرد و بەردەوام لەم قسانەی پێدەوتین

: " سوێند بێت بەخودا و بەموفەدەساتم، دەتانهێنمە گۆ "، لەناکاو بەشێوەیەك دەینەڕانـد وەك ئەوەی بیەوێت کەوڵت بکات، پاشان هـەر بـەدەم هـاوار کردنـەوە وەك کەسـێکی کەللـەیی دەیکێـشا بەسـەر مێزەکەیـدا. کاتێـك پاسـەوانەکان گوێیـان لـەدەنگی دەبـو گوروژمیـان دەهێنـا، چـونکە ئـەوانیش بەقـەدەر ئێمـە لێـی دەترسـان. لێکۆڵـەر بەدەنگـە ترسـناکەکەی دەسـتەلاتێکی مـەزنی دەسـەپاند و فرمـانی دەدا لەئـەیاد بـدەن ( بەدەسـتی خـۆی جارێـك تـا دووجـار تێـی هەڵـدا )، ئەوانیش بەشەق و مشتەکۆڵە دەکەوتنە گیانی براکەم. پاسـەوانەکان بـۆ ئـەوەی لەسـەرۆکەکەیان بچن دەبون بەئاژەڵێکی دڕندە و هەمو جەستەیان دەبو بەحەز و ئارەزو و غیرەت بۆ ئـەوەی رازی بکەن. ئنجا لەناکاو فرمانی دەدا : " وازی لێی بهێـنن و بـچنە دەرەوە " ئـەوانیش سـوك و ریـسوا بلاوەیـان لێـدەکرد، سـەرلەنوێ دەبـووە بەکەسـێکی دی و دڵـسۆزی بەرامبـەرت دەنوانـد و تـۆش هەستت بەخۆشەویستیەکی راستەقینە دەکرد. بەراستی پیاوێکی زۆر سەیرو نامۆ بو.

تۆ رقت لەتوندوتیژییەکەی دەبێتەوە، چونکە دەزانـی لاوازییەکـەت دەقۆزێتـەوە تـا گەمـەت پێبکـات، بـەلام لـەکاتی لێکۆڵینـەوەدا هەسـت دەکـەیت ئـەو دەتوانـێ میهرەبـانیش بێـت، بۆیـە کاروئـەرکی تۆیـە بـەرەو ئـەو میهرەبانیـەی بـەریت. سـەرەرای ئـەوەی رەفتـار نـامۆ بـو، کەچـی لەپیشەکەیدا کەسێکی بـەتوانا بـو. لەرێگـەی (45) کەسـەوە بابەتەکـەی تـاوتوێ دەکـرد، ئـەویش بـەتاوتوێکردنی زانیارییـەکان و لێکۆڵینـەوەی چـەندین بـارەی لەگـەڵ گـیراوە جیاوازەکانـدا، بـۆ ئەوەی لەکۆتاییدا راپۆرتێکی تێروتەسەل لەسـەر بابەتەکـەی پێـشکەش بکات و هـەمو جومگـە و رەگـەزەکانی پێکـەوە گـرێ بـدات تـا لەسـەر رۆشـنایی ئـەو راپۆرتـە حـوکمی خۆیـان بـدەن. ئایـا دەگەیشتە ئەو ئەنجامەی کە حوسەین حەڵبوس جگەلە خوێرییەك هیـچی دی نیـە ؟ ئـەو هـەوڵ و کۆشـشەی بـۆ گـرتن و لێکۆڵینـەوەی (45) کـەس دەدرا کـارێکی پـوچ و بێـسود نـەبو، چـونکە لێکۆڵینەوە لەعێراقـدا بەتـەنها بـریتی نیـە لـەو زانیاریانـەی چەتەکان بـەکێبڵ و شـەق بەدەسـتی دەهێنن[8]. بەڵکو مەسەلەیەکی بـسیکۆلۆجی و گەمەیـەکی شـانۆگەرییە کـە هـەمو کـەس گەمـەی تیادەکات و رۆڵی تیا دەبینێ.

بەشـی خـۆم زللـە و شـەق و مـشتەکۆڵەیان تێـسرەواندم، بـەلام نـاتوانم بەوشـتانە بلـێم ئەشکەنجەدان، چـونکە ئەشـکەنجەدانی راسـتەقینە لـەنیوە شـەودا دەسـت پێـدەکات. بەتـەواوەتی کاتی ئەشکەنجەدانم بۆ دیارینەکرێت، بەلام شەوانە گوێم لەهاتوهاوار دەبو. براکەم باسی ژورێکـی تایبـەتی بـۆ کـردم کەلەزینـدانی ئاسـایی گـەورەتربوە، و حـەبل لەبنمیـچەکەیەوە شـۆڕبۆتەوە. نەکەس منی سەربەرەوخوار هەڵواسی و نەبـەئامێری زۆر سـەیر دارکـاری کـرام، بـەلام شـەوێکیان

لەترسان لەدەنگی کردنەوەی یەك لەدوای دەرگا ئاسنەکان خەبەرم بووە و بەدزییەوە تەماشای دالانەکەم کرد و چوار کەسم بینی پیاوێکی تازە زیندانیان لەتۆی بیجامەیەکەدا گرتبو، وەك بەران سەریان دەکێشا بەدەرگای زیندانەکەدا. لەو ساتەوە ئەو پیاوە لەریزی بزروەکانی دونیابو. ئەو (42) رۆژەی لەزیندان بوم شتێکی ئەوتۆ نیە ئەگەر لەگەڵ ئەشکەنجەدانی ئەو پیاوەدا بەراورد بکرێ.

سەرباری ئەوەش پێویستە یادەوەرییەکانی ئەو رۆژانەتان بۆ بگێڕمەوە. چونکە دەمەوێت هەم بزانن و هەم ئەو بەسەرهاتانەی بۆتان دەگێڕمەوە باوەری پێبکەن. حەز دەکەم هەمو کەس بزانێت ئەوەی لەناخمدا بو وەك پۆلا گری گرتبو. لەراستیدا کەس نازانێت فسەلەسەر چی دەکەم. ئەو عراقیانەی ماوەیەك لەرۆژئاوا دەژین ئەوەندە ناسك دەبنەوە تەنانەت ناتوانن لەسەر شاشەی تەلەفزیونیش تەماشای ئەو دیمەنانە بکەن. هەروەها دەمبینی چۆن روویان لەو عراقیانە وەردەگێرا کەلەکاتی راپەریندا کۆپتەرەکانی سەدام برینداری کردبون و برینە قوڵ و دەمکراوەکانیان لەسەر شاشەی تەلەفزیون پێشاندەدا، بۆیە لەو کاتەی ئەوان فێزیان لەوێنەکان دەکردەوە و رووی خۆیان لێیوەردەگێرا، من لەناخەوە لەقینندا دەکولام. ئەگەر نەتوانن تەماشای ئەو وێنانە بکەن، ئیتر چۆن هەست بەمەینەتی عراقیەکان دەکەن؟ رەنگە من کەسێکی نائاسایبم، ئەمەیان خۆشم نایزانم.

لەزیندان بانگدان تاکە رێگەی پەیوەندیکردن بو بەدونیای دەرەوە. رۆژی دووجار گوێمان لەبانگ دەبو : جارێك بەزاراوەی سوننە و جارێکی دی بەزاراوەی شیعە. زیندانیەکان لەسەر دیواری ژوری زیندانەکان پەیوەندیان بەخوداوەندەوە دەکرد یا دەردەدڵی خۆیان دەنوسی. لەوانەیە بپرسیت ؛ بەچی دەیاننوسی ؟ بەو پێنوسە رەشەی بۆ دانپیانان بەسەریانا دابەشدەکرا. ئەم وشانەیان دەنوسی " ئەی خوداوەند " یا " یاعەلی، یاحوسەین رزگارم بکە " یا " فلانە رۆژ لەسێدارە دەدرێم، ئەو کەسەی ئەم نوسراوە دەخوێنێتەوە تکای لێدەکەم خێزانەکەم ئاگادار بکاتەوە".

لەزیندان زۆر گریام. پاسەوانێکی کورە سۆزانی رقێکی زۆری لەبراکەم هەلگرتبو. رۆژێکیان بەبیانوی ئەوەی قاپەکەی خۆی جوان نەشۆردوە، روبەروی دیوارەکە رایگرت و کەوتنەدارکاری کردنی. بەبێ ئەوەی بیبینم گوێم لەهاتوهاواری دەبو. سەرم دەکێشا بەدیوارەکەدا، بەلام زیندانیەکانی هاورێم دووریان خستەمەوە. بەدرێژایی ئەو رۆژە هەر دەگریام و لەسوچێکی ژورەکە هەڵتروشکابوم و هەنسکم دەدا.

جارێکیان ئەو دووپاسەوانەی خۆیان فێری زمانی ئینگلیزی دەکرد خستمیانە گریان. یەکێکیان سەیری کتێبەکەی دەستی کرد و لەبرادەرەکەی پرسی ؛ مانای سکوڵ ( قوتابخانە ) چیە. برادەرەکەی وەڵامی دایەوە " نازانم ". منیش کەچەند کاتژمێرێك بو بەچاوبەستراوەیی لەوێ بوم و گوێم لەقسەکانیان بو. لەناکاو یەکێکیان وتی : "بۆچی لەم خوێرییە نەپرسین، لەخوێنەوار دەچێت". منیش مانای وشەکەم پێ وتن. پاسەوانەکە بەروومدا هەڵشاخا ؛ "تۆ، ئایا بەراستی ئەندازیاری؟" بەبەڵێ وەڵامم دایەوە و ئەویش پێی وتم :"عەمرت نەمێنێ، گەمژە". وەڵامم دایەوە : "بەڵێ گەورەم، من گەمژەم".

ئەو وشانە لەو شەق و شەپازلانەی لەسەری راهاتبوم زیاتر کاریان تێدەکردم. لەپڕێکدا نەفسی خۆم لەلا خۆشەویست بو. پاسەوانەکە بیری خستمەوە کەمن ئەندازیار و خوێندەوارم، چونکە لەوجۆرە شوێنانەدا دونیای دەرەوەت لەبیردەچێتەوە. بۆچی ؟ تەنها لەبەرئەوەی مانای وشەیەکی ئینگلیزیم لێکدایەوە. سەرەرای ئەوەش ئەوەتا مـن بەچاوبەستراوەیی بەرامبەر بەدیوارەکە هەڵتروشکاوم و چاوەروانی شەپازلەیەکی دی دەکەم. بەدبەخت و بەزەیم بەخۆمدا دەهاتەوە، بۆیە دەستم کرد بەگریان. پێشتر بەوشێوەیە نەگریابوم. بە کەسێکی لاوازم مەزانن، چونکە زۆربەی زیندانیەکان بەردەوام دەگریان. یەکێك لەهاورێ زیندانیەکانم بەبێ هیچ هۆیەك دەستی دەکرد بەگریان و ئنجا بەهەردوو دەست دەیکێشا بەسەری خۆیدا. پاسەوانەکان هەمیشە دڵەراوکێی ئەوەیان هەبو یەکێك لەزیندانیەکان کارێکی خۆکوژی بکات. باوەرناکەیت چ هەڵا و ژاوەژاوێك رویدەدا کاتێك یەکێکیان گوێزانێکی ریش تاشینی وندەکرد.

لەپاڵ بەزەیی بەخۆهاتنەوە رقیش هەبو. کاتێك لەزیندان بوم هەستم دەکرد هەمو کەس بەدایکیشمەوە منیان لەبیرکردوە، بۆیە لەدوای ئازادبونم کەبۆم گێرایەوە دەستی کرد بەگریان. لەجیاتی ئەوەی قین لەسەدام هەڵبگرم، قینم لەهەمو کەسێك دەبووە کەژیانی بەخۆشی بەسەردەبرد و منیش لەزینـدان دادەرزام، چونکە هەستم دەکرد خەڵکی لەتێوەگلانم بەرپرسیارن، بۆیە بەمافی خۆم دەزانی رقم لێیان بێتەوە. نازانم بۆچی گلەییم لەکۆمەڵ دەکرد، بەڵام بەوجۆرە هەستم دەکرد، ئەوەش راستیەکی حاشاهەڵنەگر بو.

پیاوانی ئیستخبارات لەخۆپەرستی مرۆڤ تێدەگەیشتن ـ بۆیە زۆر بەوردی کاریان لەسەر قەبەکردنی قین هەڵگرتن لەخەڵکانی بێتاوانی خۆت ئاسا دەکرد بۆ ئەوەی سەرشۆر و ریسوات بکەن. پاسەوانەکان بەدەمامك و دەستکێشەوە یالەدالانەکە هاتوچۆیان دەکرد یا لەرێرەوەکە دادەنیشتن. نەخۆشی گەری و چەندین نەخۆشی دی لەناو زیندانیەکان بلاوبووە.دیمەنێکی

چەند کاریگەرە پیاوێکی نیوەرووت دەستەوئەژنۆ بەرامبەر پاسەوانێکی پۆشتە وپەرداخ بکەوێت بۆ ئەوەی دارکاری بکات. جارناجارێك زیندانیـەك بـەهۆی نەخۆشـییەکەوە گیـانی لەدەسـت دەدا، بۆیە پاسـەوانەکان دەمامـك و دەستکێـشیان لەدەسـت دەکـرد تابەشـێوەیەکی نمونـەیی کارەکانیـان ئەنجام بدەن. پاسەوانەکان باریك و زەردەڵەی سیلاوی بون، چونکە ئەوەندە لـەو جێگەیـە کاریـان کردبو ژیانیان بۆگەنی کردبو.

منیش توشـی گـەڕی بـوم، بۆیـە ئەوەنـدە خـۆم هەڵدەکڕانـد تـا خـوێنم لەجەسـتەم دەهێنـا. کاتێك لەزیندان بوم ناوی ئەو نەخۆشییەم نەدەزانی. زیندان پڕ ئەسپێ بو. پاسەوانەکان بـەهیچ شێوەیەك حەزیان نەدەکرد زیندانیەکان دەستیان تێوەبـدەن، کەچـی جارێکیـان پاسـەوانێك داوای لەزیندانیەك کرد بنباڵ و توکەبەری بۆ بتاشێت. ئایا دەزانن ئەمە چ سـوکایەتی پێکردنێـك بـو ؟ هەست بەریـسوایی خـۆت دەکـەیت و قینـت لـەخۆت دەبێتـەوە. بەدڵنیاییـەوە ئـەوانیش ئـەوەیان گەرەك بو.

کاتێك ویستیان سـەرم بتاشـن وەك سـەگ لەسەرچـوارپەل لەزینـدان دەریـان هێنـام‌و داوایـان لێکـردم سـەربخەمە نێـوان هـەردوو قاچـی ئـەو پاسـەوانەی بـەئامیرێکی سەرتاشـینی کارەباییـەوە لەسەر کورسییەك دانیشتبو. بەدرێژایی ئەو ماوەیە پـێم وابـو لەسـێدارە دەدرێـم. کاتێـك براکـەم بەنیوەکەچەڵی دیمی بەدرێژایی ئەو رۆژە ژیر نەدەبووە، ئیتر هیوای بـەئازادکردنی خـۆی نـەما و بەهیوای بەربونی من بو. بەڵام کاتێك گەڕی زۆر تەشەنەی سەند رێوشوێنی تازەیـان بـۆ خۆشـتن و سەرتاشین گرتەبەر. پاسەوانەکان بەکۆنە گوێزان ریشیان دەتاشین، بۆیە هەمو دەموچاومان پڕ لەشوخت و قەڵبە بو.

زۆرجاران لەرێگەی ئەو زیندانیە شێتۆکانەی یاوەری پاسـەوانەکانیان دەکـرد، خواردنەکـەیان فڕێ دەدایە ژورەوە، چونکە زیندان پڕبو لەخەڵکی کەودەن و شێت. بەبیستنی دەنگـی کردنـەوەی دەرگاکـە دەبوایـە چـوار چـنگۆڵە بەشـێوازی چـونە سـەرئاو ئامادەبیـت و پـەلاماری خـواردنی بەردەرگاکە بـدەیت و پـێش ئـەوەی شـەقێکت بەرکـەوێت بـەزووترین کـات خواردنەکـە بهێنیتـە ژورەوە و لـەکاتی خواردنیـشیدا پاسـەوانەکان بـەردەوام سـەیریان دەکـردی و ئەگـەر خواردنـت نەخواردایە بەزۆر دەرخواردیان دەدایت.

زیندانیــە شـێتۆکەکان لــەپێش پاســەوانەکانەوە دەڕۆیــشتن و نــان و شـۆربای نیــسك یــا هەرشـلەیەکی دییـان دابەشـدەکرد و پاسـەوانەکانیش بەکێبڵـەکانی دەسـتیانەوە بـەلووت بـەرزی لەپشتیانەوە دەڕۆیشتن. بەیانیان هێلکەیەکی کوڵاو وپارچـە سـەمونێکیان لەپەنجـەرە ئاسـنەکەی

سەر دەرگاکەوە فڕێ دەدایە ژورەوە و ئێمەش هەربەئاسمانەوە پڕمان پیا دەکرد بۆ ئەوەی نەکەوێتە سەر عەرزەکە.

هەموو پاسەوانەکان وەك ئەو پاسەوانە نەبون کە براکەمی ئەشکەنجە دەدا. یەکێك لەو پاسەوانانەی بەرپرسی نۆرەیەکی دەست بەئاوگەیاندن بو، کاتێك دەمویست بەدزییەوە تەماشای زیندانی براکەم بکەم، دەستی گرتم و لێی پرسیم : "منەی چی دەکەیت ؟" لەترسان وەڵامم نەدایەوە بۆ ئەوەی بەخراپی راڤەی نەکات. لەراستیدا پاسەوانەکان نەیاندەزانی ئەیاد برای منە، بەڵام ئەو پاسەوانە زۆر بەمیهرەبانی قسەی دەکرد. "عومەر تۆ کورێکی باشی و دەمەوێت هاوکاریت بکەم". وەڵامم دایەوە :"منەی براکەم دەکەم". هەر ئەو شەوە زۆر بەوریایی دەرگاکەی لێم کردەوە. سەرەتا کەبەرەو زیندانەکەی ئەیادی برام دەرۆیشتین لەبەر ترسناکی کارەکەی زۆر شڵەژابو، منیش لەخۆشیدا زۆر هەڵچوبوم، چونکە هەرگیز بیرم لەوە نەدەکردەوە کەسێك هەبێت کارێکی لەوجۆرەم لەتەکدا بکات. ئەگەر رێگەی پێم بدایە بەوپەری خۆشحاڵییەوە پێڵاوەکانیم ماچدەکرد.

هەر کەچاوم بەو پیاوە کەوت هەستم کرد کەسێکی جیاوازە، چونکە وردبینی لەچاوانیدا دەبینرا. کەمێك چوە دواوە بۆ ئەوەی رێگەم پێبدات بەتەنها لەگەڵ براکەم بمێنمەوە.لەپەنجەرە ئاسنە بچکۆلانەکەی سەردەرگای زیندانەکە دەستی ئەیادم گرت و کەوتمە ماچکردنی. هەردوکمان بەبێدەنگی دەستی یەکترمان ماچدەکرد. لەکۆتاییدا بەپاسەوانەکەم وت : " گەورەم بمگێرەوە چونکە ناتوانم خۆم رابگرم ". پێی خۆش بو براکەم بینی. لەناکاو بەعەففەوێتی خۆی پێی وتم : "ئەمە کارێکی سوکە و تەنها سەگ ئەم کارە دەکات، منیش سەگم". دەترسام یەکێك گوێی لێبێت و سەرزەنشتی من بکات.

هەروەك پێشتر باسم کرد خەبەرم لەپیاوێکی دی دابو، کەسێك بو زۆر لەحوسەین حەڵبوس جیاواز بو. بەڵام ئایا دەمویست خۆم لەباسکردنی ئەم مەسەلەیە بدزمەوە؟ لەوانەیە.

ئێمە گروپێك بوین پێکەوە کۆدەبوینەوە و پێکەوە رامانەدەبوارد. زۆرمان دەخواردەوە و عودمان دەژەنی و قسەمان دەکرد و داهێنمانمان لەگۆرانیەکان دەکرد. گروپەکەمان پێکهاتبو لەمن و حوسەین و نەبیل و براکەم و چەند کەسێکی دی. لەو کۆروکۆبونەوەدا خواردنەوە رۆڵێکی گرنگی لەپژانی زمانمان هەبو. خەڵکی عیراق بێتامانە دەخۆنەوە، بەتایبەتی سەربازان لەماوەی شەڕی عیراق ـ ئێران دا زۆربەی وەختی پشووکانیان بەخواردنەوە بەسەر برد، چونکە زۆربەیان گرفتی خێزانی و سێکسیان هەبو. لاوازی سێکسی و سستی جووت بونی سێکسی زۆر

بەربڵاوبو. لەکاتی دانیشتنەکاندا قسەمان لەسەر ئەو بابەتانە دەکرد و بەسەرهاتەکانیش یا زۆر خەمۆکی بون یا زۆر پێکەنیناوی بون. پیاوان بەمەبەستی خۆدزینەوە لەگرفتەکانیان کحولیان دەخواردەوە. لەدانیشتەکانی شەوانەدا زۆرمان دەخواردەوە، چونکە مەبەستی سەرەکیمان کات بەسەربردن و لەبیرکردنی ژیانی رۆژانە بو.

حەتمەن قسەمان لەسەر سیاسەتیش دەکرد، چونکە بواری خۆدزینەوەی تیانەبو. مەبەستم لەسیاسەت چی بو ؟ گۆڕینەوەی هەواڵ و پروپاگەندە بو. ریسواکردن باشترین بابەتمان بو. "ئایا دوا هەواڵت بیستوە؟، دەبوایە سەدام بۆ فلانە شوێن برۆشتایە، بەلام هاوشێوەکەی ناردبو، ئەو گێلەپیاوەش وەزعەکەی شێواندوە.. ها ها ! ئایا شتێکی پێکەنیناوی نیە؟". ئەوجۆرە قسانەمان دەکرد و جارناجارێکیش گفتوگۆی جیدیمان لەسەر بابەتێك دەکرد و باسی جوانی ژیانی بێ دیکتاتۆرییەتمان دەکرد. پێویستە بوار بەخەڵکی شایستە بدرێت بۆ ئەوەی شوێنی شایستە بگرێت. بەو شێوەیە بیرمان دەکردەوە. سوپا سەرچاوەیەکی لەبننەهاتوی ئەو نوکتانە بو. عراقیەکان پێیان خۆش بو ئەو دەزگایە نەمێنێ و بێزاری لەو دەزگایە گەیشتبوە ئاستی رق لێبونەوە، بۆیە دەبینین ئەو گەنجانەی لەسالانی هەشتاکاندا لەخزمەتدابون حەز بەبیستنی وشەی سوپا ناکەن. سوپا چ سودێکی بۆ نیشتمان هەبوە ؟ تەنانەت شۆرشی 1941 ـ یش کەباوکم بەشداری تیاکردوە و سوپای عراق زۆر شانازی پێوە دەکات، ئەڵمانیای نازی پشتگیری لێدەکرد.

ئەیادی برام هاورێیەکی تەمەن چڵ سالانی بەناوی " عەلی ئەلناسری " یەوە هەبو کە روح و گیانی چاوپێکەوتنەکانمان بو. عەلی بەردەوام خەڵکی تازەی بۆ دانیشتنەکان دەهێناو هەمیشە هانی ئەو خەڵکانەی دەدا کەخۆیان لەخزمەتی سەربازی دەدزییەوە هەناسەیەك لەسەر داغان بونی خۆیان بدەن، بەلام کاتێك تەنها ئەویان نەگرت گومانم لێی پەیداکرد و پێم وابو خەبەری لێمان داوە کەچی لەدوای چەند رۆژێك ئەویشیان گرت. بەگرتنی عەلی لێکۆلینەوە لەگەڵ منیش بەشێوەیەکی دراماتیکی کەمبووە. کەسمان ئاگادار نەبوین لەو ماوەیە چ بەسەر حوسەین حەڵبوس دا هاتوە و کەسیش نەیدەزانی ئەو خەبەری لێمان داوە.

کەس زانیاری تەواوی لەسەر عەلی نەبو. عەلی کۆنە شیوعییەکی ئالۆز و مێژوویەکی سیاسی دورودرێژی هەبو. لەرێگەی براکەمەوە ئاشنایەتیم لەگەڵدا پەیداکرد. عەلی لەسەرەتای هەشتاکان و لەوپەری بەهێزی ئیسلامیەکاندا فیشەکێك بەرنێوچەوانی کەوتبو. فیشەکەکە بەشێکی لەکەللەسەری بردبو، خەریك بو دەمرد، بۆیە کەچاوم پێکەوت دەستمی خستەسەر چاڵی ژێرپێستی شوێنی فیشەکەکە. کاتێك بەسەیارە رەسمیەکەی لەجۆری لاندکرۆزەری سپی

دەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە لەئەلسەورە (الثورة) تەقەیان لێکردبو، بەپێی وتەی رەسمی چەکدارەکانی حزبی دەعوەی ئیسلامی بەهۆی ئاژوتنی ئۆتۆمۆبێلێکی لەوجۆرە هەوڵی کوشتنیان داوە، چونکە پێیان وابوە بەکرێگیراوی ئیستخباراتە. جارێکیان لێم پرسی : " ئایا راستە حزبی دەعوە تەقەیان لێت کردوە ؟ "، هیچی نەوت ، تەنها بزەیەکی کرد وەك ئەوەی بڵێت مەسەلەکە زۆر لەوە ئاڵۆزترە. بەگشتی خەڵکی عێراق لەسەر رونکردنەوەی مەسەلە هەستیارەکان پێداناگرن. ئەمەش مەسەلەکە نادیارتر دەکات، بەڵام واتەواتی ئەوە هەبو کەخودی سەدام لەنەخۆشخانە پەیوەندی پێوەکردوە و تێچونی چارەسەرکردنی بۆ ئەڵمانیا لەئەستۆگرتوە، چونکە عەلی پێش ئەوەی تەقەی لێبکرێت لەدەرەوەی وڵات فەرمانبەرێکی باڵیوزخانەی عێراق بوە، پاشان نوسینگەی هێنان و هاوردنی دامەزراند. ئەوجۆرە کارە لەعێراقدا بەئیمتیاز دادەنرێ لەبەر ئەوەی رێگە بەکەس نادرێت ئەو کارە بکات. شەریکەکەی عەلی ئەفسەرێکی پایەبڵندی موخابەرات بو.

عەلی هیچ چالاکییەکی سیاسی نەبو، یا بەلایەنی کەمەوە من پێم وابو دەستی لەچالاکی سیاسی هەڵگرتوە، بەڵام وەك هەرخوێنەوارێکی عێراق حکومەتی رەخنە دەکرد. عەلی روناکبیرو ستڕانبێژێکی لێهاتوبو، هەروەها وەستایانە دانیشتنەکانی گەرم دەکرد.

لەدوای گرتنەکەمان دایکم و براژنەکەم ماوەی سێ رۆژ لەبەردەرگا مابونەوە. کاتێك عەلی لەدوای گرتنەکەمان سەردانی ماڵەوەی کردبو دایکم هەمو شتێکی بۆ گێرابووە. دایکم دەڵێت کەبۆمان گێڕایەوە دەستیکرد بەپێکەنین و، وتی :" کەواتە نۆرەی منیش دێت، باشتر وایە خۆم ئامادەبکەم". جارێکیان بۆی گێڕامەوە چۆن لەکاتی تافیکردنەوەی بەکالۆریا پۆلیس لەدەرەوە چاوەروانی کردوە و لەدوای تەواوبونی تاقیکردنەوەکە قەڵەمەکەیان لەدەست سەندوە و زیندانیان کردوە.

لەدوای ئەوەی بەگرتنمانی زانی بەمەبەستی نوێژکردن سەردانی نەجەف و کەربەلای کرد، ئنجا گەڕایەوە بۆ بەغدا چونکە دەیزانی رزگاری نابێت. لە (70) کیلومەتری نێوان بەغدا و فەلوجە حەوت بازگە هەبو یا ئەگەر خۆی لەماڵێك بشارێتەوە، ئەوا هەمو ئەندامانی ماڵەکەش بەقەدەر خۆی ئەشکەنجە دەدران، بەڵام عەلی لەو کەسانە نەبو برادەرەکانی خۆی توشی چەرمەسەری بکات. عێراق زیندانێکی گەورەتر بو، بۆیە گەڕایەوە ماڵەوە و ریشی تاشی و دیزداشەیەکی لەبەرکرد و دەستی کرد بەخواردنەوە. عەلی پیاوێکی زۆر هێمن و جیاواز بو، مێشکێکی گەورەی هەبو. هەربەو شێوەیەش لەماڵەوە گرتیان.

عەلیان بەچاوبەستراوەیی بۆ ژورەبچکۆلانەکەی لێکۆڵینەوە هێنا. لێکۆڵەر لەپشتی مێزەکەی خۆی دانیشتبو. داوایان لێکرد بەخۆی و دیزداشە پاکەکەیەوە لەسەر زەوی هەڵتروشکێت و بەمن و ئەیادیشیان وتبو بەبێدەنگی لەسوچێکدا راوەستین.

" ئایا تائێستاش هەر کۆمۆنیستی ؟ "

عەلی بەنەرێ وەڵامی دایەوە. دوو پیاوە شیعەکە بەزاراوەی باشور قسەیان دەکرد، ئیتر گەیشتمە ئەو باوەڕەی کەمامەڵەیەکی تایبەت لەگەڵ عەلی دەکەن، وەك ئەوەی لێکۆڵەر پێی وابو عەلی کلیلی کێشەکەیە.

"دەمەویێت هەمو شتێك لەسەر پەیکەری رێکخستنەکەتان بزانم، کێ سەرۆکی رێکخستنەکەتانە؟".

عەلی پشتی راست و سەری بەرز راگرتبو وەك ئەوەی لەژێر پەرۆکەیەوە شت ببینێ و زۆر بەئاسانی قسەیدەکرد و هیچ نیشانەیەکی ترسی پێوەدیار نەبو، کەچی من لەترسان وەك شەقشەقە هەڵدەلەرزیم.

لەناکاو عەلی وتی : " جگەرەیەکم بدەنێ "، لەزیندان جگەرە شتێکی زۆر گرنگە، بۆیە کاتێك جگەرەیەکت پێدەدەن ئیتر ئەو رۆژەت زۆر مەزن دەبێت، لێکۆڵەر جگەرەیەکی خستە دەمییەوە بۆی داگیرساند.

لێکۆڵەر بەدەنگێك کەتوڕەبونی لێدەباری : " جگەرەمان پێدایت، حەز لەشتی دی دەکەیت ؟".

" کەمێك ئاو "

یەکەمجار بو لێکۆڵەر ببینم بەزۆر کۆنترۆڵی خۆی بکات. عەلی دەماری گرتبو، بەڵام داوای لەپاسەوانەکە کرد کەمێك ئاویشی بۆ بهێنێت.

" قسەت بەحکومەت وتوە ".

" هیچ پەیوەندییەکمان بەسیاسەتەوە نیە، من کەسێکم حەز بەرابواردن و گوزەراندنی کات دەکەم ".

هێندە بەپێکەنیناوی و بوێرانە قسەی دەکرد تەنانەت منی زراوتۆقیویش خەریك بو قاقالێبدەم. عەلی کەسێکی زۆر هێمن و لەسەرخۆبو وەك ئەوەی رۆژانە ئەو کارە بکات، بەڵام لێکۆڵەر بەتەواوەتی عەقڵی لەدەست داو لەسەر کورسییەکەی هەستاو بەشەقێکی سەرسنگ خستیە سەر عەرزەکە.

عەلی بەشی خۆی جنێو و شەپازلە و پاڵنـان و هەرەشەو گورەشەی لێکرا، بەڵام بەگشتی مامەڵەیەکی باشیان لەگەڵ کرد و هیچیان پێنەدرکاند. لەکۆتاییدا داوایان لێکرد پەرۆکەی سەرچاوی لابەرێت و تەماشایەکی لای ئێمە بکات :"ئەو دوو پیاوە خەبەریان لێت داوە".

مەسەلەکەی زۆر بەهێمنی وەرگرت و برادەربونمانی پشت راستکردەوە و سەرلەنوێ نکۆڵی لەهەمو شتێك کردەوە، بەڵام چاوەکانی ئاگری لێدەباری. هەرگیز عەلی خەبەری لەمن و لەکەسی دی نەدابو. دواتر بۆم دەرکەوت عەلی لەلای لێکۆڵەر ستایشی کردبوم، هەروەها ئامادەبونی منیشی لەودانیشتنانە رەتکردبووە کەقسەی تیابەحکومەت دەدرا. بەبێهودە هەوڵمدەدا لەزینداندان سەردانی بکەم، چونکە ئەویش وەك ئەیادی برام بە (5) ساڵ زیندانی حوکم درابو، بەڵام ئەفسەرەکەی شەریکی نەیهێشت ساڵێکی تیابێت ئازادی کرد.

سەبارەت بەمن عەلی کەسێکی ئاڵۆز بو. نازانم بۆچی زیاد لەپێویست رێزم لێیدەگرت.

پاسەوانەکان لە (42) رۆژی گرتنمدا پێنج کەسیان کردینە ژورێکەوە، چاوبەستەکانیان لابرد و یەکێکیان وتی :" ئازاد دەکرێن "، هەر پێنجمان وەك ئەوەی لەپرسەبین یەکسەر دەستمان کرد بەگریان، پاشان کەوتینە پیرۆزبایی و یەکتری ماچکردن.

دواتر پاسەوانەکە بۆ ژورێکی دی بردین کەجلوبەرگێکی زۆر لەناوەراستیدا وەك گرد لەسەر یەك کەڵەکە کرابو. لەنێو جلەکاندا پانتۆڵێکی دڕاو و کراسێکی بێ قۆپچە و نەعلێکی شڕم هەڵگرت کە رەنگە خاوەنەکەی تازە لەسێدارە درابێت، کەس نازانێت. ئەو موستیلە و زنجیرەی رۆژی گرتنەکەم لێیان سەندبوم بەرەسمی بۆیان گێڕامەوە.

ئنجا هەر بەپێوە وتارێکیان بۆ هەر پێنجمان خوێندەوە. پیاوەکانی حکومەت بزەیان لەسەر لێو بو. کاتێك پانتۆڵێکی دەڵب و کراسێکی بێ قۆپچەم بەدەستەوە گرتبو، یەکێك لەپیاوەکانی حکومەت لەوە دەچو پلەیەکی بەرزی هەبێت پێی وتین ؛ ئەگەر لێیان پرسین لەکوێ بون، بڵێن ئیجازەبوین، هەروەها وتی ؛ ئەگەر لێیان پرسین جەمال و محەمەد و عەدنان ـ تان دیوە، بەنەرێ وەڵام بدەنەوە. یەکێك لەو پێنج کەسەی کە من نەمدەناسی بەوپەری داماوی و زەبونییەوە لێی پرسی : " گەورەم، من فەرمانبەری حکومەتم، ئایا دائیرەکەم پێویستی بەوەرەقەیەك نیە ؟.. ئەو بزە و خەندانە بهێننەوە پێش چاوی خۆتان کاتێك پرسیارێکی بێ بڤە دەکرێ. هەمو شتەکان گۆڕان. وتیان پێویست بەوەرەقە ناکات و مشوری هەمو شتێکمان خواردوە. ئێستا پێویستە بچنەوە سەر ئیشوکارەکەتان وەك ئەوەی هیچ روینەدابێت.

پاشـان پاسـەوانەکان یـەك لـەدوای یـەك تەوقـەیان لەگەڵمانـدا کـرد. یـەکێکیان وتـی : " هیـوادارین بێزارمـان نـەکردبن یـا ئازارمـان پێتـان نەگەیانـدبێت ؟ ". بەتایبـەتی سـەرۆکی پاسەوانەکان کەفاتێکی کەشخەی سوری لەبەرکردبو، مەسەلەکەی زۆر بەجیدی وەرگرتبو وەك ئەوەی برادەری خۆی گەشت بکات باوەشی پیادەکردین. منـیش هێـزم دایـە بـەرخۆم و بەیـەکێك لەپاسەوانەکانم وت ؛ دەتوانم براکەم ببینم. رازی بو، بەڵام بەو مەرجەی قسەی لەتەکدا نەکەم.

کاتێك ئەیادم بینی هاتمە جۆش. پاسەوانەکە رێگەی پێدام بچمە ژورەوە. کەچومە ژورەوە ئـەیاد کەوتـە دەست ماچکردنم. بەچـرپە پـێم وت بـەرەڵا دەکـرێم. هـەردوکمان دەسـتمان کـرد بەگریان، ئنجا ئەیاد وەك پیـاوێکی داروخـاو لەپاسـەوانەکە دەپاڕایـەوە : " گـەورەم، گـەورەم، مـن چیم کـردوە تـالێرەدا بمێنمـەوە؟". بـەڵام کاتێـك بەجێمهێـشت هەسـتم بـەجۆرە تاوانێـك دەکـرد کەوەسف ناکرێت. بەراسـتی ئـەیاد زۆر لاواز ببـو، چونکە ئازاریـان دابـو. هەسـتم دەکـرد براکـەم لەلێواری هەرەسهێنانە.

پاشـان سـەرلەنوێ چـاوییان بەسـتینەوە. سـواری ئۆتۆمـۆبیلیکی لانـدکرۆزەریان کـردین بـۆ ئەوەی نەزانین بۆ کوێ دەچین و سـەریان خـستینە نێـوان قاچـمانەوە. لـەدوای ئـەوەی سـەیارەکە نیوکیلۆمەتر زیاتر نەرۆیشت لەپڕ پێیان وتین : "چاوتان بکەنـەوە". تـا ئـەو رۆژەی دەمـرم ئـەو ساتەم بیرناچێتەوە کە هـەمومان پێکـەوە وتمـان "هـەتاو ! هـەتاو !". ئـەو پاسـەوانەی لەپێـشەوە دانیشتبو وتی :"چی بوە، شتەکە گەورە مەکەنەوە". هەتاوێکی زۆر روناك و بەتیشك بـو. مـاوەی (42) رۆژ بو هەتاوم نەدیبو.

لەنزیك نەخۆشخانەی کازیمیە، بەرامبەر نزیکترین شـوێنی وەسـتانی تاکسی دایانبەزانـدین. سەرۆکی پاسەوانەکان کەلەزیندان هەمومانی ماچکردبو، لێی پرسین " پێویستیتان بـەپارە هەیـە ؟ "، وەڵامم دایەوە : " نەخێر، گەورەم "، هەرچەندە دەیشیزانی پارەمان پێنیە، کەچـی کـەسمان پارەمان لێوەرنەگرت.

ئەو تاکسیانەی راماندەگرت کاتێك شۆفیرەکانی چاویان پێمـان دەکـەوت یەکسەر دەرۆیـشتن، لەکۆتاییـدا ئۆتۆمـۆبیلێکی شەخـسی وەسـتا و سـێ کـەسمان سـواربوین. ئـۆقرەم لێهـەڵگیرابو، هـەر دەمویـست بگەمــە ماڵــەوە. لەرێگــە چــاوم بەکــچێکی هــاورێی رۆژانــی قوتابخانــە کــەوت و نەیناسیمەوە. بەراکردن خۆم گەیاندە بەردەرگا، بەتایبەتی ئارەزوی بینـینی دایکـم دەکـرد، بـەڵام لەماڵـەوە نـەبو. برازاکـەم هـات بەپیرمـەوە و باوەشمـان بەیەکـدا کـرد و یـەکترمان ماچـدەکرد و دەگریـان. لەداڵانەکـەش بـاوکم لەسـەر کورسـییەك بـینی و خۆمـدا بەسـەر دەسـتیا و ئـەویش پەیتاپەیتا دەستی ماچدەکردم. زۆرلاواز ببو. لەدوای پێنـج مانگ کۆچی دوایی کرد.

پێیان وتم دایکم ئێوارە دەگەڕێتـەوە. نەدیوبدیوانـە، وەك ئـەوەی یەکـەمجار بێـت تەلـەفون بەکاربهێنم پەیوەنـدییم بەئەسیری هاورێمەوە کرد و خوشکەکەی وەڵامـی دامـەوە. تەلەفونەکـەی لەدەست کەوتەخوارەوە، بەڵام گوێم لەهاتوهاواریان بو. هەرچەندە حەوت ماڵێك لەسـەروی مـاڵی خۆمانـەوە بـون، بـەڵام بـەجلی نوسـتن و بـەپێی پـەتی گەیـشتنەلام. هـەمویان بـەدەم گریانـەوە شیرینیان دابەشدەکرد.

بەتەلەفون داوای خواردنەوەم کرد، کەچی کاتێـك هێنایـان تـەنها ویـسکی و کـەمێك زەڵاتـەم خوارد.

لەئاوێنە تەماشـای خـۆم کـرد. کەچـەڵ و دەموچاوشـین هەڵگـەڕاو سمـێڵ زل بـوم. لـەجیاتی ئــەوەی ڕەنگــم زەرد بێــت، شــین هەڵگــەڕابوم. چــوار دەوری چــاوم ڕەش داگــەڕابو. وەك داری وشکەهەڵاتو باریك ببـوم. بـەبینینی خـۆم توشـی شـۆك بـوم، بۆیـە بەشـتنی خـۆم و لەبـەرکردنی جلێکی باش هەستم بەپاشایەتی دەکرد.

دایکـم و یـەکێك لەخوشـکەکانم گەڕانـەوە. چـومە حەوشـەی دەرەوە تابـەجوانی چـاوم پێـی بکەوێت. سەرەتا نەیبینیم " عومەر ! دایکەکەم "، باوەری بەبەربونم نەدەکرد، لـەناو گەراجەکـە بورایـەوە. وامزانـی مـرد، بۆیـە بەپەلـە بـەرەو رووی رامکـرد و کەوتمـە ماچـکردنی دەموچـاوی. پاشان هەستایەوە و بەدەم گریان و لەرزینەوە باوەشی پیاکردم. مەحاڵ بو بەبێ لەرزین تەماشـام بکـات. خوشـکەکەم بـەو شـەوە کەلەئۆتۆمۆبیلەکـە دابـەزی ناسـیمەوە و بـانگم لێـی کـرد. زۆر حەپەسابو چونکە زۆر گۆڕابوم : کەچەڵ و سیس و لاوازبـوم، بـەڵام کەناسـیمییەوە ئـەویش وەك دایکم هێزی لەبەر نەما و هەرهاواریدەکرد و منـیش بـەرەو رووی رامـدەکرد : "عومـەر، عومـەر، ئەوە تۆی ؟ بەراستی ئەوە تۆی ؟". هەمان شت لەگەڵ براژنەکەیـشم رویـدا، وەك شـێت لەبـەین هەرسێکیان دەخولامەوە.

بۆچی ئێمەیان گرت؟ ئـەم (45) کەسـە چـیمان کردبـو تـا پیـاوانی موخابـەرات بـەو رادەیـە بەمەترسیمان بزانن؟ پێشتر باسی تێوەگلانی حوسەین حـەڵبوس ـ م کـرد کـە مەسـەلەکە لـەوەوە دەستی پێکرد، هەروەها باسی ئالۆزی و نادیاری عەلی ئەلناسری ـ یشم کرد کـە روحـی بزوێنـەری گروپەکەمان بو. حوسەین حـەلبوس و سـێ کەسـی دی لەسـێدارە دران. یـەکێك لـەو سـێ کەسـەی لەسـێدارە درا جەعفـەر ـ ی بـرادەرم بـو کـە ئەوشـەوە پێکـەوە گیرایـن. جەعفـەر یـاریزانێکی هەڵبـژاردەی تـۆپی پێـی عـراق بـو. تاماوەیـەك لەزینـدان پێکـەوە بـوین، خـاوەنی دوو ژن بـو، هەردووکیانی زۆر خۆشدەویست. بەراستی سـەرەك خێـزان بـو. شـەوانە بـۆ کـچە چـوار ساڵەکەی

دەگریا چونکە زۆر هۆگری بو. لەئازادکردنی زۆر دڵنیابو لەبەر ئەوەی بێتاوان بو. گەلێك شتی لەمێشکدا بو تاخۆی پێوە سەرقاڵ بکات و بەچوار دەورەکەی رایدەبوارد و حکومەت و سەدام حوسەین - یش دوا شتێك بو بیری لێبکاتەوە. بەڵام لەسێدارەدرا، بۆچی، نازانم، سەرتاپای مەسەلەکە بێسەروبەرەیی بو. شتەکان چونیەکی یا لۆجیکی تیانەبو.

بەهەرحاڵ جەعفەریش وەك عەلی لەئەلسەورە دادەنیشت، ئەوەش ئاماژەیەکی باش نەبو، چونکە دەوروبەری شار قەرەبالغ و مێژویەکی سیاس دورودرێژی هەبو. دەشێت هەر ئەوەش توشی کردبێت. کێ دەزانێت؟.

مـن و دوو کەسی دی ئازادکراین، بەڵام ئەوانی دی لەنێوان (9) مانگ و هەتاهەتایی حوکمدران. کەواتە ئێمە لەسەر چ مەسەلەیەك گیراین ؟.

لەکاتی زار وەرگرتنمدا بۆم ئاشکرا بو کە ئیستخباراتی عراق پێی وابو ئەو بەزم و رەزمی خواردنەوە و گۆرانی وتن و چەنەبازی و نوکتە گێرانەوەیە لەراستیدا کۆبونەوەی نهێنی حزبێکی نوێ بوە لەدژی حکومەت، بۆیە یەکەم پرسیار کە لێکۆڵەر لەمن و عەلی کرد : " چۆن کۆبونەوەکانتان رێکدەخست ؟ " وقسەی لەسەر کۆبونەوە نهێنیەکانی رێکخراوێکی نهێنی وەهمی دەکرد. کێشەکەیان لەسەر بەرزترین ئاستدا بەئەمنی دەوڵەتەوە گرێ دابو، بۆیە رەوانەی هۆبەی شازدەی ئیستخباراتی سەربازی کرا. لەکۆتایی لێپێچینەوەکاندا بۆیان دەرکەوت کەپەیوەندی بەحزبایەتیەوە نیە لەبەرئەوەش تەنها چوارکەسیان لەسێدارەدا وپێنج کەسیشیان ئازاد کرد.

لەعراق وشە بەکوشتت دەدا و ئێمەش تەنها وشە نەك کردار بەو دەردەی بردین. ژنێك دەناسم داوای جیابونەوەی لەمێردەکەی دەکرد، بەڵام مێردە گەمژەکەی تەڵاقی نەدەدا تا بەدزییەوە دەنگی تۆمارکردبو کەجنێوی بەسەدام دەدا، ئیتر مێردەکەیان لەسێدارەدا و ئەویش سەروەت و سامانەکەی بەمیراتی بۆ مایەوە. ئێستاش لە ئەلئەعزەمییە دراوسێمانە. ئەوەیە هێزی وشە. لەلایەکی دی، گریمان زۆرم خواردەوە ولەجیاتی ئەوەی نوکتە لەسەر شەڕی عراق - ئێران بڵێم لەرێگەی ماڵەوە لەزەلامێکم دا و کوشتم. ئەمەیان مەسەلەیەکی گرنگ نیە. بەهەڵە لێم تێنەگەن چونکە شۆفێری سەرخۆش لەعراقیش وەك هەرجێگەیەکی دی جهان دەستگیر دەکرێت، بەڵام لەدوای چەند پەیوەندییەکی پێویست بەکەفالەت ئازاد دەکرێ و دواتر بەئامادەگی پارێزەرێك کەخۆیان دەست نیشانی دەکەن دادگاییەکی ئاسایی دەکرێ. وەك هەر شوێنێکی دی دونیا بەهۆی پارێزەرێکی لێهاتوی بەتوانا و کەمێك چانس و چەند پەیوەندییەك مرۆڤ لەسزا رزگاری دەبێت، بەڵام وشە کارێکی بەتەواوەتی جیاوازە. لەعراق وشە بەجۆرێك دەتوانێت لەسەر پشتی ئەسپێك بتگلێنێت کەهیچ شتێکی دی بەو شێوەیە ناتپێکێت.

بەتەواوەتی نازانم حوسەین چی وتبو، بەڵام دەزانم هەمو شتێکی لەسەر دانیشتنەکانمان بۆ گێرابونەوە، بۆیە دڵنیام گێرانەوەی نوکتەیەکی ئەو دانیشتنانەی عەلی سازیدەکرد زۆر تورەی کردبون، حوسەین نوکتەکەی گێرابووە، هەرچەندە هیچ کاسێتێکی تۆمارکراو یا بەڵگەیەکی دیبان لەسەر نوکتەکەنەبو : دێرێکی ئەو گۆرانیەم بەحاڵ لەیادماوە. پێش بەربونم بەماوەیەکی کورت و بەئامادەبونی ئەفسەرێکی بەرپرسی کەشخە کەپێشتر نەمدیبو. ئەو دێرەم لەفایلەکەی خۆم بینی کەزۆربەجوانی لەبەین دوو کەوانەدا خەتی بەژێرا کێشرابو. نازانم کێ گۆرانیەکەی داناوە، بەڵام گۆرانیەکە لەسەر شارۆچکەی فاو دانرابو، ئەو شارەی ئێرانیەکان لەدوای ئەوەی زیانێکی گیانی زۆریان لێکەوت، داگیریان کرد و تیایە مانەوە. سەرەرای ئەوەی فاو موشەك باران دەکرا، کەچی ئێرانیەکان لەشوێنی خۆیان مانەوە تا کیمیاباران کران، بەوەش کۆتایی بەداگیرکردنی فاو هات، ئیتر بەرادەیەك شانازیان بەداگیرکردنی فاوەوە دەکرد، لەدەروازەی شارە وێرانەکە تابلۆیەکیان هەڵواسیبو لەسەری نوسرابو : "ئەم سەرزەمینە (53) هەزار عراقی لەسەر شەهید بوە". لەکاتی دەستگیرکردنمان شارۆچکەی فاو گەورەترین کێشەی عراق بو.

ئەو دێرەی گۆرانیەکە مانای ئەوەی دەگەیاند کە فاو هەرگیز بۆ عراق ناگەرێتەوە، ئەو دێرە لێکۆڵەری زۆر دەهەژاند و جار لەدوای جاریش زیاتر تورەی دەکرد. بەردەوام دووبارەم دەکردەوە کە فاو نەك هەر دەگەرێتەوە بۆ عراق، بەڵکو پێویستە بگەرێتەوە بۆ عراق، چونکە بەشێکی جیانەکراوەیە لەعراق ... هتد. بەهەرحاڵ ئەوانە مەسەلەیەکی لاوەکی بون، لەبەرئەوەی لەئەنجامدا فاو گەرایەوە بۆ عراق. بەتەواوەتی گۆرانیەکەم لەیادنەماوە، چونکە کاتێك ئەو گۆرانیەمان دانا زۆر مەست بوین، بەڵام ئەو دێرەی لەدۆسیەکەم خەتی بەژێردا کێشرابو بریتی بو لە :"فاو لەدەست چو، لەقنگم دەگەرێتەوە ـ راحت الفاو، من طیزی ترجع".

**4 ـ مستەفا**

**دروستکردنی پەیکەر**

عەبدوڵا عەبدولقادر عەسکەری (عبدالله عبدالقادر العسکری ) و باوکە پیرەکەی لەگەڵ مستەفا عەسکەری ئامۆزای عەبدوڵا لەسلیمانی دەژین. لەتشرینی دوەمی / 1991 لەکاتی سەردانەکەم بۆ کوردستان، لەماڵی مستەفا چاوم پێیان کەوت و بەسەرهاتی ئەویش لە بەسەرهاتەشاراوەو نهێنیەکەی عومەر دەچێت. ئەگەر لەدوای شەری کاولکارانەی کەنداو،

ڕاپەڕینی ئازاری 1991 هەڵنەگیرسایە، ئەوا نەمدەتوانی گەشتەکەم بکەم. چونکە ڕاپەڕین ئەو نهێنیانەی ئاشکرا کرد کەماوەی 23 ساڵ لەعراق پەردەپۆش دەکرا. ئەمە لەکاتێکدا بەدرێژایی ساڵانی حوکمرانی بەعس یەکەمجارم بو سەردانی زێدی خۆم بکەم. ئێستا عەبدوڵا بەهۆی کیمیابارانی گۆپتەپەوە لەسلێمانی دەژی، عەبدوڵا کیمیابارانی گوندەکەی بەچاوی خۆی دیوە[1].

ئێوارەی ڕۆژی 3 / ئازار / 1988، بارودۆخی گوندی گۆپتەپە نائاسایی بو، چونکە هەواڵمان پێگەیشتبو ڕیژیم خۆی بۆ کیمیاباران ئامادە دەکات، بەڵام وەختەکەمان نەدەزانی. هەستم دەکرد مانۆڕێکی سەربازی نائاساییە. پاش نیوەڕۆیەکی درەنگ من و زاواکەم و دوو هاوڕێی مامۆستای خۆم لەکێڵگەکەی خۆمانەوە کەدەکەوتە دەشتاییەوە بەرەو بەرزترین جێگەی گوندەکەمان کەوتینەڕێ لەبەرئەوەی دەمانویست بزانین چ ڕوودەدا.

دوو فڕۆکەی دیدەوان (استکشاف) بەسەر ئاسمانی ناوچەکەدا دەسوڕانەوە، ئنجا دەستیان بەهاویشتنی بۆمبی دووکەڵ کرد بۆ ئەوەی ئاراستەی (با) بزانن، دوابەدوای ئەوەش پۆلێک فڕۆکە گەیشتنە ئاسمانی ناوچەکە و تاهەژدە فڕۆکەمان ژمارد. فڕۆکەکان بون بەسێ بەشەوە، یەکێکیان بۆ گوندی گۆپتەپە، دوەمیان بۆ گوندی عەسکەری نزیکمان و سێیەمیان بەرەو ئەو شوێنەی پێشمەرگەی تیابو. ئەو فڕۆکانەی گۆپتەپەیان بۆردومان کرد هەشت فڕۆکەبون. فڕۆکەکان دووجار بەسەر گۆپتەپەدا سوڕانەوە و جاری سێیەم بۆردومانیان کرد.

دەنگی تەقینەوەکان گەورەنەبون، ئەوەش وایلێکردم بەبۆردومانی کیمیایی دابنێم. کاتێک سەرمان بەرزکردەوە دووکەڵێکی لی و خۆڵەکەوەیی بەرەو ئاسمان بەرزدەبووە، ئیتر منیش وەك دەرمانەوانێك (صیدلانی) زانیم بۆردومانی کیمیاییە.

سەرەرای ئەوەی (با) گازەکەی بۆ ئەوبەرمان دەبرد، بەڵام هەربۆ بەرزترین شوێن سەردەکەوتین. لەسەرەوە هاوارم لەخەڵکەکەی خوارەوە دەکرد : " ئەمە گازی کیمیاییە، خۆتان ڕزگار بکەن ! بچنە سەرگردەکە، وەرن بۆ ئێرە ! "، زۆربەی خەڵکەکە هاتن بۆ لامان و ڕزگاریان بو، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا گەلێکی دی لەشوێنی بۆردومانەکە مانەوە.

لەسەر ئەوەی دەبێ چی بکەین بیروڕامان گۆڕییەوە. من پێم وابو دەبێ 10 ـ 15 خولەك چاوەڕوانی بکەین، ئنجا دابەزینە خوارەوە، چونکە ئەگەر ئێمەش یەکسەر دابەزینە خوارەوە ڕەنگە ڕوبەڕوی مەترسی ببینەوە و نەتوانین یارمەتیان بدەین، بەڵام برادەرەکانم گوێیان لێنەگرتم. بەمشێوەیە خۆمان گەیاندە پشتی گوند لەبەرئەوەی گازی ژەهراوی نەیگرتبووە، بۆیە خەڵکێکی زۆر ئاپورەیان بەستبو. هێندێکیان زۆر دڕدونگ بون. یەکێکیان بەروما هەڵشاخا :" هەمو کەسوکارەکەت کوژران و هەموشتێکت لەدەستدا،ماڵەکەتان بۆردومان کرا ". بەقسەکانی

ترسـام و پەشـۆکام. دەمویـست بگەڕیمـەوە، بـەڵام هێـشتا زووبـو لەبەرئـەوەی تـەنها سێ خولـەك بەسەر ئەو ماوەیەدا تێپەڕیبو کەلەمێشکی خۆمدا دیاریم کردبو، سەرەرای ئەوەش من و زاواکەم و دیار و فایەق بەرەو ماڵی خۆمان کەوتینەرێ.

پێش ئەوەی بەرێکەوین پێم وتن بۆ ئەوەی کاریگەری گازی کیمیـایی لەسـەرتان کەمبێتـەوە پێویستە پشتوێن یا جامانەکانتان تەڕبکەن و بیدەن بەسەر دەموچاوتاندا. زاواکەم تاقمی لەسـەر پشتیوێنەکەی بەستبو بۆیە نەیدەتوانی بیکاتەوە، لەبەر ئەوە داوام لێکرد لەجیاتی پـشتوێنەکەی جامانەکەی بەکاربهێنێ، بەڵام قبوڵی نەکرد و تەنها کەمێك ئـاوی کـرد بەدەموچـاویدا و دیـاریش بەتـەواوەتی خـۆی ئامادەنـەکردبو، چـونکە زۆر بێـزار بـو، تەنانـەت دەسەسـرێکی تەرپـشی نـەدا بەسەر دەموچاویدا. ئنجا بەرەو روبارەکەی گوندەکەمان رۆیشتین. جارێکی دی بەفایـەقم وت : " پـشتوێنەکەت تـەڕ بکـە ! ". بـەڵام خـۆم پـشتوێنەکەم لەروبارەکـە هەڵکێـشا و دام بەسـەر دەموچاومدا و بەرەو ماڵەوە کەوتمەرێ و ئەوانی تریش بۆ ماڵەکانی خۆیان رۆیشتن.

دیـارو فایـەق لـەجیاتی ئـەوەی شانبەشـانی روبارەکـە بـڕۆن، بەناوکێڵگەیـەکی فاسـوڵیا دەرۆیـشتن، بۆیـە لـەکاتی رۆیـشتندا ژەهـری گـەڵاکان چـوبو بەسـەر دەموچـاویاندا ئـیتر هاواریـان لێبەرزبووە، بەڵام لەبەرئەوەی لێیانەوە دوربوم و زۆریش پەشۆکابوم و هیچم بۆنـەدەکرا. فایـەق هاواریدەکرد : " عەبدوڵا فریـام بکـەوە، خەریکـە دەمـرم !" ئنجـا کـەبینیم پـشتوێنەکەی لەسـەر کەمـەری بەسـتوە بەتوڕەییـەوە هـاوارم لێـی کـرد : "پـێم وتـی پـشتوێنەکەت بـدە بەسـەر دەموچاوتا". پشتوێنەکەی دا بەسەر دەموچاویا بەڵام لەپاش چی.

هەر ئەوەندەم لەدەست هات بەقاچ راکێشان لەشوێنە ئالودەکە دەریانبهێنم. لەرێگە منـاڵێکی 8 – 9 سـاڵانەمان بـینی بەراکـشاوی لەسـەرعەرزەکە هەڵـدەرزی. مناڵەکـە پێـی وتم : " کـاك عەبدوڵا چیم لێدەکەیت ! "، داوام لەفایـەق کـرد لـەکاتی راکێشانیدا هـەردوو قاچـی مناڵەکەشـم بەجوانی بۆ بگرێت. وەك شەمەندەفەر دەرۆیشتین تا گەیـشتینە کانیـاوێکی بـچوك و دەموچـاوی خۆمان و مناڵەکەمان شۆرد. مناڵەکەمان کەمێك بەرزکردەوە، بەڵام لەبەرئەوەی هێزی تیانـەمابو کەوتەوەبەسەر عەرزەکەدا. لەو کاتەدا بۆم نەدەکرا بـزانم رزگـاری بـوە یـا نـا، بـەڵام دواتـر زانـیم رزگاری بوە، چونکە رۆژی پاشتر جاشەکان مناڵەکە و چەند کەسێکی دییان رزگارکردبو.

فایەقم دورخستەوە و دووشرینقەم لێدا ( لەدوای قەتلوعامەکەی هەڵەبجە لـەئازاری 1988 چەند شرینقەیەکم شاردبووە )، چونکە دەمزانی کاریگەری زۆرە لەسەر ئەو گازەی کارلەمێشك و کۆئەندامی دەمار دەکات. فایەق هاواریـدەکرد :" وازم لێبهێنـە وبەجێمبهێڵـە "، بەئاشـکرا دیـاربو

گازەکە کاری لەئەنـدامی دەمـاری کردبـو. پـێم وابـو ئـەو گـازەی لەگۆپتەپـە بـەکارهێنرا گـازێکی ئاسایی نەبو، بەڵکو ئاوێتەی چـەند گازێـك بـو لەبەرئـەوەی کـاری لەماسـولکەکان دەکـرد و گـرژی دەکرد، بۆیە لەماوەی دوو خولەکدا مرۆڤی دەکوشت. لەدوای ئـەو دوو شـرینقەیە فایـەقم خـستە ئۆتۆمۆبیلێکەوە و تەسلیم بەبرادەرانی خۆم کرد و خۆشم بەرەو ماڵەوە کەوتمەرێ.

لـەپێش رۆژئـاوابون بـە(20) خولـەك بەرەوماڵـەوە رامکـرد، کاتێـك گەیـشتمە ماڵـەوە دونیـا بەتەواوەتی تاریك ببو، بەڵام لایتێکی بچوکم دۆزییەوە، سـەرەتا بـۆ ئـەوەی تـوش نـەبم دەمـامکم بەست، ئنجا بەرەو ئەو پەناگەیە رۆیـشتم کـەبۆ رۆژێکـی لـەوجۆرە دروسـتم کردبـو لەبەرئـەوەی ژنەکەیشم دەیزانی لەکاتی هێرشی کیمیایدا خۆیان لەوێ حەشاربدەن، بـەڵام کەسـی لێنـەبو. زۆر ترسام چونکە گەیشتمە ئەو باوەڕەی کەسیان نەماون، پاشـان بـەرەو ئەشـکەوتەکەی نزیکـی مـاڵی خۆمان رۆیشتم بەو ئومێدەی لەوێ بیاندۆزمـەوە، بـەڵام ئەشکەوتەکەش کەسـی تیانـەبو، کاتێـك بـەرەو جۆگەبـچوکەکەی نزیـك مـاڵی خۆمـان رۆیـشتم دایکـم لـەنزیك جۆگەلەکـەبینی دەمـی لەقوڕولیتەی جۆگەلەکە چەقیبو.

هـەمو ئەنـدامانی خێزانەکـەم بـەرەو روبارەکـە رایـانکردبو لەبەرئـەوەی پـێم وتبـون ئـاو لەچـەکی کیمیـایی دەیانپارێزێت، کەچـی ژمارەیـەکیان پـێش ئـەوەی بگـەن بەروبارەکە لـەهۆش خۆیان چوبون و کەوتبونە ئاوەکەوە و زۆربەیان خنکابون. دایکم بەمردوێتی خـستە سەرپـشت و حەزم دەکرد تێرتێر ماچی بکەم، بەڵام دەمزانی منیش توشدەبم، بۆیە تـاکو ئێـستاش پەشـیمانم لەوەی دایکە خۆشەویستەکەم ماچنەکردوە.

هەربـەلای ئاوەکـەدا دەرۆیـشتم تـەرمی کـچە تەمـەن نـۆ سـاڵەکەم بـینی بـەخنکاوی دەسـتی لەملی ئامۆزاکەی کردبو، هەروەها تـەرمی برازاکـەم و دایکیـم بـینی، بـەردەوام دەرۆیـشتم ژنێکـی دیم بینی منداڵێك لەژێریدا نوزەی دەهات، ژنەکەم هەڵگێڕایەوە و منداڵەکەم دەرهێنا کەخەریك بـو دەخنکا. منداڵەکەم بردە ژورەوە و جلەکانیم گۆڕی.

لەروبەری 200 ـ 300 م2 چواردەوری ماڵەکەم بـەدەیان کەسـوکاری خـۆم بـینی، منـاڵ و براو دایك و کوروکچی براکانم لەنێوانیان بون. هێندێکیان هەناسەیان تیامابو، بەڵام نەمـدەتوانی لەیەکتریان جیابکەمەوە. هەوڵمدەدا بـزانم منداڵـەکان هێـشتا زینـدون. لەوکاتـەدا هەسـتم نـەمابو. نەمدەزانی بۆکێ بگریم، بچم بەلای کامیانەوە. لەو شەوەدا تەنها باڵ بوم.

یـەکێك لـەبراکانم سـەری بـەلای کەندرێکدا شـۆڕبووە و ژنەنیوەمردوەکـشم لەتەنیـشتییەوە کەوتبو. براگەورەکـەم لەوبەریانـەوە بـو. هەردووکچەکەم، یـەکێکیان تەمـەنی (6) سـاڵ و ئـەوی

دییان منـاڵێکی تەمـەن (4) سـاڵ بـو بـەمردوێتی لەتەنیـشت ژنەکەمـەوە کـەوتبون. هەوڵمـدەدا بیانجوڵێنم، بەڵام هیچ پەرچەکردارێکیان نەبو، ئیتر تێگەیشتم گیانیان لەدەست داوە.

سەری براو ژنەکەم بەلایەکدا کەوتبونو خوێن و رشانەوە لـەدەم و لوتیـان دەهاتـە دەرەوە و بـەحاڵ نوزەیـان دەهـات. نەمـدەتوانی هیـچیان بـۆ بکـەم. دەم و لوتیـانم پـاککردەوە و بەهـەمو شـێوازێك هەوڵمـدەدا هەناسـەیان بـۆ بگێرمـەوە. هەناسـەی دەسـتکردم بـۆ کـردن و یـەکی دوو شرینقەشم لێدان و ئنجا بەمەڵحەم چەورم کردن. هەستم دەکرد ئیتر نامرن

جاران ژمارەی خێزانەکەم (40) کەس دەبون، بەڵام ئێستا تـەنها (15) کـەس لـەو خێزانـە گەورەیە ماوەتەوە، (25) کەسیان بەزیندوێتی کوشت کەپێنج کەسیان مناڵی خۆم بون، دوو کور بەناوی توانا عەبدوڵا عەبدولقادر، تەمەن (16) ساڵ و تیشکۆ عەبدوڵا عەبدولقادر تەمـەن (6) ساڵ وسیانیشیان کچ بون، تابان کچە گەورەم بو تەمەنی (9) سـاڵ بـو، تەنکـە تەمـەنی (4) سـاڵ بو، شۆخان تەمەنی (6) مانگ بو. ئەمانە خێزانی خۆم بون، بەڵام لەخێزانە گەورەکەم ؛ عایـشە عەبدولکەریکمی دایکم و ئامۆزاکەم کەبراژنیشم بو، هەر دوو ژنی براکەم عەتیە عەبـدولرەحمان و پـەروین سـەید ئەحمـەد و ژنـی مامۆسـتای قوتابخانەکـەمان، هـەمویان ژیانیـان لەدەسـت دا، دەمەوێت بلێم (25) کەس لەخێزانەکەم کوژران.

ئێستا من ئەو شتانەت بۆ دەگێڕمـەوە نـازانم چ بڵێم، هەرچـەندە هێشتا هەسـتم نـەمردوە، بەڵام توانای غەم و خەفـەت و فرمێـسك رشـتنمان نـەماوە، فرەخەفـەتمان خـوارد و فرمێـسکێکی زۆرمان رشت بۆیە هەست بەهیچ ناکەین.

ئێستا عەبدوڵا لەتەمـەنی سییەکانداییە. عەبـدوڵا دەرمانـەوانێکی لیهاتوبو، بـەڵام رۆژگـار ناچاریکردوە لەسلیمانی مامۆستایی بکات. زۆر بەپەرۆشەوە و بەشێوەیەکی تایبەت قسەی لەسـەر کیمیابارانی ئەو رۆژە دەکرد. لەدوای یەکەم کیمیابـارانی گونـدی شـێخ وەسـان لەسـاڵی 1987 و تایبەتی لەدوای کیمیابارانی هەڵەبجە لەنیـسانی / 1988 ( 16 ـ 18 / ئـازار / 1988 ـ و ) لەبواری پسپۆرییەکەی لەسـەر گـازە ژەهراوییـە جیاوازەکـان کەبەشـێك بـو لەپیـشەسازی جـەنگی بـەعس دەسـتی بەلێکۆڵینـەوەی جۆراوجـۆر کـرد. بـەبڕوای عەبـدوڵا ئـەو گـازەی لەگۆپتەپـە بەکارهات، گازێگی ئاسـایی نـەبو، بـەڵکو گـازێکی ئاوێتـە و لەچـەند گـازێکی زۆر نادیـار پێکهاتبو. بۆچی ؟ چونکە جەستەی مناڵە توشـبوەکان شـین هەڵگـەڕابون و ئـەوەش مانـای کاریگـەری گـازی سیانیدە. لەبەر ئەوەی شوێنەواری ئـەو دوکەڵـەی بەهێواشـی لەسـەر گونـد بـەرزدەبووە رەنگێکـی قاوەیی هەبو، ئەم رەنگەش جگە لەژەهر شتێکی دی نیە. عەبدوڵا پێی وابو دەرمانێکی باشی بـۆ

ئـەو گازانــە کۆکردۆتــەوە، بۆیــە لەگۆپتەپــە لەماڵــەوە شــاردبویەوە. لەرێگــەی پەیوەندییــەکانی لەســلیمانی ســەرباری مەڵحــەم و خــوێی بــۆنکردن زیــاد لــە (20) ئــەمپولی دژەژەهــری دەســت کەوتبو. زانیاری پێویستی بەژن و براکانی دابو، بەڵام بێسود بو.

وشەکانی عەبدوڵلا وەك لافاوێکی سەرشێتی تورە شەپۆلیدەدا. کاتێك لەسەر گازی ژەهـراوی و ئەمپولی دژەژەهر قسەیدەکرد بەهیچ شێوەیەك تەماشای نەدەکردم. رستەکانی گەورە و کاڵ و کرچ بون. بەشێوازێکی پچرپـچر و بێـسەروبەر قـسەیدەکرد و بـەدمی قوپـاوەوە وشـەی فرێـدەدا، وەك پەتیارەیەك چاوی لەسبەینێ نەبێت قسەیدەکرد. بۆیە نەمدەتوانی پرسیاری لێبکەم.

کاتێك دەرفەتم بۆ رەخسا چـاوم بـەکوردێکی رزگـابوی دی بکـەوێت بـەناوی تـەیمورەوە [2] ، روبەروی ئـەزمونێکی بەتـەواوەتی جیـاواز بومـەوە. تـەیمور بـەمیهرەبانی و هـێمنی قـسەیدەکرد، وەك ئەوەی شتەکان لەچوارچێوەیەکی ئاسای رویدابێت. تەیمور بەپێچەوانەی عەبـدوڵلاوە خـۆی لەوردەکارییەکان بەدوردەگرت کەپێویست بو لەئەنجامی پرسیارە یەك لەدوای یەکەکانم بۆ ناخی خۆی هەڵرشتایە. قسەیدەکرد چونکە دەبوایە قـسەبکات نـەك لەبەرئـەوەی حـەزی لەقـسەدەکرد. تەیمور دەیویست ئەو یادەوەریانە لەناخیدا بسرێتەوە نەك سەرلەنوێ تیابژێتەوە. ئەو کەسـانەی ئەوجۆرە درندایەتیە تۆقاندونی دەکەونە یەکێك لەو لایەی کەعەبدوڵلا و تەیمور نوێنەرایـەتیان دەکـرد. تالـە ژیانـدا بمێـنم ئـەو دوو شـێوازە جیـاوازەم لەبیرناچـێتەوە کەهـەر یـەکێك لـەو دوو کەسەی لەروداوەکان رزگاریان ببو قسەیان پێیدەکرد.

باوکی عەبدوڵلا ـ ش یەکێك بو لەو کەسانەی لەبۆردومانی گۆپتەپـە رزگـاری ببـو، پیـاوێکی باریکەلەی لاوازی چـاوگەورەبو، پـێش ئـەوەی قـسەبکات دەبوایـە وتـەکانت پێبوتایەتـەوە. کاتێـك عەبدوڵلا لەسەر روداوەکانی ئێوارەی 3 / ئایار / 1988 قـسەی بـۆ نـەدەکرا، ئـیتر بەتـەواوەتی بێدەنگ دەبو، و خۆی دەشاردەوە و بەهێنانی چا و شتی بچوکی ناوماڵەوە  خـۆی سـەرقاڵ دەکـرد یا لەشەرمان بچوك دەبووە و زۆرجاران بەبێ هـیچ هۆیـەکی دیـار و ئاشـکرا تەماشـای عەرزەکـەی دەکـرد، بـەڵام مـستەفا کەسـێك بـو بەخۆیـەوە دەینـازی و بەتەمـەن لەعەبـدوڵلا گـەورەتر بـو، روخسارێکی خڕی پەپوئاسای هـەبو، و بەچـاوێکی سـوك تەماشـای دەکـرد. پێـی وابـو عەبـدوڵلای ئـامۆزای کوردانــە مامەڵــەی لەگــەڵ روداوەکــان نــەکردوەو لــەرابردودا دەژێــت و وەك خزمــەتکار رەفتار دەکات و تەنها کاتێك هەست بـەژیان دەکـات کەلەسـەر روداوەکـانی گۆپتەپـە قـسەدەکات و پاشەرۆژ وسی ساڵ تەمەنی خۆی لەمەینـەتی چـەند کاتـژمێرێك دانـاوە. ئێـستا ژیـانی عەبـدوڵلا رۆشن بۆتەوە. پیاوێکی روخاوە و وەك تێکۆشەرێکی شێلگیری کـورد بـەرگری لەکێـشە مەزنەکـەی میللەتەکەی ناکات، بۆیە مستەفا تەحەمولی باری عەبدوڵلای نەدەکرد.

**مێژوو وەك یادەوەرییەك**

مستەفا بەپێچەوانەی عەبدوڵلا - وە شارەزاییەکی باشی لەمێژوی کورد هەبو. لەگوندی عەسکەر لەدایك بوە و کتێبێکی بەزمانی کوردی لەسەر بزوتنەوەی هەقە داناوە، بزوتنەوەی هەقە قوتابخانەیەکی سۆفیگەرای سەدەی بیستەمە و رەگوریشەی دەگەرێتەوە بۆ تەریقەتی نەقشبەندی، سیمای کوردانەی نەقشبەندی بۆ سەدەکانی رابردو دەگەڕێتەوە [3].

بەپێی کتێبەکەی مستەفا لەبیستەکانی سەدەی بیستەمدا بزوتنەوەی هەقە لەناوچەی سورداش سەریهەڵداوە، و گوندی گۆپتەپە و عەسکەریش دەکەوێتە سنوری سورداشەوە. باپیرەگەورەی مستەفا، شێخ عەبدولکەریم شێخ مستەفای کوڕی مام رەزای عەسکەر، دامەزرێنەری بزوتنەوەی هەقەیە و ئەدیب و زانایەکی گەورەش بوە، هەروەها لەپاڵ زمانی کوردی، تورکی و عەرەبی و فارسیشی بەباشی زانیوە. شێخ عەبدولکەریم لەسەردەمی خۆیدا رەخنەگرێکی بەتوانای دامەزراوە ئاینی و سیاسیەکانی عراق بوە، هەروەها ئەدمۆنز، راوێژکاری وەزارەتی ناوخۆی بریتانیا بەناچاری سەردانی کردوە وبێهودە هەوڵیداوە بیهێنێتە ژێربار یا دەمی چەوربکات یاهەڕەشەی لێکردوە بۆ ئەوەی وازلەرکەبەرایەتی بهێنێ. شێخ عەبدولکەریم کوردێکی عراقی بو، لەناوەراستی یەکەمی سەدەی بیستەمەوە تا گرتنی لەساڵی 1934 و دەست بەسەرکردنی بۆ ماوەی (6) مانگ لەشاری کەرکوکدا، رێبەری بزوتنەوەیەکی دەکرد لەبابەت بزوتنەوەکەی ئیمام خومەینی. شێخ دەیویست بۆ رەگوریشەی شەریعەتی ئیسلام بگەڕێتەوە و دژایەتی پیادەکردنی رووکەشی و سروتی ئیسلامی دەکرد و وشەی بزوتنەوەی هەقە - ش لەوشەی هەق وەرگیراوە. موریدەکانی لەتەکیە چاویان بەیەگتری دەکەوت و چوارمشقی لەسەر عەرز دادەنیشتن و جەزبەدەیگرتن (حاڵیان لێدەهات ) و دەیانوت :"یاهەق، یاهەق، هەق پەرستین و منەی هەق دەکەین، رێگەمان هەقە..".

موریدەکانی شێخ لەدوای مردنی وەك چارەنوسی هەمو پەیرەوانی دی دوبەرەکییان تیکەوت، بەلأم زۆربەیان شوێن مام رەزای برای شێخ کەوتن. مام رەزا چەمکی نیشتمانپەروەری و کۆمەلأیەتی هێنایە نێو رێبازی تەریقەتی سۆفیگەری هەقەوە، لەوانەش بیرۆکەی یەکسانی ژن و پیاو، وبەشداریکردنی موریدەکانی لەدامەزراندنی کۆماری مەهاباد دا لەساڵی 1946، هەرچەندە کۆمار تەمەنێکی کورتی هەبو، بەلأم لەمێژوی رزگاریخوازی کورد بەروداوێکی گرنگ دادەنرێ. هەروەها سەرکردەی ناوداری کورد مەلامستەفای بارزانی بەپێشەنگی سیاسەتمەدارە

کوردەکانی عراق دادەنا و لەرێگەی رەوانەکردنی "براسەیار ـ موریدەکان" بۆ گوندەکان، ئەوانەی لەناو ئەهلی هەقە بەو ناوە ناسرابون، و لەشوێنەکانی دی بە "موخلیس" ناسرابون لایەنگریان بۆ مەلا مستەفا پەیدا دەکرد. گوندنشینە کوردەکان باوەریان وابو ئەهلی هەقە خەڵکانێکی بێئیمانن، چونکە نوێژ و رۆژوناگرن، بەلاّم مستەفا کە رێزێکی زۆری لێدەگرتن، ئەوقسانەی رەتدەکردەوە لەبەرئەوەی پێی وابو ئەوانە بەئیمانێکی دی باوەریان بەخودا و پێغەمبەر هەیە. کتێبەکەی مستەفاش بریتیە لەگرنگی رۆڵی بنەماڵەی عەسکەر لەمێژوی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردا.

ناوی ئەم بنەماڵەیە لەناوی گوندی " عەسکەری " باوباپیرانیان وەرگیراوە. سێ کەسایەتی ناسراو و ناودار لەمێژوی نوێی عراقدا لەم گوندە لەدایك بون. مستەفا ئەم حیکایەتەی لەسەر جەعفەر گێرایەوە کەساڵی 1921 سوپای عراقی دامەزراندوە:

" باوکم بۆی گێڕامەوە لەساڵی 1934 یا 1935 دا جەعفەر عەسکەری سەردانی عەسکەری کردوە و پێی وتوە :" دەمەوێت خزمەتی خۆت و ئەم گوندە بکەم "، باوکم وەلاّمی داوەتەوە : "خودای گەورە لەگەڵماندا میهرەبانە، پێویستیمان بەهیچ نیە "، بەلاّم جەعفەر سوربوە لەسەر رای خۆی : " دەمەوێت شتێك بۆ گوندەکەم بکەم"، ئیتر باوکم پێی دەڵێت :"زۆر باشە، قوتابخانەیەکمان بۆ دروست بکە"، بەمشێوەیە جەعفەر یەکەم قوتابخانەی سەرەتای لەهۆڵێکی گەورە و ژورێکی بچوك بۆ مامۆستا و حەوشەیەکی بچوك دروستکردوە، بەو جۆرە عەسکەر یەکەم قوتابخانەی تیادروستکراوە.

هەروەها عەسکەر زێدی بەکر سدقی ئامۆزای جەعفەریشە کەساڵی 1933 فەرماندەیی قەتلوعامی ئاشوریەکانی کرد. سدقی بەو کارەی بوە وڵاتپارێزی عراق. سەرکەوتنی سدقی لەقەتلوعامکردنی ئاشوریەکانی شارۆچکەی سمێڵ، هانیدا لەساڵی 1936 ئامۆزا ناودارەکەی خۆی بکوژێت، بەوەش یەکەم کەس بو لەنیشتمانی عەرەبدا کودەتای بەرپاکرد. سدقی پێش ئەوەی بکوژرێت ماوەی نۆ مانگ بەفیعلی حوکمی کرد.

بەهاوەڵێتی مستەفا و شالاّوی برازای سەردانی گوندی گۆپتەپە و عەسکەرم کرد. شالاّو گەنجێکی باریکەلەی قژزی تەمەن بیست ساڵان و روخسارێکی وردی تورەی هەیە و لووتی لەدەنوکی هەڵۆ دەچێت و کتومت لەعەلی عەسکەری شۆخ و قارەمانی باوکی دەچێت. مستەفا وێنەیەکی عەلی عەسکەری لەماڵەوە هەڵواسی بو، هەروەها وێنەیەکشی لەسەر دیوارێکی چیمەنتۆی گەورەی 4 پێ پان و 6 پێ درێژ لەجادەیەکی سەرەکی سلێمانی هەڵواسراوە کەپێشتر وێنەی سەدام حوسەینی لەسەر بو. عەلی عەسکەری کورەزای مام رەزا کەلەپاش مردنی شێخ

عەبدولکەریم بوە رێبـەری بزوتنـەوەی هەقـە وەك بـاپیرەی سۆفی نـەبو، بـەڵکو بەشـێوەیەکی دی سەرکردەبو، بۆیە پێش ئەوەی لەشەڕی ناوخۆی کوردان لەساڵی 1977 (1979 ـ و) بکوژرێت تێکۆشەرێکی ماندو نەناسی ئەوتۆ بو کەبەدەیان ئەفسانەی لەسەر هەیە، لەبەر ئەوە خێزانەکەی وەك هەنگاوێکی خۆپـارێزی شاڵاویان رەوانـەی سـوید کـرد و چـەند سـاڵێك لـەوێ مایـەوە، بـەڵام لەدوای دەست پێکردنی گفتوگۆی نێوان حکومەت و کورد لەئایاری / 1991 گەڕایەوە.

بەکاروانێکی ئۆتۆمـۆبیلی تویوتیـای لانـدکرۆزەر و بـەیاوەری ژمارەیـەکی زۆری پێـشمەرگەی پڕچەك لەجۆری ئارپی جی و کلاشـینکۆف و چـەکی ئۆتۆمـاتیکی کـەپێم وابـو پێـشی بـەتیپێکی سوپای عراق دەگرت، سـەردانی عەسـکەرم کـرد. بـەڵام ئـەو هـەمو پاسـەوانە بۆچـی ؟ شـاڵاو بـۆی رونکردمـەوە بـۆ ئـەوەی رێگـە نـەدەن دوبـەرەکی کـۆن دوبارەبێتـەوە. ئـەو پاسـەوانانە شـاڵاویان دەپاراسـت، چـونکە رەنگـە دەسـتێك بیـەوێت لەرێگـەی کوشـتنی کورەکـەی عـەلی عەسـکەرییەوە ئاگری دوبەرەکی لـەنێوان رێکخـراوە سیاسـیەکان هەڵایـسێنێ، بۆیـە شـاڵاو بەسـوپایەکی بـچوکەوە هاتوچۆی دەکرد بۆ ئەوەی رێگە لەو دەستە بگرێت.

مستەفا ئاماژەی بەگۆرستانەکانی سەر گردەکانی چواردەوری عەسکەر دەکـرد. شـوێنەکە زۆر کۆن بو، مێژوی بـۆ ئـەو رۆژگـارە دێرینانـە دەگەڕایـەوە کـە گونـدی عەسـکەر نێوەنـدێکی گرنگـی بازرگـانی نێـوان بەغـدا و ئێـران بـو، مزگەوتـە ناودارەکەیـشی گـەلێك مامۆسـتای ئـاینی نـاوداری پێگەیاندوە، هەروەها عەسکەر پێشکەوتنێکی نائاسایی بەخۆیەوە دیوە. لەپاڵ ئـەو قوتابخانەیـەی کەجەعفـەر دروسـتیکردبو ژمارەیـەك فرۆشـگەی جۆراوجـۆر و دارتـاش و ئاسـنگەر و چـەند پیشەیەکی دی تیابو. روبەرێکی گەورەی زەویوزاری گوند بۆ چاندنی شێلم و زیزانـە (داروجـان) تەرخان کرابو.

گوندی عەسکەر ناوی بەخۆیەوە بو، چونکە وێنەیەکی کتومتی ناوەکەی بو. رەنگە ناوەکـەی وەك رێزلێنانێـك بـۆ نـەریتی عەسـکەری هەڵبـژێرابێت، بـەڵام لەهـەمو حاڵەتێکـدا گرنگـی خـۆی لەدەسـت دابـو لەبەرئـەوەی عەسـکەر بـەمانای وشـە بـوونی نـەمابو، تـەنها ناوێـك بـو هیـچی دی، کەچـی لەگـەڵ ئەوەشـدا هێـشتا شـوێنەواری رێگـەوبان و رێـرەو و دیـوارە خواروخێـچەکانی پێوەدیاربو کەسەردەمانێك ژوری مرۆڤگەلێك بو، لەناویاندا دەیانخوارد و کارو نوێژو یارییـان تیـا دەکرد. ئێستا عەسکەر کەلاوەیەکی تەواوە : لەدوو سـەد مـاڵ تـەنها بنتەمـەڵ و دیـواری روخـاوی ماوە، چونکە بەعسیەکان شت بۆ رێکەوت بەجێ ناهێڵن.

لـەنێو گردەکـانی عەسـکەر و نزیـك ئـەو روبـارەی پـێش سـێ سـاڵ ژیـواری خـەڵکانێك بـوە، ژیانیان بەباشی تیارێك خستبو مریشك و برنجێکی بەتاممان خوارد.

## رۆڵی جاش

مـستەفا قـسەی لەسـەر عەسـکەر و بۆردومانەکـەی 3 / ئایـار / 1988 دەکـرد، خـەڵکی لەترسی ئـەو بۆردومانـەی چەکی تەقلیـدی تیابەکارنـەدەهێنرا رایانـدەکرد و ماڵومـوڵك و هـەمو شـتێکیان بـەجێ دەهێـشت و روویـان لـە بنـاری چیا نزیکـەکان و دارسـتانەکان دەکـرد. کەسـێکم نـەبینی بەتایبـەتی خـەڵکی عەسـکەر کەسـێکی نزیکـی خـۆی لەدەسـت نـەدابێت. لەلایـەکی دی، لەیەکـەم بۆردومـانی گونـدی گۆپتەپـە (150) کـەس گیانیـان لەدەسـتدا. ئـەوەش بـۆ خـەڵکی ناوچەکەی سەڵماند کەچەکی کیمیایی بەشێوەیەکی باشتر لەگەڵ ئامانجەکانی بەعس دەگونجێت.

لەکۆتاییدا جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوان خەڵکی راکردو ورانەکردو نەمایەوە، چونکە سوپای عراق چوار دەوری راکردوەکانیشی گرت. سوپای عـراق لـەرۆژی 1 / ئایـار/ 1988 دا لەناوچـە ستراتیجیەکان مۆڵیان خوارد و ئەوناوچانەشیان داگیرکرد کەدەیروانی بەسەر عەسکەرو گۆپتەپـە و چەند گوندێکی دی پێدەشتەکان، ئنجا بەسەرپەرشـتی ئەوانـەی حکومـەتی عـراق پێـی دەوتـن راوێژکارە کوردەکان[4] جاشەکانیان رەوانەی ناوچەکە کرد. ئەو یەکانەیان لەشوێنە بەرزەکانـەوە بۆ هێور کردنەوەی گوندنـشینەکان و گـەمارۆدانی راکردوەکـان رەوانـە کـرد، پاشـان بـۆ ئـەو قـەڵا گەورەنـەیان بـردن کەلەماوەی شەڕی عراق ـ ئێران لەسەر شێوازی قەڵای سـەدەکانی ناوەراسـت بـۆ داڵدەدانی 10 ـ 15 هـەزار سـەرباز دروسـتکرابون [5]. هێنـدێك لەگوندنـشینەکان بـەپیادەرەوی خۆیان گەیانـدە ئێـران (وەك چـۆن لـەدوای سـەرکوتکردنی راپـەڕینی ئـازاری 1991 بـەملیونان کەسی مستەفا ئاسا سەرلەنوێ رەویانکردەوە)، بـەڵام ئـەمجارەیان زۆربـەیان نـەیانتوانی رەوبکـەن، چونکە ئەو دەمە حزبی بەعس زۆر بەتوانا بو.

لـەرۆژی کیمیابارانەکـە مـستەفا لـەوێ نـەبو، بـەڵام رۆژی دواتـر بـەهاوکاری ئـەو جاشـانەی حکومەتی عراق بـۆ گـەمارۆدانی گونـد نـشینەکان بەکاریـدەهێنان گەیـشتە گۆپتەپـە و عەسـکەر، هەرچـەندە جاشـەکان فرمانیـشیان پێـدرابو رێگـە بەخـەڵکانی وەك مـستەفا نـەدەن بـچنە ناوچەکەوە. مستەفا بەمشێوەیە روداوەکان وەسفدەکات:

" لەراستیدا بەبێ هاوکاری جاشەکان هەرگیز نەمدەتوانی بگەم بەگوندەکەم. لەسلێمانیەوە تـا ناوگونـد هاوەڵیـان دەکـردم، چـونکە بەربەسـتەکانی سـوپا رێگـەیان نـەدەدا کـەس بـچێتە ناوچەکەوە، بۆیە کاتێك گەیشتمە ناوچەکە پێم خۆش نـەبو قـسەیان لەتەکدا بکـەم (جاشـەکان)

لەبەرئـەوەی هەڵوێستیان زۆر ئاشکرابو. بـەڵام یاوەرییـان دەکـردم. پێکـەوە گۆپتەپـەمان بـینی ؛ نزیکـەی 150 کـەس بەچـەکی کیمیـایی کوژرابـون و بـەبێ گلکـۆ یـا هـیچ شـتێکی دی لـەوجۆرە لەتەنیـشت پاشـەرۆکەکانەوە کـەمێك خـاك و خۆڵیـان کردبـو بەسـەریاندا بـۆ ئـەوەی بۆگـەنیان بڵاونەبێتەوە، بۆیە کاتێك جاشـەکان ئـەو دیمەنـەیان بـینی دەسـتیان کـرد بـەگریان و نـەفرەتیان لەخۆیان دەکرد.

مانگی رەمـەزان بـو. جاشـەکان ژمارەیـەکیان بـەجۆرێك هاتبونـە جـۆش کـەدەیانوت: " ئـیتر نوێـژ و رۆژونـاگرین، چـونکە خوداوەنـد رێگەیـداوە ئـەم کارەسـاتە بەسـەر میللـەت و کەسـوکارو نەتەوەکەماندا بێت". لەکاتی هـەڵگرتنی تەرمەکانـدا دەگریـان. تەرمـەکانمان خـستە چاڵێکەوە و بەداروپـــەرۆکۆنی ئـــەو نـــاوە دامانپۆشـــین لەبەرئـــەوەی نەمانـــدەتوانی بـــۆ ناوگونـــد بیانگوێزینـەوە.جاشـەکان و هێـزی بـەرگری نیـشتمانی (حکومـەت بـەو جاشـانەی دەوت بـەرگری نیشتمانی، بەڵام لەناوخەڵکی کوردستان بەخەفیفە ناسراون ) شتە بەنرخەکانیان بەتاڵان بردبو. جاشەکان پەلاماری گوندەکانیان نەدەدا، بەڵام بەدڵنیاییەوە لەگـەڵ سـوپا یـەك بـیجم بـون. سـوپا ناوچەکەی کۆنترۆڵ کردبو، جاشەکانیش لەدوولاوە بـەدووری دەیـان کیلۆمـەتر هاوکـاری سـوپایان دەکرد بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی ناوچەکە بکات".

لەپاڵ کردەوەکانی بەعس بۆسەر گوندەکانی وەك عەسکەر و گۆپتەپە ئـەوا رۆڵـی جاشـەکان زیـاتر هەڵـچون و شـپرزەیی پێوەدیـار بـو تاچارەسـەرکردنی کێـشەکانی کوردسـتانی عـراق. ئـەو دەرەبەگـە دەوڵەمەنـد و سـەرەك خێڵـەی پێـشتر چـاوپێکەوتنم لەگـەڵ کـرد (لەبەشـی دوەم ) ولەکاتی راپەڕیندا لەدژی کەسوکارەکەی هاوکاری ریژیمی دەکـرد، گـەلێك هـۆی بـەجێی هـەبو بـۆ ئەوەی پاساوی کردەوەکانی پێبداتەوە. ئەو دەرەبەگە بەمشێوەیە قسەی لەگەڵ نیل کۆنان کـردوە : " بەشداریم لەپرۆسەی ئەنفالی 8 / ئاب / 1988 کردوە "، هەروەها دەڵێت : " 12 هـەزار کەسیان لەئۆردوگایەکی سـەربازی شـاری موسـڵ بـەدیل گرتبـو، ئەوانـەی تەمـەنیان لـە 18 سـاڵ بـەرەو ژوورتـر بـو بـۆ شـوێنێکی نادیـار گوێزرانـەوە. برادەرێکـی خۆشەویـستم پێـی راگەیانـدم ناچاریان کردون خەنەك لێبـدەن، وهـەر 12 هـەزار کەسەکەشـیان کوشـتوە. سـەرەتا بەدەمانـچە تەقـەیان لەیـەك بەیـەکیان دەکـرد، ئـیتر مـردن و نـەمردنیان مەسـەلەیك نـەبو، چـونکە خۆڵیـان دەکـرد بەسـەریاندا". ئنجـا لـەدوای ئـەم ئیعترافـە نابەجێیـە روداوەکـە دەکـات بـەروداوێکی گریمانەیەی :

" دەزگای موخابەرات برادەرێکمیان گرتبو، پاشان نامەیەکیان بۆ نوسیم کەتیایە داوام لێدەکەن ئەگەر کەفالەتی برادەرەکەم بکەم ئەوا ئازادی دەکەن. لەئەنجامدا بەکەفالەتی من ئازادیان کرد. لەبەر ئەوەی بەکەفالەتی من ئازاد کرا لەناکاو پرسیاری چارەنوسی ( 12 ) هەزار کەسەکەی لێکردم، چونکە نەدەیزانی کوژراون، بەڵکو تەنها دەیزانی بێسەروشوێن کراون، بۆیە حەزیدەکرد بەچارەنوسیان بزانێت. سەرۆکی دەزگای موخابەرات لەکاتیکدا نوسراوی ئازادکردنەکەی پێدەدام ئاورێکی لێدامەوە بزەیەك گرتی، ئنجا بەبرادەرەکەمی وت : "باشتر وایە پرسیاری چارەنوسیان لەم پیاوە بکەیت، ئەو چارەنوسیانت پێت دەڵێت"، بەڵام تائێستا بەبرادەرەکەم نەوتوە. لەراستیدا نەمدەویست لەوە زیاتر نائومێدی بکەم لەبەر ئەوەی 60 کەسیان کەسوکاری برادەرەکەم بون، وەك برا، ئامۆزا، برازا.."[6]

لەکاتی راپەریندا بەرەی کوردستانی لێبوردنی گشتی بۆ هەمو جاشەکانی وەك ئەو دەربەگە دەوڵەمەندە دەرکرد. دەستەڵاتی بەعس وەك شێرە بەفرینە توایەوە، بەڵام رابردو لەبیرنەچووە و هەستی کورد بەرامبەر بەجاشەکان هێشتا هەر زیندوە. لەقۆناغێکی گەشتەکەماندا بۆ گوندی عەسکەر ئەم گفتوگۆیەمان لەگەڵ شۆفێری لاندکرۆزەرەکەمان ئەنجام دا :

- بەرامبەر بەو جاشانەی ئێستا لەنێو پێشمەرگە دەژین هەست بەچ شتێك دەکەیت؟

- نەگبەتی و داماوی

- دەمەوێت هەستی راستەقینەت بزانم ؟

- زۆر رقم لێیانە

- بۆچی رقت لێیانە ؟

- لەبەر ئەوەی بەشداریان لەپرۆسەی ئەنفال کردوە

- ژمارەی جاشەکان لەسوپای سەدام حوسەین چەند کەس دەبو ؟

- زۆر بون

- ئایا متمانەیان پێدەکەیت ؟

- نەخێر، تالەژیاندا بمێنم متمانەیان پێناکەم، چونکە ئەگەر پرۆسەی ئەنفال دوبارەبێتەوە ئەوا سەرلەنوێ بەشداری تیادەکەنەوە.

- ئایا پێت وایە تائێستاش کار بۆ بەرژەوەندی سەدام دەکەن، یا جارێکی دی دەگەڕێنەوە باوەشی سەدام

- پێم وایە

لەو ساتەدا کوردێکی دی کەلەتەنیشتیەوە دانیشتبو، وتی : ئەو پێی وایە، بەڵام من دڵنیام بۆ باوەشی سەدام دەگەڕێنەوە.

## یادەوەری زیاتری کورد

چەند خێزانێك گەڕانەوە بۆ عەسکەر و بەداروپەردوی دەوروبەری گوند و نێو گۆڕەکان کۆلیتی نوێیان دروستکرد. کێڵگەکان پاککرانەوە و بەو بەردانەش سنوریان دیاریکرا کەدەبوایە وەك دانهەڵکێشان لەزەوی دەربهێنرێن. لەقەدپاڵی گردەکاندا کەمێك سەوزای دەبینرا ولەدوای تێپەربونی سێ ساڵ لەبەسەر کردنەوەی گوندی عەسکەر لەلایەن سوپای عراقەوە هێندێك تۆی خۆرسکیش روابون، بەڵام بەڵگەی ئەو مێژوە نەبو کەمستەفا بۆی بەپەرۆش بو. ئەم گوندە بەعراقی نوێ و کوردستانەوە پەیوەست بو. گوندی عەسکەر لە 3 / ئایار / 1988 دا لەسەر نەخشەی عراق سڕایەوە و بەوەش ئازار و سۆییەکی دییان خستە سەر ئازارەکانی نیشتمان. بەعسیەکان بەمشێوەیە بەرامبەر بەمێژوو رەفتار دەکەن : سڕینەوەی مێژوی راستەقینە و نوسینەوەی بەوجۆرەی بەعسیەکان بەگونجاوی دەزانن. بەعسیەکان بەدرێژایی سێ ساڵ و بە ئیشکردنی حەوت رۆژ لەهەفتەیەکدا، هەزار کرێکاری سودانیان خستەگەڕ بۆ ئەوەی شوێنەوارە سەرەکییەکانی شاری بابل بۆچەندین حەوشە و سەدان ژور بگۆڕن. کەواتە کێ دەتوانێت لەعەسکەر رێگەیان پێبگرێت ؟

ئایا شتێك هەبوە ناوی عەسکەر بێت ؟ کاتێك مستەفا دەمرێت، ئەوا خەڵکێکی زۆریش عەسکەریان لەبیردەچێتەوە.

لەدوای نانخواردن مستەفا بردینی بۆ گۆپتەپە، کەلەعەسکەرەوە دوور نەبو. روبەری گۆپتەپە نزیکەی 10 میل دووجا دەبێت، نزیکەی دوو هەزار کەس لەسێ سەد خانو ژیانیان تیا بەسەر دەبرد. دەتوانرا لەماوەی دە خولەکدا تا دواکەسیان لەناوببرێت، هیچ شتێك لەو سێ سەد ماڵە نەمابووە، تەنانەت ئەو داروپەردووەش لەبەین برابو کەلەگوندی عەسکەر بەدیم کرد. پسپۆرەکانی تەقینەوە و شۆفڵەکان کەدوابەدوای جاش و هێزی سوپا چونە گۆپتەپەوە چالاکانە کاریان دەکرد و هەمو شتێکیان لەنیوبردبو.

پاشماوەی قەباغی بۆمبە کیمیاییەکانی نیو داروبەردەکان دەریدەخەن قەبارەی بۆمبەکان بەقەدەر ئەو سێ پێیە دەبێت کەلەکاتی تەقینەوەیاندا زەوییەکەی چاڵکردوە. ئەمجۆرە بۆمبانە نەدەنگێکی گەورە دەردەکات و نەگەڵێك پارچەیشی لێدەبێتەوە، بەڵکو دەنگی لەدەنگی

تەقینـەوەی فیـشەکە شـێتە دەچـێت، هـەر بـەوەش هـەر دوو مادەکـەی نـاو بۆمبەکـە ( لـەناوەوە بـەرگێك جیایـان دەکاتـەوە ) تێکـەڵ دەبـن. بـەرگی نـاوەوە وەك خـۆی دەمێنێتـەوە و لـەکاتی جیابونەوەی دەبێتە پارچە کانزایەك، بەڵام تەقینەوەی گەورە یەکسەر گازەکان دەکاتە شلەمەنی و ناهێڵێت کارلێك روبدات. ئەستوری بەرگی ناوەوە دەگاتە نزیکەی دەیەکی ئینجێك و ئەسـتوری بەرگی دەرەوەشی دەگاتە هەشتەیەکی ئینجێك.

هـەروەکو لەبیرتانـە لـەرۆژی 3 / ئایـاردا لـەم شـوێنە (25) کـەس لەکەسـوکاری مـستەفا و عەبدوڵڵا و شاڵاو بەگازی کیمیایی ئەمجۆرە بۆمبانـە ژەهـراوی بـون و گیانیـان لەدەسـتدا. ئەگـەر عەبدوڵڵا هەمو روداوەکانی بەچاوی خۆی بینیبیت، ئـەوا مـستەفا رۆژی دواتـر لەگـەڵ جاشـەکان گەیشتە ئەویٚ تاپاشماوەی کارەساتەکە چارەسەر بکات.

ئـەو رۆژەی سـەردانی عەسـکەر و گۆپتەپـەم کـرد سـیٚ سـاڵ و نیـوی تـەواو بەسـەر ئـەو وێرانکارییە تێپەریبو، لەو ماوەیەشدا مستەفا ئەزمونێکی دۆزەخیانـەی دی ژیـابو کەلەنامەیـەکی (19) لاپەرەیدا بۆ کچەکەی نوسیبو. لەپێش ئـەوەی خواحـافیزیم لێبکات، وێنەیـەکی ئـەو نامـە نائاساییەی پێدام کەبەزمانی کوردی نوسرابو. مستەفا لەنامەکەیدا ئەزمونی خـۆی و روداوەکـانی کـۆرەوە دوو ملیـون کەسـییەکەی پـاش شکـستی راپـەرینی ئـازاری 1991 بـۆ باسـدەکات. نامەکـە لەکاتی روداوەکاندا لەئۆردوگایەکی پەنابەران لەئێران نوسراوە.

ئەو برگانەی حاڵەتی دەرونی و زەیـنی مـستەفا وەسـفدەکات، کاریگـەری زۆریـان هـەبو. ئـەو لافـاوە ترسـناکەی هـەمو شـتێکی لەبـەین بردبـو، سـەرباری ئـەوەی تەپانـدبوی توشـی شۆکیـشی کردبـو. کۆپتـەرەکانی سـەدام حوسـەین بەقورسـی دەوروبـەری سـلێمانیان بۆردومـان دەکـرد. " خـەڵکی ناوشـار لەترسـان هاواریـان دەکـرد و ماڵوحـاڵی خۆیـان بەجێدەهێـشت. منـاڵان سـرودی نیـشتمانیان دەچـری. پێمـان وانـەبو تـۆپ و هێلیکۆپتـەرەکان بەوشـێوەیە پـەلاماری شـارەکەمان بدەن. خەڵکی روویان لەچیاکان کرد. تەنها ترسم لەخەیاڵدا بـو، ئایـا بەشـێوازێکی دی پاریزگـاری لەسلێمانی دەکرا ؟ هەروەها دەڵێت :"بـەرد و ئۆتۆمـۆبیلی پەککـەوتو تۆپـە قورسـەکانی دەمکـوت نەدەکرد "، پێی وابو ورێنە دەکات : لەپڕ ئەم بەهارە دڵڕفینە چ لێهات ؟ ئایا ئەمە تەنها خەیاڵـە ؟ بۆچی بەربەستێکمان نیە بەربەم لافاوە بگرێت ؟ چەند کاتژمێرێك پێش ئێـستا هـەمو شـتێك بەتەواوەتی جیاواز بو".

نامەکـە بـاس لەکۆچـرەوێکی ناچـاری دەکـات لـەرۆژانێکی سـەرما و سـۆڵە و لـەژێر رێژنـەی باراندا وەك ئەوەی بەکوندە ئاو بکەنە خوارەوە. ژنێك لەسەر کورسییەکی تایەدار کورەکەی پـاڵی

پێوەدەنا، "ئەمە سێیەم کەرەت بو ئەو ژنە لەسەر ڕێگەکە ببینم". پیاوێك لەقەراخی جادەکە کەوتبو، چوار مناڵی پەپولە ئاسا بەدەوریا دەخولانەوە.

لەسێیەم ڕۆژدا خەڵکەکەی دەوروبەری مستەفا لێیان دەمرد : " پیاوێکم بینی مناڵێکی مردوی لەسەر دەستی بو بەڵام باوکەکە نەیدەزانی مناڵەکەی سەردەستی مردوە ". کەس چاوەڕوانی کەسی نەدەکرد. لەئۆردوگایەکدا "جێگەی دانیشتن نەبو، بەڵام کاتێك نانیان دابەشدەکرد بەهەزاران کەس شەڕیان لەسەردەکرد"، پێشینان ڕاستیان وتوە :"برسێتی ڕەگی هاری بەدەمەوەیە".

مستەفاش وەك عەبدوللا چاوی بەهەرچییەك بکەوتایە بەدورودرێژی باسیدەکرد. نامەیەك تەنها بەنەمانی خۆی کۆتایی دەهات ؛ " ئەم بەسەرهاتە ناکۆتایە جارێکی دی لەلای خۆم گلدەدەمەوە. ڕۆژێك دێت ببێت بەکتێبێك. پێویستە بیاننوسم، چونکە لەمن زیاتر کەسێکی دی بەم کارەهەڵناسێت. کاتێکی دی لەسەر مێز و کورسی و لەنێوکتێبەکانی ماڵەوە دەیاننوسم. بەڵام دەڵێن لەسلێمانی مێزو کورسیەکەمیان بەتاڵان بردوە ( بەداخەوە دەقی نامە کوردییەکەم دەستنەکەوت تا وەك خۆی بینوسمەوە . و .)

وەختێکی ئاسایی کرونۆلۆجی بەسودنیە بۆ پێوانەکردنی ئەو مەودایەی کەسێکی وەك مستەفا جیادەکاتەوە لەماوەی نێوان هەڵمەتە سەربازییەکانی حکومەتی عراق بۆ سەرگوندی عەسکەر وگۆپتەپە لەساڵی 1988 دا لەگەڵ ئەو پیاوەی ئەمرۆ. سەرکەوتن بەسەر ئێراندا بوە هۆی جۆرێك لەنائومێدی وێرانکارانە و هەستکردن بەپوچەڵی هەمو شتەکان. زۆرێك لەکوردەکان لەساڵانی 1989 ـ 1990 دا ئەم هەستە بەسەریانا زاڵ بو، ئنجا داگیرکردنی کوێت و لکاندنی بەعراقەوە و تاڵانکردن و بەدواداهاتنی شەڕی جهانی کەبەشێوازێکی ئابروبەرانە بەریوەدەچو، ئەمە ئەگەر باس لەهەستە زیندوەکانی ڕاپەڕین نەکەین کەزۆر درندانە لەدوای (3) هەفتە سەرکوتکرا. ئەوەی مستەفا وەسفیدەکات شۆکی داروخانی ئومید و هیوامەزنەکان بو، ئەو هیوایەی مرۆڤی پێدەناسرێتەوە. لەبۆتقەی ئەمشێوە قەیرانە بسیکۆلۆجیایەدا یادەوەرییە تازەکان لەناخدا توشی دوگما دەبێت، هەروەها ڕەنگە ڕەفتاری جیاواز لەخودی چەمکی یادەوەریش بێتە ئاراوە.

### پەیکەرەکەی مستەفا

مستەفا لەدوای گەڕانەوەی لەنیسانی 1991، بەمەبەستی یادکردنەوەی ئەو کەسانەی لە 4 / ئایار / 1988 دا گیانیان لەدەستدابو بیری لەدروستکردنی پەیکەرێك لەگۆپتەپە دەکردەوە. پەیکەرەکە هێشتا تەواو نەبوە و دەکەوێتە سەر گردێك. ئەو شوێنەی بەقسەی خەڵکی ناوچەکە پێشتر قەڵا بوە. ئەگەر پێشتر قەڵا یا کۆشك هەبوبێت، ئەوا ماوەیەکی زۆرە ئاسەواریشی نەماوە. بەڵام پەیکەرەکە دەڕوانێت بەسەر دیمەنێکی دڵرفینی چیا پێچاوپێچەکان و رووە ئاسۆیەك کەچاو نایبرێت و بەرامبەر بەدیمەنی چیاکانیش چەمێکی سەوز و بەپیت تێدەپەرێت.

کاتێك لەگوند نزیك دەبیتەوە یەکەم شت پەیکەرەکەی مستەفا دەبینیت کەلەبلۆك دروستکراوە، مادەیەکە بەشێوەیەکی بەربلاو لەهەمو رۆژهەڵات بەکاردەهێنرێ. پەیکەرەکە لەدوو جەمەلۆنی تەواونەکراو دەچێت لەماڵێکی سەرنەگیراودا کە دووتاقی باریکی لێبەرزدەبێتەوە.

مستەفا دەیویست دیوی دەرەوەی دوو تاقە چیمەنتۆکە نەترێکی سپی بکات. تاقەکان لەسەر سەکۆیەکی بەرزی چیمەنتۆ دروستکرابون کەبەردەمی عەرزێکی تەختی چوار پلیکانەیی بو، هەرلەوێشەوە هەردوو تاقەکە بەرزدەبووە. ئەو بینایەی کە تارادەیەکی زۆر سەرنجی رانەدەکێشا، دەکەوتە شوێنێکی بەتاڵی هێلکەییەوە و دیوارێکی ئەستور سنوری پەیکەرەکەی دیاریدەکرد. لایەکی شوێنە هێلکەییەکە گۆرستانێکی ساکار بو، بەڵام بەشەکەی دی بەرد رێژ کرابو، لەوەش دەچو شوێنێك بێت بۆ کۆبونەوەو ئاهەنگی ساڵیادی قوربانیەکانی گۆپتەپە دروست کرابێت.

مستەفا و کەسوکاری قوربانیەکانی دی بۆ ئەوەی گۆرستانێك دروست بکەن تەرمی 86 کەسیان بۆ سەرگردەکە گواستەوە، وەك ئەوەی ئەو شوێنە سروشتیە دڵرفێنەی کە مستەفا هەڵیبژاردوە جۆرە خەڵاتێك بێت بۆ شێوازی مردنەکەیان. هەمو منداڵەکانی عەبدوڵڵا و کچی ئامۆزا کەی شاڵاو لەوێ نێژرابون. بەڵام باقی 150 کەسەکەی دی کەلە 3/ئایار/1988 دا کوژرابون، لەشوێنێکی دی بناری گردەکە لەژێر دارو پەردوی گۆپتەپە مابونەوە. بەپێی دابونەریتی کوردەواری گۆڕ بەخۆڵ هەڵدەبەسترێت. مستەفا نەزمێکی ساکاری دانابو بەوەی پارچە بەردێکی زبری دوو ئینجی بۆیان کردبو بەکێل.

شەهیدی ژمارە (56) تیشکۆ عەبدوڵڵای تەمەن 6 ساڵان، شەهیدی ژمارە (35) دیمەن حەسان ـ ی تەمەن 4 ساڵان، شەهیدی ژمارە (32) شانام رەشید ـ ی تەمەن 54 ساڵان بو، هتد. بریار بو ریزێك دار لەناوەراستی گۆرستانەکە بچێنرێت، هەروەها بەشی ناوەوەی دیوارەکەش بکرێت بەگوڵ.

شاڵاو بیرۆکەیەکی تایبەتی لەسەر تەواوکردنی پەیکەرەکە هەبو، چونکە پێی وابو پێویستە سەری هەردوو تاقەکە بگیرێت و پەیکەری ژنە کوردێك بەجلوبەرگی نیشتمانیەوە بەقەوارەی سروشتی خۆی لەژێردوو تاقەکە دابنرێت. کوردیش وەك فرەنسیەکان کۆهەستی نیشتمانیان لەشێوەی ژن دەردەبرن. وێنەیەکم لەشارۆچکەی شەقلاوە بینی، وێنەی قەلەرەشێك بو، چاوی راستی ژنێکی دەردەهێنا کەسەری بەپشتا کەوتبو. وێنەکە لەدیمەنێکی فیلمی باڵندەکان دەچو. وێنەکێشەکە بەمشێوەیە راڤەی وینەکەی بۆ کردم ؛ قەلەرەشەکە ئەو دیکتاتۆرە چڵێسەیە کەهەرگیز تینویێتی بەفرمێسك ناشکێت و کوردیش خۆی لەو کچە گەنجە دەنوێنێت کەقژە رەشەکەی بەپشتاکەوتوە و روخساری بەپەڕی قەلەرەشەکە داپۆشراوە.

شتێکی ئاشکرایە "ماریان" هێمای قارەمانێتی فرەنسا کەئالآ سێ رەنگییەکەی فرەنسای لەشەردا بەرزراگرتوە بۆ ئێستای عراق ناشێت، بۆیە شاڵاو دەیەویت ماریانە لەشێوەی ئیسکە پەیکەری ژنێك بێت و شیر بەمناڵەکەی بدات و تەنها مەمکی گۆشتن بێت، ئەمەش مانای وایە :" کوردستان سەرلەنوێ لەسەر پێی خۆی دەوەستێتەوە".

هیچ شتێك ئەوەندەی هەستکردن بەپێکەوە گرێدانی ترس و جوانی مرۆڤایەتیمان ناخاتە مەترسیەوە، هەروەك حاڵەتی گۆپتەپە. ئەو پەیکەرەی گوزارشت لەرووداوەکانی 3 / ئایار / 1988 دەکات دەکەوێتە سەر ئەو گردەی عەبدوڵڵا و زاواکەی و دوو هاورێ مامۆستاکەی ـ دیاروفایەق ـ ی لەسەر بون، هەروەها دەڕوانێت بەسەرهەمان روباردا کەدایکی عەبدوڵڵا دەمی لەلیتەکەی چەقیبو.

5 ـ تەیمور

قارەمانێتی ئۆپراسیۆنەکانی ئەنفال

قەلای قورەتو بینایەکی گەورەی کۆنکرێتیە و یەکێتی سۆڤێت نەخشەکێشی بوە، بەدرێژایی شەڕی کاولکارانەی عراق ـ ئێران وەك بنکەیەکی سەربازی لەهەمو ناوچەکانی کوردستان دروست دەکران. بەپێی قسەکانی فەرمانداەی کوردەکان کەبەرپرسی گەشتەکەمان بو، سوپای عراق لە 8 / ئەیلول / 1991 دا قەلاکەی تەقاندۆتەوە، ئەوەش دوا ئەرکی بو لەپێش ئەوەی پاشەکشێ بۆ بەرەیەکی نوێ بکات " رێك بۆ سەر گردەکە ". من قەلاکەم نەدیبو بەلام تەیمور ـ ی تەمەن (12) سالان [1]، ئەو منالەی (3) هەزار میلم بریبو بۆ ئەوەی چاوم پێی بکەوێت، خۆی و دایك و باوك و هەرسێ خوشکەکەی و هەمو دانیشتوانی گوندی کولەجۆ، لەگەل ئەو کەلوپەلەی هەلگیرێت و بەپاسەوانێتی کۆمەلە جاشێك لەدوری (15) میلەوە بۆ ئەم قەلایە گوێزرانەوە.

لەنێو ئەو وێرانی و بەردەلانەدا هێشتا ئاسەوارێکی نارێکی دالان و ژورەکان دەبینرا، ناو ژورەکان پڕبون لەپارچە چیمەنتۆی گەورە. یەکێك لەپارچە چیمەنتۆکان بەئیمزای سەربازێکی عراقی بەناوی یوسف، نوسینێکی لەسەر نوسرابو. لەپال ناوەکەیشی بەخەتێکی شەرەپشیلەیی بەناوبانگترین شیعری گۆرانی عەرەبی لەسەر نوسیبو : " اهواك، اتمنی لو انساك، وانسی روحي وياك ". لەپال ئەوەشدا یەکێکی دی نائومێدانە و بەبێ ئیمزا نوسیبوی " مەشق، مەشق، مەشق ".

تاکوئێستا رون نەبۆتەوە بۆچی سوپای عراق لەهاوینی 1991 دا لەقەلای قورەتو پاشەکشێی کرد. بەلام بەدلنیاییەوە هێزی زۆرو زەوەندی پیادەی ئێران و پێشمەرگە پارتیزانەکانی کورد قەلاکەیان پێ چۆلکرد. لەکۆتایی تشرینی دوەم/1991، بەیاوەری هەشت پێشمەرگەی پڕچەك بۆ قەلاکە رۆیشتم.

قەلای قورەتو دەکەوێتە باشوری رۆژهەلاتی ناوچەی کوردستانی عراق و نزیك بەسنوری عراق ـ ئێران. پێشمەرگەکان یاوەرییان دەکردم بۆ ئەوەی بەبەلگە پێشانم بدەن، لەکاتێکدا شەڕی عراق ـ ئێران لەسالی 1988 بەرەو کۆتایی دەچو، ئەو قەلایە بۆ هێرشێکی بەربلاو و بەمەبەستی لەناوبردنی کەمایەتی کورد لەعراق دروستکراوە، هێرشێك پێشتر بەرنامەرێژی بۆ کراوە و زۆر بەوردیش جێبەجێ کرا.

پێشتر لەرێگەی خوێندنەوەی بەلگەنامە نهێنییە تایبەتەکانی حکومەتی عراق کەلەدوای تەواوبونی شەڕی کەنداو لەئازاری / 1990 دا هێزی پێشمەرگە لەکۆنترۆلکردنی بیناحکومی و

دەزگا سەربازییەکان دەستیان بەسەرا گرتبو، دەمزانی پرۆسەی قەلاچوکردنەکە ناوی ئەنفال بوە، هەروەها بەشێوازە سەرەکیەکانی ئەو پرۆسەیەشم دەزانی. ئەو شێوازانەی خەڵکانی وەك هیتلەر و پۆلپۆت بەکارامەیی بەکاریان دەهێنا : لێدانی گوندەکان، خاڵی کۆکردنەوە، گازی ژەهراوی، تیمەکانی گولله بارانکردن، گۆڕی بەکۆمەڵ، لەنێو ئەو بەڵگەنامە بێشومارانە بون کە کوردەکان دەستیان بەسەرا گرتبو ـ سەرکردە کوردەکان قسە لەسەر چەندین تەن و باری ترێلە دەکەن ـ هێندێك لەو بەڵگەنامانەی زۆربەیان بەدەست نوسرابونەوە، لیستی دورودرێژی گوندە بەسوتماك کراوەکان و قەڵاچۆکردنی دانیشتوانەکەیان بو. ئەمە سەرباری ئەوەی کوردەکان زۆر بەسەلیقەیی لیستی تایبەتی ئەو کەسانەیان کۆکردبووە کەزۆربەیان لەپیاوان و گەنجانی لادێی بون و پێدەچێت کوژرابن.

دوو هەفتە لەپێش ئەوەی سەردانی قەڵای قورەتو بکەم، لەدەرەوەی شاری دهۆك سەردانی قەڵایەکی دیم کرد، شاهیدێك بۆی گێڕامەوە لەساڵی 1988 دا هەشت هەزار پیاو گەنجیان بۆ قەڵاکە هێناوە ودواتریش بەیەکجارەکی بێسەروشوێن کراون. ژمارەی ئەنفالکراوەکان بەتەواوەتی نازانرێت، بەڵام بەڵگەنامەکانی ریژێم کەلەبەرزترین ئاستەوە دەرکراون بە100 هەزار کوژراویان لەقەڵەم دەدا، ئەمە لەکاتێکدا سەرکردە کوردەکان ژمارەی ئەنفالکراوەکان بە180 هەزار کەس زیاتر دەخەمڵێنن.

لەدێر زەمانەوە کوردەکانی باکوری عراق ـ ئەمرۆ ژمارەی کورد بە 3ر5 ملیون کەس دادەنرێ و لەسەر زمینێك دەژین روبەرەکەی (15) هەزار میل دووجا دەبێت ـ لەسەر دەستی ریژیمە یەك لەدوای یەکەکانی بەغدا مەینەتییەکی زۆریان چێشتوە[2]. لەرۆژی دروستبونی عێراق و لەدوای سەربەخۆیشیەوە لەبریتانیا لەساڵی 1932 دا شێوە حوکمێکی خوێناوی سەقامگیر بوە، بەڵام لەسەر دەستی حزبی بەعس ترسناکتر بوە [3].

شۆرش رەسول تێکۆشەرێکی کوردە و حاڵی حازر لەدەرەوەی عراق دەژێ، لەتەمەنی (15) ساڵیدا بو حەرس قەومییەکانی حزبی بەعس لەهاوینی ساڵی 1963 دا سیازدە کەسیان لەشارەکەی لەکۆیە گرت و بەعەمودەکانی نێوەندی شاریان بەستنەوە، ئنجا خەڵکی شاریان بۆ بینینی گولله بارانکردنیان بانگکرد. یەکێك لەو سیازدە کەسە باوکی برادەرێکی شۆرش بوە، بۆیە هەر جارێك شۆرش و برادەرەکەی لەنزیك عەمودەکانەوە دەرۆیشتن، برادەرەکەی ئاماژەی بەفیشەکەکانی سەر ئەو عەمودە دەکرد کەباوکی پێوەی بەسترابووە. تاکۆتایی حەفتاکانیش شوێنی فیشەکەکان هەر بەعەمودەکانەوە مابووە [4].

لەساڵی 1968 تا هەنوکە بەشێکی گەورەی حیکایەتی کورد لەعراق تەنازولی حکومەت بوە لەسەر کاغەز ( بەڵێنی روکەشی و رێکەوتن بوە لەسەر ئۆتۆنۆمی راستەقینە )، پاشان پاشگەزبونەوە و خیانەتی بەدوادا هاتوە، ئنجا دەستی بە " نیشتەجێ کردنەوە " و " بەعەرەبکردن و راگواستن " کردۆتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش بەردەوام سنوری دیاریکردۆتەوە و شاروگوندەکانی لەناوبردوە. بەدەگمەن پێشمەرگەیەك دەبینی بەتێروتەسەلی باسی کردەوەکانی سوپای عراق نەکات کەلە 8 / ئاب / 1969 چییان بەسەر گوندنشینەکاندا هێناوە، چۆن شارۆچکەی زاخۆ ـ یان خاپور کردوە، لەئازاری / 1974 قەلادزێ ـ یان بۆردومان کردوە و ئازاری / 1975 چ مەینەتییەکیان بەسەر عەشیرەتی بارزان دا هێنا لەدوای ئەوەی ئێران رێگەی نەدا زەخیرەی وڵاتە یەکگرتوەکان بگاتە دەستی پێشمەرگە کوردەکان و حکومەتی بەغدا ناوچەیەکی گەورەی بەشای ئێران بەخشی و خودی سەدام ـ یش رێکەوتننامەی جەزائیری مۆرکرد، هەروەها بەدەگمەن کەسێك هەیە باسی کیمیابارانی ئازاری / 1988 شاری هەڵەبجە نەکات کەپێنج هەزار ژن و منداڵ و پیاوی کوردی کوشت، ئەمە سەرباری ئەوەی پێویستە پرۆسەی جینۆسایدی کوردە مەدەنیەکانیش لەشوبات ـ ئەیلول / 1988 دا بخرێتە سەر ئەو لیستە.

ئەگەر گەڵاڵە کردنی ناسنامەی کورد لەعراق بەهەر شکلێك بەسەرەتای حەفتاکان دابنرێت، ئەوا ریژیمی عراقی ئەوەش بەگیانی جوداخوازی و شۆڤینی و رەگەزپەرستی لەقەڵەم دەدا. لەکۆتاییدا بەکارێکی تاوانکاری و خیانەتی دادەنێت، بۆیە سوپا و ئیستخبارات پێیان وایە ئەو کەسەی رەفتاری کوردانە بکات ( یا ئەو کەسەی تومەتێکی لەوجۆرەی بۆ هەڵبەسترێت )، پێویستە حکومەت سزای قورسی بدات.

هەر کوردێك سەر بەحزبێکی سیاسی کوردستانی بێت یا ئەگەر سیخورێك بیستبێتی سەدام حوسەین رەخنە دەکات یا لەماوەی شەڕی عراق ـ ئێران دا هاوکاری دوژمنی کردبێت، توشی راوەدونان و گرتن دەبێتەوە ( ئەوجۆرە تومەت هەڵبەستنە زۆرباوبون)

لەناوەراستی حەفتاکانەوە هەر کوردێك ئەگەر بەرێکەوت گوندەکەی لەنزیك سنوری عراق ـ ئێران بوایە، ئەوا تەنها بەئاگادارکردنەوەیەك رادەگوێزرا ـ سەرەتا بەرامبەر بەراگواستنەکەی پارەیان پێدەدا، بەڵام دواتر کەسیان قەرەبو نەدەکردەوە ـ پاشان هێدی هێدی سنوری راگواستن زیادیکرد تا سنوری تورکیاشی گرتەوە.

لەناوەراستی هەشتاکانەوە ئەو گوندانەی دەکەوتنە ناوچە نەوتیەکانی ناوجەرگەی باکوری عراقەوە دەروخێنران و دانیشتوانەکەشیان لەئۆردوگا نیشتەجێ دەکرد، بەڵام ئەو کردەوانە لەئەنفاکانی 1988 دا گەیشتە چلەپۆپە، چونکە تەنها ژیان لەو ناوچانەی لەبەر هۆی ئەمنی

یاساغبون (ئەو ناوچانە بەجۆرێك فراوان کرابون هەمو گوندەکانی باکوری عراقی دەگرتەوە بەزێدی ئاشورییە مەسیحیە غەیرە کوردەکانیشەوە) خۆی لەخۆیدا بریتی بو لەحوکمی لەسێدارەدان.

کاتێك بەدوو ئۆتۆمۆبیلی لاندکرۆزەر بەرێگەیەکی ناخۆشی دورودرێژ لەسلیمانیەوە بەرەو باشور بۆ قەلای قورەتو دەرۆیشتین، لەگزنگدا ئۆردوگای هەڵەبجەی تازەم بەدیکرد، ئەو ئۆردوگایەی دەوڵەت بۆ ئەوانەی دروستکردبو کەبەزیندوێتی لەهەڵەبجەی کۆن مابونەوە، ئەو شارەی لەدوای کیمیا بارانکردنی تەخت کرا. ئێستا ئەم مەڵبەندە و ناوچەکانی دەوروبەری هەتا باکور لەژێر کۆنترۆڵی کوردەکانە و لەنیسان/1991 یشەوە لەلایەن هێزە هاوبەشەکانی (هاوپەیمانەکان) بریتانیا و فرەنسا و هۆڵەند و ئەمریکاوە کرابە ناوچەیەکی پارێزراو **safe Haven** و فرۆکەکانی بنکەی ئەنجەرلیکی ئەمریکا لەتورکیاوە پاریزگاری لێدەکرد.

سوپای عراق لەسەرەتای نیساندا بەمەبەستی سەرکوتکردنی راپەڕین چەند شارێکی سەرەکی گرتەوە و ئەوەشی بەهەلزانی بۆ ئەوەی بەلگەنامە نهێنیەکانی ئیستخبارات لەناوبەرێت کەبەدڵنیاییەوە ژمارەیەکیان پەیوەندی بەپرۆسەی ئەنفالەوە هەبو، چونکە کوردەکان لەگەڵ خۆیان نەیانبردبو. زۆرێك لەتیپەکانی سوپای عراق لەدەشتاییەکانی رۆژئاوای کوردستانی عراق مانەوە و بەدرێژایی هێڵێکی 250 میل تا باکوری موسل و کەرکوك بلاوبونەوە. پێش ئەوەی سەردانی باکوری عراق بکەم بەچەند هەفتەیەك سوپای عراق گەمارۆیەکی ئابوری توندو تۆڵی خستبوە سەر ناوچەکانی ژێر دەستەلاتی کوردەکان و بەدرێژایی سەرماوسۆڵەی زستان باکوری عراق بەدەست کەمی خۆراك و سوتەمەنییەوە دەیانناڵاند.

رێگەیەکیان بۆ هەڵبژاردین کە زۆربەی کات شانبەشانی سنوری عراق ـ ئێران رێمان دەکرد. ئەو سانگەرەی سوپای عراق بەدرێژایی شەڕی هەشت ساڵەی لەگەڵ هێزەکانی ئایەتوللا خومەینی بەبەرزی (6) پێ دروستی کردبو لەلای چەپمەوە بو. سانگەرەکە بەدرێژایی چەندین میل بەبێ کەلین نەیدەهێشت بەری ئێران ببینم، بەلام لەبەری عراق بەتۆپ تەلی دڕکاوی بەکارنەهاتو و ئاسنەشکاو کەوتبو کەپێشتر ئالیاتی عراق بو، لەگەڵ قەوانی گوللە تۆپ و چاڵەتۆپی جیاواز، هەروەها چاڵی لاکێشە بۆ تانك و تۆپەکانی عراق لەقەد پاڵی گردەکان هەڵکەنرابو. شۆفڵ و بێڵەمیکانیکیەکان ( حفارە ) ئەو زەوییانەیان بەجۆرێك گۆڕی بو لە دیمەنی مانگە شەوێکی شەڕ و وێرانە دەچو. دیمەنی خەمۆکی زەوییەکان لەخەندەکەکانی شەڕی جهانی یەکەم دەچو کە تەنها لاشەی مردوەکانی کەمبو.

قـەڵای قورەتـو لاشـەی تیانـەبو، بـەڵام وێنـاکردنی گواسـتنەوەی هـەزاران پیـاو ژن و منـاڵ لەگوندەکانی خۆیانەوە بۆ ناو قەڵاکـە کـارێکی زەحمـەت نـەبو. ئایـا دەیـانزانی چـی چاوەنواریان دەکـات ؟ رەنگـە نـەخێر. زۆربـەی جـار جاشـەکان نـەك سـەربازەکان قەناعـەتیان پێیـان دەهێنـا ماڵەکانیان چۆڵ بکەن ـ ژمارەی جاشەکان نزیکەی چارەکە ملیۆنێك دەبو.

هـــەر لـــەنێو پاشمـــاوەی راڕەوێکـــی 6 پـــێ پـــان دەرۆیـــشتم، ئـــەو راڕەوەی جاشـــەکان گوندنشینەکانیان وەك ئاژەڵ بـۆ چـەندین رۆژ گلـدابووە و هەمیـشە چاوەروانی شـتی خراپتریـان دەکرد، قاچم چەقی بەشتێکدا : تەپێك گوو بو لەسەر پارچە چیمەنتۆیەك وشکهەڵاتبو.

کاتێـك بـەدەوری قـەڵا مـین رێژکراوەکـە بـەوریایی هـەنگاوم دەنـا (سـوپای عـراق لەهـەمو شوێنێکی بـاکوری عـراق مـینی چاندوە، بـەپێی راپـۆرتی ریکخـراوی فریـاگوزاری " میـدئێر " ی سویـسری تـەنها لـەپینجوێن مانگانـە 500 کـەس کەزۆربـەیان منـاڵن مینیـان پیادەتەقێتـەوە)، لەبەرامبەر سنوری ئێرانیش نزیکەی 40 ـ 50 تراکتۆری عەرەبانەدارم بینی. بێگومـان جوتیـارە کوردەکـان بـەو عەرەبابانـە بـۆ قەڵاکـە گوێزرابونـەوە. لەدەوروبـەری عارەبانەکانـدا بەکۆمـەڵ جلـەکۆن و شـەڕواڵی کـوردی فرێـدرابون یـا لـەنێو خـاك و خـۆڵ و گـژوگیای زەردهەڵگـەڕاودا بۆگـەنیان کردبـو، ئەمـە سـەرەڕای ئـەوەی سۆڵی (نـەعل) لاسـتیك کـەپاشماوەی هـەزاران پێڵابـو، لەوناوە کەوتبون.

خودی گوندنشینەکان و بەڵگەنامە رەسمیەکان دەستەواژەی " ئەنفالکراوە بێسەروشوێنەکان " بەکاردەهێنن. ئەنفالکراوەکان تارادەی دڵنیایی بەمردو حیـساب دەکـرێن. بـەپێی بەڵگەنامـەکان لەبیابانـەکانی باشـوری رۆژئـاوای عراقـدا لـەنزیك سـنوری عـراق ـ سعودی گوللـەباران کـراون و لەگۆری بەکۆمەڵیش نێژراون. ئەو گوندنشینانەی بۆ قەڵاکانی وەك قەڵای قورەتو هێنراوبـون بـۆ شوێنە دوردەستەکانی وڵات گوێزرانەوە، ئەوچاڵەش بو بەگۆریان کەتیایە گوللەبارانکران.

کاتێك لەنێو پاشماوەی داروپەردوی قەلای قورەتـو رێمـدەکرد لـەدوری 20 پێیـەك، نوسـینی سەربازێکی عراقیم بەناوی یوسف ـ ەوە بەدیکرد و دەفتـەرێکی جەبریـشم دۆزییـەوە کەبـەزمانی عـەرەبی و کـوردی نوسـرابو، لەگـەڵ دەستنوسـێك بەخـەتێکی جـوان ئایـەتی قورئـانی بـەزمانی کوردی راڤەدەکرد، هەروەها رۆمانێکی میقداد رەحیم ـ یشم بـەناوی " تـەنها خۆشەویـستی هەیـە " دۆزییەوە کەوێنەی پەپولەیەکی گەورە لەسەر بەرگە سورەکەی چاپکرابو.

کاتێك بەهێواشـی و لەسـەرخۆ هـەنگاوم دەنـا، بەشـێوەیەك لەشـێوەکان شـتێکم بیرکەوتـەوە، ئەویش لەزستانی ساڵی 1965 لێرەوە تێپەریبوم، بەڵام ئـەو دەمـە قـەڵای تیانـەبو، بـەڵکو تـەنها گونـدی قورەتـوی لێبـو. لەتەمـەنی (16) سـاڵیدا مـن و دایکـم و بـاوکم بەمەبەسـتی سـەردانی

شوێنەواره دێرینەکان لەبەغداوە گەشتێکی سێ هەفتـەیمان بـۆ ئێـران کـرد، بـەڵام ئێـستا لـەداوی تێپەربونی زیاتر لە 20 ساڵ بۆ یەکەمجارە سەردانی عـراق دەکـەم و بەشـێوەیەکی دی پاشماوە و کەلاوەی شوێنەواری پرۆسەیەکی جینۆساید و بریاردەرەکانی دەبینم.

## ناو چ دەگەیەنێت ؟

هاندەری پشت دڵڕەقی زیاتر سەرنج دەوروژێنێ. هەمیـشە لـەو شـوێنانەی لـەماوەی گەشـتە سـێ هەفتەییەکـەم لـەباکوری عـراق لەتـشرینی دوەم/1991 سـەردانیم دەکـرد ـ هـەر لەشـارە گەورەکانەوە تا بچوکترین گوند ـ گوێم لەوشەی ئەنفال دەبو. بەڵگەنامە نهێنیەکانی ئیـستخبارات ئامـاژە بـەقارەمانێتی ئۆپراسـێونەکانی ئـەنفال دەکـەن و خۆشـم وێنەیـەکی بەلاغـە رەسمییـە سەربازییەکانی عراقم خوێندۆتـەوە کـە ئاماژە بەئـەنفالی " یەکـەم " و " دوەم " و " سـێیەم " دەکەن وبەڵگەنامەشـم لەسـەر " دوا ئـەنفال ـ خاتمـە الانفـال " خوێندۆتـەوە کەلـەنیوەی دوەمـی سـاڵی 1988 دا ئـەنجام دراوە. وشـەی ئـەنفال لـەدوای هەڵمەتـەکانی 1988 بەشـکلێکی سـوریالی تەشەنەی دەسەند، بۆ نمونە ساڵی 1989 گەورەترین کیلگەی گاز ناوی ئەنفالی لێنرا. لەسلیمانی سـەردانی بینایـەکم کـرد بەلایـەنی کەمـەوە تاراپـەڕین پێیـان دەوت " موجەمـەعی ئـەنفال ـ ئەنفالەکە " بەڵام کاتێك کوردەکان لەتـەموزی 1991 دا بەتـەواوەتی شاریان کونترۆڵکرد، تـابلۆ گەورەکەی دەرەوەی بیناکەیان لەتوپەت کرد، کەچی لەگەڵ ئەوەشـدا لەسـەر یـەکێك لەکۆڵانـەکان تابلۆیـەکم بـینی زۆر بـەجوانی لەسـەری نوسـرابو :"نوسـینکەی پۆسـتی ئـەنفال ـ مکتـب بریـد الانفال"[(5)].

بەردەوام بەکارهێنانی ناوێك لەژینگە و نـاوکۆ (سـیاق) ی جیـاوازدا یارمـەتیمان دەدا هـەم ماناکـەی راسـتبکەینەوە و لـەزەینمان شـەنوکەوی بکـەین و هـەم ئـەو ئەنجامـە بـەلاوەبنێین کەسەرەتا بۆی دەست نیشانکراوە. حکومەت لەپێش ئەوەی دەست بەهەڵمەتـەکانی ئـەنفال بکـات، خەڵکێکی زۆر کەم لەکورد و عەرەب مانای ئەنفالیان دەزانـی، بـەڵام وشـەی ئـەنفال کلیلـی یەکـەم لوغز ئاشکرا دەکات کە هاندەری حزبی بەعس بوە.

وشەی ئەنفال لەرێگەی سورەتی هەشـتی قورئانـەوە هاتۆتـە نیوزمـانی عەرەبیـەوە، سـورەتی ئەنفال لەدوای شەڕی بەدر ( ساڵی 623 زاینی ) بۆ محەمـەدی پێغەمبـەر هاتۆتـە خـوارەوە، ئـەو شـەڕەی ژمارەیـەکی کـەمی موسـڵمان بەسـەر ژمارەیـەکی زۆری زۆری گاورانـدا سـەرکەوتنیان

**بەدەست هێنـا. ئـەو شـەڕە بەپاڵپـشتی یـەزدان بـۆ ئاینـە تازەکـە دادەنـرێ کەخوداوەنـد هـەزار فریشتەی رەوانە کرد بۆ ئەوەی شانبەشانی موسڵمانەکان شەڕبکەن :**

" اذ یوحي ربك الی الملائكة اني معكم فثبتوا الذین آمنوا سألقي فـي قلـوب الـذین كفـروا الرعب فاضـربوا فـوق الاعنـاق و اضـربوا مـنهم كل بنـان. ذلك بـانهم شـاقوا الله و رسـوله، ومن یشاقق الله و رسوله فان الله شدید العقـاب. ذلكم فذوقوه وان للكـافرین عذاب النـار ". ( 8 : 12 ـ 13 ) **ـ ئەی محمد یادی ئەوە بکەرەوە کاتێك پـەروەردگارت وەحـی و نیگـای دەکـرد بـۆ فریشتەکان کە : بەراستی من یارو یاوەرتانم، کەوابوو ئێوەش دڵی ئیمانـداران پابەنـد و دامـەزراو بکـەن، لەمـەودوا منـیش تـرس و بـیم دەخەمـە دڵـی ئەوانـەی کـە بـێ بـاوەر بـون، دە ئێـوەش لەسـەرووی گـەردنی ناپاکـان بـدەن و دەست بوەشـێنن لەهـەموو سـەرپەنجەکانیان (تـا کافرەکـان شمشێریان پێ نەگیرێت). ئەوە لەبەر ئەوەبوو چونکە بەراستی ئەوان دژایەتی و سەرپێچی خـواو پێغەمبەرەکـەیان کـرد، هـەر کەسـیش دژایـەتی و سەرپێـچی خـوا و پێغەمبەرەکـەی بکـات، ئـەوە بەراستی خوا تۆڵەسێنەرێکی بەزەبرە ـ تەفسیری ئاسان/ بۆ تێگەیشتنی قورئان. ل** 178.

**ئایا لەدوای** 1364 **ساڵ ئەنفال بوە بەو بیرۆکەیەی تەیموری مێردمناڵ بـەگاور دابنێـت، بـۆ ئـەوەی فریـشتەکانی حزبـی بـەعس ئاگربـارانی بکـەن ؟ میـشیل عەفلـەق، دامەزرێنـەری حزبـی بەعس بۆ پەنجا سـاڵ دەچێت تیورەیـەکی دانـاوە، بـەپێی ئـەو تیورەیـە شۆرشـی حزبـی بەعـسی عـەرەبی بەزیندوکـەرەوەی هاوچـەرخی شۆرشـی ئیـسلام دادەنێـت و پێـی وایەهاتنـە خـوارەوەی قورئان بەزمانی عەرەبی و بۆ کەسێکی عـەرەب نـەك رێکـەوت نیـە، بـەڵکو بەبەڵگـەی تیورەکـەی دەزانێت. تەیمور کورد بو نەك عەرەب، بۆیە کاتێك لەساڵی** 1988 **دا لەگوندەکەی خـۆی گرتیـان زمانی عەرەبی نەدەزانی. بەهەرحاڵ ئەوە هەمو حیکایەتەکـە نیـە.** " یسألونك عن الانفـال قل الانفال لله و الرسول فاتقوا الله و اصلحوا ذات بینكم و اطیعوا الله و رسوله ان كنـتم مـؤمنین " ( 8 : 1) **ــ ئـەی محمـد پرسـیارت لـێ دەکـەن دەربـارەی دەسـکەوتەکان، تـۆ بڵـێ : هـەموو دەسکەوتەکان هی خوا و پێغەمبەرن ( هەر ئـەوان بۆیـان هەیـە بریـاری چۆنێتی دابـەش کردنـی بـدەن)، کەواتـە لـەخوا بترسـن و چاکسازی نێـوانی خۆتـان بکـەن (مەیـەڵن لەسـەر تـەماعی دنیـا نێوانتان بشێوێت) و فەرمانبەرداری خوا و پێغەمبەرەکەی بن، ئەگەر ئێـوە ئیمانـدارن. تەفـسیری ئاسان / بۆ تێگەیشتنی قورئان، ل** 177. **وشـەی ئـەنفال بـەمانای تـاڵانی (غەنیمـەتی شـەڕ) شـەڕ دێت. مەبەسـتی سـەرەکی محەمـەد لەشـەڕی بـەدر پـەلاماردانی کاروانەکـەی ئەبوسـوفیانی کـوری حەربی گەورە پیاوی بەنی ئومەییە بو کەبە کەلوپـەلێکی زۆر بەنرخـەوە لەسـوریاوە بـۆ مەککـە دەگەڕایەوە. هاتنە خوارەوەی سورەتی ئەنفال دانانی یاساگەلێك بو تـا بـەپێی ئـەو یاسـایە تـاڵانی**

شەڕ لەنێوان موسڵمانەکان دابەش بکرێ کەزۆرێکیان لەمەککە دەست بەسەر سەروەت و سامانیان گیرابـو لەبـەر ئـەوەی پەیوەنـدیان بـەئاینی تـازەی ئیـسلامەوە کردبـو، بۆیـە محەمـەد دەیویـست دوبـــەرەکی و پرســـیار نـــەهێڵێت کەمەســـەلەی غەنیمـــەت لـــەنێو موســـڵمانە شـــەڕکەرەکان دەیوروژێنێت. بەمشێوە نەریتی خێڵەکی عەرەبی تایبەت بەداگیرکردن سـەرلەنوێ رێکخرایـەوە و پاساوی نوێشی بۆ دەهێنرایەوە.

"تريـدون عـرض الـدنيا و الله يريـد الآخـرة والله عزيـز حكيم. لـولا كتـب مـن الله سـبق لمسكم فيما اخذتم عذاب عظيم. فكلوا مما غنمتم حللا طيبا واتقوا الله ان الله غفـور رحـيم " ( 8 : 67 ـ 69 ) ـ مـاڵومولکی دونیاتـان دەوێـت، بـەڵام یـەزدان ئـەو دونیـای دەوێـت و خوداوەنـد بەتوانا و دانایە. ئەگەر لەسەر ئەوەی بەتاڵانی ( یەغما ) بردوتانە حوکمی پێش وەختـی یـەزدان نەبوایە، توشی ئەشکەنجەیەکی گەورە دەبونەوە کەواتە ئەوەی بردوتانە حەڵاڵی خۆتانە و لـەخوا بترسن و هەر خۆی بەخشندە و میهرەبانە.

بـەپێی لێکدانـەوەی حزبـی بـەعس بـۆ سـورەتی هەشـتی ئـەنفال، گوندەکـەی تـەیمور و مەڕومالاَت و دانەویڵە و هەمو سەروەت و سامانیان موڵکی حکومـەتی ناوەندییـە لەبەغـدا، بـەڵام حوکمی قورئان لەسەر تالاَنی تەنها لەسەر حاڵەتی جیهاد پیادە دەبێت و تەنانەت لەو حاڵەتەشدا سـەرکەوتو ناتوانێـت بـەئارەزوی خـۆی رەفتـار بکـات، کەچـی بـەپێی پێـودانگی بـەعس ئـەوەی لەناوچەکەدا دەسـتی " قارەمـانێتی ئۆپراسـیۆنەکانی ئـەنفالی " پێرابگـات بـەگوێرەی ئـاین رەواو حەڵاڵـە، واتـە بۆسـوپای عـراق حەڵاڵـە. ئایـا گیـان و روحـی پیـاو و ژن و منـاڵی کـورد لـە گونـدە داگیرکراوەکان بۆ سەرباز و ئەفسەرەکانی عراق حەڵاڵە؟

پێش ئەوەی سەردانی بـاکوری عـراق بکـەم چـەندین حیکایـەتی سـەیرم بیـستبو، بـۆ نمونـە بیستبوم ژنانی کورد لەبازاری کۆیلە فرۆشەکانی ناوچـەی کەنـداو دەفرۆشـرێن. کوردێـك دەناسـم لەنیسانی / 1989 لەبرادەرێکی شۆفێرییەوە نامەیـەکی پێگەیـشتوە کەلـەنێوان عـەمان و بەغـدا کەلوپـەلی دەگواسـتەوە. برادەرەکـەی لەنامەکەیـدا دەڵێـت : سـەفەرێکیان لـەنزیك شارۆچـکەی رومادی ئۆتۆمۆبیلەکەی پەکیدەکەوێت، لەکاتی چاککردنەوەی ئۆتۆمۆبیلەکەی دووژن دەچـنە لای و لێی دەپارێنەوە بیانگەیەنێتە شاری سلێمانی. کاتێك دەزانێت ئەوانیش وەك خۆی کوردن، ئـیتر لەگەڵیاندا دەکەوێتە قسەکردن و بۆی دەردەکـەوێت لـەکاتی ئەنفالـەکانی ساڵی 1988 دا بـەدیل گـیراون و ئەفـسەرێکی بـچوك لەسـوپای عـراق بەسـەرەك خێڵێکـی ناوچـەی پاریزگـای ئـەنباری

فرۆشتون، بەڵام شۆفێرەکە داواکاری دوو ژنەکە رەتدەکاتەوە، و لەبەر ئەوەش نامەکەی نوسیوە چونکە قێز لەخۆی دەکاتەوە [7].

یەکێك لەبەڵگەنامەکانی ئیستخبارات لیستێك بو بەناوی ئەو کەسانەی لەنێوان یەکی شوبات ـ بیست و چواری ئاب / 1989 دا گوللەباران کرابون، لە 4 / ئازار پێنج کەس و لە 30 / ئایار بیست و چوار کەس گوللەباران کرابون و... هتد. کورتەیەك لەکێشەی هەریەکێکیان هاوپێچی ناوەکەیان کرابو. بەروکەش هەمو شتێك ئاسایی بو. لیستی ناوەکان لەزەرفێکی داخراودا بەمۆری " نهێنی و تایبەت ـ سری و خاص " مۆرکرابو، کەلەبەرواری 24 / ئاب / 1989 لەنوسینگەی سەرکۆماری عراقەوە دەرکرابو. لەسەروی لیستی ناوەکان بەخەتێکی کوفی ناسك وشەی "بسم الله" نوسرابو. لەژمارەی (35) ی ناوەکان، ناوی نوسەرو روناکبیری کورد دڵشاد محەمەد ئەمین فەتاح سەرنجی راکێشام کەپوختەی کێشەکەی بەمشێوەیە بو: "ئەم تاوانبارە لەئامادەیی شۆرشی کوران لە سلێمانی مامۆستا بوە و بەپیتی لاتینی وانەی زمانی کوردی وتۆتەوە و بیرۆکەی شۆفینیو جوداخوازی بلاو کردۆتەوە". دڵشاد وانەی کوردی دەڵێتەوە (ئەمەیان قبول دەکرێ)، بەڵام بەپیتی لاتینی (ئەمەیان قبوڵ ناکرێ، لەبەر ئەوەی پێویستە پیتی عەرەبی بەکاربهێنرێ)، بۆیە گوللە بارانکرا. بەلایەنی کەمەوە هۆیەك بۆ کوشتنی دڵشاد هەیە، بەڵام تەنها ناو زەدەکردنی لەلیستی ناوی " ئەنفالەکان " هەمو بیانویەکی لەوبابەتە پوچەڵ دەکاتەوە.

لەلایەکی دی، مانای هەر ناوێك پەیوەندی بەکولتوری بالا دەستەوە هەیە، چونکە خودی ناوەکان مانایان نیە، بۆیە مانابەخشین بەناوێك پێویستی بەوە هەیە کۆمەڵە خەڵکێك بەشداری لەمانا پێبەخشینی بکەن.

ئەو دوو ژنەی پێشتر لەنامەکەدا ئاماژەیان بۆ کراوە ئەفسەرێك بەسەرەك خێڵێکی فروشتوە کەبەهیچ شێوەیەك پەیوەندی بەسوپاوە نیە. ئەو دووژنە لەدوای تێپەربونی سێ ساڵ بەسەر پرۆسەی ئەنفالدا بەبێ هیچ دوودڵییەك باخەڵی گەلێك پیاویان دیوە، رەنگە ئەو کارەش لەرێگەی گەوادەوە ئەنجام درابێت. بەمشێوەیە ژنانی کورد لەسەر دەستی فەرمانرەوا دەوڵەمەندەکان بون بەسۆزانی سەدەی بیستەم، بۆیە لێرەدا مەسەلەکە بەتەنها پەیوەندی بەگەندەڵی و تاوانکارییەوە نیە، بەڵکو پەیوەندی بەزیندووکردنەوەی دەستەلاتی رابردوە هەیە بۆ ئەوەی لەئێستادا گەمە بەچارەنوسی خەڵکییەوە بکرێ، ئەمەش لەنێو نەتەوەپەرستەکانی عەرەب یا سیاسەتی ئیسلامیەکانی سەدەی بیستەمدا زۆر بەربلاوە.

ئایدۆلۆجیستە بەعسیە زرنگەکان ئەرکەکانیان وەك ئەرکی قوتابخانە بەجێ دەهێنا کاتێك وشەی ئەنفالیان وەك جفرەیەك لەساڵی 1988 دا بۆ ئۆپراسێونە سەربازییەکانیان لەکوردستانی عراق هەڵبژارد. " خوا شاهیدە ئەوەی لەداگیرکردنی کوێت رویدا ویست و ئیرادەی خوداوەندی لەسەر بو نەك ویستی ئێمە "، سەدام حوسەین لەکانونی یەکەم / 1990 دا بەم وتانەی فەرماندە سەربازییەکانی بۆ "ام المعارك" سازو ئامادە دەکرد. یەکێك لەو کارە پێکەنیناوییەی پێویستە بیزانن تەنها پێری بۆم روونبۆتەوە، ئەویش حزب لەدروشمێکیدا بوش بەفیل دادەنێت. "الم تر کیف فعل ربك بأصحاب الفیل ؟، مەبەستم ئەوەیە کاتێك گوێم لەم وشانە بو...". ئیتر هێدی هێدی دەنگی سەدام حوسەین کزدەبو تابەتەواوەتی بێدەنگ بو وەك ئەوەی گرەنتی ئەو ئایەتانەی دەیهێنایەوە تا ئەوپەری رادە سەرسامیان کردبێت. دوای بەدوای ئەوەش بێدەنگی ماوەی (15) خولەك درێژەی کێشا و فەرماندەیەکی پایەبڵند سەربازی عراق زۆربەکزی کەبەحال دەنگی دەبیسترا ئایەتەکانی دەوتەوە. فەرماندەیەکی دی بەدەنگێکی بەرز وتی "ویست و ئیرادەی خوداوەند بو"، پاشان پاشماوەی سورەتی (105) یان تەواو کرد کەسەدام حوسەین تەواوی نەکردبو، چونکە ئامادەبوان سورەتەکەیان زۆربەباشی دەزانی. سورەکە بەسەرهاتی خاوەن فیلەکان دەگێڕێتەوە :

" الم یجعل کیدهم في تضلیل و ارسل علیهم طیرا ابابیل، ترمیهم بحجارة من سجیل، فجعلهم کعصف مأکول " ( 105 : 2 ـ 5 ). لەپێش دەرکەوتنی ئیسلام و لەرۆژی لەدایك بونی محەمەدی پێغەمبەر، مەککە بەپەرجو ( معجزە ) لەشالاوی حەبەشییەکان رزگاری بو، چونکە ئەو حەبەشیانەی بەسواری فیل هاتبون خوداوەند بەباڵندەی ئەبابیل سەنگ بارانی کردن. سەدام حوسەین لەکانونی یەکەم / 1990 بەشێوەیەك قسەی بۆ فەرماندە سەربازیەکانی دەکرد کە بوش و سوپا (500) هەزار سەربازییەکەی هەمان چارەنوسیان دەبێت، بەڵام ئەوەی مایەی خەمۆکییە ئەمجۆرە بیرکردنەوە و وێناکردنە لەکاتی قەیرانی کەنداودا نەك هەر کاریگەری لەسەر زۆرینەی عەرەب هەبو، بەڵکو لەلایەن روناکبیرانی عەرەبیشەوە وەك پێویست بەرپەرچ نەدرایەوە [9]. لەرۆژهەلاتی ناوەراستدا رابردو تەنها رابردو نیە، بەڵکو وەك بەردی دەستار بوە بەهاندەر و ئامرازێکی یاسادانی هەنوکە و لەملی هەموان ئالاوە.

## چۆن دڵڕەقی باڵادەکات

هێرش و پەلامارەکانی ئەنفال لەناشوێنەوە نەهاتوە. ئەنفال دەرئەنجامی سیاسەتێکە لەرێکەوتنامەی جەزائیری سالی 1975 ـ دوە بەرامبەر بەکورد پەیرەو دەکرێ، هەروەها دەرئەنجامی دیاریکردنی سەرزەمینێکە لەسالی 1975 ـ دوە بونی مرۆڤی تیاقەدەغە دەکرێ، و بەرەزامەندی ئێران پشتێنەیەك بەقولایی 5 ـ 10 کیلومەتر بەدرێژایی سنوری عراق ـ ئێران چۆلکراو و بەبێ جیاوازی گوندەکانی نێوپشتێنەکە تەختکرا و دانیشتوانەکەیشی لەو ئۆردوگا زۆرەملیانە نیشتەجێ کران کە حکومەت لەدەوروبەری شارە گەورەکاندا دروستی کردبون. رەنگە ژمارەیەك لەو خێزانانەی قەرەبوکرابونەوە گوزەرانیان باشتر بوبێت. هێندێك کەرەت لیژنەی خەملاندن بۆ قەبلاندنی مالومولکە دەست بەسەر گیراوەکان و دیاریکردنی بژاردنەکان (تعویضات) دادەنرا، هەروەك کوردەکان بۆیان گێرامەوە رێژەی پارەی بژاردنەکە بەپێی پلەوپایەی سیاسی خێزانەکان دیاریدەکرا، بەلام بەخێرایی و بەشێوازێکی ئاشکرا پیادە نەدەکرا، بۆ نمونە بری پێنج هەزار دینار بۆ خێزانێك دیاریکرابو کە خانویەك و باخێکی میوەی هەبێت، کەچی ئەگەر بزانرایە خێزانێك لایەنگری لە بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد دەکات ئەوا هێندێك جار بری پارەکەیان بۆ پەنجا هەزار دینار زیاد دەکرد. لەراستیدا ریژیم بەرتیلی بەو خێزانانە دەدا بۆ ئەوەی وازلەبزوتنەوەی کورد بهێنن. لەکاتی پارەدان هەمو کەسێك پشکی خۆی وەردەگرت و سەرۆکی خێلیش گەورەترین پشکی وەردەگرت (لەکاتی شەڕی عراق ـ ئێراندا هەمان شێواز بەسەرکەوتویی لەگەل سەرەك خێلە شیعەکانی باشوری عراق بەکارهێنرایەوە). سەرەرای ئەوەش سیاسەتی راگواستن تەنها ئەو کوردانەی نەگرتەوە کەدژایەتی حکومەتیان دەکرد یا لایەنگریان لە بزوتنەوەی کورد دەکرد، بەلکو گوندەکانی ئەو سەرەك خێلانەشی گرتەوە کەسالی 1974 ـ 1975 شانبەشانی هێزەکانی ریژیم شەڕی شۆرشی خەلکی کوردستانیان دەکرد.

ریژیم کەسایەتیە ناسراوەکانی کوردی لەجیاتی خۆی وەك یەکێك لەشێوازەکانی قاییل کردن رەوانەی ناوچەکان دەکرد، بۆ نمونە وەزیری کاروباری کۆمەلایەتی کوردێکی ناوچەی قەلادزێ و کەسایەتیەکی زۆر خۆشەویست بو، ریژیم لەنیوەی دوەمی سالانی حەفتاکاندا رەوانەی ناوچەکەی کرد بۆ ئەوەی قەناعەت بەخەلکەکەی بهێنێ گوندەکانیان چۆل بکەن. وەزیر بەمشێوەیە قسەی بۆ خەلك دەکرد : "ئەگەر گوندەکانتان چۆل نەکەن لێتان دەدەن و روبەروی مەینەتیەکی زۆر دەبنەوە، ئەگەر لەشوێنی خۆتان بمێننەوە ئەوا بەدەیان سال بەدواکەوتویی دەمێننەوە". ئەو کەسایەتیە یەکێك بو لەو دەیان کوردەی پشتگیریان لەحکومەت دەکرد و

ڕەوانەی ناوچەکان دەکران بۆ ئەوەی خەڵکی قاییل بکەنماڵەکانی خۆیان بەجێ بهێڵن، هەروەها چەندین شێخ و سەرکردەی کوردی دییان بۆ هەمان مەبەست ڕەوانەی ناوچەکان دەکرد.

کورد لەدوای هەرەسی ساڵی 1975 ڕێگەیەکی زۆری لەبەردەم نەمابووە، بۆیە هەوڵەکانی ڕیژیم بۆ ڕاگواستنی کورد شایانی وەبیرهێنانەوەیە، بەتایبەتی لەو هەلومەرجە و بەدیاریکراویش بەهۆی ئەو گۆڕانکاریانەی لەهەشتاکان بەسەر وەزعیاندا هاتبو. ئەو کەسانەی حکومەت بۆ قاییلکردنی خەڵکی ڕەوانەی ناوچەکانی دەکرد چەندین هەفتەیان بەروپامایی بەسەر دەبرد و تەنها لەدوای گەڕانەوەیان سوپا تەدەخولی دەکرد، کەچی ئەوەی لەنیسانی 1988 دا بەسەر گۆپتەپە، گوندەکەی عەبدوللا عەسکەری هات بەتەواوەتی جیاواز بو.

دەربارەی ئەو کەسانەی لەهەفتاکاندا بەتۆپزی ڕاگوێزراون ئامارێکی تەواو کە پشتی پێببەستریٚ لەبەردەست نیە، بەڵام ڕۆژنامەی "الثورة"، زمانحاڵی ڕەسمی حکومەتی عراق لەساڵی 1978 دانیپیاناوە تەنها لەماوەی دوو مانگدا " 150" هەزار کەس ڕاگوێزراون [10].

کێشەی عەشیرەتی بارزان لەناوچەی بادینان لەباکوری عراق بەپێی حاڵەتە کلاسیکیەکانی ڕاگواستنی زۆرەملێی ئەو دەمە چارەسەر نەکرا، تەنانەت بەعس هەوڵینەدا بە بەرتیلیش ناوچەکەیان پێچۆل بکات، بەڵکو هەوڵیدەدا بیانکات بەنمونە. بارزانیەکان لەهەلومەرجێکی زۆر ناخۆشدا ڕاگوێزران، هەلومەرجێك لەهەلومەرجی کەمایەتی غیتۆی شارەکان دەچو، بەڵام غیتۆی ئەمجارەیان لەساڵی 1976 لەباشوری عراق بو.

بارزانیەکان تاساڵی 1981 لەباشور مانەوە، ئەو ساڵەی سەرلەنویٚ بۆ ئۆردوگای قوشتەپە لەدەرەوەی شاری هەولێر گوێزرانەوە. بارزانیەکان لە (50) هەزار کەس تەنها (20 ـ 30 ) هەزار کەسیان لێمایەوە. لەساڵی 1983 بەرزان تکریتی، نوێنەری عراق لەنەتەوە یەکگرتوەکان ( بەشداری ئەو چاوپێکەوتنانەی کردوە کەلەگەڵ لێژنەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆمافی مرۆڤ بەستراوە ) و وەتبانی برای سەدام حوسەین و تیپێکی موخابەرات و یەکەیەکی تایبەت لەسوپا چەند هەزار نێرینەیەکیان لە ئۆردوگاکە کۆکردەوە، ئەوانەی تەمەنیان لەسەروی (12) ساڵ بو. شاهیدێك دەیوت ئەو خەڵکەیان بەماشین بەرەو باشور گوێزایەوە و دواجاریش لەدەوروبەری شاری بەغدا بینراون، ئنجا بێسەروشوێن کران. تاکو ئێستا و بۆ چەند ساڵێك دەچێت بەهەزاران ناو لەچەکمەجەکانی نەتەوە یەکگرتوەکاندا وەك خۆی دانراون.

لەکاتی سەردانەکەم لەتشرینی دوەم / 1991، ئەو چەند کاتژمێرەی لەقوشتەپەبوم هەستێکی ئەوتۆی لەناخمدا دروستکرد کەمەینەتی ڕاستەقینەی ڕوداوەکان کاریگەری لەسەر

چارەنوسی زیندوەکان هەیە نەك مردوەکان. لەدوای گرتنی نێرینەکان بەماوەیەکی کورت چوار دەوری ئۆردوگاکەیان تەلبەندکرد و رۆژانە پیاوانی سوپا سوکایەتیان بەخەڵکەکەی دەکرد، کارەبایان لێیان دەبری، رێگەیان نەدەدا پەیوەندی بەدونیای دەرەوە بکەن و ژنان بەتەنەکە ئاویان دەهێنا. بەپێی قسەی یەکێك لەژنەکان، سەربازەکان لەنزیکەوە فیشەکیان بەتەنەکەکانی سەرسەریانەوە دەنا یا بەئەنقەست ئاوەکەیان لەدوای هێنانی دەرشت.

سوپا و حزبییەکان هەمو رێسا و ئوسولێکیان پێشێلدەکرد. دەستدرێژیان دەکردە سەر ژنان و بەزۆر دەیانکردن بەدۆستی خۆیان. پیاوێك پێی وتم : " ژنان خۆکوشتنیان پێ باشترە، تا قسە لەسەر ئەو مەسەلەیە بکەن ". منالی خوار (9) سالان لەو ناوە هاتوچۆیان دەکرد، بەلام ماقول نەبو باوکیان کورد بێت. ئەو خێزانانەی پیاویان نەمابو بەرەو لێکترازان دەچون. ژمارەیەك لەو پیاوانەی لەو پرۆسەیە بەسەلامەتی دەرچوبون (ئەوانەی سەفەریان کردبو یا لەدەشت و دەربون) حاشای خزمایەتیان لەخەلکی قوشتەپە دەکرد، بۆ نمونە لەجیاتی ئەوەی وەك بارزانیەکان جامانەی سور لەسەر بکەن، ئەوا جامانەی رەش و سپیان لەسەر دەکرد.

ئەو پیاوانەی سوکایەتیان پێکرابو بەچاوێکی زۆر سوك تەماشای قوربانیەکانی حزبی بەعسیان دەکرد. قوشتەپە ببو بەسەرچاوەی سوزانیەت و لەجادەکانی هەولێر و بەغدا دەسورانەوە و خەریکی کاری خۆیان بون. بەمشێوەیە حزبی بەعس تۆڵەی لەعەشیرەتی بارزان دەکردەوە، ئەو عەشیرەتەی سەرکردایەتی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردی دەکرد.

کاتێك لەدەوری ئۆردوگاکە دەسورِاینەوە هەواڵ بلاوبووە لێکۆڵینەوە لەسەر روداوەکانی ئۆردوگاکە دەکەین، بۆیە ژنان و منالان بەخۆیان و وێنەی کەسورکارە بێسەرو شوێنەکانیانەوە لەماڵەوە گوروژمیان دەهێنا. لەو ساتەی خەلکی لەچواردەورم ئاپورەیان بەستبو هەستم بەشەرمەزارییەکی زۆر دەکرد کەشایانی راڤەکردن نیە، چونکە شەرمم لەعراقی بونی خۆم دەکردەوە.

گرنگی قوشتەپە بریتی بو لە مەشقێك بۆ ئەوەی کارەساتی گەورەتر بەسەر زۆرێك لەکورد بهێنن، ئەوەش هەر لەسەرەتای بزاوتنەوە تا هێرش و پەلامارەکانی ئەنفال لەسالی 1988 دا بەردەوام بو. شەڕی عراق ـ ئێران بوە مایەی بالاکردنی وەحشیگەری لەسەرتاپای عراقدا، دەشێت ئەو وەحشیگەریەش لەگۆڕانی سیاسەتی حکومەتی عراق بەرامبەر بەکورد لەسالانی هەشتاکانەوە بەدیبکرێ. لەسالی 1982 دا ریژیمی عراق بەپێی رێکەوتنامەی جەزائیر خەلکێکی زۆری لەدەرەوەی پشتێنەی ئەمنی راگواست (خەلکێکی زۆری لەگوند و شارۆچکەکان راگواست، تەنانەت لەو ئۆردوگا زۆرەملیانەش کەلەسالانی هەفتاکاندا دروستی کردبو)، زۆر بەدەگمەنیش

کەمێك پارەی وەك پێبژاردن پێدەدان. بەروکەش حکومەتی عراق دەیویست تائەوپەری رادە جموجوڵی ئێران لەناوخاکی عراق کەمبکاتەوە، بۆ نمونە ئەگەر ئێران چوارتا لەدوای چۆڵکردنی داگیربکات، ئەوا دەرئەنجامێکی سیاسی و سایکۆڵۆجی خراپی لێناکەوێتەوە.

ئۆردوگا زۆرەملێکان لەبینایەکی گەورەی کۆنکرێتی دەچون و بەزۆری لەتەنیشت سەربازگەکانەوە بیناکرابون و هیچ جۆرە خزمەتگوزاری و شوێنێکی حەوانەوەیان تیانەبو. کورد بەتەواوەتی لەشێوازی ژیانی رابردویان دابڕابون، بۆیە حەزیان نەدەکرد بۆ ئۆردوگاکان بگوێزرینەوە، زۆر جارانیش بەدزییەوە بۆ گوندەکانی خۆیان دەگەڕانەوە و سەرلەنوێ ئاوەدانیان دەکردەوە.

بەپێی بەڵگەنامەکانی پۆلیسی نهێنی کەرێکخراوە کوردستانیەکان لەکاتی راپەڕینی ئازاری/1991 دا دەستیان بەسەرا گرتبو، روخاندنی گوندە کوردنشینەکان کە لەساڵی 1986 ـ ەوە بەجیدی دەستی پێکرد، پێشینەیەکی راستەقینەی ئەنفال بو. بەپێی یەکێك لەبەڵگەنامەکانی ئیستخباراتی سلێمانی لەبەرواری 26/تشرینی دوەم/1986 و لەسەر فرمانی وەزارەتی ناوخۆی بەغدا لیستێکی بە ( 663) گوندی قەدەغەکراو ئامادەکردوە. هەر ئەو بیرۆکەیەش لەساڵی 1977 دا لەپشت دروستکردنی پشتینەیەکی ئەمنییەوە بو بەپانی 5 ـ 10 میل و بەدرێژای سنوری ئێران، بەڵام روبەروی زەوییە قەدەغەکراوەکان زۆر گەورەتر کرا. راپۆرتی هاوپێچ بەلیستی ناوی گوندەکان ئاماژە دەکات بەوەی چۆن کارەبایان لەگوندەکان بڕیوە، مەڕوماڵاتیان لێیان دورخستۆتەوە و رێگەیان لەئاڵوگۆری بازرگانی لەنێوان گوندە یاساغکراوکان گرتوە. بەڵام نوسەری راپۆرتەکە ئاماژە بەکەموکورتی ئەو رێوشوێنانە دەکات : " سەرەرای گەمارۆدانی ئابوری، کەچی بڕێك خواردنی پێویست هەر دەگاتە گوندەکان، چونکە رێگەی گوندەکان بەتەواوەتی کۆنترۆڵ نەکراوە و بەپێی دیمۆگرافیای ناوچەکە گەلێك رێگەی لاوەکی هەیە کەبەعەمەلی کۆنترۆڵ ناکرێت "، بۆیە پێشنیاز دەکات ئەو رێگایانە گەمارۆی زیاتریان بخرێتەسەر.

لەگەڵ سەرەتای 1987 بەئاشکرا دیاربو  حکومەت لەئابلوقەدان زیاتر هەنگاو دەنێت. دەفتەرێکم لەبەڕیوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی سلێمانی دەسکەوت، دەفتەرێکی ئاسایی و زۆربەسەلیقەیی لەبەرگێکی رەنگ پیازی لەبەرگ گیرابو. وەرەقەی بەرگی دەفتەرەکە وێنەیەکی کاریکاتۆری گولێکی قەوانی رەنگ سپی لەسەر بو. کاتێك لەبەغدا قوتابی بوین بەوجۆرە کتێب و دەفتەرەکانمان لەبەرگ دەگرت بۆ ئەوەی بیانناسینەوە. رەنگە ئەو فەرمانبەرەی ئەو دەفتەرەی

لـەکن بـوە هـەمان هەسـتی هـەبوبێت، بۆیـە بەقەڵـەمێکی سـور وبەخـەتێکی گونجـاو لەسـەر وەرەقەیەکی چوار گۆشەی سپی پێرستێکی بەناوی "تیانوسی گونـدە روخاوەکان" نوساندبو بـە بەرگی دەفتەرەکەوە.

لیستەکە ناوی ( 399 ) گوندی تیا تۆمار کرابو. مێژوی روخاندنی ئـەو گوندانـە ـ هـەمویان لەساڵی 1987 روخێنرابون ـ زۆر بەجوانی نوسـرابو، لـەپاڵ نـاو و مێـژوی روخانـدنی گونـدەکان پۆتانی (احداثیات) گوندەکەش لەسەر نەخشە دیـاریکرابو. سـەرجەم گونـدە روخاوەکـان لەچوار مەڵبەندی رۆژهەڵاتی باکوری عراق بون.

ئەو تیانوسە یەکێك بو لەو زنجیرە تیانوسانەی کەهەر بەشێکیان بـۆ ناوچـەیەکی کوردسـتان تەرخان کرابو، کەچی گونـدەکانی نێـو دەفتـەرە رەنـگ پیازییەکـەی لەسـەرەوە باسـکراوە ناویـان لەلیـستی گونـدە یاسـاغکراوەکانی سـاڵی 1986 نـەهاتوە، بـەڵام لەسـەر بنـەمای کۆمـەڵێك بەڵگـە بڕوام وایە گوندە روخاوەکان بـەفیعلی لـەنیو گونـدە یاسـاغکراوەکان بـون. ( چـەندین بروسـکە و فایـل و دەسـتنوس و نوسـراوی دی هەیـە کەدەچـێتە ریـزی بەڵگەنامـەکانی ئەنفالـەوە تائێـستا پێویستی بەکۆکردنەوە و پشکنینی قووڵ و ورد هەیە، تەنانـەت تـا ئـەم ساتەوەختەش بـەقوڵی و ئـەکادیمی لێکۆڵینـەوەیان لەسـەر نـەکراوە. لـەئابی / 1991 دا بـۆ یەکـەمجار لەلەنـدەن چـاوم بەهێندێك لەو بەڵگەنامانە کەوت، حزبە سەرەکییەکانی بەرەی کوردستانی لەباکوری عـراق هـەر یەکەیان بەشی خۆیان لەو بەڵگەنامانەیان هەیـە، بۆیـە تـەنها بەسـەرکردنەوەی ئـەو بەڵگەنامانـە چـەندین سـاڵی گەرەکـە، ئەمـە ئەگـەر گریمـان بتـوانین بەمەبەسـتی لێکۆڵینـەوەی زانـستی و لەکەشێکی ئەکادیمی دوور لەخاتری "ئیعتباراتی" سیاسی کۆیان بکەینەوە و بەئەرشیفی بکـەین. پێم وایە لەدەسپێکی دەرفەتێکی لەو جۆرە کەشایانی ئـەو چاودێری کردنـەبێت، ئـەوا رۆژگارێـك دێت تەنها مێژوویەکی بێوێنە و ئاوارتە نەنوسـرێتەوە، بـەڵکو لێکۆڵینـەوەی هەمەلایەنـە لەسـەر شێوازی کارکردنی دەوڵەتێکی پۆلیسی هاوچەرخ بکرێ).

ئەوەندەی لەعراق بوم هـیچ بەڵگەنامەیـەکم لەسـەر سـەرەتای ئـەنفال دەسـتنەکەوت، بـەڵام بەڵگەنامەیەکم بەئیمزای خودی سـەدام حوسـەین هەیـە کەبەبنەمایـەکی یاسـایی ئـەو پرۆسـەیە دادەنرێت، بۆیـە تـەنها ئـەو بریـارە بەسـە ئەگـەر بێتـو رۆژێـك لـە رۆژان ئەنـدامانی پایـە بڵنـدی سەرکردایەتی حزبی بەعس بەتاوانی دژی مرۆڤایەتی دادگایی بکرێن.

ئەو بڕیـارە لەبـەرواری 29 / ئـازار / 1987 لەلایـەن ئەنجومـەنی سـەرکردایەتی شۆڕشـەوە دەرچـوە، کەبـەرزترین سەرچـاوەی بریاردانـە و خـودی سـەدام کـۆنترۆڵی دەکـات و بڕیارەکـانی دەسـتبەجێ جێبـەجێ دەکـرێ. بڕیارەکـە دەسـتەلاتی تـەواو لـەباکوری عـراق و کوردسـتان دەدا

بەعەلی حەسەن مەجید، کورەمامی سەدام حوسەین و ئەنـدامی ئەنجومـەنی شـۆرش ـ پاشـان بـو بـەوەزیری بـەرگری عـراق ـ ئـەو دەسـتەڵاتە هـەمو دەزگـا مـەدەنی و سـەربازی و ئەمنییـەکان دەگرێتەوە و دەتوانێت ئەو یاسایانەش بـۆ ماوەیـەکی نادیـار هەڵپەسـێرێت کـە لەگـەڵ نـاوەرۆکی ئەو بریارە ناکۆك بێت[11].

عـەلی حەسـەن مەجیـد لەبـەر رۆشـنایی ئـەو دەسـتەڵاتەی بریارەکە پێیـدابو، دەسـتی کـرد بەروخانـدنی ئــەو گوندانــەی بەشۆرشـگێرێتی ناســرابون بەتایبــەتی ئــەو گوندانــەی داڵــدەی پێـشمەرگەیان دەدا. لەنیـسانی / 1987دا شـێخ وەسـان لەناوچـەی بالیـسان یەکـەم گونـد بـو کیمیاباران کرا ( ئەگەر بـۆمبی ناپـاڵم ئاوارتـە بکـرێ ) , ولـەکاتی سـەردانەکەم لەتـشرینی دوەم / 1991 بەچاوی خۆم پاشماوەی بۆمبە کیمیاییە ژەنگاوییەکانم بینی و لەسەر روداوەکـەش قـسەم لەگەڵ گوندنشینەکاندا کرد. دکتۆر جەعفەر پزیشکێکی کوردە و لەساتەوەختی کیمیابارانی شـێخ وەسان دا لەئیستخباراتی عەسـکەری لەنەخۆشـخانەی کۆمـاری هـەولێر کاریـدەکرد، برینـدارەکانی خودی ئەو کیمیابارانەی بەچاوی خۆی دیوە:

"بەئۆتۆمۆبیلی تایبەت خەڵکیان لەناوچەکەوە بـۆ خەسـتەخانەی کۆمـاری دەهێنـا. ژمـارەی برینـدارەکان زیاد لە380 پیرەمێرد و ژن و منالّ دەبون و هەموشـیان برینـداری چـەکی کیمیـایی بون. دەوڵەت بریندارەکانی لەڤاوشێکی گەورە داناو فرمانی بـەدکتۆرەکان دا چارەسـەریان نەکـەن و تەنها لەژێر چاودێری بیانهێڵنـەوە و رێگـە نـەدەن کـەس لێیـان نزیـك بێتـەوە. برینـدارەکانیان تـەنها رۆژێـك لەخەسـتەخانە هێـشتەوە و بـۆ شـەوی داهـاتو رەوانـەی زینـدانێکی هـەولیر کـران. یـەکێك لـەو کەسـانەی لـەنزیك زیندانەکـە دەژیـا، دەڵێـت شـەوێکیان برینـدارەکانیان لەزینـدان دەرهێنا و زیندە بەچاڵیان کردن"[12].

هێـرش و پـەلامارە درندانـە یـەك لـەدوای یەکـەکانی ئـەو ساڵە چـرتر و گـەورەتر دەبـو ـ لەهێنـدێك لـەو پەلامارانـە چـەکی کیمیـایی و هێنـدێکی دییـان چـەکی ئاسـایی بـەکاردەهێنرا ـ کوردەکـان ژمارەیـەکیان بـۆ شـارەکان و ژمارەیـەکی دییـان بـۆ ئێـران رایـانکرد لەبەرئـەوەی بەتەواوەتی گەمارۆی نەدرابون تالەڤـەلاکان لـەناوببرێن، پاشـان ئـەوەش رویـدا چونکە ئـەو کاتـە هێشتا سـەردەمی تاقیکردنـەوەی سـتراتیجە جیاوازەکـان بـو. هەرچـەندە جهانی عـەرەبی گرنگـی نـادات چ بەناوییـەوە دەکـرێ، بـەڵام بەدڵنیاییـەوە هێنـدێك لەدیبلۆماتـە رۆژئاواییـەکان ئاگـاداری روداوەکان بون، کەچی سەرەرای ئەوەش حکومەتەکانیان جهانی لـەو روداوانـە ئاگـادار نـەکردەوە. یـەکێك لـەو دیبلۆماتانـەی لـەهاوینی 1987 سـەردانی بـاکوری عراقـی کـرد دەڵێـت ؛ پرۆسـەی

روخاندنی گوندەكان و نیشتەجێ كردنەوەی هەزاران كورد لەئارادایە :" لەشەش مـانگی رابـردودا بەبەرچاومانەوە شۆرشی دیموگرافی ئەنجامـدەدرا"[13]. بـەڵام باشـترین بەڵگـە لەسـەر ئـەو رۆڵـەی عەلی حەسەن مەجید لەكۆتایی هەشـتاكان لەكوردسـتان وازیكـردوە ئـەو ناوانەیـە كـە كـورد لێـی ناوە، ئەویش : سـەرەتا پێیـان دەوت " عـەلی كیمیـایی "، پاشـان ناوبـانگی بـە " عـەلی ئـەنفال " دەركرد.

بـەر لـە شـوباتی / 1988 وشـەی ئـەنفال بـۆ هـیچ پرۆسـەیەكی عـەلی حەسـەن مەجیـد لەباكوری عراق بەكارنەهێنراوە، " پێم وایە بڕیاری سەرەكی بـۆ چـەند جـارەكردنی (مضاعفة) تونـدو تیـژی لـەدژی كـورد لـەكۆتایی 1987 و سـەرەتای 1988 بڕیـاری لەسـەر دراوە "، بۆیـە بڕیاری بەكارهێنانی زیاتری توندوتیژی ناوی ئەنفالی لێنرا.

رودانـی شـتێكی نـوێ كـارێكی نهـێنی نـەبو، چـونكە عراقییـەكان بەدرێـژایی سـاڵی 1988 بەردەوام لەدەزگاكانی راگەیانـدنی دەوڵەتـەوە بابـەتیان لەسـەر " قارەمـانێتی پرۆسـەی ئـەنفال " دەبیست. شۆرش رەسول ماوەیەكی دورودرێژ لەسەر پرۆسـەی ئـەنفال سـەرقاڵی لێكۆلینـەوە بـوە، پێی وایە پرۆسەی ئەنفالی یەك لەكاتـژمێری دووی شـەوی 23|22 / شـوبات / 1988 لەگونـدی یاخسەمەری نزیك بەشاری سلێمانی دەستی پێكرد و بەدرێژایی هاوینی ئەو ساڵەش بەردەوام بـو، لەكۆتایی مانگی ئاب و سەرەتای مـانگی ئەیلولـدا دوایـی پێهات. بەبۆچـونی زۆربـەی عراقییـەكان بەو سەربازانەشەوە كەقسەم لەگەڵیان كردوە، پێیان وایە لەشكری یـەك و پێـنج لەسـوپای عـراق بەهاوكاری سەدان هەزارجاشی كورد ئۆپراسـێونی ئـەنفالیان ئـەنجام داوە. هەرچـەندە خـەڵكانێك بەروداوەكەیان دەزانی، كەچـی لەگـەڵ ئەوەشـدا ئـەنفال بەبەشـێك لەشـەڕی دژ بـەئێران دادەنـرا، بەڵام لەواقیعدا هەڵمـەتێكی گـەورەوگران بـو بەتـەواوەتی ئاراسـتەی كـوردە مەدەنیـەكان دەكـرا و بەدڵنیاییشەوە هێندێك كەس دەیانزانی چ شتێك پیادە دەكرێ.

لـەدوای شـەڕی كەنـداو بەماوەیـەكی كـورت جـەمال (نـاوێكی خـوازراوە) و ژنەكـەی، جـەمال پسپۆرێكی بەغدادییە و تەمەنی سی ساڵێك دەبێت و لـەخێزانێكی ناسـراوە و لەگـەڵ برادەرێكـی خۆشەویستی خـۆی بـەناوی تـاریق (ئـەویش نـاوێكی خـوازراوە)و خێزانەكـەی ئێوارانێـك پێكـەوە دەبن. هەر چواریان لەو دانیشتنەدا دەكەونە باسكردنی ریـژیم. لـەناكاو تـاریق كەوتـە باسـكردنی مەسەلەیەكی ترسناك كە ئەفسەرێكی ئەمنی ئامۆزای تێوەی گلابو. ئەفسەرەكەی ئـامۆزای مـاوەی (10) ساڵ لەباكوری عراق بەتایبەتی لەشاری موسل لەدەزگای ئەمنی دەوڵـەت كـاریكردوە. تـاریق لەبەر متمانەی نێوانیان باسی لەكوشتنی 22 هەزار كورد دەكـرد كـەئامۆزای پێـی زانیـوە، لەبـەر

گەورەیی ژمارەکە دەبوایە بەرێگەیەکی تایبەت بکوژرێن، بۆیە بەپێی وتەکانی عەزیز لەدوای لەناوبردنیان بەکۆمەڵ خراونەتە ژێر خۆڵەوە.

بەڵام لەو دانیشتنە باس لەوە نەکرابو عەزیز چەند کەسی کوشتوە یا چ رۆڵێکی لەو پرۆسەیە وازیکردوە، هەروەها تاریق ئەو روداوەشی بەدەم عەزیزەوە گێڕایەوە ؛ سەربازێك دەستی لەرزیوە ونەویستوە تەقە لەکوردەکان بکات، بۆیە سەرەتا ئەفسەرەکەی هەرەشەی لێکردوە پاشان داوای لەبرادەرەکەی کردوە تەقە لەسەربازە سەرکێشەکەی برادەری بکات و ئەویش تەقەی لێنەکردوە، ئەفسەرەکە لەدوای ئەوەی لەگەڵ بەرپرسانی خۆی راوێژی کردوە بەدەستی خۆی هەردوو سەربازەکەی کوشتوە(14).

بەپێی سەرچاوە کوردییەکان پەلامارەکانی ئەنفالی 1988 بوە هۆی روخاندنی 1276 گوند، بۆیە پێویستە ئەم ژمارەیە بەراورد بکرێ لەگەڵ ژمارەی ئەو گوندانەی لەساڵی 1969 ـ 1974 روخێنراوە کەلە 12 گوند کەمتر بوە، کەچی ئەو ژمارەیە لەدوای (5) ساڵ بۆ 1189 گوند بەرزبۆتەوە، واتە بەپێی ئەو سەرچاوانە سەرجەم ژمارەی گوندە روخاوەکان لەساڵی 1968 ەوە گەیشتۆتە (3500) گوند ( ئەم ژمارەیە نزیکەی لە80٪ ی کۆی گوندەکانی کوردستانی عراق دەگرێتەوە ).

چۆن مرۆڤ لەم ژمارەیە تێدەگات ؟ ئیسرائیل لەنیو سنوری پێش ساڵی 1967 لەسەر ئێشوئازاری روخاندنی ( 369 ) گوندی فەلەستینی دامەزرا. کەواتە دەبێت بارستەی ئێشوئازاری بەکۆمەڵ چەند دەبێت کاتێك رێژەی ژمارەی گوندەکان دەیان کەرەت گەورەتر دەبێ ؟ نازانم، هەربەفیعلیش ئەو پرسیارە وەڵامی نیە، چونکە ئێشوئازار وەك دڵرەقی هەرگیز بەرێژە نیە و بەچەندایەتی ناپێورێ.

بەهەرحاڵ ئەو عراقی و عەرەبانەی لەکاتی روداوەکان بێدەنگ بون، پێویستە بەپەیمانێکی ئەخلاقی ئەوتۆوە دەربەستبن کەتێروانێکی قوڵی لەسەر هەمو ئەوشتانە هەبێت.

هەروەك هەوڵمداوە رونیبکەمەوە سیمای پرۆسەی ئەنفال روخاندنی گوند نیە، چونکە زۆر دەمێکە لەعراق گوند دەروخێنرێ، بەڵکو سیمای سەرەکی ئەنفال بریتیە لەرێکخستنێکی بیرۆکراتی و ئیدارەیەکی کلاسیکی پرۆسەی لەناوبردنی بەکۆمەڵی دانیشتوانی گوندەکان. بۆیە هیچ هۆیەك نیە بۆ لەناوبردنیان جگە لەوەی بەرێکەوت لەناوچەیەك دەژیان ئەو دەمە بەناوچەی یاساغکراو پۆلین کرابو. لێرەدا لۆجیکی بیروکراتیەت پەلامارێکی وەك ئەنفال و تاوانێکی وەك هەڵەبجە یالەسێدارەدانی کوردێك وەك نەیارێکی سیاسی ریژیم لەیەکتری

جیادەکاتەوە (لەم حاڵەتەدا گرنگ نیە تاوانبار تێکۆشەرێکی سیاسی بێت یا نا)، ئەوەنـدەی مـن زانیاریم هەبێت لەسەر لەناوبردنی بەکۆمەلی بەمجۆرە سیستماتیك و تۆکمەیـە پێـشتر لەمیـژوی نوێ عراقدا وێنەی نەبوە.

ڕەنگە خـودی ڕیـژیم بەباشـترین شـێوە، نمونـەیی پرۆسـەی ئـەنفال وەسـفبکات. نوسـراوێکی نهێنی و تایبەت بەسەرۆکایەتی ئاماژە دەکات بـەوەی ( 2532 ) کـەس و 1869 خێـزان لـەکاتی پرۆسەی ئەنفالـدا گیـراون و ڕەوانـەی ئۆردوگایـەکی نادیـار کـراون، بـەلام سـەبارەت بەچارەنوسـی گیراوەکانیش دەقی کۆبونەوەی نێوان فەرمانـدە سـەربازی و بەرپرسـە بەعـسیەکان و ئەفـسەرانی ئیستخبارات کەلە 26 / تشرینی دوەم / 1989 لەکەرکوك (کەرکوك شارێکی کوردە و دەکەوێتە باکوری عراقەوە ـ نوسەر) بەستراوە وەك خۆی لەکاسێتەکەوە تۆمـار دەکـەم. کاتێـك لـەعراق بـوم گوێبیستی ئەو کاسێتە بـوم کەعـەلی حەسـەن مەجیـد بەزاراوەیـەکی تکـرێتی شەقوشـڕ (ئـەویش وەك سەدام خەڵکی تکریتە) قسە لەسەر چارەنوسی کوردەکانی قەڵای قۆرەتو دەکات :

"وشەی گرنگی پێدانیان، مانای بەشۆفڵ دفن کردنیان دەگەیەنێت ... ئەو خەڵکانـە خۆیـان تەسلیم کرد. ئایا ئەوەش مانای ئەوە دەگەیـەنێت بـە زینـدوێتی بیانهێڵمـەوە ؟ ئـەو خەڵکـە زۆرە لـەکوێ دابنـێم ؟ بۆیـە بەسـەر مەڵبەندەکانـدا دابەشـم کـردن. لەویـشدا بـەبێ وەسـتان هاتۆچۆم بەشۆفڵەکان دەکرد".

ئەو کوردانەی گوللەبارانکران و لەگۆڕی بەکۆمـەڵ نێـژران ژمارەیـان چـەندە ؟ لـەماوەی (3) هەفتــەی مانــەوەم لەکوردســتاندا هەســتم دەکــرد هەرکەســێك حیکایــەتێکی لەســەر کەسـێکی ئـەنفالکراوی خێزانەکـەی هەیـە. لـەنێو ئـەو لیـستانەی پێـشکەشیان کـردوم، لیـستێکیان نزیکـەی (11) هـەزار نـاوی ئـەنفالکراوی تیایـە. سـەرکردە کوردەکـان ژمـارەی ئـەنفالکراوەکان بـە (182) هەزار کەس دادەنێن، بەلام ئەو ژمارەیە پشت بەلیـست نابەسـتێت، بـەڵکو لەسـەر ژمـارەی گونـدە روخاوەکـان خـەملێنراوە. کاتێـك لەسـەر ژمـارەی کـوژراو ونبوەکـانی ئـەنفال لـە د. مـەحمود عوسمانی سکرتێری حزبی سوسیالیـستی کوردسـتانم پرسـی، لەوەلامـدا پێـی ڕاگەیانـدم لـەکۆتایی بـەهاری 1991 دا خـۆی لەیـەکێك لەچاوپێکەوتنەکانی گفتوگۆی نێـوان سـەرکردەکانی کـورد و بەرپرســە حکومیــەکان لەســەر مەســەلەی ئۆتۆنــۆمی ئامــادەبوە، نوێنــەرانی کــورد مەســەلەی ئەنفالکراوەکانیان باسکرد : ڕەنگە هێشتا لەئۆردوگا، یا لەشوێنێکی باشور بەزیندوێتی مابنەوە؟

بەپێی وتەکانی د. مەحمود خودی عەلی حەسەن مەجیـد لەکۆبونەوەکـە بـوە، بۆیـە کاتێـك مەسـەلەی کـوردە ئـەنفالکراوەکان باسـکرا "زۆر بـەتوڕەیی وەك ئـەوەی بیـەوێت بـچێتە دەرەوە فایلەکەی بەردەستی داخستوە"، ئنجا بۆ ئەوەی سنورێك بۆ قسەکردن لەسـەر مەسـەلەی ئـەنفال

دابنێت، نەڕاندویەتی :"بۆچی دەڵێن (182) هەزار کەس بوە ؟ ژمارەیان لە (100) هەزار کەس تێناپەڕێت".

## یەکەم چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەنفالدا

سەرلەبەیانی 11 / تشرینی دوەم / 1991 لەسنوری تورکیاوە گەیشتمە ئوتێلی بەغدا لەشارۆچکەی زاخۆ، "بەهەمو مانایەکی وشە زاخۆ شارۆچکەیەکی سنورییە". هەرگیز مەسەلەی ئینتما لەم شارۆچکەیە کەژمارەی دانیشتوانەکەی دەگاتە 125 هەزار کەس بەئاشکرا هەستی پێناکرێ، چونکە خەڵکەکەی ئامۆژگاری کراوە زۆر بەوریایی ئاخاوتن بکەن. لەکاتێکدا پەتای کێبەرکێ لەنێوان حزبەکانی کوردستان بەرزدەبووە سیخورەکانی عێراق لەهەمو شوێنێك خزابونە نێو کوردەکانەوە. لەدوای ئەوەی زاخۆم بەجێهێشت، چەکدارێکی نەناسراو تەقەی لەئۆتۆمۆبیلی کۆنە سیخورێك کرد و سێ پاسەوانی کوشتبو. شارۆچکەی زاخۆ بەهەشتی تیرورستان بو، بۆ نمونە کلاشینکۆفێك بە (150) دۆلار و دەمانچەیەکی ماغنومی 357 بە (300) دۆلار دەفرۆشرا. لەسەرەتای ساڵیش سێ پەیامنێری بی. بی. سی بریتانی کوژرابون و لاشەکانیان لەگەڵییەکی نزیك شارفرێدرابو، ئەو سێ کەسە لەرێگەی دەلیلێکی نەشارەزاوە لەسنوری عراق پەڕیبونەوە.

ئوتێلەکە روبەروی دوڕیانێکی قەرەباڵغ بو، لەناوەراستیدا چەترێکی کۆنکرێتی گەورەی بۆ پۆلیسی هاتوچۆ تیا دروست کرابو. بەچواردەوری چەترەکە ئەم دروشمە نوسرابو : "دەمانەوێت هەمو عراقییەك ویژدانی پاسەوانی بێت". لەسوچێکدا تابلۆیەك جادەکەی روناك دەکردەوە و لەسەری نوسرابو :"ئوتوچی غەرناتە", ئامێرە گەورەکانی ئوتوکەش دەنگێکی کزی لێوەدەهات و هەڵمەکەی بەوناوەدا بلاودەبووە. کاتێك لەمەیانێکی پیس پیاسەم دەکرد وێنەی گوڵێکی گەورەم لەسەر دیوارەکەی بینی و تابلۆکەی بەرامبەریشی لەسەری نوسرابو "وەرشەی هونەری ئەحمەد". ئەحمەد تەلەفزیونی چاکدەکردەوە و هەر ئەویش یەکێکی راسپاردبو وێنەکە دروست بکات. لەو کۆلانە بنبەستەی پێیان دەوت " الاحرار " پۆستەرە شیعریکیان پێوەنوساندبو کەبەمشێوەیە وەسفی کوردی دەکرد: " ئەگەر لێم بپرسی، ئەمە رێبازی منە: "گەلێکی ئازاد و کوردستانێکی یەکگرتو"، هەروەها لەهۆڵی پێشوازی ئوتێلەکەش نوسرابو : "پێویستە لەسەر میوانەکان هەرشتێکی بەنرخیان هەیە تەسلیمی ئیدارەی ئوتێلەکەی بکەن، بەپێچەوانەوە ئیدارەی ئوتێل بەرامبەر بەکەلوپەلی دزراو بەرپرسیار نیە".

www.dengekan.com

ڕۆژی دواتر قاوەڵتیم بەنان و چا و قەیماغ کرد. قەیماغ لەسەرتوێژی گامیش دروستدەکرێ. زیاتر عەرەبە شیعەکانی ناوچەی هۆرەکانی باشوری عیراق قەیماغ دروستدەکەن. کۆمەڵێکیان وەك بەشێك لەپرۆژەی بەعەرەبکردن ماوەی چەندین ساڵ بو لەدەوروبەری شار نیشتەجێ کرابون. لەگەشتەکەمدا چەند جارێك شانبەشانی کولێتە گڵە تەقلیدییەکانیان تێپەریم، بەڵام بەگشتی هەستمدەکرد گوندەکانیان چۆڵکراوە، بۆیە هەرجارەی لەگەڵ نانی بەیانی قەیماغ دەهێنرێ، ئیتر دەزانرێ تائێستاش کۆمەڵێك عەرەب لەو دەوروبەرە دەژین. شۆفێری ئەو تاکسییەی لەسنورەوە بۆ ئوتێلەکەی هێنام بەیانیانیش نانی ئامادە دەکرد و بەردەستی دەکرد، بەفیزەوە لەگەڵ قەیماغەکە دوو نانی بۆ دانام و، وتی :"ئەمەیان نانی سەدامە"، ئاماژەی بۆ نانە خڕوپان و بۆرەکان دەکرد و "ئەمەشیان نانی کوردییە" مەبەستی لەبەستەنانێکی هێلکەیی بو کەلەئاردێکی سپی دروستکرابو. منیش نانەکەی سەدامم خوارد.

بەرنامەی سەرەکی بریتی بو لەوەی بەدزییەوە بچینە زاخۆ، ئنجا ڕۆژی دواتر لەگەڵ گزنگدا بەرێگەیەکی شاخاوی لەئامێدییەوە بڕۆین بۆشەقڵاوە کەناوچەیەکی ئارامتر بو. یادەوەرییەکی خۆشەویستی ساڵانی شەستەکانم لەئامێدی هەبو کەبەسواری ئێستر بۆ ئامێدی سەردەکەوتین، بۆیە تامەزرۆبوم سەرلەنوێ ئەو شارۆچکەیە ببینمەوە. تاشەقڵاوە بەئۆتۆمۆبیلی لاندکرۆزەر ئامێدی تاکە وێستگەی گەشتێکی (7) کاتژمێری بو، بەڵام بەرنامەکەمان وەك خۆی جێبەجێ نەکرا، چونکە بەهۆی سوبحی فرمان ناوێکەوە شەوێکی تریش لەئوتێل مامەوە کەبەرێکەوت لەدوای قاوەڵتیەکی عیراقی چاوم پێکەوت، لەپاش (23) ساڵ یەکەمجارم بو قاوەڵتیەکی لەوجۆرە بخۆم.

سوبحی ئەندازیارێکی کوردی تەمەن چل ساڵەی قسە خۆش بو. سەرەتا لەبەغدا کاریدەکرد و ئێستاش وەك کارگێرێکی کۆمەڵایەتی لەزاخۆ دەوام دەکات. بەڵام ئەو شتانەی لەکاتی دەست بەتاڵیدا خۆی پێوەی سەرقاڵ دەکرد ژیانی بەتەواوەتی گۆڕی بو. سوبحی ماوەیەك خووی دابوە ئەو بێوەژنە منالدارانەی بەسەرهاتی سەیریان بۆ دەگێڕایەوە، چونکە کەس چارەنوسی ئەو ژنە نامۆیانەی لەسوچێکی بچوکی ئەم شارۆچکەیە دەژیان بەجیدی وەرنەگرتبو.

بێوەژنێکی دوو منالْ مردوم بینی کەیەکێکیان لەزیندانی سلیمانی و ئەوی دییان لەبەحرکە مردبو. لێم پرسی لەدوارۆژدا دەیەوێت چ کارێك بکات، لەوەلامدا وتی: حەز دەکەم لەو دەزگا مرۆڤدۆستانەی بایەخ بەمنالْ دەدەن وەك داینگە یا نەخۆشخانەی منالان یا دەزگای لەوجۆرە کاربکەم. لەبەرئەوەی ئەو ژنە تەنها، بێمنالْ و تائێستاش باوەر بەکوشتنی مێردەکەی ناکات.

هەروەها پێیراگەیاندم بەخۆشەویستی شوی بەمێردەکەی کردوە، بۆیە تاهەنوکەش چاوەروانی دەکات.

ـ کەنعان مەکییە : لەزاخۆ ژنگەلێك هەیە حیکایەتی لەو بابەتەی هەبێت ؟

ـ بەڵێ، بەڵێ، ژنێکی زۆر هەیە. لەهەمو شوێنێك دەیاندۆزیتەوە.

سوبحی پێی وابو کێشەکە لەویدایە کەس بایەخیان پێنادات، واتە رێکخراوە مرۆڤدۆستەکان و حزبە کوردستانیەکان بایەخیان پێنادەن. کەس دەستیاریان نادات، تەنها شارەکان قوتیان دەدا. لەشوێنێکی زۆر نالەبار دەژین، بۆ نمونە ژمارەیەکیان لەو بینایانەی هێشتا تەواونەبون ژیان بەسەر دەبەن، ئەو بینایانەی دەرگا، پەنجەرە و هیچ ئامرازێکی گەرمکەرەوەیان تیا نیە، هەروەك دەزانیت منالێشیان هەیە. بەمشێوەیە ئەمانە لەئەنفال رزگاریان بوە.

سوبحی لەکاتی بێکاریدا ناوی ئەو کەسانەی کۆدەکردەوە کەلەئەنفالەکانی ساڵی 1988 بەزیندویێتی مابونەوە. کاتێك چاوم پێکەوت ماوەی دوو مانگ بو ناوی کودەکردەوە و لیستێکی (500 ) خێزانی کۆکردبوە کە هەرخێزانێك یەکێك یا دوو کەسی ئەنفال کرابو. لەم پرۆژەیە چەند کەس هاوکاریت دەکەن ؟ بەکەمێك شڵەژانەوە بزەیەکی کرد و وەڵامی دایەوە :"لەراستیدا بەتەنها ئەم کارە دەکەم"، بەڵام ماوەیەکە لەم بوارەدا دوو کەس هاوکاریم دەکەن. لەحزبە کوردستانیەکان زانیاریمان وەرگرتوە و دوو کەسیشمان بۆ زاخۆ ناردوە تا لەهەر خێزانێك وێنەیەکی فۆتۆگرافی وەربگرن، هەروەها هەر خێزانێك هەر چییەکی لەسەر روداوەکانی 1988 هەیە بەدوورودرێژی یاداشتی بکات.

لێم پرسی : چۆن پارەی ئەو دوو کەسەت بۆ دابین دەکرێ، لەوەڵامدا وتی :"ریکخراوی فریاگوزاری نێودەوڵەتی بری (500) دۆلاری پێمان داوە". لە/9/تشرینی دوەم، واتە چوار رۆژ پێش ئەوەی بگەین بەزاخۆ سوبحی دەستی بەچاپکردنی ئەو زانیاریانە کردبو کەپێشتر کۆی کردبووە، بۆیە دەیویست تا (500) دۆلارەکەی تەواو دەبێت لەسەری بەردەوام بێت.

ـ کەنعان مەکییە : ئایا خۆت فۆرمەکانت رێکخستوە.

ـ بەڵێ خۆم رێکمخستوە، بەڵام لەسەر جۆری ئەو زانیاریانەی پێویستە لەفایلەکاندا بێت راوێژم بەچەند برادەرێکی خۆم کردوە. سەرەتا خۆم فۆرمەکەم رێکخست، ئنجا لەسەر ئامۆژگاری چەند کەسێك گۆرانکاریم تیاکرد. ئایا لەم بارەیەوە بیروڕای خۆتم پێ دەڵێیت؟.

" بێسەروشوێنەکانی ئەنفال " ناونیشانی لیستەکەی سوبحی بو. لاپەرەیەکی تەواو بۆ کەسێکی بییسەروشوێن تەرخان کرابو. ئەگەر کەسەکە وێنەی هەبوایە ئەوا وێنەکەی بەسوچی

چەپی لاپەڕەکەوە دەنوساند. لاپەڕەیەك تەرخانکرابو بۆ ناوی سیانی، ڕۆژی لەدایك بون، ئاستی گوزەران، باری خێزانی، پیشە، ناونیشانی ئێستا و ڕابردوی خێزانەکە و شوێن و ڕۆژی ئەنفالکردنی، هەروەها لیستێك بەناوی ژمارەی ئەو کەسانەی ڕزگاریان بوە، ئەوانەی زانیارییان لێوەرگیرابو، شوێنی ئێستایان، سەرنج و تێبینی لەسەر ڕزگاربوەکان و پێیان خۆشە لەژیاندا چ کارێك بکەن، بۆ نمونە "بێوەژنێك حەزیدەکرد بەرگدروی بکات"، یا "ئەم خێزانە حەزیدەکرد وەزیفەیەك بۆ تۆفیق ـ ی برای ئەنفالکراوەکە بدۆزێتەوە"، هتد.

لەپاش هەفتەیەك کەسێکی دی لیستی دوەمی پێدام کە 10666 ناوی تیابو، بەڵام وەك لیستەکەی سوبحی ڕێکنەخرابو. ئەو ناوانە لەبەر گرنگیان لەگەڵ خۆم دەیانبەمەوە بۆ لەندەن هەرچەندە ناشزانم چییان لێبکەم، چونکە تەنها بوونی ئەو ناوانە مانای وایە ئەنفال مەسەلەیەکی هەنوکەییە نەك ڕابردوو، بۆیە ئەنفال بوە بەیادەوەرییەك هەمیشە لەزەینمان دەمێنێتەوە، یادەوەرییەکی ترسناکی ئەوتۆ پێمان خۆش بێت یا نا داهاتوی عراقی لەسەر بونیات دەنرێ.

بەسەر پێی ئەو فورمانەم هەڵدەدایەوە کەسوبحی لەنوسینگەکەی لەبەردەمی دانابو، لەخۆمەوە ناوێکم هەڵبژارد : خێزانەکەی عەبوش بو لە گوندی کریپت عەلی کە (21) کەسیان بێسەروشوێن بو، لەگوندی کریپت تەیموری نزیکیشیان (18) کەس بێسەروشوێن بو. لەمانگی ئاب/1988 هەمو خەڵکی گوندی کریپت عەلی و (10) کەسی خێزانەکەی عەبوشیان دەستگیر کرد. لە 1/ئەیلول/1988 ەوە کەس چاوی پێیان نەکەوتۆتەوە : سەعید عەبوش لەدایك بوی 1942، حەمید عەبوش لەدایك بوی 1951، تەفار عەبوش لەدایك بوی 1952، سەلیم عەبوش لەدایك بوی 1963، یونس عەبوش لەدایك بوی 1957، تەحسین عەبوش لەدایك بوی 1972، جەنگیز عەبوش لەدایك بوی 1965، موسلح عەبوش لەدایك بوی 1974 و ڕیاح سەعید عەبوش لەدایك بوی 1975.

ئەو شتانەی پێشتر پلانمان بۆ دارشتبو تا بەنهێنی و بەخێرایی لەزاخۆوە دزەبکەین، هەمویان بەباچون. پرسیم ئایا دەتوانم چاوم بەباقی خێزانەکەی عەبوش بکەوێت. تەنها ئیسماعیل ناوێك لەخێزانەکەی عەبوش لەژیاندا مابووە، چونکە ماوەی بیست ساڵ لەریزی پارتیزانەکان پێشمەرگەبو، ئنجا لەپێش هاتنی سوپای عراق بۆ تورکیا رایکردبو. ئیسماعیل بەسەرهاتی خێزانەکەی بەچاوی خۆی نەدیبو، بەڵام لەگەل دایك و برازاکانی دەژیا، ئەوانەی روداوەکەیان بەچاوی خۆیان دیبو. ئەو خەڵکانەی ڕزگاریان ببو تەنها ماوەی (10) خولەك بەئۆتۆمۆبیل لەنوسینگەی سوبحی یەوە دووربون.

ئـەو حیكایـەت و بەسـەرهاتانەی ئیـسماعیل و دایكـی دەیانگێرایـەوە لەگـەل زانیارییـەكانی سوبحی بەم ئەنجامە گەیشتین : سەرلەبەیانی 26/ ئاب/1988، واتە رۆژێك لـەدوای كیمیابـارانی گونـدی توكـا و كوشـتنی 13 كـەس، خێزانەكـەی عـەبوش گونـدی گرییتیـان چـۆڵكرد. لارێیـەكان جمەیان دەهات لەخەڵكی لادێی و سوپاش هـەمو لارێ و ناوچـەكەی ئابلوقـەدابو. كـەس ئامـارێكی تـەواوی لەسـەر ژمـارەی گونـدە ئـەنفالكراوەكان پێنـەبو. لـە 27 / ئـاب / 1988 دوو كـەس لەخێزانەكەی عەبوش بەناو سوپادا دزەیان كرد و گەیشتنە سەرجادەی سـەرەكی بـاكوری زاخـۆ و لەوێـشەوە بـۆ توركیـا رایـانكرد، بـەلاَم ئـەوانی دی، وەك هـەزاران خێزانـی دی بەناچـاری خۆیـان تەسلیم كردەوە.

ـ كەنعان مەكییە : بۆچی دەڵێن " تەسلیم بون "، ئایا نەدەجەنگان ؟

ـ ئەنفال وەك جەنگاوەر مامەڵەی لەتەك هەموان دەكرد، بەمنالانیشەوە.

لەدوای ئەوەی تەسلیم بون بەماشینی سەربازی هەموویانیان لەزاخۆوە بۆقەلاَی نازاركـێ بـرد كەسالاَنی هەشـتاكان لـەدرەوەی شـاری دهـۆك دروسـتكرابو. قەلاَكـە موخابـەرات كـۆنترۆڵی دەكـرد نـەك سـوپا. لـەكۆتایی ئـاب / 1988 نزیكـەی (10) هـەزار كـەس لـەو قەلاَیـە دەستبەسـەربون. بەپێی وتەكانی ئیسماعیل تەنها چەند كەسێك ئازادكران و زۆربەیان بەدەستبەسەری مانەوە.

شـتێك لەوشـیاری بـچێت، بەشـێوەیەكی هەرەمـەكی گـوروژم بهێنـێ و زەمـەن و زنجـیرەی روداوەكـان تێكـەڵ و پێكـەل بكـات، ئابەوشـێوەیە دایكـی ئیـسماعیل بەسـەرهاتی خـۆی بـۆ دەگێڕاینەوە :

ـ سـێ بـرا وتیـان : " ئێمـە خۆمـان تەسـلیم دەكەینـەوە ". بـەلاَم ئێمـە تـا دونیـا تاریـك بـو لەشوێنی خۆمان ماینەوە. حاجی مەحمود وتـی " دەچـم بـۆ لایـان و خـۆم تەسـلیم دەكەمـەوە "، ئنجـا شـتەكانی لـە تراكتۆرەكـەی بـاركرد و چـەند منـاڵێكی خـستەسەر، ئیمـەی ژنـانیش بـەرەو جادەكە كەوتینەرێ. ئێمـە و گـەلێك خێزانـی دی پەرتـەوازە ببـوین، تـائێوارەی رۆژی دواتـر بـەو منالاَنـەوە (ئامـاژەی بـۆ ژمارەیـەك منـاڵی چـوار دەوری دەكـرد) بەبرسـێتی و تینـوێتی ماینـەوە، ئەمـەیان تـازە لـەدایك ببـو. مناڵـەكانی رەشیدیـشمان لەگـەڵ بـو. حاڵمـان لـەحاڵی سـەگ دەچـو. هێنـدێك دەیـانوت : "بابـەتاریكی رابكـەین"، هێنـدێكی دی دەیـانوت، نـەخێر. ژمارەیـەكی دی دەیانوت "با بەو ئاراسـتەیە بـرۆین"، هێنـدێكی دی دەیانوت : "ئـەوێ خـەڵكی برینـداری لێیـە"، تاشەوێ لەسەر جادەكە ماینەوە.

کچ و ژن و پیرەمێردەکانیان پێکەوە بـرد و گەنجەکانیـشیان بـەجیابرد، ئەوانـەی تەمـەنیان لەســەروی (7) ســاڵەوە بــو. لەنێوەنــدی جادەکــە و بەبەرچــاوەمانەوە لێیــان دەدان و چــەندین پیاویشیان کوشت. ئنجا ئێمەیان بۆ شوێنێکی دی برد.

ـ لەقەڵای نازارکێ چییان لەو خەڵکە دەکرد ؟

ـ ئـەوەی خـوا پێـی نـاخۆش بـو لەگـەڵمان دەیـانکرد، بەخـشت و بـەکێبڵ و بـەپێڵاو لێیـان دەدایـن، ژمارەیەك پیرەمێـردی پەككەوتـەیان گێڕایـەوە و مـن یارمـەتیم دەدان، بـەڵام ئـەوانی دی نەگەڕانەوە.

ـ ئایا کەسیان لەبەرچاوی خۆت دارکاری کرد ؟

ـ بەڵێ، تەنانـەت لەمناڵێشیان دەدا، بـۆ نمونـە کورەکـانم، هـەر کەسـێك قـسەی بکردایـە لێیان دەدا.

ـ ئایا باسی " ئەنفال " دەکرا ؟

ـ نەخێر، نەماندەتوانی پرسیار لەسەر هیچ شتێك بکەین، چونکە ئەگەر ئـەو کارەمـان بکردایە لێیان دەدایـن و بەخشت دەیانکێشا بەپشتماندا.

ـ ئایا جاشیان لەگەڵ بو؟

ـ قەڵای نازارکێ جاشی تیانەبو، بەڵکو تەنها موخابەرات و ئەمنی تیابو. ئـەو پیاوانـەی لێیان دەدایـن جلی مەدەنی و کراسی قۆڵکورتیان لەبەر دەکرد.

ـ ئایا لەقەڵای نازارکێ ئەو مناڵانە کامیان لەتەکدا بون ؟ بۆ نمونە ئەو مناڵە بـچوکەی ئەوێ ؟

ئەو دەمە عومەر تەمەنی (3) مانگ بو، ئەو دوو بچوکەش تەمەنیان (5) سـاڵان بـو. ژنـانی خێزانەکەی عەبوش پێش ئەوەی سەرلەنوێ بگەڕێنەوە بۆ زاخۆ ماوەی دوو ساڵ لەوێ مابونەوە. لەدایکی ئیسماعیلم پرسی وەزعتان لەبەحرکە چۆن بو: "هەمومانیان کۆکردەوە و پێکـەوە لـەوێ بـەرەڵایان کـردین، مـاوەی (3) رۆژ هیـچیان پێنـەداین و هیچیـشمان نـەبو. بەحرکـە لـەدۆزەخ دەچو".

عەبوش خەڵکی گوندی کریپت عەلی بو. پێیان وتین تەنها نیو کاتژمێر لێـرەوە دورە، بۆیـە بریارمانــدا ســەردانی گوندەکــە بکــەین، ئیسماعیلیــشمان لەگــەڵ خۆمــان بــرد. بــەئۆتۆمۆبیلی لاندکرۆزەر چوین بۆ گوندەکە، بەڵام لەژیانمدا ڕێگەی وانـاخۆش و پیـسم نـەدیبو، ئۆتۆمۆبیلەکە وەك کەروێشك هەڵبەزو دابەزی دەکرد، لەراستیدا کریپت عەلی دوو کاتژمێر دوور بـو نـەك نیـو کاتژمێر.

جاران گوندێك لەسەر ئەم گردە دەیڕوانی بەسەر دۆڵێكی سەوزدا. لەدورەوە روباری خاپور لەبنارییەوە پێچی دەكردەوە. ئاسمان لەپاش نیوەڕۆی رۆژێكی ساماڵ كە سایەی هەمو رەنگەكانی لەلوتكەی گۆڕانیدا بەجوانی دەبینرا، لەپرتەقالییەوە بۆ شینێكی تێر دەگۆڕا.

خانوەكانی گوندەكە بەتەواوەتی وێران و لەگەڵ زەوی تەختكرابون. وەك ئاسەوار تەنها لەرێگەی هەڵكۆڵین و منەكردنەوە مێژوی دەزانرا،چونكە بەگەڕان نەبوایە هەرگیز نەتدەزانی ئەم گوندە چل ماڵ بوە، هەروەها ئەو جلوبەرگە بێرەنگانەی لەژێر دارو پەردو كەوتبون رۆژگارێك بو رەنگێكی سوری تۆخ و درەوشاوەیان هەبو، بەڵام دەبوایە بەوردی سەرنجی بدەیت و بۆی بگەڕێیت.

كانیاوەكانیان كۆنكریت كردبو تا وشك بكەن، كشتوكاڵ و ئاودێری - كۆڵەكەی سەرەكی ئابوری گوند بو - ئەستەم بو سەرلەنوێ ببوژێتەوە. فوتابخانەكەش كەتاكە بینای كۆنكرێت بو بەدینامێت تەقێنرابووە و بنمیچەكەی كەوتبو بەسەر عەرزەكەیدا و ئەو داروپەردوەی رۆژگارێك بنمیچەكەی راگرتبو زۆر لەبناغەكەی دورنەكەوتبووە. ئیسماعیل پێی راگەیاندم لەساڵی $1977$ دا لەدروستكردنی فوتابخانەكە كرێكاری بۆ شارەوانی زاخۆ كردوە.

چ عەقلییەتێك شتێك وێرانەكات كەخۆی دروستی كردبێت ؟ دەبێ هێزێكی نادیار كۆنترۆڵی عەقلی مرۆڤ بكات بۆ ئەوەی بەبەرنامە هەزاران چەكدار رەوانەی كاولكردنی شوێنێكی خۆش بكات و كارەساتێك لەو شوێنە بخوڵقێنێ كەپێشترخۆی ئاوەدانی كردۆتەوە. سەربازەكان بێسەروبەرانە لەنێو زریپۆش و ئەو ماشینانەی شۆفڵ و تۆپ و دینامێتیان هەڵگرتبو، بڵاوببونەوە. بۆچی ئەو شتانە رویاندا ؟.

كاتێك لەسوبحی - یەم پرسی وشەی ئەنفال لەلای ئەو چ دەگەیەنێت، سەرەتا كەمێك بەفورسی وەڵامی دایەوە : " ئەنفال پرۆسەیەكی دزێوە ".

- یەكەمجار كەی گوێت لەوشەی " ئەنفال " بو؟

- ساڵی $1988$، ئەو كاتەی دەستیان كرد بەو كارەی پێی دەوترا " ئەنفال "، چونكە لەپێش ساڵی $1988$ شتێك نەبو ناوی ئەنفال بێت.

- كاتێك ئەو فۆرم و لیستانەت ئامادە دەكرد، ئایا بیرت لەئەنفال دەكردەوە. ئایا ئەنفال ئەوە دەگەیەنێت ؟ وانیە ؟

- بەڵێ

- ئایا ئەنفال و كارەساتی هەڵەبجە جیاوازیان هەیە ؟

ـ هەڵەبجە وەك ئەنفال نیە. هەڵەبجە مەسەلەیەکی جیاوازە.

ـ حزبی بەعس چ دەوت ؟ بەبۆچونی ئەوان بۆچی ئەو خێزانانەیان لەگوندەکانی خۆیان ڕاگواست ؟

ـ بۆ ئەوەی ماسیەکان لەئاو دەربهێنن.

## دوەم چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەنفالدا

ڕێگەی شاخاوی نێوان زاخۆ و ئامێدی بەنێو دیمەنێکی سروشتی دڵرفێندا تێدەپەڕی. شتێك نەبو تالەڕووی دەرونیەوەباشتر ئامادەم بکات، تالەدوری نزیکەی (25) میلەوە سەرنجی ئامێدی بدەم. ڕۆژێکی سامالّ و کریستاڵی و شنەیەکی خۆشی هەبو. شارێکی هێلکەیی و لوتکە چیاکان دەوریان دابو وەك لەشوێنی شایستەی خۆی دانرابێت.

چیای ئامێدی و لوتکە بڕاوەکەی قوچەکێکی ڕێکوپێکی ئەوتۆیە، وەك ئەوەی دەسکەوتێکی بێوێنە و ترسناکی ئەندازەیی دێرین بێت، چەشنی ئەو شوێنەی کەپەیکەرە بەردینە مەزنەکەی هێرودۆسی لەئۆرشەلیم لەسەر بونیات نراوە و ئێستاش حەرەمی شەریفی لەسەرە. بەڵام کەس بۆی نیە لەئامێدی گردێکی هێلکەیی دروستبکات و دیواری خانوەکانی شارێکی بەردینی لەسەر بونیات بنێت، وەك ئەوەی تەواوکەرێکی ئاسایی سەرەولێژییەکی کوور بێت. ئەمەش بەهرەیەکی سروشتی خاکی عێراقە.

فەریق ـ ی تەمەن (21) ساڵە، یەکێك بو لەو پێشمەرگانەی لەزاخۆ پاسەوانی دەکردم و لەکاتی وێنەگرتندا هاوەڵێتی دەکردم. فەریق بەسمێڵە باریکەقەلەم ئاسا و پۆشینی چاکەتێکی چەرمی تورکی شیك و قژێکی تاشراوی هاوچەرخ، هەمیشە بەوپەڕی جیدییەوە کارەکانی ڕادەپەڕاند. لەساڵی 1987، کاتێك ناوی بۆ خزمەتی سەربازی هاتبووە لەسەر ڕاسپاردەی باوکی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە کردبو. هەر جارەی بەمەبەستی وێنەگرتن لەئۆتۆمۆبیلەکە دادەبەزیم زۆر بەوردی لەنزیکەوە چاودێری دەکردم. فەریق سەربازێکی نمونەیی بو، هەرگیز پێی وانەبو خزمەتم دەکات، بەڵکو هەستی دەکرد ئەرکێکی سەرشانی جێبەجێ دەکات، بەپێچەوانەی پسمامەکەیەوە کە گەنجێکی عەبوس بو، پێشتر سوپای عێراق لەیەکێك لەزالگەکاندا دەستگیری کردبو و تەسلیم بەموخابەراتی کردبو، چەند مانگێك لەزیندانی موخابەرات بو. ئەویش یەکێك بو لەو پاسەوانانەی هاوەڵێتی دەکردم، بەڵام دڵی بەئیشەکەی خۆش نەبو.

فەریق دەلیلی مین هەڵگرتنەوە بو، ئەمەسەرەرای ئەوەی کارەکەی من پێویستی بەوە نەبو چەند یاردەیەك زیاتر لە جادەکە دووربکەومەوە بۆ ئەوەی لەسوچێکی باشتەرەوە وێنەیەك بگرم .

رێگەی شارۆچکەی ئامێدی هێدی هێدی بەرەو بڵندییەکی ترسناك بەرز دەبووە. لەم شارەدا یەکەم شت روبەروی بەنزینخانەکەی دەبویتەوە کە ئۆتۆمۆبیلەکان نۆرەیان بۆ بەنزین گرتبو. هەواڵی تانکەرێکی بەنزینی تازە گەیشتو زۆر بەخێرایی بڵاوبووە. پێشمەرگەیەکی کورد بەجلێکی کوردی تەقلیدییەوە، بەوریایی لەسەر وەرەقەکانی بەردەستی شتی یاداشت دەکرد و خەڵکەکەش لەچواردەوری ئاپورەیان بەستبو، چاوەرێ بون نۆرەیان بێت و بەنزین وەربگرن و لەپاش وەرگرتنی بەنزینەکەش ناوەکەیانی لەسەر لیستەکە دەسڕییەوە. ئایا ئەم پێشمەرگەیە بیروکراتێکی دوارۆژی دەوڵەتی کوردە؟.

لەزاخۆ تێگەیشتم ئەنفال پرۆسەیەکی ساکار نەبوە و کاریگەری لەسەر هەمو کەسێك هەیە. بەپێی جیاوازی هەلومەرجی ناوچەکە رێوشوێنی جیاوازیان دەگرتەبەر. ئەو ئاشورییانەی لەناوچە قەدەغەکراوەکان دەژیان وەك کورد بێسەروشوێن کران. لەناوچەی سیندی بەتەنها پیاوان بێسەروشوێن کران. لەناوچەی دۆسکی نزیك دهۆك، ئەفسەرێکی سوپای عراق لەگوندی " کۆرفیل " (35) کەسی لەژن و منداڵ و پیاو گوللەباران کردبو. بۆچی ؟ منیش نازانم بۆچی، بەڵام هەروەکو دەگێڕنەوە ئەفسەرە فەرماندەکە نەڕاندویەتی بەسەریاندا : " ئەمە ئەنفالە و دەبێ بکوژرێن "، دەمویست چاوم بەیەکێك لەو شاهیدانە بکەوێت. پێیان وتین دەتوانین لەناوچەی ئامێدی پارتی دیموکراتی کوردستان کەمال ناوێك ببینین. وادیار بو کەمال بروسکەیەکی لەزاخۆوە پێگەیشتبو تاسەید نایف و سەعید شەلکی بدۆزێتەوە کە دوو شاهیدی روداوەکەبون و لەئامێدی دەژیان.

بەڵام نەیدۆزیبونەوە بۆیە لەکۆتایدا دەبوایە رۆژێکی تەواو لەئامێدی بمێنینەوە، ئەمەش کارێکی مەحاڵ بو، ئیتر لەجیاتی ئەوان ئەم پەیڤینەم لەگەڵ کەماڵ ئەنجامدا:

- یەکەمجار کەی گوێت لە وشەی ئەنفال بو ؟
- ساڵی 1988. وتیان دەستدەکەین بەئەنفالی یەکەم، دوەم، سێیەم و هتد.
- ئایا ئەنفال گەیشتە ئامێدی ؟
- لەئامێدی ئەنفال نەکرا، چونکە سوپا لەناو شار بو.

لەکاتی گەشتەکەماندا بۆمان دەرکەوت شارە گەورەکانی کورد وەك سلێمانی هەولێر و کەرکوك و شارۆچکە سەرەکییەکانی دهۆك و زاخۆ و ئامێدی ئەنفال نەکرابون، لەبەر ئەوەی ئەنفال پرۆسەیەکی تایبەت بەگوندە کوردییەکان بو. لەکاتی ئەنفالدا خێزانەکان لەگوندەکانی دەوروبەر خڕدەکرانەوە و بۆ شارەکان دەهێنران، ئنجا هەروەك دایکی ئیسماعیل دەیوت دابەش و جیادەکرانەوە و ئێستاش کەمال دوبارەی دەکاتەوە :

ـ خەڵکی بۆ سێ کۆمەڵ دابەشبون. هێندێکیان لەگەڵ خێزانەکانیان بۆ ئێران رایانکرد. بەشێکیان لەچیاکان لەنێو بەرد و دارستانەکان خۆیان شاردەوە و ئەوانی دی لەناو گوندەکانی خۆیان مانەوە، وەك سپیندار و گیزە و هیجە و کفانێ، بۆیە هەمویان لەلایەن سەربازەکانەوە گیران. خەڵکەکەیان بۆ ئامێدی هێنا، پیاو و منداڵیان لەیەکتری جیاکردەوە، ئنجا گوێزرانەوە بۆ قەڵای ئەلسلمییە لەموسل. ژنەکان ماوەی (15) رۆژ لە ئەلسلمییە مانەوە پاشان گوێزرانەوە بۆ ئۆردوگای بەحرکە لەهەولێر.

ـ ئایا لەئامێدی ژن و منداڵ و پیاویان لەیەکتری جیاکردەوە ؟

ـ بەڵێ.

ـ پیاوەکان چییان بەسەرهات ؟

ـ نازانین.

ـ ئاخیرجار لەکام بینایە بون ؟

(کەمال ئاماژەی بۆ بیناکەی پشتەوەی دەکرد، ئەو بینایەی بۆ ئەم پەیڤینە لێی هاتە دەرەوە)

ـ نا !

ـ بەڵێ، بەڵێ، ئەم بینایە. جاران بینای یەکێتی مامۆستایان بو.

ئێستا ئەم بینایە بارەگای ناوچەی ئامێدی سەر بەپارتی دیموکراتی کوردستانە. بەتێپەربونی کات زیاتر هۆگری ئەو پەیڤینە سەیرەی نێوان شتەکان دەبوم کە باکوری عراقی پێ جیادەکرێتەوە.

ـ وشەی ئەنفال لەکن تۆ چ مانایەك دەگەیەنێت ؟

ـ بنبڕکردن، قەڵاچۆکردن، کوشتنی هەمو شتێك ...

## چاوپێکەوتنی تەیمور

هەروەك دەزانـین تـەیمور عەبـدوڵڵا خـەڵکی کوڵـەجۆ ـ یـە و تاکـە مرۆڤـە کەراسـتەوخۆ بەواقیعی ناشیرینی روداو و کردەوەکانی ئەزمونی پرۆسەی ئەنفالی دیوە و بەزیندوێتی ماوەتەوە بۆ ئەوەی ناشیرینی ئەنفالمان بۆ بگێڕێتەوە. لە لەندەن تەنها ئەو شتانەم دەزانی، ئەمـە سـەرەڕای ئـەوەی بەتـەواوەتی لـەمانای پرۆسـەی ئـەنفال تێنەدەگەیـشتم و نەمـدەزانی بـڕوا بەسـەر گوزشتەکەی بکەم یا نا، چونکە ئەوەی لەسەر کاسێتی ڤیـدیۆ دەمبـینی بابـەتێکی وشـك و بێگیـان بو. ئەو دەمە ئەنفال لەلای من تەنها ناوێك بو. ئەو ناوەی لەبەڵگەنامـەکانی ئیـستخبارات دوبـارە دەبووە، بەڵگەنامـە گـەلێك بەمەبەسـتی پـەیبردن بەگـەورەیی ژمـارەی کـوردە بێسەروشوێنەکانی ساڵی 1988 بەمن درابو : " زۆرێك لەو کەسانەی عەبدوڵڵا عەسکەری ئاسا پەلاماری گوندەکـەی خۆیان و گەمارۆ و ئابلوقەدانی گونـدەکانی دییـان لـەباکوری عـراق بەچاوی خۆیـان دیبـو. بـەڵام تـەنها کەسـێك دیـار نـەما، ئنجا سـەرلەنوێ بـە پەرجوویـەك (مـوعجزە) دەرکەوتـەوە بـۆ ئـەوەی بەسەرهاتی خۆیمان بۆ بگێڕێتەوە.

لەپێگەیەکی سەربازی تەقێنراوی چۆڵ کە بەئۆتۆمۆبیل ماوەی نیو کاتژمێر لەسلێمانییەوە دوور بو چاومان بەیەك کەوت، بیناکە لەسەر شاخێکی رووتەن بو. ئـەو پێگـە سـەربازییە چـەند سروشتێکی جیاکاری هەبو ئەوەندەش بنکەیەکی ناشیرین و چوار دەوری بەسـاترو تـەلی دڕکـاوی گیرابو. لەدوای راپەڕین ژیـانی تـەیمور هەمیـشە لەلایـەن پیـاوانی سـەدامەوە هەرەشـەی کوشـتنی لێـدەکرا، لـە بـەر ئـەوەی ئـەو مێردمناڵـە کرابـو بەسـیمبولی کێـشەکەی و پەیکـەرێکی زینـدوی مەینەتیەکانی میللەتی کورد[15].

تـەیمور کـورێکی زۆر هـێمن و داخراوبـو، بەدرێـژایی ئـەو (16) کاتـژمێرەی لەگـەڵم بـو لەقـسەکردندا دەستپێـشخەر نـەبو. هـەر کاتێـك لەسـەر مەسـەلەیەك پرسـیاری لێـدەکرا زۆر بەسەلیقەیی و بەپچری و بێلایەنی و بێئەوەی هیچ عاتیفەیەکی پێوەدیار بێت وەڵامیدەدایـەوە. ئایا هەمو شتێکی لـەژێر کاریگـەری شـۆکدا دەشـاردەوە ؟ یـا دەیویـست قارەمانانـە رەفتـار بکـات و قارەمانەکانیش ناگرین ؟ رەنگە پەیڤین لەکەشێکی نائاسایی و لەگـەڵ کەسـێکی نـامۆدا رێگربێـت لـەدەربرینی عاتیفەیـدا، بەهـەرحاڵ هێـشتا تـەیمور مێـرد مناڵێـك بـو، بـەڵام جلوبـەرگی پێـشمەرگانەیان پێلەبـەر کردبـو. هـەر رێکخراوێکـی کوردسـتانی پـشتێن و بەرگـدروو و تـەرزی دورینی تایبەتی بەخۆی هەیە.

ئەو گەرموگورییەی پێویستیم پێی هەبو مەحاڵ بو لەوێدا هەستی پێبکەم، بۆیە من و تەیمور و چەکدارێکی زۆر گەڕاینەوە بۆ سلیمانی. لەناو شار چوینە ماڵێکەوە و لەدوای میوانداریيەکی تەقلیدی و چای بەردەوام شەوێکی درەنگ ژورێکیان بۆ چاوپێکەوتنەکەمان تەرخان کرد. بەڵام بەدرێژایی شەو کارەبای سلێمانی دەبرا و دەهاتەوە، ئەو شەوە ئەوەی قابیلی پەککەوتن بو پەکیدەکەوت.

بەوەش زۆر پەست و بێزارم بوم. چ کەسێك پێشبینی دەکرد ئەو خەڵکە لەدەورمان کۆبێتەوە ؟. زۆر بەسادەیی پێم وابو تەنها من و تەیمور و ریکۆردەرێك پێکەوە دەبین و چاوەروانی ئەو حەشاماتەم نەدەکرد (16). بۆیە ئاماژەش بەو شتانە دەکەم لەبەر ئەوەی دەشێت پەشێوی و شڵەژانم کاریگەری لەسەر چاوپێکەوتنەکە هەبوبێت، چونکە چاوەروانی زۆر شتم لێی دەکرد و دەمویست وردەکاری زۆر لەسەر روداوەکان بزانم، یا رەنگە زۆر دڵڕەقیم لەگەڵدا نواندبێت.

لەسەرەتای چاوپێکەوتنەکەماندا پێم راگەیاند کەمن خەڵکی شاری بەغدام و لەهەندەران دەژیم و هەزاران کیلۆمەترم بریوە بۆ ئەوەی ئەم چاوپێکەوتنەی لەگەڵ سازبکەم، بۆیە پێم وت ؛ دەمەوێت گوێم لەهەمو شتێك بێت، تەنانەت بەو یادەوەرییانەشەوە کەتاهەنوکە لەتەکیا دەژێت.، " پێت وانەبێت شتێك هەیە شایانی ئەوە نەبێت قسەی لەسەر نەکرێت "، لەبیرمە زیاد لەجارێك ئەو شتانەم بۆ دوبارە کردەوە. پێش ئەوەی دەست بەقسەبکەین ئەو شتانەم بۆ باسدەکرد وەك ئەوەی حەزی لەهیچ شتێکی دی نەبێت تەنها ئەوە نەبێت سەرلەنوێ لەو وردەکارییە بێکۆتاییانە بژێتەوەکەبەدەستێەوە ناڵاندویەتی و تیا ژیاوە. دەشێت هەموشیان پێکەوە ئەو مێردمناڵەیان ترساندبێت. دەبێ لەخۆی پرسیبێت : ئەم پیاوە کێیە ؟ چ لەمن دەوێت ؟ چیم دەستدەکەوێت ؟ چ والێدەکات بەسەرهاتی منی بەلاوە گرنگ بێت ؟ چ دەستکەوتێکی دەبێت ؟ بەدرێژایی نانی شێوان و قاوەڵتی رۆژی دواتریش نیگای دەکردمو هەرجارێکیش ئاوڕم لێی دەدایەوەو بزەیەکم بۆی دەکرد یا سەروسیمای ببینم رووی خۆی وەردەگێرا وەك ئەوەی هەرگیز سەیرم نەکات. تەیمور هێندە هۆی هەبو تا بۆ هەتاهەتایە متمانە بەکەس نەکات.

پێم وابو تەیمور پێی خۆش نەبو قسەم لەگەڵدا بکات، چونکە بارودۆخەکە خستبویە دونیایەکی پڕ لەمۆتەکە و درندەی ئەوتۆوە کە رەنگە هەرگیز دونیای راستەقینەی منالی بەخۆیەوە نەدیبی. بەڵام پێیان وتبو دەبێ لەگەڵ ئەم پیاوە غەوارەیەی لەشوێنێکی دورەوە هاتوە قسەبکات لەبەرئەوەی بەرژەوەندی میللەتەکەی تیایە. بۆ ئەم مەبەستەش ئامادەیان

کردبـو، رەنگـە رۆژێـك پـێش چاوپێکەوتنەکە دوا مەشـقیان پێکردبێـت کـەچ بلێـت و چ نـەلێت، چونکە تەیمور نەیدەویست قسەبکات. بەڵام پێیـان رادەبـینی ئـەو کارەبکـات. ئەمـەش کولتورێکـە لەهــەمو کەســێك چــاوەروان دەکــرێ ئــەو کــارە بکــات لەبــەر ئــەوەی ئــەمجۆرە وانانــە هــەر بەشیرەخۆرەیی منالی لەسەر پەروەردە دەکرێ.

لەناکاو و زۆربەکورتی تەیمور کەوتە گێڕانەوەی بەسەرهاتی خۆی، بەڵام بـەبێ ئـەوەی هـیچ شتێکی زیادە بخاتە سەر ئەو بەسەرهاتەی کە مانگی ئاب لەسەر کاسێتێکی ڤیـدیو بینیبـوم. ئـەو ماوە دورەم نەبریبو بۆ ئەوەی گوێم لەقسەی لەقوتوکراو بێت. بۆیە لەناخەوە هەسـتم بەشـڵەژان دەکرد، ئیتر خۆم بەدوای وردەکاریدا دەگەڕام و بەپرسیاری کورت و ساکار و دیاریکراو سـەرلەنوێ دەسـتم پێکـردەوە و پـشتم بەتـەیمور نەدەبەسـت. لـەدوای ماوەیـەك هەماهەنگییـەك لـەنێوانمان دروست بو، هەستم دەکرد خەریکە دەگەینـە شـتێك. بـەڵام تـەیمور هەسـتی بـەچ دەکـرد؟ نـازانم، پێم وایە تەیمور تەنها پێشبینی ئاخاوتنێکی راستەوخۆی دەکـرد. ئایـا چـاوەکانی دەدروشـایەوە ؟ پێم وایە جارێك یا دوو جار چەند شتێکی لەزار دەرچو کەپێی خۆش نەبو قسەیان لەسـەر بکـات و تاکو ئێستاش ئەو مەسەلەیە سەرقاڵم دەکات، لەبەر ئـەوە لـەبیرم ناچـێتەوە چـۆن بێبەزەییانـە پێم لەسەر ئەو قسانە دادەگـرت و تـەنها کاتێـك کارەبـای نـەفرەتی لەهـەمو سـلێمانی دەکوژایـەوە لەقسە دەکەوتم.

ئەمەش دەقی چاوپێکەوتنەکەیە، تەنها وشە دوبارەبوەکـان و قـسەی لـەقوتوکراو و هێنـدێك بابەتی لابەلام لابردوە و چەند وشەیەکی ناوازەشم گۆڕیوە و لێرەو لـەوێش جێگـۆرکێم بەچـەند برگەیەکی کورت کردوە بۆ ئەوەی قسەکانی تەیمور بۆ خوێنەرانی روون و ئاشکراتر بێت :

ـ ئایا ئەو رۆژەت بەباشی لەبیرە کەسوپا لەگوندەکەی خۆت دەستگیری کردیت؟

ـ بەڵێ.

ـ چیت دەکرد ؟

ـ پێش گەیشتنی سوپا.

ـ بەڵێ، لەپێش گەیشتنی سوپا چیت دەکرد ؟

ـ سوپا بۆ گوندەکەمان نەهات.

( ئــەو جاشــانەی ســوپای عــراق بــەکرێی گرتبــون نــەك خــودی ســوپا چــونە گوندەکــەی تەیمورەوە )

ـ کێیان دەستگیر کرد ؟

- هەمو کەسێك، پیاو، ژن و منالٚ.

- ئایا شەڕی تیاکرا ؟

- نەخێر.

جاشەکان تەیمور و باوکی و دایکی و سێ براکەی هەمو خەلٚکی گوندەکەیان گرت و لەگوندی ملەسورەوە بەرەو قەلاٚی قورەتویان بردن.

ئەو پرسیارەم بەو مەبەستە کرد لەبەرئەوەی دەمویست بزانم تەیمور پێش ئەوەی ئەنفال تێکەلٚ بەژیانی بێت رۆژانی ئاسایی چۆن بەسەر بردوە، بەلاٚم یا لێم حالٚی نەبو یا نەیدەویست وەلاٚمم بداتەوە. تا ئەو کاتە بەعەرەبی قسەمان دەکرد و لەپاش ماوەیەکی زۆر لەسەر داوای خۆی و لەرێگەی وەرگێرەوە دەستمان کرد بەکوردی قسەکردن، چونکە هەروەك خۆی دەیوت بۆ ئەو ئاسانتر بو. یەکسەر قسەکانی وەردەگێران نەك لەرێگەی وەرگێرەکەوە پوخت بکرێتەوە.

- چ روویدا ؟

- جاشەکان دەیانوت دەتانبەین بۆ کەلار، بەلاٚم درۆیان کرد و لەجیاتی کەلار بۆ قەلاٚی قورەتویان بردین. ماوەی (10) رۆژ لەقورەتو ماینەوە پاشان رەوانەی زیندانی تۆپزاوەیان کردین لە کەرکوك.

- چۆن بۆ زیندانی تۆپزاوە رەوانەکران ؟

ــ بەئۆتۆمۆبیلی سەربازی گەورە، ئەو ئۆتۆمۆبیلانەی پێیان دەوترێ ئیڤا. ئیڤا زاراویەکی خۆجییە و بەو ئۆتۆمۆبیل و ماشینی گواستنەوانە دەوترێ کەلەئەلمانیای رۆژهەلاٚت دروستدەکرێ و سوپای عراق بەزۆری بەکاریدەهێنێ.

- ژمارەی ئۆتۆمۆبیلەکان چەند دەبون ؟

- زۆربون.

- دە دانە ؟

- نەخێر، نەخێر، زۆربون. نزیکەی 30 تا 40 دانە دەبون.

- ئایا تانکتان لەگەلٚ بو ؟

- نەخێر.

- بەچ شێوازێك بردیانن ؟

- فرێیاندواینە ئۆتۆمۆبیلەکانەوە و ئنجا بردیانین.

- ئایا فرمانیان پێدەدان ؟ ئایا بۆ نمونە ئەفسەرێك فرمانی پێدەدان یا بانگی دەکردن بۆ ئەوەی سواری ئۆتۆمۆبیلەکان بن ؟ شتێکی لەو بابەتە. ئایا لەو قسانە شتێکت لەبیرماوە ؟

ـ نەخێر
ـ هیچیان نەدەوت ؟
ـ نەخێر.
ـ چۆن کارەکانی خۆتان دەزانی ؟
ـ تەنها وتیان سواری ئۆتۆمۆبیلەکان بن.
ـ ئایا پێیان وتن بۆچی پێویستە سواری ئۆتۆمۆبیلەکان بن ؟
ـ نەخێر.
ـ ئایا هیچ رونکردنەوەیەکیان لەسەر ئەو مەسەلەیە هەبو ؟
ـ نەخێر.
ـ باشە. پێیان وتن، " بڕۆن سواری ئۆتۆمۆبیلەکان بن "، ئنجا لەدوای ئەوە چ رویدا ؟
ـ سواری ئۆتۆمۆبیلەکان بوین.
چۆن ؟ ئایا هەر خێزانەی بەجیا سوار دەبون ؟
ـ بەڵێ، خێزان لەدوای خێزان سوار دەبوین.
ـ ئایا خودی خێزانەکانیان لەیەکتری جیا دەکردەوە ؟
ـ نەخێر.
ـ چەند کەس لەئۆتۆمۆبیلیکدا بون ؟
ـ ئۆتۆمۆبیلەکان پڕبون.
ـ ئایا دانیشتبون یا بەپێوە راوەستابون ؟
ـ دانیشتبوین.
ــ کەلوپەلـەکانتان چ بەســەرهات، راخــەر، مــەڕومالآت و ئــەو تراکتۆرانــەی لەگــەڵ خۆتــان بردوبوتان ؟
ـ حکومەت دەستی بەسەرا گرت.

ئــەو عارەبانــەی تراکتــۆر و جلوبەرگانــەی لــەکاتی ســەردانەکەم، لــە 27 / تــشرینی دوەم بۆقەڵای قورەتو بینیم، پاشماوەی کەلوپەلی شەخسی کوردە گوندنشینەکان بون کەسوپای عـراق دەستی بەسەرا نەگرتبو یا سەربازەکان دزیبویان، رەنگە لەقورەتو بـەناو کەلوپەلـە شەخـسیەکانی خێزانەکەی تەیموریش تێپەریبم.

ـ چ شتێکت لەگەڵ خۆت برد بۆ زیندانی تۆپزاوە لەکەرکوك ؟

- هیچ ... جگە لەو جلانەی لەبەرم بو.

- ئایا پارەت پێبو ؟

- نەخێر، پارەمان پێنەبو.

- ئایا سوپا دەستی بەسەر پارەکاندا گرت ؟

- بەڵێ.

ـ ئایا پێشتر وشەی " ئەنفال " ت بیستبو ؟ ئایا کاتێك لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دی دەگوێزرانەوە، کەستان باسی " ئەنفالی " دەکرد ؟

- نەخێر.

- ئایا پێشتر ئەو وشەیەت بیستبو ؟

- نەخێر.

- ئایا یەکێك لەئەفسەرەکان نەیوت :" ئەمە پرۆسەی ئەنفالە " ؟

- نەخێر

- کاتێك تۆ و خێزانەکەت بەئۆتۆمۆبێل دەگوێزرانەوە هەستت بەچ دەکرد ؟

- هەستم بەهیچ نەدەکرد، تۆ پێشبینی چی دەکەیت ؟

- ئایا دەترسایت ؟

- بەڵێ.

- ئایا ترست لەسیمای باوك و براکانت بەدیدەکرد ؟ ئایا دەگریان ؟

- بەڵێ.

- ئەی دایکت دەگریا ؟

- نەخێر.

- کاتێك گەیشتنە شوێنی مەبەست، خێزانەکانیان پێکەوە هێشتەوە ؟

- بەڵێ.

- هیچ شتێکت لەسەر خێزانەکانی دی لەیادماوە ؟ ئایا لەبیرتە چییان دەوت ؟

- هیچیان نەدەوت. ژن و منالەکان دەگریان.

- ئایا دەتزانی چیت بەسەر دێت؟

- نەخێر.

- ئایا ئەوانی دی دەیانزانی چییان بەسەر دێت؟

- نەخێر.

ـ مەسەلەکە نهێنیەکی مەزن بو، ئێوەش هیچ بیرۆکەیەکتان لەسەری نەبو!

ـ نـەخێر، بـەڵام جاشـەکان پێیـان وتـین دەتانبـەین بـۆ کـەلار و دەتانکـەین بـەجاش، تـەنها ئەوەندەیان پێوتین.

ـ کەواتە جاشەکان درۆیان لەتەکدا کردن ؟

ـ بەڵێ.

جاشەکان درۆیـان کـرد لەبەرئـەوەی لـەجیاتی کـەلار بـۆ قـەڵای قورەتویـان بـردن. سـەبارەت بەگوندنشینەکان رۆیشتن بۆ کەلار مەسەلەیەکی سەیر نـەبو، چـونکە پێشتر جاشـەکان چـەندین کـەرەت گونـد نـشینەکانیان لەشـوێنێکەوە بـۆ شـوێنێکی دی گواسـتۆتەوە. پاشـان بەدزییـەوە دەگەڕانەوە بۆ گوندەکانی خۆیان، ئـەم گەمەیـەش بەدرێـژایی سـاڵانی هەشـتاکان دوبـارە بۆتـەوە، بۆیە بوونی جاشـەکان دڵنیـایی و ئـارامی بەگوندنـشینەکان دەبەخـشی لەبـەر ئـەوەش حکومـەتی عـراق جاشی بەکاردەهێنا.

بەڵام ئەمجارەیان پلان بۆ پرۆسەیەکی جیاواز دارێژرابو. قەڵای قورەتـو کرابـو بەنێوەنـدیك بو بۆ کۆکردنەوە و جیاکردنەوەی ئەو کوردانەی دەبو بکوژرێن . زۆر زەحمەتە بزانرێ جاشەکان تا چ رادەیەك لەو پلانە تازەیە بەشداربون و دەستیان تێکەڵ بـو یـا زۆر بەسـادەیی تـاچ رادەیـەك لـەو بڕوایـە بـون هـەمان گەمـە کۆنەکـەی نێـوان حکومـەتی نێوەنـد و گوندنـشینەکان بـو کـە بەدرێژایی ساڵانی هەشتاکان گەمەیەکی ئاسایی بو.

ـ کاتێك دوور لەچاوی جاش و ئەفسەرە سەربازییەکان پێکەوە کۆدەبونەوە چیتان بەیەکتری دەوت ؟

ـ هیچیان نەدەوت.

ـ لەدوای ئەوەی قورەتوتان بەجێهێشت پێیان وتن بۆ چ شوێنێکتان دەبەن ؟

ــ بـەڵێ، کاتێـك سـواری ئۆتۆمۆبیلـەکان دەبـوین پییـان وتـین :" دەتانبـەین بـۆ تـۆپزاوە، زیندانێکە دەکەوێتە باکوری کەرکوکەوە ".

ـ ئایا ژنان لەقەڵای قورەتو ئەشکەنجەدەدران ؟

ـ نەخێر، بەڵام پـێش ئـەوەی بـرۆین بـۆ تـۆپزاوە پیرەژنـەکانیان جیـاکردەوە و بـۆ کـەلاریان بـردنەوە.

ـ کەواتە پیرەژنکانیان نەکوشت؟

ـ نەخێر

- ئایا دایك و خۆشکەکانت لەگەڵتا مانەوە؟

- بەڵێ.

- وەسفی تۆپزاوەم بۆ بکە؟

- زۆر ناخۆش بو.

- چۆن بو؟

- ژورەکانی زۆر گەرم بون.

- چەند کەس لەژورەکەتدا بون ؟

- ژورەکە جمەی دەهات.

- ژمارەیان چەند بو ؟

- نەمژماردبون، بەڵام ژورەکە پڕ بو.

- خواردنتان چی بو ؟

- هەر نەفەرەی رۆژی سەمونێکیان پێدەدا.

- چەند رۆژ لەتۆپزاوە مانەوە ؟

- مانگێکی تەواو لەزیندانی تۆپزاوە ماینـەوە، تـا ئـەو کاتـەی رەوانـەی شـوێنی کوشـتنەکەیان کردین.

ـ لـەقۆناغی دوەمـی گواسـتنەوەتان لەقـەڵای قورەتـووە بـۆ تـۆپزاوە چ روداوێکـت بـەجوانی لەبیرماوە ؟

- ئەوەی بەجوانی لەبیرم مابێت ئەوەیە کەجاشی لێنەبو، بەڵکو تەنها سەربازی لێبو.

- کاتێك گەیشتنە زیندانی تۆپزاوە لە کەرکوك  چ رویدا؟

ـ کاتێـك گەیـشتینە تـۆپزاوە ژن و منداڵـەکانیان خـستە هۆڵێکـەوە و پیاوەکانیـشیان خـستە هۆڵێکی دی.

- تۆیان لەگەڵ کام گروپ دانا ؟

- لەگەڵ دایك و خوشکەکانم.

- ئایا لەدوای ئەوەی جیاکرانەوە جارێکی دی باوکت دییەوە؟

- تەنها جارێك لەتۆپزاوە بینیمەوە، ئیتر هەرگیز نەمبینییەوە.

- چۆن باوکت بینی؟

- رووتیان کردبووە و تەنها جلی ژێرەوەی لەبەربو، قۆڵ بەستیان کردو لەگەڵ پیاوەکانی دی بەئۆتۆمۆبیل بردیانن.

ـ ئیتر لەدوای ئەوەوە هەرگیز باوکت نەدیییەوە ؟

ـ نەخێر.

ـ دەمەوێت بزانم پێش ئەو روداوە شتێکی دی هەیە هەرگیز لەبیر نەچێتەوە ؟

ـ نازانم چ دەڵێیت.

ـ لەچ شتێك زیاتر دەترسایت ؟

ـ دەترسام بمانکوژن.

ـ ئایا لەشتێکی تایبەت دەترسایت ؟

ـ نەخێر، تەنها دەترسام بمانکوژن.

ـ چۆن دەتزانی دەتکوژن ؟ تۆ هیچ شتێکت لەسەر ئەنفال نەدەزانی ؟ کەواتە چ وایلێکردیت قەناعەت بهێنی بەوەی دەتکوژن ؟

ـ تەنها دەترسام.

ـ ئایا بەردەوام پێشبینیت دەکرد سەربازە عراقیەکان تەقەت لێبکەن و بتکوژن؟

ـ نەخێر.

ـ جارێکی دی دەگەڕێنەوە بۆ ئەو دەمەی کە باوکت بۆ دواجار تیا بینی، لەدوای ئەوەی پیاوەکانیان لەژن و منالْ جیاکردەوە، وتت پیاوەکانیان قۆڵبەست کرد ؟

ـ بەڵێ.

ـ ئایا ژن و منالەکانیشیان قۆڵبەست کرد ؟

ـ نەخێر.

ـ چی تریان لەباوکت دەکرد ؟

ـ هەر ئەوەندە.

ـ لێیان دەدا ؟

ـ نەخێر

ـ ئایا پیاوەکانیان پێکەوە قۆڵبەست کرد ؟

ـ بەڵێ.

ـ بەریزێکی درێژ ؟

ـ بەڵێ.

ـ پاسەوانەکان چی بون ؟

ـ سەربازی عراقی.

ـ کێ زیندانی تۆپزاوەی بەریوەدەبرد، سوپا یا موخابەرات ؟

ـ سوپا و موخابەرات، بەڵام پیاوانی موخابەرات کەمێك دوورتربون و تەنها سەربازەکان لەنێو زیندانەکان بون.

ـ ئەو ئۆتۆمۆبیلەی باوکتی گواستەوە، موخابەرات یا سوپا سەرپەرشتی دەکرد؟

ـ سوپا.

ـ کەواتە سوپا پیاوەکانی گواستەوە، ئایا چاوت لێیان بو لێت دووردەکەوتنەوە؟

ـ بەڵێ.

ـ بەنزیکەی باوکت و چەند پیاوی دی پێکەوە بون ؟

ـ زۆربون.

ـ سەد ؟

ـ بەڵێ.

ـ سواری چییان کردن ؟

ـ سواری ئیڤا.

ـ ئایا چاوت لێیان بو سواری ئیڤاکانیان دەکردن ؟

ـ رێك لەبەردەم دەرگا داخراوەکە وەستابوم و لەکونی دەرگاکەوە سەیرم دەکرد، چونکە دەرگاکە کونی تیابو.

ـ ئایا خەڵکانی دی لەکونەکەوە سەیریان دەکرد ؟

ـ بەڵێ.

ـ کێ سەیری دەکرد ؟

ـ ژن و مناڵەکان سەیریان دەکرد.

ـ ئایا هەمویان لەکونەکەوە تەماشایان دەکرد.

ـ بەڵێ.

ـ پێت وابو چ لەباوکت دەکەن ؟

ـ دەمانزانی دەیکوژن.

ـ کەواتە لەو ساتەوەختەدا بۆ یەکەمجار تێگەیشتی باوکت دەکوژن ؟

ـ بەڵێ.

ـ ئایا لەو ساتەوەختەدا ترسێکی زۆر دایگرتی ؟

ـ بەڵێ.

ـ ئەی خەڵکەکەی چواردەورت چییان دەکرد ؟

ـ هەمویان ژن بون و دەشگریان.

ـ ژنەکان چییان دەوت ؟ دەبێ لەکاتی شیوەن و گریاندا شتێکیان وتبێت؟

ـ هاواریان دەکرد و لەخۆیان دەدا.

ـ ئایا جلەکانی بەریان دادەدریێ؟

ـ ژنان، بەڵێ.

ـ ئایا قژیان دەسکەنە دەکرد؟

ـ بەڵێ.

ـ ئایا خۆیان دەکوتا بەعەزرا ؟

ـ نەخێر.

ـ مناڵەکان چییان دەکرد ؟

ـ مناڵەکان نەدەگریان، بەڵکو تەنها تەماشایان دەکرد.

ـ ئایا ئەو ئۆتۆمۆبیلەت بینی کەباوکتی گواستەوە ؟

ـ بەڵێ، دەرگایەکی گەورە لەنێو دیوارەکە بو.

ـ ئایا لەبیرتە چەند ئۆتۆمۆبیل لەدەرگاکە هاتنە دەرەوە؟

ـ نەمژماردن، بەڵام لەبیست ئۆتۆمۆبیل زیاتر دەبون.

ــ ئایا پیاوانی ناو ئۆتۆمۆبیلەکان هەمویان خەڵکی گوندەکەی ئێوە و گوندەکانی دەوروبەرتان بون، ئایا خودی ئەو کەسانە بون کەسەرەتا لەگەڵ ئێوە دەستگیر کرابون؟

ـ خەڵکانی تریشی تیابو.

ـ خەڵکانی تازەی ناوچە جیاوازەکان ؟

ـ خەڵکێکی زۆری گوندە جیاوازەکان لێرە کۆکرانەوە و ئنجا پێکەوە بارکران..

لەم خاڵەی چاوپێکەوتنەکەدا وشەکانی تەیمور پەرتوبلاو، لەرێچکەی خۆیان لایانەدەدا. سیمای خۆی وەردەگێڕا وەك ئەوەی زنجیرەی فیکری تێکچوبێت و نەزانێت چ دەڵێت، چونکە ئەگەر لەهێندێك وەڵامی وردبینەوە دەبینین زۆر بێناوەرکن، بۆ نمونە، چۆن عەقل دەیبری مناڵەکان هێمنی خۆیان لەدەست نەدەن، ئەمە لەکاتێکدا دایکیان لەترس و خەفەتدا توشی هیستریا ببون ؟ پێم وایە نابێت گشت وەڵامەکانی وەك راستیەك وەربگرین. لەکاتی

چاوپێکەوتنەکەدا تێگەیشتم تەیمور سەرلەنوێ لەو ساتانە دەژێتەوە کەلەباوکی جیابۆتەوە، بۆیە پێویست بو لەوێدا بوەستم یا پشویەك بدەم کەچی سوربوم لەسەر بەردەوامی چاوپێکەوتنەکە، ئەوەش وایکرد وەڵامەکان شێوەی ئامێر وەربگرن. پێم وابو تەیمورم لەدەست دەچێت، رەنگە هێشتا خۆی و حەشاماتەکەی چوار دەوری لەکونەکەوە تەماشای باوکی بکەن و سەرلەنوێ لەوساتە ترسناکە بژێتەوە.

ـ هەست بەچی دەکەیت، ئایا هەست بەنارەحەتی ناکەیت؟

ـ نەخێر.

ـ لەدوای راپێچ کردنی باوکت، تۆ و دایکت و خوشکەکانت و ژن و منداڵەکانی دی ماوەی چەند لەتۆپزاوە مانەوە؟

ـ دە رۆژ.

ـ ئایا ئێوەشیان بەهەمان ماشینی سەربازی گواستەوە کە باوکتیان پێ گواستەوە؟

ـ نەخێر، ئێمەیان بەئۆتۆمۆبیلی سپی سەرداخراو گواستەوە.

( هیچ راڤەیەکم لەسەر ئەم پرسیارە نیە و بەدبەختانەش پرسیار گەلێکم لەسەر ئەو مەسەلەیە نەکرد. لێرە بەدواوە من و تەیمور لەحیاتی ئەو ئۆتۆمۆبیلانە وشەی کامیۆن بەکاردەهێنین ).

ـ ئایا بەرپرسەکانت دەناسی؟

ـ نەخێر.

ـ کاتێك لەتۆپزاوە وە بۆشوێنی کوشتن گوللەبارانکردنەکە دەگوێزرانەوە، چەند کەس لە کامیۆنێك بون؟

ـ پێم وایە هەر کامیۆنێك سەد کەسی تیابو.

ـ ئایا هەمویان ژن و منداڵ بون؟

ـ بەڵێ.

ـ بردنەکەتان چەند کاتژمێری خایاند؟

ــ لەتۆپزاوەوە بۆ سنوری سعودیە چوین. لەکاتژمێری (6) بەیانییەوە کەوتینەرێ و درەنگانێك گەیشتینە شوێنی گوللە بارانکردنەکە.

ـ کات درەنگ بو ؟

ـ ئێوارەیەکی درەنگ گەیشتین.

( بەڵام هێشتا دونیا بەتەواوەتی تاریك نەببو لەبەر ئەوەی ڕۆژ لەمانگی ئاب زۆر درەنگ ئاوادەبێت ).

ـ ئایا لەرێگە پشوتان دا ؟

ـ نەخێر.

ـ لەکوێ نانی نیوەرۆتان خوارد ؟

ـ نانی نیوەرۆمان نەخوارد.

ـ ئایا لەناو کامیۆنەکان سوکایەتیان پێدەکردن ؟

ـ کامیۆنەکان سەربازی تیانەبو، بەڵام دونیا زۆر گەرم بو. خەڵکی لەتیونێتی دا دەخنکان، چونکە ئاویان پێنەدەدایین.

ـ ئایا کەس لەناو کامیۆنەکان مردن؟

ـ سێ مناڵ مردن.

ـ چەند رۆژ بەبێ ئاو مانەوە؟

ـ تەنها رۆژێك. کاتێك سواری کامیۆنەکانیان کردین تا گەیشتین ئاویان پێنەدایین. ـ شتێکم لەسەر مناڵە مردوەکان پێ بڵێ؟

ـ مناڵێکی بچوك بەتوێنێتی مرد و کچێکی بچوکیش لەئۆتۆمۆبیلەکەی ئێمە بەتوێنێتی ونەبونی هەوا گیانی لەدەستدا.

ـ ئایا دەتوانی وەسفی بکەیت؟

ـ چاوەکانی سپی و ملی شین هەڵگەڕابو. کچەکە خەڵکی گوندەکەی ئێمە نەبو، خەڵکی شوێنێکی دی بو، نازانم خەڵکی کوێ بو.

ـ تەمەنیان چەند بو؟

ـ لەمن بچوکتر بون.

ـ ئەوانەی ناو کامیونەکە چییان لەو مناڵانە کرد؟

ـ هیچ

ـ ئایا داتانپۆشین ؟

ـ نەخێر

ـ ئایا ژنە بەتەمەنەکان، بەلایەنی کەمەوە مناڵە مردوەکانیان خستە لایەکی کامیۆنەکەوە ؟

ـ نەخێر

ـ هەر لەناو ئۆتۆمۆبیلەکە راکشابون ؟

ـ بەڵێ.

ـ تۆ هەستت بەچی دەکرد؟

ـ هیچ هەستێك نەمابو، هیچ هەستێك.

ئایا تەیمور خراپ لێم حاڵی بو ؟ یا لەپروپوچی پرسیارێك حەپەسابو کەبە وشە وەڵام نەدەدرایەوە.

ـ ئایا دایکت لەتەك بو؟

ـ بەڵێ.

ـ خوشکەکانیشت؟

ـ بەڵێ.

ـ ئەو دەمە پێت وابو چیت لێدەکەن؟

ـ پێم وابو گوللەبارانمان دەکەن.

ـ ئایا کەس هیچی پێ نەدەوتن؟

ـ نەخێر.

ـ پێشتر جاشەکان درۆیان لەگەڵ کردن، بەڵام ئەمجارەیان کەس خۆی ماندو نەکرد تەنانەت درۆشتان لەگەڵ بکات؟

ـ نەخێر، ئەو جاشانەی درۆیان لەگەڵ کردین لەشوێنی کوشتنەکەمان نەبون.

ـ ئایا جلوبەرگی ئەو ئەفسەرانەی لەتەکتانبون لەگەڵ جلوبەرگی سەربازەکان جیاواز بو؟

ـ بەڵێ، جلی جیاوازیان پۆشیبو.

ـ خاکی؟

ـ بەڵێ، سەربازەکان جلی خاکیان لەبەربو.

ـ ئەی ئەفسەرەکان چییان لەبەر بو؟

ـ بێری سەوز.

ئایا دەزانی ژمارەی ئەستێرەی سەرشانی گەورەترین ئەفسەر لەو یەکەیەی ئێوە بەرپرسیار بو چەند بو؟

ـ دوو ئەستێرە.

ـ مادامەکی ئۆتۆمۆبیلەکان سەربازی تیانەبو، بۆچی راتان نەکرد ؟

ـ ئۆتۆمۆبیلەکان دوو دەرگای داخراوی تیابو بۆیە بواری راکردن نەبو.

ـ دوو دەرگای ئاسن؟

ـ بەڵێ.

ـ بنمیچی ئۆتۆمۆبیلەکەش کانزا بو نەك قوماش، وانیە؟

ـ بەڵێ.

ـ پەنجەرەشی تیانەبو؟

ـ تەنها پەنجەرەیەکی بچوك.

ـ ئایا پلەی گەرما زۆر بەرز بو؟

ـ بەڵێ.

ـ ئەوەش لەمانگی ئابدا بو کە گەرمترین مانگە ؟

ـ نازانم چ مانگێك بو، بەڵام مانگی رەمەزان بو.

ـ لەدوای ئەوەی گەیشتنە شوێنی گوللەبارانکردنەکە چ رویدا؟

ـ لەپێش ئەوەی بگەینە شوێنی کوشتنەکە دایانبەزاندین و چاویان بەستینەوە و یەکی قومێك ئاویان پێداین، ئنجا سواری کامیۆنەکان بوینەوە. کاتێك گەیشتین دەرگاکانیان کردەوە، بەڵام من توانیم کەمێك چاوبەستەکەم لابەرم و ئەو چاڵەش ببینم کەسەربازەکان لەچوار دەوری راوەستابون.

ـ ئایا دەستت بەسترابووە ؟

ـ نەخێر

ـ کاتێك دەرگای کامیۆنەکەیان کردەوە یەکەمجار چ شتێکت بینی؟

ـ یەکەم شت چاڵێکی هەڵکەنرا و ئامادەکراوم بینی.

دواتر تەیمور بۆی گێڕامەوە چۆن بێ ئەوەی سەربازەکان پێی بزانن کەمێك چاوبەستەکەی لابردوە. بەدڵنیاییەوە دەست پێویستە بۆ سواربون و دابەزین لە کامیۆنەکان و دابەزین بۆ ناو چاڵەکە، بەڵام چاوبەستنەوە شێوازێکی کلاسیکییە بۆ ئەوەی قوربانیەکان لەرووی دەرونیەوە لەیەکتری دابڕێن، بۆیە بەمشێوەیە دەرفەتی ئەوەش کەمدەکاتەوە بەکۆمەڵ پەلاماری پاسەوانەکان بدەن یا رابکەن و خۆیان رزگار بکەن. کاتێك دەرگای کامیۆنەکە کراوەتەوە تەیمور هێشتا لەناو ئۆتۆمۆبیلەکە بوە چاڵەکەی دیوە.

ـ ژمارەی چاڵەکان چەند بو ؟

ـ دونیا تاریك بو، بەڵام ژمارەیەك چاڵ لەچوار دەورمان هەبو.

- پێنج یا شەش چاڵ ؟
- نەخێر، نەخێر، زیاتر بون.
- لەپێنج، شەش، حەوت زیاتربون؟
- بەڵێ، بەڵێ.
- وەسفی چاڵەکەی خۆت بکە.
- لەحەشارگەی تانك دەچو. ئێمەیان خستە ئەوجۆرە چاڵەوە.
- ئایا ئێوەیان یەکسەر لەکامیۆنەکەوە خستە چاڵەکەوە؟
- بەڵێ.
- بەرزی چاڵەکە چەند بو ؟ مەترێك ؟ دوومەتر ؟ ئایا دەتتوانی لەناو چاڵەکە بەپێوە رابوەستی؟
- بەرز بو.
- بەرزی چەند دەبو؟
- تانێوقەدی پیاوێك.
- چەند کەس دەخرایە چاڵێکەوە؟
- نزیکەی سەد کەس.
- ئایا چاڵەکە گەورە بو؟
- شێوەی لاکێشەیی بو.
- ئایا بەجوانی و بەوردی بەئامێر هەڵکەنرابو؟
- بەشۆفڵ هەڵکەنرابو، وەك ئەو چاڵانەی بۆ تانك لێدەدرا.

ڕەنگە تەیمور تا ئەوکاتە لەژیانیا پاسێکی نەدیبی، کەچی شوێنی تانکی زۆر باش دەناسییەوە لەبەر ئەوەی گوندەکەی لەسنوری ئێرانەوە نزیك بو، بۆیە دەوروبەری گوندەکەیشی پڕ بو لەحەشارگەی تانك کە شۆفڵەکان بەدرێژایی شەڕی هەشت ساڵەی عیراق ـ ئێران زۆر بەوردی و بەخێرایی پەناگەی تانکیان دروستدەکرد. ئەو شۆفلانەی عەلی حەسەن مەجید بێزاری دەردەبڕی لەوەی ناچاربوە ڕەوانەیان بکات بۆ ئەوەی لەساڵی 1988 دا خەڵکانی وەك تەیمور بخاتە ژێر گڵەوە. چاڵەکان قولایی پانەبڕگەی یاردەیەك دەبێت، بەڵام بەرزی درێژەبڕگەی دەگۆڕێت. لایەبەرزەکەی سەربازەکان لەسەر لێوارەکەی ڕادەوەستان و بەرەو لایەکەی دی لێژدەبێتەوە کەشۆفڵەکان هاتوچۆی تیادەکەن بۆ ئەوەی کارەکەیان ئەنجام بدەن.

- ئایا سەربازەکان لەدەوری گۆڕەکە بون؟

ـ بەڵێ.

ـ چ جۆرە چەکێکیان پێبو؟

ـ تەنها کلاشینکۆفیان پێبو.

ـ چییان لەسەر بو؟

ـ رەشیان لەسەر بو.

ـ ئایا بیری رەشیان لەسەر بو؟

ـ بەڵێ.

ـ کەواتە سەربازی ئاسایی نەبون؟

ـ سەربازی ئاسایی بون.

ـ ئایا پێشتر سەربازت دیوە ئەوجۆرە جلەی لەبەربێت ؟

ـ نەخێر.

ـ ئایا شتیان لەچاو بو، بۆ نمونە چاوێلکەی تایبەت بۆ خۆپاراستن ؟

ـ نەخێر.

ـ ئایا نیشانەیان لەسەرشان بو؟

ـ نەخێر.

ـ ئایا جلەکانیان خاکی بو ؟

ـ نەخێر سەوز بو.

ـ جلی سەوز و بێری رەش وەك کۆماندۆ یا هێزی تایبەت ( القوات الخاصە ).

ـ بەڵێ.

ـ ئایا پێشتر هێزی تایبەتت دیوە ؟

ـ نەخێر.

ـ چەند کەس لەدەوری چاڵەکە بون ؟

ـ چوار دەوری سەرباز بو، بەڵام تەنها دوو سەرباز تەقەیان دەکرد.

ـ ئایا لەدوای ئەوەی چونە گۆڕەکەوە دەستیان بەتەقەکرد ؟

ـ بەڵێ.

ـ ئایا دەکرێ باسی روداوەکەم بۆ بکەیت؟

ــ تەقــەکردن ... دوو ســەرباز لێــرەو لــەوێ وەســتابون ( لەســەر زەوی ئامــاژەی بــۆ شـوێنەکەیان دەکـرد وەك ئـەوەی لەسـەر دوو سوچـی بەرامبـەری چاڵەکە وەسـتابن ) و تەقـەیان لەئێمە دەکرد.

ـ ئایا یەکێك فرمانی تەقەکردنی پێدەدان ؟

ـ بەڵێ.

ـ دەمەوێت بزانم چی دەوت ؟

ـ ئەوسا عەرەبیم نەدەزانی، بۆیە نازانم چی دەوت.

ـ ئایا وتەکانی کورت بو یا درێژ ؟

ـ زۆر کورت بو.

ـ ئایا ئەو کەسانەی لەچاڵەکە لەگەڵتابون هیچیان دەوت ؟

ـ هیچ.

ـ ئایا ژنەکان دەگریان ؟ ئایا منالەکان دەگریان ؟ چییان دەکرد ؟

ـ هەمو شتێك ئاسایی بو. من لەوێ بوم. ئایا دەمتوانی بیر لە ....

ـ یا چاوەڕوانی مردنت نەدەکرد ؟

ـ دەمزانی دەکوژرێم.

ـ ئایا کەس نـارەزایی دەردەبـڕی ؟ یاکـەس هاواریـدەکرد یاکـەس هەوڵیـدەدا رابکـات، یـا شتێك لەدژی سەربازەکان بکەن ؟

ــ نــەخێر، بــەیانی زوو بەرێکــەوتین و بــەتاریکی گەیــشتین، بۆیــە خەڵکەکــە تــەنها دەیانویست لەکامیونەکان بێنە دەرەوە. نەخێر، کەس پەرچەکرداری نەبو.

ـ ئایا حەزتدەکرد بمریت و رزگارت بێت؟

ـ بەڵێ.

ـ پێم وایە بارێکی نائاسایی لەبێهەستی هەمو کەسێکی ناوچاڵەکەی گرتبـووە، ئەمـەش پەرچەکرداری یەهودییەکانمان وەبیردەهێنێتەوە کەبـەپێی بەسـەرهات و سەرگوزشـتەی کـوورە و لەناوبردنەبەکۆمەلەکان بەبێ نارەزایی بەرەو ژورەکانی گـاز پەلکێـشدەکران، چـونکە بەتـەواوەتی تەسلیمی مردن ببون. ئنجا تەقە لەدوولاوە دەستپێدەکات و شانی چەپی تەیمور دەپێکـرێ، بـەڵام گۆشت دەگرێ، لەو حاڵەتە تەیمور سەرهەڵدەبڕێ و سەربازێك دەبینـێ کەراسـتەوخۆ بەرامبـەری لەسەر لێواری چاڵەکەوە تەقەی لێدەکات، ئیتر تەیموریش بەرەو رووی رادەکات.

ـ ئایا خۆت گەیاندە سەربازەکە؟

ـ بەڵێ.

ـ ئایا سەربازەکەت گرت؟

ـ بەدەستی خۆم سەبازەکەم گرت، ئنجا . . .

ـ دەستی یا قاچیت گرت؟

ـ دەستی.

ـ بەڵام تۆ لەناو چاڵەکە بوی؟

ـ نەخێر، لەچاڵەکە دەرچوم و رامکرد.

ـ ئایا بەراکردن لەچاڵەکە دەرچویت و سەربازەکەت گرت ؟

ـ بەڵێ.

ـ ئایا هیچت پێوت؟

ـ هیچم پێنەوت، تەنها دەستیم گرت. ئنجا سەربازێکی دی تێی خوڕی و داوای لێکرد هەڵمبداتە چاڵەکەوە.

تەیمور لەو لالێژەی شۆفڵەکە بۆ تەواوکردنی چاڵەکە بەکاریدەهێنا بەراکردن هاتۆتە دەرەوە. سەرباری ئەوەی یەکێك لەو دوو سەربازەی تەقەیدەکرد، لێواری چاڵەکەش بەسەرباز تەنرابو. بەدڵنیاییەوە سەربازەکەی دی لەبەرامبەری بوە، بەدرێژایی هێڵە لێژەکەش تەقەی لەناو چاڵەکە دەکرد. رەنگە تەیمور بەکارێکی سەرسورهێنەر گەیشتبێتە سەرچاڵەکە ونەك هەر دەستی ئەو سەربازەی گرتوە کە تەقەی لێدەکرد، بەڵکو دەشێت خۆی پێوەی نوساندبێت و بەروخسارو بەقسەش لێی پاڕابێتەوە، بەڵام هیچ بەڵگەیەك نیە لەسەر ئەو وشانەی لە ساتەوەختی هەڵچونو نائاساییدا بەمێشکی تەیمورا هاتوە.

ـ ئایا تەماشای روخساری سەربازەکەت کرد ؟

ـ بەڵێ.

ـ چاوەکانیت بینی ؟

ـ بەڵێ.

ـ چیت تیابینی ؟ لەچاوان و روخساری چیت دەخوێندەوە ؟

ـ خەریك بو دەگریا، بەڵام سەربازەکەی دی هاواریلێکرد و فرمانی پێدا بمخاتە چاڵەکەوە، ئەویش ناچاربو سەرلەنوێ فرێم بداتە چاڵەکەوە.

ـ ئایا گریا ؟

ـ خەریك بو دەگریا.

ـ ئەو ئەفسەرەی هاواریدەکرد چەند دوور دەبو ؟

ـ لەسەربازەکەوە نزیك بو.

ـ ئەو سەربازەی فریێدایتە چاڵەکەوە هەر هەمان سەرباز بو کە دوبارە تەقەی لێکردیتەوە؟

ــ بەڵێ، هەر هەمان سەرباز تەقەی لێکردمەوە ئەویش لەدوای ئەوەی لەلایەن ئەو ئەفسەرەوە فرمانی پێدرا کەلەلێواری چاڵەکە لەتەنیشتییەوە راوەستابو، بەڵام جاری دوەم کەتەقەی لێکردمەوە لێرەی دام ( ئاماژەی بۆشوێنی گوللەکە کرد ).

کاتێك تەیموری خستۆتە چاڵەکەوە فیشەکێکی دی تەقاندوە و بەرخوار پشتی کەوتوە، هەردوو گوللەکە بەرگۆشت کەوتوە و بەسوکی بریندار بوە، سەرەرای ئەوەی لەدوامەینەتیدا بوە، کەچی خوێنێکی زۆریشی لێبەربوە.

ـ ئایا خودی ئەو کەسەی خەریك بو دەگریا دیسانەوە تەقەی لێکردیتەوە؟

ـ بەڵێ، ناچارکرا ئەو کارە بکات، چونکە ئەوی دی فرمانی پێدا.

ـ ئایا جاریکی دی کەوتیتە چاڵەکەوە؟

ـ بەڵێ.

ـ ئایا بەریێژنە تەقەیان دەکرد یا بەپچری؟

ـ دەوەستان و دیسانەوە تەقەیان دەکردەوە، بەو شێوەیە بەردەوام تەقەیان دەکرد.

ـ ئەو خەڵکەی دەوروبەرت چییان دەکرد کاتێك تەقەیان لێدەکرا ؟ ئایا کەسیان هورای دەکێشا یا هاوار و فیزاحی دەکرد یا شتێکی دی کەلەیادت مابێتەوە ؟

ـ کەس هاواری نەدەکرد.

ـ ئایا کەس هیچی نەوت ؟

ـ نەخێر.

ـ ئایا کەسی دی لەچاڵەکە راینەکرد ؟

ـ نەخێر.

ـ ئایا جگەلە تۆ کەسی دی پەلاماری سەربازەکانی نەدا ؟

ـ نەخێر، کەس هێزی تیانەمابو.

ـ چەند کەس لەدەوری چاڵەکە تەقەیان دەکرد ؟

ـ تەنها دوو کەس تەقەیان دەکرد و ئەوانی دی وەستابون.

ـ چییان دەکرد ؟ ئایا تەماشایان دەکرد ؟

- بەڵێ.

- ئایا جلوبەرگی ئەو دوو کەسەی تەقەیان دەکرد جیاوازی هەبو لەگەڵ ئەوانەی وەستابون ؟

- بەڵێ.

- چۆن ؟

- ئەوانەی بۆ هاوکاری وەستابون جلی سەوزیان لەبەر بو، بەڵام ئەوانەی تەقەیان دەکرد جلی سەربازییان لەبەر بو.

- ئەی کامیان بێری ڕەشیان لەسەر بو؟

- ئەوانەی چاودێرییان دەکرد.

- ئایا تەنها کەسێك فرمانی دەدا یا زیاد لەکەسێك فرمانی دەدا ؟

- هەر چاڵی کەسێك فرمانی پێدەدا.

- لەدوای وەستانی تەقە چ رویدا؟

- سەربازەکان بەشەو بەدەم قسەکردنەوە شوێنەکەیان بەجێ هێشت.

سەربازەکان بەشێوەیەکی هەرەمەکی بەدەوری چاڵەکە دەسوڕانەوە و چاوەڕوانی شۆفڵەکانیان دەکرد بۆ ئەوەی تەرمی کوژراوەکانی بخەنە ژێر خاکەوە. تەیمور چەند خولەکێك لەترسان لەنێو جەستەکان وەك مردو خۆی گرمۆڵە کردبو. پاشان دەڵێت لەدوای هەوڵێکی زۆر لەچاڵەکە هاتۆتە دەرەوە و بۆ دواجار تەماشایەکی ناو چاڵەکەی کردۆتەوە.

- لەچاڵەکە هاتمە دەرەوە و تەماشایەکم کردەوە، شتێکم بینی دەجوڵایەوە. کچێکی چکۆلانە بو. پێم وت : "هەستە بابرۆین"، وەڵامی دامەوە :" لەسەربازەکان دەترسم، ناتوانم لەگەڵتابێم".

- لەسەر ئەو کچە قسەی زیاترم بۆ بکە !

- پێکەوە لەچاڵەکە دانیشتین و گوللەیەك بەردەستی کەوتبو.

- ئایا لەتۆ بچوکتر بو ؟

- کچێکی زۆر خنجیلانە بو.

- چی لەبەر بو؟

- جلی کوردی.

- گوللەیەك بەردەستی کەوتبو... ئایا شتێکی دی نەوت؟

- نەخێر.

ـ ئایا خەڵکەکانی دی هەموویان مردوبون؟

ـ دەنگیان لێوە نەدەهات.

ـ لەدوای وەستانی تەقە بەچەند خولەکێك ئنجا تەیمور قسەی لەگەڵ کچە خنجیلانەکە کرد. لەدوا تەماشاکردنی چاڵەکەدا سارای دایکی و گێلاس و لەیلا و سروەی خوشکی بینی لەگەڵ سێ میمك و حەفسەی وجاخکوێرو مەعسومەی دایکی هەشت منالْ، ئنجا بەدزی سەربازەکانەوە بەرەو چاڵێکی نزیك رادەکات و خۆی تیا دەشارێتەوە. بەهۆی پارچە کانزایەکەوە لەکەی هەڵدەکەنێت و لەتاریکی شەودا خۆی تیا مت دەکات. تاماوەیەك لەوێ دەمێنێتەوە و چاودێری شۆفڵەکان دەکات، چۆن چاڵەکە پڕدەکەنەوە و ماشینەکانیش هاتوچۆ دەکەن. لەدوای ئەوەی سەربازەکان دەڕۆن تەیموریش دەبورێتەوە یا خەویلێدەکەوێت، بەڵام پاش ئەوەی هۆشی دێتەوە و لەرۆیشتنی هەمو سەربازەکان دڵنیا دەبێت لەچاڵەکەی دێتە دەرەوە و بەرەو بیابان دەکەوێتە رێ. شەو دەرەنگی کردبو. پاشان دەگاتە دووریانێك " رێگەیەکی کۆن و یەکێکی تازە "، رێگە تازەکە دەگرێت. لەدوای نزیکەی دوو کاتژمێر چەند سەگێك بەدەم وەڕینەوە پەلاماری دەدەن، بەڵام گەیشتبووە رەشماڵێکی کۆچەری ( بەدو). پیاوێك بەلایتێکەوە دێتە دەرەوە و لەگەڵ خۆیدا دەیباتە ژێر رەشماڵەکەیەوە. پیاوەکە لەگەڵ دایك و ژن و خوشکەکەی پێکەوە لەژێر خێوەتێك دەژیان. لەدوای ئەوەی نان و ئاوی بۆ دەهێنن جلەکوردییەکانی لەبەر دادەکەنن و دیزداشەیەکی عەرەبی لەبەردەکەن. ئەو خێزانە تەقەکانیان بیستبو.

ئەو سێ رۆژەی تەیمور لەگەڵ ئەو خێزانە کۆچەرییە مایەوە لەهەمو خێزانە کۆچەرییەکانی دییان شاردەوە و لەرۆژی چوارەمدا بردیان بۆ ماڵی خزمێکی خۆیان لەشاری سەماوە. لەوێ بەکەرەسە و داو دەرمانی نەخۆشخانەی خۆجێی سەماوە بەنهێنی چارەسەریان دەکرد.

تەیمور ماوەی دوو ساڵ لەگەڵ ئەو خێزانە دەمێنێتەوە وفێری زمانی عەرەبی دەبێ، بەڵام بەزاراوەی شیعەی باشور قسەی دەکرد. تەیمور زۆر لەو خەڵکانەوە نزیك بو کە ژیانیان رزگار کردبو، بۆیە سەرکێشانە رەتیدەکردەوە زانیاری زیاترم لەسەریان بداتێ.

لەکۆتاییدا تەیمور دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان. کوری خێزانەکەی سەماوە برادەرێکی سەربازی کوردی دەبێت. ئەو کوردە ناوی هەمو خزمەکانی تەیمور یاداشت دەکات و یەکێك لەپورەکانی تەیمور دەدۆزێتەوە. سەربازە کوردەکە بەیاوەری پورەکەی سەردانی مامی تەیمور دەکەن لەکەلار کەئەویش لەئەنفال رزگاری ببو. مامەکەی بەنهێنی سەردانی سەماوە دەکات بۆ ئەوەی تەیمور بهێنێتەوە، بەڵام لەدوای چەند مانگێك تەیمور هەست بەئەمانەت ناکات لەگەڵ

مامەکەی، چونکە دەترسا دەسـتەلاتدارانی عـراق بەراکردنەکەی بـزانن. بەمـشێوەیە بـەنهێنی ڕەوانەی ناوچەی گەرمیانی دەکەن تا ڕاپەڕینی ئازاری 1991 لەگەڵ شوانێکدا دەژیا.

کاتێك سەیری دەستنوسی چاوپێکەوتنەکەی تەیمور دەکەمـەوە هەست دەکـەم پرسـیارەکانم وەك پێویست هاوسۆزیان لەگـەڵ هەسـتی تـەیمور نـەبوە، چونکە پرسـیارەکانم تونـد و واقیعـی و لەسـەر شـێوازی ڕۆژنامەنوسـی بـوە، هەرچـەندە ئـەو دەمـە خـۆم زۆر عـاتیفی بـوم. دەبـێ مـن کەسێکی داخراو و تەیموری مێردمناڵی تەمەن دوازدە ساڵەش وەك کەسێکی هێمن و لەسـەرخۆ و خۆڕاگر قسەی لەسەر ترۆپکی ترسێك دەکرد کە دەشێت مرۆڤ تیا بژێت.

نزیـك تـەواوبونی چـاوپێکەوتنەکەمان لـەناکاو تـەیمور بـۆ یەکـەمجار وشـەی "ئـەنفال"ی بەکارهێنا.

ـ ئێستا وشەی " ئەنفال " بەکاردەهینی، کەچی یەکەمجار کەلێم پرسیت، پێت وتم ؛ پێشتر هەرگیز ئەم وشەیەم نەبیستوە، کەواتە یەکەمجار کەی گوێت لەوشەی ئەنفال بو ؟

ـ کاتێك لەسەماوە گەڕامەوە یەکەمجار لەکوردستان گوێم لە وشەی ئەنفال بو.

ـ پێت وایە وشەی ئەنفال چ دەگەیەنێت؟

ـ ئەنفال مانای کافر دەگەیەنێت.

ـ بۆچی حکومەتی عراق ئەو کارەی بەسەرتانی هێنا، ناوی ئەنفالی لێنا.

ـ نازانم.

ـ بەرامبەر بەعەرەب هەست بەچ دەکەیت ؟

ـ خەڵکانێکی باشن.

ـ کێ ئەو کارە دزێوانەی بەسەرتان هێنا ؟

ـ عەرەب.

ـ کەواتە بەرامبەریان هەست بەچ دەکەیت ؟

ـ هەمو عەرەب ناڵێم. تەنها دەڵێم ....

ـ ئایا کەس ئەم قسانەی پێ وتویتەوە ؟ دەمەوێت بزانم هەست بەچی دەکـەیت، چونکە بـۆ مـن گـرنگ نیـە چ کەسـێك ئـەم قـسانەی پـێ وتویـت. دەمـەوێت بـزانم لەناخـەوە هەسـت بـەچ دەکەیت. کێ ئەو کارەی بەسەرت هێنا حکومەت یا عەرەب ؟

ـ حکومەت.

ـ ئەگەر بەدەستی خۆت بێت، ئێستا دەتەوێت لەژیانا چ بکەیت ؟

- سەبارەت بەخۆم نازانم.
- ئایا شتێك هەیە لەهەمو شتەکانی دی زیاتر حەزی لێبکەیت ؟
- بەڵێ.
- چییە؟
- ناوبانگ دەربکەم.
- کەسێکی بەناوبانگ؟
- بەڵێ.
- زۆر بەناوبانگ؟
- بەڵێ.
- لەچ شتێك ناوبانگ دەربکەیت؟
- لەئەنفال
- ئایا دەتەوێت لەئەنفال ناودەربکەیت یا ببیت بەپێشمەرگە؟
- لەئەنفال.
- ناوبانگ دەرکردن لەئەنفال چ مانایەك دەگەیەنێت؟
- دەمەوێت جهان بزانێت چیم بەسەر هاتوە.

## 6ـ یادکردنەوەی دڵرەقی

تاماوەیـەکی نزیـك پـێم وابـو " ئـەنفال " نـاوی ئایـەتێکی قورئانـە، بۆیـە کاتێـك سـەدام حوسەین لەحوزەیرانی ساڵی 1991 دا نـاوی ئـەنفالی بـۆ پرۆسـەیەکی گـەورەی سـەربازی دانـا لەباشوری عراق، ئێمەی عراقیش کەلـە هـەمو شـوێنێکەوە ئـەو هەواڵـەمان دەگەیانـدە دەزگاکـانی راگەیاندن هیچ بیرۆکەیەکمان لەسەر مانای هەڵبژاردنی ئەو ناوە نەبو. لەدوای شکستی راپـەڕینی ئـازاری 1991 خـەڵکێکی زۆر لەترسـی تۆڵەسـەندنەوەی ریـژیم رایـانکرد و چـەندین شـوێنی ئـاوەدان و کوچـەوکۆڵانی شـارەکانی باشـوریش تـەختکران. بەدرێـژایی چـەندین هەفتـە هـەر نێرینەیـەکی شـیعەی سـەرووی دوازدە سـاڵان مەترسـی کوشـتنی لێـدەکرا و بەشـۆفڵ بەکۆمـەڵ بخرێنە ژێر گڵەوە. خوێندکارانی فیقه، ئەوانەی ریـژیم دەسـتگیری کردبـون هـەمویان گوللـەباران کران. لەو روداوانە تەنها خەڵکانی ئەبوحەیدەر ئاسا توانیـان رابکـەن، بـەڵام ئەوانـەی نـەیانتوانی بـۆ دەرەوەی وڵات رابکـەن پـەنایان بـۆ زۆلکاوەکـانی نێـوان دیجلـە و فـوراتی باشـوری عـراق بـرد.

سوپای عـراق لـەمانگی حـوزەیران گـەمارۆی هۆرەکانیـدا و خـواردنو سـوتەمەنی و دەرمـانی لێقەدەغەکردن. تەنها لەرێگەی وەبیرهێنانەوەی روداوەکان تێگەیشتم ئـەو نـاوە دوبارەکردنـەوەی ئەو پرۆسە ترسناکە بو کەساڵی 1988 لەدژی کورد پیادەکرا.

هەتاهەتایـە مـرۆڤ لەسـەر مەسـەلەی نـاوەرۆکی راسـتیەکان گفتوگـۆ دەکـات، بـەڵام گفتوگـۆ لەسەر ماهیەتی دڵڕەقی ناکات. لێـرە بـەدواوە و بـۆ هـەتا هەتایـە وشـەی "ئـەنفال" لـەکن هـەمو عەرەب مانایەکی نوێی دەبێ کەحزبی بەعسی عراق پێی بەخشیوە، ئەویش؛ کوشـتنی بەکۆمـەڵی زیاتر لە (100) هەزار کوردە کەساڵی 1991 بەرەسمی دانیپیانراوە.

ئەم مانا تازەیە سەرەتای دانپیانانی بەرپرسیارێتی روداوەکانی ساڵی1988ـ ە. عراق بـەبێ ئەم دانپیانانە داهاتویەکی ئاسایی نابێت، چونکە رابـردوو هـەر لەخۆیـەوە کۆتـایی نایـەت، بـەڵکو پێویستە روبەروی بینەوە پێش ئەوەی بەلاوە بنرێت.

هیچ وڵات و کولتورێك ئەزمونی ئەنفالی نیە یا ئـەو عراقیانـەی لەئـەزمونی سـاڵی 1991 ژیاون هەرگیز نـاتوانن ژیـانێکی ئاسـایی " وەك جـاری جـاران " بژینـەوە. ئایـا تـەیمور دەتوانێـت جارێکی دی وەك منالێکی بچوکی کورد بژی ؟ یادەوەری روداوەکـانی 1988 و 1991 بەتـەنها بەشێکە لەو میراتیە گەورەیەی سـەدام حوسـەین بـەجێی دەهێڵێـت، میراتییـەك میللـەتانی عـراق لەدوای نەمانی سەدام حوسەینیش بۆماوەیەکی دورودرێژ پێوەی دەناڵێنن.

بەڵام چ کەسێك لەروداوەکانی ساڵی 1988 بەرپرسیارە؟

تامانگی تشرینی دوەم / 1991 زانیاریم لەسـەر پرۆسـەی ئـەنفال نـەبو، بـەڵام ئایـا مانـای ئەوە دەگەیەنێت کەمن لێی بەرپرسیارنیم ؟ بەدڵنیاییەوە جهان دەیزانی کورد بەلایەنی کەمـەوە لەساڵی 1975 ـ ەوە لەزێدی خۆی رادەگوێزرێ. زۆرێك دەیـانزانی سـەدان گونـد ئەگـەر نـەڵێین هەزارانیان لەسەر زەوی سڕانەوە. ئەنفال لوتکەی لۆجیکی درندایەتیـەك بـو کەبـەئاگاداری هـەمو حکومەتـەکانی رۆژئـاوا و رونـاکبیرانی عـەرەب بەدرێـژایی چـەندین سـاڵ لـەعراق پیـادە دەکـرا ؛ یەکەمیان ستەمکاری پڕچەك کـرد، دوەمیـان (رونـاکبیران) پـشتگیری سیاسـی لێـدەکرد، ئێـستاش وەحشیگەری هەمو کەسێکی گرتۆتەوە.

کوشتنی کوردەکان لەپرۆسەی ئەنفال دا تەنها ریژیمی بەعس لەبەغدا لێی بەرپرسـیار نیـە. ئایـا هـەمو عـەرەبێکی عـراق لێـی بەرپرسـیارە ؟ لەلایـەکی دی، ئەگـەر کـورد بەدەسـتی کـورد لەگونـدەکانی خۆیانـەوە بـەرەو مـردن پـەلکێش نەکرانایـە ئـەوا زۆرێکیـان رزگاریـان دەبـو. ئایـا ئەمەش مانای ئەوە ناگەیەنێت کە کوردیش لەئەنفال بەرپرسیارە؟

هەمو عەرەب بەرپرسیارە؟ لەکاتی دروستکردنی دەوڵەتی ئیسرائیلدا بەملیون وشە و دێڕ لەسەر وێرانکردنی سەدان گوندی فەلەستین نوسرا، ئەمەش کارێکی دروستە. بەڵام گەلێك لەو روناکبیرانەی ئەو وشانەیان نوسیوە لەبەرامبەر وێرانکردنی هەزاران گوندی کورد لەلایەن دەوڵەتێکی عەرەبییەوە بێدەنگیان هەڵبژارد. وادیارە ئێمە تەنها دەمانەوێت ئەو شتانە بزانین کە دەمانەوێت بیزانین.

رەنگە بەرپرسیارێتی بکەوێتە سەرشانی وڵاتە هاوپەیمانەکانیش، ئەوانەی عراقیان وێرانکرد بۆ ئەوەی سەدام حوسەین لەکوێت وەدەرنێن. زۆرێك لەعراقیەکان لەبیریانە سەدام لەساڵی 1988 دا هاورێی هەموان بو. جۆرج بوش، ئەو دەمە جێگری سەرکۆمار بو لەزۆر بۆنەدا خودی خۆی بۆ بەرژەوەندی ریژیم تەدەخولی کردوە بۆ ئەوەی لەکاتی شەڕی عراق ـ ئێران دا تای تەرازوو بەلای عراقدا لاسەنگ بێت [1]. عراقیەکان رۆژی هەڵایسانی شەڕی کەنداویان لەبیرە و دەزانن چۆن دەستی سەدام ئاواڵەکرا بۆ ئەوەی تورەبون و وێرانە بەسەر میللەتەکەی ببارێنێ و دەیانوت: ئایا سەرۆکی ئەمریکا زانیاری هەوالگری لەسەر ئەنفال پێگەیشتوە، ئایا بەئەنقەست ئەو زانیاریانە و دەزگای هەوالگری پشتگوێ خستوە ؟. رەنگە رۆژگارێك بێت گۆڕە بەکۆمەڵەکانی رۆژئاوای سەماوە و نزیك سنوری سعودیە بدۆزرێنەوە کە تەیمور وەسفی کردوە. کاتێك راپەرینی ئازاری / 1991 بێرەحمانە سەرکوتدەکرا بەرێکەوت هێزی هاوپەیمانەکان لەنێوان سەماوە و سنوری عراق ـ سعودیە مۆڵگەیان خستبو، کەرەنگە رێك لەسەر ئەو گۆڕانەشەوە تەماشای قەتلوعامی خەڵکی عراقیان کردبێت. ئایا ئەجندەی دەستەڵات لەواشنتۆن دەیانزانی سەربازەکانیان لەسەر چ دانیشتون؟.

## یادکردنەوەی شەڕی کەنداو

جەنگ دۆزەخە، بەڵام هەمو جەنگەکان یەکجۆر دۆزەخیان نیە. ئەو شێوازەی ئەمریکا کۆتایی بەشەڕی کەنداو هێنا، ئازارێکی زۆری بەخەڵکی عراق گەیاند. چونکە ژمارەی قوربانیەکانی خەڵکی عراق زۆر لەقوربانیەکانی شەڕەکە زیاتر بو. عراق لەسەرەتای هاوینی / 1991 دا لەوڵاتێکی هاوچەرخەوە کەخاوەنی پێشکەوتوترین دەزگای پزیشکی و تۆری ئاو و ئاوەڕۆ و وزەی کارەبا بو گۆڕا بەهەژارترین وڵاتی جهان، ئەم دەرئەنجامەش تیمێکی لێکۆڵینەوەی جهانی کەپێکهاتبو لە 87 لێکۆڵیاری ئەکادیمی و پسپۆر پێی گەیشتوە. ئەو تیمە لەئەیلەلی / 1991 دا بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لەسەر کاریگەری شەڕ بەگشتی لەسەر تەندروستی سیڤیلەکان و خۆشگوزەرانیان سەردانی عراقیان کرد[3]. زیاد لەنیوەی دانیشتوان لەدوای

ئاگربەست بەدرێژایی چەندین مانگ بەهۆی تێکەڵبونی ئاوی خواردنەوە و ئاوی ئاوەڕۆ مەترسی نەخۆشیان لێدەکرێ. سێیەکی منالآنی عراق بەدەست بەدخۆراکییەوە دەناڵێنن. نرخی خۆراك لەنێوان 1500 ـ 2000 ٪ بەرزبۆتەوە، ئەمە لەکاتێکدا کرێی کارکردن بەبەراورد لەگەڵ پێش شەڕ لە 7٪ کەمیکرد. لەباشوری عراق ئەو نەخۆشیانەی لەرێگەی ئاو دەگوێزرێنەوە وەك تیفوئید و هەوکردنی ریخۆڵە و کولێرا و هەوکردنی جگەر و دانەجیرە سەد لەسەد زیادیان کردوە، هەروەها لەهەمو شوێنێك ئەو نەخۆشیانەی بلاَوبون وەك ئیفلیجی منالّ و سورێژە و گەزاز تەشەنەیان سەندوە[4].

لەکاتی شەڕی کەنداودا سەرەرای ئەوەی فرۆکەکانی هاوپەیمانان (120) هەزار کەرەت بۆردومانی ئاسمانیان ئەنجامدا، کەچی زەرەروزیانی ناوچە ئاوەدانەکان زۆر گەورەو گشتگیر نەبو، بۆیە هەرگیز ناتوانین بڵێین بۆردومانێکی ئاسمانی هەرەمەکی نمونەیی بو، هەروەها ژمارەی قوربانیە مەدەنیەکان بەپێی پێشبینیەکان نەبو کەلەو پەلامارە گەورەیە چاوەڕواندەکرا. ژمارەی مەدەنیە کوژراوەکان لەنێوان ( 3 ـ 5 ) هەزار کەس بو[5]. بەلاَم ژمارەی سەربازە کوژراوەکانی ئەو شەرە بە 30 ـ 100 هەزار کوژراو دەخەملێنرێ، هەر چەندە کۆدەنگێك لەسەر چاوپیاخشاندنەوە و راستکردنەوەی ئەو ژمارەیە هەیە[6].

بیپ دابونت ـ ی دیموگرافی کەلەدەزگای ئاماری رەسمی ولاَتە یەکگرتوەکان کاردەکات، ژمارەی کوژراوەکانی شەڕی کانونی دوەم و شوبات بە 53 هەزار کەس دەخەملێنێ و لەبەرامبەر ئەوەشدا 105 هەزار عراقی لەئەنجامی راپەڕین لەدژی سەدام حوسەین و بەهۆی نەخۆشییە درمە باوەکان، ئەو نەخۆشیانەی لەرێگەی ئاو دەگوێزرێنەوە و وێرانکردنی ژێرخانی ولاَت گیانی لەدەست داوە[7]. وادیارە ژمارەی کوژراوەکانی کورد ـ شیعەی حیساب نەکردوە کەلەدوای هەرەسهێنانی راپەڕین بەرەو چیاکان رایانکرد. لەکاتی کۆرەوە مێژوییە دوو ملیون کەسەکەی کورد، رۆژانە 450 ـ 750 کەس بەهۆی سکچون و نەخۆشی هەناسەسواری و برینداری دەمردن. بەتێکرایی 25 ـ 30 هەزار مرۆڤی کورد گیانی لەدەست دا[8]. بەلاَم شیعەی عراق لەدوای تەواو بونی شەڕ گەورەترین پشکی تۆڵەسەندنەوەی سەدامی بەرکەوت و کەسیش نازانێت چەند دەیان هەزار کەسیان لێکوژراوە.

تەکنۆلۆجیای پێشکەوتو لەدوای چەند کاتژمێرێك لەهەڵایسانی شەڕ کۆتایی بەبونی عراق هێنا وەك دەوڵەتێکی هاوچەرخ. بەپێی وتەکانی ریچارد رید لەسندوقی نەتەوە یەکگرتوەکانی تایبەت بەمنالاَن، سەرتاپای نیشتمان بێدەماغ مایەوە. هەروەها دەڵێت : "بەشێوەیەکی سەرەکی

شاری بەغدا نەروشابو، جەستەیەك بو بەشکلێکی گەوهەری پێستی دەستی بەرنەکەوتبو، بەلاّم گشت ئێسك و پروسك و جومگە و دەمارەکانی وردوخاش و لێکترازابو"[9] تیمێکی لێکۆڵینەوەی هارفۆرد لە 27 / نیسان ـ 6 / ئایار سەردانی (11) شاروشارۆچکەی سەرەکی عراقی کرد و گەیشتە ئەم دەرئەنجامە :"سەرەرای ئەوەی بۆردومانی هێزی هاوپەیمانەکان زەرەر و زیانێکی زۆری بەمەدەنیەکان نەگەیاند، بەلاّم وێرانکردنی ژێرخانی ولاّت لەسەر ئاستی تەندروستی دەرئەنجامی درێژخایەن و وێرانکاری لێکەوتەوە. بەگشتی پێمان وابو خودی قوربانیە مەدەنیەکان راستەوخۆ لەشەرەکان دەکوژرێن، بەلاّم ئەم راڤەکردنە پێویستی بەچاوپیاخشاندنەوە هەیە"[10].

قوربانیە راستەقینەکانی تەکنولۆجیای ئەمریکا منالاّنی عراق بون. قوتابخانەی هارفۆرد بۆ تەندروستی گشتی لەئەنجامی لێکۆڵینەوەیەکی چڕوقوڵ لەسەر 16076 منالّی عراقی گەیشتۆتە ئەم ئەنجامە : "لەئەنجامی شەری کەنداو، راپەرین و بەردەوامی گەمارۆی ئابوریدا رێژەی مردنی منالاّن بەلایەنی کەمەوە سێ جار زیادیکردوە، ئەم زیادبونەش هاوتایە لەگەلّ مردنی نزیکەی 46897 منالّی عراقی خوار پێنج سالاّن لەکانونی دوەمەوە تا ئابی / 1991"[11]. لێکۆلینەوەیەکی دی لەسەر بەسرە کراوە کەنزیکەی (175) هەزار منالّی تیا دەژی. لەو لێکۆڵینەوەیەدا 723 منالّ بەنمونە وەرگیراوە کە زۆربەیان تەمەنیان لەنێوان رۆژێك تا 36 مانگ بوەو بەم ئەنجامە گەیشتوە ؛ لە8٪ یان توشی نەخۆشی "لەری بون" و لە 24٪ یان "بەتەواوەتی لەگەشەکەوتون" و لە 20٪ یشیان "توشی بەدخۆراکی بون" [12]. ئەو لێکۆڵینەوانە دەیسەلمێنن پەیوەستی نێوان شەری کەنداو و نەخۆشی و مردنی منالاّن لەباکور وباشوری عراق بەهێزتر بوە تا ناوەراستی ولاّت. بەوتەیەکی دی، لەئەنجامی بریارێکی ئەمریکا بەلێدانی وێستگەکانی وزەی ولاّت و پاشان خۆکێشانەوە و بەجێ هێشتنی عراق بەبێ چاکسازی زۆرێك لەمنالاّنی کورد و شیعە گیانیان لەدەست دا. سەبارەت بەرۆژهەلاّتی ناوەراستیش فەرمانبەرە رەسمیەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان دەلّێن ؛ نزیکەی (5) ملیۆن کەس بەهۆی شەری کەنداوەوە مەترسی ئەوەیان لێدەکرێ چەندین سالّی تەمەنیان لەهەلّومەرجێکی نادیاردا بەسەربەرن. ریچارد رید دەلّێت : " دەتوانین بەبروایەکی پر لەمەترسییەوە قسە لەسەر نەوەیەکی بزر و بێپاشەرۆژ بکەین"[13].

کاریگەری شەری کەنداو لەناخی ئەو منالاّنە دەمێنێتەوە کەلە بۆردومانی ئاسمانی و تۆڵەسەندنەوەی ریژیم و کارەساتی سروشتی و بەدخۆراکی رزگاریان بوە. لەنێو ئەندامانی تیمی لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی، ئەو تیمەی پێشتر لەسەرەوە باسمان کرد، دوو زانای دەرونی تیابو،

کەپسپۆر بون لەبواری شۆکی دەرونی مناڵ و چاوپێکەوتنی تێروتەسەلیان لەگەڵ (214) منالّی عراقی لەتەمەنی قوتابخانەی سەرەتای کردوە و گەیشتونەتە ئەم دەرئەنجامە سەرسورهێنەرە : "ئەو شۆکە دەرونییەی منالاّنی عراق بەهۆی شەڕەوە تیا دەژین زۆر گەورەترە لەو شۆکەی منالاّن بەدرێژایی شەڕەکانی میژوو روبەروی بونەتەوە". هەروەها ئەو دوو زانایە بۆیان دەرکەوتوە ئاستی خۆخواردنەوە و دلّەڕاوکێ و گوشاری دەرونی و رەفتاری ناسروشتی بەرادەیك بوە کەبەدرێژایی (15) ساڵ لێکۆلّینەوەی مەیدانی لەو ولاّتانەی شەڕ هێزی لەبەربریبون، وەك مۆزامبیق یا ئۆگەندا یا سودان، وێنەیان نەبوە. ئەو ماکانەی لەراپۆڕتەکەیان وەسفیان کردوە بریتیە لە "خەمۆکییەکی قوڵ" و "نائومێدی لەژیان". منالّەکان لەناخەوە بەخەم و دلّتەنگی و ترسێکی زۆر شێواون.، ئەو کەسانەی ئاخاوتنم لەگەڵ کردن لە80٪ یان لەئەگەری مردن یا جیابونەوەی خێزانەکانیان دەترسان و سێ یەکیشیان پێیان وابو بەرلەوەی بگەنە تەمەنی بالّق بون دەمرن. راپۆڕتەکە بەم دەرئەنجامە کۆتایی دێت : "تەنانەت لەشوێنێکی وەك مۆزامبیق ـ یش کەشەڕ هێزی لەبەربریوە هێشتا منالّەکان وەك منالّ یاری و هەلّسوکەوت دەکەن، بەلاّم ئەو دوو زانایە، منالّە عراقییەکان بە "مردوە زیندوەکان "وەسف دەکەن کەلەدوای ئەتۆمبارانکردنی هێرۆشیما هاتونەتە دونیاوە[14].

لەسەرەتای پایزی / 1991 دا نامەی ناسیاوێکی دێرینم بەناوی ئەبوعەلی (ناوێکی خوازراوە) پێگەیشت، ئەبو عەلی لەتەمەنی باوکمە، هەر لەرۆژانی هەرزەکاریمەوە لەعراق رێزوپێزانینم بۆی هەبوە. نامەکەی باسی لە نەهامەتی و کلۆڵی عراقیەکان دەکرد کە بەدرێژایی چەندین مانگ لەدوای ئاگربەست بەدەستییەوە دەنالّێنن. ئەبو عەلی بەخێزانەوە بەغدایان بەجێ هێشتبو، بۆیە لەعەمانەوە نامەکەی نوسیبو. ئەبوعەلی تازە پێی زانیبو بەلّگەنامەیەك بەناوی "بەلّگەنامەی 91" ئامادە دەکەم، کەبریتی بو لەکۆکرنەوەی ئیمزای عراقیەکان بەمەبەستی پەیوەستی نێوان مافەکانی مرۆڤ و دیدێکی سیاسی لەسەر لێبوردنی ئاینی و سیاسی بونیات نرابێت[15]. دەقی بەلّگەنامەکە لەرۆژنامەیەکی رۆژانەی عەرەبی لەئەردەن بلاّوکرایەوە. ئەبوعەلی بۆ ئەوەش نامەکەی بۆ نوسیبوم تا لەسەر خۆشبینییەکی بێسود و نامۆییم بەروداوەکانی ناوعراق سەرزەنشتم بکات. پوختەی نامەکەی باس لەکلۆڵی و داماوی زۆرێك لەعراقیەکان دەکات.

برای خۆشەویستم کەنعان ... نازانم ئەم لەتە وەرەقە شینە بێگەردە هێندێك لەوەی هەستی پێدەکەم و کەمێك لەغەم و خەفەتی کۆمەلّگەکەمانت پێدەگەیەنێت یا نا.

www.dengekan.com

ئـەوەی مـن دەیبیـنم - ڕێگـەم پێبـدە ئـەم قـسانە بکـەم - بیروبۆچـونەکانی قوللـەی قـاف بەرادەیـەك بـەئاسمانا چـون بـەحاڵ دەیـان بیـنین یـا تـەنها دەیانبیـستین، چـونکە پـێم وایـە کۆمەڵگـەی ئـەمرۆی عـراق لەکۆمەڵگـەی سـاڵی 1984 دەچـێت و کـەس ناتوانێـت یـا تەنانـەت ناشوێرێت بـاس لـەئازادی و دیموکراسـی و برایـەتی و مرۆڤایـەتی بکـات، رانـەهاتوین لەمافـەکانی مرۆڤ تێبگەین و بزانن چ مـاف و ئـەرکێکیان هەیـە. ئـەمرۆ خـەڵکی عـراق تـەنها دەزانـن چـەپڵە لێبدەن و هۆرا بۆ براگەورە بکێشن : "بەگیان ... بەخوێن ... فیدات بین ئەی سەدام".

ئەمرۆ خەڵکی دەیانەوێت بژین... تەنها وەك مەڕوماڵات بژین و سەریان سەلامەت بێت، یـا سکی برسیان تێربکەن بۆ ئەوەی بەزیندوێتی بمێننـەوە یـا ئـەو شـتە کەمـەی هەیانـە پاریزگـاری لێبکەن تا پیاوانی حزب و پۆلیس یا برسیە دەربەدەرەکان لێیان نەدزن.. یا زمـانی خۆیـان بگـرن لەترسی ئـەوەی قسەیەك نەکـەن پیـاوانی ئـەمن یـا موخابـەرات بـەدڵیان نـەبێت و بـەرەو پـەتی سێدارە پەلکێشیان بکەن.

کەنعان گوێم بـۆ رادێـرە ... ئایـا چـاوەروان دەکـەیت ئـەمجۆرە مرۆڤـە شـۆرش بکـات. بـەڵێ هێندێك کەس بەڵام لەبەر هـۆی نەتـەوەیی یـا ناوچـەیی یـا خێڵایـەتی شۆرشـیان کـرد ... ئنجـا خەڵکـە بێزارەکـەش پەیوەنـدی پێـوەکردن... لەدوایـدا شۆرشـەکەیان چ ئـەنجامێکی هـەبو، شۆرشگێرەکان دوو ئەوەندەی شەڕی کەنـداویان لێکـوژرا ... پاشـان بەشـێوەیەك کەجێگـەی بـڕوا نیـە خۆیـان و خێـزان و سـامان و کەلوپـەل و تەنانـەت پیرۆزییەکانیـشیان روبـەروی خـراپترین مامەڵە بونەوە. ئایا پێت وایە میللەتێك شۆرش دەکات کە چوار دەوری بەگاردی کۆمـاری و ئـەمن و پاسەوان و موخابەرات گیرابێت، ئەو دڕندانەی دوورن لەهەمو بەهایەکی مرۆڤانە و بێبـەزەیین بەرامبەر بەژن و نـەخۆش و زانـا... و ... کەسـیش لەسـەر کـاری دڕنـدە و نامرۆڤانـەیان لێیـان ناپرسێتەوە (ناڵێم سزایان بدات)؟.

لەدوای ئەم هەمو شتانەش گەڕانەوە بۆ بەڵگەنامـەی - 91 - و بانگهێـشتی کۆمـاری لێبـوردن ئاراسـتەی چ کەسـێك دەکـرێ ؟ بـۆ گـەلی عـراق؟... نـەخێر، بـەڵکو ئاراسـتەی ئـەو روناکبیرانـە دەکـرێ کەلـە قوللـەی قـاف ولاتـانی ئـازادی و خۆشـگوزەرانی بـەهێمنی و ئـارامی دانیـشتون بـەبێ ئەوەی موخابەرات چاودێرییان بکات یا دەم و بیریـان دابخـات ... تـەنها وەك ئارەزوویـەك نـەیاری حوکمی دیکتاتۆرییەت لەعراق دەکەن و خەڵکی بۆ شۆرش هاندەدەن ... بەبێ ئـەوەی یـەکێکیان بەردێکیان گرتبێتە ئەم ریژیمـە... هێنـدێك کـەس لـەعراق هـەواڵی ئۆپۆزیـسیون دەبیـستن ... خەڵکی لێیان بێتاقەت بوە... خەڵکی کرداری دەوێت نەك قسە... کەسـێکیان دەوێـت لەچـنگاڵی ئەم ستەمکارە رزگاریان بکات...

ئایا لەدوای ئەو هەمو شتە پێت وانیە هەلومەرجی وڵاتەکەمان دەستی لێشۆراوە؟ میللەتی عـراق نائومێـد بـوە وگلـەیی لـەهێزە دەرەکییـەکان دەکـات (بەتایبـەتی ئـەمریکا) لەسـەر ئـەو نەهامەتی و هەیمەنـە و سـتەم و چەوسانەوەیەی بەدەسـتییەوە دەنـاڵێنن و بـەردەوام دەست بـۆ ئاسمـان بەرزدەکەنـەوە و لەیـەزدان دەپارێنـەوە بـۆ ئـەوەی دڵـی ئـەمریکا و بـوش یـا ئەوانـەی بانگەشەی مرۆڤدۆستی و دیموکراتیزم و مافـەکانی مـرۆڤ دەکـەن نـەرم بکـات و لـەو ئێشوئازارە رزگاریان بکات.

کاتێك ئەم وشە راستەقینە و راستگۆیانەی ئەبو عەلی لەکتێبـە مێژوییـەکان دەنوسـرێتەوە، ئنجا پرسیاردەکرێت ؛ ئەم شەڕە چ جۆرە شەڕێك بوە؟

لەتەموزی/1991 دا دەرهێنەرێکی تەلەفزیونی سەبارەت بە بەرنامەیەك بۆ دروستکردنی پەیکەرێك لەسەر " گەردەلولی بیابان" پەیوەندییـەکی سـەیری پێوەکردم. ئـەو دەرهێنـەرە پێـی وابـو خـەڵکانێك هەیـە بـیر لـەوە دەکەنـەوە لەشـوێنێکی واشـنتون پەیکـەرێکی لـەوجۆرە دروست بکەن. رەنگە ئەم بیرۆکەیە ختوکەی هێندێك لەبیروکراتەکانی دابێـت بەتایبـەتی لـەدوای ئـەوەی موحافیزکار دایجید هیگیز لـە10/حوزەیران لەشاری نیویـۆرك نـاوی "شای نمایشەکانی" لێنـا. رۆژنامەی نیویۆرك تـایمز لـەپیرۆزکردنی ئـەو ئاهەنگە دەنوسـێت : سـەرەرای قـەیرانی دارایـی و کزی ئابوری کەچی (5) ملیۆن کەس لەگـەورەترین کۆبونـەوە لەمێـژوی ئـەم شـارەدا بەدرێـژایی چـەندین میـل لـەنێوان بـاتیری پـارك و ۆرس سـتریت ریزیـان بەسـتبو. ئـەوەش دەرفـەتێك بـو لەبەردەم شارەکە بۆ ئەوەی" سوپاسگوزاری کەسانێك بێت کەلەپێناوی نیشتماندا ژیانیـان بـەخت کردوە، شانازی بەسەربازەکانیەوە بکات. ئایـا نوسـەر ئـەو (146) سـەربازە کـوژراوەی لـەبیر بـو کەزۆربەیان بەگوللەی دۆستەکانیان کوژرابـون ؟ رەنگـە قـسەکانی یـەکی ئـازاری جـۆرج بـوش ـ ی لەیادمابێتەوە کەرۆژێك لەدوای ئاگربەست و رۆژێك لەدوای دەسپێکردنی راپەڕینی خەڵکی عـراق لەدژی سەدام ئـەم قـسانەی کـرد : "ئـەمرۆ رۆژی سـەربەرزی و بـەخۆنازینی خـەڵکی ئەمریکایـە، چونکە بۆ هەتاهەتایە کێشەی ڤێتنامیان لەکۆڵ بووە"(16). بەڵام لەنێو ئاهـەنگ و بریـق و بـاقی لەتە وەرەقەدا پرسـیارێکی نـەکراوی بێـوەڵام دەمێنێتـەوە کەوتارەکـە لەسـەری وتـوە : "هێنـدێك کەرەت ئاسمان تاریك دەبێت"(17).

کاکی دەرهێنـەر هـەمو بیرۆکەیـەکی پێبـاش بـو لەسـەر دروسـتکردنی پەیکـەرێك بـۆ شـەڕی کەنـداو. دروسـتکردن و جێبـەجێ کردنـی پەیکەرەکـەش کێبـەرکێی گفتوگـۆی نیـشتمانی لەسـەر بکرێ، بۆیە پەیوەنـدی بـەراگری کۆلێجی یـاڵ ـ ێ ئەندازیارییـەوە کـرا و ئـەویش ئامـادەی خـۆی

پێشاندا بەرێکخستنی تاقیکردنەوە لەنێو خوێندکاراندا بۆ ئەوەی دەرفەت بەهەڵبـژاردنی وێنـە و نەخـشەی گونجـاو بـدات. گفتوگـۆی تەلـەفزیونی لەسـەر ئـەو وێنـە و نەخـشە چـاوەروانکراوانە دەستی پێکرد و بەشێوەیەك جەختی لەسەر لایەنی ئـەخلاقی ئـەو مەسـەلەیە دەکـرد کەلیژنـەی واشـنتون لەئاسـتیدا دەستەوەسـتانبو. مایـا لـین ـ ی نەخشەکێـشی پەیکـەری شـەڕی ڤێتنـام خوێندکاری زانکۆی یاڵ بو کاتێك پێشبرکێ تایبەتەکەی ئەو پەیکەرەی لەسـاڵی 1981 بـردەوە. دەبوایـە بەرنامەکـە گفتوگـۆ لەسـەر بـیرورا جیاوازەکـانی ئـەو دەسـکەوتە مەزنـەبکات، هـەروەها لەهەمان کاتیشدا خاڵی دەسپێکی رەفتاری نەوەیەکی نوێ بو بەرەو جۆرە شەرێکی زۆر جیاواز.

بەدبەختانە وتەکانی ئـەو تەلەفونـە هـیچ ئـەنجامێکی نـەبو، بـەڵام بیرۆکەکـە ئـەم پرسـیارە روبـەروی ئـەو ئەمریکییـە دەکاتـەوە : چ شـتێکی شـەڕی کەنـداو شـایانی ئەوەیـە لەیادەوەریمانـدا بهێڵینەوە؟

پەیکـەری شـەڕی ڤێتنـام مەبەسـتی خـۆی پێکـابو لەبـەر ئـەوەی خـۆی لەباسـکردنی گیـانی نیـشتمانپەروەری بـەدوورگرتبو، تـەنها راگەیانـدنی وەفایـەك بـو بـۆ ئەوانـەی ـ بـەتاك و بـەکۆ ـ گیانیان لەدەست دابو، وەك تاکە بەهایـەك شـایانی ئـەوەبن لەوشـەڕەدا پەیکـەرێکیان بـۆ دروسـت بکرێ. دیوارێکی نەرمی گرانیتی هەڵواسراوی نزم و بچوك و ناوی 58132 کوژراوی ئـەمریکی لەسەر هەڵکوڵرابو کەگوزارشتێك بو لەهەستی پڕ لەشەرمەزاری نەتەوە و سۆز و خۆشەویستی بۆ کەسانەی ژیانیان لەدەست دابو. رووکاری پەیکەرەکە هیوابەخش بو، چونکە ئەوانـەی تەماشـایان دەکرد پێیـان وابـو لەرێگـەی لیـستێکی سـاکار بـەناوی ئـەو کەسـانەی بـەپێی بـەرواری کوژرانیـان ریزبەنـدکرابون بەشـداری شـەرەکەیان دەکـرد، ئـەویش لەبەرئـەوەی پەیکەرەکـە بەپێـچەوانەی پەیکـەرە تەقلیدییەکانـەوە بـەرز نـەبو. هـەروەها پەیکەرەکـەی لـین نـاوی "بـرین و ریـسواییەکی گـەورە"ی لێنرابـو، ئـەو دیـوارە گرانیتیـە نەوییـەی دەبوایـە بـچیتە سـەری دەکەوتـە بەرامبـەر پەیکەرەکـەی واشـنتونەوە کەلەکەلویـەکی مەرمـەڕی سـپی دروسـتکرابو. پـەیامی ئـەو پەیکـەرە بەهەمو وردەکارییەکەوە دژی شکۆمەندی شەڕ یا بەرزراگرتنی هێز بو.

ئێستاش گریمان پێویستە پەیکەرێك بۆ شەڕی کەنـداو دروسـت بکـەین، ئایـا گوزارشـت لـە چ دەکات؟

بـیر لـەو عراقیانـە دەکەمـەوە کەئەبوحەیـدەر و حەمیـد ئاسـا لـەئازاری / 1991 لـەدژی ریژیمی بەعس راپەڕین و سەرۆکی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاش رێگـەی بەتاغوتـە گەورەکـەی عراقدا بەتۆپ لەتوپەتیان بکات، ئەوانەی پێویست نەبو زۆرێکیان بکوژرێن. بـیر لـە ویـستگەکانی کارەبا دەکەمەوە کەلەشکری ئەنـدازیاری زۆر بـەخێرایی دەیـانتوانی بەشـێوەیەکی کـاتی چاکیان

بکەنەوە ( وەك کوێت ). بیر لەپەنابەرانی مستەفا ئاسا دەکەمەوە کەنەدەبو بۆ چیا و زۆلکاوەکان رابکەن. بیر لەو منالانە دەکەمەوە کەختوخۆرایی بەنەخۆشی و بەدخۆراکی گیانیان لەدەستدا. بیر لەعومەرەکانی عـراق دەکەمـەوە، ئەوانـەی بەشـێوەیەکی رۆتـینی روبـەروی درندایەتیـەك دەبنەوە کە قابیلی وێناکردن نیە. لەکۆتاییەکی ناکۆتـادا بـیر لەنامەکـەی عومـان دەکەمـەوە، ئـەو نامەیەی کەسێك رەوانەی کردوە وەك هەمو عراقیەکی ناونیشتمان گرنگترین و بەبەهاترین شتی لـەژیان لەدەسـتداوە ئـەویش هیواوئومێـدە. ئـەو راسـتیانەی لەنامەکـەدا نوسـراوە وشـەگەلێکی سەرگلکۆی شەڕێکە جۆرج بوش تەواوی نەکرد.

پێویـستی نـەدەکرد کارەکـان بەمـشێوەیە کۆتاییـان بێـت، ئـەم راسـتیەش چـوار چـێوەیەکی ئەخلاقی شیاو دەبەخشێت بەو کارەی هەمو مایالین ـ مکانی دوارۆژ لەرێگەی هونـەرو لـەپێناوی یـادەوەری ئـەمریکادا پێیهەڵدەسـتن، ئەمـەش مانـای شـەڕی 1991 لـەدژی عـراق دەگەیـەنێت. شـەڕی ڤێتنـام و شـەڕی کەنـداو پەیوەنـدییـەکی دانـەبراویان بەویـژدانی گـەلی ئـەمریکاوە هەیـە، بەڵام ژمارەی کوژراوەکانی شەڕی کەنداو بەحاڵ بۆ پەیکەر دەشێت، چونکە تـەنها خـەڵکی عـراق زۆری لێکوژراوە، بۆیـە ئەگـەر رۆژێـك بریـار درا لەواشـنتون پەیکـەر بـۆ شـەڕی کەنـداو دروسـت بکرێ، ئەوا لەئێستاوە پایە ئەخلاقیەکانی شـەرمەزاری نەتـەوە نیـە، بـەڵکو لەدەسـتدانی هەسـتی بەزەییە.

## یادکردنەوەی ئەنفال

ساڵی 1988، ساڵی ئەنفال بـو، بۆیـە پێویـستە وەك نمونەیـەکی بەرجەسـتەی وەحـشیگەری لەکتێبی مێژوی عەرەبیدا بنوسرێتەوە. ئەنفال بەرادەیەك جیاکارە کـەخودی سـەدام حوسـەین ـ یش یادیدەکردەوە. لەبەغدا بەبۆنەی تێپەربونی ساڵێك بەسەر ئاگر بەستی شەڕی عـراق ـ ئێـران دا پـەردە لەسـەر تـاقی سـەرکەوتن " قـوس نـصر " لابـرا، و لـەئابی / 1988 ـ یـش دوا ئـەنفال ئـەنجام درا. سـەدام دەیویـست تـاقێکی بەعـسی دروسـتبکات لەبەرزیـدا هاوتـای تـاقی سـەرکەوتنی فرەنسی "ئەریك دو تریومیف" بێت ( بەرزییەکەی 54 پێ ـ یـە ) و دەکەوێتـە کۆتـایی شـەقامی شانزیلیزی ـ ی شاری پاریسەوە. لـە کـارتی ئاهـەنگی کردنـەوەی بـاڵیوزە رۆژئـاواییی و کەسـایەتیە ناسراوەکانی جهان، پەیکەرەکەی سەدام بە "مەزنترین کاری هونـەری لـەجهان وەسـفدەکات". لـەو رۆژەدا سەرۆك بەسواری ئەسـپێکی سـپی کـە هێمـای پـاکی و بێگـەردی و بـەخۆنازینی پیاوەتییـە لەژێر تاقی سەرکەوتنەوە تێپەربو.

www.dengekan.com

گـرنگترین روداوی ئـەو پەیکـەرەی خـەڵکی بـۆ بینـینی هـاتبون، بـریتی بـو لـەوەی کـەخودی سەرۆکی عراق خاوەنی بیرۆکـەی پەیکەرەکـە بـو، نـەك وەك نەخشەکێـشێکی تیـوری، بـەڵکو وەك وێنەکێشێکی فیعلی. پێشتر کەس هونەرمەندی سەدام حوسەینی بەخەیاڵدا نـەهاتبو. نمونەیـەکی بچوککراوی هەردوو بازووی سەرۆك لەدوو قاڵبی گەچ دارێژرابو، ئنجا تـا درێـژی 54 پـێ گـەورە کرابووە. هەر دوو بازوەکە وەك دوو قەدی برونزی لەزەوییـەوە بـەرەو ئاسمـان بـەرزدەبووە، هـەر دەستێکی شمشێرێکی بەدرێـژی (66) پـێ هـەڵگرتبو، هـەر دوو شمـشێرەکەش لەبـەرزایی 130 پـێ لوتکـەی تاقێکیـان دروسـتدەکرد، هـەر دوو دەسـت و بـازووی لەگـەڵ ئـەو چوارچـێوە پۆڵایـەی دەست و بازوەکەی لەسەر جێگیر کرابو (40) تەن بو. بارستایی ئەو دوو شمشێرەی لـەپۆڵای دژە ژەنگ دروستکرابو (24) تەن بو. بـەپێی زانیـاری سـەر کـارتی بانگهێـشتەکە پۆڵاکـە لەتوانـەوەی چەکی شەهیدان داریژرابو. لەگۆڕەپانی شەڕ (5) هەزار کڵاوی ئاسن (خوذة) وەك پاشماوەی شـەڕ کۆکرابــووە و لــەدووتۆڕ دانرابــون (هــەر تــۆڕەی 2500 کــڵاوی تیــابو)، هــەر دوو تــۆڕە هەڵاوسـاوەکەش لـەژێرەوە دڕابـون تـا لـەدەوری هـەر دوو بازوەکـە پـەرش و بڵاوببنـەوە. کاتێـك تەماشـای کڵاوەکانـت دەکـرد بەروشـان و قوپـاوی و کـونی فیـشەکی راسـتەقینە و سـەری ئـەو مرۆڤانەی تیایە تەقێنرابووە نارەحەت و هەناسەسوار دەبویـت، چونکە ئـەو دوو بـازووە بەتـەنها دوو بازوو نەبون، بـەڵکو بەهـەمو دەرپۆقیـوە بـچوك و چـڕنوکەکانی وێنـەی دوو بـازووی خـودی سەرۆك بون.

لەشــوێنێکی دی ئامــاژەم بەشــێوازە جۆربــەجۆرەکانی داهێنــانی ســەدام کــردوە کەبــەبێ کەموکورتی بۆ دونیای حزبی بەعسی بەرهـەمهێناوە [18]. ئـەوەش بەشـێوازێکی نائاسـایی ئـەوتۆ دزیوە کەمرۆڤ نارەحەت و هەناسەسوار دەکـات و لەبازاریـدا بێهاوتایـە، بۆیـە ئەوسـا و هەنوکـەش لەئاست وشەکان هەست بەبچوکی و بـەزیین دەکـەم. پەیکـەری تـاقی سـەرکەوتن لەنێوەنـدی ئـەو شارەیە کەتیایە لەدایك و گەورەبوم و بەشـێوەیەك لەدزێویـدا لەگـشت پەیکـەرەکانی دی دزێـوترە کە قابیلی راڤەکردن نیە.

لەبەرامبەر ئەوەشدا پەیکەرەکـەی مـستەفا عەسـکەری لەسـەر روداوەکـەی3/ئایـار/1988 گوندی گۆپتەپە بەرادەی ئاوارتـەیی پەیکەرەکـەی سـەدام ئاسـاییە[19]. ئەوەنـدە ئاسـاییە سـەرنج راناکێشێت. دووتاقی چیمەنتۆ لەسەر سەکۆیەکی بەرز لەچـوار چێوەی خانویـەکی تـەواو نـەبوی روولار دەچێت، هیچ سەرچاوەیەکی سـیمبولی یـا بینـایی ئـەو هەلومەرجـە ئاوارتـە و ترسـناکەی تیانیە کەهاندەری ئەو داهێنانە بێت و پەیوەنـدی نێـوان شـکڵ و هێماکـەی سـەرنج راکـێش نیـە،

وەك ئـەوەی لـەتاقی سـەرکەوتنی سـەدام حوسـەین دا بـەجوانی دەبینـرێ، بـەڵام پـێم وایـە گۆڕستانەکە مەبەستی مستەفای پێکاوە.

چۆکدادان لەسەر گردێك و تەماشاکردنی ئەو فرۆکانەی گوندەکەت کیمیاباران دەکەن، ئنجا سەرەوخواربونەوە بـۆ سـەر ئـەو روبـارەی بەدرێـژایی ژیانـت ئاشـنایت پێـی هەیـە. لـەوێ هـەمو منالەکانت بەمردویی ببینیت و دایکشت لەلێواری روبارەکە کەوت بێت و دەمی چەقیبێتە لیتەی روبارەکە، هەروەك مستەفا لە 3 / ئایار ئەو کارەی کرد چ مانایەك دەگەیەنێت؟

پێکـەوە گەشـتێك دەکـەین تاسـەرلەنوێ لەئێـشوئازارەکانی عـراق بژینـەوە، ئێـستا مـن بەشێوەیەکی لۆجیکی بیردەکەمـەوە، چونکە پێـشتر کەلـەوێ بـوم بەمـشێوەیە بـیرم نـەدەکردەوە. کاتێك لەعراق گوێم لەعەبدوڵڵا و تەیمور دەگرت هەستم دەکرد بەدوا خاڵ و ساتەوەختی پـەردە دادانەوە گەیشتوم، ئیتر هەمو شتێك بەتراجیـدیا کۆتـایی دێـت و دڵڕەقییـەکی لـەمجۆرە هەرەشـە لـەلۆجیك دەکـات و بـەرەنگاری تێـروانین و شـیتەڵکاری دەبێتـەوە[20]. بۆیـە زۆرجـاران پـشتی تێدەکـەین و خۆمـانی لێدەزینـەوە نـەك لەبەرنـەبونی عاتیفـە، بـەڵکو لەژێرکاریگەریـدا دەستەوەسـتان دەبـین درێـژە بـەژیان بـدەین، چـونکە دڵڕەقـی لەبێدەنگییـەوە سـەرهەڵدەدا و قسەکردن لەناو دەبات رەنگە لەبەر ئەو هۆیەش وشەی قوربانیەکان کۆتایی بەم کتێبەم بهێنێت.

ئایـا لەبـەڵا و کارەسـات و ئێـشوئازارەکانی عەبـدوڵڵا ولەسـاتەوەختی بێـدەنگیم کارەکـەی مستەفای مانا بەخش نابێت ؟ ئایا بەتایبـەتی لێـرەدا، وکاتێـك شارسـتانی بەسـەر بەربەرییەتـدا زاڵدەبێ بیرۆکەی پەیکەر دروستکردن لەدایك نابێت ؟ عراقیەکان پەیکەرە مەزنەکانیان داهێنـاوە یا مێژوو نوسەکان پێیـان باشـە ئـەو شـتانەمان پێبلـێن، هـەروەها دەتـوانین قـسە لەسـەر ئـەوەش بکەین کەبیرۆکەی پەیکـەردانان لەناوچـەی دوو ئـاوانی دێـرین لـەدایك بـوە، ئـیتر لێـرەوە یەکـەم کۆکردنەوەی رەگەزمان لـەنێودەزگا شـارییەکانی وەك شـارە دێرینـەکانی سـۆمەر، بابـل و ئەربـدۆ دەستپێکرد، رەنگە ئەو مێژوەش شـوێن پەنجـەی لەسـەر سـەرکردەکانی وەك سـەدام حوسـەین و عراقیە سادەکانی وەك مستەفا بەجێ هێشتبێت.

کاتێك مستەفا ئەو گۆڕسـتانەی دروسـتکرد و تاقەکـەی تیادامەزرانـد، وەك یەکـەم بیناسـازی ئەفسانەیی لەجهان بیریدەکردەوە و رەفتاری دەکرد، بۆیە پێی وابـو دەبـێ چـەخەرێکمان (معـالم) لەسـەر ئـەو سـەرزەمینە بـۆ دیاریبکات ـ چـەخەرێك هـیچ مەبەسـتێکی مـادی لەپـشتەوە نـەبو ـ ئەنـدازیاری بەبـەراورد لەگەڵ بیناسازیدا لەتـەك ئـەمجۆرە چـەخەرە دەسـتپێکرد و مـستەفاش لەیەکەم ئەندازیاری ئەو چەخەرە دەچو.

بەڵام ئێمەی نوسەر، خوێنەر و قسەکەر هێندێك جار بەدەست ترسناکی لەبیرچونەوەی سەرچاوەی هەستە قوڵەکانەوە دەناڵێنین، ئیتر ئاڵۆزی هەستەکان چ هەستێکی نامۆی نەفرەت لێکراو بێت یا هەستێکی بێگەردی مەزن لەپشت دروستکردنی تاقی سەرکەوتنی سەدام حوسەین یا پەیکەرەکەی مستەفاوە بێت. دەشێت رقمان لەو هەستانە بێتەوە یاپێی سەرسام بین ئەوەیان پەیوەندی بەمەسەلەکەوە نیە، هەروەها رەنگە پەیکەرێك سەرکەوتوبێت بەدەر لەوەی هێماکەیمان بەدڵە یا نا.

کاتێك روبەروی پەیکەرەکەی مستەفا و سەدام حوسەین رادەوەستین خۆمان بەرامبەر سەرەتای دروستبونی شتەکان دەبینین و هەست بەژیان و مردن و گلێنەی خاوەکەین لەهەستیارترین ساتەوەختیدا بۆئەوەی لەگۆشەتاریکەکانی روحی مرۆڤایەتییەوە لەقوڵترین مانا وردبینەوە کەتییدا مانای نوێ سەرهەڵدەدا. پەیکەر لەقوڵایی گەوهەری و لەرێگەی بێسودی و بێفەری خۆیەوە نەك هەر لەهونەری جوانی زیاترە، بەڵکو روبەروی یادەوەرییەکی دێرینمان دەکاتەوە، یادەوەرییەك ناتوانرێ لەبەین ببرێت تاکار دەگاتە ئەوەی گەوهەری ناسنامەی گروپێك پێکبهێنێ یا لەنێوببەرێت. پەیکەرەکەی مستەفا لەسەر قوربانیەکان گۆپتەپە سەرەرای سادەیی ـ یارەنگە بەهۆیەوە ـ بۆ هەمو گروپە ئەتنی، نەتەوەیی، ئاینی و تایەفەکانی عراقی روندەکاتەوە کەپرسیاری بونی راستەقینەیان سەدام حوسەین نیە، بەڵکو چۆن دوارۆژ بەدەستی خۆیان لەهەلومەرجێکدا بونیات دەنێن کەپێویستە لەسەر هەمویان ـ بەعەرەب و کورد و سوننە وشیعە ـ روبەروی چەندین جۆری میراتی ئێشوئازاری بەسوێ ببنەوە.

تێپەربونی کات یارمەتیدەرێکی باشە بۆ سرینەوە و نەهێشتنی ئەو سەرەتایانەی کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەر مستەفا هەیە، لەبەرئەوەی ماناکانیش گۆڕانکاریان بەسەرادێت. بێگومان لابردنی توێکڵە کەڵەکەبوەکان لەسەر ماناکان نمونەیەکی نایابە، چونکە لەژێر هەر توێکلێك نێرك و کاکڵەیەك هەیە کەبەلایەنی کەمەوە لەشتێکی ساکار بینابوە و تەفسیری دروستبونی ئەوشتە دەکات. هەرچەندە هەرگیز ناتوانین لەکاری هەردوکیان تێبگەین لەبەرئەوەی زۆر بەسادەیی دووشتی زۆر ئاڵۆزن و کاریگەری چاخە دێرینەکانیان لەسەر ماوەتەوە.

ئەمە حالی پەیکەرە دێرینەکانی وەك " ئەهرامەکان و ئەبوهۆل " بو. بەڵام سەرباری تێپەربونی کات، گەڕان بەدوای ئەو کاکڵەیەدا کێشەکە دەخاتە بەردیدێکی گونجاوەوە. جیاوازی نێوان ئەو پەیکەرەی ـ پەیکەرەکەی سەدام حوسەین و مستەفا عەسکەری ـ روداوەکانی 1988 بەرز رادەگرێ ئەوەیە کەماوەیەکی کەم بەسەر دامەزراندنیان تێنەپەریوە، بۆیە نەبونی دووری

مـاوە بەڵگەیـەکی رون و ئاشـکرایە لەسـەر ئـەوەی عـراق لـەلێواری مەترسـییەکی تازەیـە، مەترسییەك سەدام و ریژیمەکەی سەرچاوەکەی نیە.

میراتی سەدام لەدوای نەمانیشی ماوەیەکی دوورودرێژ دەمێنێتەوە. ئەگەر هەر کەسێك وەك کورد یاشیعە پەلاماربـدرێ، ئـەوا بەدڵنیاییـەوە زیـاتر پەرچـەکرداری کوردانـە یـا شـیعەیی دەبـێ کەبەهۆیـەوە پـەلامار دراوە. ئـەوجۆرە پەلاماردانـە لەسـاڵانی جـەنگ لـەئوروپا بـوە مایـەی بەسیاسیکردنی هوشیاری یـەهود و زیـاتر تونـدبونی، ئـەوەش کارئاسـانی لەدامەزرانـدی دەوڵـەتی ئیـسرائیل کـرد لەسـاڵی 1948 دا، پاشـان شوناسـی فەلەسـتین وەك پەرچـەکردارێك لەسـەر نکۆڵیکردنی توندوتیژی زایۆنیزم رەسەنێتی وەرگرت. ناوەرۆکی بەسەرهاتی خەلیل لەوەدا خـۆی دەنوێنێ کە پێـشتر کـەسمان بایـەخمان بەشوناسـی کوێتی نـەدەدا بـەخودی خەلیلیـشەوە، کەچـی وایلێهات بۆ هەتاهەتایە بمێنێتەوە.

کەواتـە سـبەینێ چ بەسـەر عـراق دێـت ؟ ئـەمرۆ نەتـەوەی کـورد لەهـەمو کاتێـك زیـاتر دوژمنکارانـە رەفتـار دەکـات، چـونکە لەسـەر ئـەوەی دەوڵـەتێکی عـەرەبی چ بەسـەر هێنـاوە ئـاگر گەیـشتۆتە تـینی، بۆیـە سـبەینێ زۆرێـك لـەکوردەکان داوای جیابونـەوەو دروسـتبونی دەوڵـەتێکی تایبـەت بـەخۆیان دەکـەن، هـەروەها ئـەمرۆ کینـە و رکەبەرایـەتی نێـوان سـوننە و شـیعە بەسەرچاوەی ئەگەر و ژەهری توندوتیژی نوێ دادەنرێ.

ئەو هێزانەش میراتی سەدامە بۆ هەمو عراقییەکان، بۆیە لێرەدا دەپرسین ؛ ئایا عراقیـەکان هێنـدە داناییـان هەیـە ئـەو میراتیـە بکەنـە هێـزی یـەکێتی و بینـاکردن لـەجیاتی ئـەوەی بـۆ توندوتیژییەکی دزێوتر بەکاریبهێنن؟

چـییەتی (ماهییـەتی) پەیکـەر لەچارەنوسـێتی، کەواتـە بەرامبـەر بـەواقیعی پەیکەرەکـەی مستەفا چ بکەین کە هێشتا تەواو نەبوە، ئەمە لەکاتیکدا پەیکەرەکـەی سـەدام لـەهاوینی 1989 پەردەی لەسـەر لابـرا ؟ بـەپێی وتـەکانی گۆڤـاری "نیوزویـك" ، تـاقی سـەرکەوتن لـەدوای ئـەوەی وەزیری بـەرگری ئـەمریکا لـەو لیـستەی بنتـاگۆن لایـبرد کەبەمەبەستی لێدانیان لەشاری بەغـدا پێشنیازکرابو، بەسەلامەتی لەشەڕی کەنداو رزگـاری بـو[21]. رەنگـە ریـچارد چـینی نەیویـستبێت وەك کەسێك دەربکەوێت کەشەڕی کولتوری عراق دەکـات. وێرانکردنـی ویـستگەی بەرهـەمهێنانی وزەی کارەبا کـارێکی رەوایـە، کەچـی وێرانکردنـی بەرهـەمێکی سـەدام لەهونـەری بینـایی کـارێکی رەوانیـە، ئەمـەش سـەرنجێکی گونجـاوە لەسـەر دەرئەنجامـەکانی شـەڕی کەنـداو، بـەڵام پرسـیاری

گـرنگ ئەوەیـە : ئایـا تـاقی سـەرکەوتن لـەرۆژی حیـسابی سـتەمکاردا لـەتوڕەیی خـەڵکی عـراق رزگاریدەبێ ؟ ئایا خەڵکانی مستەفا ئاسا دەردەکەون؟

کـەس وەڵامـی ئـەو پرسـیارە نازانێـت، بـەڵام بەلایـەنی کەمـەوە دەتـوانین هەڵوێـست لەسـەر مەسـەلە پەیوەندیـدارەکانی ئـەم کێشەیە وەربگـرین و رایـەك یـا حـوکمێکی لەسـەر بـدەین. ئایـا لەکاتی نـەمانی سـەدام دا پێویـستە پەیکەرەکـەی بروخێنـرێ ؟ ئایـا دەبـێ عراقییـەکان رێـچکەی مستەفا بگرنەبەر ؟

ریشەکێشکردنی رابردو وەك لەناوبردنی پەیکەرێك ئاسان نیە، بۆیە پێویستە روبەروی ئـەو ئاسەوارانە بینەوە کەلەدوای خـۆی بـەجێی دەهێڵێت. گرنگی سـاڵی 1988 بەتێپـەربونی کـات گەورەدەبێ، چونکە روداوەکان بەشێوەیەکی باشتر بـۆ زۆرێـك لەعراقییـەکان روندەبێتـەوە. سـاڵی 1988 ساڵێکە خەڵکانێکی جیاواز لەبەرهۆی جۆراوجۆر یادیدەکەنەوە.

حوکمی بەعس بەدرێژایی مێژوی تازەی عراق لەهەمو حوکمەکانی دی زیاتر فـەرمانـرەوایی کـردوە و جـۆری حـوکمرانی هـەرگیز لەبیرناچـێتەوە. شمـشێرەکەی سـەدام وەك شمـشێرەکەی دیموقلێـت تەنانــەت لــەدوای مردنیــشی تاماوەیــەکی دورودرێــژ لەســەرملی هــەمو عراقییــەك دەمێنێتــەوە و خــەڵکی عــراق لەترســی جــەوری ســتەمکار بەناچــاری لــەژێر دوو شمــشێرەکەی تێپەردەبن. هێنـدێك پەیکـەر هەیـە مـرۆڤ نـاتوانی بـەبێ تـرس و لەدەسـتدانی هێـزی قـسەکردن خۆی لەبەرامبەری رابگرێت. ئەگەر پەیکـەری تـاقی سـەرکەوتن دواپەیکـەر بێـت لەپەیکـەرەکانی عراق ـ ئەوا هیوادارین پەیکەرەکەی مستەفا یەکەم پەیکەری تـازەی جیـاواز بێـت لەپەیکـەرەکانی عراق و دەشێت دروستکردنی لەرۆژی روخاندنی خودی ستەمکارەوە دەست پێبکات.

ئایا عراقیەکان پەند لەکارەکەی مایـالینی مـەزن وەردەگـرن کەخـەمۆکی بەسـەر یادەوەریـدا زاڵە؟ هـیچ پەیکـەرێك بـەیادی شـەڕی کەنـداو لەواشـنتون ئامـانجی خـۆی نـاپێکی ئـەویش لەبـەر هۆیــەکی ســاکار کەپێــشتر باســم نــەکردوە ؛ لەشــەڕی کەنــداودا هــیچ ئەمریکییــەك بەدەســتی عراقیـەکان نـەکوژراوە، بـەڵام ئـەو شـەڕە بـۆ یەکـەمجار پـەردەی لەسـەر عـراق لابـرد و دەرفـەتی ئەوەی رەخساند بۆ نمونە بزانین نزیکەی سەد هەزار کەس لەئەنفال کـوژراوە و 3500 گونـدی وەك گۆپتەپەش وێرانکراوە.

گریمـان ریـژێمێکی تـازە جێگـەی ئـەم ریژیمـە دەگرێتـەوە کـە بەهێواشـی بۆگـەن دەکـات و لەبەریەك هەڵدەوەشێتەوە. ئەو ریژیمە تازەیە بەدانایی خۆی ئامادەیە ئـیعتراف بـەو کردەوانـەی عـراق بکـات کەبەرامبــەر بــەکورد کــراوە. گریمـان پەیکـەرێکی نیـشتمانی لەناوجەرگـەی بەغـدا شێوازێکی بچوکی ئەو دانپیانانـە بێـت، ئـیتر ئـەو کاتـە پێویـستە لێکۆڵینـەوە لەسـەر نـاوی هـەمو

ئـەنفالكراو و گونـدەكانیان بكـرێ و هـەر خۆشـیان مانـاو مەبەسـتی پەیكەرەكـەبن. ئایـا شـكڵی پەیكـەری قوربانیـەكانی ئـەنفال لەسـاڵی 1988 لەناوجەرگـەی بەغـدا چـۆن دەبـێ ؟ لـەكوێ دادەنرێ ؟ ئایا نەوەی نوێی هونەرمەندانی عراق لەچ سەرچاوەیەكەوە سروش وەردەگرن ؟

من چێژ لەو بیرۆكەیە وەردەگرم كەبەتـەواوەتی و بەتـەنها لەسـەر گریمانـە بونیـات دەنـرێ، بەوەی پەیكەرە تازەكـە رێـك شانبەشـانی تـاقی سـەركەوتنی سـەدام حوسـەین دابنـرێ كـە نابێـت بروخێنـرێ، بـەڵام دەبـێ پەیكـەرە تازەكـە بـەگیانی مایـالین ـ ی مـەزن لەواشـنتونی پایتـەختی ئەمریكا دروست بكرێ.

## عراق بەرەو كوێ؟

عراقیەكان خەیاڵ بەئاشتی و ئاسایشەوە دەكەن تا رۆژێك لەرۆژان وەك كۆترێكی سپی بەسـەریانا بنشێتەوە، بەڵام ئایا دەنـشێتەوە ؟ ئەمـەش پرسـیارێكی سـەرەكی سیاسـەتی هەنوكـەیی عراقـە و

www.dengekan.com

لەهەمو شتێکی دی گرنگترە. بەدڵنیاییەوە حزبی بەعس و سەدام حوسەین بون بەبەشێك لەرابردو، و رێگەی نەمانیان گرتۆتەبەر، بەڵام لەدوای ئەوان چ دێت ؟ دەبێ عراقیەکان چاوەروانی خراپتر بکەن، هەرچەندە من ناڵێم بەزەرورەت وادەبێت، بەڵام لەوانەیە روبدات، بۆیە هەمو شتێك لەسەر هەڵهێنجانی ترسناکی هێزی یادەوەری عراقیەکان رادەوەستێ، ئەو هێزەی بەردەوام هەوڵدەدا دگانی ئەژدیها لەشکڵی منداڵ و ئەو کەسانەدا بچێنێ کەلەمردن رزگاریان بوە.

بیرۆکەی نوسینی ئەم کتێبە بەمەبەستی دانانی مێژوویەکی سەرزارەکی بۆ راپەرین دەستپێکرد، چونکە راپەرین روداوێکە دەشێت وەك مەشقێکی ئەزمونی بۆ عراقی پاشەرۆژ ئیعتباری بۆ بکرێت، بۆیە ئامادەکردن و نەخشەکێشانی بەمەبەستی دژایەتی کردنی نەنگی و درێوی سجلی روناکبیرانی و عەرەب رای گشتی بو، کەلەکاتی شەڕی کەنداودا پشتگیریان لەسەدام دەکرد[1]. بەڵام وازم لەو بیرۆکەیە هێنا. سەرچاوەکانم لێرەو لەوێ بون. هێندێك کەس هێشتا دەترسان و هێندێکی دییان وەك پێویست راستگۆ نەبون. ئیتر سەرلەنوێ هەستم دەکرد بەرەو مادەیەکی باوەرپێکراو دەرۆم و لەوانەش گرنگتر بەلایەنی کەمەوە تێگەیشتم کەراپەرین دیاردەیەکی زۆر ئاڵۆزە و لەرووی سیاسییەوە بەرادەیەك بارگاوییە کەزۆر زەحمەتە بەلۆجیکی ئەو قۆناغە هەرسبکرێ : لەو کاتەی تەواوی میللەت تامی ئازادی دەچێشت، لوتکەیەکی نوێ لەدڵرەقیی مرۆڤ لەمێژو تۆمار دەکرا، لۆجیکی پۆلاینی ئەو راپەرینەی بەتەواوەتی لایەنگیریم لێی دەکرد ئاوێنەی ئەو چەوسانەوەیە بو کە هەوڵمدەدا عراق لێی رزگار بێت. دۆزەخێکی مرۆڤ لەکوشتن و غەدر و خیانەت و تاوانی تۆڵەسەندنەوە و تالانی و رق و کینە و لەناوبردنی بەکۆمەڵ و پێشێلکردنی پیرۆزییەکان ئاوەڵەکرا و ئەو کردەوانەش بەناوی گیانی خۆبەختکردن و ئازایەتی و قبولکردنی ئەوی دی و هاوسۆزییەوە ئەنجامدەدرا کەپاکترین شتن. لەو بەشەی لەژێر ناونیشانی "ئەبوحەیدەر" ە هەوڵمداوە هەمو ئەو شتانە بنوسم، چونکە پێم وایە راستی گێڕانەوەی روداوەکانی عراق لەدوای شەڕ حەتمەن کەموکورتی تیایە، بەڵام لەهەمو حاڵەتێکدا هاوسەنگی باشی و خراپی راپەرینی ئەبوحەیدەر و چۆنێتی وەرگرتنی لەلایەن عەرەبە ناعراقیەکانەوە بۆمان دەردەکەوێت : چارەکە سەدەیەك لەداتەپینی سیاسی و ئەخلاقی زۆرێك لەعەرەبەکانی تۆقاندوە و تەنها یاداشتکردنی ئەو کردەوانە ئاگرم تێبەردەدا.

ئەگەر باس لەرەفتاری تاکە کەس نەکەین، ئەوا هەمو گروپەکان بەوپەری خۆپەرستیەوە رەفتاریان دەکرد، لەباشور شۆرشگێرە شیعەکان بەناوی ئیسلامەوە تۆڵەیان لەخەڵکی دەسەندەوە و بەعسیەکانیش لەپیناوی مانەوەی خۆیان بەناوی عروبەوە بەکۆمەڵ خەڵکیان دەکوشت، و

تویێژی مامناوەندی لەروناکبیرانی سوننەی بەغدا کەتوانای جیاکردنەوەی شتەکانیان هەبو رۆڵی خۆیان نەبینی، بەڵکو کەناریان گرت و جۆرە پاساوێکیان دەهێنایەوە کەریژیم بڵاویدەکردەوە یا ئەو پاساوە ناسیونالیستە کۆنەیان دەهێنایەوە کە هێندێك لەدیارترین رۆژنامەنوس و نوسەری نەیار لەجهانی عەرەبی بڵاویان دەکردەوە. کورد هەرگیز بڕوای بەکەس نەدەکرد بەتایبەتی شیعەکانی هاوپەیمانیان لەباشور (ئەم هەستە لەهەردوو لاوەبو). رۆژئاوا ناوچەیەکی ئارامی بۆ دەستەبەر کردن و بەبێ ئەوەی گوێ بەکەس بدەن گفتوگۆیان لەگەڵ سەدام دەست پێکرد، ئەمە سەرەرای ئەوەی هەرگیز متمانەیان بەئێرانیش نەدەکرد.

هەمو تێکۆشەرێکی سیاسی کورد بڕوای وایە ئێرانیەکان بەخۆرسك درۆزنن. رێکخراوە کوردستانی و شیعەکان لەکاتی ئاڵۆزبونی شەڕی کەنداودا بەناچاری لەژێر راسپێری ( وصاية ) ئێران کاریان دەکرد و زۆرینەی عراقیەکان پێیان وایە تێوەگلانی ئێرانیەکان لەکاروباری عراقدا لە " ماچی مردن " دەچێت، ئەمە لەکاتێکدا زۆربەی عراقیەکان دانیپیادەنێن کەسەدام حوسەین شەڕی لەدژی ئێران هەلایساندوە، بەڵام خومەینی بەرەگەزپەرستی خۆی ئاگری شەڕەکەی خۆشدەکرد و درێژەی پێدەدا. دەشێت خومەینی پیاوێکی خواپەرست و روحێکی تۆبەکارو لەخواترس و پاکی هەبێت، بەڵام روحێکی بێبەزەیی و زۆر دڵڕەق بو. هەروەها نەوەیەکی نوێی لەگەنجە ئێرانیەکان بەبێ هیچ هۆیەکی پێویست رەوانەی مردن کرد. لەکۆتاییدا ئەوەی گرنگ بێت دڵڕەقی خومەینی لەدڵڕەقی سەدام دەچێت و هەردوکیان برینێکی دەرونی قوڵی ئەوتۆ بەجێ دەهێڵن کەچەندین نەوەی گەرەکە بۆ ئەوەی سارێژبێتەوە.

پێشتر ئەو ئەفسەرەم بەقارەمان ناو زەدەکرد کەلەگۆرەپانی سەعد چوە سەربورگی تانکەکەی و دیواری ترسی روخاند و ئەگەری دوارۆژی بەهەمو عراقیەکان بەخشی، بەخۆشمەوە. لە 28 / شوبات / 1991 لەئەنجامی کاری ئەو ئەفسەرەی ناومان لێنا ئەبوحەیدەر، نوسەری "کۆماری ترس" لە 8 / ئازار / 1991 لەزانکۆی هارفۆرد خۆی بەجەماوەر ناساند، ئیتر لەو ساتەوە ژیانی من و گشت عراقییەکان هاوسەنگی وەرگرت. ئەمڕۆ عراقییەکان قسەدەکەن و کۆدەبنەوە و دەنوسن و شیعر دەهۆننەوە و رۆژنامە دەردەکەن (لەراپەڕینەوە زیاد لە 50 رۆژنامە دەردەچێت)، بەڵام ئەبو حەیدەر سندوقی پاندۆرایشی کردەوە (سندوقی پاندۆرا : پاندۆرا یەکەم ژنە لەمیتۆلۆجیای یۆنانیدا کەفزولییەت وایلێکرد سندوقێکی پڕ لەشەڕی کلۆم دراو بکاتەوە، بەوەش شەرئەنگیزی لەجهان بڵاوبێتەوە. المنجد في الاعلام. الطبعة الثانية عشرة. ص 116 ـ و ـ ). ئەو سندوقەی پێویستە بکرێتەوە ئەگەر بمانەوێت عراق دوارۆژێکی

هەبێت. بەڵام چ جۆرە دوارۆژێك؟ ئەگەر لەروانگەی شەڕی عێراق ـ ئێران و شەڕی کەنداو و ڕاپەڕینی ئازاری / 1991 ـ ە وە تەماشا بکەین، ئەوا دوارۆژی عێراق لەسەر وەڵامی ئەو پرسیارە سەرەکییە رادەوەستێ کەلەبەشی " ئەبوحەیدەر " و رەنگە لەتەواوی بەشی یەکەمی ئەم کتێبەدا گەڵاڵە کرابێت ؛ ئەویش : ئەبوحەیدەر کێیە ؟ ئایا خودی ئەبوحەیدەر دەزانێ خۆی کێیە؟

ئەبو حەیدەر، ئەو کەسەیە کەلەخانێکی لەندەن چاوپێکەوتنم لەگەڵ سازکرد. بەندی دووەمی ئەم کتێبەم بۆ بەسەرهاتەکەی تەرخانکرد. ئەبوحەیدەر " تاکوشتنی ئەندامانی خێزانەکەی لەلایەن سەدامەوە " کەسێکی بەعسی بو. سەدام لەدوای ساڵی 1979 ـ ەوە دەستیکرد بەکوشتنی زۆرێك لەخێزانە شیعەکان، ئیتر لەو ساتەوە چەوسانەوەی زیاد لە55 ٪ دانیشتوانی عێراق بوە کێشەیەکی سەرەکی لەسیاسەتی عێراقدا. لەکۆتایی حەفتاکانەوە لەگەڵ گەشەکردنی هوشیاری کەسێتی لەدەیەی پێشودا (بەدڵنیاییەوە کەسێتییەکی سەرکوتکراوە) حکومەتی عێراق بەسەدان شیعەی عێراقی بەبیانوی رەچەلەکی ئێرانی و نادڵسۆزیان بۆ ئێران دورخستەوە و باقی شیعەکانی تریشی کرد بەسوتەمەنی شەڕی عێراق ـ ئێران و گەلێکیان لێکۆڕا، بۆیە کارێکی ئاساییە ئەبوحەیدەر بڕوای بەپرۆژە عروبیە گشتگیر و خەیاڵپڵاوەکانی پێشوی حزبی بەعس نەمێنێ و لەسیاسەتی ئایدۆلۆجیا بێئومێدبێت و ماوەی هەشت ساڵ شەڕی ئێرانیەکان بکات، چونکە پیاوێکی بەتوانا بوە و وەك سەرباز شەڕی دەکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەعسیەکان برادەر و کەسوکاریان دەکوشت و دەردەکرد و رەوانەی شەڕێکی نارەوایان دەکرد، بۆیە هێدی هێدی رقی لەو کەسانە دەبووە کەئێشوئازاریان پێدەگەیاند. ئیتر دەبوایە لەشوێنێکی دی بەدوای تەفسیردا بگەڕێت، لەبەرئەوەی لەریزەکانی حزبی بەعس بیری تازە لەدایك نەدەبو، بۆیە بۆی دەردەکەوێت شوناسی بۆ گروپێکی دی و ئەو وەلائەی وازی لێی هێناوە ـ ئیسلام و شیعەبونی ـ دوو ئامانجی سەرەکی پەلامارەکانی سەدام بون، بەڵام لەمە زیاتر نەرۆیشت. دەشێت سیمای ئیسلامی شیعەی توندرەو بەسەر راپەڕینی باشوردا لەدەسپێکی ئەم ئیعتبارەسەرەتاییانەوە راڤەبکرێ.

غەریزەی سیاسی ئەبوحەیدەر لەسەر هەست بونیات نراوە، نەك لەسەر تێگەیشتنێکی مێژویی قوڵ بۆ ماهیەتی حزبی بەعس وەك داهێنانێکی سیاسەتی نوێی عەرەبی، ئەمەش خودی کێشەکەیە. بەپێچەوانەی ئێستای زۆربەی عراقیەکان حزبی بەعس هەرگیز دەوڵەتێکی تایەفەگەری سوننەی لەعراق دروستنەکردوە (دەوڵەتێکی دامەزراوەیی رێکخراو لەسەر بنەمای تایەفەگەری وەك دەوڵەتی لوبنان)، هەروەها لەرووی ئایدۆلۆجیاشەوە دژایەتی شیعەیان

نـەکردوە، بـەڵام ئـەوەی وایلیکـردون بەمـشێوەیە بیربکەنـەوە بنەمایـەکی هەڵـەی بـاو بـو کەئێشوئازارەکانی هەنوکە لەسەر روداوەکانی رابردو راڤەدەکات. ئـەوەی مایـەی گاڵتەجارییـە ؛ ئەگەر حزبـی بـەعس دەوڵـەتێکی تایەفەگـەری دروستکردایە، ئـەوا بـارودۆخی شـیعەکانی عـراق بەورادەیە خراپ نەدەبو، چونکە ئەو کاتە شیعەکان بەجۆرێك لەجۆرەکانی پارێزگارییان لێدەکرا و بـەحوکمی ئـەو واقیعـەی لەسـوننە یـا کـورد یامەسـیحی و ئـەوی دی ناچـن کـە بەشـێوەیەك لەشێوەکان دانیانپیانراوە هەرچەندە نارەواش بێت.

لەسـەردەمی دەسـتەڵاتی ئیمپراتـۆرێتی عوسمانیـدا کاروبارەکـان بەمـشێوەیە ئەنجامـدەدرا، هـەروەك لـەلوبنانیش بەمـشێوەیە ئەنجامـدەدرێ، بـەڵام لـەعراق بەوشـێوەیە نیـە. هـیچ کەسـێك بەقـەدەر حزبـی بـەعس لـەکوردی نەکوشـتوە، کەچـی لەگـەڵ ئەوەشـدا نـاتوانین بڵـێین وەك ئایدۆلۆجیا دوژمنایەتی کورد دەکات، بۆ نمونە وەك نازییەکان دوژمنایەتی سامیان دەکرد.

هیچ شتێك بۆ دوارۆژی عـراق لـەوە گـرنگتر نیـە کەتێگەیـشتنێکی زۆر رونمـان بـۆ رابـردوی هەبێت. ئەو دەوڵەتەی حزبی بەعس بونیـاتی نـاوە زۆر دزێـوترە لـەو دەوڵەتـەی لەسـەر پێـوەری تایەفەگەری و ئـەتنی بونیـات دەنـرێ، چـونکە بەشـێوەیەکی یەکسان دژایـەتی ئـەوی دی دەکـات. حزبی بەعس داوا لەهەمو عراقیـەکان دەکات بـەرەهایی لەگـەڵ دیدوبۆچـونەکانی بگـونجێن کـە بارگاوییە بەتوندوتیژی و پیلانگێرانی دونیایەك کەشـەرێکی بـەردەوامی لەگـەڵ خـۆی هەیـە [2]. سـەدام حوسـەین هەمیـشە دوژمنـەکانی لـەنێو هاوڵاتیـانی ژێردەسـتی دادەهـێنێ و لـەو گومـان و پیلانگێرییـەش نـشونما دەکـات کەریژیمەکـەی بـەکردەوە لەمێـشکی هـەمو کەسـێکی دەچـێنێ و هەوڵدەدا رقوکینە و گیانی تۆڵەسەندنەوە لەنێوان سوننە و شیعە بڵاوبکاتـەوە، بۆیـە کۆمەڵگـەی مەدەنی عراق لەئەنجامی ئەو پەلامارانەی لەهەمو لایەکەوە دەکرێتەسەری بـەکردەوە داروخـاوە. حزبـی بـەعس لەیـەك کاتـدا هـەمو عراقییـەکی - کـورد و عـەرەب و سـوننە و شـیعە - کـردوە بەشەریك و قوربانی پرۆژەکەی. ئەمرۆ هەمو عراقییەك لەناخیدا هەست بەقوربانی بونی خـۆی دەکـات. لەدەسـپێکی ئـەو هەلومەرجـەدا پـەنابردنی ئەبوحەیـدەری کلـۆڵ بـۆ ئیـسلامبونی یـا شیعەبونی ( هەروەها پەنابردنی عراقیەکانی دی بۆ سوننەگەرێتی یا رەگەزپەرسـتی نەتەوایـەتی کورد ) تەفسیر و چارەسەری قەیرانی وڵات ناکات، بەڵکو بەدوا پەناگـە و بەڵگـەی داتـەپینی بـاری کۆمەڵایەتی عراقە.

کـورد لەسەردەسـتی دەسـتەڵاتی ریـژیمی بـەعس لـەوانی دی زیـاتر ئـازاری پێگەیـشتوە نـەك لەبـەر کوردبونیـان، بـەڵکو لەبەرئـەوەی شـێلگیرانە بـەرگریان لـەخۆیان دەکـرد، بۆیـە کاتێـك

شیعەکانیش دەستیان کرد بەداواکردنی مافەکانی خۆیان، ئیتر ئەوانیش وەك کورد لەسەربنەمای شیعەبونیان پەلامار دران، هەروەها ریژیم لەلایەن ئاشوری و مەسیحی و تورکمان و سوننەشەوە دژایەتی دەکرا، بۆیە ئەوانەی دژایەتیان دەکرد وەك کورد و شیعە مامەڵەیان لەتەك دەکرا. حکومەتی عراق لەبەهاری 1987 ـ شوباتی 1988، سی و یەك گوند و کلیسەی ئاشوری تەخت کرد(3). ئەو واقیعەی ئێستا عراقییەکان کێبەرکێ بۆ دەکەن لەسەر ئەوەی کامیان زیاتر لەسەردەستی ریژیم ئازاریان چێشتوە، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی، بەدەرلەبون یا نەبونی سەدام کەنمونەکەی لەدڵ و دەرونی عراقیەکان دەژی، ئەمەش گەورەترین مەترسییە هەڕەشە لەدوارۆژی وڵات دەکات.

هەمو خێوەکان لەم دڕندایەتیە دەکەونەوە ـ بۆ نمونە سائر میلیشیا کە 12 ساڵ لەئێران ژیاوە و ئەو راوێژکارە کوردەی لەدژی کەسوکاری خۆی هاوکاری سەدامی کردوە ـ ئەو خێوانە بەردەوام بەسەر ئاسمانی عراقدا دەسوڕێنەوە. کۆماری ئیسلامی ئێران " حزب الله " عراقی تایبەت بەخۆی دروستکردوە کە هاوشێوەی " حزب الله " ی لوبنانە و لەکاتی نوسینی ئەم دێرەدا حکومەتی ئێران دژەی بەچەکدارەکانی دەکرد بۆ ناوخاکی عراق، ئەمە لەکاتێکدا ئێران رێگە بەگروپە نەیارە سەربەخۆکان ـ ئیسلامی و نائیسلامی ـ نادات بچنە باشوری گەمارۆدراوی وڵاتەوە، سەرباری ئەوەی رێگە لەرۆژنامە بیانی و رێکخراوە فریاگوزارییە نیودەوڵەتیەکانیش دەگرێت.

خودا، پارەو دەوڵەتە دراوسێکان سێ کوچکەیەکی کارا و بەهێزن لەسیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، بەڵام گەنجانی نەزان و کلۆڵی سەوداسەری چەك، لەبابەت سائیر یش کەلەسایەی هەلومەرجی راگواستن و پەنابەری ناچاری دەژین لەگەڵ ئێران یا بەبێ ئێران، زۆرجاران دەبن بەپارتیزانێکی بەکرێگیراوی کاراو لەژێر ئاڵای ئیسلامدا شەڕدەکەن.

کاتێك ئەبوحەیدەر لەئازاری / 1991 دا راپەڕینی دەست پێکرد، خەڵکانی شۆرشگێری سائیر ئاسا پەیوەندییان بەراپەڕینەوەکرد، ئەوانەی وەك ئیسلام هەستیان بەقوربانی بونی خۆیاندەکرد و بەهەستی دڕندانە و کین لەدڵ و تۆڵەئەستێن و رەگەزپەرستی چەکداربون بەرەو شۆرشی کوشتن هەنگاویان دەنا و شکستیان بەراپەڕین هێنا. چونکە ئەو کەسانەیان لێیان دورخستەوە کەلەوانەبو پشتگیریان بکەن ، ئەوانەشی پێویستیان بەپاڵپشتیان هەبو، بۆیە بەهەمان روحییەتی دایکی حوسەینی بەسراوی دەپرسین : ئەمە چ جۆرە ئیسلامێکە ؟ ئەمە ئیسلامەتی نیە، بەڵکو وێنەیەکی ئاوەژوی ریژیمی بەعسە.

ئەمرۆ هەمو عراقیەکان باجی شکستی راپەڕینی ئازاری / 1991 دەدەن، بەڵام ئـەمجارەیان شـیعەکان لەهـەمو کەسـێك زیـاتر باجەکـەی دەدەن. شـیعەکانی عـراق پێیـان وابـو ئـەزمونی ئێشوئازاریان هەیە، بەڵام بەدرێژایی میژویی نوێیان ئێشوئازاری لەمجۆرەیان نەدیوە.

رادەی ئەو توندوتیژییەی بۆ سەرکوتکردنی راپەڕین بەکارهێنرا، پێشتر مەگەر لەدژی کورد بەکارهاتبێت. ئێستا پیادەکردنی جۆرێکی تازە لەشەڕی ئاینزای توندوتیـژ و ئاشکرا لـەدژی ئـەو کەسـانەی تـەنها لەبەرئـەوەی شـیعەن بـوە بەبەشـێك لـەمیراتی سـەدام. بێگومـان ئـەمرۆ ریـژیم لەدوای شەڕی کەنداودا لاواز بوە، بۆیە تاکە دەرفەت لەبەردەم بـەعس بـۆ ئـەوەی لەسـەر کورسـی حوکم بمێنێتەوە نانەوەی رکبەرایەتی نێوان شیعە و سوننەیە و سـەرکەوتنی ئـەم سـتراتیجیەش ناگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەمریکا پشتگیری لەراپەڕین نەکرد ( بەدڵنیاییەوە پشتگیری لێی نـەکرد )، بەدڵنیاییشەوە ناگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دەیانویست سەدام لەسەر کورسی حوکم بمێنێتـەوە (پێیـان باش بو کەسێکی بەهێز لەسوپا یا لەناو دەستەودائیرەی بەعس حوکم بگرێتـە دەسـت)، هـەروەها سەرکەوتنی ستراتیجیەتی سەدام ناگەڕێتەوە بۆ چاندنی تـۆی تایەفەگـەری لـەنێوان عراقیـەکان و پێـشکەوتنی چـەك و جبەخانەکـەی، بـەڵکو شکـستی سـەرکردایەتی سیاسـی شـیعە تاکـە هـۆی سەرکەوتنی ستراتیجیەتی ریژیمی بەعسە.

گرفتەکـەش لەوێدایـە کەپێویـستە کەسـێك بـەناوی گـشت عراقیەکانـەوە قـسەبکات، بـەڵام شیعەکانی عراق شپرزەن. ئەبوحەیدەر شپرزەیە. دەبـو وەك زۆریـك لەعەرەبـەکان بەجیـدی بـیر لەرابردو بکاتەوە، کەچی هێشتا نازانێت خۆی کێیە یا تەنانەت ببێت بەچـی. ئایـا عراقیـە ؟ ئایـا عەرەبە ؟ ئایا شیعەیە ؟ ئایا شیعەیەکی نەتەوەپەرستی عراقیە، یا تەنها موسـڵمانە ؟ ئەگـەر لـەو شـتانە پێکهـاتوە، ئـەوا بـەپێی دیدوبۆچـونی سیاسـی کامیـان لەپێـشترە؟ لەوانـەش گـرنگتر لـەچ شوێنێکی گونجاودا مرۆیی بونە هاوبەشەکەمان ( وەك ئـەوەی هـەمو کەسـێك لەمافـدا یەکـسانە ) دەبینێتەوە؟

وەڵامدانەوەی ئەم پرسـیارە تەنانـەت ئـەوەش دیاریـدەکات کـە نـەوەی نـوێی عـراق دوارۆژی دەبێ یا نـا. بەلایـەنی کەمـەوە چ دوارۆژێـك. سـەدام حوسـەین لەسیاسـەتی عراقـدا مەسـەلەیەکی سەرەکی نیە، بەڵکو ئەو میراتییەی بەجێی دەهێڵێت بەدرێژایی چەندین ساڵ وەك مەسـەلەیەکی سەرەکی دەمێنێتەوە.

ئێـستا شـیعەکانی عـراق لەسـەر لێـواری گـرنگترین پرسـیار پاکوتـێ (تـراوح) دەکـەن، کەبەدرێژایی مێژویان روبەروی بونەتەوە : چ دیدێکی سیاسیان هەیـە؟ خۆیـان کـێن؟ شـیعەکانی

عـراق بەدرێـژایی مێـژویان خۆیـان لـەم پرسـیارە دزیوەتـەوە، واتـە لـەکاتی کوشـتنی حوسـەین و یارانیـەوە لەپێدەشـتی کەربـەلا لەسـاڵی 680 زاینیـدا، چـونکە ئـەو کەسـانەی داوایـان لێکـرد حوکمڕانیـان بکـات، پـشتگیریان لێنـەکرد (تەنانـەت ئـەو خومەینیـەی هـەرگیز لـەئێرانی بـونی بەدەرنـەبو لـەکاتی شـەڕی عـراق ـ ئێـران دا ئـەو مەسـەلەیەی فۆزتـەوە)[4]. شیعەی عـراق زۆر بەقوڵی لەگەڵ ئەو ساتەوەختە پـڕ لەکارەساتەی دروسـتبونی تێکەڵ بـوە، ئەمـە ئەگـەر ئـەوەش لەبەرچـاوبگرین لەسـاتەوەختی هەرەسـهێناندا لـەدایك بـو، ئـەو سـاتەوەختەی سـاڵانە یـادی دەکەنەوە، پەیوەستی بەو روداوە مێژوە گرنگەوە هەیە. شیعەکانی عراق بەوە لەشیعەکانی ئێران جیادەکرێنـەوە کـە هـەرگیز خۆیـان حـوکمی خۆیـان نـەکردوە، بۆیـە جگـە لـەزمانی نـەیاری و ڕەتکردنەوە شتێکی دی نازانن. لەڕاستیدا شیعەکانی عراق هەرگیز مەسەلەی حوکمیـان بەجیـدی وەرنەگرتوە و تەنانەت لەسەر ئاستی تاکە کەسیش خۆیـان لەقـەرەی حوکم نـادەن و لەخزمـەتی سەربازی و کاری گشتی دەوڵەت و بەرژەوەندییەکانی خۆیان بەدوردەگرن، بۆیە کاتێـك بـچوکترین دەرفـەتیان بـۆ دەرەخـسێت دەبـن بـەبازرگان، پـسپۆری بێلایـەن، شۆڕشـگێڕ، چاکەخواز، سۆفی و هونەرمەنـد نـەك پیـاوی دەوڵـەت و کـاری دیبلۆماسـی. هـەر (17) گروپـە ئیـسلامیە نـەیارە جیاوازەکانی عراق ـ زۆربەیان لەروی پێکهاتەوە شیعەن ـ هێـشتا دیدوبۆچونێکی سیاسـی رونیـان لەسەر حوکمی عـراق نیـە، کەواتـە ئەگـەر ئەبوحەیـدەر تائێـستا نـەزانی ئیـسلامە یـا عـەرەب یـا عراقـی، ئـەوا هێـشتا هـەر نازانێـت دەیـەوێت کـێ حـوکمی بکـات ـ پیـاوانی ئـاینی یـا عـەلمانی یـا سیاسەتمەدارە ناودارەکان ـ جارێکی دی ئەو کەسـە نەناسـراوانە بـەناوی چییەوە حـوکم دەکـەن : بەناوی خودا یا میللەت یا هەردوکیان؟ لەسـەر چ مـەڵبەنـدێك حـوکم دەکـەن؟ لەکاتێکدا ڕیـژیمی بەغـدا لەسـەرخۆ دادەروخێت و دواساتەوەختەکانی دەژی کەچـی شـیعەکان هێـشتا وەڵامـی ئـەم پرسیارانەیان نەداوەتەوە.

تا ئەو کاتەی شۆڕشـی خومـەینی لـەئێران حـوکمی ئیـسلامی هەڵبـژارد زۆرێـك لەتێکۆشـەرە ئیـسلامیەکانی عـراق قـسەیان لەسـەر دامەزرانـدنی خەلافـەتی ئیـسلام دەکـرد. لەواقیعـدا لـەنێو بزوتنـەوە ئیـسلامیە عراقیەکانـدا ئـەوەی بـۆ سیاسـەت گـرنگ بێـت دەرگـای هـەمو ئەگـەرێکی بۆئاواڵەکرا، ئەوەش رێگە بۆ کارەساتێکی گەورەتر خۆشدەکات سـەبارەت بـەدوارۆژی دیموکراسـی. ئـەمرۆ هـەمو عراقیـەکان بـیر لەدیموکراسـی و مافـەکانی مـرۆڤ دەکەنـەوە، بـەڵام بزوتنـەوەی ئیـسلامی کەمێـژویی دروسـتبونی بـۆ سـاڵانی شەسـتەکان و ناوەڕاسـتی هەشـتاکان دەگەڕێتـەوە دیموکراسـی بەکەلوپـەلێکی رۆژئـاوایی و نـامۆ بەئیـسلام دەزانێـت. زۆربـەی حزبـە ئیـسلامیە عــراقیش دەســاڵی رابردویــان بەبەشــێك لەبزوتنــەوەی ئیــسلامی جهــانی دەزانــی کــەئێران

نێوەندەکەی پێکدەهێنا، هەرچەندە ئەمڕۆ زۆر لەو سیاسەتە بێزاربون، بەلاّم ئەلتەرناتیڤێکیان نیە، لەبەرئەوەی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بۆیان ڕوندەبێتەوە هەرگیز ئێران لەبەرژەوەندی عیراق کارناکات، بۆ نمونە پەنابەرە شیعە و تێکۆشەرە ئیسلامیەکانی عیراق لەکۆتایی حەفتاکانەوە زۆر ناشایستانە مامەڵەیان لەتەك دەکرێ، بۆیە کارێکی سەیرە ئەگەر ئەبوحەیدەر هەست بەگومڕایی بکات؟

واقعێکی سەرەکی تازە لەسیاسەتی عیراقدا هەیە و بواری خۆدزینەوەی تیانیە و هەرئەوەش گرنگییەکی زیاتر بەم بابەتانە دەدا؛ شیعەکانی عیراق دەتوانن نەهێڵن سەدام لەرێگەی بەرزکردنەوەی ئاستی توندوتیژی تایەفەگەری و ئەتنی چەندین ساڵەی سەرکەوتن لەمردنی خۆی بەدەست بهێنێ، چونکە زۆرینەی دانیشتوان پێکدەهێنن، بۆیە بەرامبەر بەدوارۆژ بەرپرسیارێتی مێژوییان دەکەوێتە سەرشان کەلە بەرپرسیارێتی هەمو گروپە ئەتنی یا خێڵەکیە عیراقیەکانی دی گەورەترە. ڕاستە توانای سیاسی نوێی عەرەبی خەریکە لەنێوانیاندا سەرهەڵدەدا، بەلاّم سەرەڕای ئەوەش هیچ سیاسیەکی شیعەی تازە پێگەیشتو ئازایەتی وەلاّمدانەوەی ئەو پرسیارانەی تیانیە و لیبراڵترین کەسیان باس لەدابەشکردنی عیراق بۆ سێ بەش دەکەن، کەچی لەهەمان کاتیشدا گلەیی لەدەزگاکانی ڕاگەیاندنی ڕۆژئاوا دەکەن کە گرنگی زیاتربەکورد دەدەن[5]. هێندێك لەبیریارانی بزوتنەوەی ئیسلامی هەوڵدەدەن لەسەر دیموکراسیەت جیاوازییەك لەنێوان بیری ڕۆژئاوا و گوتاری ئیسلامی بدۆزنەوە[6]. بەلاّم زۆرینەیان سەبارەت زۆربەی پرسیارە سەرەتاییەکانی سیاسەت بەتەواوەتی فیکریان شێواوە لەبەرئەوەی لەژێر قورسایی بیروباوەر دەناڵێنن.

لەبەندی یەکەمی بەڵگەنامەی (91) دا هاتوە : "مرۆڤ تەنها لەبەر ئەوەی مرۆڤە، نەك لەبەر هیچ هۆیەکی دی، کۆمەلێك مافی هەیە". هێندێك لەباشترین ئەندامانی ئۆپۆزیسیونی دیموکراتخواز لەشیعە لیبراڵەکانی عیراق وازیان لەئۆپۆزیسیون هێنا، کەچی نەیانتوانی مافەکانی مرۆڤ بکەن بەبەردی بناغەی هەمو سیاسەتێك. بەواتایەکی دی، پێیان قبوڵ نەبو مافەکانی مرۆڤ بەدەر لەهەر ئیعتبارێکی دی، هەمو کەسێك بگرێتەوە. ئایا مورتەد مافی هەیە؟ ئایا یاسا مرۆییەکان لەئیرادەی خوداوەند بالاّتر دەبێت؟

بەپێی بەڵگەنامەکان شیعەکان لەئەنجامی مەینەتیە تایبەتیەکانیان بەرادەیەك ئێشوئازاریان چێشتوە کەبیرکردنەوە و ڕەفتاریان وەك عیراقی بەرەو کزی دەچێت. کاتێك ئەمجۆرە هەستکردنە هەمو بیرکردنەوەیەکی عەقلانی داگیردەکات، هەروەك ئێستا ئەم حاڵەتە

لەنێو زۆربەی شیعەکانی عیراق بەدیدەکرێت، ئەوا ئەم عەقلیەتە لەدوارۆژدا رەگەزپەرستیو توندوتیژی بەرهەمدەهێنێت. هەر قسەکردنێك لەسەر مافەکانی مرۆڤ کە ئەمرۆ لەعیراق مۆدێتی رەنگە زۆر بەخێرایی کەنارگیر بکرێت و رەنگە زۆر بەسانایش بکرێتە پروپاگەندەیەکی بیناوەرۆك بۆ بیرکردنەوەیەکی جهانی مەزن و تەنها بەمەبەستی سەرنجراکێشانی رۆژئاوا باسبکرێت. تێکۆشەرێکی شیعە کەلەرۆژئاوا سەرپەرشتی رێکخراوێکی مافی مرۆڤی دەکرد ئەم وشانەی پێوتم :"هەروەك دەزانی ئەوانە (ئەندامانی دەستەی یاسادانانی ئەمریکا) حەز بەم وشانە دەکەن (مافەکانی مرۆڤ)". تۆی ئەو کارەساتەی بەسەر عیراقدا دێت لەمجۆرە رووپاماییەوە (ریاء) سەرهەڵدەدا.

گریمان ئەبوحەیدەر وەلائی سەرەکی بۆ کۆماری ئیسلامییە ـ هەرچەندە ئەو بریارەش بەوتەی دیموکراسی پەردەپۆش بکرێ. بەو بریارە روبەروی واقعێك دەبینەوە کە عەرەبی سوننە تەنها بەناوهێنانی ئەو بابەتەی پەیوەندی بەئیسلامی سیاسییەوە هەبێت ترسێکی زۆر دایدەگرێ. سیاسەتمەدارە تازە پێگەیشتوەکانی شیعەی عیراق سەبارەت مەسەلەی هەرەشەی شیعەی ( ئیسلامی) عیراق بەردەوام سکاڵا لەزیادەرەوی رۆژئاوا دەکەن ـ ئەمەش لەئەنجامی دەنگدانەوەی شۆرشی ئیران و خومەینی بو لەمێشکی رۆژئاواییەکاندا ـ بەڵام ئەو سیاسەتمەدارانە قسە لەسەر مەترسی راستەقینە و رەوای سوننەکانی عیراق ناکەن. چ شتێك بەمێشکی سوننەکانی عراقدا دەگوزەری کاتێك دەبینێ لیبراڵترین روناکبیری شیعە بەمەبەستی "سەلماندنی" ئەوەی هەمو سیاسییەکی سوننەی هاوچەرخ لەناخیدا خێڵەکی بوە، بەشداری لەنوسینەوەی مێژوی نوێی عیراق دەکات؟ ( تەنانەت خۆشم بیستومە کە گەورە سیاسەتمەداری دیموکراتخواز کامیل چادرچی تایەفەگەر بوە. لەتشرینی یەکەم / 1992 دا یەکێك لەبەناوبانگترین نوسەری شیعەی هاوچەرخ کەپێشتر بریکاری دەزگای راگەیاندنی حکومەتی عیراق بوە پێی وتم : "شیعە خەڵکی راستەقینەی عیراقە" بەڵام سوننە تایەفەیەکی مشەخۆرە و بەتۆپزی بەسەر وڵاتدا سەپێنراوە، هەروەها پێی وتم ؛ هەرگیز سوننەیەکی نەدیوە لەناخیدا تایەفەگەر نەبوبێت. بەرای من، ئەمەش وێنەیەکی ئاوەژۆکراوی سەرجەم فیکری بەعسە).

مەترسی سوننە لەوەی کاتێك شیعەکانی عیراق دەستەلاتی سیاسی دەگرنەدەست چییان بەسەردەهێنن زۆر لەگریمانەی هێندێك لەسیاسەتمەدارە کاڵفامە رۆژئاواییەکان قوڵترە، چونکە وەك ئیسلام پەیوەندی بەئاینی ئیسلامەوە نیە ئەوەندەی تەبەنی کردنی ئیسلامی سیاسی لەلایەن شیعەوە ئاکامی لەسەر ئازادی بیروباوەری ئاینی دەبێت. لەعیراق بیروباوەر لەململانێی دوارۆژی نێوان باڵی سوننە و شیعە لەسەنگی مەحەك نیە، بەڵکو مانەوە و بەردەوامبونێتی،

چونکه لەدوای نەمانی سەدام ژیانی خەڵکی و ژیانی ئازیزەکانیان لەوە دەچێت لەبەردەستی قەساب بێت، بۆیە ترسی سوننە لەئەگەری ئەوەی شیعە بەناوی ئیسلامەوە چییان بەسەر دەهێنن، دەبێتە هێزێکی سەرەکی لەسیاسەتی عراقدا. هەتا شیعەی عراق سووربێت لەسەر سەپاندنی شوناسی شیعەیەتی خۆی ئەوا لەبەرامبەریدا زۆر بەتوندی بەرگری کەمایەتی سوننەی عراق زیاد دەکات و تاکۆتایش هەر کەسێك قسە لەسەر دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی لەعراق بکات ئەو بەرگرییە بەردەوام دەبێت. سوننە دەوڵەتێکی لەمجۆرە ـ بەدەر لەوەی دیدوبۆچونیان راست بێت یا هەڵە ـ بەنەمانی خۆیان دەبینن و لەوەشدا کورد پشتگیریان دەکات (ئەگەر تا ئەو کاتە دەوڵەتێکی سەربەخۆیان نەبێت).

هاوکێشە درۆزنەکانی وەك "هەمومان موسڵمانین" هیچ مانایەکی نیە وەك ئەو دروشمەی ڕێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستین : " فەلەستینی دیموکراسی عەلمانی " هیچ مانایەکی بۆ ئیسرائیلییەکان نیە.

گرفتەکەش ئەوەندەی پەیوەندی بەیەکێتی عەرەبەوە هەیە وەك بیرۆکەیەکی جوان کە لەداهاتودا دێتەدی ئەوەندە پەیوەندی بەخودی ئیسلامەوە نیە. لەوانەیە ئێرانی و جەزائیری و رەنگە میسرییەکانیش بتوانن لەدەوڵەتێکی ئیسلامی دیموکراسی هەڵهێنجێنن، ئەویش لەبەر هۆیەکی سادە و ساکار ؛ میللەت دەتوانێ بەلێبوردن تەنانەت بەرامبەر بەبیروباوەرە زۆر پیرۆزەکانیشی نەرمی بنوێنێ.

بەڵام بارودۆخی عراق لەحوکمی ئیسلامییەوە دورە، ئەمەش خاڵێکی سەرەکییە، چونکە عراق بەقەدەر ئەو وڵاتانەی لەسەرەوە باسم کردوە تەباو یەکگرتونیە و پێشتر ئەمجۆرە سیاسەتە "سیاسەتی بیروباوەر" وێرانیکردوە (بەعسیزم لەرووی ئایدۆلۆجیاوە لەسەر بیرۆکەی ئیمان دامەزراوە، ئیمانێکی کوێرانەو رەها بەعروبە)، هەروەها سیستمێکی نوێی نەرم بەدڵنیاییەوە لەسەر شێوەیەکی نوێی ئەم سیاسەتە بونیات نانرێت(7).

لەدوای ئەوەی دانیشتوان بەرەو نێوەندی ژیانی گشتی دەڕۆن و خوویی پێوەدەگرن و بەباشترین دەسکەوتی دادەنێن، واتە گەوهەری نەزمی بیروباوەریان، ئیتر دەوڵەتێکی پۆلیسی و تیرۆریستی دانامەزرێت. ئەگەر شیعەی عراق سووربێت لەسەرئەوەی شیعەبونی بکاتەسیاسەتی سەرەکی یا سوربن لەسەرئەوەی شوناسی ئیسلامی بکەنە داواکاری سەرەکیان ئەوا نەوەیەکی تریش لەعراق تیادەچێت کە لەئێستاوە نیشانەکانی بەسەرماندا زاڵە.

بـا ئـەزمونێکی بەسـوێ و شەخـسیتان بـۆ بگێرمـەوە. کاتێـك لەتـشرینی دوەم/1991 بەمەبەستی چاوپێکەوتنی تەیمور و لێکۆڵینەوەی فایلەکانی پۆلیسی نهێنی کـە کوردەکـان لـەکاتی راپەڕیندا دەسـتیان بەسـەراگرتبو سـەردانی بـاکوری عـراقم کـرد، شیعەکانی نیـشتەجێی رۆژئـاوا گومانیان لێدەکردم و روناکبیرترین کەسی ئۆپۆزیسیونی عراق گلەیی لێدەکردم : "بۆچـی لەسـەر رۆڵـەکانی خـۆت، شـیعەی عـراق نانوسـیت؟ ئێمـەش ئـازار دەچـێژین". کاتێـك لەسـەردانەکەم گەڕامـەوە روبـەروی لێشاوێك لەسکاڵای خـەڵکانی ئوروپـا و وڵاتـە یـەکگرتوەکان بومـەوە بـەوەی لەپێناوی کێشەی کـورد وازم لەکێـشەی عـراق وشیعەهێناوە. ئاشورییەکان دەیـانپرس "سـەبارەت بەئێمــە چ دەڵێیــت؟ چــونکە ئێمــەش ئــەنفالکراوین. لــەدوای تێپــەربونی ســاڵێکی تــەواو بەسەرپێشاندانی فیلمـی بەڵگەنامەرەسمیـەکان لەسـەر پرۆسـەی لـەناوبردنی بەکۆمـەڵ (ئـەنفال) لەتەلەفزیونی بی بی سی، تاکو ئێستاش عراقیەکان ئەم مەسـەلەیە بەشـێوازێکی زۆر فێڵبازانـە و ساختەکرانە دەوروژێـنن. گـرفتی عـراق بریتیـە لـەوەی هـەمو کەسـێك خـۆی بـەقوربانی دەزانـی بەتایبەتی زۆرینەی شیعە وەك قوربانی بیردەکاتەوە و رەفتار دەکات.

لەسەر ئاستی تاکەکەسی سوننەش عراقییەکانی نیشتەجێی لەندەن قسەلۆکێك بڵاوبووە کـە کەنعان مەکییە بەمەبەستی لێدانی ئەوان هاوپەیمانییـەکی نـوێی لەگـەڵ پیـاوانی ئـاینی شیعە و سەرەك خێڵەکانی کورد بەستبوە، سەرباری ئەوەی ئاشکراش بوە، بەنهێنی لەگـەڵ ئەمریکییـەکان کار دەکات (هەرچەندە ئەو کەسانە پێیان وایە وڵاتەیەکگرتوەکان دەیەوێت سەدام لەسەر کورسـی حوکم بهێڵێتەوە). لەکۆتاییدا کاتێك ئەو بەڵگەنامە عراقیانەی کوردەکان دەستیان بەسەرا گرتبـو لەرێگەی هەوڵەکانی رێکخـراوی "هیومـان رایـتس ووچ" ی سـەربەرێکخراوی مافـەکانی مـرۆڤ بـۆ جێگەیـەکی ئـەمین لـەرۆژئاوا گوێزرایـەوە، هێنـدێك لەنەتەوەپەرسـتەکانی کـورد رازی نـەبون کـەنعان مەکییـە کـاری لەسـەر بکـات، سـەرباری هەوڵـەکانی بـۆ ئاشـکراکردنی پرۆسـەی ئـەنفال و بەخەڵك راگەیاندنی ، چونکە لەبەر هۆی سیاسـی دەیانویـست کەسـێکی ئـەمریکی نـەك کەسـێکی عراقـی وەك خۆیـان روداو و بەسـەرهاتەکانیان بـەجهان رابگەیـەنێت. بەمـشێوەیە هـەمو ناحـاڵی بون و بەدگومانییەك رون بووە.

لەم مرۆڤە بریندارە سیستمێکی نوێ دروست دەبێ، ئیتر هەر ژەهرێکی تایەفەگـەری سـوننە ـ شیعە و دوژمنایەتی نێوان کورد ـ عەرەب بەسە بۆ لـەناوبردنی عـراق. ئـەمرۆ ئـەم دوو هۆکـارە نیشتمان پارچەپارچە دەکات، بۆیە ئێستا بـەفیعلی لـەدڵ و دەرونـی عراقیـەکان دابەشـبوە پـێش ئـەوەی لەسـەر عـەرز جێبـەجێ بکـرێ و ژمارەیـەکی زۆر و تازەیـان باجەکـەی بـدەن. لێـرەوە دەردەکەوێت هیچ عراقییەك پـاك و تەندروست نیـە، بـەڵکو هـەمومان نـەخۆش و پەککـەوتوین،

چـونکە ئـەمرۆ لەهـەمو کاتێـك زیـاتر هەڵچونی نەتـەوەیی و تایەفەگـەری بۆگـەن و نـەگریس بڵاوبۆتەوە و هێزێکە ئاراستەی گۆڕانکاری دەکرێ، تەنانەت ئەگـەر باشـترین کەسـی ئۆپۆزسـیۆنی عراقیش بەپێچەوانەی ئـەو واقیعـەوە قـسەبکات. ئەگـەر ئەمـە دەسـپێکمان بێـت، کەواتـە ئێمـەی عراق بەکوێ دەگەین؟

با لەو راستیەوە دەست پێبکەین کە هەمومان دەستمان لەگەڵ دیکتاتۆرییـەت تێکـەڵکردوە و بەچارەسەرێکی سەرشۆڕانە رازی بـوین (بـەدەر لـەوەی بـەئیرادەی خۆمـان بێـت یـا نـا). ئەوانـەی لەناوەوە و دەرەوە بەپاکی ماونەتەوە گەلێك نـین. ئـەو فایلـە هەواڵگرییـە نهێنیانـەی بـۆ رۆژئـاوا گوێزرایەوە ئاشکرای دەکات چۆن زۆرێك لەکوردەکان لەو روداوانەی ساڵی 1988 بەسـەر کوردا هـاتوە بـەرادەی جیـاواز دەسـتیان لەگـەڵ ریـژیم تێکـەڵ بـوە. سـوننە و شـیعەکانیش رۆڵیـان لـەدەزگاکانی وەك سـوپا و پـۆلیس و ئیـستخبارات لەدەوڵـەتی عـراق هـەبوە. حیکایـەتی عومـەر (بەشی سێیەم)، حیکایەتی عەرەبێکە کوردێك خەبەری لێداوە، سوننەیەك لێپێـچینەوەی لەگـەڵ کردوە و شیعەیەك زاری وەرگرتـوە، بۆیـە کێبـەرکێ لەسـەر مۆنۆپـۆلکردنی سیفەتی "قوربـانی" بـەرەو کارەساتمان دەبـات. رەنگـە سروشـتی ریـژیمی بەغـدا لـەوجۆرە بێـت کـە حیـساباتی هـەمو کەسێك بەهەڵپەسێراوی بهێڵێتەوە و رەنگە باشتر بێت هێندێکیان بەپێی سروشـتی مرۆڤایـەتی و سیاسەتمەدارە لێهاتوەکان چارەسەربکرێ[8].

لێبوردنێکی گشتی تاکە رێگەیە بۆ ئەوەی نەهێلین لەدوای روخانـدنی سـەدام خـوێنێکی زۆر بـرژێت.

دوەم دانپیانـانی گـرنگ ئەوەیـە شـیعەی عـراق تێبگـات - پاشـەرۆژی عـراق بەشـێوەیەکی سەرەکی دەکەوێتـە سەرشـانی شیعە - مەترسـی سوننە مەترسییەکی راسـت و رەوایـە. پێویـستە لەسـەر سـەرکردەکانی نـەوەی نـوێی عـراق سیاسـیانە و وەك کێـشەیەکی سـەرەکی روبـەروی ئـەو مەترسیانە ببنەوە، هەروەها پێویستە جـۆرە فـۆرمێکی حـوکمرانی ئـەوتۆ بدۆزنـەوە کـە گـرەنتی لـەدژی "سـتەمی زۆرینـە" دەسـتەبەر بکـات، چـونکە لـەدوارۆژدا ژیـانی هـەزاران عراقـی لەسـەر جیدییەتی ئەو گرەنتیانە رادەوەستێ، بۆیە ئەو بەرپرسیارێتیە سیاسی - ئەخلاقییەی دەکەوێتـە سەرشانی شیعە ناچاریان دەکات لەو فۆرمە تێبگەن. مرۆڤ ناتوانێت پێشبینی بکـات کەمایەتیـەك سەرکردایەتی بکات هەر لەسەرەتاوە هەست بکات گەمارۆ دراوەو لەدۆخی بـەرگری لەخۆکردنـە و هەمو کەسێکیش پەنجەی گلەیی و تاوانی بۆ درێژ بکات.

ئەوپارچەپارچـە بـون و فـەوزا زۆرو خـوێن رشـتنەی لـەدوای سـەدامدا بـەرۆکی عـراق دەگرێتــەوە بەپلــەی ســەرەکی دەکەویتــە ئەســتۆی شکــستی ســەرکردایەتی سیاســی شــیعە لەبەرزبونەوەی بۆئاستی ئەو دەرفەتـە مێژوییـەو ئەوبەرپرسیارێتیەی کەبەتایبـەتی گروپەکەی دەیخاتە ئەستۆی.

سێیەم ئەرکی گـرنگ کـە دەکەوێتـە ئەسـتۆی ئۆپۆزیـسیونی عـراق بریتیەلـە فیـدرالیزم بـۆ چارەســەرکردنی مەســەلەی کــورد لەچوارچــێوەی عراقێکــی یــەکگرتودا. کاتێــك ریکخــراوە جۆربەجۆرەکانی ئۆپۆزسیۆنی عراق لەژێرچەتری کۆنگرەی نیـشتمانی عـراق لـە 27 , 31 / ت 1 / 1992 لەسـەلاحەدین لـەباکوری عـراق کۆبونـەوە یەکـەم هـەنگاویان بـەم ئاراسـتەیە نـا و منـیش دەرفـەتم پێـدرا لـەو چاوپێکەوتنە مێژوییـە ئامـادەبم و خـودی ئـەم مەسـەلەیە بخەمـە بەردەستی کۆنگرە، چونکە فیـدرالیزم تـەنازولێك نیـە ئێمـەی عـەرەب بیکـەین بەمنـەت بەسـەر کوردەوە، بەڵکو تاکـە رێگەیـە بۆپاراسـتنی یەکپارچـەیی خـاکی عـراق. لـەدوای شـەڕی کەنـداوەوە کوردستانی عراق ئەزمونێکی تایبەت بەخۆی دەژی، بۆیـە نـەك هـەر رەوانیـە لێـی پاشـگزبینەوە، بەڵکو پێویستە پاشەرۆژی عراقی لەسەر بونیان بنرێ.

لەدوای شەڕی کەنداو شۆرشێکی فیعلی لەسەر لـە20٪ خـاکی عـراق هەڵایـساوە کەلەرێگـەی هەڵبژاردنی 20٪ میللەتی عراق و پارلـەمانێکی کوردی ئارادەیـەك چالاك هاتۆتـە کایـەوە. ئـەو شۆرشە دور بو لـەدروشمی شـەرخوازانەی بریقـەدار و سیاسـەتی رادیکاڵی رەتکـەرەوە (رفضي)، بۆیـە یـا دەبـێ ئـەو ئەزمونـە تـەعمیم بکـرێ بـۆ ئـەوەی گـشت عـراق بگرێتـەوە یـا بەتـەواوەتی لەدەستی بدەین و بەلۆجیکی دابەشکردن هـەنگاوبنێین. کاتێـك ئـەم لۆجیکـە ترسـناکە باڵادەسـت دەبێـت، هـەروەکو پێـشبینی دەکـەم ئـەوا درێـژە دەکێـشێ تاکـار دەگاتـە ئـەوەی عـەرەب، عـەرەب دەکوژێـت و شـیعە، شـیعە لـەناودەبات و تەنانـەت کوردەکـانیش لەیـەکتری هەڵدەگەڕینـەوە. ئـەو وڵاتە دامـاوەی پێـی دەوتـرێ عـراق و لەدابەشـبونی ئیمپراتـۆرێتی عوسمانیـەوە بـەمیراتی بۆمـان ماوەتەوە شـتێکی گـرنگ نیـە، بـەڵام ئـەو قەسابخانەیەی هێنـدێك دەوڵـەتی پارچەپارچـە کـرد ( هیندسـتان لەسـاڵی 1947، یۆگوسـلاڤیا لەسـاڵی 1991 ) دەریـدەخات رەنگـە هـەزاران جـار لەئەڵتەرناتیڤە پێشنیازکراوەکان باشتر بێت.

هـیچ گرفتێك یـا بیرۆکـە یـا بیروبـاوەر یـا ئـاین یـا رێبـاز یـا خوداوەنـدێك شـایانی ئەوەنیـە بـەرگری لێبکرێـت ئەگـەر ژیـانی عراقـی دی لەناوبـەرێت. سـەرباری هـەمو شـتێك ئەگـەر کـورد ویستی دەوڵـەتی خـۆی هـەبێت لـەدوای ئـەوەی نـەمانتوانی قەناعـەتیان پێبهێـنین کەرەنگـە ئـەم هەڵوێستە لەبەرژەوەندیان نەبێت، ئەوا پێویستە هەمو عراقییەك بەتەواەتی پشتگیریان لێبکات

و لەسـەر ئـەو سەرچـڵییە مەزنـە نوێیـەی دامەزرانـدنی دەوڵـەتیش هیـوای سـەرکەوتنیان بـۆ بخوازێت. ئەم ڕێگەیە پڕ لەمەترسییە و هیوادارم میللەتی کورد ئەم ڕێکەیە هەڵنەبـژێرێت. ئـەو قسانە بەخاتری ئـەوان ناکـەم، بـەڵکو دەزانم ڕۆیـشتنیان زیـانم پێدەگەیـەنێت. بەدبەختانـە ئـەم ڕێگەیە لەبەردەم شیعە و سوننەی عراق نیە، بۆیە گرفتی ڕاستەقینەی دواڕۆژ لێرەوە سەرچاوە دەگرێ.

ئەم دوو کۆمەڵە تایفییە تێکەڵە دوانەی عـراقن و یەکێتێکەیان قابلی جیابونەوە نیـە، ئەمـە ئەگـەر لەبنەرەتـدا یـەکێتی هـەبێت، بۆیـە یـا دەبـێ شـەڕبکەن و کۆمـەڵێکیان ئـەوی دییـان لەناوبەرێت و بەتەواوەتی بەسەریا زاڵبێت یا ڕێگەیەك بۆ پێکەوە ژیان بدۆزنەوە، ئەگینا ڕێگەی سێیەم نیە. کاتێك بەروداوە خوێناوییەکانی ڕاپەڕین دەچمەوە ولەسروشتی ئـەو میراتـەی حزبـی بـەعس تێدەگـەم کـەبۆ عراقـی بـەجێ هێـشتوە توشـی سەراسـیمە دەبم. کاریگـەری حیکایەتـە کەڵەکەبوەکان هێندە لەتاقەت بـەدەرە کەپانتاییـەك بـۆ لۆجیـك ناهێڵێتـەوە و تەنانـەت هەڕەشـە لەسەلامەتی عەقڵیشم دەکات. ئەو ئەزمونـە شەخـسیە ناراسـتەوخۆیە سـبەینێ لـەناوخۆی عـراق بەشێوەیەکی گەورەتر دوبارەدەبێتەوە، ئـەویش کاتێـك کـارە دزێوەکـانی رابـردو ئاشـکرا دەبێـت و ئەگەر کاری دزێوی تازەیشی بچێتە پاڵ، ئیتر هێدی هێدی خەڵکی بەکۆمەڵ بەرەو کەمتەرخەمی دەچن و توانای هەمو جۆرە هەستکردنێك بەرامبـەر مرۆڤـی دی بـەرەو مـردن و نـەمان دەچـێت، بەڵام پێویستە سندوقی پاندۆراش بکرێتەوە و عراقیە ئەبوحەیدەر ئاساکانیش هێندە ئازایەتیان تیایە هەنگاوی یەکەم بنێن. ئەمەش ناوەرۆکی ڕوداوەکانی ئازاری / 1991 ـ ە ؛ ئایا لـەدوارۆژدا تـاج ئاسـتێك سـەری سـندوقی پانـدۆرا هەڵدەدرێتـەوە ؟، دانـایی سیاسـی نـەوەی نـوێی سـەرکردە سیاسیەکانی عراق ئەو بریارە دەدات، چونکە هەمو شـتێك لەسـەر ئـەوان رادەوەسـتێت. رەشـبینی سەبارەت بەدوارۆژی عراق و ئەو راستیەی کە ئێستا و بۆیەکەمجار عراقیەکان ئەگەری دوارۆژیان لەبەردەمدا هەیە دوو میراتی ڕاپەڕینی ئەبوحەیدەرن.

ئەلیوت دەنوسێت ؛ "دەبوایە چی روبدات و بەراستی چ رویدا، ئاماژە بەیەك کۆتایی دەکـەن، ئــەویش هەمیــشە هەنوکەیــە"[9]. ئەگــەر بەراســتگۆیی و بــەبێ بەربەســت و ڕێگــەلێگرتن و لەبەرچاوگرتنی هەستی هیچ کەسێك لێکۆڵینەوە لەسەر ڕاپەڕینی ئازاری / 1991 بکـرێ، ئـەوا لەهاوێنەیەك ( عدسە) دەچێت کـە خێوەکـانی رابـردوی تیـا بەدیـدەکرێ، بـەڵام ڕێگـەی دوارۆژی بەحاڵ تیا دەبینرێ. بەش بەحاڵی خۆم لەتەماشاکردنی ئەو هاوێنەیە ماندوبوم چونکە ؛ رەنگـە

لەمە زیاتر نەتوانم یا حەزنەکەم ئەوەنـدە بەرگەی واقیـع بگـرم، کەواتـە بـا حەمیـد، گەنجێکی نەجەفی مەدەنییە و لەبەشی دووەمدا ئاماژەم پێکردوە کۆتایی بەگەشتی دڵڕەقی بهێنێت.

" ئێمە دواڕۆژمان لەعراق نیە. تەمەنم 28 ساڵە. ژیانم تەواو بوە. بـەڵام ڕەنگـە منـاڵـەکانم وەکو خۆم مەینەتی نەچێژن. هەر دوو مناڵە چکۆلانەکەم زۆر خۆشدەوێت ـ کوڕێکی تەمـەن دوو سـاڵ و کـچێکی تەمـەن حـەوت مـانگ ـ کاتێـك هەسـت بەنائومیـدی دەکـەم بەکوڕەکـەم دەڵـێم : "ڕەنگە کاتێك گەورە دەبێت شەڕ لەدژی سوریا یا ئەردەن بکەیت". تەنها وشەی "دایـە"، "بابـە" و "سەدام" دەزانێت.

نازانم چ بکەم، ڕەنگە بـڕۆم بـۆ ئـەردەن بـۆ ئـەوەی کـارێکم دەست بکـەوێت. دەسـتێك جلـم هەیـە ڕۆژانـە لەبەریدەکـەم لەبەرئـەوەی نرخـی کراسـێك بـە (30) دینـارە. مـاوەی مانگێکـە گۆشتمان نـەخواردوە، خـەون بـەخواردنی خۆشـەوەدەبینم، بـەڵام بۆمـان ناخورێت زۆربـەی ئـەو پارەیەی دەسـتم دەکـەوێت شـیری کچەکەمی پێـدەکڕم، چونکە نرخـی قوتویـەك شـیر بـە (15) دینـــارە. بەناچـــاری زێروخـــشڵی ژنەکـــەم فرۆشـــت تـــا ئۆتۆمـــۆبیلێکی تاکـــسی پێبکـــڕم، ئـــەو ئۆتۆمۆبیلانەی 10 ساڵە تاکسیان پێدەکرێ و ئێستا خۆم شـۆفێری دەکـەم. سـەرەتا ڕۆژی 4 ـ 6 کاتژمێر کارم لەسەری دەکرد، بەڵام ئێستا ڕۆژانـە 8 ـ 10 کاتـژمێر کـاری لەسـەر دەکـەم. حـەز دەکەم واز لەجگەرەکێشان بهێنم لەبەر ئەوەی پاکەتێك جگـەرە بـە (2) دینـارە، کەچـی هەنوکـە زیاتری دەکێشم.

حـەز بەشـانۆگەری ئینگلیـزی و شـیعر دەکـەم و خۆشـحاڵم دەکـات. لـەدوای ئـەوەی زمـانی ئینگلیزیم لەنێوەندی بریتانی لەبەغدا تەواوکرد زیاتر شەیدای بوم. حـەز بەشـانۆگەری "شـەوی دوزادەهەم" ی شکسپیر دەکەم : "ئەگەر مۆسیقا خۆراکی خۆشەویستی بێت، دەی بیژەنـە" ! پـێم وایــە خوێنـدنــەوەی شــۆڕش وامانلێـدەکات بیربکەینــەوە و پرسـیار بکـەین، بــەڵام لەپۆلــەکانی خوێندنگە دەبێ ئـەو شـیعرانە بخوێنمـەوە کەبەشـانوباڵی سـەدام هەڵدەداو خوێنـدکارانیش وەك تووتی لەبەریبکەن، هەروەها دەبێ بابەتەکانی دارشـتنیش لەسـەر شـکۆمەندی سـەدام بنوسـرێت، بۆیە بیرکردنـەوەی ئازادیـان کوشـت بـو. بۆچـی خوێنـدکارەکانم بخـوێنن ؟ قوتابییـەکانم تەماشـام دەکـەن ـ مـانگی 110 دینـار موچـە وەردەگرمـو هاوینـانیش تاکسی دەئـاژوم ـ و بـیر لەشـتی دی دەکەنەوە : " قوتابخانە بەجێ دەهێڵم و یەکسەر دەبم بەسەرباز".

لـەکن مـن شـانۆگەری : "دەنگـی دەسـتگێرێك" باشـترین شـانۆگەرییە، چـونکە قارەمـانی شانۆگەرییەکە، وێڵی لومان پابەنـدی خەونـەکانی خۆیـەتی و لـەپێناوی مناڵەکانیـدا گیـانی خـۆی بەخت دەکات، هەروەها حەز بەشانۆگەری "لەچاوەڕوانی گۆدۆ" دەکەم و بۆدایکمی دەخوێنمـەوە.

گۆدۆ نوێنەرایەتی هیوا دەکات. گۆدۆ لەکوێ و کەی دەردەکەوێت ؟ نازانین، بەڵام گۆدۆ هەرپەیدا دەبێت. خۆمان بەتەنها هیچمان پێناکرێت. پێویست بو لەسەر وێڵی لومان لەپێناوی مناڵەکانیدا گیانی خۆی بەخت بکات. پێویستە لێرە بمێنینەوە و چاوەروانی بکەین. ئێمە چاوەروانی گۆدۆ دەکەین"[10]

---

(1)
(2)
(3)
(4)
(5)
(6)
(7)
(8)
(9)
(10)
(11)
(12)
(1)
(2)
(3)
(4)
(5)
(6)
(7)
(8)
(9)
(10)
(11)
(12)
(13)
(14)
(15)

www.dengekan.com

(16)
(17)
(18)
(19)
(20)
(21)
(22)
(24)
(25)
(1)
(2)
(3)
(4)
(5)
(6)
(7)
(8)
(9)
(10)
(11)
(12)
(13)
(14)
(15)
(16)
(17)
(18)
(19)
(20)
(21)
(22)
(23)
( 24 )
(25)
(26)
(27)
(28)

(29)
(30)
(31)
(32)
(33)
(34)
(35)
(36)
(37)
(38)
(39)
(40)
(41)
(42)
(43)
(44)
(45)
(46)
(47)
(48)
(49)
(50)
(52)
(53)
(54)
(55)
(56)
(57)
(58)
(59)
(60)
(61)
(62)
(63)
(64)
(65)

www.dengekan.com

(66)
(67)
(68)
(69)
(70)
(71)
(72)
(73)
(74)
(75)
(76)
(77)
(78)
(79)
(80)
(1)
(2)
(3)
(4)
(5)
(6)
(7)
(8)
(1)
(2)
(3)
(4)
(5)
(6)
(1)
(2)
(3)
(4)
(5)
(7)
(9)

(10)
(11)
(12)
(13)
(14)
(15)
(16)
(1)
(3)
(4)
(5)
(6)
(7)
(8)
(9)
(10)
(11)
(12)
(13)
(14)
(15)
(16)
(17)
(18)
(19)
(20)
(21)
(1)
(2)
(3)
(4)
(5)
(6)
(7)

www.dengekan.com

(8)

(9)

(10)

بەشی دووەم

# بێدەنـــگی

**7 ـ من کێم ؟**

" ئایا " سەمیر خەلیل " بیرت کردۆتەوە لەدوارۆژدا کاتێك سوپای ئەمریکا عیراق داگیر دەکات بەپاسپۆرتی ئەمریکی سەردانی عیراق بکەیت ... تۆ مافی ئەوەت نیە قسە لەسەر عیراق و خەڵکەکەی بکەیت. عیراق و خەڵکی عیراق لێتبێبەرین وەك بێگۆناهی گورگ لەخوێنی یوسف. تۆ لەبەهەشت دانیشتویت و تەنها قەڵەم و وەرەقەت هەیە، بەڵام هەست و سۆزت بۆ نیشتمان نیە. دەبوایە ئەو پەلامارەی عیراقی بۆ سەدەی (18) گەڕانەوە شەرمەزار بکەیت. نەك داوا لەدڕندەکان بکەیت ئۆپراسێونەکەیان بەگرتنی بەغدا تەواو بکەن.

نامەوێت زمان درێژیت بەسەرا بکەم، بەڵام داوات لێدەکەم بەخۆتدا بچیتەوە و لەم رۆژە پیرۆزەدا ( رەمەزان ) روو لەخوای گەورە و بەتوانا بکەیت بۆ ئەوەی لەگوناهەکانت خۆش بێت، چونکە هەر خۆی بیسەری وەڵامگۆیە ". ( لێکدانەوەی رۆژنامەی "ئەلعەرەب" [1]).

چ پەیوەندییەك هەیە لەنێوان ئەو پاسپۆرتەی مرۆڤ هەڵیدەگرێ و ئەو دیدوبۆچونەی گوزارشتی لێدەکات. ئەو کتێبەی دەینوسێت لەگەڵ هەست و بیروباوەرە تایبەتیەکانی کەبەراستی ناسنامەی پێکدەهێنێ ؟. لەراستیدا نەئێستا و نەلەرابردوشدا پاسپۆرتی ئەمریکیم نیە و نەبوە. لەدوای چەند ساڵێك لەهەوڵی بەردەوام لەو کۆتە رزگارم بو کەلە ماوەی (14) ساڵی تەمەنی هوشیاریم بەسەرما سەپێنرابو، ئەو کۆتەی پێی دەوترێ پاسپۆرتی عیراقی ئازادیمی کەلەپچە کردبو. ئەو رۆژەی (ساڵی 1982) رەگەزنامەی بریتانیم وەرگرت خۆشترین رۆژی ژیانم بو، هەرچەندە من بەختەوەربوم بەوەی بەشێوازی جۆراوجۆر لەئازادی تێگەیشتوبوم، بەڵام بەتایبەتی لەو رۆژەدا تامی ئازادیم چێشت. لەو ساتەوە دەمتوانی بەبێ کۆتوبەند سەفەربکەم، ئیتر چ ئەو کۆتەی حکومەتی عیراق بەسەرماسەپاندبوی هەرچەندە نیشتەجێی دەرەوە بوم یا ئەوانەی سیاسەتی توندی کوچکردن دەیسەپاند یا ئەوەی ئەفسەرێکی رەگەزپەرست ئاراستەی دەکردم کەبەرێکەوت لەفرۆکەخانەیەکی رۆژئاوا روبەروم دەبووە [2]. لەدوای ئەوەش ناچارنەدەبوم بگەڕێمەوە بۆ باڵیوزخانەی عیراق و چەند برادەرێك لەسوچێکی جادەکە دابنێم تالەهاتنە دەرەوەم دڵنیابن. زۆرێك لەو عیراقی و فەلەستینی و سوری و لوبنانیانەی بەتۆپزی یا بەخوایشتی خۆیان پەرتەوازەبون یا دوورخرابونەوە بەشداری ئەم هەست و ئەزمونە شەخسیەم دەکەن.

بەڵام ئەو کێشانەی ئێستا من لەسەری دەنوسم لەنێو ئێمەی عەرەبدا بەپێی ڕێسایەکی نەنوسراوی باو نابێت کەس قسەیان لەسەر بکات یا لەسەریان بنوسێت، چونکە پاسپۆرت گۆڕین ریسواییە و جۆرێکە لەخیانەت، بۆیە نوسەر لەبڕگەی پێشەکی ئەم بەشەدا دەیەوێت هەمان شت بڵێت کاتێك پێدادەگرێ لەسەر دەستەواژەی : "پاسپۆرتە ئەمریکییەکەت ... سوپای ئەمریکات".

زۆر لەمێژە چەمکی خیانەت لەسیستمی قانونی عراقدا هەیە. ئەم سیستمە بەراشکاوی رەگەزنامە بەبیروباوەری تایبەت دەبەستێتەوە. ئەو قانونەی چاکسازی لەسیستمی یاسای ساڵی 1977 دا کردوە هەتەرە (حریص) لەسەر ئەوەی "هەر کەسێك هەڵوێستیکی سیاسی، ئابوری یا فیکری دژ بەشۆرش و بەرنامەکەی هەبێت" لەرەگەزنامەی عراقی بێبەش دەکرێ(3). ئەمەش کارێکی ناوازە نەبو، بەڵکو بەرجەستەی سەرجەم تیورییەکانی حزبی بەعس بو لەسەر ناسنامەی عەرەبی هەرساڵانی چلەکانەوە لەسوریا و عراق و ئەو شوێنانەی بونی هەبو.

لەراستیدا من لەکۆماری عراقدا تەنها خائنێك بوم نەك هاوڵاتییەك، چونکە هاوڵاتی دڵسۆز بەپێی رێبازێکی دیاریکراو بیردەکاتەوە و لادانیش پێش ئەوەی لەرەفتاردا بەدیبکرێ لە " بیری خراپ "دا بەدیاردەکەوێت، بۆیە نەك هەر پاسپۆرتە عراقییەکەی بۆ تازە نەدەکردمەوە بەڵکو قانونی دی هەبو رێگەی پێدەدا توندوتیژی لەدژم بەکاربهێنێ لەبەرئەوەی بەعسی نەبوم، ئەوەش راستیەکە کتێبەکانم دەیسەلمێنێ.

لەم ناکۆیەدا (سیاق) هەستکردن بەو سوکایەتییەی هاورێیە لەگەڵ گۆڕینی پاسپۆرت چ بەهوشیاری بێت یا بەناهوشیاری لەم چەمکانەوە دەربارەی شوناس سەرچاوە دەگرێ. چونکە ئەم چەمکانە لەململانێیەکی کراوەیە لەگەڵ پێداویستیەکانی کارکردن و نەفی سیاسی و تەنانەت ئەو شتانەش کەپەیوەندییان بەشێوەی ژیانەوە هەیە. بۆیە پێویستە بەردەوام بین لەسەر ئەو درۆ گەورەیەی کە گۆڕانکاری مانایەکی هەبێت. زۆرێك لەو عەرەبانەی دەستکەوتێکیان هەیە نکۆڵیدەکەن لەوەی داماوانە کاریان کردوە بۆ ئەوەی پاسپۆرتی ئەمریکی یا بریتانی یا فرەنسی بەدەست بهێنن. هەر لەم خۆهەڵخەڵەتاندنەشەوە ئەو برگەیە لەرۆژنامە عەرەبیەکەی لەندەن دا هاتوە، چونکە نوسەری رۆژنامەکە پاسپۆرتێکی کردوە بەماڵ بەسەرما کەلە راستیدا بونی نیە، ئیتر بەگاڵتەجارییەوە دەڵێت پێشتر یەکێك بوە لەو کەسانەی کتێبی " کۆماری ترس " ی لاپەسەند بوە تا ئەو کاتەی دەمامك لەسەر روخساری نوسەرەکەی لابراوە و هەڵوێستە سیاسیەکانی سەردەمی شەڕی کەنداوی ئاشکرابوە.

**روناکبیری عەرەبی کێیە ؟**

کاتێك سەدام حوسەین لە 2 / ئاب / 1990 کوێتی داگیرکرد، ئەو گوتارە عەرەبییەی تایبەت بو بە ناسنامە روبەروی خراپترین ئەزمون بووە. چونکە هەستی نەتەوایەتی عەرەب کەلەیادەوەرییەکی پڕ ستەمی مێژووە سەرچاوە دەگرێ ـ دارشتنەوەی نەخشەی جهانی عەرەب لەدوای شەڕی جهانی یەکەم و دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل لەساڵی 1948 دا ـ روبەروی دزێوی ریژیمی بەعسی عراق بووە، کەساڵی 1991 خۆی بەپێشەنگی عروبە دادەنا. جهانی عەرەب بەکردەوەکانی سەدام حەپەسا، بەڵام ئەو خوێندەوارانەی زانیاریان لەرۆژنامە عەرەبیەکانەوە وەردەگرت تەنانەت تادوای چەند رۆژێکیش بەروداوەکەیان نەدەزانی، چونکە رۆژنامە عەرەبیەکان یا پەیەندبون بەچاودێرییەکی زاتیەوە یا چاوەروان بون ناندەرەکانیان پێیان بڵێن چ بنوسن، بۆیە لەرۆژنامە رۆژئاواییەکانەوە بەروداوەکانت دەزانی.

بەڵام زۆربەی ئەو کەسانەی خۆیان بەروناکبیری عەرەب یا لایەنگری عەرەب لەقەڵەم دەدا گرنگیان بەروداوەکە نەدەدا، جگەلە روناکبیرانی وڵاتانی کەنداو و میسر (میسر لەرێکەوتننامەی کامپ دیڤید ـ ەوە ژیانێکی کولتوری گۆشەگیر دەژیا)، بۆیە لەسەر هیچ دەستەو تاقمێکی روناکبیری عەرەبی، هەرچەندە بچوکیش بێت زانیاریم نیە جیاوازییەکی پڕ ناوەرۆکی کردبێت لەنێوان بەرژەوەندی گەلی عراقی مەینەتبار کەنەوەیەکی لەشەڕی هەشت ساڵەی عراق ـ ئێران تیاچو لەگەڵ ستەمکارەکەی کەلەقەسابخانەی سەرچڵییەکی نوێ قوربانی پێیان دەدا[4]. لەهەمان کاتیشدا بۆ هێندێك عەرەبی دی زەحمەت بو ( ئەوانەی راستەوخۆ بەکێشەکەوە پەیوەندیداربون و زۆربەی هەرە زۆریان خەڵکی عراق و کوێت بون ) هیچ پەرچەکردارێکیان نەبێت لەسەر ئەو قەیرانە ترسناکەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گرتبووە، ئەویش لەبەر هەلومەرجی داگیرکردنی کوێت و روداوەکانی دوابیست ساڵی ناوخۆی عراق، بۆیە هەستیارییەکی نوێی رەخنە لەخۆگرتن لەسیاسەتی عەرەبی دەستپێکرد، بەڵام وەك هەرشتێکی نوێ کەلەدەوروبەرێکی دژ بەبیرۆکەی رەخنە لەخۆگرتن لەدایك دەبێ هێشتا هەر زۆر لەرزۆکە[5].

نەریتە کۆنەکان زۆر بەهێواشی لەناودەچن و زەحمەتترینیشیان لەنیو خەڵکانێکە کە بەئەرکی خۆیانی دەزانن هەستی ناسنامەی بەکۆمەڵ و بەخۆنازین، بەجۆرێك زیندوبکەنەوە کەبەرپرسیارێتی مەینەتی و پشێوییەکان بخەنە ئەستۆی "ئەوی دی" ـ ئاژانسی بیانی یا

کولتوری نامۆ لەدەرەوەی کۆمەڵگە هەوڵدەدا بەرز رایبگرێت کە زۆرجاران ئەو ئاژانسە یا کولتورە دەستەڵات و دینەمۆیەکی زۆریان هەیە ـ بەڵام ئەوەی مایەی دڵگرانیە ئەوەیە بیریارانی عەرەب بەدەنگێکی بەرزی توند هەوڵدەدەن بەرپرسیارێتی هەمو قەیرانەکان بخەنە ئەستۆی ئیسرائیل یا رۆژئاوا. بۆیە دەبینین لەو کاتەی گوتاری عەرەبی توشی هیستریا دەبێت و لەواقیع دوور دەکەوێتەوە و بەخۆیدا ناچێتەوە، ئیتر جهانی عەرەبی ناتوانێت لەرووی سیاسی و کولتوری سەردەمی هاوچەرخدا خۆی بونیات بنێتەوە [6].

ئەمەش نمونەی روداوێکی ئاساییە. ئەحمەد گەنجێکی خوێندەواری سەر بەچینی وردە بۆرجوازییە و لەبەغدا لەدایك بوە و هەرلەوێش گەورەبوە، وەك زۆربەی عراقیە خوێندەوارەکانی هاوتەمەنی کەلەسەردەمی بەعسدا گەورەبون ڤینی لەسیاسەت دەبێتەوە. لەم دواییەدا بەمەبەستی خوێندن سەفەری بۆ ئەمریکا کرد و هەمو برادەرەکانی ئەمریکاشی عەرەب بون. چەند مانگێك لەدوای شکستی عراق لەشەڕی کەنداو و لەئاهەنگێکی شەوانەدا ئەحمەد پەیڤینێك لەگەڵ مازن سازدەکات. مازن گەنجێکی خوێندەواری ئوردنیە و لەشیکاگۆ زانستی ئیدارە دەخوێنێ. مازن پێی وابو سەدام تاکە عەرەبە بەرەنگاری رۆژئاوابۆتەوە، بۆیە کاتێك ئەحمەد ویستی بزانێت ئەو هەڵوێستەی سەدام چ بەرهەمێکی هەبوە، مازن وەڵامی دایەوە : "هیچ، بەڵام بەرۆژئاوای سەلماند پێویستە حیساب بۆ ئێمەی عەرەب بکرێت"، هەروەها مازن پێی وانەبو داگیرکردنی کوێت هەڵەبوە. تائێستاش ئەحمەد ئەو پەیڤینەی لەیادماوە :

ـ پێشوەخت شەڕی هەڵایساند، دەبوایە سەرەتا بۆمبی بەرهەم بهێنایە.

ـ بۆ ئەوەی لەجیاتی چەند هەزار کەسێك چەند ملیونێك بکوژێت؟

ـ ئەو کاتە دەمانتوانی روبەروی ئیسرائیل بوەستینەوە.

ـ تاکە رێگەی روبەروبونەوەی ئیسرائیل ئەوەیە دەست بخەینە نێو دەستی یەکترەوە و پێکەوە بژین.

ـ بەڵام ئەمە خیانەتە!

ـ خیانەت ئەوەیە میللەتەکەی خۆت بکوژیت و بەرەو شەڕێکی دورودرێژ و تاقەت پروکێنی پەلکێش بکەیەت و ئنجا پێی بڵێ لەکوێت دەچمە دەرەوە

ـ بەهەرحاڵ تۆ کوردی و سەدامت خۆشناوێت[7].

مرۆڤ لەناخەوە هەستدەکات لەئێستای ئەو دونیایەی پێی ئاشنایە و تیایەگەورە بوە کەسێکی دۆراوە، بەڵام کلۆڵانە دوپاتی سەرکەوتویی خۆیدەکاتەوە ؛ یەکەم، لەرێگەی بەردەوام

وەبیرهێنانەوەی گەورەیی و شکۆمەندی باوباپیرانیدا. دووەم، لەرێگەی گەورەکردنی وێنەی ئەو غەوارانەی دەستەڵاتێکی رەهایان بەسەر نەتەوەدا هەیە و بەردەوام هەوڵدەدەن لەهەر روبەروبونەوەیەکی راستەقینە یا وێناکراودا دوریبخەنەوە. ئەم دوو هۆکارەش تیهەڵکێش دەبێت بۆ ئەوەی پاساوێکی ئایدۆلۆجی بۆ بێتوانایی بهێنێتەوە : ئەگەر پیلانگێری ئیمپریالیزم نەبوایە (یاشەیتانی گەورە، هەمان مانا دەگەیەنێت)، رەنگە میللەتەکەی شکۆمەند و دەوڵەتەکەیشی دەستەڵاتێکی مەزنی هەبوایە. دەرئەنجام ئێستا ناسنامەی ئەم کەسە بەشێوازێکی تەواو خراپ بونیاتنراوە : ئەو بارودۆخەی تێیکەوتوە لەبەر رق لێبونەوەیەتی نەك لەبەر خۆشەویستی یا لایەنگیری کردنی[8].

رێگەیەکی دی بۆ بونیات نانی ناسنامە هەیە، ئەویش بەدیدێکی رەخنەگرانەوە تەماشای ناوەوەی خۆمان بکەین لەجیاتی ئەوەی تەماشای دەرەوە بکەین. بەڵام روناکبیرانی عەرەب لەروبەروبونەوەی قەیرانی دوای ساڵی 1967 پشتیان بەمشێوازە نەبەست. ماوەیەکی دورودرێژ دونیا وێراندەبو، لەکارەساتێکەوە بۆ کارەساتێکی دی دەچو بەبێ ئەوەی یەکێکمان تێروانێکی لەسەری هەبێت. کەسانێکی زۆر بەشێك لەتەمەنیان بۆ بونیات نان و بەرگری کردن لەم نمونە رەتکەرەوەیە ـ (رفضي) تەرخانکردبو. ئەو نمونەیەی ئەمرۆ سروشتی دوەمی نەوەیەکی نوێی عەرەب لەبابەت کەسانی وەك مازن پێکدەهێنێ. بەڵام سەیر لەوێدایە ئەو هەستە نوێیەی رەخنە لەخۆی دەگرێ لەلایەن کەسانێکەوە گەورەترین هەرەشەی لێدەکرێ کە پێویست بو بەرگری لێبکەن، ئەو روناکبیرە عەرەبانەی خۆیان بە "لایەنگری عەرەب" دەزانن.

روناکبیری "لایەنگری عەرەب" چیە؟ بۆچی " لایەنگرانی فرەنسی" یا "لایەنگرانی ئەمریکای لاتین" نابیستین؟ چونکە بونیان نیە. بورخیس و مارکیز دوو نوسەری ئەرجەنتینی و کۆڵۆمبیایین، بەڵام خوێندنەوە نەخوێندنەوەی بەرهەمەکانیان دەکەوێتە سەرشێوازی نوسینیان نەك رەگەز و ئەو دیدوبۆچونەی گوزارشتی لێدەکەن، ئنجا خەڵکانێکی پسپۆر لەبواری ئەدەبدا گرنگی بەلێکۆلینەوەی خاڵی پەیوەندی و بایەخدانی هاوبەشی ئەو نوسەرانە دەدەن و لەهیچ بارودۆخێکدا خۆیان بە "لایەنگر" یا "بەرهەڵستکار" ی ئەمریکای لاتین نازانن، ئەمەش لەسەر نوسەرانی رۆژهەڵاتی ناوەراست و دەروبەرەکەی پیادە نابێت. چونکە زۆرجاران خۆیان و بەرهەمەکانیان وەك "عەرەب" یا "فەلەستینی" یا "لایەنگری عەرەب" دەناسێنن لەگەڵ ئەو مانا سیاسیانەی ئەو نازناوانە دەیبەخشێت.

کۆنە برادەرێکی فەلەستینی کەبەردەوام لەکۆڕێکەوە بۆ کۆڕێکی دی دەڕۆیشت، جارێکیان پێی وتم : " بوم بەفەلەستینیەکی ناسراو ". ئەو برادەرەم بەکێشەکەی دەزانی، ئەمە لەکاتێکدا زۆربەی نوسەرە عەرەبەکان و " لایەنگری عەرەب " لەم کێشەیە بێئاگابون. ئەوەی لەم مەسەلەیە مایەی گاڵتەجارییە ئەوەیە : نوسەرێك "فەلەستینی" یا "لایەنگر"یا تەنانەت"دژی عەرەب" بێت ستراتیجییەکی کارایە بۆ ئەوەی سەرنج بەلای خۆی و کێشەکەیدا رابکێشێت و ئەم ستراتیجەش زیاتر لەولاتەیەکگرتوەکاندا کارایە.

ئەو نازناوانە ئاماژەیە بەرادەی داروخانی کەشوهەوایەك دەکات کە دیالیکتیکی کولتوری لەوڵاتە عەرەبی و رۆژئاواییەکاندا دەربارەی رۆژهەڵاتی ناوەراست پێی گەیشتوە. بیر لەو کەشوهەوا ژەهراوییەی نێو دەزگاکانی لێکۆڵینەوەی هێندێك لەزانکۆکان بکەنەوە بەتایبەتی لەوڵاتە یەکگرتوەکاندا کە چۆن ململانێی عەرەب ـ ئیسرائیل بەناشیرینترین شێوە دوبارە دەکرێتەوە. تەنانەت ژیانی ئەکادیمی، یانەپیشەییەکان، رادیۆ و تەلەفزیونی رەسمی یا تایبەتی "لایەنگری عەرەب" و "لایەنگری ئیسرائیل" یان تیا دەرکەوتوە و هەموشیان پیرۆزیی و بەهەی هەرزەکارانەی خۆیان هەیە. ئەم نائومێدییە لەرێبازی فیکری خۆیدا کەهیچ موفاجەئەیەکی تیانیە، شێوەگەلێکی زۆرچالاکی لەدەزگاکانی راگەیاندنی رۆژئاوا خولقاندوە، لەخراپترین بارودۆخدا شتێك ناکەن جگەلە دوبارەکردنەوەی بابەتە کۆنەکانیان.

روناکبیری عەرەب کێیە؟ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە زۆر قورسترە لەوەی بیری لێدەکەینەوە، چونکە پێوەرێك نیە خەسڵەتی کەسێکی عەرەب (نەك میسرییەك بۆ نمونە) و ئینتمای بۆ گروپێکی فیکری کارا وەك ئەوەی بۆ نمونە لەمیسر دەبینرێ پێکەوە ببەستێتەوە. ئیسماعیل ئەمین لەرۆژنامەی "ئەلعەرەب" کەلەکاتی شەڕی کەنداودا پشتگیری لەریژیمی بەغدا دەکرد، دەپرسێت :"روناکبیرانی عەرەب یا عەرەبە روناکبیرەکان؟"، ئەم پرسیارە لەجێی خۆیەتی، بەڵام ئیسماعیل وەڵامێکی نیوەناچڵی دەداتەوە کاتێك دەڵێت : "چۆن دەبێ نوسەرێك بەروناکبیری عەرەب دابنرێت و هەڵگری کولتوری عەرەب بێت، کەچی وتار یا لێکۆڵینەوە یا کتێبەکەی سەرچاوە گەلێکی هەڵگرتوە لەدورونزیکەوە پەیوەندی بەزمان و کولتور و بیری عەرەبەوە نیە؟"[(9)].

لەپشت ئەم پرسیارەوە ئیدعایەکی توندرەوانە لەنێو عەرەب گەلێك رەواجی هەیە کەلەئەمین زیرەکترو شیوەژیانیشیان لەرۆژئاواوە نزیکترە کەپوختەکەی بریتیەلە ؛ بەستەرێکی ( رابط) کلۆم دراوی عەرەبی بێگەرد والەمرۆڤ دەکات چۆن بیرلەوەبکاتەوە، ئەو کێیە، ئەو بەستەرەی لەپێشەکی ئەم بەشەدا بینیمان. من کەسێك نیم پێم وابێت ئەوە منم،

بەڵكو بۆم دیاریدەكرێ چۆن بیربكەمەوە. ئەمین لەو باوەڕەدایە تەنانەت ئەو كەسانەش بەعەرەبی دەنوسن، عەرەب نین، چونكە پشت بەسەرچاوەی عەرەبی نابەستن. ئەو خاڵە سەرەكییەی پێی لەسەر دادەگرێ تەنانەت لەناسیونالیستی كلاسیكیشەوە نزیك نیە كەزمان دەكاتە پێوەرێك بۆ ناسنامە، بەڵكو بەهەمو مانایەك جەخت دەكاتەوە لەسەر ئەوەی كەسێك عەرەبە كەرەفتار و بیركردنەوەی عەرەبی بێت(10).

ئەگەر میسیرییەك لەمیسر بەزمانی عەرەبی بنوسێت بەڵام خۆی بەمیسری بزانێت، ئەوا بەروناكبیرێكی چاك یا روناكبیرێك لەجۆری چاك دانانرێت و لەبازنەی ئەو چاپكار و رەخنەگرِ و خوێنەرانە پۆلین دەكرێت كەچالاكیەكانیان لەچوارچێوەی میسر قەتیس دەكرێ، تەنانەت گومان لەعەرەب بونیشی دەكرێ، ئەگەر هەڵوێستێكی شیاوی لەسەر شەڕی كەنداو سەردانەكەی سادات بۆ قودس نەبێت. لەلایەكی دی گومان لەعروبەی مامۆستایەكی بەئەسڵ فەڵەستینی ناكرێ كەلە زانكۆیەكی ئەمریكا وانە دەڵێتەوە و بەزمانێكی ئینگلیزی پاراو وڵاتە یەكگرتوەكان رەتدەكاتەوە، چونكە هەم بەعەرەبی بیردەكاتەوە و هەم كێشەكەی كێشەی هەمو عەرەبە، بەڵام چ رودەدا ئەگەر كەسێك هەڵوێستێكی ناوەنجی وەربگرێ وەك ئەو كۆمەڵە ئاوارە بەرفراوان و ناچونیەكەی وڵاتانی هیلالی خەسیب كەلەپاریس و لەندەن نیشتەجێ بون و بەزمانی عەرەبی بۆ ئەو رۆژنامە و گۆڤارانە دەنوسن كەلەیەك كاتدا بەسەر كوشكی پایتەختەكانی دونیا دابەشدەكرێ.

لەهەمو شوێنێك عەرەب كەوتۆتە داوی وروژاندنی گرێكوێرەی ئەوجۆرە مەسەلانەوە. زۆرجاران عراقیەكان، تەنانەت ئەو كەسانەش كەنیازێكی خراپیان بەرامبەرم نیە، لێم دەپرسن : "بۆ كێ دەنوسم؟" چونكە دەیانەوێت بزانن بۆ رازی كردنی خەڵكی رۆژئاوا دەنوسم یا وەك عراقیەك "بەناوی گەلی عراقەوە" دەنوسم. كاتێك بەمەبەستی كۆكردنەوەی زانیاری لەسەر ئۆپراسیونی ئەنفال كەبوە هۆی كوشتنی زیاتر لە (100) هەزار مەدەنی كورد، سەردانی باكوری عراقم كرد، خەڵكانێكی زۆر پێی بیتاقەت بون. ژێر بەژێر دەیانپرسی : "ئایا تۆ شیعە نیت؟، ئەی بۆچی لەسەر خۆمان نانوسیت؟". جارێكی دی گریمانەی ئەوە دەكرێ مرۆڤ بۆ كێ دەنوسێت و تەنها بۆ ئەوەی بزانێت سەر بەكێیە دەنوسێت. ناسیاوێكی سەركاری عراقی كۆڵكە شارەزام پێی وابو باسكردنی روداو و بەسەرهاتی یەهودییەكانی عراق لەساڵی 1968 دا لەكتێبی "كۆماری ترس" بۆ ئەوە بوە زۆرترین ژمارەی لێبفرۆشرێت. بەو بەرنامەرێژییە بازارییەی پێرەوی لێدەكرد پشتگیری خۆی بۆ كتێبەكە دەردەبری، چونكە

رقێکی زۆری لەسەدام بو. چ شتێك بەشیاو دەزانێت تالەپێناو " کێشەکەمان" دا ئەنجامی بدەم. ئەوەش هاوسۆزترین شێوازە کەبەشێوەیەکی گەوهەری گوزارشت لەهەمان بیرکردنەوە دەکات کەعەرەبە ئەمریکییە ناعراقیەکانیش گوزارشتیان لێیدەکرد، ئەوانەی پێیان وابو سەمیر خەلیل لەسالی 1991 دا "عەرەبێك بوە رقی لەنەفسی خۆی بووە" جهانی عەرەبی رەخنەکردوە بۆ ئەوەی رووپامایی بۆ خانەی پەخش و رەخنەگرانی رۆژئاوا بکات.

ئیدوارد سەعید ـ یش لەسەر هەمان شێواز نوسینەکانم بەناوهاوسۆزی لەگەڵ عەرەب رەخنە دەکات و تیورییەکی خستۆتەروو کەتییدا دەڵێت ؛ لەرۆژهەڵاتی ناوەراستدا توندوتیژی لەجینی عەرەب چەسپیوە. سەعید لەهەمان چاوپێکەوتندا لەسەر روناکبیران و شەڕی کەنداو، بونی سەرچاوەیەکی میللی پیلانگێری لەجهانی عەرەب پشت راستدەکاتەوە و پرسیار لەسەر هەمو نوسینەکانم دەکات :"لەراستیدا کێن ئەوانەی ئەم پیاوە قسەبەناویانەوە دەکات؟ یا هەروەك عەرەب دەڵێت: " کێی لەپشتەوەیە؟"[11]. دەشێت خاڵی جیاوازی سەرەکی نێوان من و سەعید بەمشێوەیە کورت بکرێتەوە : لەکاتێکدا من رەتیدەکەمەوە ئەم پرسیارە لەهیچ بونەوەرێك بکەم، بەڵام ئەو رازییە ئەو پرسیارە بکات.

" وەك هەر نوسەرێکی دی بۆ خۆم دەنوسم "، ئەمەش وەڵامێکی شڵەژێنکارە ئاڕاستەی ئەو رەخنەگرانەی دەکەم. ئەگەر بەرێکەوت سەمیر خەلیل نوسینی ئینگلیزی پەسەند بکات و دوابیست ساڵی تەمەنی لەرۆژئاوا بەسەربردبێت و داوای لەهێزی هاوپەیمانان کردبێت ستەمکار لەناوبەرێت، ئەوا بەقەناعەتەوە ئەو کارەی بۆ بەرژەوەندی هەمو عراقییەکان کردوە. ئایا وەك عەرەبێکی رەسەن رەفتار دەکات، بەتایبەتی ئەگەر ئەو خاڵەی زیاتر کارەکان ئاڵۆز دەکات لەبەرچاوبگرین، ئەویش زۆربەی عراقییەکان بەهەمان شێواز بیردەکەنەوە ؟ ئەوەی مایەی گاڵتەجارییە لەکاتێکدا سەعید و رۆژنامە عەرەبییەکانی وەك ئەلعەرەب لەبیرۆکەی هاتنە ناوەوەی هێزی هاوپەیمانەکان زراویان تۆقیبو، ئەوا هێندێك لەبیرۆکراتە بەعسیەکان پێیان وابو شەڕی کەنداو بەبێ ئەوەی یەکلایی بکرێتەوە بەهەڵپەسێراوی مایەوە :

" گروپێك لە بەرپرسیارە کاسەلێس و فەرمانرەوایانی حکومەت بەراوەستانەوە بازنەیەکیان دروستکردبو. یەکێکیان بەدەنگێکی بەرز وتی : "جەنەراڵ شوارزکۆف وەك پێویست پێشرەوی نەکرد، چونکە دەبوایە ئۆپراسیۆنەکەی لەبەغدا تەواو بکات"، ئەوانی تریش سەری رەزامەندیان بۆ لەقاند و بێباکبون لەوەی یەکێك گوێی لەقسەکانیان بێت"[12].

هەمیشه گرژییەکی قورس لەنێوان هێزی پاڵنەری ناوەکی کە بنەمای کاری نوسینە و ناوەرۆکی دوا دەرئەنجامەکەی  هەیە. کاتێك چاوپێکەوتنم لەگەڵ تەیمور کرد سەرەتا نەیدەویست قسەم لەگەڵدا بکات (بەشی پێنجەم). تەیمور فێرکرابو چەند وشەیەکی لەقوتونراو دوبارە بکاتەوە. بەڵام من بۆ ئەو قسانە نەهاتبوم، چونکە وەك نوسەرێك شتی زیاترم لێی دەویست. ماوەی دوو کاتژمێر پێکەوە دانیشتین و لەراستیدا ناچارم کرد دوبارە و زۆربەوردی لەسات بەساتی تراجیدیاکانی بژێتەوە.

بەچ مافێك ئەو کارەم کرد؟ ئایا باری تەیمور لەدوای ئەو چاوپێکەوتنە کەمێك سوکتر بو ؟ بەڵکو تەیمور لەدوای ئەو چاوپێکەوتنە بو بەئامانجی سەرەکی تیرۆرکردن، کەچی ئەو کورد و عراقیە نیشتمانپەروەرانەی رقیان لەسەدام دەبووە پشتگیریان لێدەکردم، چونکە بەرژەوەندی تاك و کۆی هەمو عراقییەکانیان تیادەبینی. لەلایەکی دی عەرەبە نەتەوەپەرست و فەلەستینییەکان پێیان وایە ئیسرائیل و رۆژئاوا شەرمەزارکردنی ئۆپراسێونە کۆمەڵ کوژەکەی ئەنفال لەساڵی 1988 بۆ پەلاماردانی هەمو عەرەب دەقۆزنەوە و ئەوەش زیان بەئابروی عەرەب دەگەیەنێت. بەمشێوەیە هەر لەسەرەتاوە هاندەرەکانی مرۆڤ گومانی لێدەکرێ.

لەمجۆرە مەسەلانەدا فێز لەهەردوو شێوازەکەی گەلاڵەکردنی کێشەمرۆڤایەتیەراستەقینەکان دەکەمەوە. ئەوەی لەگەڵ تەیمورکردم هەمو جۆرە راڤەکردنێك هەڵدەگرێ کەگرنگترینیان پەیوەندی بەو پرسیارەوە نیە بەناوی چ کەسێکەوە دەنوسم یا تەنانەت من کێم، چونکە مەسەلەی ئەخلاقی راستەقینە و دروست ئەوەیە : تەنها بۆ خۆم دەنوسم نەك بۆ کەسێکی دی. ژیانم سادەتر دەبو ئەگەر لەتوانام بوایە روو وەرگێرم و بڵێم : "بەناوی میللەتی عراق یا بەمەبەستی شەرمەزارکردنی تاوانەکانی سەدام دەنوسم". ئەمەیان حەقیقەت نیە.

بەدەر لەکەڵکەڵەی پێداگرتن دەربارەی مەسەلەی دیاریکردنی چ کەسێك عەرەبە، ناکرێ لەنمونەی ناسیونالیستی باوی ئەو روناکبیرە عەرەبانە تێبگەین کەلە 2/ئاب/ 1990 دا روبەروی ئەزمونێکی تاڵی سەدام حوسەین بونەوە. تاکو ئێستا بەچەند وتارێك لەرۆژنامەی "ئەلعەرەب"، رۆژنامەیەکی عەرەبی نمونەییە و بەبەهای رۆژنامەوانی ناناسرێتەوە، ئاماژە بەوێناکردنی ئەو ترس و کەڵکەڵەیە دراوە، بەڵام ئەو گوتارانەی لەجهانی عەرەبی لەدژی رۆژئاوا بڵاودەبێتەوە هەمان ترس و کەڵکەڵەی تیابەدیدەکرێ. عەرەب گەلێکی مازن ئاسا

لەسەدام کەسایەتییەکی رزگارکەریان دەبینی وەك ئەوەی بەسواری ئەسپ لەرابردوویەکی پڕ لەقارەمانییەوە بۆ ئەوە هاتبێت بەرگری لەشەرەفی عەرەب بکات و برینە کۆنەکانیان لەچەپەکردن و بێتوانایی سارێژ بکات.

بەڵام رەخنەکردنی گوتاری سیاسی عەرەبی مانای وازهێنان نیە لەو کەسانەی لەژێر چەپۆکی حوکمی سوریا نوزەیان لەبەر براوە یا ئەوانەی لەکەناری رۆژئاوا بەدەست چەوسانەوەی بەردەوام و داگیرکردنی درندانەوە دەناڵێنن. هەرگیز ئەو ئەزمونەم بیرناچێتەوە کەبەتاکسییەکی فەلەستینی لەدوای جێبێکی پڕ لەسەربازی ئیسرائیلی لەپێرزێتەوە بەرەو قودس دەرۆیشتم و زۆربەخەم ساردییەوە ئیشارەتی ناشیرین و گاڵتەیان بەهەر (6) نەفەرەکەی ناو ئۆتۆمۆبیلەکە دەکرد. هەروەها ئەو دیمەنەی باب ئەلخەلیل ـ ی دەروازەی یافا ـ ی قودسیشم قەد لەبیرناچێتەوە کەچۆن دووسەربازی سوارەی ئیسرائیلی منداڵێکی فەلەستینی تۆقیوی تەمەن 8 ـ 9 ساڵەیان دەپشکنی و ناچاریان کرد هەمو شتەکانی ناو جانتای مەکتەبەکەی رۆیبکاتە سەر عەرزەکە (لەتشرینی / 1990 ئەو دیمەنەم بەچاوی خۆم بینی، ئەویش لەدوای ئەوەی پاسپۆرتی بریتانیم وەرگرت سەردانی قودس و کەناری رۆژئاوام کرد). بیرم دەکردەوە ئەگەر منیش لەجێگەی ئەو منداڵەبم لەدوای رۆیشتنی سەربازەکان لەناوخۆڵەکە بەدوای لاستیکی خەت کوژێنەوە و قەڵەم دادان و دەفتەرەکانم بگەرێم، ئەوا سەدام بەفریادرەس دەبینم. چونکە کاتێك نائومێدی و بێبەشکردن لەمافەرەواکانی هەر میللەتێك تێکەڵ بەمامەڵەی خراپ و چەوسانەوە دەبێت، هەمیشە هیوا و ئاواتی درۆزنانە و بیروباوەری ئەفسانەیی لەدایك دەبێت. ئەم کتێبە شتێکی ئەوتۆی تیانیە رەخنە لەو عەرەبانە بگرێت کەرۆژانە بەهۆی سیاسەتی ئیسرائیلەوە لەکەناری رۆژئاوا سوکایەتی بەکەرامەت و ناسنامەیان دەکرێ.

## زەمانی دڵرەقی

لەبەشی دووەمی ئەم کتێبەدا بەتایبەتی جەخت لەسەر دیدوبۆچونی ئەو روناکبیرە عەرەب و "لایەنگرانی" عەرەب دەکەمەوە کە ئاگایان لەکولتورەکانی دی هەیە و رۆژئاوایانە بیردەکەنەوە و زۆربەیان لەرۆژئاوا نیشتەجێ بون و لەبارودۆخێکدا دەژین دەرفەتیان پێدەدا بەئارەزوی خۆیان بنوسن و قسەبکەن. ئەو خەڵکانە بەهۆی ئەو ئازادییەی بۆیان لواوە دەتوانن کارێکی باش لەپێناوی ئەو عەرەبانە ئەنجام بدەن کەلەناو رکی (قەفەس) وڵاتە سەرکوتکەرەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا دەژین، کەچی زۆربەیان راستەوخۆ یا ناراستەوخۆ

یەکێك لەم دوو ڕێگەیەیان هەڵبژارد : یا پاساویان بۆ پرۆژە سیاسیەکەی دیکتاتۆری عراق دەهێنایەوە یا بەشێوەیەکی کارا پشتگیریان لێی دەکرد. ئەمەش بەتەنها زەلەیەکی رەفتەنی نەبو، بەڵکو دوپاتکردنەوەی دەستەڵاتی دەست بەسەراگرتن و ناتەندروستە کەسیاسەتی ناسنامە بەسەر روناکبیرانی عەرەبی سەپاندوە.

ئەو روناکبیرانە گروپێکی زۆر جیاواز و ئاڵۆز پێکدەهێنن و سەرجەمیان هوشیاری سیاسیان هەیە. تاکە پێوەر بۆ هەڵبژاردنی ئەو کەسانەی لێرەدا باسیان دەکەین ئەوەیە : لەسەر پێودانگە گەردونیە گشتیەکان لەبوارەکەی خۆیاندا شتێکیان ئەنجام دابێت (وەك لێکۆلیار، پیشەیی، شاعیر یا هەر هونەرمەندێکی دی). لێرەدا لەگەڵ وەلید ئەلخالیدی هاوبیرم لەسەر ئەوەی سەرباری هەمو شتێك "کارێکی نابەجێیە بڵێین هێشتا جهانی عەرەبی ناوچەیەکە دەنگدانەوە دەرونی و عاتیفی و فیکرییەکان سنوری نێوان دەوڵەتەکان دەبەزێنێ"[13]. تەنها پشت بەپێوەرێك دەبەستم بۆ ئەوەی گەواهی بەکەسێك بدەم، ئەویش هەرچۆنێك پێناسەبکرێ، ئەوا لەپێگەی ئینتمایەکی قوڵی بەم دونیایەوە دەنوسێت. لەهیچ شوێنێکدا هەوڵنادەم سوکایەتی بەکەس بکەم، بەڵکو دەمەوێت بیسەلمێنم جهانبینی بەشێوازێکی دیاریکراو، هەرچەندە زۆرجاران لەدڵپاکیشەوە بێت، لەرووی ئەخلاقییەوە شێوازێکی مایەپوچە و سەرچاوەیەکی سەرەکی لاوازیشمانە لەسەر چۆنێتی مامەڵەکردن لەئاست ئەو کێشانەی خۆمان دروستکردوە. هەروەك پێشتر وتومە بۆ خۆم دەنوسم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەدیدی کەسێکەوە دەنوسم کەلە ناخەوە ئاواتەخوازە ئەم بارودۆخە تراجیدیایە گۆڕانکاری بەسەرا بێت.

بۆ نمونە " هیشام جەعیت " دەرچوی سوربونە و مەدالیای کۆمەڵەی شەرەفی فەرەنسی وەرگرتوە و رەنگە ناودارترین روناکبیری تونس بێت و شارەزایی لەمێژوی ئیسلامدا هەیە و پێشتریش وەك رەخنەگرێك کردەوەکانی بەعسی رەخنەکردوە[14]. لە چاوپێکەوتنێکی گۆڤاری " ئێکسپرێس " دا دەڵێت : سەدام لەپێشەنگی ئەو دەوڵەتانەیە کەدژایەتیان دەکرێ، چونکە گوتارە ئیسلامییە داهێنەرانەکەی "هاوتای گێڕانەوەی کەسایەتی و زیندوکردنەوەی ناسنامەیەکی قوڵە"[15]. هەروەها زۆر بەسانایی سەدام حوسەین لەقارەمانەوە بۆ کەسێکی ئەفسانەیی وەسفدەکات و ستایشی توندوتیژییەکەیشی دەکات :

ـ ئێکسپرێس : لە 11 / ئاب / 1990 ـ هوە سەرۆکایەتی لیژنەی هاوکاری نیشتمانی لەتونس دەکەیت کەپشتگیری لەعراق و سەرۆکەکەی دەکات. بۆچی؟

ـ جەعیت : عراق و سەدام، هیوا و ئومێد بەجهانی عەرەب دەبەخشن. بەدرێژایی بیست ساڵی رابردو جهانی عەرەب بەکردەوە ریژیمێکی تێکشکاو وبودەڵە و ریژیمی سعودی ـ ئەمریکی بوە و جگە لەپترۆدۆلار تێروانێکی دی نەبوە. بەڵام لێرە بەدواوە ئاسۆیەکی نوێ هەڵدێت، ئاسۆی یەکگرتن و عراقیش جەمسەرو دینەمۆی ئەو ئاسۆیە دەبێت.

ـ ئێکسپریس : چۆن پاساو بۆ لکاندنی کوێت دەهێنێتەوە ؟

ـ جەعیت : پێویست ناکات بەئێوەی ئوروپی بڵێم وڵاتەکانتان لەدوای چەند جەنگ لەدایك بو. سەدام حوسەین بەلکاندنی کوێت چوە مێژووە. سەدام دەیەوێت سەرچاوەی سامان و داهاتی مادی دابین بکات تا توانای هەبێت دەست بەپرۆسەی یەکگرتنەوەی جهانی عەرەب بکات، لەبەرئەوە هێندێك جار "رەوایەتی لەقانون گرنگترە".

ـ ئێکسپریس : تەنانەت ئەگەر ئەو کردەوەیەش ببێتەمایەی ململانێیەکی سەرتاپاگیر؟

ـ جەعیت : خەسڵەتی شەڕ ئەوەیە کارەکان روندەکاتەوە، ئیتر چ دەربارەی ناکۆکیەکانی ئێوە بێت یا ئێمە. ئەم رونکردنەوەیەش بەتەواوەتی لەبەرژەوەندی ئێمەیە. ئەگەر لەم شەڕە شکست بهێنین شتێك نادۆڕێنین، چونکە شەڕ بەحیکمەتی سەدام حوسەین لەسەرئاستی فاکتەکان روودەدا : نەوت، هێزی سەربازی ... هتد، نەك وەك رابردو لەسەر ئاستی سیمبولەکان[16].

هیشام جەعیت ـ یش وەك سەدام حوسەین دەتوانێ تەنانەت ریسواترین شکست بکاتە بەڵگەی گیانی عروبەیەکی لەشکست نەهاتو کەلەئەنجامدا مانای مرۆڤی عەرەبی تیا دیاریدەکرێ و خۆی لەخۆیدا جەخت لەسەر میتۆلۆجیای ناسنامەیەکی قوڵ دەکات. ئەفسانە دێرینەکان دەبێتە هەوێنی ئەو تیورە نوێیانەی لەواقیعەدا خۆیان دوپاتدەکەنەوە، بۆ نمونە دەوترێ :"توندوتیژی دەبێتە مایەی لەدایك بونی مێژوی نوێی پۆزەتیف کە مرۆڤ والێدەکات ئێشوئازاری کۆن و قوربانیە خۆبەخشەکان لەیادبکات"[17]. جەعیت بەکوشتنی دەیان هەزار عەرەب لەپێناوی بەدەستهێنانەوەی سەرزەمینە مێژووییەکان هەست بەوپەری خۆشیدەکات. ئایا دەشێت جەعیت خووی لەسەرئەوە گرتبێت کتێبەکانی بە یاسای تیوری بزانێت و سەدامیش بەکردەوە پیادەی بکات؟ گومان بردن لەو فاکتانەی ئەو خورافاتە دەخولقێنێ بەمانایەك لەماناکان دەگۆڕێت بەکاری خیانەت، کارێك تەنها لەرق لەخۆبونەوە گەشەدەکات.

ئەمینداریێتی گشتی یەکێتی مافناسانی فەلەستینیش لەهەمان دونیای ناواقیعیدا نوقوم دەبێت، کاتێك لەدوای تەواوبونی شەڕ بەهەفتەیەك بەیاننامەیەکی بەوێنەی سەدامەوە لەرۆژنامەی "ئەلدەستور" ی ئوردونی بڵاوکردەوە کەتیایە "پشتگیری و موبارەك بایی

سەرکەوتن لەسەرۆك سەدام دەکات، خوابپارێزی". هەروەها بەیاننامەکە باس لە "خۆڕاگری ئەفسانەیی" سەرۆکی عراق دەکات لەدژی "پیلانی داگیرکارە شەڕئەنگیزەکان"[18]. رەخنەگرێکی ئەدەبی تونسی وێرانکردنی چەند خانونەیەك لەتەلئەبیب بەرۆکێتی سکۆدی عراقی بەمشێوەیەی وەسفدەکات : "ئای لەجوانی ئەو وێرانکارییە جوامێرانەیە"[19]. کەمال ئەبوجابر، سەرۆکی شاندی ئوردونی لە گفتوگۆی ئاشتی ئەوودەمەدا، پارێزگارانەتر پێشبینی شکستی سەربازی سەرۆکی عراقی دەکرد : "بەڵام تاهەزار ساڵی دی وەك قارەمان دەمێنێتەوە و قوتابیان گۆرانی بۆ دەڵێن و دایکانیش ناوی سەدام لەمناڵەکانیان دەنێن"[20].

سەدام تاماوەیەکی دورودرێژ لەدیدی هێندێك کەس بەقارەمانی نەمایەوە. رۆماننوس و رۆژنامەوانی ئوردونی  موئنیس ئەلرەزاز دەڵێت : "ئەمە تراجیدیایە ... ئەو پیاوە نائومێدی کردم"، بەڵام ئەو پیاوە درەنگ تێگەیشت، چونکە " مونیف ئەلرەزاز " ـ ی باوکی کەبەعسیەکی ئوردونی ناسرابو بەتاوانی پشتگیریکردنی لەپیلانی هەڵبەستراوی ساڵی 1979 دا بەفرمانی خودی سەدام حوسەین لەزینندانی عراق کوژرا[21]. موئنیس ئەلرەزاز لەکاتی قەیرانی شەڕی کەنداو و لەپێش هەڵایسانی شەڕدا وتی جهانی عەرەب لەرێکەوتنی کامپ دیڤید ـ دوە "ترسنۆکییەکی زۆری بەخۆیەوە دیوە ... قارەمان هەمیشە دوو رێگە پێشکەش دەکات : " یاسەردەکەوێت یاشکست دەهێنێ" [22]. ناو و ناوبانگی سەدام حوسەین لەسەر هێزە وێناکراوە راماڵەکەی بونیات نرابو، بۆیە تەنها لەدوای دۆڕاندنی شەڕەکە بوە مایەی نائومێدییەکی گەورە.

کەس وەك جەعیت و ئەبوجابر بەبێ سڵەمینەوە قسەیان لەسەر بەهاوەحشیەکانی سەدام نەکردوە، بەڵکو گەلێك روناکبیر بەورياييەوە قسەیان لەسەر سەرۆکی عراق دەکرد[23]. بەپێی هەڵوێستی باو بەکردەوە پشتگیریان لەسیاسەتی دەکرد، بەڵام بەتوندی دژی کارە خوێناوییەکانی دەوەستانەوە. رامی خوری، سەرنوسەری رۆژنامەی "جوردون تایمز" و پێشکەشکاری گرنگترین بەرنامەی تەلەفزیونی ئوردون لەسەر کاروباری گشتی دەنوسێت : "ئەگەر چی زۆرینەی عەرەب پشتگیریان لەداگیرکردنی کوێت نەکرد، بەڵام ئازایەتی سەدام حوسەین بەرامبەر بەدوژمنان ... بانگەواز بۆ روحێکی عەرەبی نوێ دەکات، ئەو روحەی دەڵێت باشترە سەربڵندانە بەپێوە بمرین لەجیاتی ئەوەی لەسەر زەوی بەسکەخشکێ بژین"[24]. لەسوریا زۆرێك لەوانەی بەپەرۆشەوە لایەنگریان لەدیموکراسی و ئازادی دەکرد زۆربەتوندی بەشداربونی سوریایان لەهاوپەیمانێتی هێزەکانی هاوپەیمانان رەخنە دەکرد [25].

لەدوای ماوەیەکی زۆر لەتەواوبونی شەڕو راپەڕین و ئاشکرابونی قەوارەی تەواوەتی شکست، روناکبیری چەپڕەوی لوبنانی "نەواز تەرابلوسی" بەشانازییەوە رایدەگەیەنێت : بەبێ ئەوەی دەستبەرداری دژایەتیکردنی "پەیوەندی سەرکوتکەرانەی" ریژیم بێت لەگەڵ میللەتەکەی، پشتگیری لەسەدام کردوە [26]. تەنانەت شۆڕشگێری فەلەستینی پێناوی مافەکانی مرۆڤ "جۆناسان کەتاب" کە پاریزەرێکی مەسیحی قەشەکانی رۆژهەڵاتە، سەدام حوسەین بەهەڵگرِی "رزگارکاری سیستمی لاهوتی نوێ دادەنێت". کەتاب سەدام بەکەسێکی بێبەزەیی دەبینی و هەرگیز پێی قبوڵ نیە حوکمی بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەبۆچونی خۆی"شتێکی شۆڕشگێری نایاب"بەرجەستە دەکات کەبەهاواری " اللهأکبر " گوزارشتی لێدەکات و وەك ئیمان بەخودای مەزن لێی تێدەگات، ئەو ئیمانەی زۆر لەفرۆکە پێشکەوتوەکان و هێزی ئەو (28) دەوڵەتەی پەلاماری عراقیاندا مەزنترە[27].

بەڵام هیچ یەکێك لەوپەرچەکردارانە ناگاتە پەرچەکرداری مامۆستای ئەدەبی عەرەبی کەمال ئەبودیب لەزانکۆی کۆڵۆمبیا کەلەسەرچاوەیەکی عاتیفییەوە رای خۆی بۆ ئەم عەقلە کولتورییە دەردەبرێ. ئەبودیب یەکێکە لەدەستەی نوسەرانی گۆڤاری تیوری ئەدەبی نوێخواز " مواقف " و کتێبی " الاستشراق ـ رۆژهەڵاتناسی" ێ ئیدوارد سەعید ـ ی وەرگێراوەتە سەر زمانی عەرەبی، لەپاڵ ژمارەیەك بەرهەمی ئەدەبی جیاکار. ئەبو دیب لەدوای تەواو بونی شەڕ قەسیدە پەخشانێکی بەناوی "هاواری دوری" بڵاوکردۆتەوە کە تیایە هاتوە :

" ناتوانین لەگەڵ نیشتمان نەبین ...

دەشێت نیشتمان ستەمکارێکی بەتواناو بەدەستەڵات بێت... دەشێت نیشتمان پۆلیسێك بێت، سەگەگاز گرەکانی لەنێو هەربستێکی شورەکەی وەدومان... دەشێت نیشتمان ئەشکەوتی نائومێدی و شکست و قەسابخانەی خەونە پەمەییەکان و گۆڕی کەرامەت و ئازادی و بەڵێنەکانمان بێت ... دەشێت نیشتمان هەزاران شتی بەسوێ و خراپی دی بێت، بەڵام لەهەمو حاڵەتێکدا هەرنیشتمانە و ناتوانین لەگەڵ نیشتمان نەبین"[28].

شورەی زیندان ناوێکی خوازراوە و ئاماژەبەسنوری نیشتمان دەکات. شتێکی ئاشکرایە ئەو زیندانەش بریتیە لەعراقی بەعس، بۆیە ماڤ ئەوەمان هەیە بڵێین نوسەر هیچ وەهمێکی لەسەر سەدام نیە و بەدڵنیاییەو دەیەوێت ئەوەمان تێبگەیەنێت. بەڵام بۆچی عەرەب حەزدەکات لەپاڵ یا لەناو ئەو شوێنە ترسناکە رابوەستێت بەتایبەتی کەمترین وەهمی لەسەر نەبێت؟ پێناچێت ئەبودیب لەرێگەی ئەم قەسیدە پەخشانەوە بیری لەم مەسەلەیە کردبێتەوە، چونکە لەوساتەوەختەی ئەم چەند دێرە لەگۆڤاری مانگانەی "ئەلناقد" کولتوری لەلەندەن

بلاو دەبووە مليونان عراقی وەك ئەبوحەيدەر و عومەر و مستەفا لەدژی ستەمكار شۆرشيان دەكرد يا لەزيندانەكەی رايانەكرد، بۆيە پێدەچێت لەديدی ئەبوديب و سەرنوسەری ئەم گۆڤارە ئامانج و هۆيەكانی ياخی بونيان شتێكی لاوەكی بێت سەبارەت بەهەتەری تەبايی لەگەڵ "نەتەوەدا".

گوتاری ئەبوديب لەدڵەراوكێيەكی كولتوری گەوهەرييەوە گەشەدەكات. ئەو نيشتمانەی ئەبوديبی سوری و نانيشتەجێی عراق "هەر دەبێ لەگەڵێدا بين" چيە؟ كاتێك سەدام حوسەين كوێتی داگيركرد و ئيسرائيلی بەرۆكێتی سكود بۆردومان كرد دەبوايە رابەرايەتی نەتەوەی عەرەب بكات. ئايا ئەمە نيشتمانەكەی ئەبوديب بو؟ بەگشتی نەخێر، چونكە ئەبوديب سەدامی حوسەينی خۆشناوێت. نيشتمانەكەی ئەبوديب نيشتمانێكی ئەفسانەييە و ئەمەش لۆجيكترين راڤەكردنی ئەو نيشتمانەيە. نيشتمانێك لەيەككاتدا زيندان و حيكايەتێكی خورافيە و لەدوايشدا هەستی ئەبوديب بەرامبەر ناسنامە تايبەتەكەی لەو بۆشاييە دەسورێتەوە كەبەدەستی خۆی دروستيكردوە.

وتارێكی لەوجۆرە مەرگ پەسەند دەكات. ئەو هەستەی گوزارشتی لێدەكات دڵەراوكێ و هەڵچونێكی سەرەتايی و شيزوفرينيايەكی راستەقينە لەناوكۆی تەقليدی سنگ كوتان كۆدەكاتەوە. لەكاتی قوڵبونەوەی قەيرانی كەنداودا سەميح قاسم دەنوسێت : "مادامەكی زەوی شەق نابات و قووتم بدات، كەواتە من هەوڵدەدەم شەقبەرم و زەوی قووت بدەم"[29].

پێم وايە ئەو هەستە ساختە و خود وێرانكارو لەناوەرۆكيشدا توندوتيژە، چونكە ئاشكرابو لەسەر درۆ بونيات نراوە، درۆيەك لەساتەوەختی تۆماركردنی كردەوەكانی خودی زيندانيەكان ـ ميللەتی عراق ـ سەڵمێنرا، ئەوانەی بەپێچەوانەی ئەبوديب ناچاركران يا لەناونيشتمان يا لەگەڵ نيشتماندا بن. ئەگەر دەستەواژەی ميلان كۆندێرا بخوازين بۆمان روندەبێتەوە ئەمجۆرە درۆ فيكرييە لەتەماشاكردنی "ئاوێنەی درۆيەكی ئارايشتكراو" دەچێت، تەنانەت ئەوەندەش كارمان لێدەكات كە "فرمێسكی قاييل بون بۆ وێنەی ئاوەژوی خۆمان" هەڵرێژين [30]. پابەندبون بەو درۆجوانەی هەمو جياوازييە راستەقينەكانی خەڵكی لەسەربونيات دەنرێ زياتر لەپەرچەكرداری روناكبيرانی عەرەب لەسەر قەيرانی كەنداو مايەی خەمۆكييە.

لەوەش گرنگتر گەورەيی مەترسێكەيەتی، چونكە مەترسييەكە لەسەر حيسابی خەڵكی دەژيت و پاشان لەسەر حيسابی ژيانی خەڵكی بەردەوام دەبێت، وەك ئەوەی خەليل،

ئەبوحەیدەر، عومەر، مستەفا، تەیمور و ئەوانەی لەبەشی یەکەمی ئەم کتێبەدا بەگۆهاتون بونیان نەبێت یا تەنها بیرۆکەیەکی تیوری رووتبن. ئەمەش سەرچاوەی دڵڕەقی ئەم زمانەیە. شیعرەکانی قەبانی و هۆنینەوەی ئەفسانە لەلای ئەبودیب و ئەشکەنجەدانی خود لەکن سەمیح قاسم ئاسمان و رێسمان لەهەستی راستەقینەی خەڵکی عراق و کوێتەوە دورن و جهانێك تاقیدەکەنەوە کەروناکبیران لەسەری دەنوسن : کاری ناشیرین و دزێو لەهەمو شوێنێك رودەدا و زمان لەسەریان دێتەگۆ و بەدەیان فەرسەخیش لەیەکترەوە دورن. زمانی دڵڕەقی زمانێکە ئێشوئازاری ئەو خەڵکانەی بەناچاری لەنێوشورەی زیندانەکەی دەژین ناکاتە خاڵی دەسپێکی خۆی، بەڵکو بەپێچەوانەوەبەخاتری پاراستن و پاسەوانی کردنی شورەی زیندانی وڵاتی ئەفسانە مەینەتیەکانیان بەکارێکی لاوەکی دادەنێت.

بەڵام بەسوێترین پەرچەکردار لەسەر قەیرانی کەنداو لە کەسانێکەوە بو بەرگریان لەمافەکانی مرۆڤ دەکرد. مونسیف مەرزوقی، سەرۆکی هاوبەندی مافەکانی مرۆڤ لەتونس کەگرنگترین رێکخراوی وڵاتەعەرەبیەکانە، پێی لەسەر درۆ و لادانی "سەربازانی شەڕی دەرون" دادەگرت، واتە دەزگای راگەیاندنی رۆژئاوا "ئەو دەزگایەی ئێرەیمان پێدەبرد و پێی سەرسام دەبوین"، هەروەها دەربارەی لەناوبردنی هێزی ئاسمانی عراق لەلایەن هێزی هاوپەیمانانەوە دەڵێت :"ئەمرۆ هەمو کەسێك قەشمەری پێدەکات"، چونکە مەرزوقی پێی وابو سوپای عراق شەرێکی ئازایانەی ئەوتۆ کردوە دەشێت وڵاتانی عەرەبی بەکاریبهێنن بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی باشتر سنوری هێزی رۆژئاوا ئاشکرا بێت، هەروەها پێی وابو" ورە و بەرهەڵستی و چالاکی سەربازانی عراق وێنەیەکی کلاسێکی "مرۆڤە لەروبەروبونەوەی تەکنولۆجیا".

" تێکشکاندنی دڕندانەی عراق ... هیچ شتێك ناگۆڕێت. رەنگە کەسێك ئازایەتی بنوێنێ و بەرنگاری تەکنەلۆجیا بێتەوە. ئەگەر تەکنەلۆجیا کاریگەری دەرونی نەبێت، کەواتە چ شتێك دەربارەی بەهاکان دەوترێ؟

لەشەڕی کەنداودا تەنها هەواڵگری و تەکنەلۆجیای رۆژئاوا شکستیان نەهێنا، بەڵکو راستگۆیی بەها ناودارەکانی رۆژئاواش نوشستیان هێنا. "بیروباوەری مافەکانی مرۆڤ " تەنها لەبەرئەوەی بیروباوەرن لەکەنارەکانی باشوری ناوەراست نوقوم دەبێ. سەیر لەوەدایە تەنها ئەوەندەی ئێمەی عەرەبی دیموکراتخواز بتوانین جیاوازی لەنێوان پرۆژەی دیموکراسی و بەهاکانی مافی مرۆڤ و نێوان بزوتنەوەی میانەیی رۆژئاوا بکەین، ئەوا دەتوانین شتێك لەبلاوبونەوەی هەمو ئایدۆلۆجیاکان رزگار بکەین"[31].

مەرزوقی قسەکانی لەدڵییەوە هەڵدەقوڵێت، چونکە کاتێك دەنوسێت هەمو چالاکی و پیشەیەکی خۆی لەبیردەچێتەوە. لەدوای ئەوەی بەشێوەیەکی تەقلیدی خۆی بەنەیاری سەدام لەقەڵەم دەدا برگەلەدوای برگەی نوسینەکانی قسەوتن بو بەو کوێتیانەی تازە شارەکەیان تالانکرابو، کێڵگەنەوتەکانیشیان لەقەراخی گرگرتنبو. چۆن و لەهەرلایەکەوە تەماشای قەیرانەکە بکەین مەسەلەی ماڤی دەوڵەت و نەتەوەکان وەك خۆی قوتدەبێتەوە. ئایا کوێتیەکان بێماف دەکرێن تەنها لەبەرئەوەی مەرزوقی سوکایەتیان پێدەکات؟ شتێکی ئاشکرایە کارێکی ئاڵۆز بەمێشکی کەسێکدا دەگوزەری کەژیانی بۆ بەرگریکردن لەمافە مەدەنیەکان تەرخانکردوە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا پەرچەکردارێکی شیاوی لەگەڵ پەیمانەکەی خۆی نیە. جەعیت دەڵێت : "زۆرجاران ڕەوایەتی لەقانون گرنگترە" و هەرخودی ئەو هەستە ترسناکەش لەپشت تێگەیشتنی مەرزوقییە بۆ "دیموکراسی عەرەبی". مەرزوقی لەخۆپێشاندانێکی پشتگیریکردن لەگەورە ستەمکاری سیاسەتی نوێی عەرەبدا داوای لەعیراق کرد چەکی کیمیایی بەکاربهێنێ (32).

## لەرزۆکی مرۆڤ

زۆر دەمێکە ئەم شێوازە، شێوازێکی باڵادەستە لەقسەکردن و بیرکردنەوە و دیاریکردنی بەرایی سیاسەت لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەم شێوازە لەدوای دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیلەوە لەساڵی 1948 دا ئاستی ئایدۆلۆجیای تێپەڕاندوە لەرۆژهەڵاتدا عەرەبە لیبراڵەکان پوکانەوە و شیوعیەکان لاوازبون و چۆکیانداو و لەپێش روخانی سیستمی سۆڤیتیشەوە بەماوەیەکی زۆر بەرامبەر بەپەلاماری نەتەوەپەرستەکان نوشستیان هێنا. لەلایەکی دی بزوتنەوەی ئیسلامی بەپلەی یەکەم هیچ گرفتێکیان لەگەڵ زماندا نیە، چونکە چاوچنۆکی و چلێسی بیرۆکەی رۆژئاوا بۆ لەناوبردنی جهانی ئیسلامی دەگەڕێتەوە بۆ شەڕی خاچپەرستەکان. بزوتنەوەی ناسیونالیستی عەرەب و ئیسلامی سیاسی هیچ وێنایەکی سەرەتاییان لەسەر مافەسیاسیەکان نیە کەسادەترین بنەمای جیاکردنەوەیەکی رەهایە لەنێوان مەسەلەی بیروباوەر و ماف و ئەرکەکان لەژیانی گشتیدا. ئەگەر تەماشایەك بکەین ئەوا دەبینین "مافەکانی مرۆڤ" لەسیاسەتی جهانی عەرەب ـ ئیسلام دا بەتەواوەتی ونە، بۆیە دروشمی "نەخشەی ئەمریکی ـ خاچپەرستەکان" لەگوتاری سەردەمی شەڕی کەنداودا بەو رادەیە بەربڵاوبو(33).

ناسیونالیستی عەرەب لەدوا دەرکەوتنیدا لەگەڵ قەیرانی کەنداو مەتەلۆکەی ناسنامەیەکی وروژاند زۆر لەوەی رابردو ترسناکتر بو کەبەتەواوەتی لەگەڵ باری راستەقینەی عەرەب، بەتایبەتیش روناکبیرانی عەرەب ناتەبابو. لەواقیعدا ئەم حاڵەتە بریتیە لەحاڵەتی لەتبون و پەرتەوازەیی بەدەرلەوەی مرۆڤ لەژێر گەمارۆی زانکۆی پێرزێت خەبات لەپێناوی مانەوە بکات یا لە لەندەن و پاریس بۆ چەند رۆژنامەیەکی عەرەبی بنوسێت یا لەدوانگەی مزگەوتەکانی رۆژئاوا وتار بخوێنێتەوە یا لەترسی یەکێك لەو ریژیمانەی هەمو هەستێکی مەدەنیان لەجهانی عەرەبیدا کوشتوە لەتاراوگە ژیان بەسەربەرێت.

شاعیری عراقی فەوزی کەریم لەساڵی 1979، ساڵی راکردنی لەعراقی سەدام حوسەین دەنوسێت :

ئەی بنکە سنورییەکان هەمو کەشتییەکانتان بۆ نەگەڕاوەتەوە،
نەك بێهودە بەدوای مانادا بگەڕێت،
بەڵکو لەمانا دزێو و رەشەکان رادەکات،
ئەویش کەشتییەکەی منە [34].

ئەم قەسیدەیە کەڵکەڵەی عروبە لەلای جەعیت و دڵەراوکێی ناسنامە لەلای ئەبودیب دەخات، چونکە لەسەر کەسێتی شاعیر بونیات نراوە. کەریم حاڵەتی پارچەپارچەبونی خۆی بەوپەری دڵ فراوانیەوە قبوڵکردوە. قەسیدەکەی چەند کارێکی خاکییە ئەوەندەش کاری دانپیانان و نویٚ کردنەوەیە. لەکاتی نەبوونی ئەم قبولکردنە بۆ سروشتی دۆخی ئاڵۆز، نائایدیۆلۆجیو سوکەی مرۆڤ، ئەوا رقوکینە بەردەوامو کەڵەکە بووە ناتەندروستە لەدژی رۆژئاواو ئیسرائیل وەك تەوەرێك دەمێنێتەوە کە چەمکگەلی (عروبە) و (ناسنامەی ئیسلامی) داروخاوی پێوە هەڵواسرێت. ئەمەش جێگەی مەترسی تێوەگلانی ئێستای وڵاتانی عەرەبیە. لەکۆتاییدا گرنگ نیە رقوکینە چ مۆرکێکی خۆجێی بەخۆیەوە دەگریٚ (دژی ئیمپریالیزم، ناسیونالیزمی عەرەبی، ناسیونالیستی فەڵەستینی، ئسوڵی ئاینی)، بەڵکو گرنگ ئەوەیە هەمو ئایدۆلۆجیاکان بەرادەی بون بە هەڵم لەگەڵ ئەو رقوکینە بێگەردە کولاون کە تێکەڵ بەهیچ شتێك نابێت.

میشیل عەفلەق، دامەزرێنەری حزبی بەعس پێش نیو سەدە گەوهەری ئەوشتەی بەدیکردوە کە کەریم لەدەستی رادەکات کاتێك دەڵێت : "ناسیونالیستی پێش هەمو شتێك خۆشەویستییە"[35] . پاشان ئەو " کۆماری خۆشەویستی" یەی عەفلەق قسەی لەسەر کردوە لەعراقی سەدام حوسەیندا هاتەدی. بیر لەکەریم بکەنەوە وەك یەکێك لەو عراقیانەی

کەساسانە هەوڵدەدا لەوهەمو خۆشەویستییە خنکێنەرە رابکات، ئەوسا تێدەگەن چۆن هەستی نوێی عەرەب لەدایك بوە، هەستێك لەسەر لۆجیکی رەتکردنەوەی نمونەی کۆن بونیات نراوە کە ناسنامەی من و"چۆن بیربکەمەوە" دەبەستێتەوە بەوەی "دەمەوێت بەچی بم".

شاعیری بەرەچەڵەك سوری و تازەگەری شێوەکانی زمانی عەرەبی ئەدۆنیس، یەکەم کەس بو کۆڵەکەی شێوەکانی ئەدەبی نوێی دامەزراند تا بەجۆرێکی دی عروبەی لەسەر بونیات بنرێتەوە. ئەمرۆ ئەدۆنیس یەکێکە لەو نوسەرە ناسراوانەی بەزمانی عەرەبی دەنوسێت. لەسالآنی شەستەکاندا لێکۆڵینەوەی لەسەر بوارێکی ئالۆزی نێوان روناکبیری و سیاسەت کرد. توێژینەوەی لەسەر مێژوی فیکری رۆژهەلات و رۆژئاوا کرد و بەلێکۆڵینەوە قوڵە دەرونی و عاتیفیەکانی زۆرێك لەروناکبیرانی عەرەبی لێتەکییەوە. ئەدۆنیس ساڵی 1986 لەدوای ئەوەی خۆی وتەنی هەستی کرد "شتێك لەجهانی عەرەبی مردوە"[36] بیروتی بەجێهێشت و لەپاریس نیشتەجێ بو. دەنگی ئەدۆنیس کاریگەرییەکی زۆری لەسەر شاعیرانی کەریم ئاسا هەبو. بۆ نمونە ساڵی 1982 لەکاتی گەمارۆدانی بیروتدا قەسیدەیەکی نوسیوە و ئەمەش بڕگەیەکی قەسیدەکەیەتی:

... لەزەمانێکدا
پێم دەڵێت لەمن نیت،
پێی دەڵێم لەتۆنیم و هەوڵدەدەم لێی تێبگەم
ئێستا من شەبەنگم
لەناو کاسەی سەردا
لەدارستان دەربەدەربوم [37].

کاتێك مرۆڤ تێدەگات بوە بەشەبەنگ، ئیتر ئینتمای بۆ دونیایەك نامێنێت کەتوندوتیژی تیا بالآدەستە، بەڵکو سەرەتای دانایی دەبێت. یەکەم کاری چاکسازی بریتیەلە هەنگاونان لەتێگەیشتنی کەموکورتییەکەوە بۆ جۆرێکی نوێ لەخاکی بونی (تواضع) عەرەبی، ئەو خاکی بونەی لاوازی مرۆڤ و لەرزۆکی سروشتی مرۆڤایەتی قبوڵ دەکات.

ئەدۆنیس بەدرێژایی قەیرانی کەنداو بێدەنگی هەڵبژارد، چونکە هەستیدەکرد لەو هەلومەرجە دژوارەدا خودی کولتور بەروبەروی دڵەراوکێ بۆتەوە. ئەدۆنیس یەکێك بو لەو خەڵکە کەمانەی هەستیدەکرد کەس شتی نوێی پێنیە، ئەوەش توشی شڵەژانێکی گەورەی کردبو.

بەڵام لەدوای شەڕی کەنداو، لەسەر پێداگرتنی لاپەرەی کولتوری لەرۆژنامەی "ئەلقودس ئەلعەرەبی" لە 11 / ئازار / 1991 بێدەنگی شکاند و وتارێکی بەناوی "نوێژ و شمشێر یا دیموکراسی دڕندە" بڵاوکردەوە.

ئەدۆنیس لەوتارەکەیدا پێدادەگرێ لەسەر ئەوەی کەڤەیرانی کەنداو و ئەو شەڕەی لێی کەوتەوە، بوە مایەی لەدایك بونی " گوتارێکی نوێی رۆژئاوا" بەرامبەر بەجهانی عەرەب، بۆیە پێی وایە ئەم گوتارە وادەخوازێ بەسروشتی پەیوەندی نێوان عەرەب و رۆژئاوا بڕوانینەوە. ئەدۆنیس بەمەبەستی وێناکردنی راوبۆچونەکەی ئاماژە بەوتارێکی هانس ماگنوس ئەنزنسبێرگەر دەکات کە هەوڵدانێکی بوێرانەیە بۆ زیندوکردنەوەی بەراوردێکی باو لەنێوان هیتلەر و سەدام حوسەین دا. بەڕای ئەنزنسبێرگەر خاڵی هاوبەش لەنێوان ئەو دوو پیاوە ئارەزوی سەرکێشانەی خودوێرانکردن و دەستەوەستانی تەواویانە لەجیاکردنەوەی چارەنوسی تایبەتی خۆیان و چارەنوسی سەرجەم عراقی و ئەڵمانیەکان [38].

ئەو رێبازە فیکرییەی نوسەری ئەڵمانی ئەنزنسبێرگەر ـ ی پێشەنگی روناکبیرە چەپە دیموکراتخوازەکان گوزارشتی لێکردوە لەساڵی 1968 دا رۆڵێکی گرنگی لەبزوتنەوەی خوێندکارانی ئەڵمانیا وازیکرد، کەچی ئەدۆنیس "تا ئاستی ئەفسانە زیادەرەوی" تیا دەبینی. بێگومان سەدام حوسەین دیکتاتۆرێکی بێزراو و دزێوە، بەڵام بیرۆکەی بەراوردکردنی بەهیتلەرەوە جۆرێك زیادەرەوی تیایە. پاساوی گریمانە نادیارەکەی ئەدۆنیس بریتیە لەوەی هیتلەری "ئێوە" بەدڵنیاییەوە بەرجەستەی شەرئەنگیزی دەکات، بەڵام سەدام حوسەینی "ئێمە" ستەمکارێکی ئاساییە. سەرباری ئەوەش ئەدۆنیس پێی وایە دڕندەیی سەدام حوسەین لەلای هەمو عەرەبێك فاکتێکی زانراوە.

کاتێك هەمو شتەکان وەکیەك بێزراو دەبن، ئیتر هیچ شتێك بەراستی بێزراو نابێت و مرۆڤ ناتوانێت بەئاسانی لێکیان جیابکاتەوە، بەڵام جیاکردنەوەیان ناوەرۆکی دەربەستبونی داهێنانە بەرامبەر بەجهان.

لەبیرمە کاتێك وتارەکەی ئەدۆنیسم خوێندەوە خەم دایگرتم، چونکە منیش شیکردنەوەکەی ئەنزنسبێرگەر ـ م خوێندبووە. هەرچەندە تێبینیم لەسەری هەبو(تێروانینی بۆ عراق زۆر ئەڵمانی بو)، بەڵام سەرنجی من بەتەواوەتی لەسەرنجی ئەدۆنیس جیاواز بو. خاڵی سەرەکی وتارەکەی ئەنزنسبێرگەر لەسەر شەڕئەنگیزی سیاسی کە ئەدۆنیس لێی تێنەگەیشتوە ئەوەیە، لکاندنی دیاردەی سەدام حوسەین بەئەزمونی وڵاتەکەی خۆیەوە. کارێکی خاکییە ئەنزنسبێرگەر بخوێنینەوە و لەناخەوە واقیعی ئەزمونی عراق لەسەردەمی

حزبی بەعس بەمانای تێگەیشتن لەمۆرکی هاوبەش و باری گشتی مرۆڤایەتی تێبگەین و دابەشکردنی روکەشی رۆژهەڵات و رۆژئاوا، باکور و باشور یا عەرەب و ئەنتی عەرەب رەتبکەینەوە، بەڵام ئەدۆنیس لەم ئەزمونە سەرکەوتو نەبو. شتێکی ئاشکرایە ئەم تێنەگەیشتنە هەرگیز پەیوەندی بەپاکی کەسێتی و زانیاری دەقە کلاسیکیەکان یا فیکری نوێەوە نیە کەئەدۆنیس لەو دوو بوارەدا شارەزاییەکی زۆری هەیە، بەڵکو نەیتوانیوە لەمەبەستی ئەنزنسبێرگەر تێبگات، چونکە هەستی ئامادەگی تێگەیشتنی تیانەبوە. گرێکوێرەی عاتیفی لەم بابەتە بەربەستێکی گەورەیە لەئاست بیرکردنەوەیەکی دروست لەسەر ناسنامەیەك کەبەتەواوەتی ئامێز بۆ "ئەوی دی" بکاتەوە.

زۆرێك عەرەب دەزانێت هەڵەیەکی گەورە لەجهانی عەرەبی رویداوە. جەعیت قسەلەسەر ریژیمی عەرەبی "داتەپیوی ناشیرین و بودەڵە" دەکات. ئەبودیب لەسەر زیندانەکان دەنوسێت، بەڵام ئەدۆنیس کەسەر بەتوێژرێکی جیاوازە بێدەنگی هەڵبژارد. بەتەنها بەس نیە مرۆڤ بزانێت هەڵەیەك هەیە، چونکە رەنگە ئەو تێگەیشتنە ببێتە مایەی هەڵهێنجانی وتەی وەك " شەڕ شتەکان روندەکاتەوە". عەرەبێکی زۆر تاکوئێستا بەرگری لەو وتە پوچە ترسناکە دەکەن تەنانەت لەپاش ئەوەی گەلێك راستی ترسناکیش ماوەیەکی دورودرێژە بەتەواوەتی ئاشکرابوە. سیاسەتی نائومێدی جەعیتو ئەبودیب بەتوندوتیژی و رقوکینە و ئازار چێشتن بارگاوییە، ئەمەش دەرئەنجامی نائومێدانەی وەك "لەم شەڕەدا هیچمان نیە بیدۆرێنین"ـ ی لێدەکەوێتەوە و تەنانەت سەرەتایترین ریسای ئەخلاقی هاوبەشیش لەگەڵ کورد و یەهود و سوننە و شیعە رەتدەکاتەوە[39]. لەئەنجامدا خەڵکێکی زیاتر لەعەرەب و موسڵمان دەکوژرێن.

نەتەوایەتی زۆرێك لەروناکبیرانی عەرەب "نەیارانی ئیمپریالیزم" و ئەوانەی بەسەر کولتورەکانی دی کراونەتەوە، ئەمرۆ تەنها ئەو هەستە بنەرەتیانە دەگێڕنەوە کە پەیوەندییان بەقەڵایەك لاشەوە هەیە و لەئاست تێپەڕاندنی بارودۆخی مێژویی ئێستادا دۆش داماون ـ نەك هەمیشە یا بەدرێژایی کات ـ لەبەر ئەوەی لەناخەوە چەمکی مافە مرۆییەکانی تاکەکەس لەسیاسەتێکدا قبوڵ ناکەن کەلەسەر جووت پێوەری بونیات نەنرابێت. ئەمجۆرە ناسیونالیزمە لەناکاو لەناشوێنەوە دەرنەکەوتوە، بەڵکو تێکەلێکە لەو هەست و نەریتانەی مێژوی دەگەڕێتەوە بۆ رۆڵی مێژویی عەرەب لەسەردەمی سەرهەڵدان و بڵاوبونەوەی ئیسلامدا. ناسیونالیزمی عەرەب وەك ئیسلام لەناوناچێت، چونکە بەشێکە لەکولتور نەك ئایدۆلۆجیای

سیاسەتی ئاشکرا. ئەمەش رەنگدانەوەی ئیرادەیەکی گشتی تەبا نیە، ئەوەندەی رەنگدانەوەی " کولتوری کۆدەنگییە" کە دەلالاتە لاهوتیەکانی نەستی کۆی عەرەبی دەگونجێنێت[40].

کاتێك شێخ ئەسعەد ئەلتەمیمی پێشەوای بزوتنەوەی جیهادی ئیسلامی لەئوردون (لەکاتی شەڕی عراق ـ ئێران دا لایەنگرێکی بەهێزی ئێران بو) گەڕانەوەی سەدام حوسەین بۆ ئیسلام بە"خالێکی یەکلایکەرەوە لەرابونی ئیسلام" وەسفدەکات کەساڵانی هەشتاکان بەخۆیەوە بینی، ئەوا لەسەر هەمان ئاستی کولتوری ـ مێژویی لەگەڵ خەلکانی وەك جەعیت و ئەبوديب و کەتاب و خوری یەکدەگرێتەوە[41]. بەلاّم شەیدایی شێخ بەخومەینی و ئاواتەخواز بەگەڕانەوەی سەردەمی خەلافەت و دانانی سەدام بەخەلیفە، دەبێت خەلکانێك بشلەژێنێت کەبەروی کولتورەکانی دی، بەتایبەتی کولتوری رۆژئاوا کراونەتەوە، ئەمەیان مەسەلەیەکە لەدەرەوەی ئەم بابەتەیە. کولتور سەرزەمینێکە شێخ ئەسعەد و روناکبیرە ناسیۆنالیستەکان لەکاتی قەیرانی 1990 ـ 1991 دا لەسەری یەکیاندەگرتەوە، رێك وەك ئەوەی لەبواری بیری لەقالّبنراو لەگەڵ نزار قەبانی یەکیاندەگرتەوە، سەرەرای هەڵوێستی جوامێرانەی شەخسی قەبانی بەرامبەر بەمەینەتی کوێتیەکان لەکاتی قەیرانەکەدا. زۆرکەرەت ناسیونالیزم هێزوتوانایەکی گەورەی لەمجۆرە مەیدانە هاوبەشە لەگەڵ ئیسلامدا بەدەست هێناوە یا لەرێگەی هەجوکردنەوە کە دابونەریتێکی عەرەبی کۆچەری پێش دەرکەوتنی ئاینی ئیسلامە، بۆیە بەدرێژایی ئەو ماوەیە توانیوێتی بەردەوام بێت و جارلەدوای جاریش خۆی نوێ بکاتەوە.

هەروەها کولتور ئەو مەیدانەشە کەپێویستە ئەو هەست و نەریتانە بەخۆیاندا بچنەوە بۆ ئەوەی دوارۆژ لەگەڵ وێنەی بارودۆخێکی عەرەبی دڵنەرمتر بگونجێت، وێنەیەك لەسەر بیرۆکەی پاراستنی مافی سیاسی تاکە کەس بونیات بنرێت.

پێویستە هەرگیز پێمان وانەبێت ئەو هەستەی ناسیونالیزمی کولتوری لەسەر بونیات دەنرێ بەتەنها بریتیە لەهەستی عروبە (چ ناسری یا بەعسی یا هەر جۆرێکی دی ناسیونالیزمی عەرەبی بێت) لەبەر ئەوەی شکڵی سیاسی ئەو هەستە زۆر لاستیکیە. هەر دوێنێ بو ئەو هەستە لەدەوری ساتع ئەلحەسری یا میشیل عەفلەق یا عەبدئەلناسر و بەرزترین نمونەی رۆمانتیکی دەخولایەوە کە لەدروشمی "امة عربية واحدة" کورتدەکرایەوە. لەدوای شۆرشی ئێران هەمان ئەو هەست و سۆزەی بزوتنەوەی بەعسی هێنایە دونیایەوە بانگەوازی زیندوکردنەوەی ئیسلامی دەکرد و روناکبیرە عەلمانیە کۆنەکان، سەرلەنوێ یەك لەدوای یەك دەبونەوە بەئیسلامی سیاسی (بۆ نمونە محەمەدعەمارە و عادل حوسەین دوو کۆنەمارکسی میسری بون)، لەکاتی قەیرانی کەنداویشدا هەستی قەومی عەرەبی لەرق لێبونەوەی رۆژئاوا و

شانازیکردن بە بەرجەستەکردنی هێزی عەرەبی ـ ئیسلامی لەلایەن سەدامەوە تەوەرەی دەبەست. رەنگە سبەینێ ئەم هەستە بگۆڕێت بەرق هەڵگرتن لەدژی "جۆرێکی خراپی" خودی عەرەب.

ئەم جهانی هەڵوێست و پەرچەکرداری عاتیفی و وێنە کولتورییە پێویستی بەئایدۆلۆجیای سیاسی توندوتۆڵ و پتەو نیە بۆ ئەوەی لەگوتار و فیکری نوێ دا دەربکەوێت، بەڵکو تەنها پێویستی بە "کێشەیەك" هەیە تا ئەم تێکەڵە عاتیفییە بێشکڵە ئاشکرا بکات. لە 2 / ئاب / 1990 دا ئەم کێشەیە کوێت بو. لەماوەی کەمتر لەدوو هەفتەدا بەهۆی پرۆسەی " گرێدان " ەوە کوێت بەمەسەلەی فەلەستینەوە لکێنرا. دزێوترین رستەی چاوپێکەوتنەکەی جەعیت "رەوایەتی لەقانون گرنگترە" هەستی هەمو عەرەبێك بو کەپاساوێکی بۆ ئەو ژاوەژاوەی چواردەوری کوێت نەدەبینی، بەڵام تەنها پیلانێکی گەورەی نوێی رۆژئاوایان لەدژی نەتەوەی عەرەب دەبینی.

**8- خورافاتی نوێی ناسیونالیزم**

بیریاری عەقلانی میسری فواد زەکریا قەیرانی کەنداوی بە "قەیرانی ریسوایی" دانا [1].
سەدام حوسەین بەگرتنی کوێت لە ئابی / 1990 پەردەی لەسەر وەهمی ناسنامەی ناسیونالیزم لابرد کەبەدرێژایی مێژو دروست ببو، چونکە بەشێکی زۆری ئەو هێزەی تێکەڵەیەك بولەدابونەریت و مێژو و ئاین لە بێزاری ناتەندوروستی گروپە پەرگیرەکانی نەیاری ئوروپا بەسیاسەتی لێوان لێویان لەپەرتەوازەیی، لەبەریەك هەڵوەشایەوە. دیاردەکان فێڵبازانە بون لەبەرئەوەی رەگەزە جۆراجۆرە ناجیگیرەکان فۆرمێکی چونیەکیان وەرنەگرتبو، کەچی هەنگاونانی سەدام و پەرچەکرداری سەرۆك بوش ئەو تەوژمە شاراوانەی لەتەقینەوەیەکی عاتیفی ئاوارتەدا بەرجەستەکرد. قەومیو ئیسلامی ومارکسی و دیموکراتخوازەکان بەرامبەر بەهەرەشەی رۆژئاوا کەهەمویان هەستیان پێی دەکرد، جیاوازییان لەنێواندا نەما. بەدەر لەوەی ئەو روناکبیرانە لەسەر گرتنی کوێت چ رایەکیان هەبو، ئەگەر رۆژئاوا تەدەخولی نەکردایە. بەڵام خاڵی گرنگ ئەوەیە : سەبارەت بەگرتنی کوێت نەکەس هەڵدەستا و نەکەسیش توڕەدەبو وەك ئەوەی لەتەدەخولی وڵاتەیەکگرتوەکان ئوروپای رۆژئاوا ئەو کارەیان کرد.

سەدام گوتارێکی ئاشکرا کرد پێویستە جەختی لەسەر بکرێ، چونکە ئەو گوتارە نەداهێنانی فەلەستینییەکی ئاسای ناوچەداگیرکراوەکانە کەرۆژانە لەسەر دەستی سوپای ئیسرائیل سوکایەتی پێدەکرێ و نەداهێنانی هاوڵاتیەکی مامناوەندی عراقە کەنەفسیەتی لەرێگەی ترسەوە بەتەواوەتی شێوێنراوە و نەداهێنانی کوێتیەکانیشە کەماوەی (7) مانگ لەسایەی داگیردنێکی ترسناك ژیانیان بەسەربرد. ئەم گوتارە ـ داهێنەرەکانی بەکاریگەری بزانن یا نا ـ بێباکە بەرامبەر بەکێشە راستەقینەکانی ئەو فەلەستیانەی روبەروی داگیرکردن دەبنەوە، هەروەها بایەخ بەخەڵکانی وەك خەلیل، ئەبوحەیدەر، عومەر، مستەفا و تەیموریش نادات کە دڵرەقییەکی زۆریان بەرامبەر کراوە.

ئەم گوتارە خەڵکانی وەك کەمال ئەبوديب و مەحمود دەرویش و هیشام جەعیت و ئیدوارد سەعید و رامی خوری و محەمەد عابد ئەلجابری و جۆرج تەرابیشی و عەبدولرەحمان مونیف و زۆرێك لەناودارترین و لێهاتوترین نوسەرو هونەرمەندی عەرەب دایانهێناوە[2]. ئەو کەسانە دایانهێناوە کەلەزانکۆکانی ناوەوە و دەرەوەی وڵاتە عەرەبیەکان کاردەکەن و ئەوانی تریشیان رۆژنامەنوسن یا ئەوانەی بۆ رۆژنامەکانی لەندەن دەنوسن و

ڕۆژی دواتر لەبازارەکانی ریازو بێروت و جەزائیر و پاریس و واشنتن دەخوێنرێتەوە. سەدام حوسەین هەموومانی ئاشکرا کرد، چونکە هەموومانی ناچارکرد بەرامبەر بەکردەوەکانی هەڵوێستی سیاسی وەربگرین . ئەمەش هەمو ئەو دەزگایانەی ریسواکرد کەخۆیان لەژێرپەردەی ئاڵۆز دەشاردەوە، ئەوانەی رۆژانە هەمومان بەکاریدەهێنین بۆ ئەوەی درێژە بەژیانی رۆژانەمان بدەین، هەروەها هەمو هاوڵاتیانی عەرەبی لەعروبەدا بەرووتی و قوتی بۆیەکتر ئاشکراکرد، ئەمەش لەکولتورێکدا روودەدا کەجەخت لەسەر ریسوایی دەکات و بەرووتبونەوە خۆشحاڵ دەبێت.

بەرامبەر ئەو شتەی بوە بەبۆرانی نەتەوەیی و لەبەر رۆشنایی ئەو زانیاریانەی لەسەر ریژیمی عراق لەبەردەستە، تەنها دەتوانم ئەم هەژان و هەڵچونە بەتەڤاندنەوەیەکی کۆهیستریا وەسفبکەم کەگوزارشت لەقوڵترین هەستی زۆرینەی ئەو روناکبیرە عەرەبانە دەکات. ئەوەش بەشێوەیەکی تایبەت لەسەر ئەو کەسانە پیادە دەبێت کەلەدوای شکستە ئابروبەرانەکەی سوپای عەرەبەوە لەشەڕی 1967 دا رەئی سیاسیان گەلاڵە بوە.

مایەی گاڵتەجارییە زۆرێك لەو نوسەرو خاوەن رەئیانە لەرێگەی رەخنەکردنی گوتاری سیاسی و کولتوری رابردوە پێگەیشتن کەشکستی ساڵی 1967 پوچەڵی سەلماندن و بەسەرکردەی وەك عەبدول ئەلناسر و ئەحمەد ئەلشەقیری و میشیل عەفلەقەوە پەیوەست بون، کەچی سەرەرای ئەوەش بەهەمان ئەو شێوازەی پێیان وابو تێیانپەراندوە جهان دەخوێننەوە، بەشێوەیەکی تایبەتی لەسەر روناکبیرە فەلەستینیەکان پیادە دەبێت، بەتایبەتیش ئەوانەی لەدەرەوەی ناوچەداگیرکراوەکان دەژین (چونکە لەلایەکەوە زیاتر بەش خوراون و لەلایەکی دی بەهۆی داروخانی بیروت، دڵی تازەگەری کولتور لەرۆژهەلاتدا).

رەشید خالیدی لەزانکۆی شیکاگۆ پێی وایە : "پشتگیریکردنی فەلەستینیەکان لەسەدام حوسەین لەئابی / 1990 لەگرتنی کوێتدا ... زۆر نادیارترو چەواشەتر و ئاڵۆزترە لەوەی باسکراوە" (3). بەڵام ئەوەی پێی دەوترێ "پێشەنگ" ی شۆرشی عەرەبی بەپەرۆشەوە دەچێتە ریزی بەربەریترین دیکتاتۆرەوە لەجهانی نوێی عەرەبیدا، ئەمەش مەسەلەیەکە دەبێ بەشێوەیەکی یەکلایی کەرەوە روبەروی بینەوە، نەك بەلێبوردنێکی شەرمنانە لەبیری بکەین.

لەکاتی ڤەیرانی کەنداودا کۆمەڵێك دوپاتکردنەوە و گریمانەی جوداجودا و ئاڵۆزکاو لەگوتاری دژ بەئیمپریالیزم دروست بو. رۆژێك لەرۆژان دوو کەس لەوانەی ئەو گوتارەیان بەکاردەهێنا لەسەر رێژەی ئەو ئەرکەی لەسەرشانیان بو راوێژ ورێکەوتنێکیان بەرامبەر بەو

**هەمو دوپاتکردنەوە و گریمانەیە نەکرد. بەڵام کۆی ئەو هەڵوێستانە دیدێکی چونیەك لەجهانبینی پێکدەهێنێ، لەوەش گرنگتر شێوازی چونیەکیان بۆ ریکخستنەوەی بنەماکانی سیاسەت هەیە. لەهەمو حاڵەتێکدا ئەم زمانە تەنها دیدێکی عروبە نیە بۆجهانبینی، بەڵکو گوتارێکی ناسیونالیستی تازەیە لەسەر ئاستی کولتوری لەسەر بنەمای عەرەبی ـ ئیسلامی بونیات نراوە، بەڵام دەشێت مەسیحییە عەرەبەکان وشیعە و سوننەش بەکاریبهێنن و هەمو عەرەبێك بەجیاوازی چینایەتییەوە بەشداری لەم گوتارە دەکات. بەدەر لەزۆری ئەو ماوەیەی لەرۆژئاوا بەسەری بردوە، ئیتر بەزمانی عەرەبی بدوێت یا نا تەنانەت بەخودی ئەو کەسانەشەوە کەلەسەر هیوا و ئومێدی جیاواز پێدادەگرن (دەوڵەتی فەلەستینی، سوریای گەورە، لوبنانی ئازاد لەدەستەلاتی سوریا یا ئیمپراتۆرێتی نوێی ئیسلامی عەرەبی).**

**ئەم گوتارە کۆمەڵێك ئەفسانەی نوێی خستە سەر فەرهەنگی نەتەوەیی عەرەب کەلەساڵی 1967 ـەوە دروستبوە و گەشەدەکات :**

**1 ـ قەیرانەکە وەك داهێنانێکی ئەمریکا**

**ئابوریناسی چەپی میسری "سەمیر ئەمین" پێی وایە بریاری لەناوبردنی هێزی سەربازی عراق " لەمانگی ئایاری / 1990، لەواشنتن و تەلئەبیبەوە بریاری لەسەر درابو" بۆیە "ئێستا ئێمە نیمچە دڵنیاین گرتنی کوێت داوێکی واشنتن بوە" [4]. هەروەها محەمەد حەلاج بریکاری سەرۆکی پێشوی زانکۆی پێرزێت، ئێستاش پایتەختی ئەمریکای کردوە بەبارەگای خۆی، لەو باوەرەدایە "بەپێی بەڵگەنامەکان جڵەوکردنی عراق لە 8 / ئابی / 1988دا دەستی پێکردوە، ئەو رۆژەی شەڕی عراق ـ ئێران کۆتایی هات" [5]. ئەمین و حەلاج سەرچاوەکانی خۆیان ئاشکرا نەکردوە و تەنها دەبێ ئێمە بڕوا بەبانگەشەکانیان بکەین، بەڵام ئیدوارد سەعید، مامۆستای زانکۆ لەزانکۆی کۆڵۆمبیا نەکەوتۆتە داوی مێژو دیاریکردنەوە و تەنها دەنوسێت سەدام حوسەین " لەگرتنی کوێتدا نیمچە بانگهێشتێك کرابو"[6].**

**لەکاتی نەبونی بەڵگەی کۆنکرێتی ئەوا وشەی لەبابەت "نیمچە" و رستەی وەك "بەپێی بەڵگەنامەکان" بۆنی پیلانێکی گەورەی لێهەڵدەسێت، ئەمە لەکاتێکدا ئیدعای پاکیەکی فێڵبازانە دەکات. بەڵام ساتێك بیرکردنەوە بەسە بۆ ئەوەی بڕوا بهێنین بەوەی سەدام حوسەین مۆڵەتی لەکەس وەرنەگرت کاتێك لە 2 / ئاب کوێتی داگیرکرد، چونکە پێش هەمو شتێك سەدام نەخۆشی شێتی خۆبەزل زانینی (جنون العظمة) هەیە، ئەو نەخۆشییەی بواری**

پێنادات مۆڵەت لەکەس وەربگرێ، بەڵام ئەو کەسانە دڵیان ڕێگەیان پێنادات ئەو شتانە ببینن کەعەقلیان ئاگاداریان دەکاتەوە. لێرەوە خودی ئەو رونکردنەوە و بەدواداچونانە بەسە بۆ ئەوەی روونبێتەوە کەئەو خەڵکانە هەست بە بەرپرسیارێتی ناکەن.

یەکێك لەفەرمانبەرە گەورەکانی دەوڵەتی تونس ( مستەفا ئەلفیلالی ) لەوەش زیاتر شووڵی لێهەڵدەماڵێت و سورە لەسەر ئەوەی "رەنگە بە بەڵگە روونبێتەوە (هەرچەندە دەڵێت هێشتا بەڵگەکان لەبەردەست نیە) کەرەگوریشەی (شەڕی کەنداو) بۆ سەرەتای هەشتاکان دەگەڕێتەوە، چونکە پلانی تەقاندنەوەی لەرێکەوتننامەی خێوەتی داود (کامپ دیڤید) ـ دوە دەستی پێکردوە و زیادەرەویش ناکەین ئەگەر بڵێین خودی عراق ئامانج بوە" [7]. لێرەدا فیلالی داوامان لێدەکات ئەو بیرۆکەیە قبول بکەین کە ئەمریکا لەماوەی شەڕی عراق ـ ئێراندا یارمەتی سەربازی عراقی داوە (بەمەبەستی سەرکەوتنی لەو شەڕەدا) و لەهەمان کاتیشدا پلانی بۆ لەناوبردنی دڕندەیەك دادەرشت کەخۆی دروستی کردبو[8].

ئەو وتانە پاساو نین، بەڵکو قسەلۆکێکی بێبەڵگەیە و لەچەمکی پیلانگێری سیاسییەوە سەرچاوە دەگرێ و رفوکینەی عاتیفی لەدژی رۆژئاوا دنەیدەدا، هەرچەندە ئەو خەڵکانەی بەوشێوەیە بیردەکەنەوە ریژیمی عراقیش رەخنە دەکەن. بەدبەختانە دیاریکردنی بەروار و ئاماژەکردن بەوەی سەرکردەکان بۆ داگیرکردنی وڵاتان "بانگهێشتکرابون" پێویستیان بەنوێنەری راستەقینە و ئیرادەی هوشیار هەیە. توانای پاساوهێناوە بۆ قەناعەت پێهێنان لەواقیعەوە سەرچاوە دەگرێ، نەك لەسەر تیورەی پیلانی گەورە یا نەخشەی ئاڵۆز یا لەسەر چۆنێتی کارکردنی ئیمپریالیزم لەجهاندا. هەروەها ئەم پاساو هێناوەیە لەسەر گریمانەیەك بونیات دەنرێ کەسەرۆکی عراق یا بوکەڵەیە یا گێلەپیاوە یا دەستەڵاتی رەهای وڵاتەیەکگرتوەکان زۆر لەگێلێتی سەرۆك زیاترە. ئەو شتانەش نکۆڵیکردنی تەواوە لەسەر ئەوەی خەڵکانی سەدام توانای دەستپێشخەریان هەبێت. هەر سیاسییەکی کارای عراقی کەلەسایەی ریژیمی بەعس بژێت، ئەگەر بەمشێوەیە لەپلەوپایەی ریژیم کەمبکاتەوە کۆتایی بەژیانی دێت.

مانای ئەخلاقی لەدژایەتی کردنی سیاسەتی ئەمریکا لەکاتی شەڕی کەنداودا بەمشێوە دژایەتیکردنە، بەشێوەیەکی سەیر دژایەتی وتارگەلێکی وەك وتارەکەی کریستۆفەر هیچنز دەکات "بۆچی لە لمدا چەقیوین". لەم وتارەدا وادەردەکەوێت قسەکانی باڵیۆزی ئەمریکا خاتو

ئەپریل گلاسپی، لەکاتی چاوپێکەوتنە بەناوبانگەکەی لە 25 / تەموز / 1990، سروشێك بوە بۆ سەدام حوسەین بەوەی وڵاتە یەکگرتوەکان لاری نیە عراق سنوری کەنداو بکێشێتەوە.

بونیادی ئەم نوسینە بەشێوەیەکی ئۆرگانی دەریدەخات کە هیچنز هیچ وەهمێکی لەسەر ریژیمی بەعس نەبوە، ئەمەش بەتەواوەتی لەگەڵ نمونەکانی سەرەوە ناتەبایە ( لەکاتێکدا هیچنز باس لەمێژوی چەوسانەوەی کوردەکانی عراق و خیانەتی ئەمریکا بەرامبەر کورد دەکات، کەچی ئیدوارد سەعید گومان دەکات لەوەی ریژیمی عراق کیمیابارانی کوردی کردبێت. سەرباری ئەوەی ئیداورد سەعید کاتێك گومانی لەم مەسەلەیە کردوە خودی عراقیەکان شۆرشیان لەدژی ریژیمەکەیان دەکرد و روبەروی مەترسی سەرلەنوێ کیمیاباران دەبونەوە)[9].

لەدوایشدا بەبۆچونی هیچنز دیاریکردنی گشت کێشەی کەنداو بەم پرسیارە واقیعییەوە بەندە : چ شتێك لەچاوپێکەوتنەکەی گلاسپی و سەدام رویدا؟.

لەگەڵ ئەوەشدا هیچنز هەڵەی کردوە کێشێکی گەورەتری بەوتەکانی گلاسپی و سەدام داوە، چونکە لەهەلومەرجی دبلۆماسێدا بەشێك لەو گەمەی ئاماژەپێدان و سەرنجراکێشانەی هیچنز شیدەکاتەوە وادەخوازێت باڵیوزەکان شتێك بڵێن کەلایەنەکەی دی دەیەوێت گوێ بیستی بێت، شتێك بەگوێی سەدامەکاندا بدرێت کەحەزبەبیستنی دەکەن.

وتارەکەی هیچنز پشت بەگریمانەیەك دەبەستێت کە " گلاسپی بەپێی رێنماییەکان قسەدەکات"، واتە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا پێش گرتنی کوێت لەنیازی سەدام ئاگاداربوە، بۆیە ئەگەر ئەمە راست بێت ئەوا خودی یاسای گەمەکردن رێگەیەکی بێکێشەتر لەهێما و ئاماژەکردن بۆ سەدام پێشنیاز دەکات لەوەی گلاسپی پێی بڵێت :"لەو بڕوایەم زۆر باش دەزانیت ئێمە وەك میللەت ئەزمونی تایبەتمان لەگەڵ کۆلۆنیالیستەکاندا هەیە"[10].

دژایەتی کردنی مەبدەئیانەی شەڕی کەنداو پێویستی نیە بە : أ ـ نکۆڵی بکرێت لەوەی ریژیمی عراق چەکی کیمیایی لەدژی هاولاتیانی خۆی بەکارهێناوە، ب ـ مێژو دابهێنرێت بۆ سەلماندنی ئەوەی وڵاتەیەکگرتوەکان نەك تەنها لەمەیداندا شەڕی نەکرد (شەڕی کرد)، بەڵکو عراقیشی رەوانەی کوێت کرد (ئەمەی نەکرد)، ج ـ داگیرکردنی کوێت بەلۆجیك بکرێت، ئەمە لەکاتێکدا هیچ لۆجیکێکی تیانەبو[11].

بۆچی زۆرێك لەعەرەب بەمجۆرە بەبێبەلگە قسەدەکەن ؟ ئەمەش شتێکی تیایە زۆر لەرێزگرتنی سەرکردە یا سوکایەتی پێکردنیان گەورەترە، شتێك پێی دەوترێ گۆڕینی بەرپرسیارێتی. روناکبیرانی عەرەب بەرپرسیارێتی لەئەستۆی لایەنێك لادەبەن کە بەشێوەیەکی ئاشکرا بەرپرسیارێتی لەسەرشانە، واتە بەرپرسیارێتی لەئەستۆی دەوڵەتی عراقی

بەعسەوە دەخەنە ئەستۆی وڵاتەیەکگرتوەکان. بەوەش نەیارانی کارای شەڕ، ئەوانەی تەنها بەمەبەستی رکبەرایەتی کردنی هەرشتێك وڵاتەیەکگرتوەکان بڕیاری لێدەدات دەستیان کردوە بەجوڵە، رەنگە ئەو ئۆپۆزیسیۆنە لەسەر ئاستی عاتیفە هەرس بکرێ، بەڵام سەرەرای ئەوەش پەرچەکردارێکی بێویستی ئەوتۆیە بەبی ئاگاداری خۆیان خزمەتی خراپترین جۆری سەرکوتکردنی پێدەکەن [12]. ئایا ئەوانەی بەرپرسیارێتی دەگۆڕن ئامانجی بابەتیان هەیە یا دەیانویست تاوانبار گەردن ئازاد بکەن؟ گۆڕینی بەرپرسیارێتی بەرژەوەندی چ لایەنێك دەکات ؟ ئەو روناکبیرانە بەشێوەیەکی ئاشکرا و بەمەبەست یا بەبێ مەبەست خزمەتی بەرژەوەندیەکانی دەستدرێژیکار دەکەن.

### 2 . سەدام وەك قوربانییەك

کاتێك کەسێکی وەك فەواز تەرابولسی بیرۆکەی سەدام "تەنانەت وەك قوربانیەکیش رازی بو رۆڵی تاوانبار وازیبکات" گەڵاڵە دەکات، ئیتر ئاستی گرەوکردن فراوانتر دەبێت. تەرابلوسی مەبەستی چییە ؟ ساڵی 1991 لەوتارێکدا دەنوسێت : "عراق لەدوای شەڕی ئێراندا بەهێزێکی ئەوتۆ هاتەدەرەوە کەدەیتوانی هاوسەنگی هێز لەهەرێمەکە بگۆڕێت، سەبارەت بەو دوو کۆڵەکە خۆجێیەی پەیوەندی بەباڵادەستی ئیمپریالیزمەوە هەبو : ئیسرائیل و میرنشینە نەوتییەکانی کەنداو، بۆیە پێویست بو هێزو توانای سەربازی و ئابوری لەناوببرێت و سەرۆکی عراقیش بەگرتنی کوێت وەڵامی دایەوە" [13]. بەوتەیەکی دی، سەدام رێگەی خۆکوژی سیاسی هەڵبژارد و گەورەترین ئارەزوی ئیمپریالیزمی ئەمریکی هێنایەدی. لێرەوە نکۆڵیکردن لەوەی هەر هێزێکی عەرەبی توانای دەست پێشخەری سیاسەتێکی سەربەخۆی هەبێت دەگاتە ئاستی پوچگەرایی.

بەپێی بەڵگەنامەکان، بەبچوکترینیانەوە، وڵاتەیەکگرتوەکان تادواسات سەدام حوسەینی لەناوچەکە بەهاوپەیمانێکی ستراتیجی زانیوە بەرامبەر بەئێران و نیازی پەراوێزکردنی دیکتاتۆری عراقی نەبوە تا هەمومانی بەداگیرکردنی کوێت سەرسام کرد. کەچی سەرەرای ئەوەش تەرابلوسی لەهێندێك نوسەرو روناکبیری دی دادوەرتر بوە، چونکە بەلایەنی کەمەوە بۆ ساتەوەختێك توانای هەڵبژاردنێکی راست و دەستپێشخەرییەکی سەربەخۆی پێبەخشیوە، هەرچەندە ئەو هەڵوێستەی پەرچەکردار بوە و داگیرکردنی کویتیشی بەهەڵە لەقەڵەم داوە. بەڵام لەکن هیشام ئەحمەد، یاریدەدەری پرۆفیسۆر لەزانستە سیاسیەکان لەزانکۆی نۆرس

داکوتا شتێکی لەوبابەتە بەدیناکەین. هیشام ئەحمەد پێی وایە وڵاتە یەکگرتووەکان لەپێش 2 / ئاب بریاری دابو عراق لەهەستی نەتەوایەتی داماڵێت و ناسیونالیستە چرۆکردۆکەیشی لەبەین بەرێت، بۆیە لەو بڕوایەدابو عراق بەگرتنی کوێت یا نەگرتنی هەر لێی دەدرا.

بەپێی بیرۆکەکەی هیشام لەهەمو حاڵەتێکدا رۆژئاوا عراقی وێراندەکرد، چونکە لەگەلێك سیناریۆدا بەهێز بو کە ناودارترینیان بریتی بو لەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان گێلەپیاوێکی عەرەبی بەناوی سەدام حوسەینەوە دروستکرد و بەرامبەر بەئێران کردی بەقەڵا (یا بۆ مەبەستی ئامانجە ستراتیجییەکانی دی ئیمپریالیزم)، ئنجا لەدوای ئەوەی دیکتاتۆری خۆجێی بریاری لابردنی درا ـ لۆجیکی پشت ئەم بۆچونە لەمێشکی لایەنگرانی ئەم ئەفسانەیە بەڵێڵی و نادیاری دەمێنێتەوە ـ دروستکراوەکەی خۆی کرد بەشەیتان و"بەهەرەشەیەکی گەورەی لەسەر جهان دادەنا"[15]. بێگومان زیادەرەوی لەهێزوتوانای لەرادەبەدەری عراق خزمەتی وڵاتە یەکگرتووەکان و دەوڵەتە هاوپەیمانەکانی دەکرد، بەڵام لەحاڵەتی نەبونی گفتوگۆ دەربارەی گەورەیی هەڕەشەی سەدام لەسەر ناوچەکە ـ بەتایبەتی عەرەبی ناعراقی ـ ئیتر ئەم خاڵە بۆ دژەکەی دەگۆڕێت و هەرکەسێك پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا ببەستێت دەبێت بەقوربانی.

لەبواری شیعریشدا شاعیری لوبنانی ئەنسی ئەلحاج دەنوسێت :"بێگومان داگیرکردنی کوێت هەڵەبو، حوکمی عراق بەدڵی ئازادیخواز و دیموکراتخوازەکان نەبو ... بەدڵنیاییەوە، بەدڵنیاییەوە". ئنجا دەربارەی ئەم پرسیارە نابەجێیەی لەسەر دادوەری گلەیی لەخۆی دەکات و دەڵێت : " لەواقیعدا ئەو پرسیارانە تەنها ساوێلکەیی و پوچی پاکیزەییمان لەسەردەمی ئەمریکا دەسەڵمێنێ کە سوکایەتی بەحەقیقەت و لاوازەکان دەکات. لەوەش زیاتر رقی لەرەسەنایەتی و خاوەن مێژوی دێرین دەبێتەوە، بۆیە زۆر گێل و گەلحۆین لەحیاتی ئەوەی بەرگری بکەین کەچی پرسیار دەکەین و ئازار دەچێژین". ئەنسی پێی وایە ئەمریکییەکان : "تەنها لەرێگەی هێزێکی ستەمکار و داگیرکارەوە دەجەنگن، بەڵام ئێمەی عەرەب لەخەیاڵدا جەنگ دەکەین و تەنها نەفرەت دەکەین و دەمرین" [16]. هەستکردنی مرۆڤ بەقوربانی بونی خۆی لەعەنزەروتێکی (بلسم) هێورکەرەوە دەچێت.

ئەنسی ئەلحاج بەرپرسی لاپەرەی کولتور لەرۆژنامەی " ئەلنەهار " ی لوبنانی و فرەنسی کولتور، یەکێکە لەو مەسیحییە لوبنانیانەی لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا بەشدارییەکی لەبەرچاوی لەتازەکردنەوەی فیکری عەرەبیدا هەبوە، بەڵام لەدوای شەڕی جهانی دوەمەوە لەگوتاری عەرەبی لایدا. بەپێی قسەکانی خۆی هۆگری بۆدلێر، ئەدگارئالان پۆ، بزوتنەوەی

سوریالیزم، پروتون، نۆفالیس، ئێلوار، واڵت ویتمان، چارلی چاپلن و هێنری میلەر بوە، کەچی هەر لەو وتارەی ناوی ئەو گەورە پیاوانەی تیاریزکردوە کە کاریگەرییان لەسەری هەبوە بەرپرسیارێتی و ئاکامی شەڕی ناوخۆی لوبنان دەخاتە ئەستۆی سیاسەتی میکافیلیانەی ئەمریکا و دەڵێت : "لەبازاری ئاڵوگۆڕ و گرێبەستدا دەمانفرۆشێت "کە" سەرکەوتنێکی گەورەی تۆمار کردوە لەوەی لوبنان بگەیەنێتە کاروانی وڵاتە نابوت و برسی و وێرانبوەکان، هەرچەندە لوبنان سەرباری زۆری گرفتەکانی گوڵی عەرەب و رۆژهەڵات بو"[17]. وەك ئەوەی لوبنانیەکان هیچ پەیوەندییەکان نەبێ لەوەی چ بەسەر وڵاتەکەیاندا هاتوە.

ئەم وتانە زیاتر لەنەخۆشییەکی کولتوری ئاگادارمان دەکاتەوە تا ئەو روداوە ترسناکەی ئەلحاج سروشی بۆ دەکات. ماکی هەمان نەخۆشیش لەبەسەرهاتی مەروان ئەرەندەس بەدیار دەکەوێت کەخوێندکارێکی جیدی زانکۆی ئوردون و سەربەهیچ رێکخراوێکی فەلەستینی نەبو. بەڵام لەوکاتەی شەڕی کەنداو لەوپەری دژواریدا بو، مەروان بەپێی پلانێی ورد لەروباری ئوردون و بەمەبەستی کوشتنی زۆرترینن ئیسرائیلی کارێکی خۆکوژی ئەنجامدا و خۆی و هەردوو برادەرەکەی کوژران بەبێ ئەوەی کەس بکوژن. خوێندکارێك لەساڵیادیدا لەهۆڵێکی قەرەباڵغ وتی: "بەلایەنی کەمەوە شتێکی کرد" [18].

بەدبەختانە ئەو زمانەی ئەلحاج بۆی گەڕاوەتەوە شوێن پێیەکی پتەوی لەکولتوردا هەیە. هەستکردنی مرۆڤ بەقوربانی بونی خۆی لەفۆرمێکی هونەری عەرەبی نوێ دەچێت بەبێ ئەوەی کەس بزانێت ترسناکترین داهێنانە بۆ لەناوبردنی هاوکاری لەگەڵ ئەوانی دی (ئەگەر زیاتر گەشەی پێبدرێت تەنانەت ئەگەری دامەزراندنی حکومەتی شەرعی لەناودەبات و لەهەمو کارێکی سیاسیش گومان جێگەی بڕواو متمانە دەگرێتەوە).

داگیرکردن و چەوسانەوەی فەلەستینیەکان لەساڵی 1948 ـ وە هۆکارێکی سەرەکی بەگشتیکردنی ئەم زمانە بو بەسەر کولتوردا. ئەم چەوسانەوەیە لەسیاسەتی عەرەبیدا لەکوورەی یەهودییەکان (هۆلۆکۆست) دەچێت لەسیاسەتی ئیسرائیلدا : دوو وێنەی پێچەوانەی یەکترن کەتیایە ستەمکاروچەوساوە لەگێژاوی گومانێکی گەورەدا کێبەرکێ دەکەن.

تراجیدیای مێژوی یەهودییەکانی ئیسرائیل و فەلەستینیە عەرەبەکان بوە بەجاڕنامەی وەفایەکی حاشاهەڵنەگر و رەگەزێکی گەوهەری ناسنامەیان پێکدەهێنێ. هەروەها هەمان ئەو هێزەی هەمو تایەفەکانی لوبنانی لەکاتی شەڕی ناوخۆدا دەبزواند ئەمرۆ لەنێو کورد و شیعەکانی عراقدا چالاکتر بوە، بەڵام دەبێ ناسنامە یادەوەری تێپەرێنێ تا لەزۆلکاوی رابردو

نوقوم نەبێت و نەبێتە دیدێکی ناتەندروست لەجهانبینیدا کەجێگەی ئێشوئازارەکانی ئەوانی دی تیانەبێتەوە. ئەگەر عراق لەدوای نەمانی سەدام حوسەین وەك کیانێکی سیاسی لەبەریەکهەڵوەشێتەوە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ بەهای سیاسەتی نوێی عەرەبی کە لەنەمانی هاوسۆزی لەگەڵ ئەوانی دی بەرجەستە دەبێت.

### 3 . سەدام وەك بیسمارك

رای گشتی ئوردون، فەلەستین و مەغریب لەکاتی قەیرانی کەنداودا پێیان وابو سەدام حوسەین وەك سەلاحەدین رزگارکارە [19]. کاتێك جەمال عەبدوئەلناسر رۆڵی رزگارکاری دەبینی، جاك بێرك دەیوت :"زانستی شوێنەوارناسی پاڵپشتی لەرزگارکردن دەکات" [20]. بەڵام جۆرج تەرابیشی وەرگێری بەرهەمەکانی فرۆید و ترۆتسکی ودانەری نزیکەی بیست کتێبی گرنگ، لێزانانە رونیدەکاتەوە چۆن ستەمکاری عراق بوە بەبیسمارکی عەرەب. جانوس دوو رووی هەیە : یەکێکیان وەك قوربانی لەجهان دەروانێت و رووی دوەمیان کەسێکی بەهێزو توانا و "مشتێکی ئاسنینی" هەیە (جانوس ـ یەکەم شای ئەفسانەیی دورگەی لاسیومی ئیتالیایە، خودای ساتورانس لەسەر میوانداری خەڵاتی کردوە و بەدوو روو زانستی غەیبی پێبەخشیوە. لەرۆما هەمیشە لەکاتی شەڕدا پەیکەرەکەی ئاواڵە بو، بەڵام لەکاتی ئاشتیدا دادەخرا ـ و ـ).

تەرابیشی لەدوای ئەوەی مێژویی یەکگرتنی ئەڵمانیا (لەسەر دەستی بیسمارك) وەبیر خوێنەرانی دەهێنێتەوە، بەردەوام دەبێت و دەڵێت :"روداوەکانی کەنداو (2/ئاب) هەڵبژاردنی نێوان یەکگرتنی ئۆتۆکراتی ودابەشبونی دیموکراسی نەبو، بەڵکو راستترە بڵێن هەڵبژاردنێك بو لەنێوان یەکگرتن و دابەشبون کە هەردوکیان مۆرکی ئۆتۆکراسیان هەڵگرتوە. بێگومان یەکگرتنی دیموکراسی هەزاران کەرەت لەیەکگرتنی ئۆتۆکراسی باشترە، بەڵام ئایا یەکگرتنی ئۆتۆکراسی بەلایەنی کەمەوە بۆ تەنها جارێکیش لەدابەشبونی ئۆتۆکراسی باشترنیە؟ کەواتە ئەوەی لەکەنداو رویدا، هەرچ شتێکی زاتی لەپشت بکەری وڵاتەکەیەوە بێت (عراق) ئەوا کارێکی نەتەوەییە" [21].

لێرەدا چەمکی عروبە پەیوەستە بەئارەزوی مرۆڤ "سەرکەوتوبێت بەسەر" یا " بەرزتر بێت لە " یا " گەورەتر بێت لە" مرۆڤێکی دی، بەڵام سەبارەت بەفەیلەسوفی مەغریبی محەمەد عابد ئەلجابری یا مێژونوسی تونسی هیشام جەعیت کەهەردوکیان رەخنەکردنی بەعس رەتدەکەنەوە، ئیتر مەسەلەی عروبە بەتەواوەتیو بەئاشکرا دەبێت بەکارێکی نائەخلاقی [22]. هەروەها هەمان شتیش لەسەر فیکری رۆماننوسی لوبنانی "ئەلیاس خوری" پیادە دەبێت کە زیاتر لەرێگەی کتێبی" الجبل الصغیر" ـ ەوە ناسراوە. ئەلیاس بەبیرۆکەیەکی سەرنجراکێش پاساو بۆ کردەوەکانی سەدام دەهێنێتەوە، بەوەی کوێت بەرلەوەی لەلایەن سەدامەوە داگیربکرێت وەك فەلەستین داگیرکرابو، چونکە دەستەڵاتدارانی سەروەت و سامانی

کوێتیان لەدەرەوەی وڵاتە عەرەبیەکان خستبوەگەڕ و سیاسەتی وڵاتە گەورەکانیان جێبەجێ دەکرد[23]. هەروەها خوری پێی وابو هێزی عەرەب ئەو کوێتەی گێرایەوە بۆ باوەشی عەرەب کە ئال ئەلسەباح داگیریکردبو.

لەکاتی شەڕی کەنداودا زۆرێك لەروناکبیرانی عەرەب بایەخی سەرەکیان بەم هێزە خاوە دەداو هەربەو پێیەش حوکمیان لەسەر شتەکانی دەوروبەریان دەدا. ئەمەش ناوەڕۆکی هێماگەری لێکچواندنی سەدام حوسەین بو بەسەلاحەدین یا بەبیسمارکەوە. پرەنسیپی پشت ئەم بیرۆکەیە بریتیەلە : سەروەری بەش (ئەو بەشە کوێت بێت یا گروپێکی ئەتنی وەك کورد یا هەر هاوڵاتییەکی عراقی دی) ملکەچی سەروەری گشت دەبێت (ئەو گشتەش عراقی سەدام حوسەین بێت یا یەکگرتنەوەی وەهمی عەرەب بێت کە لەدوارۆژدا دێتەدی). ڕێگە بەبەش نادرێت (کوێت یا هەر تاکێکی عراق بێت) داوای مافی خۆی بکات (نەلکێنرێت یا ڕێگەی پێبدرێت بەفیکری تایبەتی خۆی بیربکاتەوە). بەمشێوەیە سیاسەت وەك ڕێسایەکی باوی ناوخۆی عراق ناتوانێت سنوری عراقی دروستکراو ببەزێنێت و بەرەو وڵاتە عەرەبیەکان شۆربێتەوە (لەکوێتەوە دەست پێبکات)، بۆیە بەپێی ئەو گشتگیرییەی ناوعراق روناکبیران هەمو پێوەرێکیان لەدەستدا هەڵوەستەیەك لەئاست کوشتنی ئەو عراقیانە بکەن کە لەدوای شکستی ڕاپەڕینەکەیان بەدەستی سەدام دەکوژران.

نوسەری میسری فواد زەکەریا لەچاوپێکەوتنێکدا دەربارەی دەرس و پەندەکانی شەڕی کەنداو دەڵێت ؛ هیچ روناکبیرێکی عەرەبی نیشتەجێی رۆژئاوای نەدیوە " لەگەڵ سەدام حوسەین هاوسۆز نەبێت" و باس لەگفتوگۆیەکی نێوان خۆی و یەکێك لەو روناکبیرانە دەکات کەپێش شەڕی کەنداو ئەنجام دراوە : "بەردەوام ستایشی سەدام و کردەوەکانی دەکرد بەرامبەر بەرۆژئاوا"، لەدوای نیوکاتژمێر زیاتر لێم پرسی : تۆ دەڵێیت سەدام بەرامبەر بەرۆژئاوا کەسێکی خۆڕاگربوە و دەرسی داداون و نمونەی دەوڵەتێکی جهانی سێیەمە... بەڵام بەرگری لەچ مەسەلەیەك دەکات ؟ نەیتوانی وەڵامم بداتەوە، بۆیە بۆم رونبووە گرفتەکە لەوەڵامدانەوەی پرسیارەکە نیە، بەڵکو گرفتەکە لەوێدایە کەپێشوەخت بیری لەپرسیارێکی لەوجۆرە نەکردۆتەوە، ئەمەش کارەساتێکی گەورەیە. ئیعجابی ئەو روناکبیرە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی سەدام حوسەین دەجەنگێت، ئەمەش بۆ نمونە لەئیعجابی ئەو هەرزەکارانە دەچێت کاتێك دەبیستن دزێکی گەورە بەخۆی و چەکەکەی دەستییەوە بەرامبەر بە 200 پۆلیس خۆی راگرتوە. ئەوەش هەمان جۆری ئیعجابە بەبێ ئەوەی مرۆڤ هەڵوەستەیەك لەسەر ئەو راستیە بکات کە ئەو کەسەی خۆڕاگربوە جگە لەدزێك هیچی دی نیە[24].

تەرابیشی و جابری و جەعیت لەوجۆرە روناکبیرانە نین کە زەکەریا قسەیان لەسەر دەکات لەبەرئەوەی رکبەرایەتی کردنی رۆژئاوا هێزی بایەخ پێدان و دڵەراوکیان دروست ناکات. ئەگەر رۆژئاوا رەزامەندی لەسەرداگیرکردنی کوێت بکردایە رەنگە بەهەمان رادەی رکبەرایەتی کردنی رۆژئاوا پشتگیرییان لێی بکردایە و بەپێچەوانەی ئەو عەرەبانەی گومانی جیدییان لەسەر کردەوەکانی سەدام هەیە، بەڵام نەیاندەتوانی دارستان لەدرەخت جیابکەنەوە، چونکە ئەمریکا مەبەست بو. ئەو روناکبیرانە لەبێباکییانەوە بەرامبەر بەمافەکانی مرۆڤ وەك پێوەرێکی سیاسی لەکاروباری عەرەبیدا لە 2 / ئاب پشتگیریان لەکردەوەکانی سەدام حوسەین دەکرد. ئەو روناکبیرانە (کەسیان ئینتمایان بۆ حزبی بەعس نیە) ئایدۆلۆجیستێکی ئەوتۆن کە پشتگیری لەهەمو شتێك دەکەن بەو مەرجەی پاڵپشتی لەپرۆژەی یەکگرتنەوەی عەرەب بکات، تەنانەت ئامادەگیان تیایە پشتگیری لەبیسمارکە کۆپی کراوە تایبەتییەکەی خۆشیان بکەن کەلە "خوێن و ئاسن" پێکهاتوە و چەکی کیمیایی‌و ئەتۆمیشی هەیە، هەرچەندە ئاسنەکەی بۆ بەفیرۆدانی خوێنی عەرەب بەکاردەهێنێ.

### 4 . هێزی عەرەبی و سوپای سەدام

لێکچواندنی سەدام بەبیسمارك ـ وێنەیەکی کۆپیکراوی "موسەقەفانەی" سەلاحەدینی ئازیزە لەدڵی سەدام ـ لەسەر بنەمایەکی زۆر ترسناکتر بونیات دەنرێ تا بەتەنها پرەنسیپی مافەکانی مرۆڤ لەسیاسەتدا رەتبکرێتەوە. لێرەدا مەبەستم ئەوەیە هێزی سەربازی سەدام حوسەین بەشێوەیەك لەشێوەکان بەسەرچاوەی هێزی هەمو عەرەب دابنرێت، ئەمەش دیدوبۆچونی زۆربەی هەرەزۆری روناکبیرانی عەرەب بو، ئیتر چ ئەوانەی لەناوەوەی وڵاتە عەرەبییەکان یا دەرەوەی بون لەپێش و لەکاتی و لەدوای شەڕی کەنداودا.

لەو نمونە زۆرانەی دەشێت بۆ رونکردنەوەی ئەم خاڵە باسی لێوەبکرێ ئەو نمونەیە هەڵدەبژێرم کەلەهەمو نمونەکانی دی ناشیرینترە، ئەویش لەبەر بەرزی ئاستی هێندێك لەو روناکبیرانەی پەیوەندییان پێوەی هەیە. لەماوەی 27 ـ 29 /ئایار/ 1991، لەکاتی بەستنی دوەم کۆنگرەی قەومی عەرەبی لەعەمان بەحەوت هەزار وشە "بەیانێکی بۆ نەتەوە" تیادەرکرا، کەپڕ بو لەوشەی ئاسایی بێناوەرۆکی سیاسەتی عەرەبی : وەك پیلانی زایونیزمی جهانی، عەرەب هەڵگری پەیامی ئیسلامەتیە لەسەرتاسەری جهاندا، سەرباری دوپاتکردنەوە و راگەیاندنی نوێ، هەروەها لەبەیانەکەدا هاتوە" ئەم کۆنگرەیە نەك هەر گەشبینە، بەڵکو

دڵنیاشە لەوەی هەڵگری مێژویی دورودرێژمانە"... لەسایەی هەمو کوژراوە عراقی و بیرە نەوتە گڕگرتوەکانی کوێت دا جاڕدانی ئەم سەرکەوتنە مایەی گاڵتەجارییە[25].

ئەگەر واز لەم خاڵە بهێنین و جەخت بکەین لەسەر " لەناوبردنی هێزی سەربازی عراق و سەپاندنی کۆت و بەندی ناهاوسەنگ لەسەر گەشەکردنی هێزی سەربازی عەرەبی " لەلایەن رۆژئاواوە (لەگەڵ پشتگوێ خستنی ئەو شتانەی ئاماژە بە "پیلانی پێشوەختی " ئەمریکا دەکات) [26]. لەجاڕنامەکە تەنها سەرنج بدەن چۆن "تێکچونی هاوسەنگی سەربازی لەناوچەی عەرەبی "دەبێتە مایەی" باڵادەستی سەربازی ئیسرائیل بەسەر هێزی سەربازی عەرەبی دا ". ئایا ناکارایی سوپای عراق لەکاتی شەڕی کەنداودا سەرەرای گەورەیی قەوارەکەی (لە 7 ـ 10٪ کۆی دانیشتوانی عراق پێکدەهێنێ) دەریناخات بەهۆی سوپاوە خەوشێك لەناو عراقدا دروستبوە زۆر گەورەترە لەو خەوشەی لەوێرانکردنی خودی سوپا دەکەوێتەوە؟ بەیاننامەکە لەشومترین برگەیدا ئاماژە بەپێشکەوتنی پیشەسازی دەکات" وەك پێویستییەك بۆ روبەروبونەوەی مەترسیەکانی پاشەرۆژ، ئیتر لێرەوە بەشێوەیەکی تایبەت باس لەپێویستی سود وەرگرتن لەچەکە نائاساییەکانی عراق دەکات کە بەپێی بریاری نەتەوە یەکگرتوەکان دەبێ لەناویبەرێت، بەوەی زۆر بەخێرایی بۆ وڵاتە عەرەبیەکانی دی بگوێزرێتەوە، هەروەها بەمەبەستی تازەکردنەوەی هێزی وڵاتە عەرەبیەکان سود لەدەستکەوتەکانی پیشەسازی سەربازی عراق وەربگیرێت کەلەپێش شەڕی کەنداودا بەدەستی هێناوە"[27].

وادیارە ئەو بەرێزانە دەیانەوێت مامەڵە لەگەڵ بۆمبی ئەتۆمی و ئەو لێکۆڵینەوانە بکەن کە پەیوەندییان بەشەڕی بایۆلۆجی و چەکی کیمیاییەوە هەیە. ئەو بیرۆکەیەی لەپشت ئەم قسانەیە ئەوەیە : سوپای یەك ملیونی سەدام حوسەین ـ سەرباری رۆکێتی سکۆد و توانای بەرهەمهێنانی بۆمبی ئەتۆمی و چەکی کۆکوژی ـ بەشێوەیەك لەشێوەکان هێزێکی راستەقینەی عەرەب پێکدەهێنێ لەدژی "دوژمنی زایۆنیزم". ئەو عەرەبانەی بەم هێزە چەکداربون چاوەروان بون دەربارەی مەسەلەی فەلەستین تەنازول بەئیسرائیل بکرێ.

بەرپرسیارێتی ئەم سوپایە پشتگوێ دەخرێت کە سالی 1958 ژیانی سیاسی پارلەمانی لەعراق لەناوبرد و چاوپۆشی لەسوپاکەی سەدام حوسەین دەکرێ کەلە دەساڵی رابردودا نەوەیەکی لەعراقیەکان بەتەواوەتی لەشەڕێکی کاولکارانەدا بەرەومردن پەلکێش کردوە، هەروەها خۆهەڵەکردنە لەئاست سوپایەك کەهیچ کاتێك جگەلە دژایەتی کردنی عراقیەکان و بەتایبەتی کورد کارێکی دی نەکردوە.

ئەو بیرۆکە ساختەیەی لەسەر هێز هەیە بیرۆکەیەکە پێمان دەڵێت بەشێوەیەك لەشێوەکان دەتوانین هێز بەچەك بونیات بنێین، بیرۆکەیەك ماوەیەکی دوورودرێژە بەلایەنی کەمەوە لەساڵی 1967 ـ ەوە بوەبە تەوەری سیاسەتی عەرەبی و تاقیدەکرێتەوە و خاڵەلاوازەکانیشی بەدیارکەوتوە، لەگەڵ دەستبەرداربون لەو ئەرکەقورسەی کە ئەم هێزە لەوزەی بەرهەمهێنی داهێنەرانەی خودی کۆمەڵگەوە بەدەست دەهێنرێ. ساڵی 1991 ـ یش ئەم بیرۆکەیە بەرجەستەیەکی نمونەیی لەمیکانیزمی سەربازی سەدام حوسەین پەیدا کرد، بەڵام سەدام حوسەین، جەمال عەبدئەلناسر نەبو کە بەلایەنی کەمەوە جەماوەرێکی راستەقینەی هەیو، رەتیدەکردەوە واز لەبیرۆکەی هێزی خێڵ ـ ناسیونالیزم بهێنێ کەجگەلە کلۆڵی و توندوتیژی هیچی دی بۆ رۆژهەڵاتی ناوەراست نەهێناوە.

رێکخەری سەرەکی کۆنگرەی ئایاری / 1991، خەیرەدین حەسیب بو، کەهەر خۆیشی دینەمۆی کۆنگرەی پێشو بو لەسەر " قەیرانی دیموکراسی لەنیشتمانی عەرەبی" و لەساڵی 1984 یشدا موداخەلە و لێکۆڵینەوەکانی بەهەمان ناونیشان لەکتێبێکی قەوارە (900) لاپەرەییدا بڵاوکردەوە. بەمەبەستی لێکۆڵینەوە و گفتوگۆکردن لەسەر مەسەلەی بەربەستە کردەییەکانی بەردەم هێنانەدی دیموکراسی لەنیشتمانی عەرەبی لەماوەی (5) رۆژدا چاوپێکەوتنی لەگەڵ زیاتر لە (100) بیریار و ئەکادیمی سیاسی لیبراڵی عەرەبی کرد (سەرباری لێکۆڵینەوەی تایبەت لەسەر چەند وڵاتێکی عەرەبی).

لەدوای ئەوەی وڵاتە عەرەبیەکان رازی نەبون میوانداری لەئەندامانی کۆنگرە بکەن، کۆنگرەکە لەقوبرس بەسترا، بۆیە دەبوایە ئەم رەفتارەی وڵاتە عەرەبیەکان زیاد لەپێویست لەکۆنگرە بوروژێنرایە. لەراستیدا کۆبونەوەکان تەنها موداخەلەیەك یا دوو موداخەلەی رەخنەیی لەدژی رێوشوێنی وڵاتە عەرەبیە هاوچەرخەکان تیابو. ئەو موداخەلانەش بەگشتی بەزمانێکی تیوری زۆر تەمومژاوی بو، زمانێك بەخراپی باسی لەهیچ دیکتاتۆرێك نەدەکرد. بەشداربوان کەسیان قسەیان لەسەر پێشێلکاری وڵاتەکەی خۆیان نەکرد، بەڵکو زۆربەیان هەوڵیاندەدا بیسەلمێنن دیموکراسیەکی نوێ یا شتێکی لەو بابەتە لەکەلەپوری عەرەبی ـ ئیسلامیدا بونی هەیە. ئامادەبوان لەسەر یەکگرتنەوەی عەرەب تەبابون، هەرچەندە هێندێك لەبەشداربوان رای جیاوازیان هەبو لەسەر ئەو شێوازە دیماگۆگیانەی لەرابردو ئەو مەسەلەیەی پێ گەڵالەکراوە، بەڵام کەس خۆی لەقەرەی ئەو دیدوبۆچونە ئەخلاقیە جیاوازە نەدا کەپێویست بو هاوڵاتیانی عەرەبی پێگۆش بکرێ وەك سەروەری تاکەکەس یا سەروەری

دەوڵەت، تایبەتمەندی کەسێتی، لێبوردن، مافی چارەی خۆنوسین، یا بارودۆخی کەمە نەتەوایەتییە ناعەرەبەکان. ئەو شتانەش بەتەبەنی کردنی چەمکی ئازادییەك دێت کەبەتەواوەتی جیاواز بێت لەو چەمکەی بەدرێژایی سەردەمی نوێ لەگوتاری عەرەبیدا باڵادەست بوە.

پێشەکی کۆنوسی کۆنگرەکە سوربو لەسەر ئەوەی دواکەوتویی ڕیژیمە عەرەبیەکان لەروبەروبونەوەی شەڕئەنگیزی ئیسرائیل سەرەکیترین هۆی بابەتیە بۆ ئەوەی مەسەلەی دیموکراسی زیاتر سەرنج رابکێشێت. بەڵام دروشمی خۆسازدان "هەمو شتێك لەپێناوی شەڕ" لەدژی ئیسرائیل کەزۆرجارانیش لەرابردو بەکارهێنراوە بۆ ناوبردنی ئازادی تاکەکەس یا ئازادی جیاوازی و جموجۆڵی تاکەکەس بوە. ئەم فۆرمە کۆن و بێگیانە لەسەر مەسەلەی عەرەب ـ ئیسرائیل هەمیشە تاقیکردنەوەیەك بوە رادەی گرنگیدانی راستەقینە بەدیموکراسیەت ئاشکرا دەکات، بۆیە تا "قەیرانی دیموکراسی" لەوڵاتانی عەرەبی بە" دژایەتی کردنی ئیسرائیل" ببەسترێتەوە، یەکسەر تێدەگەین هیچ شتێك لەسیاسەتی عەرەبی بەرەو باشتر ناگۆڕێت. دەرئەنجامی حەتمی ئەم سیاسەتەش ئالودەبونە بەچەکی کۆکوژی و سەرکردەی وەك سەدام حوسەینەوە.

لەدوای شەڕی کەنداو لەتارێکی ئەزمونی عراقەوە دیدێکی جیاواز لەسەر هێز و دیموکراسیەت سەریهەڵدا. بەڵگەنامەی (91) هەڵمەتی ئیمزا کۆکردنەوە بو، تاکو ئێستا بەسەدان نوسەرو هونەرمەند و ژن و پیاوی عراقی لەهەمو ئاست و پسپۆرییەك ئیمزایان کردوە. بەڵگەنامەکە پشتگیری لەهەڵوەشانەوەی خزمەتی بەزۆری سەربازی دەکات و داوادەکات بودجەی سەربازی تا لە 2٪ داهاتی نەتەوەیی عراق کەمبکرێتەوە، سەرباری ئەوەش دەربارەی جەنگ دەڵێت :

" هێزی راستەقینە هەمیشە لەناوخۆوە سەرهەڵدەدا، ئەو هێزە بەرهەمهێنەی لەتوانا داهێنەرە کولتورییەکانی میللەت خۆی دەنوێنێ. هێز لەکۆمەڵگەی مەدەنییە نەك لەسوپا و دەوڵەت. هەمیشە سوپا هەڕەشە لەدیموکراسیەت دەکات و کۆمەڵگەی مەدەنی لاواز دەکات و لەسەر حیسابی کۆمەڵگەی مەدەنی قەوارەی گەورەتردەبێت ... ئەمەش لەعراق رویدا".

هەروەها " بەڵگەنامەی 91 " داوادەکات لەهەر دەستورێکی نوێی عراقدا پێویستە لەمادەی یەکەمیدا دانبنرێت بە :

"بەرخوازی ( طموح) راستەقینەی میللەتی عراق لەهێنانەدی ئاشتی نێودەوڵەتیدا پشت بەدادوەری ونەزم ببەستێت بۆ هەتاهەتایە دەستبەرداری شەڕدەبێت وەك مافی سەروەری

نەتەوە، هەروەها واز لەهەڕەشە یا بەکارهێنانی هێز دەهێنێت وەك ئامرازێك بۆ چارەسەرکردنی کێشە نێو دەوڵەتیەکان و ماف بەدەوڵەتی عراق نادات شەڕ هەڵایسێنێ"[29].

## 5 . وەهمی " گرێدان "

لە 12 / ئاب / 1990 عراق پلانێکی بەناو ئاشتی پێشنیاز کرد کەلەسەر بیرۆکەی " گرێدان" یا کشانەوەی هاوکاتی عراق لەکوێت و ئیسرائیل لەناوچە داگیرکراوەکان و سوریا لەلوبنان بونیات نرابو. ئەم پلانە بەرووکەش زۆرینەی روناکبیرانی عەرەب بەشێوازێکی ژیرانەیان دەزانی بۆ دامرکاندنەوەی ئاگری قەیرانی کەنداو، تەنانەت باشترین بیریاری رەخنەگری عەرەب پێی وابو بەشێوەیەك لەشێوەکان (بۆ نمونە بیرۆکەی کشانەوەی ئیسرائیل لەکەناری رۆژئاوا و کشانەوەی عراق لەکوێت) چارەسەرێکی داهێنەرانەی کێشە تێکچڕاوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست بو. ئیبراهیم ئەبو لەغد، مامۆستای زانستە سیاسیەکان لەزانکۆی نۆرسوسترن لە ولایەتی ئیلینۆی ئەمریکا و ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانی فەلەستین، پاساوێکی نمونەیی بۆ ئەم پلانە دەهێنێتەوە. فەلەستینییەك ئەو پاساوە دەهێنێتەوە کەئەزمونێکی دورودرێژی لەبواری خیانەتی عەرەبی بەرامبەر بەخەونی فەڵەستینیەکان هەیە، بۆیە مایەی دڵەراوکێیەکی زۆرە کەسێکی وەك ئەبو لەغد بنوسێت عراق بەپێی پرەنسیپ و رێسای پەیوەندییە نێودەوڵەتی و یاسا نێودەوڵەتیەکان پلانی گرێدانی گەڵاڵەکردوە، ئەمە لەکاتێکدا ئیدارەی بوش گاڵتەی بەدەربەست بونی عراق دەهات بەرامبەر فەلەستینیەکان. ئەبو لەغد پێش کەسانێکی رەشبینی گاڵتەجاری وەك من دەکەوت لەوەی خۆپەرستی لەو"پلانی ئاشتی" یە هەبێت، بەڵکو پێچەوانەکەی بەراست دەزانی. بەبۆچونی ئەبولەغد حەقیقەت پەیوەستە بەپاڵپشتی مێژویی عراق بەرامبەر بەفەڵەستینیەکان، ئەوەش پێچەوانەی "نیازی راستەقینەی ئەمریکیەکانە" ئەم نیازە چییە؟ " ئیفلیجکردن و لاوازکردنی هەر هێزێکی عەرەب ئەگەری ئەوەی لێبکرێت بۆ بەرژەوەندی عەرەب بەکاربهێنرێ" [30].

محەمەد حەلاج، بەریوەبەری نێوەندی پەروەردە و لێکۆڵینەوەی فەڵەستینی لەپایتەختی ئەمریکا، لەوەش زیاتر رۆیشتوە. رژێمی سەدام نەك هەر مایەی خۆشگوزەرانی عەرەب، و خاوەن هەڵوێستێکی حاشاهەڵنەگر بو بەرامبەر بەفەلەستین، بەڵکو هەڵسانەوەی عراق وەك هێزێکی سەربازی "پێداویستیەکی عەرەبی بو لەداهێنانی بەربەستێکی عەرەبی بەرامبەر

بەئیسرائیل ...عراق تاکە وڵاتی عەرەبیە لەشەڕی 1948 ـ ی نێوان عەرەب وئیسرائیل تا هەنوکە ڕێکەوتنێکی هەمیشەیی لەگەڵ ئیسرائیل مۆرنەکردوە، بۆیە لەدیدی فەڵەستینیەکانەوە عراق بەگرێدانی ڤەیرانی کەنداو بەمەسەلەی فەلەستینەوە تەنها سەرپۆشێك نەبو بۆ بەرزخوازە (طموح) ناوچەییەکانی" [31].

لەوکاتەی ڤەیرانی کەنداو لەوپەڕیدابو لەکۆبونەوە گشتی و وتاری ڕۆژنامەکاندا ئەم وشانە دوبارە دەکرانەوە. بەوتنەوەی لەسەریەکی ئەو وەهمانە تورە دەبوم. بەردەوام پرسیارم دەکرد بۆ خاتری خودا چ خەوشێك هەیە ؟ ئایا خوێنەران و سەرنوسەری ڕۆژنامە ناودارەکان ئاگایان لەمێژوی خۆیان نیە ؟ کام ڕیژیمی عەرەبی بچوکترین جموجوڵی لەپێناوی مەسەلەی فەلەستیندا کردوە یا ڕاشکاوانەتر ئەم ڕیژیمە دڕندانە کامیان لەسەر ئاستی ئەخلاقی شایانی ئەوەنین گلەییان لێبکرێ ؟

بەخۆمم دەوت چ ڕودەدا ئەگەر خودی فەڵەستینیەکان بیرۆکەی گرێدان ڕەتبکەنەوە کەعراق پێشنیازیکردوە ؟ ئەو کاتە چەمکێکی تایبەت بۆ گرێدان دادەهێنن، چەمکێك گەورەترین خسڵەتی پابەندنەبونە بەخواستە فراوانخوازییەکانی دەوڵەتێکی تاوانبارەوە. ئەگەر روناکبیرە فەلەستینیەکان خواستە کردەییەکانی عراقیان بەتەواوەتی ڕەتکردایەتەوە، ئەوا بەرەنگارییەکیان بۆ جهان دەخوڵقاند کە داگیرکردنی ناوچەعەرەبیەکان لەلایەن ئیسرائیلەوە ڕەتبکاتەوە، ئەوەش بەپێشکەشکردنی نمونە نەك بەئامۆژگاری ئەخلاقی بێناوەرۆك. ئەو کاتە پایەی فەلەستینیەکان لەگفتوگۆکانی ئاشتی لەرۆژهەلاتی ناوەراستدا زۆر لەئێستای باشتر دەبو. بەلاَم روناکبیرانی فەلەستینی لەجیاتی ئەو هەڵوێستە یەك لەدوای یەك بەجهانیان رادەگەیاند تاکو دونیا کار بەدووفاقی بکات، ئەوانیش هەمان شێواز دەگرنەبەر و ئەوەشیان زۆر لێزانانە دەکرد. ئنجا گەوهەری بنەرەتی ئەخلاقی لەرەوایەتی کێشەکەیان و تاکە هێزی ڕاستەڤینە کەلەبەرژەوەندییان بێت لەسەر سینییەك پێشکەش بەسەدام کرا.

بەلاَم سەدام لەپێش پرۆسەی گرێدان جەماوەرێکی زۆری لەنێو فەلەستینیەکاندا هەبو، ئەوەش لەگوتارە بەناوبانگەکەی 2/نیسان/1990 ـ ەوە دەستی پێکرد کەتیایە قسەی لەسەر "سوتاندنی نیوەی ئیسرائیل دەکرد"، سەدام لەو قسانەی مەبەستی رۆکێتی دوورهاوێژ بو ( دوو هەزارمیل ) کەساڵی 1989 پەرەپیێدابو، ناوی تەموز یا سەنگگڵی پۆلەمەلی لێنابو. رۆژنامەکانی ئەو دەمەی عراق بەردەوام ئاماژەیان بەوە دەکرد کەعراق بەچەکی کیمیایی وەلاَم دەداتەوە ئەگەر ئیسرائیل هێرشێکی تەقلیدی بکاتە سەر عێراق (وەك پەلامارەکەی ئیسرائیل لەساڵی 1981 بۆ سەر دامەزراوە ئەتۆمییەکەی عراق).

لەراستیدا پەرۆشییەکی زۆر جهانی عەرەبی گرتبووە (بەسعودی و کوێتیشەوە)و بەراپەڕینێکی سەربازی عەرەبی ئەوتۆ دادەنرا کە سەرەنیزەکەی سەرۆکی عراق بێت.

بەهاتنی مانگی تشرینی یەکەم/1990 هەستێکی روانگەیی ( رؤیوی) قودسی رۆژهەڵاتی گرتەوە، بەپێی قسەکانی بەریوەبەری فوتابخانەیەکی فەلەستینی" وەك ئەوەی بەبێ خواست و ئیرادەی ئێمە کاری زۆر مەزن لەچواردەورمان روبدات" [32]. دوو کۆپتەری ئەمریکا لەسەر بیانبانی عەرەبستان بزربون و "یەکسەر هەمو دراوسێکان ئەو روداوەیان بەئاماژەیەکی ئاسمانی وەسف کرد". ئەو فەڵەستیانەی لەسعودی دەگەڕانەوە دەیانوت بەچاوی خۆیان پۆلەباڵندەیان دیوە سەرلەنوێ لەسەر مزگەوتی مەکەی پیرۆز پۆلیان بەستبو، ئەو باڵندانەی "بەسەنگ بارانکردنی"[33] خێڵەکانی حەبەشە مەکەیان لەکاولکاری رزگارکرد. سەدام حوسەین ئەو خەیاڵ و وێنانە لەزەینیدا ئامادەگیان هەبو کاتێك رۆکێتە تازەکەی ناولێنا "سەنگگڵی باڵندە ـ حجارة ابابیل ". فەڵەستینیە ساکارەکان پێیان وابو شتێکی گەورە رودەدا و جۆرج بوش ـ یش بەسزای خۆی دەگات لەبەر ئەوەی وێرایەتی بەرنگاری سەلاحەدینی نوێی عەرەب بێتەوە. لەکۆتاییدا کاتێك سەدام حوسەین لەماوەی شەڕی کەنداودا بە بەردە بالگرتوەکانی ئیسرائیلی بەردەبارانکرد ـ لەرووی سەربازییەوە رۆکێتێکی ناکارایە ـ ئیسرائیلیەکان بەرەو پەناگە رایاندەکرد، ئەمە لەکاتێکدا فەڵەستینیەکان چاوەروانی شاوری ئاگاداریان دەکرد بۆ ئەوەی بەپەلە و بەدەم چەپڵەلێدان و مۆسیقاژەنینەوە بەرەو سەربان رابکەن، سەرەرای ئەوەی لەوانەبو رۆکێتەکان لەیەککاتدا بکەوێت بەسەر عەرەب و یەهودییەکاندا.

ئەمەل ئەبو ئەلعەبد ( ناوێکی خوازراوە )، ژنە فەلەستینیەکی بەکولتور رۆژئاواییە و لەساڵی 1948 ـ دوە خێزانەکەی بەرەو تاراوگە رایکردوە، لەیادەوەرییەکانیدا بەناوی "نامەیەك لەکەناری رۆژئاواوە" ئەم سەردێرانەی لەسەر جەنگ یاداشتکردوە :

"شەمس، لەرۆژی سێ شەممە، 11 / شوبات و کاتژمێری 1ر27 بەیانی خەبەری کردمەوە ... شەمس لەدەنگی شاور و دەنگەدەنگی شادمانی ـ شاور و هەڵهەڵە ـ بەخەبەر هاتبووە. هێندێك کەس هەستدەکەن ئەو رەفتارە، رەفتارێکی ناپەسەندە، بەڵام مەسەلەکە بەوشێوەیە نیە ئەگەر لەناوکۆی "سیاق" خۆی تەماشابکرێت، چونکە ئەو شادمانیە بەومانایە نەبو ئاواتەخوازبین ئیسرائیلەکان ئێشوئازاریان پێبگات، بەڵکو بەو مانایەی هەست بەو ئێشوئازارو مەینەتیە زۆرە بکەن ئەگەرچی هەستێکی زۆر کەمیش بێت کەماوەی 45 ساڵە

بەسەر فەلەستینی و لوبنانیەکانی دەهێنن. ئەم شادمانیە گوزارشت لەبەختیاریان دەکات بەوەی بەلایەنی کەمەوە سەرکردەیەکی عەرەب توانیویێتی پەلاماری ئیسرائیل بدات، ئەمە لەکاتێکدا ئێمە واراهاتوین پەلامار بدرێن.

رۆژی شەممە، رێکەوتی 23 / شوبات ... لەپێش کاتژمێری (7) شاوری ئاگادار کردنەوە لێدراو لەکاتێکدا رۆکێتەکان بەئاسمانی شاردا ویزەیان دەهات، گویێت لەدەنگی خۆشی و فیکە و هاواری " اللەاکبر" دەبو.

رۆژی یەکشەممە، رێکەوتی 24 / شوبات، دانیشتوانی کەناری رۆژئاوا پێیان وابو سوپای عراق بەلایەنی کەمەوە شەش مانگ بەرگری دەکات، رەنگە ماوەیەکی زیاتریش بەرگری بکات ئەگەر کەرەستەی شەڕی دەست بکەوێت.

رۆژی سێشەممە، رێکەوتی 26 / شوبات ... نازانم چۆن وەسفی دڵتەنگییەکەم بکەم کاتێك لەکاتژمێری 3ر30 بەیانی گوێم لێبو عراق لەکوێت دەکشێتەوە و داوای ئاگربەست دەکات و هێزی هاوپەیمانانیش بەبۆردومانی قورسی شاری بەغدا و هێزە کشاوەکەی عراق وەڵامی دەداتەوە"[34].

بەدرێژایی شەڕی کەنداو حاڵەتێکی تەواو ناواقیعی لەخۆشییەکی بیتام و نائومیدی تێکەڵ بەخورافات باڵی بەسەر هەمو چین و توێژەکانی فەڵەستیندا کێشابو. نەجیب ئەبو روقییەی فەلەستینی، مامۆستای قوتابخانەیەکی ناوەندی ئیسرائیلی دەڵێت : " لەدوای ئەوەی سەرۆکی عراق دڵنیابو لەوەی کەهێزی غەیبی لایەنگری لێدەکات راپۆرت لەسەر پەرجو (موعجزە) زیادیدەکرد. جوتیارەکان گوێیان لەمریشك دەبو ئایەتی قورئانی دەخوێند و بەزۆریش دەوترایەوە روخساری سەدام لەسەر مانگ بینراوە. لەسەرتاسەری ئیسرائیلدا موسلمانەکان شێلگیرانە ئەدەبی سۆفیگەرایی و توندرەوی ئاینیان تاوتوێ دەکرد... پێشبینیەکان زۆرێك لەخەڵکی گەیاندە لێواری شێت بون"[35].

بەڵام ئەوانەی خراپەیەکی گەورەتریان کرد فەلەستینیە ساکارەکان یا خەڵکانی لەبابەت ئەمل ئەبو ئەلعەبد نەبون کەبەلایەنی کەمەوە لەگەڵ هەست و سۆزی خۆیاندا راستگۆبون، بەڵکو ئەو روناکبیرە عەلمانیە کۆسموپۆلیتە چالاکانەبون کەلەپەیمانگە ئەکادیمی و دەزگاکانی لێکۆلینەوەی رۆژئاوا دەرچوبون، ئەوانەی بەناوی تیورەی "دژایەتی کردنی" ئیمپریالیزمەوە پشتگیریان لەعراق دەکرد، جگەلە وەلید خالیدی لەزانکۆی هارفۆرد فەلەستینیەکی لەبەرچاوی دی وڵاتە یەکگرتوەکانم لەیاد نیە ـ لەنێو زۆرێك لەوانەی لەم وڵاتە نیشتەجێ بون ـ کەبەلایەنی کەمەوە بەئاشکرا ملکەچی خراپترین جۆری بزرکاندنی ئەفسانەی ناسیونالیستی

نەبو (زۆرێك لەفەلەستینیەكان لەگفتوگۆ تایبەتەكانی خۆیاندا بەئاشكرا دەیانوت هیچ وەهمێكیان لەسەر سەرۆكی عراق نیە، بەلاَم هەستیاندەكرد راگەیاندنی ئەو رەخنانە لەكاتی شەڕی كەنداودا خیانەتێكی نیشتمانیە). سەدام كوێتی داگیركرد و پسپۆرانی سیاسەتی عەرەبیش یەكسەر قەناعەتی خۆیان دەربری كە بەو هێزە "عەرەبی"ی بۆرە سەرەخۆشیكیان لەسەر شێوەی تەنازولاتی ئیسرائیلی لێدەكات. روناكبیران بەمجۆرە بیریان لەتێكۆشان لەدژی ئیسرائیل دەكردەوە، بۆیە مرۆڤ نازانێت ئەو وەزعە مایەی پێكەنینە یا گریان.

بەلاَم لەناو ئیسرائیلدا بەلایەنی كەمەوە فەلەستینیەك دوروبو لەقاوەقاوی دەوروبەری. ئەمیل حەبیبی نوسەری تەمەن حەفتا ساڵە و لەدایك بوی حەیفا بەئاشكرا بیرۆكەی گرێدانی شەرمەزاركرد كەسەدام پێشنیازی كردبو، چونكە پێی وابو تەنها یەك گرێدانی لێدەكەوێتەوە ئەویش گرێدانی كێشەی فەلەستینیە بەچارەنوسی سەركردایەتی عراقەوە [36]. هەروەها حەبیبی سەركردایەتی سیاسی فەلەستین و روناكبیرانی عەرەبی لەچاندنی تۆی وەهم دەربارەی سەدام حوسەین لەمێشكی فەلەستینیە ساكارەكان بەبەرپرس دەزانی[37].

شارەزایی حەبیب وەك سیاسەتمەدارێكی ناو فەلەستین / ئیسرائیل لەشۆرشی 1936 ـ 1939 فێری كردبو لەناخەوە رەشبین و بەگومان بێت دەربارەی هەر هەوڵێكی ریژیمە عەرەبیەكان بۆ پشتگیریكردنی كێشەی فەڵەستین : "هەرجارەی ئیسرائیل دەخرێتە سوچێكەوە و گۆشەگیردەكرێ و خەریكە تەنازول دەكات، كەسێكمان لێهەڵدەكەوێت كەئێمە لەفەرهەنگی فەلەستینیدا بەسەرفرازی عەرەبی ناوزەدە دەكەین". حەبیبی لایەنگری لەدابەشكردنی فەلەستین دەكرد كە نەتەوەیەكگرتوەكان لە 29 / تشرینی دوەم / 1947 بریاری لەسەردابو، ئەو هەڵوێستەی لەودەمەدا بە "خائین" ناو زەدە دەكرا و لەوانەش بو ببێتە مایەی لەدەست دانی ژیانی، هەروەها لەو بروایەبو سوپای عەرەبی لەساڵی 1948 ـ ەوە شەڕی لەپیناوی دامەزراندنی دەوڵەتی فەلەستین نەكردوە "بەڵكو پێچەوانەكەی راستە، سوپای عەرەب بۆ رێگەگرتن لەدامەزراندنی دەوڵەتێكی فەلەستینی شەڕی هەڵایساند، بۆیە لەوساتەوە ریژیمە عەرەبیەكان مەسەلەی فەلەستین بۆ پیلانە تایبەتیەكانی خۆیان و بۆجۆشدانی شەڕی عەرەب دەقۆزنەوە"[38]. هەروەكو حەبیبی دەڵێت لەساڵی 1991 ـ یشدا سەرفرازی عەرەبی لەشێوەی"سوارەیەكی ئەسمەر لەسەر ئەسپە سپیەكەی "بەدیاركەوت" [39].

شێوە ئاڵۆزەکانی ئەمجۆرە خورافات داهێنانە هیچ کاتێك حەبیبی لەخشتەنەبرد، چونکە هەمیشە درۆ و فروفێڵی ریژیمە عەرەبیەکانی دەربارەی مەسەلەی فەلەستین دەبینی، بەڵام تەنها بەقسە نەیدەوت لەبەرئەوەی لەودیوی روداوەکان تێدەگەیشت ـ بێگومان هەمو کەسێك ئیدعای ئەو توانایەی دەکرد ـ بەڵکو لەواقیعدا هەڵوێستێکی سیاسی گونجاوی وەردەگرت، هەرچەندە دەبوە مایەی گۆشەگیرکردنی. حەبیبی پێی وابو هەر فەلەستینیەك بەهەر شێوەیەك پلانی "گرێدانە" پێشنیاز کراوەکەی سەدام قبول بکات دەمودەست لەهێزو تەوژمی دیموکراسی وڵاتپاریزی فەلەستینی کەمدەکاتەوە [40]. حەبیبی بەپێچەوانەی ئەبو لەغد و حەلاجەوە زۆر بەجوانی هەستیدەکرد کەنابێت هیچ دیموکراسیخوازێکی راستەقینەی فەلەستینی قبول بکات ئەو بەهایە لەدەست بدات تەنها لەبەرئەوەی لەدامەزراندنی دەوڵەتێکی فەلەستینی نائومێد بوە. حەبیب بەدەنگێکی بڵند قسەیدەکرد، ئەگەر چی قسەکانی مەترسی لەسەر ژیانیشی هەبو، بۆیە بەئاشکرا رایدەگەیاند ئەو چارەسەرەی سەدام بۆ نائومێدی فەلەستینیەکان پێشنیازی کردوە لەخودی نائومێدییەکە زۆرخراپترە.

گرەوکردن لەسەر ئەو مشتومڕەی نێوان کەسێکی وەك حەبیب و روناکبیرەکانی دی بەرادەیەك بەرزە دەگاتە ئاستی گەوهەری سیاسەتی فەلەستینی. هەروەها گرەوکردن پەیوەستە بەناکۆکی نێوان فەلەستینیەکانی ناو ئیسرائیل و فەلەستینی ناوچە داگیرکراوەکانەوە کەلەسەر ئاستی سیاسی کەسایەتی تازەدەرکەوتوی وەك حەنان عەشراوی و فەیسەڵ ئەلحوسەینی نوێنەرایەتی دەکات، لەروبەروبونەوەی ئەوانەی دەرەوە، ئەوانەی تاکوئێستاش بەشێوەیەکی ناچونیەك لەدەوری رێکخراوی رزگاریبەخشی فەلەستین و یاسر عەرفات کۆبونەتەوە. ئەم دابەشبونە هەڵبژاردنی دوو چەمکی سەرەکی بۆ ئازادی لێدەکەوێتەوە.

هەرچەندە ئەم کارە نامۆ دیارە، بەڵام دەوڵەتی بەعس و زۆربەی روناکبیرانی عەرەب راستگۆیانە هەستیان دەکرد لکاندنی کوێت بەعراقەوە درێژکراوەی سەرجەم ئازادی نەتەوەی عەرەبە. گوتاری عروبە و وڵاتپارێزی فەلەستینی دژ بەئیمپریالیزم پێکەوە بەپێی بابەتی گەڵاڵەکراو لەچواردەوری بیرۆکەی رزگاربون لەئیمپریالیزم یا زایۆنیزم دەسوڕێتەوە ئەویش لەپێناوی یەکگرتنەوەی گشتێکی دەستکردی دابەشکراو (نیشتمانی عەرەب) یا ئەو دەوڵەتەی دەبێت دابمەزرێت (بۆ نمونە دەوڵەتی داهاتوی فەڵەستین لەناوچە داگیرکراوەکان)، بۆیە لەسەر عاشقانی ئازادی پێویستە لەهەمو شوێنێك پشتگیری لە لەکاندنی کوێت بکەن ـ بەبۆچونی تەرابیشی کارێکی رەوایە ـ بەپێی ئەم تێروانینە سروشتی ریژیمەکەی سەدام حوسەین و

ئەوەی بەسەر کوێتیەکاندا هاتوە شتێکی لاوەکیە، تەنانەت لەو کاتەشدا کە ئەو روناکبیرانە لەگفتوگۆ تایبەکانی خۆیاندا قێز لەم ریژیمە دەکەنەوە ـ من دڵنیام کەسێکی وەك ئەبولەغد ئەم کارە دەکات ـ پشت بەستنیان بەم چەمکی نەتەوایەتیە رونیدەکاتەوە بۆچی بەئاشکرا و بەبێ هیچ دودڵییەك لایەنگری لەم ریژیمە دەکەن[41].

ناسیونالیسەتەکان پێیان وایە لکاندنی کوێت پرۆژەیەکە لەروانگەی مێژووییەوە دەشێت لێی تێبگەیت، ئەگەر چی نایاسایش بێت (سەرەرای توتالیتارێتی سەدام)، چونکە بەبۆچونی ئەوان " گرێدان" مانای ئەوەیە ئەگەر پێویست بکات بەناوی رەوایەتی یا رێوشوێنە رووکەشیەکانی وەك "یاسا نیو دەوڵەتی" واز لەکوێت بهێنرێ ـ لەعراق جیابکرێتەوە ـ کە رۆژئاوا لەرێگەی یاریکردن بەنەتەوە یەکگرتوەکانەوە بەسەر عەرەبیدا دەسەپێنێ، ئەوا لەدواییدا پێویستە عەرەب قەرەبو بکرێتەوە، کەواتە بۆچی ئەو قەرەبوکردنەوەیە بەشێکی فەلەستین نەبێت؟ وەك ئەوەی نزیکەی 200 ملیون تەنها دوو کۆڵەکە یەکیانبخات، ئەویش سەدام حوسەین و رێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستین. ئەگەر وڵاتە یەکگرتوەکان و هاوپەیمانان بەشێوەیەکی یەکلایی کەرەوە سوربن لەسەر ئەوەی یەکێك لەو دوو کۆڵەکە بەنرخە بروخێنن (سەدام حوسەین)، ئەوا بەلایەنی کەمەوە پێویستە پشتگیری لەکۆڵەکەکەی دی بکرێت (رێکخراوی فەلەستین). لەکن فەلەستینیەکان پرۆژەی گرێدان هێزی روحی خۆی لەمجۆرە بیرکردنەوەیە وەردەگرێت، بۆیە ئەو کەسەی "پلانی ئاشتی" سەدام حوسەین رەتبکاتەوە کەلەسەر ئەم گرێدانە بونیات نراوە، کەسێکە پشت بەپێوەری دووفاقی دەبەستێت سەبارەت بەمەسەلەی کشانەوەی ئیسرائیل لەناوچە عەرەبیە داگیرکراوەکان.

ئەم هاوکێشە ناسیونالیستە لۆجیکێکی ئاوەژوی ترسناکی هەیە. گریمان رۆژئاوا ئامادەیە کوێت بۆ عراق بەجێ بهێڵێت، کەواتە بۆچی ئیسرائیلیش وەك قەرەبویەك داوای لکاندنی هەتاهەتایی کەناری رۆژئاوا نەکات ؟ ئەمەش دەرئەنجامی لۆجیکی گرێدانەکەی ئەبو لەغد و حەلاج بو. بەڵام تاکە هۆیەك کەوایلیکردن بەمجۆرە بیرنەکەنەوە ئەوەیە کەسیان پێیان لەوبڕوایەنەبون سەدام حوسەین ئەوەندە غەدرکار بێت گرێبەستێکی لەوجۆرە لەگەڵ رۆژئاوا بکات.

بەڵام رێگەیەکی دی دیموکراسی کەحەبیبی ئاماژەی بۆ کردوە بەدژەئاراستەی ئەم ناسیونالیزمە هەنگاو دەنێت. لەو چینە چەپەکراوە سۆزدارییەی هەڵوێستی سیاسی لێدەکەوێتەوە بەغەریزە لەدیموکراسی راستەقینە تێدەگەیت کەهەردوو میللەتی داگیرکراوی

کوێتی و فەلەستینی قوربانی ستەمێکی گەورەترن، بۆیە گرێدانی سروشتی دەبێ لەنێوان چارەنوسی هەردولایان بێت نەك بەچارەنوسی سەرکردایەتی عراقەو گرێبدرێن. هاوسۆزی لەگەڵ کوێتیە داگیرکراوەکان دوپاتکردنەوەیەکی خۆرەسی (تلقائی) ناوەرۆکی دیموکراسیانەی تێکۆشانی فەلەستینە، تێکۆشانێکە لەسەر مافەکان بونیات نراوە، بەوەی نابێت هەمو مافەکان نەك بەتەنها مافی فەلەستینیەکان بەهیچ شێوەیەك ملکەچی پرەنسیپی لەخۆی باڵاتر بێت (بۆ نمونە یەکێتی عەرەب یا ئەمنی ئیسرائیل).

بەپێی لۆجیکی لایەنگرانی سەدام مافی فەلەستینیەکان بەلایەنی کەمەوە پەیوەستی بەهێنانەدی چەند ئامانجێکی سەرۆکی عراقەوە هەیە، ئەمە لەکاتێکدا هەڵوێستی دیموکراسی رێك بەپێچەوانەی ئەم لۆجیکەیە : مافی فەلەستینیەکان بەشکستی سەدام حوسەین و بەدەست هێنانەوەی مافی کوێتیەکان دەست پێدەکات، بۆیە تاشکستی سەدام ئابروبەرانەتر بێت مافە زەوتکراوەکان بەکاملی وەدەست دەهێنرێتەوە و دەسکەوتی دیموکراسی فەلەستینیش گەورەتر دەبێت.

دیموکراسی وڵاتپارێزی فەلەستینی هیچ کاتێك لەحەزێکی رووتی رزگارکردنی خاکی عەرەبەوە سەرچاوەی نەگرتوە، بەڵکو بەشێوەیەکی هەستپێکراو لە بەدەستهێنانەوەی ئەو مافانەوە سەرچاوە دەگرێ کەلەلایەن دەوڵەتی ئیسرائیلەوە زەوتکراوە، ئەویش لەبەرهۆیەکی زۆرساکار کەبریتیەلە داواکردنی مافی عەرەب. واز لەفەلەستینیەکان بهێنرێ و ئازاد بکرێن، وەك خەڵکانی دی مامەڵەیان لەتەکدا بکرێ و توندوتیژی سوپای داگیرکاریان لەسەر هەڵبگیرێت، ئەو داواکاریانەی ئاراستەی دەوڵەتی ئیسرائیل دەکری داواکاری دیموکراسی رەوان کەئەمرۆ ئیسرائیل نکۆڵێدەکات. ئەو نکۆڵییەی لەمافی فەلەستینیەکان دەکرێ (لەگەڵ جیاوازی لەتوندوتیژیدا) دەوڵەتی عراق ماوەی چارەکە سەدەیەکە بەرامبەر بەعراقیەکانی دەکات. بەوشەیەکی دی، بانگەوازی ئەخلاقی فەلەستینیەکان کەئاراستەی ویژدانی جهان دەکرێ لەهەمان شتەوە سەرچاوە دەگرێ کەسەدام حوسەین دەیەوێت بەلکاندنی کوێت لەزۆرێك عەرەبی داماڵێت.

### 6 . چارەسەری عەرەبی

کاتێك شەڕی کەنداو لەکانونی دوەم / 1991 هەڵایسا لەقاهیرە ئامادەی پێشانگەی ساڵانەی کتێب بوم. هەمو چاوەروان بون محەمەد حەسەنین هەیکەل، سەرنوسەری رۆژنامەی "ئەلئەهرام" ی میسری و هاورێی خۆشەویستی جەمال عەبدئەلناسر وتارێکی زۆر گرنگیان بۆ

بخوێنێتەوە. هۆڵەکە جمەی دەهات و هەمومان چاوەروان بوین هەیکەل شتێك لەسەر وتارەکەی بڵێت کە 12 / ئەیلول نوسیبوی " تەنها چارەسەری عەرەبی لەگەڵ سایکۆلۆجیای زەینی عەرەبیدا دەگونجێت"[42].

هەیکەل کەوتە گێڕانەوەی حیکایەتی ئەزمونەکانی خۆی لەگەڵ " جەمال "ی هاورێیدا. زۆرباش حیکایەتەکەی قەزافیم لەیادماوە. تازە ریژیمی پاشایەتی لەگۆڕنرابو. ئەم پیاوە نەناسراوەی لەناکاو بەدیارکەوت داوای یەکگرتنێکی یەکسەری لەگەڵ عەبدئەلناسری ئایدیالی دەکرد. سەرۆکی میسر هیچ شتێکی لەسەر سەرکردەی نوێی لیبیا نەدەزانی، بۆیە هەیکەلی باوەر پێکراوی خۆی رەوانەی لیبیا کرد تا کۆبونەوەیەکی لێکتێگەیشتنی لەگەڵدا ببەستێت. کاتێك هەیکەل دەگەڕێتەوە ناسر لەفرۆکەخانە پێشوازی لێدەکات. هەر کە دەرفەتی بۆ هەڵدەکەوێت بەپەرۆشەوە لێی دەپرسێت : "پێم بڵێ، چۆن پیاوێك بو؟"، هەیکەل وەڵام دەداتەوە : "حەزناکەیت بزانیت"، بەڵام ناسر دەیەوێت بزانێت، هەیکەل دەڵێت : "کارەساتە".

هەمو قاقامان لێدەدا. هەیکەل لەسەر قەیرانی کەنداو دیدوبۆچونی خۆی دەربارەی هەمو دەوڵەتەکان دەربری، بەڵام قسەی لەسەر هەڵوێستی میسر نەکرد. قسەی لەسەر کردەوە باش و خراپەکانی هەمو سەرکردە سیاسیەکان کرد و ئێمەش بەردەوام پێدەکەنین. ئەو کۆبونەوەیە لەپاش نیوەرۆیەکی خۆش و ساماڵی 13/کانونی دوەم بەریوەچو، واتە دوو رۆژ پێش تەواوبونی ئەو مۆڵەتەی نەتەوەیەکگرتوەکان ئاراستەی عراقی کردبو تا لەکوێت بکشێتەوە، بۆیە ئەگەری دۆزەخێك بۆ عراقیەکان لەئارادا بو. ئامادەبوان برێك لەئارامی خۆیان لەدەست دا : "باسی میسرت نەکرد، رات لەسەر هەڵوێستی میسر چیە؟". هەیکەل بەدەم پێکەنینەوە ماوەیەکی باش گوێی گرت و پاشان بەوپەری خۆشحاڵی و گەمەکردنەوە وتی : "پێتان رادەگەیەنم کە تەنها لەهەڵوێستی میسر تێناگەم. دەمانتوانی رۆڵی سەرەکی وازیبکەین، بەڵام نەمانکرد". ئامادەبوان بەخۆشییەوە هاواریان دەکرد"دەتوانین چ بکەین؟"، ئێستا هەیکەل دەگەیشتە تەوەری شتەکان : "بۆچونی تایبەتیم لەسەر ئەم بابەتە هەیە، بەڵام پێم باشە بێدەنگی لێبکەم". ئامادەبوان بەیەکدەنگ هاواریان کرد :"پێمان بڵێ ! پێمان بڵێ!".

گاڵتە و پێکەنێکی زیاتر. لەکۆتایدا ئەو پیاوە هێندە قسەکانی خۆش بو خەریك بو لەبەر پێکەنین دەکەوتین بەپشتا. هەیکەل دەیزانی کەسێکی زۆر گرنگ و جیاکارە و لەهەمو کەسێکی دی باشتر لەسیاسەتی عەرەبی تێدەگات چونکە نزیکترین کەس و رازگری سەرۆك عەبدئەلناسر بو. دیدوبۆچونەکانی هەیکەل بارگاوی بو. بەهەرحال ئەو شتانە بۆچونی خۆی

بو. بەدرێژایی (3) کاتژمێر لەسەر جهانی عەرەب بەخۆیەوە سەرقاڵی کردین، ئنجا گەڕاندییەوە بۆ ئەو هۆڵەی وەك قوتوی ماسی سەردین بەتەنیشت یەکەوە ریزکرابوین. هەیکەل لەبەردەم هەزار کەس نمایشێکی پێشکەش کرد کەلەوانەبو نمایش بکرێت، ئەگەر لەدوو مانگی یەکەمی قەیرانەکە چارەسەرێکی بۆ بدۆزرایەتەوە. لەکۆتاییدا چۆن کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبی هیچی نەکرد هەیکەلیش هیچی نەوت، لەم دوریانە مێژوییەدا ئەمە هەیکەل و چارەسەری عەرەبی بو. لەراستیدا سەدام حوسەین نەك هەر لەم بارودۆخە زۆرباش تێگەیشتبو، بەڵکو گرەوی لەسەر دەکرد کاتێك کوێتی داگیرکرد. لەکاتی شەڕی کەنداودا چۆمسکی ـ یش هەیکەل ئاسا گفتوگۆ و چارەسەری دیبلۆماسی بەئەلتەرناتیڤی شەڕ دادەنا، "هەر لەسەرەتاوە وڵاتە یەکگرتوەکان هەمو ئاماژە یا هێمایەکی بۆ ئەگەری چارەسەری دیبلۆماسی رەتکردەوە ... عراق چەندین کەرەت ئەو پێشنیازەی کرد و ئوردون، رێکخراوی فەلەستین، فرەنسا و وڵاتگەلێکی تریش هەوڵیاندەدا شێوازێك بدۆزنەوە بۆ ئەوەی کارەساتی شەڕ بەلاوەبنرێت" [43]. لەبرگە سەرەکییەکانی ئەو چارەسەرەی چۆمسکی بیری لێدەکردەوە بریتی بو لەوەی گرەنتی دەروازەیەك لەسەرکەنداو بەعراق بدرێت، ئەوەش داواکارییەك بو هەمو کەس بەنالۆجیکی نەدەزانی، بەڵام ئەو عراقەی کەخودی چۆمسکی لەهەلومەرجی دی پێی وابو "رەنگە توندوتیژترین و سەرکوترین دەوڵەتی جهان بێت"، خەسڵەتی لۆجیکی دا بەداگیرکردن و تاڵانکردن و لکاندنی دەوڵەتێکی دراوسێی زۆر لەخۆی لاوازترو ناشەڕئەنگێزتر بو[44]. بۆچی چۆمسکی ئەو کاتەی هەڵبژارد بۆ ئەوەی سەرنج بەلای لۆجیکی سەدام حوسەین دا رابکێشێت؟. لەو برگانەی چۆمسکی مەبەستی بو بەگفتوگۆ چارەسەربکرێ بریار وەرگرتن بو سەبارەت بەداواکاری عراق لەسەر کێڵگە نەوتیەکانی رومەیلە " ئەو کیڵگە سنورییانەی لە 95٪ دەکەوێتە ناوخاکی عراق و لە 5٪ دەکەوێتە ناو خاکی کوێتەوە جێگەی مشتومڕبوە و بەتەواوەتی یەکلایی نەکراوەتەوە.. گفتوگۆ لەسەر کێشەی جوگرافی زۆر لەوە گەورەتر کراوە". هیچ زانیارییەکم لەسەر سەرچاوەی ئەو ئامارەی چۆمسکی نیە، بەڵام ئەگەر بەوشێوەیە بێت ئەوا پێویستە کوێت واز لەرەفتاری نالۆجیکی خۆی بهێنێت و داواکارییەکانی عراق جێبەجێ بکات، ئیتر شتێکیش نامێنێتەوە گفتوگۆی لەسەر بکرێ. هەروەها چۆمسکی پشتگیری لەراپرسییەکی گشتی یا هەر شێوازێکی دی دەکرد کە گوزارشت لەئیرادەی خەڵکی کوێت بکات " [45]، بەڵام ئەو راسپاردەیەی لەسەر هەمان مەسەلە بۆ خەڵکی عراق پشتگۆی خست. بۆچی؟

تاکە مۆرکی چۆمسکی بۆ وێناکردنی شتەکان ئەوەیە ئەگەر بیربکەیتەوە ئەوا داگیرکردنی کوێت لەلایەن سەدام حوسەینەوە بەرەنگارییەکی ئەخلاقی گەلاڵە دەکات : "ئنجا پاساوێکت دەبێت، پاساوێك بەروکەش ماقوڵییەتی تیایە بەوەی نابێت پشت بەرێگەی دیبلۆماسی ببەستیت، بەڵکو تەنها ئەوەندەمان لەسەرە بەرەو جەنگ برۆین" (46). لێرەوە ئەو ئارەزوە سەرکێشە ئاشکرا دەبێت کەبەدوای بەلۆجیك کردنی رەفتاری عراق دەگەڕێت و داوای چارەسەرێك دەکات کەتوانای پیادەکردنی نیە بەبێ ئەوەی سەرکەوتنێکی مەعنەوی و سیاسی نەدرێت "بەتوندوتیژترین و سەرکوتکەرترین دەوڵەتی جهان". هەروەها هەر لێرەشەوە پێویستە جەخت لەسەر چەپەڵی و دزێوی هەڵوێستی وڵاتە یەکگرتوەکان بکرێت و هەمیشە گرینادا و پەنەما وسەلفادۆر وڤێتنام یادبکرێتەوە. هەڵوێستی چۆمسکی چەشنی چارەسەری عەرەبی بێتوانا و دەستەوەستانە لەوەی لەدیدی ئەو کەسانەی لەسەر عەرزی واقیع دەژین لەتایبەتمەندی بارودۆخەکە وردبێتەوە و ئەو ئاکامەی بەسەریانا دەبارێت لەئەنجامی فورتاربونی سەدام حوسەین لەشتێك کەبەفێڵ بۆ سەرکەوتنی دەگۆڕێت.

جەختکردنی کەسێکی وەك چۆمسکی لەسەر ئەوەی لەکاتی داگیرکردنی کوێتدا پرەنسیپە ئەخلاقیەکان ( مۆراڵەکان ) بەپلەی یەکەم لەمەحەکدا نەبوە، ئەوا رێگە لەو تاکە بۆچونە لۆجیکیەش دەگرێ کەدژایەتی شەڕی کەنداوی پێدەکرێت. بەپێی ئەم بۆچونە تەنانەت ئەگەر پرەنسیپە ئەخلاقیە گرنگەکانیش لەمەحەکدا نەبێت، ئەوا بەهۆی ئەو ئاکامە خراپانەی لەسەر ئاساتی مرۆڤایەتی لەم پرەنسیپانە دەکەوێتەوە پێویستە چارەسەرێکی مامناوەندی بۆ بدۆزرێتەوە. ئەم پاساوە پاساوێکی رەوا و نایابە بۆ دژایەتی کردنی شەڕی کەنداو، بەلام چۆمسکی و زۆرێکی دی لەنەیارانی شەڕ لەئەمریکی و ئوروپاییەکان پشتیان بەم پاساوە نەدەبەست.

## 7 . پیترۆڵی عەرەب وەك دینەمۆی جەنگ

لەخوێندنەوەی کۆنوسی ئەو کۆنگرەیەی لەئازاری / 1991 دا لەباکوری ئەفریقیا بۆ هەڵسەنگاندنی کاریگەری ڤەیرانی کەنداو لەسەر دوارۆژی جهانی عەرەبی بەسترا، ئامادەبوان هەمویان رێکبون لەگەڵ دیدوبۆچونی ئابوریناس عەبد ئەلجەلیل ئەلبەدەوی لەسەر ئەوەی "پیترۆڵی عەرەب تەوەرێکی سەرەکی شەڕی کەنداو بوە"(47). بەدەوی لەوقسانەیدا دەیەوێت ئەوە بڵێت " کاتێك عراق داوای هەڵسەنگاندنەوەی بەهای نەوتی دەکرد، لەواقیعدا لەبنەمای

میکانیزمی ئابوری جهانی دەدا و هەڕەشەی لەکەلوپەلێکی زیندو دەکرد کەسەرچاوەی قازانجێکی گەورەیە و زۆربەی بەرەو باکور دەگوێزرێتەوە.. بۆیە سەدام بوە ئەو کەسەی دەبوایە بروخێت وەك پێشتر ئەوەیان لەگەڵ موسەدەق لەئێران و لیندی لەچێلی و قەزافی لەلیبیا کرد" (48).

بێگومان رۆژئاوا گرنگی ستراتیجی بەهاوردەی نەگۆڕی نەوتی رۆژهەڵاتی ناوەراست دەدا. بەڵام کەسێکی وەك بەدەوی بۆ نمونە هێشتا بروای بەو وەهمەیە کەپەیوەندی ئابوری نێوان عراق و رۆژئاوا بەشێوەیەکی حەتمی لەبەرژەوەندی دەوڵەتە سەرمایەدارە پێشکەوتوەکان تەواو دەبێت، بۆیە سەدام ئەوەندەی رۆبن هودێکی عەرەبە، ئەوەندە کەسێکی درندە نیە. چونکە پێش ئەوەی رۆژئاوا لێی بدات بوێرانە هەوڵی دەدا لاسەنگی ئابوری لەبەرژەوەندی عەرەب راست بکاتەوە (رێك ئەوەی خەریك بو جیاوازی جوگرافی لەنێوان سەروەت و دانیشتوانی وڵاتە عەرەبیەکان بۆ بەرژەوەندی هەژار و نەدارەکان راست بکاتەوە).

ئەگەر هەڵەکانی بەدەوی بەلاوەبنێین - چیلی نەوتی نیە - ئەوا یەکەم مەسەلە کەبەمیشکماندا گوزەر دەکات ئەوەیە فاکتەری نەوت گرنگترین فاکترە سەبارەت بەو کەسانەی کوێتیان داگیرکرد، واتە عراق تا رۆژئاوا. ئەگەر لکاندنی کویت بەیەکجارەکی دەستەبەر بوایە ئەوا دەرامەتی سەدام حوسەین چەندین بەرابەر دەبو (تەنانەت لەپێش ئەوەی نرخیش بەرز بێتەوە) لەگەڵ زیادبونێکی ناچیز لەخەرجیەکان، بەوەش عراق هێزێکی هەرێمایەتی خاوەن دەستەڵاتی لێدەردەچو، بۆیە کارێکی دادپەروەرانەیە ئەگەر بڵێین روناکبیرانی وەك بەدەوی و سەمیر ئەمین ئەمەیان دەویست. مەسرەفی عراقی ئەحمەد چەلەبی بەشێوەیەکی زۆر ورد ئەو دەرهاویشتە ئابوریانەی پوختکردۆتەوە کەپەیوەندی بەخەونی مەزنی ئەزمونی ساڵانی هەشتاکانی عراقەوە هەیە :

" لەساڵی 1980 دا عراق (30) ملیار دۆلاری نەختێنەو (35) ملیار دۆلاری لەکەلوپەلی مەدەنی و بەلایەنی کەمیشەوە (11) ملیار دۆلاری لەچەك هەبو. بەڵام عراق لەساڵی 1989 دا زیاتر لە (100) ملیار دۆلار قەرزار بو، ئەمە لەکاتێکدا پاڵپشتەی نەختێنەی (احتیاطي نقدی) نەبو. لەهەمان کاتیشدا پارەی نوێی پیترۆڵ لەعراقدا گەیشتە 119 ملیار دۆلار. ئەگەر ژمارەکان بەراورد بکەین ئنجا بۆمان روندەبێتەوە عراق پارەیەکی زۆر گەورەی بەبڕی 295 ملیاردۆلاری لەساڵانی 1980 - 1989 خەرجکردوە. ئەو پارەیە چۆن خەرجکراوە ؟ ئەو پارەیە بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ بەرگری لەدەروازەی رۆژهەڵاتی نیشتمانی عەرەبی لەدژی فارسی دوژمن خەرجکراوە. ئەمەش چ دەگەیەنێت؟ ئەوە

دەگەیەنێت کە ئەو سامانە بۆ مردن و کاولکاری خەرجکراوە ... تێچونی بەهای گۆڕینی ژێرخان چەند بوە لەدامەزراوە بەرهەمهێنەرەکان، کەلوپەلی سەرەکی، خانوبەرە، گۆڕینەوەی نەختێنەی کرێکاری بیانی، ئەوانەی لەجێگەی ئەو عراقیانە کاریان دەکرد کە سەرقاڵی بەرگری کردن بون لەدەروازەی رۆژهەڵات لەگەڵ ئەو دەرفەتانەی لەو ماوەیەدا لەکیس وڵات چوە؟ بڕی (200) ملیار دۆلار چۆن دەبینرێ؟ پارەیەك نیە بەهەند وەربگیرێت"[49].

پوختەی وتەکانی چەلەبی نزیکەی 495 ملیار دۆلار بەفیڕۆدراوە بۆ ئەوەی عراق بگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1980، ئەو کاتەی یەکەم سەرچڵی شەڕی دەرەکی دەست پێکرد. ئەوەش ژمارەیەکی ترسناکە بەڵام چ شتێك ماقولی دەکات ؟ داهاتی نەوت. لەدوای ساڵی 1968 ـ وە پێویستی نەدەکرد سەدام حوسەین لەژیانی سیاسی خۆیدا بەرنگاری رۆژئاوا بێتەوە تا دەست بەسەر پارەیەکی لەوجۆرەدا بگرێت (وەك ئەوەی سەرکردەی ئێرانی موسەدەق لەساڵانی پەنجاکان ئەو کارەی کرد). ئەمرۆ عەرەب نەوتی هەیە و لەبەرامبەریشدا نرخی زۆر بەرزتریان لەتێچونی راستەقینەی بەرهەمهێنانی چنگ دەکەوێت. لەراستیدا ئەمرۆ نرخی نەوت پەیوەندی بەتێچونەوە نیە ! ئەوەش نمونەیەکی گەورەیە، لەسەر حیسابی هەمو بەکاربەرەکانی (مستهلك) نەوت کۆدەبێتەوە کەزۆربەیان سەر بەجهانی سێیەمن.

ئەگەر راست بێت رابردو رێبەر بێت کەواتە بۆچی دەبێ رۆژئاوا لەسیاسەتی سەدام حوسەین بترسێت کەدەیەوێت نرخی نوێی پیترۆل دیاری بکات، تەنانەت ئەگەر دوەم سەرچڵی شەڕی دەرەکیشی لەکوێت سەرکەوتو بێت. شای ئێران هاوپەیمانی گەورەو کۆڵەکەی رۆژئاوا لەتشرینی یەکەم / 1973 دا سودێکی زۆری لەمەزنترین بەرزبونەوەی نرخی نەوت بینی کەبوە مایەی تێکچونی پەیوەندی نێوان جهانی یەکەمو سێیەم (لەساڵی 1953 شای ئێران بەسەرپەرشتی دەزگای هەواڵگری ئەمریکا لەئۆپراسیۆنێکدا کۆتایی بەحوکمی سەرەك وەزیرانی ئێران هێنا).

دەوڵەتی عراقیش لەخەتی پێشەوەی ئەو دەوڵەتانە بو کە ساڵی 1973 بەتێکرایی چوار بەرابەر سودی لەزیادبونی نرخی نەوت وەرگرت و کەڵەکەبونی ئەو زیادبونەش لەماوەی چەندین ساڵدا بو بەسەرچاوەی بەفیڕۆدانی ئەو پارەیەی کەچەلەبی بە 495 ملیار دۆلاری خەملاندوە.

عراق و ئێران بەبێ ڤازانجی پارەی نەوت نەیاندەتوانی هەشت ساڵ درێژە بەشەڕبدەن و نەوەیەك لەگەنجانی هەردوو وڵات لەناوبەرن، چونکە بەئابورییەکی ئاساییەوە نەدەتوانرا

درێژە بەشەڕێکی بێمانا بدەن کەداهاتی دەوڵەت لەسەر باجی کۆمەلایەتی بونیات نرابێت و تاراددەیەك توانای بەرهەمهێنانی سامانی هەبێت لەشێوەی کەلوپەلی خزمەتگوزاری نوێ کەمۆرکی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی پێوەبێت.

ئیمپریالیزمی رۆژئاوا لەکاتی بەردەوامبونی شەڕدا بەوپەری شادمانییەوە چەکی بەجەنگاوەرەکان دەفرۆشت. لەگەڵ بەرزبونەوەی کێویێك لاشەی ئێرانی و عراقی، کۆمپانیا چەکسازەکانی رۆژئاوا و بازرگانانی شەڕ قازانجێکی گەورەیان دەکرد. کەس ناتوانێت نکۆڵی لەو کارەبکات، بەلام بێگومان خەڵکانێك هەبون چەك بکڕن و شەڕێکی خوێناوی ئەوتۆ هەڵگیرسێنن کە عەرەب و ئێرانیەکی زۆری تیابەکوشت بدەن.

شەڕی عراق ـ ئێران لەسەر نرخی پیترۆڵ هەڵدەسوڕا نەك لەبەر ئەوەی لایەنێك ریژیمی بەعسی لەعراق یا کۆماری ئیسلامی لەئێران ناچار کردبێت ئەم شێوازە بگرێتەبەر، بەڵکو لەبەرئەوەی هەر یەکێك لەسەدام و خومەینی بەبێ ئەوەی رەخنەبکرێن درندایەتیان پیادە دەکرد، بەتایبەتی لەلایەن روناکبیرانی عەرەب و ئیسلامەوە، ئەوانەی بەدەوی ئاسا لەکاتی قەیرانی کەنداودا لەسەر سەدام حوسەین بەشداریان لەهیستریای نەتەوایەتی دەکرد.

بەلام رابردو هەمیشە ناکرێت بەرێبەر، ئەمەش یەکێك بو لەوهۆیانەی وای لەکۆمەلێك دەوڵەت کرد بەسەرکردایەتی ولاتە یەکگرتوەکان سەدام حوسەین لەکوێت دەربکەن. ولاتە یەکگرتوەکان و ولاتانی رۆژئاوا کەهێزی بەسالاچون و لەبریار وەرگرتندا پارێزەر و بیروکراتن، ئارامی و پەیوەندی نەگۆڕیان لەپرەنسیپە دیموکراتیەکان بەلاوە گرنگترە. دەست بەسعودی و ئیسرائیلەوە دەگرن، چونکە بونیان هەیە و نوێنەرایەتی بارودۆخی هەنوکەیی دەکەن و لەسەر هەمان لۆجیکیش بەدرێژایی سالانی هەشتاکان پشتگیریان لەسەدام دەکرد، بەلام کاتێك سەرۆکی عراق سەلماندی خاوەنی دەست پێشخەری چاوەروانەنەکراوە و بەهەمان رادەش نەفرەتلێکراوە، ئیتر لەناکاو رۆژئاوا لەو راستیە تێگەیشت کە مەسەلەکە تەنها مەسەلەی کاتە و هیچی دی پێش ئەوەی ئەو هەڵوێستەی سەرلەنوێ دوبارە و سێبارە بکاتەوە. لەکاتی قەیرانی کەنداودا هیچ حکومەتێك لەبەر دڵەراوکێی لەسەر ماڤی چارەی خۆنوسینی کوێتیەکان یا لەبەر پاشەڵی سەدام حوسەین لەبواری ماڤی مرۆڤدا هەنگاویان نەنا، بەڵکو مەترسیان لەهەندێك شت هەبو، وەك کەوتنی "پولی دۆمینۆ" ی عەرەب کەرەنگە لەماوەیەکی دوردا گەیشتنی پێداویستی نەگۆڕی نەوت لەسەر ئابوریان پەکبخات.

ئەگەر جموجوڵە چاوەروانەنەکراوەکان و گرنگی ستراتیجی سەدام حوسەینمان لەسەر نەوت پێقبول بێت، ئەوا هێشتا گومانم هەیە لەوەی ولاتە یەکگرتوەکان شتێك بۆ کوێت بکات

ئەگەر بەتەنها پشت بەدەرامەتی خۆی ببەستێت. لەراستیدا پرۆژەی رزگارکردنی کوێت پرۆژەیەکی پڕ بەهابو (بەپێی ئەو خەملاندنەی کۆشکی سپی لەئازاری / 1991 ئاشکرای کرد، رزگارکردنی کوێت نزیکەی 70 ملیار دۆلاری تێچوە و ولاتە یەکگرتوەکان تەنها 15 ملیاری لەئەستۆ گرتوە) [50]. نەعراق گرانادا بو نەسەدام حوسەینیش وەك نۆرتیگا لەدەروازەی ئەمریکا دانیشتبو، ئایا ئەمریکا لیستی حیسابی دەرکردنی عراقی دەدا، هەرچەندە بودجەی ئەمریکا لەساڵی 1990 نزیکەی 220 ملیار دۆلار و ساڵی 1991، 5ر348 ملیار دۆلار کورتی هێنابو، قەرزی نەتەوەیی ئەمریکایش بە 5ر3 تریلیون دۆلار گەیشتبو، واتە سێ ئەوەندەونیوی دە ساڵی رابردو؟ [51]. ئەمەش نەدەکرا بەبێ ئەوەی ئەمریکا نوقمی کزی (رکود) ئابوری ترسناك نەبێت لەوەی ئێستا تیا دەژیت. ئابوری ئەمریکا ئەوەندە سەرچاوەی پێویستی نەبو تابتوانێت سەرچڵییەکی گەورەی دەرەکی بکات، چونکە بەپێی رای هێندێك لەتوێژەران ماوەیەك بو ئابوری ئەمریکا بەپێی پێوەرە جهانیەکان توشی داچونێکی گەورە ببو کەتاهەنوکەش بەردەوامە[52].

بێگومان لایەنێکی دی ئارەزومەندبو پشتگیری لەشەڕی کەنداو، وهاوکاری لوجیستی زەروری شەڕی تەکنولۆجیای پێشکەوتوی ئەمریکا بکات کە گەورەترین تێچون و کەمترین زیانی مرۆیی هەیە، تاکە شەریشە بەباشی دەیکات. ژاپۆن و ئەڵمانیا لەدوای دووەڵی و لەژێر گۆشارێکی زۆر بەبری (3) ملیار دۆلار بەشداری شەڕیان کرد[53]. بەڵام گەورەترین پشکی خەرجیەکان کەبە (53) ملیار دۆلار دەخەملێنرێ ولاتە عەرەبیەکان زۆر بەپەرۆش و خاترجەمانە بەشداریان تیاکرد و بەشێوەیەکی تایبەت سعودیە لەسەرداهاتی زۆر و زەوەندی نەوت زۆرترین پارەی دابینکرد و بەمشێوەیە خزمەتگوزاری گەورەترین سوپای جهان دەکڕی وەك کڕینی هەرشتێکی دی کە قابیلی بەکاربردن بێت جگەلەئاین.

لەم دیدە جیاوازەوە لەگەڵ بەدەوی یەکرەئی دەبین لەسەر شەڕی کەنداو بەوەی نەوتی عەرەب بەراستی تەوەرێکی سەرەکی بو.

### 8. ئیمپریالیزمی کولتوری

ئیدوارد سەعید پێشەنگی ئەو روناکبیرە عەرەبە ناودارانە بو کەپەرچەکردارێکی ئاشکرای هەبو لەسەر ئەو بارودۆخە نوێیەی سەدام حوسەین خوڵقاندبوی. پەرچەکردارێکی غەریزی بو ـ پەرچەکرداری خۆکردەیی (عفوی) لەسەر قەیرانەکە هاوئاهەنگ بو هەروەك

پێشبینی دەکرا لەگەڵ ئەو جهانبینییەی نماشی دەکرد لەوکتێب گەلانەی برەوێکی زۆریان هەبو. سەعید دە رۆژ لەدوای داگیرکردنی کوێت لەرۆژنامەی "زی ئەندیپێندنت" ـ ی لەندەنی لەوتاریکدا بەبێ ئەوەی ئاماژە بەسەدام بکات جەختی لەسەر تاوانی رۆژئاوا دەکرد : "ئایا زیادەرەوی دەکرێ ئەگەر جەمسەرگەری سیاسی و سەربازی پتەو (لەکەنداو زۆر بەهێزە) بەو جیاوازییە کولتورییە قوڵەی نێوان عەرەب و رۆژئاوا ببەسترێتەوە"[(54)].

لەکاتی خۆیدا وەڵامم دایەوە و دەمپرسی : "تاوانی رۆژئاوا چیە؟" مەسەلەکە، مەسەلەی خۆماڵی کردنی کەناڵی سویس نیە، بەڵکو بەزۆرلکاندنی وڵاتێکی عەرەبیە و ئەوەش سەدام حوسەینە نەك جەمال عەبدئەلناسر. ئایا ئیدوارد سەعید قایل دەبێت دامەزرێنەری کۆماری بەعس و مەخلوقەکەی ببێت بەتەوەری سیاسەتی عەرەبی؟ ئایا بەجیدی بروای وایە فەلەستینیەکان دەتوانن لەپێگەیەکی بەهێزەوە گفتوگۆ لەگەڵ ئیسرائیل بکەن (بەدڵنیاییەوە هێزی سەدام حوسەینە نەك هێزی تایبەتی خۆیان؟)[(55)]. سەعید لەوتارەکەیدا جەخت لەسەر دانیشتوانی کوێت دەکاتەوە کە (زۆربەی هەرە زۆریان کوێتی نین)، وەك دەردەکەوێت واقیعێکی بەناوەرۆك زەقدەکاتەوە بەوەی : "حکومەتەکانی ناوچەکە لەگەڵ هێندێك ئاوارتەیی (استثنائي) رەوایەتیەکی ناچیزی مێژوویان هەیە، ئیتر رەوایەتیان لە کۆلۆنالیزم، لەهێز وەرگرتوە یا لەسەندنی دەستەڵاتەوە" [(56)].

بەڵام مێژو رێك ئەو شتەیە کە سەرکردەی وەك سەدام حوسەین  بۆ پاساو هێنانەوەی کردەوە ناشیرینەکانی خۆیان بەکاردەهێنن، هەروەها لەهەمان کاتیشدا رەوایەتی مێژوویی (یانەبونی) بیانویەکە بۆ لەناوبردنی سیستمی نوێی باو لەوڵاتە عەرەبیەکاندا. بەپێی ئەم دیدە جیاوازی لەنێوان کوێت و ئوردون یا سوریا یا لوبنان یاخودی عراقیش نیە. بۆچی پیاوانی سەدام حوسەین تاکە کوێتیەکیشیان دەست نەکەوت بەشداری لەو حکومەتە لەیبوکە بکات کە چەندین رۆژ ئیدعای  دامەزراندییان دەکرد؟

تێپەربونی کات و پێشکەوتنی میکانیزمی دەوڵەت و پاسپۆرت دەرکردن و گەشەکردنی چەند نەوەیەك لەو قەوارەیەی پێی دەوترێ کوێت (چەند لەرووی مێژووە دەستکرد بێت) لەدواجاردا مانا دەبەخشن، بۆیە ئۆپراسیۆنەکانی سوپای عراق لەکوێتدا سیاسەت بو نەك مێژوو.

بابەتی سەرەکی لەیەکەم پەرچەکرداری سەعید لەسەر قەیرانی کەنداودا بابەتی کولتور بو نەك مێژو، چونکە پێی وابو هەڵایسانی قەیرانی کەنداو بریارە پێشوەختە قوڵەکانی رۆژئاوای لەدژی کولتوری عەرەبی ئاشکرا کرد کەلەمێژوی پەیوەندییانەوە سەرچاوە دەگرێ.

سەعید یەکەم روناکبیر نەبو جەختی لەسەر ئەم مەسەلەیە دەکرد، بەڵکو زۆرێك لەروناکبیرانی عەرەب یەك لەدوای یەك گوزارشتیان لەسەرهەمان رەئی دەکرد. رۆماننوسی لوبنانی ئەلیاس خوری پێی وابو قەیرانی کەنداو " تەواوکەری ئەو پرۆژە کۆلۆنیالییە کەئەم ناوچەیە لەکەوتنی هەوڵەکانی محەمەدعەلی ـ یەوە روبەروی دەبێتەوە بۆ یەکخستنەوەی عەرەب، هەروەها لەئاسۆدا دروشانەوەی ئاماژەی خاچپەرستی نوێی دەبینی کەلەگرێی (عقدە) ئەنتی رۆژهەڵاتەوە سەرچاوە دەگرێ و هێشتا بەسەر سایکۆلۆجیای رۆژئاوادا زاڵە[57]. جۆرج تەرابیشی لەسەر "قەیرانی شارستانی" دەنوسێت کەدەچێتە چوارچێوەی "رێکخستنی هەڵمەتی داگیرکردنی (کولتوری) ی جهانی عەرەبەوە"[58]. تایەر لەبیب، مامۆستای زانستی کۆمەڵناسی لەزانکۆی تونس، زۆر بەجیدی قسە لەسەر دیاردەیەکی نوێ دەکات بەناوی "بوشیزم"، دیاردەیەك تەنها بەپاراستنی بەرژەوەندی سیاسی و ئابوری ئەمریکا رازی نابێت، بەڵکو هەوڵدەدا "مۆرکی توتالیتاری گەردونی" بەسەر جهاندا بسەپێنێ و "لەسەر ئاستی گەردون" یش خۆی وەك دادوەری نێوان خێر و شەر پێشان بدات[59]. هەروەها چەپی عەلمانی لوبنانی فەواز تەرابلوسی لەسەر جەماوەری عەرەبی دەنوسێت "ئەو جەماوەرەی بیری نەچۆتەوە وڵاتە یەکگرتوەکان بەکولتوری دوژمنکارانەی و ئەو سوکایەتیە زۆرەی بەرامبەر بەناسنامەی ئاینی و کولتوری ـ ئیسلام دەیکات دوژمنی هەرە گەورەیەتی" [60]. ئەمە سەرەرای ئەوەی ژمارەیەك ناوداری ئەدەبی عەرەبی بەچەند وتارێك کتێبێکیان لەسەر شەڕی کەنداو دەرکرد و ناونیشانی لاوەکی کتێبەکەش "لەداگیرکردنی کولتورییەوە بۆ شەڕی کەنداو" بو.

ئەمرۆ عەبدولرەحمن مونیف یەکێکە لەو رۆماننوسە ناودارانەی بەزمانی عەرەبی دەنوسێت، و یەکێکە لەوکەسانەی پشکی لەم کتێبەدا هەیە، لەدوای تێپەربونی مانگێك بەسەر شەڕی کەنداودا، لەو کاتەی راپەرین بەدڕندانەترین شێواز لەسەر دەستی ریژیم سەرکوت دەکرا، مونیف دەگەڕایەوە بۆ سەردەمی خاچپەرستەکان و هەڵوەستەی لەسەر دەکرد و دەیپرسی ؛ بۆچی رۆژئاوا لەسەر "دوبارەکردنەوەی شەڕ لەم ناوچەیە"بریاری نەگۆڕی هەیە. بە بۆچونی مونیف رۆژئاوا دەیەوێت"مێژو، شارستانی، کولتور و ئاینی ناوچەکە لەناوبەرێت". ئەوەی لێرەدا مایەی سەرنج راکێشانە برِی داهێنانی ئەو خەیاڵەیە کەدەدرێتە پاڵ واقیع. مونیف بەمجۆرە باس لەدانانی پەیکەری جەواد سەلیم دەکات لەسەردەمی شۆرشی ساڵی 1958 دا کە دەکەوێتە یەکێك لەگۆڕەپانەکانی سەنتەری شاری بەغداوە "رەنگە ئەو

www.dengekan.com

پەیکەرە تەڤێنرابێتەوە یا تەنها بنکی مابێتەوە و هەمان شتیش لەسەر ئەو پەیکەرە مێژوویانەی تەمەنیان هەزاران ساڵە جێبەجێ دەبێت"[62]. بەڵام لەراستیدا نە پەیکەرەکەی جەواد و نەهیچ پەیکەرێکی مێژویی دی لەعراق بەهۆی بۆردومانی هێزەکانی پەیمانانەوە زەرەرەزیانی لێنەکەوت، بەڵام تانکەکانی گاردی کۆماری، ئەو تانکانەی مونیف لە وتارەکەیدا ناوی نەهێناون و لەکاتی وێرانکردنی ناوچە ئاوەدانەکانی بەسرەو نەجەف و کەربەلا دا شوێنە ئاینی و مێژووییەکانی کرد بەئامانجی خۆی و زیانێکی زۆری پێیان گەیاند.

وێنەی کولتوری عەرەبی کەرۆژئاوا نوقمی دەکات بۆ قوڵایی عاتیفەی نمونەی قەومی دەگەڕێتەوە (هەروەها فۆرمی ترس لە "بەها نامۆکانی" بۆ ناوجەرگەی نمونەی ئیسلام دەگەڕێتەوە). وتارەکەی سەعید کەلە 12 / ئاب بڵاوبۆتەوە بەشێوازێکی زۆرجوان ئەو چوارچێوە شێواوە وێنادەکات کە سیاسەتی نوێی قەومی عەرەبی لەرێگەیەوە جهانی پێدەخوێنێتەوە، ئەو جیاوازییە کولتورییە قوڵەی نێوان عەرەب و رۆژئاواش وێنادەکات کە بوە بەناونیشانی کتێب گەلێکی عەرەبی و رۆژئاواش بەهۆی ئەو راسیزمەی بەرامبەر بەعەرەب هەیەتی گرنگییەکی ناچیزی پێدەدا. بەدڵنیاییەوە لەرۆژئاوا راسیزم بەرامبەر بەعەرەب هەیە (راسیزم لەهەمو دونیا هەیە). مێژوی ئیمپراتۆرێتی رۆژئاوا فۆرمی ئەو رەگەزپەرستیەی دەست نیشانکردوە، بەڵام ئەمرۆ بەشێوەیەکی دڵتەزین و بەئاشکرا دەردەکەوێت کولتوری رۆژئاوا (ئەگەر بەدرێژایی مێژۆیشی نەبێت) بەرامبەر بەجیاوازی کولتوری و ئاینی و ئەتنی لەکولتوری عەرەب لێبوردەترە. لەراستیدا سەعید ئەوەندەی گلەیی لەرۆژئاوا دەکات بەرامبەر بەو ئاژاوەیەی سەدام خولقاندویەتی، ئەوەندە گرنگی بەجهانی عەرەب نادات. ئەو شێوازەی لەخودی وتارەکەی "زی ئەندیپێندنت" گرتویەتی بەر تا بەم ئامانجە بگات، وێنەیەکی نمونەیی لەسەر رابونی (رینیسانس) ئەدەبی عەرەبی دەکێشێت کەجمەی دێت لەکتێبو فیکری نوێی سەرنج راکێش و پەخشکار ( ناشر )، سەرنوسەر و رەخنەگرە رۆژئاواییە رەگەزپەرستەکان بەئەنقەست پشتگوێیان خستوە. بەوپەری سادەییەوە ئەم وێنەیە لەسەر وەزعی کولتوری عەرەب وێنەیەکی نادروستە.

باتەماشای بارودۆخی کتێبی عەرەبی بکەین. لەساڵی 1989 دا گۆڤاری هەفتانەی "شەزا" ی عەرەبی زبان زۆرترین بەشی ژمارەیەکی گۆڤارەکەی بۆ واقیع و قەیرانی کتێبی عەرەبی تەرخانکرد. گۆڤارەکە کۆمەڵێك چاوپێکەوتنی لەگەڵ پەخشکار و فرۆشیاری کتێبی عەرەبی بڵاوکردۆتەوە بۆ ئەوەی نزمی ئاستی کتێبی عەرەبی و ژمارە و دەسکەوتنیان بخاتەروو. هەمویان رێکبون لەسەر ئەوەی نزمی ئاستی کتێبی عەرەبی گەیشتۆتە ئاستێکی

ترسناك. ریاز ئەلرەیس، پەخشكاری ئەو كتێبەی ناونیشانی لاوەكی " لەداگیركردنی كولتورییەوە بۆ شەڕی كەنداو" بو، قسە لەسەر نزمی ژمارەی خوێنەری عەرەب دەكات بە بەراورد لەگەڵ خوێنەری رۆژئاوا. مەی غەسوب، بەریوەبەری دارئەلساقی (لەندەن) سەرنج بۆ كەمی ناونیشانی تازە و نزمی ئاستی كولتوری پاشەكشێی خوێنەری مامناوەندی عەرەب رادەكێشێت. بەلام هیشام مەعاوییە، خاوەنی كتێبخانەی ئیبن سینای عەرەبی لەپاریس، پێی وایە كێشەكە بۆ مناڵی دەگەڕێتەوە. هەمویان، بەخودی نوسەری وتارەكەشەوە رێكبون لەسەر ئەوەی باس لەگرفتێكی قوڵ دەكەن كەلەخودی كولتوری عەرەبییەوە گەشەی كردوە و پەیوەندی بەكولتوری رۆژئاواوە نیە.

یەكێك لەو وتارە گرنگانەی رۆژنامەی "ئەلحەیات"ی عەرەبی بلاویكردۆتەوە، ئەندریە كاسپار، بەریوەبەری خانەی "ئەلساقی" لە لەندەن بەتێروتەسەلی باس لەو كێشانە دەكات كە وەك پەخشكارێكی عەرەب لەرۆژئاوا روبەروی دەبێتەوە (بەرێكەوت ئەو هەمو كتیبخانە و خانەی پەخشانەی دەرەوەی نیشتمانی عەرەب، دیاردەی سالانی هەشتاكان بون، ئەویش لەئاكامی خۆكوژی بیروت بو، بۆیە ئوروپا وەك بەهەشتی كتێبی دانسقە دەربارەی رۆژهەلاتی ناوەراست جێگەی بیروتی گرتەوە)[63]. كاسپار باس لەو گرفتانە دەكات كەپەیوەستن بە چاودێری دەوڵەت و كۆنترۆڵكردنی ئۆرگانەكانی دابەشكردن، بێتوانایی لەپەیوەندیكردنی راستەوخۆ بەخوێنەری عەرەب، بەربلاوی جەردەیی و رێگری، دیاردەی پەخشكاری نەخوێندەوار (تاكو ئێستاش هەرباوە)، نەبونی چەمكی مافەكانی بلاوكردنەوە و مافی دارایی نوسەر یا نەبونی هیچ رێسایەكی ئەخلاقی دی لەدەركردنی كتێبی عەرەبی، زەرورەتی قوربانیدانی نوسەر و پەخشكار بەچونایەتی بۆ ئەوەی شتێك بلاوبكەنەوە، گەندەڵی لەسیستمی دابەشكردنی كتێب، داتەپینی چۆنایەتی كتێبی مامناوەندی و هتد ... نەدەكرا وێنەیەكی تەڵختر بكێشرێت. هیچ شتێكی لەوجۆرە بەمێشیكی سەعید، تەرابیشی، مونیف یا هەر روناكبیرێكی ناوداری عەرەب گوزەرناكات، هەروەها كەسیان بیریان لەو نەدەكردەوە ئەوشتانە بەربەستێكی گەورەیە و رۆژانە روبەروی ئەو عەرەبانە دەبێتەوە كە كولتوریان كردوە بەپیشەی خۆیان. لەجیاتی ئەوەش ئەو خوێندنەوانە بەرەو ئەوەمان دەبات كەهەمو كێشەكان هەر (لەسیاسەتی قەیرانی كەنداوەوە تا كولتوری عەرەبی) لەو سیاسەتەی رۆژئاواوە سەرچاوە دەگرێ كە "پەیوەندی عەرەب و ئیسلام سست و لاواز دەكات"[64].

ئەو پرسیارە ڕەوانبێژییەی سەعید لەوتارەکەیدا دەربارەی پەیوەندی نێوان مۆڵدانی سەربازی لەکەنداو و "جیاوازی کولتوری لەنێوان عەرەب و ڕۆژئاوا" گەڵاڵەی کردوە بەپرسیارێکی تایبەت بەخۆم کۆتایی پێدەهێنم : ئایا زیادەڕەوی دەکەین ئەگەر ئەو جەمسەرگەرییە کولتورییەی ئەمڕۆ لەنێو خودی عەرەبدا هەیە، پێکەوە ببەستینەوە ؟ قەیرانی کەنداو تەنها بڕیارێکی پێشوەختی ڕۆژئاوای لەدژی جهانی عەرەبی ئاشکرانەکرد، بەڵکو قەیرانێکی قوڵی لەنێو کولتوری عەرەبی ئیسلامی لەم دوریانە یەکلایی کەرەوەی مێژوی خۆیدا ئاشکرا کرد.

وەلید خالیدی دەنوسێت ؛ "سیستمی سیاسی عەرەبی کەلەدوای شەڕی جهانی دوەمەوە لەڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا پەرەیسەندوە نەیتوانیوە لەهیچ یەکێك لەو دەوڵەتانە نزێك بێتەوە کە لەچوارچێوەی حکومەتدا ئاستێکی نزمی بەشداری کردەیی لەدەستەڵات و لێپرسینەوە تیابێت، لەئاستێکی نزمتریش لەو دەزگا پارلەمانیانە نزێك بێتەوە کەبەئیدارەیەکی خۆجێتی لەچوارچێوەی فۆرم و نەزمی دیموکراسیدا کاردەکەن"[(65)]. ناتوانرێ بەرپرسیارێتی ئەو شکستە بخرێتە ئەستۆی ڕۆژئاوا یا ئیسرائیل هەروەك روناکبیرە عەرەبیەکان پێیان خۆشە ئەو کارەبکەن، تەنانەت ناشتوانرێ ئەو بەرپرسیارییە بەشێوەیەکی سەرەکی بخرێتە ئەستۆی فەرمانڕەوایانی عەرەب، چونکە خەڵکانی وەك سەدام حوسەین، حافز ئەلئەسەد، شا فەهد و یاسرعەرەفات ناتوانن بەشێوەیەکی جیاواز ڕەفتاربکەن  لەبەرئەوەی داهێنراوێکی پوختی کولتوری سیاسەتی نوێی عەرەبییە کەتاکوئێستاش نەیتوانیوە شتێکی باشتر بەرهەم بهێنێ، بۆیە گرفتی سەرەکی لەسایکۆلۆجیای ئەو کەسانە نیە، بەڵکو ئەو زەرەبینە شێواوانەی تەماشایان دەکات سەرچاوەی ڕاستەقینەی شکست هێنانی کولتورە ـ روناکبیرانی نوێی عەرەب

-

لەواقیعدا هەوڵدەدەم ئەوە بسەلمێنم کەزمانی مافەکانی مرۆڤ و زمانی ناسیونالیزم عەرەب یا ئیسلامی سیاسی بەتەواوەتی ناکۆکن. ئەمەش مانای ئەوە ناگەیەنێت کەفۆرمی میانڕەو لەناسیونالیزمدا نیە یا هەڵنەکردن لەگەڵ ئەو سیاسەتەی لەسەر بنەمای مافەکانی مرۆڤ بونیات نراوە یەکێکە لەو سیفەتانەی بەباڵای ئیسلامدا براوە. ئیسلام لەروی خۆگونجاندنی لەگەڵ سیاسەتێك لەسەر بنەمای مافەکانی مرۆڤ بونیات نرابێت جیاوازی لەگەڵ ئاینەکانی دی نیە لەجهاندا، ناسیونالیستی عەرەبیش دەشێت نەرم بێت یا وەك هەر ئایدۆلۆجیایەکی دی قابیلی ڕاڤەکردنەوەیە.

گرفتەکەش لەوێدایە ناسیونالیزم و ئیسلامی سیاسی لەپراکتیزەکردنی هەنوکەییاندا لەروی فیکرییەوە ئامادەگیان نیە دەسپێکێکی کولتوری نوێیان لەسەر سیاسەتی ناوچەکە هەبێت، بۆیە پێم وایە شکستی گەورەیان ئەوەیە نەیانتوانیوە بەفیعلی لەسیاسەتدا گەشەبەزمانی مافە موقنیعەکان بدەن. هەردولایان توشی دوگما، رەگەزپەرستی و رۆمانسیەتی تێکۆشان بون کە توندوتیژی لێدەبێتەوە. ئەمرۆ ئەم زمانە روبەروی دیوارێك لەئێشوئازار و مەینەتی بۆتەوە کەخودی عەرەب بەسەر خۆیدا هێناوە. سەرەتایەکی نوێ تەنها لەم مەینەتیە بەسوێیانەوە دەستپێدەکات و لەشەپۆلی یاخیبونێکی عەرەبی کەقێز لەدرندەیی ماڵی عەرەب و شەقامی عەرەبی دەکاتەوە، شەپۆلێك سەرچاوەی دڕندایەتی لەکەسێکی وەك سەدام حوسەین دەبینی نەك بەسەرچاوەی هێزی عەرەبی بزانێت. روپۆش کردنی دڕندەیی ریژیمی عراق لەکاتی قەیرانی کەنداودا تەنها هەڵەیەکی بچوکی چەند کەسێکی گومڕا نەبو، بەڵکو شکستێکی گەورەبو پێویستە دانیپیابنرێت ئەگەر بمانەوێت سەرەتایەکی نوێ دەست پێبکەین. ئەگەر عەرەب دەیەوێت سنورێك بۆ گێژاوی توندوتیژی دابنێت و رێگە لەخوێن رشتن و نائومێدی بگرێت پێویستە بەخۆیدا بچێتەوە و لەناوەوەی خۆیدا بروانێت ـ نەك تەماشای دەرەوە و رۆژئاوا بکات ـ تێبگات بەرپرسیارێتی بەشی گەورەی ئەو نائومێدییە دەکەوێتە ئەستۆی عەرەب. بەدەستەواژەیەکی دیاریکراوتر، لەدوارۆژدا هیچ بیرێکی سیاسی شایانی ئەوەنیە گەڵاڵە بکرێت ئەگەر خەڵکانی وەك خەلیل، ئەبوحەیدەر، عومەر، مستەفا و تەیمور تەوەری ئەو بیرۆکەیە نەبن.

### 9 ـ دیمەنەکانی دڵڕەقی و بێدەنگی

هێندێك كەس پێیان وابو بەسەرهاتی ئەبوحەیدەر، عومەر، مستەفا و تەیمور لادانێكی نامۆیە لەناوکۆی مێژوی نوێی عەرەبدا. مرۆڤ هاوسۆزی خۆی لەگەڵ قوربانیەکان دەردەبڕێت، بەڵام ئەو بەسەرهاتانە بەگشتی کاریگەری لەسەرباقی وڵاتانی عەرەبی نیە. کەواتە دەشێت بوترێت "نەماندەزانی" یا تەنانەت " لەتوانادا نەبو بزانین چ روودەدا".

عراق وڵاتێکی زۆر داخراوە، هێندێك عەرەبی دۆست پێیان وابو کاری زۆر دزێو و ناشیرین لەعراق رویداوە، بەڵام هۆیەکەیان بۆ حاڵەتی ناتەندروستی وڵاتپارێزی عراق دەگێڕایەوە، لەگەڵ توانایەکی بێهاوتای تەسلیمبون بۆ حوکمی زۆرداری و ئیستبدادی، بۆیە بەپێی ئەو دیدوبۆچونەیان باقی وڵاتانی عەرەبی بەرپرسیار نین لەسەر کردەوەکانی ناوخۆی عراق .

لەبەر چەندین هۆی جیاواز بەرگری لەم هەڵوێستە ناکرێت. سەرەتا لەکۆتایی ساڵانی شەستەکانەوە دڵڕەقی لەوڵاتگەلێکی رۆژهەڵاتەوە تەشەنەی سەندبو کەئەزمونیان لەسەر شەڕ هەبو، شەڕی ناوخۆ، داگیرکردن، سزای بەکۆمەڵ، رێکخراوی میلیشیای چەکدار، کاری تیرۆریستی، راپەرین، راگواستنی بەکۆمەڵ و بیرۆکراتی ئیدارەی حکومەتی گشتگیر کەئەشکەنجەدان تیایە بەرێسایەك دادەنرێ. مەبەست لەم قسانەم ئەوە نیە نکوڵی لەبێهاوتایی ئەزمونی عراق بکەم و بەدڵنیاییشەوە نامەوێت لەقورسی باری عاتیفی ئەو بێهاوتاییە کەمبکەمەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە چونکە تەنها لەرێگەی بەراوردکردنی وڵاتانەوە دەتوانین بەشێوەیەکی دیاریکراو لەئاوارتەیی روداوەکانی عراق تێبگەین. هەر ئەو بەراوردکردنەش رێگەمان پێدەدات بۆ نمونە لەدڵڕەقی لوبنانی و فەلەستینی و سوری تێبگەین.

توندوتیژی لەهەمو وڵاتە عەرەبیەکان بڵاودەبێتەوە بۆ ئەوەی زۆرترین خەڵك تێوەگلێنێت و لەوەش گەورەتر لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دی دەگوێزرێتەوە. توندوتیژی تەنها هەرەشە لەکەمایەتیە ئاینی و ئەتنیەکان ناکات، بەڵکو ئەمرۆ زۆرینەی ئاینی (شیعە لەعراق و سوننەش لەسوریا) لەهەمو کاتێك زیاتر هەستدەکات روبەروی هەرەشە دەبێتەوە، بۆیە

بەهەمان شێوازیش بەرپەرچی ئەو کردەوانە دەداتەوە کەروبەروی دەبێتەوە. نیشتمانپەروەرێتی فەلەستینی لەناوکۆیی (سیاق) نکۆڵیکردنی بەردەوامی زایونیزم، بەبریندارى و بەرهەڵستکارانە وەك ئەوەی ئەمرۆ دەیبینین دارێژراوە و دامەزراوە. بۆیە تا توندوتیژتر پەلامار بدرێت پترو بەهێزتر بۆ ئەو بنەمایانە دەگەڕێتەوە. هەمو ئەو شتانە سروشتین چونکە پەرچەکرداری مرۆڤە کە دوژمنانە نکۆڵی لەناسنامەی دەکرێت، هەروەها بۆ بەدبەختی سەرزەمینێکی بەپیتیشە بۆ رەگەزپەرستی ناسیونالیستی و ئاینی و ئەتنی کەهاورێی فشەڵی پەیوەندی نێودەوڵەتی و وەلا و ئینتمایە. یەکپارچەیی ئەمرۆی خاکی عراق وەك دوێنێی لوبنان بەم هێزانە هەرەشەی لێدەکرێ.

لۆجیکی ئەو توندوتیژییەی لەسالآنی رابردووە بەشێوەیەکی پێچاوپێچ لەرۆژهەلآت بەرزدەبێتەوە هۆ و ئەنجامەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی تاك و گروپەسیاسیەکان ناتوانن ناسنامەی خۆیان بچەسپێنن، ناسنامەیەك قابیلی گۆڕان بێتو بنەماکەی لەسەر دژایەتی کردنی ئەوانی دی بونیات نەنرابێت.

ئایا ئەم توندوتیژی و دڵڕەقییە مانای بێهاوتای عەرەب یا حاڵەتی نەخۆشی "قەومی" ناگەیەنێت؟ ئەو بیرۆکەیە تەنانەت لەو بیرۆکەیەش ناماقوڵترە کەدەڵێت عراقیەکان حەز بەتوندوتیژی دەکەن، بەلآم لەراستیدا ناچونیەکی لەنێوان ئەزمونی هەمو وڵاتە عەرەبیەکان و عراقدا هەیە. ئەوەی لێرەدا گرنگ بێت سەبارەت بەخراپیو بۆگەنی توندوتیژی لەعراق بەبەراورد بۆ نمونە لەگەڵ پشێوی سیاسی و کۆمەلآیەتی لوبنان، گەورەیی و جیاوازی نێوانیان نەك لێکچونیان دەردەخات. ئەوەی لەتوندوتیژی عەرەب زیاتر سەرنج رابکێشێت، فۆرم و بیچمەزۆرەکانێتی و ئەو ماوانەی ملی بۆ دەدەن و لەرێگەیەوە کاردەکەن و ئەو هێزەی بچوکیان دەکاتەوە یا لەساتەوەختێکی دیاریکراودا لەسەر شانۆی میللی سەرشێتانە دەیانتەقێنێتەوە. لەرۆژهەلآتی ناوەراستدا توندوتیژی هەمو بوارە گشتیەکانی گرتۆتەوە، بەلآم مەرج نیە ئەم تیبینییە بەزەرورەت رەخنەکردنی عەرەب بێت بەوەی حەز بەتوندوتیژی و دڵڕەقی دەکەن بەبەراورد لەگەڵ جهاندا. بێگومان توندوتیژی لەدونیادا هەیە، بۆیە ئامانجی هەر بەراوردێك بەبەردەوامی گەیشتنە بەو بابەتەی لێکۆلینەوەی لەسەر دەکرێ، بەلآم ئامانجی من لێرەدا لەسەر ئەم پرسیارە تەوەرە دەبەستێت : ئایا ئەو دڵڕەقییەی لەنیشتمانی عەرەبی روو لەهەڵکشانە وەك هەرێمێك تەماشا دەکرێ؟

نەبونی بەڵگەی پێویست گرفتی سەرەکی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەیە. راپۆرتی رێکخراوەکانی لەبابەت رێکخراوی لێبوردنی نیودەوڵەتی و" هیومان رایتس ووچ " ئاماژە بەبەرزبونەوەی پێشیلکردنی مافەکانی مرۆڤ دەکەن لەرۆژهەڵاتی ناوەراستدا، بەڵام ئەو دوو رێکخراوە دیدێکی هەندەکیان ( جزئی ) هەیە و بەشێوەیەکی گشتی کاڵوکرچن لەوەسفکردنی پێوەری گشتی ئەو روداوانەی رۆژانە روودەدەن. لەوەش گرنگتر رێکخراوە عەرەبیەکان راپۆرتەکان ئامادە ناکەن، چونکە بەپێی ئەو پێگەیەی هەیانە دەتوانن زانیاری وردتریان دەست بکەوێت. بەمشێوەیە ئەو زانیاریانە زۆر بەئاسانی پشتگوێ دەخرێن لەلایەن ناسیونالیست، نەیارانی ئیمپریالیزم، روناکبیرە موسڵمانەکان و تەنانەت لەلایەن رێکخراوەکانی جالیەی عەرەبیشەوە لەرۆژئاوا پشتگوێ دەخرێن لەبەرئەوەی پێیان وایە ئەو زانیاریانە بەڵگەیە لەسەرئەوەی جهانی دەرەکی پێیان خۆشە وڵاتانی عەرەبی رەخنەبکەن [1].

رەنگە تەنها کاتێك دڵرەقی بەگەورەیی دەربکەوێت کەلەواقیعدا زیاتر وشیارانە لێی تێبگەین و ئێستاش شتێکی لەو بابەتە لەعراق روودەدا. رۆژانە زانیاری نوێ لەسەر کارە دزێوەکانی رابردو ئاشکرا دەکەین، هەرچەندە زەحمەتیش بێت، بەڵام نابێت بهێڵین ئەو زانیارییە نوێیانە بەرچاومان لێڵ بکات لەسەر ئەو روداوانەی ئەمرۆو سبەینێ لەعراق رودەدا. بۆ نمونە درندایەتی بەشێوەیەکی گەورەتر وەك بابەتێکی ئەدەبی نوێی عەرەب بەدیاردەکەوێت (زۆرجاران لەو رۆمانانەی کەژنانی عەرەب دەینوسن، بەتایبەتی ژنی لوبنانی)[2]. لەراستیدا شتی زۆرتر لەسەر ناشیرینیەکانی رابردو دەزانین. بەشێوەیەکی تایبەت کۆمەڵێك نوسەری ژن قسەی لەسەر دەکەن، ئەوەش بەگشتی کارێکی باشە. بەڵام رووی نێگەتیڤی ئەو دواهاوسەنگییە ئەم پرسیارە بەرجەستە دەکات : ئایا دەوڵەتی عراق دەیتوانی ئەو ژمارە زۆرەی کورد بەدرێژایی ساڵانی هەشتاکان بکوژێت ئەگەر لەزۆربەی وڵاتانی رۆژهەڵات کەشوهەوای بێهەستی بەقوڵی رەگی دانەکوتایە ؟ بۆچی هێشتا بەزمانی عەرەبی لێکۆڵینەوەیەکی ورد لەسەر شەڕی ناوخۆی لوبنان نیە ؟ بۆچی تەنها لێکۆلینەوەکیش لەسەر قەتلوعامەکەی ساڵی 1982 ـ ی سوریا لەحەما نیە کەنزیکەی 10 ـ 40 هەزار کەسی تیاکوژرا؟[3].

بەشێوەیەکی ئاشکرا بێت یا شاراوە ئەنتلجنیسیا تێکەڵ بەو جهانە دەبێت و زمانیشی شێوەی زمانی ئەو وەردەگرێت ئیتر چ قبوڵی بکات یا رەتیبکاتەوە. خۆگونجاندنێکی زۆر لەگەڵ درندایەتی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ وەك خودی درندایەتی ترسناکە. ئەگەر تەوژمە فیکرییە عەرەبیە زاڵەکان لەساڵی 1990 ـ 1991 پرۆژەکەیان سەرکەوتو بوایە ئەوا بەدڵنیاییەوە

جهانی عەرەبی لەدوای لکاندنی کوێت لەپەلاماردانی وڵاتێکی عەرەبی دی روبەروی سەدام حوسەینێکی بەهێزتر دەبووە. لەکاتی شەڕی کەنداودا چ شتێك رێگەی لەزۆربەی هەرە زۆری روناکبیرانی عەرەب دەگرت پرسیار لەسەر ئەو ئاکامانە بکەن کەرەنگە بەسەر عەرەبەکانی دی بێت ئەگەر بەعسی عراق لەقوتدانی کوێت سەرکەوتو بێت؟

درِندایەتی مۆتەکەیی (الوحشيات الكابوسية) کەلەعراق بوە بەرێسا سەرلەنوێ رەوانەی دەرەوەی خۆی دەکرێتەوە. ئایا چەندانی دی وەك خەلیل، ئەبوحەیدەر، عومەر، مستەفا و تەیمور لەژێر سایەی داگیرکردن دەژین و سوکایەتیان پێدەکرێ و ئەشکەنجەدەدرێن و دەکوژرێن و کیمیاباران دەکرێن ؟ لەم روانگەیەوە تاوانبارکردنی رۆژئاوا و بێباکی لەئاست دڵڕەقیدا دوودیمەنی لەیەکچوی لۆجیکی رەتکردنەوەو و لاوازی مرۆڤە لەروبەروبونەوەی ئاکامی خودی قسەکانی خۆیدا.

ناتوانم گەورەبونی دڵڕەقی لەرۆژهەڵاتدا بسەڵمێنم، بەڵام پێم وایە بوە بەکارێکی زۆر ئاسایی و لەلایەن روناکبیرانی عەرەبەوە پەسەند دەکرێت، بەتایبەتی ئەوانەی لەرۆژئاوا دەژین و پێی نامۆن. بۆیە ئەم کتێبە و ئەوەی بەدوایا دێت گەشتێکی کورتی دیمەنە لەیادکراوەکانی دڵڕەقی و بێدەنگی جهانی عەرەب لەخۆی دەگرێت و دەشێت رۆژێك لەرۆژان روبەروبونەوەی بەشێوەیەکی راست و دروست لەتوانا بێت. ئەم گەشتە ئەڵتەرناتیڤێك نیە بۆ تێگەیشتنێکی قوڵ لەو دڵڕەقییەی لەرۆژهەڵاتی ناوەراستدا باڵا دەکات، بەڵکو تەنها رەسمێکی سەرەتاییە و زۆر بەخێرایی فڵچەرێژ کراوە، بۆیە لەوانەیە هێندێك کەس نارەزایی دەربرن لەسەرئەوەی ئەم وێنەکێشانە بیرۆکەیەکی باش نەبێت، بەدەرلەوەی وێنەیەکی راست بێت یا نا. بەڵام لەلایەکی دی، دڵڕەقی لەتاریکیدا گەشە و نشونما دەکات، لەبەرئەوە پێویستەزۆرترین تیشکی بخرێتەسەر بۆ ئەوەی لێی رزگاربین و لەخۆمانی دوربخەینەوە.

www.dengekan.com

**دڵڕەقی و ژنی عەرەب**

دڵڕەقی دوو دیوی هەیە. دیوێکی گشتی و ئەوی دی تایبەت. تەنانەت کاتێك دڵڕەقی جەستەیی بەئاشکرا پیادە دەکرێت ـ بۆ نمونە، چ لەلایەن دەزگای دەوڵەتەوە ئاراستە بکرێت یا لەلایەن خەڵکانی شۆڕشگێڕەوە ـ تۆڕێك گریمانەی ئەخلاقی تایبەت پێشی دەکەوێت کە دەستدرێژیکردن شیاو دەکات. لەم روانگەیەوە پێویستە لێکدانەوەی دڵڕەقی لەجهانی عەرەبیدا بەمانای وشە لە ئامانجەکەیەوە دەست پێبکات، واتەلە : ژنی عەرەبەوە.

عەزیز ساڵەح ئەحمەد ناوی سەر ناسنامەیەکی فەوارە (3×6×6) بو، لەهاوینی 1991 دا لەرێگەی فاکسێکەوە بەدەستم گەیشتبو. سەرەتا خوێندنەوەی زۆر قورس بو، چونکە لەفاکسێکی دی وەرگیرابو. سەرەتای ئەم زنجیرەیە لەبینای بەریوەبەرێتی گشتی ئەمنی سلێمانی بو.

عەزیز لەدەزگای ئەمنی عامەی عراق فەرمانبەر بو. ئەم زانیاریانە وەك خۆی لەسەر ناسنامەکەی تۆمار کرابو (لەگەڵ چەند وشەیەکی لاری دەستنوس) :

تیانوسی نهێنی نمونەی ژمارە (3) ئەمنی عامە

**ناسنامەی پێرستی گشتی**

**نازناو**

**فایلی ژمارە 43304**

**ناوی سیانی : عەزیز ساڵەح ئەحمەد**

**رۆژی لەدایك بون : بۆشایی**

**پیشە : ئەندامی جەیشی شەعبی**

**چالاکی : شەرەفشکاندنی ژن**

عەزیز فەرمانبەرێکی مەدەنی بو، موچەی مانگانەی لەسەر هەتکردنی ژنی عراقی پێدەدرا [4].

ئەوە بەربەرێتی دەوڵەتە، خەڵکی وەك دەستدرێژکاری سێکسی بەکاردەهێنێ. لێرەدا دوو پرسیاری گرنگ بەمێشکی خەڵکانێکی وەك عەزیز ئەحمەد دەگوزەرێ، بەڵام ئەوەی هەنوکە بەلامەوە گرنگ بێت ئەوەیە بەڵگەنامەیەکی لەمجۆرە لەچی ئاگادارمان دەکاتەوە.

دەستدرێژی کردن بەشێوەیەك تەشەنەی سەندبو کەناسنامەی پێدەردەکرا. کاتێك لەراپەرینی ئازاری / 1991 دەست بەسەر زیندانەکانی موخابەرات و سوپا گیرا، زۆرێك لەو ژنانەش ئازاد کران کەلەزیندان مناڵیان ببو[5]. لەهەر زیندانێکی سەرەکی ژورێکی تایبەت بۆ

هەتکردن تەرخانکرابو ( یەکێکیان پڕبو لەوێنەی پۆرنۆگرافی "روو" کەبەدیواری بەرامبەر دەرگاکەوە هەڵواسرابو ). بۆیان گێڕامەوە لەشویخ ـ ی کوێتی داگیرکراو لەناو بنکەیەکی هەتکردن کەبەرەنگی سەوزی زەیتونی بۆیاخ کرابو بەخوێن لەسەر دیوارێك نوسرابو "فەڵەستین رزگار بکەن"[6]. ئەو منالانەی لەدەستدرێژی سێکسی لەدایك ببون لەخانەی هەتیوان لەدەرەوەی پایتەختی کوێت دانرابون، هەروەها ئامۆژگاری پزیشکی تایبەت پێشکەش بەقوربانیەکان ـ لەژن و پیاو ـ دەکرا، ئەمەش لەکیلینکی ئەلراجعی ئەنجامدەدرا کەبەم دواییانە دکتۆر رەحمان عوسفور بۆ ئەم مەبەستە دروستی کردبو[7].

لەنێو ئەو بەسەرهاتانەی لەعراق گوێم لێیان دەبو، ئەوانەی لەدوای شەڕی کەنداوەوە دزەیان دەکرد و بەزۆریش لەناو پەنابەراندا بلاودەبونەوە، بەتەواوەتی بۆم رونبووە هەتکردنی رەسمی لەعراقدا بەجۆرێك بلاوە کەرەنگە کۆنترۆڵکردن و جڵەوکردنی لەدەست دەرچوبێت [8]. چۆن دەوڵەت لەم کردەوە دزێوانەی وەك بەرزەکی بانان بۆی دەردەچێت؟ وەلامدانەوەی ئەم پرسیارە بۆ بەدبەختی تەنها لەگەندەڵی و پۆخڵی سەدام حوسەین نیە هەروەکو هەمو عراقیەکان ـ بەخۆشمەوە ـ حەز دەکەن بڕوای پێبکەن، بەڵکو لەزەواجی نێوان ئەوجۆرە مرۆڤانەیە کەنوێنەرایەتی دەکەن و یەکێك لەپیرۆزترین ئیدعاکانی ناسنامەی کولتوری عەرەبی کەبەم وشانە گوزارشت لەخۆی دەکات : "شەرەفشکاندنی ژن". سەرکارەکانی عەزیز ئەحمەد شتێك دەبەزێنن کە خۆیان بەرەسمی ناوی "شەرەف" لێدەنێن.

کولتوری عەرەبی ـ ئیسلامی شەرەفی خێزان بەپلەی یەکەم لەجەستەی ژن و کچێنێ و جلوبەرگ و سەلاری رەفتاریان دەبینێ. لەکولتوردا رووپۆش (حجاب) گرنگی خۆی هەیە، چونکە بەرامبەر بەعامی خەڵکی هێمای پاراستنی شەرەف دەگەیەنێت، بۆیە بەروکەش هەوڵی بەرزراگرتنی دەدا. لەسالانی یەکەمی شۆڕشی ئیسلامی ئێراندا ئەم فاکتەرە لەپشت فەتواکەی خومەینییەوەبو سەبارەت بەرووپۆش پۆشین. کاتێك کەسێکی عەزیز ئاسا حیجابی ژنێکی عەرەب یا کورد دەدرێنێ و کاری سێکسی لەتەك دەکات، لەراستیدا دەستدرێژی دەکاتە سەرپیرۆزترین پیرۆزی شەرەفی خێزان. عەزیز موچەی مانگانەی پێنادەن بۆئەوەی ئارەزووە سێکسیەکانی دابمرکێنێتەوە یا وەك تاکەکەس پەلاماری قوربانیەکانی بدات (بۆ نمونە زانیاریان لێدەربهێنێ) بەڵکو کرێی پێدەدەن بۆ ئەوەی ناوی هەموخێزانی قوربانیەکە سوك بکات. قوربانیەکانی عەزیز تەنانەت شەرەفی ئەوەشیان نیە وەك خەڵکێکی هەستیاری خاوەن

بیروهەست و بروای تایبەت بەخۆیان، دەستدرێژی بکرێتە سەریان بەڵکو وەك ئامرازێك دەستدرێژییان دەکرێتەسەر بۆ ئەوەی بگەن بەشەرەف و کەرامەتی قەوارەیەکی دی.

هەست بەریسوایی کردن ـ پێچەوانەی هەستکردنە بەگوناه ـ بەشێوەیەکی تەقلیدی پەیوەندی بەشەرەفشکاندنەوە هەیە. "هەستکردن بەگوناه پەیوەندی بەرەفتارێکەوە هەیە ئازاری بەخەڵك گەیاندبێت". هەروەکو رۆبەرت کارین ـ ی دەروونناس شیدەکاتەوە : "ریسوایی هەستێکە مرۆڤ پێی وایە وەك پێویست کەسێکی باش نیە"[9]. بەشێوەیەکی نمونەیی ریسوایی جۆرە هەستێکە لە "هاوشێوەی روتبونەوەیەکی کتوپڕ ... ئارەزوی خۆشاردنەوە بەهەر نرخێك بێت". لەناکاو کرۆکی ناسنامەی کەسێتی لەمەحەکدا دەبێ، بەڵام مەرج نیە خۆی شتەکەی کردبێت، ئەمە لەکاتێکدا هەستکردن بەگوناه حوکمی رامانێکی زاتیە پەیوەندی بەکەموکورتییەکی ئەخلاقی ئاشکراوە هەیە، کەچی ریسوایی پەیوەستی بەهەستی وەك دەست تێکەڵکردن و قبوڵکردن و حوکمی ئەوانی دی لەسەر ئەخلاقی تۆوە هەیە. " هەست بەریسوایی کردن بریتیە لەو هەستەی پێشبینی ئەفەرۆزکردنی خۆت دەکەیت، ئەویش نەك لەسەر کردەوەی خودی مرۆڤەکە، بەڵکو لەسەر ئەوەی تۆ کێیت یا چیت ". ئەمجۆرە هەستکردنە لەلاوازی و بێدەستەڵاتی و بێتوانایی نزیکترین کەسی قوربانیەکەوە سەرچاوە دەگرێ کەبەرپرسەکانی عەزیزساڵەح پشتی پێدەبەستن. لەم دەسپێکەوە تۆی ئەو بیرۆکەیەی قابیلی وێناکردن نیە (بەکارهێنانی فەرمانبەری مەدەنی بۆ ئابروشکاندن) بەپلەی یەکەم لێرەدا چێنراوە : لەرێکخستنی کۆمەڵگەی تەقلیدی لەسەر پرەنسیپی شەرەف و ریسوایی[10].

"چاوشکاندنی یەکێکیان" تەعبیرێکی کۆچەری کۆنە و لەرێگەی دامەزراندنی خەڵکانی عەزیز ئاسا بوە بەسیاسەتی دەوڵەتی عراق. تکریتیەکان لەسەردەمی حوکمرانی عوسمانیەکاندا بەناوبانگبون لەشێوازی "چاوشکاندنی" ئەو حاکمە ناتکریتییەی حکومەتی نێوەندی بەسەریانا دەیسەپاندن. حاکمی تازە دامەزراو خۆی و خێزانەکەی بانگهێشت دەکران بۆ ئاهەنگی پێشوازی لێکردن لەماڵی پیاو ماقوڵێکی ناوچەکە، بەڵام لەکاتی گەڕانەوەیاندا لەلایەن چەند چەکدارێکی دەمامك لەسەر بۆسەیان بۆ دەنرایەوە و حاکمەکەیان ناچار دەکرد تەماشای ژنەکەی بکات چۆن دەستدرێژی دەکرێتەسەر، پاشان چەکدارەکان خۆیان بۆ حاکمەکە ئاشکرا دەکرد و بەبێ ئەوەی کەس بکوژن لەتاریکی شەودا خۆیان بزردەکرد، بەڵام ئیتر حاکمەکەش نەیدەتوانی ئیدارەی کاروباری تکریت بەریوەبەرێت.

لەکۆتایی ساڵانی حەفتاکاندا فەرمانرەوا بەعسیە تازەکان چاوی ناودارترین بنەماڵەی ئۆرستۆکراتی بەغدایان شکاند، سەرەرای ئەوەی ئەو خێزانانە ماوەیەك بو هیچ کاریگەرییەکی

سیاسی یا تەنانەت هێزی ئابوریشیان لەوڵاتدا نەمابو. لەرێگەی هاتوچۆی یانە نێودارەکانی بەغدا کچە گەنجەکانی ئەو خێزانانەیان دەفڕاند. ماوەی چەند هەفتەیەك لەبەرچاوان بزردەبون پاشان دەردەکەوتنەوە. هەمو کەس دەیزانی چییان بەسەر هاتوە، بەڵام کەس نەیدەوێرا (یا پێی خۆش نەبو) قسەی لەسەر بکات. (ئەو کارە بەسەر خێزانە سوننە و شیعەکانیشدا هاتوە، بەتایبەتی ئەو خێزانە سوننە شارییە نێودارانەی عێراقی نوێیان دامەزراند و تکریتی نەبون)[11]. لەم ناکۆیەدا پێویستە مرۆڤ ئەو کارە شەیتانیەی سوپای عراق وەبیربهێنێتەوە کەساڵی 1982 لەئۆردوگای ڤوشتەپە لەباشوری هەولێر پێی هەستا. "ئەو بێرەوشتییەی بەدرێژایی دەساڵ سوپای گەمارۆدەر بەسەر ژنانی ڤوشتەپەی هێنا، لەراستیدا مەبەستی سەرەکیان ناوی بارزانی بو کە سیمبولی گەورەی شەرەفی نەتەوەی کورد بو" [12].

بەگشتی دڵڕەقی سیاسی لەماڵەوە دەستپێدەکات. ریسوایی یەکێکە لەو رێگایانەی بەدڵڕەقیمان دەگەیەنێت و ئێستاش لێکۆڵینەوەکان بە "هۆکارێکی گرنگی دەستدرێژی کردنی" [13] دادەنێن. "ئەمەل مەسیراتی" کچە فەڵەستینیەکی تەمەن (16)ساڵەی دانیشتوی رەملەیە، لەساڵی 1991، لەدوای ئەوەی براکەی پێی زانی پەیوەندی لەگەڵ پیاوێك هەیە هەر بەلێدان کوشتی، چونکە هەستی بەریسوایی دەکرد، پاشان جەستە ئەنجن ئەنجنکراو وشێواوەکەی فرێدایە " کیبوتزغان شمول" - ەوە بۆ ئەوەی وادەرکەوێت یەهودییەك کوشتویەتی."سارا ئەبوغەنام" کچی خێزانێکی زۆر ناوداری رەملەیە، حەزی لە کورە عەرەبێکی رەشپێست کردبو، ئەوەش بۆ شەرەفی خێزان کارێکی ناشایستەبو، بۆیە زۆر بەپەلە درا بەپسمامێکی خۆی، پاشان مێردە تازەکەی دەیکوژێت و جەستەکەیشی فرێدەداتە باخێکی مزرەمەنی "ریشون لیزبون"ی دەرەوەی شاری تەلئەبیب [14]. لەهەمو رۆژهەڵات و دەوروبەری ناوەراست (باکوروباشور) ژنی وەك ئەمەل و سارا لەپێناوی پاراستنی شەرەفی خێزانەکانیان توشی تێهەڵدان و درندایەتی دەبنەوە و زۆربەی وەختیش دەکوژرێن. هەروەها هێندێك کەرەت گرنگی شەرەف دەگاتە ئاستێك کەدایك و داپیرەش بەشداری تیادەکەن و پیاوانی خێزان هاندەدەن کچەکانیان بکوژن. "مەی" کچێکی فەڵەستینی و ئەندامی "فەنارە" (رێکخراوێکی ژنانی عەرەبە) چەندین جار لەدەرەوەی بنکەی پۆلیسی رەملە مانیگرتوە و ژیانی بۆ ئاشکراکردنی ئەوجۆرە توندوتیژییە تەرخانکردوە و خۆیشی چەندین کەرەت توشی تێهەڵدان بۆتەوە :"15 ساڵ لەمەوبەر داپیرەم لەسەر شەرەفی خێزان کوژراوە، لەرۆژی

لەدایکبونمەوە بەردەوام دایکم ئاگادارم دەکاتەوە لەوەی چارەنوسم بەچارەنوسی داپیرەم دەبێت"[15].

لەو بەڵگەنامانەی لەبنکەکانی پۆلیسی عراقی دەستیان بەسەراگیرابو، دەردەکەوێت ئەو شەرەف و ریسواییەی بۆتە هۆی ئەو دوو تاوانی کوشتنەی لەسەرەوە باسکراوە، لەعراقی سەدام حوسەیندا بەخزمەتی گشتی دادەنرێ، ئەو سەدامەی لەکاتی شەڕی کەنداودا زۆرێك لەروناکبیرانی عەرەب پشتیان دەگرت، چونکە پێیان وابو لەململانێی لەگەڵ ئیسرائیلدا شەرەفی عەرەب دەسێنێتەوە. بۆ نمونە یەکێك لەو بەڵگەنامانەی حزبی شیوعی لەشارۆچکەی شەقلاوە دەستی بەسەراگرتبو باس لەوە دەکات پۆلیسی بەغدا لەسوپەر مارکێت و بەرگدروی ژنە دەوڵەمەندەکان کامێرای شاراوەی داناوە. یەکێك لەو ژنانەی ناوی لەبەڵگەنامەکە هاتوە لەکاتی گۆڕینی جلەکانی وێنەی گیراوە و فیلمەکەیشیان بەکارهێناوە بۆ ئەوەی وەك هەوالگر لەگەڵ پۆلیس کاربکات (کچێکی ناوچەیەکی نزیك بەشاری بەغدا پێی راگەیاندم پێی وایە چەندین ساڵە کامێرا لەئاودەستە گشتیەکاندا دانراوە بۆیە خۆی و برادەرەکانی هەرگیز بۆ ئاودەستەگشتیەکان نەدەچون) [16]. بۆچی تەنها لەم حاڵەتەدا ژن رازی دەبێت کار لەگەڵ پۆلیسدا بکات؟ ئایا زیاتر لەمێردەکەی یا لەموخابەراتی عراقی دەترسێت ؟ بێگومان لەمێردەکەی زیاتر دەترسێت، ئەگینا پۆلیس ئەوەندە خۆی ماندو نەدەکرد تاوێنەی دیمەنێکی خۆروتکردنەوە بگرێت. مێردی لەوجۆرە بەمەبەست بێت یا بەبێ مەبەست وەك موخابەراتی عراقی دەستی هەیە لەوەی ژنی عراقی بکەن بەقوربانی.

یەکێك لەو بەڵگەنامانەی لەسلێمانی چاوم پێی کەوت پەردە لەسەر پەرستارێکی سەربەموخابەرات هەڵدەداتەوە. ئەو پەرستارە سەرپەرشتی تۆڕێك کچی دەکرد، ئەوانەی لەژێرزەبری هەرەشە کاریان لەگەڵ موخابەرات دەکرد، ئەوەش لەپاش ئەوەی دڵنیا دەکرانەوە لەوەی خودی ئەو پەرستارە پەردەی کچێنیان بۆ دروستدەکاتەوە. شتێکی ئاشکرایە ترسی خێزانەکانیان لەوەی پێیان بزانن بەرادەیەك بوە ناچاربون پەیوەندی بەموخابەراتەوە بکەن (هەروەك دەزانرێ سوپا و پۆلیسی ئیسرائیلیش لەکاتی لێپێچینەوەدا هەمان ترسیان لەلای ژنە زیندانییە فەلەستینیەکان دەقۆزستەوە، بەڵام نەبەبەردەوامی و نەئەو ئامرازانەشیان بەکاردەهێنا کەپۆلیسی عراق بەکاریدەهێنا) [17]. نوسەری عراقی عیسام ئەلخەفاجی لەدوای سەردانەکەی بۆ باکوری عراق لەساڵی 1991 بەسەرهاتێکی لەو بابەتە دەگێڕێتەوە :

" کیفاح کچێکی کۆلکە خوێندەوار و خەڵکی شارۆچکەی ئەلمەشخاب ـ ی باشوری بەغدایە و بروابێکراوی (نزمترین ئاستی پلەی حزبیە) حزبی بەعس بو، کیفاح لەدوای شکستی

ڕاپەڕینی کوردستان فەرمانی پێدرا وەك پەرستارێك بچێتە کوردستان و متمانەی دەستەڵاتدارانی ناوچەکە بەلای خۆیدا بەدەست بهێنێ، ئنجا خەڵکانی دی لەبواری تەندروستی ڕێکبخات. هەروەها پێیان وتبو تەنها وڵاتە یەکگرتوەکان چەکداری هەیە، بۆیە کاتێك ڕوبەروی لێشاوێك چەکداری کورد دەبێتەوە زەندەقی دەچێت و یەکسەر خۆی تەسلیم دەکات ... کیفاح چۆنێتی بەکارهێناکەی لەساڵی 1988 دا بۆ گێڕامەوە. لەدوای شوکردنی بەماوەیەکی کورت چوار ئەفسەری موخابەرات لەئۆتۆمۆبیلێکدا ڕایدەگرن و داوای لێدەکەن لەتەکیاندا بچێت بۆ ئەوەی چەند پرسیارێکی لەسەر مێردەکەی لێبکەن، بەڵام لەجیاتی ئەوە بەرەو باخێکی دەبەن و بەزۆر ئەلکهولی دەرخوارد دەدەن، پاشان یەك لەدوای یەك دەستدرێژی دەکەنە سەر، ئەو کارەشیان لەسەر کاسێتی ڤیدیۆ تۆماردەکەن، ئنجا هەواڵگرەکان هەرەشەی ئەوەی لێدەکەن کە کاسێتەکە بۆ مێردەکەی دەنێرن، و مێردەکیشی بەدڵنیاییەوە دەیکوژێت. بۆیە کیفاح بەناچاری پەیوەندی بەموخابەراتەوە دەکات. تاکوئێستا بەهەمان شێوازی خۆی و بەبیانوی سەردانی کردنی هاوەڵێك سێ کەسی هێناوەتە ژێربار، هەمو جارێکیش ئەفسەرێکی ئەمن چاوەروانیان دەکات"[18].

کاتێك لەباکوری عراق بوم ژمارەیەك لەو ژنە هەواڵگرانە لەزاخۆ لەلایەن کوردەکانەوە دەستگیرکرابون، بەڵام لەپێش ئەوەی چاوم پێیان بکەوێت، ئیعدام کران.

پرەنسیپی تەقلیدی شەرەف و ڕیسوایی هەلومەرجێکی لەباری گونجاند بۆ ئەوەی سیاسەتی دەستدرێژی کردنی ڕەسمی وەك ئامرازێك بۆ کۆنترۆڵ کردنی کۆمەڵگەی کوردەواری و عەرەبی چالاکانە پیادەبکرێ. بەڵام لێکۆڵینەوەی بەجیای ئەو هەلومەرجە، بەرفراوانی و قوڵی دیاردەی دەستدرێژیکردنی سێکسی لەعراقی نوێ بەرجەستە ناکات. بەکارهێنانی بەرفراوانی هەتکردن هاروێی ئەو شێوازە تایبەتانە بو کە عراقی خستە ژێر دەستەڵاتی حوکمی بەعسەوە، ئەوەش بەشێك بو لەداروخانی گشتی دابونەریتی کۆمەڵایەتی، بەنەریتی یەکسانیشەوە کەلەرابردودا پارێزگاری لەژن دەکرد (تارادەیەك و لەچوارچێوەی نزمی پایەی ژن لەچاوپیاواندا کەپێشتر سەپێنرابو). نەریتی خێڵەکی زاڵ لەکۆمەڵگە پارێزگارەکانی وەك سعودی و ئوردون هێشتا بەربەستێکی هەندەکی لە دەستدرێژی کردنی سێکسی پێکدەهێنێ. بەڵام گرفتێك ڕوبەروی بەدواداچونی ئەم پاساوە دەبێتەوە، چونکە هیچ زانیارییەکی باوەڕپێکراو نیە لەسەر ئەو کردەوانەی لەشوێنێکی وەك سعودی ڕوبەروی ژن دەبێتەوە، لەبەرئەوەی خودی نەریتیەکانیش بێدەنگی لەم بابەتە دەکەن. ئایا ئەو دەستدرێژیە

www.dengekan.com

سێکسیانەی دەکرێتە سەر منالأن بۆ نمونە نزێك دەبێتەوە یا یەکسانە بەقەوارەی ئەو دەستدرێژییانەی لەعراقی بەعسدا هەیە ؟ بەدڵنیاییەوە کەس نازانێت.

لەلایەکی دی، جیاوازی زۆر گەورە لەواقیعدا هەیە. بەپێی قسەی ژنان بەشێکی زیندانی جویدەی ئوردون پێی دەوترێ ژوری زینا. وادیارە ئەو پۆلیسانەی لەسەر شەقامەکانی عومان گەشت دەکەن بۆیان هەیە هەر کچێکی ئوردونی بگرن، ئەگەر هاورێیەتی پیاوی غەیرە بکات. هەردوکیان دەبرێنە نوسینگەی ئەفسەری تەندروستی و ئازمایشی پزیشکی کچێنی بۆ دەکەن، ئەگەر کچ نەبێت، دەمودەست خێزانی هەردولا ئاگادار دەکرێنەوە، ئنجا هەردو خێزانەکە بەمەبەستی مارەکردنیان گفتوگۆ لەگەڵ یەکتری دەکەن. ئەگەر پیاوەکە رازی نەبێت کچەکە بهێنێت، ئەوا شەرەفی خێزان دەشکێت و هەردوکیان حوکم دەدرێن. سزاکان توندو تیژ نین، لەماوەی دوو مانگدا پیاوەکە ئازاد دەکرێت، بەلأم کچەکە لەدوای تەواوکردنی حوکمەکەیشی هەر دەهێلرێتەوە. بەپێی قسەی یاریدەدەری کۆمەلأیەتی، لەماوەی کارکردنیدا زیاتر لەنیوەی ئەو کچانەی لەژوری زینای جویدەبون لەدوای تەواوکردنی حوکمەکەشیان لەزیندان گلدراونەتەوە، تەنانەت هێندێکیان ماوەی (5) ساڵە لەویٚ ماونەتەوە. بۆچی لەویٚ دەیانهێڵنەوە ؟ چونکە پۆلیسی ئوردونی بەرپرسیارێتی گوللەبارانکردنی ئەو کچانە لەئەستۆناگرێت یا لەرۆژی بەرەلأ کردنیان لەسەر پلیکانەی زیندان بەرچەقۆ بدرێن (حاڵەتی لەمجۆرە زۆر رویداوە).

لەکۆتاییدا پۆلیس بەدوای ئەو پیاوانەدا دەگەرێت کە رازیبن ئەو کچانە بهێنن، ئەوەی زیاتر بۆ ئەم کارە شیاو بێت پیرەمێردی گوندە دورەکانە، ئەوانەی بەدوای دەرفەتێکی نوێی ژیاندا دەگەرێن، لەهێندێك حاڵەتی تریشدا لاوان ئەو کچانە دەهێنن، بەلأم پاشان دەردەکەوێت ئەو خەڵکانە گەوادن وبەدوای کەسانی سۆزانیا دەگەرێن [20].

شتێکی ئاشکرایە سیستمی شەرەف و ریسوایی لەئوردونی (پارێزگار) وەك لەعراقی (رادیکال) چالاکە، لەهەردو حاڵەتەکەشدا جیاوازی نێوانیان بریتیە لەپەیوەندی نێوان دەستەلأت و کۆمەڵگە : دەستەلأتدارانی ئوردون شەریکی سیستمی شەرەف و ریسواییەو بوێرانە هەوڵدەدا نێوانکاریان بکات بۆ ئەوەی چاکیان بکاتەوە یا ئەگەر نێوانکاریشی بۆ نەکرا چارەسەرێکیان بۆ بدۆزێتەوە. کەواتە ئوردون حاڵەتێکی مامناوەندی هەیە لەنێوان حاڵەتی فەلەستینی ( دەوڵەت تەدەخول ناکات ) وپەرگیری عراق (بەکارهێنانی دەستدرێژیکار وەك فەرمانبەری رەسمی). بەلأم ئەوەی بەڵێلی دەمێنێتەوە تاچەند ژن دەتوانێت سود لەم جیاوازییانە وەربگرێت.

بەعسی شۆڕشگێر جیاوازی لەگەڵ پاشایەتی سعودی هەیە، بەوەی پێکهاتەی کەلەپوری نەریتی کۆمەڵایەتی لەبەریەکهەڵوەشاندەوە و جۆرێکی نوێی شێواوی لەتازەگەرێتی عراقی زیندوکردەوە، ئەویش نە نەریتە و نە تازەگەری (واتە بونیاتنانی بەهای نوێ بۆ تاکەکەس و کۆمەڵ، لەبابەت دابونەریتی رۆژئاوا لەکاتی بزوتنەوەی رۆشنگەریدا). چۆن دەشێت گەندەڵی جنسی لەسایەی حزبی بەعس لەعراقدا لەگەڵ روداوەکانی ئەمرۆی کۆماری ئیسلامی ئێران بەراوردبکەین؟ سەرلەنوێ نازانین. لەلایەکی دی، مرۆڤ دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی لەوڵاتێکی وەك عراقدا کەهەمو شتێکی تیا نابوت بوە، کۆمەڵگە لەبۆشایی هەڵواسراوە و هیچ نەریتێکی راستەقینەی نیە (ئیسلامی یا نائیسلامی)، بەلایەنی کەمەوە لەرێگەیەوە پشویەکی کاتی بدات. ئەم ئەنجامە بۆ قۆناغی دوای سەدام حوسەین مانای سیاسی گەورەی دەبێت [21].

دەستدرێژی کردن وەك کرداری ملکەچ پێکردن و کوێلەکردنی کۆمەڵگە، زەلیلکردنی بەئەنقەستی نەتەوە لەخۆی دەگرێ، بەمەبەستی سەرکوتکردن و زاڵبونی کۆمەڵایەتی کەزۆرجاران هاوتای شەڕ و داڕوخانی کۆمەڵاتیە. بۆ نمونە، ئەم دیاردەیە لەهاوینی 1992 دا لەنێو رێکخراوە نیمچە سەربازییەکانی یۆگسلافیای جاران تەشەنەی سەندبو [22]. نیو سەدە بەرلەئێستا لە"دەستدرێژکاری نانکینگ"، شارێکی چینی بێوەیە، سوپای ژاپۆن لەساڵی 1937 داگیریکرد، روداوەکانی یەکەم مانگی داگیرکردن بە 20 هەزار حاڵەتی دەستدرێژی دەخەمڵێنرێ [23]. هەروەها لەدوای راگەیاندنی سەربەخۆیی بەنگەلادیش لەپاکستان و چونە ژورەوەی لەشکرەکانی سوپای پاکستان بۆ سەرکوتکردنی شۆرش، لایەنە باوەرپێکراوەکانی دەستدرێژی سەربازەکانی پاکستان لە نۆ مانگی ساڵی 1971 دا بە 200 ـ 400 هەزار ژنی بەنگەلادیشی دەخەمڵێن کەلە 80٪ ژنانی موسڵمان بون :

" لەدوای ئەوەی بەقەوارەی دزێوی کارەکان زانرا، ئەو کەسانەی هەوڵیاندەدا راڤەکردنێکی لۆجیکی یا سەربازی بدۆزنەوە بەردەوام دەگەڕانەوە بۆ ئەو تەلیسمەی لەپشت دەستدرێژی بەکومەڵەوە خۆی مت کردوە. " ئایا هەڵمەتی تۆقاندن، دەستدرێژی سێکسی ـ یش دەگرێتەوە؟"، ( ئۆپری مینی ) ئەم پرسیارەی لەسیاسەتمەدارێکی بەنگەلادیشی کرد، بەڵام سیاسەتمەدارەکە پرسیارێکی پێچەوانەی ئاراستە کردەوە : "سەربازەکان لەسەربازگەکانیان قسەلەسەر چ شتێك دەکەن؟"، ژن و سێکس، ئنجا وتی : "پڕ چەکیان بکە و داوایان لێبکە ترس و لەرز بخەنە دڵی میللەتێکەوە، یەکەمجار چ شتێك بەمێشکیان گوزەر دەکات؟"... دەستدرێژیکردنەکان بەرادەیەك رێکخراو و گشتگیر بو کەجگەلەئەنجامی سیاسەتێکی

هوشیارانەی سوپا شتێکی دی نەبو، "پاکستانیە رۆژئاواییەکان نەخشەی سیاسەتێکیان دارشتبو تا بەئەنقەست رەگەزێکی نوێ دروستبکەن"، یا نەتەوەی بەنگال لاوازبکەن.

لەراڤەکردنی ئەو کارەدا هەست و تیوری پێکەوە کار دەکەن، چونکە هەڵهێنجانەکان جەخت لەسەر گریمانەیەکی هەڵە دەکەن، بەوەی ئۆپراسیۆنی دەستدرێژیکردنی بەکۆمەڵ لەبەنگەلادیش تاوانێکی بێوێنەیە لەمێژوی نوێدا.

بەلاّم هەتکردنی بەکۆمەڵی بەنگەلادیش بێوێنە نیە. چونکە ژمارەی دەستدرێژیکردنەکان سەبارەت بەتاکەکەس ... لەروداوەکانی دەستدرێژیکردن گەورەتر نەبو ... لەشاری نانکینگ (1937) رێژەی دەستدرێژیکردنەکان سەبارەت بەتاکەکەس لەکوێ روداوەکانی دەستدرێژکردنی بەلجیکا و فەرەنسا بەرزتر نیە، کاتێك سوپای نارێکخراوی ئەڵمانی لەماوەی سێ مانگی شەڕی جهانی یەکەمدا پێشرەوی کرد. هەروەها لەرێژەی ئەو دەستدرێژیکردنانەش بەرزترنیە کەلەشەڕی جهانی دوەمدا روبەروی ژنانی گوندەکانی روسیای سۆڤیتی بووە" (24).

بەهەرحاڵ دەستدرێژیکردن بەرەسمی لەعراق شتێکی بێوێنەیە، چونکە دەوڵەت شەڕێکی قێزەون لەدژی خودی هاولاّتیانی خۆی دەکات، نەك تەنها لەرێگەی کیمیابارانکردنی گوندنشینەکوردەکان، بەڵکو لەرێگەی تێبەردانی دەستدرێژکاران بۆ سەرژنانی عراقی. روداوەکانی کوێت دیوێکی دی ئەو دەستدرێژیکردنەیە کەبەسەر ژنانی عراقدا هاتوە، و میتافۆرێکی (مجازی) نمونەیی وێنەی ئەو بەسەرهاتانەیە کەلەسەر دەستی خودی دەوڵەتەکەیان بەسەر کۆمەڵگەی عراقیدا هاتوە. دەستدرێژیکردن فۆڕمێکی سەرتاپاگیری شێوازی کارکردنی بەعسە لەسیاسەتدا.

ئایا لەناوکۆیی ئەم بابەتەدا دەتوانین ئەوە ئاشکرابکەین : لەماوەی تازەگەرێتی ولاّتە عەرەبی و ئیسلامیەکانی دی، دەستدرێژیکردنە سەرژنانیش بەرزبۆتەوە (سەرەرای تازەگەرێتی، پرەنسیپی شەرەف و ریسوایش بلاّودەبێتەوە)؟. شەڕی کەنداو بۆگەنی لەعراق ئاشکراکرد، هەرئەوەش وایلێکردین بزانین لەسالاّنی حەفتاکانەوە چ رویداوە و چ روودەدا. بۆیە فەڵەستینم بەنمونە هێنایەوە چونکە رێکخراوی ژنانی ئیسرائیل ـ عەرەب (فەنار) دەیتوانی لەناو ئیسرائیلدا کارابێت و ئەو زانیاریانەی کۆی دەکاتەوە لەرۆژنامە عبیریەکاندا بلاّویکاتەوە، لەبەرئەوەی ئیسرائیل لەهەمو ولاّتانی رۆژهەلاّت کراوەترە. هەر ئەو کرانەوەیەش لەکانونی یەکەم / 1989، و لەدوای بلاّوبونەوەی نامێلکەی " ژنان بۆ ژنە زیندانیە سیاسیەکان ـ ئەلقودس " بوە مایەی هەلاّ و بێزاری گشتی. رێکخراوی ژنانی

ئیسرائیلی بەڵگەنامەی لەسەر دەستدرێژیکردن و فۆستنەوەی کاری سێکسی کۆکردبووە کەژنانی فەلەستینی لەلایەن پۆلیسی ئیسرائیلییەوە روبەروی دەبونەوە ( پشکنین، روتکردنەوە لەبەردەم خەڵکی، ئاماژەکردنی بەردەوام بەکاری سێکسی، هەرەشەی شەرەفشکاندن و بەکارهێنانی وێنەی فۆتۆگرافی ئەو ئەفسەرە پۆلیسانەی دەستبازی لەگەڵ ژنە فەڵستینیەکان دەکەن، وەك ئامرازێك بۆ گوشار و قسەلێدەرهێنان و ... هتد ) [25]. ئایا نەبونی ئەو زانیاریانە لەسعودی و ئوردون بۆ نمونە مانای وایە بارودۆخ لەو دوو وڵاتە باشترە ؟ گرفتەکە لەوێدایە تاکو ئێستا نازانین وەزعی ئەم دوو وڵاتە بەچ ئاستێك گەیشتوە، هەروەها لەعراقیش دیوارێکی گەورەی بێدەنگی لەسەر خراپی مامەڵەکردن لەگەڵ ژناندا هەیە. لەکۆتاییدا بێدەنگی دەستدرێژیکردنی رەسمی لەعراقدا داهێنا.

بگەڕێنەوە بۆ دەستدرێژکاری "رەسمی". ئایا خەڵکانی عەزیز ئاسا چ جۆرە مرۆڤیکن ؟ توڕەییەکی قوڵ و ترسناك هەمو بوارەکانی ژیانی دەستدرێژکاری لادەری ئاسایی دەگرێتەوە. لەیەکێك لەو لێکۆڵینەوانەی لەسەر گروپێك دەستدرێژکاری ئەمریکا کراوە، گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی لە 80٪ یان بەمناڵی روبەروی دەستدرێژی بونەتەوە[26]. ئەو پیاوانە بەهەستی شەهیدبون، بێزلەخۆکردنەوە، بێمتمانەیی و نەبونی هاوسۆزی لەگەڵ خەڵکانی دی گەورەبون[27]. بۆچی ئەو خەڵکانە کاری دەستدرێژی دەکەن ؟ ئەو کەسانە بەدەستدرێژی کردنیان هەوڵێکی تراجیدی و بچوك دەدەن بۆ ئەوەی زیندەگی وێرانەیان تارادەیەك کۆنترۆڵ بکەن. شەڕی عراق ـ ئێران، شەڕی ناوخۆی لوبنان، قەتلوعامی حەما لەساڵی 1982 و هەرفۆڕمێکی رەگەزپەرستی نەتەوایەتی و ئاینی زۆرێك لەو پیاوە لادەرانەی لەرۆژهەڵاتی ناوەراست لەداوی خۆیەوە بەجێ هێشتوە[28]. بەم دواییانە لەخان یونس ـ ی کەرتی غەزە، پیاوێك پاش ئەوەی رەگوریشەی ئیسلامەتی خۆی بۆ دەردەکەوێت، هەرچوار خوشکەکەی لەژورێکدا بەندەکات، چونکە قەناعەتی بەسۆزانیەتی خوشکەکانی هەبوە، ئنجا ئاگر لەژورەکەیان بەردەدا و خۆیشی لەدەرەوەی ژورەکە دەست بەقورئان خوێندن دەکات [29]. رەنگە پیاوێکی عەقل ناتەواو بێت، بەڵام چ شتێك عەقڵی سوکی هانداوە بەتایبەتی ئەم شێوازە بەکاربهێنێ بۆ ئەوەی گوزارشت لەخودی خۆی بکات؟ لێرەدا ئەم پرسیارە کۆمەڵایەتی و سیاسییە لەسەر مەحەکە.

لەبەرامبەر ئەوەشدا عەزیز ساڵح ئەحمەد، فەرمانبەرێکی مەدەنییە و کەسێکی شێتۆکە نیە، دەشێت کەسێکی ئاسایی و جیاکار نەبێت وەك فەرمانبەرە حکومیەکانی دی. د. هاریتۆس

فاتۆراس لەماوەی 15 ساڵ لێکۆڵینەوەی لەسەر عەقلی جەلادەکان لەسەردەمی دیکتاتۆری یۆنانیدا لەساڵانی 1965 ـ 1974 بەتەواوەتی گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە جەلادە باشەکان پێویستە ڕێکبخرابن و مەشقیان پێکرابێت بۆ ئەوەی لەڕێگەی کاری سیستمی دەستەڵاتێکی کامڵەوە کارەکانیان ئەنجام بدەن. ملکەچی بۆ دەستەڵات، نەك پاڵنەرە سادییەکان، ئەو کەسانە والێدەکات، هەوڵبدەن ببن بەجەلاد[30].

لەهاوینی 1992، لەماوەی دەستدرێژی کردنێکی سیستماتیك بۆسەر 40 ژنە موسڵمانی شارۆچکەی توزلا ـ ی هێرزۆگۆڤین، هێزەکانی سیرب بەقوربانیەکانی خۆیان دەوت، فرمانی سەرەوەی خۆیان جێبەجێ دەکەن. یەکێك لەدەستدرێژیکاران بەقوربانیەکەی خۆی وتبو : " شەرم لەسیرب بونی خۆم دەکەمەوە ". بەهەرحاڵ خۆی و هاوەڵەکانی لەڕێگەی بەکارهێنانی حەپی تایبەتەوە ئەرکەکانی خۆیان جێبەجێ کرد[31]. ئایا دەوڵەتی عراقی بەوشێوەیە ورەی دەستدرێژکاری "ڕەسمی" بەرزدەکاتەوە، بۆ ئەوەی لەدوای ڕۆژێکی تاقەت پرۆکێن وەك ئێمە بۆلای ژن و منالەکانی بگەڕێتەوە ؟ خودی ئەم بیرۆکەیە زۆر ترسناکتر و خراپترە لەوەی بەکەسێکی شێتۆکەی وێنابکەین. بەدڵنیاییەوە عەزیز ساڵەح ئەحمەد هەرگیز جیاوازی لەگەڵ هەزاران لاوی دی وڵاتە عەرەبیەکاندا نیە. بەرەئی هاریتۆس فاتۆراس دەشێت دەستدرێژکار هەر کەسێك بێت، لەهەمو حاڵەتیکدا خەڵکانێك بەعەرەب ناو زەدەی دەکەن. برادەرێکی کورد پێی وتم ناوەکەی کوردییە[32]. دڵنیانیم. لەهەمو حاڵەتێکدا ئەو پیاوە شێتۆکەیەی خان یونس، تەنانەت لەو کاتەشدا هەر چوار خوشکەکەی بەزیندوی ئاگر تێبەردەدا، پێی وابو موسڵمانێکی لەخوا ترسە لەگەڵ عەزیز ساڵەح خاڵی هاوبەشیان هەیە، چونکە هەردوکیان دوو مرۆڤی نەخۆشی دەستکردی دڵڕەقی سیاسەتی نوێی عەرەبین و پێیان وایە تۆڵە لەسوکایەتی رابردوی خۆیان دەکەنەوە، تەنانەت لەو حاڵەتەشدا کە ئەشکەنجەی ژنی عەرەب یا کورد دەدەن و هەتکیان دەکەن و شەرەفیان دەشکێنن، بۆیە ژنانیش لەگێژاوی توندوتیژی پارێزراو یا ئاوارتە نابن. "لیا تەسیمل"، پارێزەرێکی ئیسرائیلییە و ژیانی بۆ مافەکانی مرۆڤی فەڵەستینی تەرخانکردوە، پێی وایە یەکێك لەو شێوازانەی ژنانی فەلەستینی بەکاریدەهێنن تا لەچەوسانەوەی خێزان رزگاریان بێت، تاوانکردنە یا شتێك بەناوی راپەرینەوە بکەن بۆ ئەوەی قبوڵکردنی  کۆمەڵایەتیان بەدەست بهێننەوە کە بەهۆی جەختکردنیان لەسەر کەسایەتی تایبەتی خۆیان لەدەستیان داوە. بۆ نمونە ژنێك بەبێ ویستی خۆی بەمێرد دەدرێ، بەڵام لەپاش ئەوەی سکی پڕ دەبێ، رادەکات، کەچی باوکی بەزۆر بۆ ماڵی مێردەکەی دەیباتەوە، ئنجا هەوڵدەدا بەنارنجۆکی مۆڵۆتۆف خۆی و پاسێك بسوتێنێت، بەو شێوازە کۆتایی بەوەزعی خۆی

بهێنێت کەبەرگەی ناگرێت، ڕەنگە ویستبێتی خۆیشی بکوژێت، ئەوەش شێوازێکی جوامێرانەیە بۆ ئەوەی لەخێزانێکی سەرکوتکەر ڕزگاری بێت، هەروەها شێوازێکیشە ڕەنگە باری کۆمەڵایەتی ژن بپارێزێت[33].

بەم دواییانە فیلمێکی سینەمایی تۆمارکراوی ئیسرائیلی لەدەرهێنانی "دیڤید بنشتریت"بەناونیشانی" لەپشتی پەردەی داگیرکردنەوە "نمایش کرا، فیلمەکە باس لەبەسەرهاتێکی ئاوارتەی کچە فەڵەستینییەکی ئۆردوگای "شاطيء" ی پەنابەران دەکات کە پۆلیسی ئیسرائیلی بەبیانوی هەڵسوراوێکی بەرگری فەڵەستینی گرتبوی. بەرووت و قوتی لەگەڵ پیاوێکی زەبەلاح دەخرێتە زیندانەوە، و ئەفسەرێکی ئەمن لەپشت دەرگای زیندانەکەوە بەزمانی عەرەبی پێی دەڵێت ؛ ئازادە هەرچییەکی لەتەکدا بکات. هەرچەندە پیاوەکەش وەك خۆی فەڵەستینی بو، بەڵام ڕۆڵی لەزینداندا دیاری نەکرابو. پاشان کچەکە لەگەڵ پیاوەکە دەکەوێتەقسەکردن و پێی دەڵێت : " ئەگەر دەتەوێت پەردەی کچێنیم بدڕینی، فەرمو کاری خۆت بکە، بەڵام ناتوانی شەرەفی من و فەڵەستین بشکینی". ئیتر فیلمەکە تەواو دەبێت و ئەم پرسیارەش لەدوای خۆی دەوروژێنێ، ئایا ئەو پیاوە دەستدرێژی کردۆتە سەر کچەکە یا نا؟

لەپاڵ دڵنیابون لەوەی هێزی ئاسایشی ئیسرائیل بەشێوەیەکی ئاشکرا و بەرفراوان نەزمی شەرەفی عەرەب بەکاردەهێنێ بۆ ئەوەی بەندکراوەکان ناچار بکات ئیعتراف بکەن (وەك پێشتر باسمان کردوە)، بۆیە ئەم بەسەرهاتە دووجار گرنگ و تراجیدیە، چونکە ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە لەزەینی قوربانییەکەدا پەیوەندییەك لەنێوان شەرەفی فەڵەستین و کچێنی خۆیدا هەیە. سیستمی نەریت بەنەگۆڕی دەمێنێتەوە جگە لەوەی پێگەی شەرەف سەبارەت بەقوربانیە تێکۆشەرەکە لەخێزانەکەیەوە بۆشەرەفی هەمو فەڵستین و خەباتەکەی بەرزدەبێتەوە. بەشێوەیەك لەشێوەکان ئەم بەکارهێنانە شۆڕشگێڕییە گوتارێکی ڕووتوشکراوە و لەنێو ئەو ڕوناکبیرە عەرەبانەی لەکاتی قەیرانی کەنداودا پشتگیریان لەڕیژیم دەکرد زۆر بەربلاوبو.

یەکێك لەو ئاوارتە بوژێنەرە (منعش) دەگمەنانەی هیوامان پێدەبەخشێت، ئەوەیە کەشاعیری فەلەستینی "سەلمان موساڵەحە" لەکاتی شەڕی کەنداودا زۆر بەتوندی بیرۆکەی "شەرەفی ونبوی عەرەب" ی لەوتارێکدا بەهەمان ناونیشان شەرمەزار کردوە. گەوهەری وتارەکەی بریتیە لەوەی عەرەب پێویستی بەوە هەیە بیرۆکەی شەرەفیان ملکەچی بیرۆکەی ئازادییان بێت، ئازادییەك "بەتەنها ئازادی تاکەکەس ناگەیەنێت، بەڵکو بەشێوەیەکی یەکلایی

www.dengekan.com

کەرەوە ئازادی ئەوی دی دەگەیەنێت"[34]. کاتێك وڵاتە عەرەبیەکانی دی وەك عراق دەکەونەروو، رۆژنامە عەرەبیەکانیش وەك رۆژنامە ئیسرائیلیەکان دەکرێنەوە یا کاتێك روناکبیرانی عەرەب ئامادەگیان تیابێت ئیعتراف بەو پاڵنەرانەی پشت ئەو رێوشوێنانە بکەن و شەرمەزاری بکەن، لەجیاتی ئەوەی وەك کردەوەیەکی جوامێرانەی دژ بەزایونیزم یا ئیمپریالیزم ستایشی بکەن، ئیتر رەنگە تەنها لەو حاڵەتەدا ئاشکرابێت کە دزێوترین جۆری دڵڕەقی لەجهانی عەرەبیدا، پیاوان و ریژیمە شۆرشگێڕ و پێشکەوتوخواز و رەتکەرەوە و نەیارانی ئیمپریالیزم دایانهێنابێت. ژنە لوبنانی "مەی غەسوب" ئەو کارەی بەمجۆرە دەست نیشانکردوە : "بەوپەری سانابیەوە دەتوانرێ ئیمپریالیزم و کوفر پێکەوە لێکبدرێ (دمج) یا جەماوەر لەدژی ئەو سوکایەتیە بوروژێنرێ کە دەوترێ شارستانی رۆژئاوا بەسەر ناسنامەی ئیسلامییدا هێناوە ... لەناوکۆی ئەم ئاشتبونەوە "ناوخۆیە" بۆ روبەروبونەوەی "دەرەوە"، رێگەنەدان بەژن بەشداری چالاکی گشتی بکات باشترین بەڵگەیە بۆ بەردەوامبونی کولتوری ئیسلام ... پتەوی و قایمی پێگەی ژن لەخێزانی عەرەبیدا تاکو ئێستاش قوڵترین و دورخراوەترین پێگەی ناسنامەی عەرەبی ـ ئیسلامیە"[35].

تاناسنامە هەست بەهەڕەشە بکات، وەزعی ژن دەکاتە دواقەڵای پتەوی خۆی. بەمجۆرە پێگەی ژن دەبێتە دزێوترین پێگەی دڵڕەقی و بێدەنگی، بۆیە ئەو سەرگوزشتانەی بەلێشاو لەعراقەوە دزە دەکەن، رێك لەدەوری ئەم بابەتە دەسورێتەوە. تەنانەت مناڵانیش ژیانێکی باشتر لەژیانی ژنی عەرەبی دەگوزەرێنن. ئەم درندایەتیە لایەنێکی تەقلیدی "تایبەت" و لایەنێکی هاوچەرخی " گشتی" هەیە. بێگومان هەردوکیان پێکەوە گرێدراون، هەرچەندە لەرووی تیورییەوە جیاوازیان هەیە، بۆیە دەبێ لەم دەسپێکەوە لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکەین. دڵڕەقی تەقلیدی بەرامبەر بەژن بەردەوام سەرچاوەکەی دەستەوەستان و لاوازی پایەی کولتوری ژنانە. " تەمام فەحیلا " پەرستارێکی فەڵەستینی تەمەن 30 ساڵە و خەڵکی عەکایە، دەڵێت : " کارەساتە کاتێك لەخێزانێکی عەرەب کچێك لەدایك دەبێ، چونکە هەرلەساتە وەختی لەدایك بونییەوە جیاوازی دەست پێدەکات، و ئەو پەیامەی دەخوێندرێ بەگوێیدا بریتیە لەوەی کەخودی جەستەی گوناهە. هەر لەساواییەوە قەدەغەکردن دەست پێدەکات. رێگەی پێنادرێ یاری لەگەڵ کوڕان بکات، شۆرت لەپێبکات، بەدڵی خۆی دابنشێت و پێویستە پۆشتە وپەرداخ و بێدەنگ بێت بۆئەوەی غەریزەی سێکسی نەوروژێنێ. ئەوەش ترسێکی سامناکە"[36]. جەستەی ژن کانییەکە لەیەك کاتدا سەرچاوەی هەمو شەرەف و

فیتنەیەکە، بۆیە نەریت ئازادی ژن بەهەڕەشەیەکی گەورە لەسەرخۆی دەبینێ، کەواتە دەستەوەستانی ژن سەرچاوەیەکی سەرەکی هەمو ئەو دڵڕەقییە کەدژیان پیادە دەکرێ.

لەلایەکی دی، دڵڕەقی هاوچەرخ کاتێك دەست پێدەکات کەژن وەك هیوا و شادی خۆیان دەسەپێنن، هەروەکو ئێستا لەزۆربەی وڵاتە عەرەبیەکان دەیکەن، ئەویش لەرێگەی دیاریکردنی دوارۆژی خۆیانەوە هەرەشە لەکۆمەڵگەی تەقلیدی دەکەن : لەماڵ دەچنەدەرەوە، بەگوێی باوانیان ناکەن، سورن لەسەر هەڵبژاردنی هاوسەری خۆیان، بەخۆشەویستی مێرد دەکەن، دەبن بەئەندامی رێکخراوە سیاسیەکان و چالاکی کۆمەڵایەتی ئەنجام دەدەن و هتد. لەعراق هەرگیز رەگەزێکی دەستدرێژکاری وەك عەزیز لەپێش داهێنانی حزبی بەعس نەبوە. دەستدرێژیکردنە سەر ژنانی چالاك لەلایەن پیاوانی عەزیز ئاساوە ـ پیاوانی شێتۆکە و ناتەواو، بەڵام لەگەوهەردا جۆرە پیاوێکی تازەیە حزبی بەعس دروستی کردوە ـ جۆرێکی نوێیە لەدڵڕەقی و لەسەر رێکەوتننامەی بێدەنگی و نەنوسراوی نێوان کولتوری تەقلیدی عەرەبی پیاوسالاری و ژیانی گشتی "نوێ" پیادە دەکرێ، کەحزبی بەعس لەعراقدا بەرجەستەترین نمونەی دڵڕەقی ئەو کولتورەیە.

لەوەتەی جەنەراڵ زیا ئەلحەق لەساڵی 1979 دا یاسای سزادانی نوێی ئیسلامی لەپاکستان راگەیاندوە (بەیاسای سنور ناسراوە)، دیاردەی دەستدرێژیکردنی سیاسی لەو وڵاتە زیادیکردوە. نزیکەی 80٪ ئەو ژنە پاکستانیانەی لەلایەن پۆلیسەوە بەتومەتی زینا گیراون، لەزیندان دەستدرێژییان کراوەتەسەر[37]. بۆیە مرۆڤ دەپرسێت ئەو دیاردەیەش لەکۆماری ئیسلامی ئێراندا هەیە. لەهیندستان ساڵی 1968، رۆژنامەی "تایمز ئۆف ئیندیا" لەسەر وتاری خۆیدا ئاماژە بەزیادبونێکی ترسناك دەکات دەربارەی رواداوی دەستدرێژیکردن بۆ سەر ژنە زیندانییەکان [38]. لەمەش زیاتر، سەرەرای ئەو گرنگییە رەسمییەی لەسەر بەرزترین ئاستی حکومەتی هیندی بەم مەسەلەیە دەدرێ، کەچی دەرکەوتوە زیاتر دەستدرێژی دەکرێتەسەر ئەو ژنانەی لەبواری کۆمەڵایەتی و مافەکانی مرۆڤدا کاردەکەن[39]. ئەگەر وەزع لەوڵاتانی وەك هیندستان و پاکستان بەو رادەیە خراپ بێت کەتارادەیەکی باش مافی یاسایی و ئازادی سیاسییان هەیە، کەواتە دەبێ بارودۆخی وڵاتە عەرەبیەکان چۆن بێت کەتەنها ریژیمی ئیستبدادی و پاشایەتی یەککەوتو حوکم دەکەن ؟ ئەمجۆرە دڵڕەقیە تەنها لەکاتی پوکانەوەی پەیمانە ترسناکەی نێوان نەریت و تازەگەری کۆمەڵگەی عەرەبی کەمدەبێتەوە، ئەوەش ژنە

عەرەبە چاونەترسەکان رێگەیان بۆ خۆشکردوە، ئەوانەی رێکخراوی فەناریان دروستکردوە[40].

ئەو دڵڕەقییەی زیاتر وڵاتانی عەرەبی نوێی پێجیادەکرێتەوە بەپلەی یەکەم پەیوەستە بەو توندوتیژییەی لەدژی ژن پیادە دەکرێ، ئەوەش لەدابەشکردنی نێر ـ مێی کولتورەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەم گریمانەیەم لەسەر گەورەیی دڕندەیی لەدژی ژنی عەرەب کە هاورێی تازەگەرێتی جهانی عەرەبە بونیات نراوە، بۆیە ئەگەر ئەم گریمانەیە راست بێت، ئەوا هەڵهێنجانێکی زۆر ترسناکە لەزامنکردنی گشتی دواڕۆژدا. ئەوەندەی لەدەسپێکی ئەو بەڵگە سنوردارانەی لەبەردەستمدایە ئەم گریمانەیەم باسکردوە، ئەوەندە هەوڵم نەداوە سەڵماندی سنوری "گومانێکی بەجێ تێپەرێنێ". حکومەتی عراق چەند عەزیز ساڵەحی دامەزراندوە؟ 10 کەس؟ 100 کەس؟ ئەمەیان زۆر گرنگ نیە، چونکە عەزیز ساڵەح یەکێکە لەو ئاوارتە نائاساییانەی تیشك دەخاتە سەر رێساکە. بەڵام جۆری دڵڕەقییەکەی نیشتمانی عەرەبی سەری سنگێکی قایمە بۆ هەمو دڵڕەقییەکانی دی.

### دڵڕەقی سیاسی

لەهەمو شوێنێکدا گواستنەوەی دڵڕەقی ماڵەوە بۆ دڵڕەقی گشتی سەرجادە یا پیادەکردنی لەلایەن دەوڵەتەوە کارێکی زۆر ئاسانە، بۆیە لەزیادەرەوی دڵڕەقی یا رێژەی پیادەکردنی دڵڕەقی بەهۆی میکانیزمی چاودێریکردن و سەرکوتکردن لەدەوڵەتی نوێدا دەست پێدەکەم کەسالآنی حەفتا و هەشتاکان، لەزۆربەی وڵاتە عەرەبییەکاندا دامەزراوە. ئەشکەنجەدان بەشێوەیەکی رۆتینی و بەشێوازێکی زۆر ئاڵۆز لەوڵاتە عەرەبییەکان پیادە دەکرێ، بۆ نمونە لەسوریا بنکەی گرتن لەدیمەشق گۆڕاوە بەبنکەی لێکۆڵینەوە لەپێناو گەشەپێدانی تەکنۆلۆجیای ئەشکەنجەدانی نوێ[41]. رێکخراوی لێبوردنی نێو دەوڵەتی (35) شێوازی ئەشکەنجەدانی جیاوازی تۆمارکردوە. ئەوانەی لەساڵی 1990 ـ 1991 بەشێوەیەکی سەرەکی ئەشکەنجەدەدران بریتی بون لەئەندامانی رێکخراوە ئیسلامیەکان یا ئەوانەی لەکاتی شەڕی کەنداودا نەیاری سیاسەتی حافز ئەلئەسەد بون.

لەواقیعدا رۆچون لەزۆلکاوی ئەم وردەکارییانە بەرەو قاییل بونمان دەبات، ئەگەر مەسەلەکە پەیوەندی بەدڵڕەقییەوە هەبێت. مرۆڤ تائاستی ئارەزوکردن بەدورکەوتنەوە لەورێگەیەی جهان گرتویەتی بەر، لەمەترسی رۆچون لەئێشوئازار و بێزکردنەوە دەژێت. بەڵام

بەهەرحاڵ، تەنها وێنەیەکی نائاسایی رەنگەمەسەلەکە بۆ ناوجەرگەی روناکی و وردەکارییەکانی بگێڕێتەوە.

هەمان شتیش بەسەر مندا هات، کاتێك ئاخاوتنم لەگەڵ سەعید  کرد، سەعید ئەندازیارێکی سوری تەمەن 30 ساڵە. لەدوای سەردانەکەی سەعید بۆ حەمای زێدی باوباپیرانی، بەماوەیەکی کورت ئاخاوتنم لەگەڵ کرد. لەشوباتی/1982دا حەما بو بەبابەتی لێکۆڵینەوەی دڵڕەقی، بابەتێك تەرخانکرا بۆ ئەوەی سەرنجێکی زیندو لەکن هەمو سورییەکان بەجێ بهێڵێت. بەپێی بانگەشەکانی حکومەتی سوریا بۆ دامرکاندنەوەی یاخبونەکەی رێکخراوی ئیخوان موسلمین، سوپای سوریا لەماوەی دوو هەفتەدا نزیکەی 10 ـ 40 هەزار کەسی لەشاری حەما کوشت. سەعید لەدوای دە ساڵ ژیانی تاراوگە بەدڵەراوکێیەکی پڕ لەترس بۆ زێدی باوباپیرانی گەڕایەوە. ژمارەی دانیشتوانی حەما لەکۆی (250) هەزار کەس تەنها نیوەی مابووە، لەبەرئەوەی خەڵکێکی زۆری وەك سەعید بۆ وڵاتانی کەنداو، سعودی، ئوروپا یا ئەمریکا رایانکرد بو. وێنەیەکی نمونەیی لەبەردەوامبونی دڵڕەقی تاماوەیەکی زۆریش لەدوای خوێن مەیین و لەچاڵنانی ئەو روداوە لەدوتوێی قسەکانی سەعیدەوە لەزەینما چەقیبەستبو: (42)

" کاتێك بۆ ئەوێ رۆیشتم، راستیەکان وڕ و کاسیان کردم. لەپێش سەردانەکە بەترس دەژیان. ئەو ترسەی ناهێڵێت زاربکەیتەوە، وێنەیەکی فۆتۆگرافی بگرێت، هیچ نەکەیت و تەنانەت تەماشای وێرانکارییەکەش نەکەیت، لەبەرئەوەی ئەگەر لەشتێك بڕوانیت رەنگە دەستگیر بکرێیت. خەڵکی شاری حەما سەرسام و لەحاڵەتی شۆکدا دەژیان. سەرەکیترین شت بەلایەنەوە "هیچ شتێك نەکەن، چونکە لەوانەیە شتێك روبدات. ئێمە تەنها دەمانەوێت لەو بەسەرهاتە رزگارمان بێت". ئەم مەسەلەیە لەبریندارێك دەچێت، خەڵکی لەپێش هەمو شتێکدا گرنگی بەگیرسانەوەی خوێن بەربونەکەی بدەن.

خەڵکی دیمەشق بەتەواوەتی نکۆڵیان لێی دەکرد، تەنانەت کارگەیشتبوە رادەیەك هێندێکیان خودی خەڵکی حەمایان بەهاندەری روداوەکە دەزانی. زۆرێك لەروناکبیران پێیان وابو شایانی ئەو رەفتارەبون، لەبەر ئەوەی لەئیخوان موسلمین بون، ئەگەر دەستەڵاتیان بگرتایەتەدەست وڵاتیان زۆر دوادەخست، وەك جەزائیر (هەڵبژاردنی 1992). پێم وایە زۆرجاران لەلایەن ئەو کەسانەوە وشەی ئیخوان بۆ پاساو هێنانەوەی کردەوەکانی حکومەت بەکاردەهێنرا، تەنانەت ئەگەر ئیخوان لەشارەکە هەڵەیشی هەبێت، ئەوا دیسانەوە هەر ماقوڵ

نیە بەو رادەیە رێکخراوبن. زۆرێك لەخەڵکی حەما ـ م دەناسی لەکاتی قەتلوعامەکە کوژرابون بەبێ ئەوەی لەلایەن کەسێکەوە رێکخرابن. وادیارە سورییەکانی دی ئاگایان لەقەتلوعامی خەڵکی حەما نەبوە، لەراستیدا نە لەو ئێشوئازارە ژیابون و نەتاقیشیانکردبووە، بۆیە خۆیان دورەپەرێز دەگرت. ئەو ترسە یا هەستی نکۆڵیکردن شێوازێکی ئاسانە بۆ خۆدزینەوە، چونکە تەنها لەو حاڵەتەدا هەست بەبەرپرسیارێتی ناکەن.

شاری حەما کەسایەتی تایبەتی خۆی هەیە. ئەهلی شارەکە پارێزگار و بەکەللەرەقی ناسراون و شانازی بەخۆیان و شارەکەیانەوە دەکەن و پەیوەندی خزمایەتی توندو تۆڵیان هەیە. چەند گەڕەکێکی دراوسێی غەیرەمان هەبو کە بەشێوازی نەرم گاڵتەیان بەیەکتری دەکرد. بەشێوەیەکی سەرەکی شاری حەما لەدوو بەش پێکهاتبو: گەرەکی مەسیحی نشینەکان بەخۆیان و کنیسەی قەشەنگەوە و گەرەکی موسڵمان نشینەکان کەمنی تیا لەدایك بوم.

کاتێك لەدوای چەندین ساڵ بۆ سوریا گەڕامەوە، بەدەم وێنەگرتنەوە گەشتی ناوچە جیاوازەکانم دەکرد. هەستم دەکرد هەر وێنەیەك لەو وێنانە پارچەیەکی بچوکە لەیادەوەرییەکی بێگیان کەڤابیلی لەناوچونە، بۆیە سەفەرم بۆ هەمو شوێنەکان کرد. ماوەیەك لەدیمەشق مامەوە، ئنجا بەرەو باشور سەفەرم کرد و سەردانی چەند شارێکی باکورم کرد و رۆژێکی تەواویش لەحەما مامەوە.

یەکەم شۆکم خەڵکەکەی بو. خەڵکەکەی تا خانوبەرەکەی، چونکە پێشبینیم دەکرد یەکەمجار کاولکاری ببینم. خەڵکی وەك خێو ژیانیان بەسەر دەبرد، بەتایبەتی ئەوانەی لێوان لێو بون لەژیان و خۆشی، هەروەکو لەیادمە لەپێش 1982 زۆر عاتیفی بون، لەساتێکدا توڕەدەبون و لەساتێکی دی باوەشیان پیادەکردی و ماچیان دەکردی، کەچی ئێستا لەسەر جادەکان خۆیان پەلکێش دەکەن، مناڵان هەڵبەزو دابەزیان نەدەکرد و هەڵچون بەروخساریانەوە دیارنەبو، چاوەکانیان روح و بریق وباقی تیانەمابو.

دوەم شۆکم لەبینینی بیناکان بو. هەروەکو پێم راگەیاندی سەبارەت بەگەڕانەوەم بۆ حەما دوودڵ بوم. ماوەی (10) ساڵ لەرێگەی پابەندبون بەهێندێك وێنەوە لەگەڵ یادەوەرییەکانم دەژیام. لەراستیدا هەر جارەی دادەنیشتم و وێنەیەکم دەکێشا، دەمبینی وێنەی حەما دەکێشم، بەناعور، شەقام و ئەو بینا کۆنانەی بەردەوام کاریگەری گەورەیان لەسەرم هەبو، بەمجۆرە زۆر لەگەڕانەوەم دەترسام، چونکە لەکۆنترۆڵ کردنی ئەو هەستانەم دڵنیانەبوم، لەهەمان کاتیشدا دەمویست بگەڕێمەوە. هەستمدەکرد پێویستە بوێرانە روبەروی ئەو کارە ببمەوە، بۆیە رۆژێکی تەواو لەحەما مامەوە.

حەما دەکەوێتە دۆڵێکەوە بۆیە بەگردێکدا سەردەکەویت ئنجا شۆڕدەبیتەوە بۆ ناو شار، بەڵام ئێستا ئۆتۆستراد ڕێڕەوی شارەکەی گۆڕیوە، چونکە بەدەوری گردەکە دەسوڕێتەوە تا لەناکاو شار لەبەردەمتا قوتدەبێتەوە. یەکەم شت لەدەروازەی شاردا پەیکەرێکی گەورەی ئەلئەسەد دەبینی. لەبیرمە بەراوەستاوی هەردوو باڵی کردبووە وەك ئاماژەیەك بۆ بەخێرهێنان. بەماشین بەنێو ئەو بینابەردین و سپیەتازانەدا تێپەریم کەلەدوای قەتلوعامی شار دروستکرابون، بەشە کۆنەکەیشی وەك جاران بایەخی پێنەدەدرا، درزێك لێرە و خشتێکی کەوتو لەوێ دەبینرا. خەڵکی و شار لەیەکنەدەچون. پێم وابو خەڵکی بەدروستکردنی بینای تازە دەیانویست یادەوەرییە کۆنەکان لەیاد بکەن.

لەناو گەڕەکی گەیلانی بەئۆتۆمۆبیل دەسوڕامەوە، ئەو گەرەکەی پڕدرەخت و جوانترین بەشی شاربو، ئیتر یەکسەر تێگەیشتم روباری عاسی کەپێشتر بەنێوشاردا دەرۆیشت وشکی کردوە، ئەو ناعورە سەوزانەی جارانیش ناگەڕێن کەئێستا لەنێو زۆلکاوی روبارێکی وشکدا زەرد هەڵگەڕاون. بیرم دەکردەوە وێنەی چی بگرم ؟ بەهەرحاڵ چەند وێنەیەکم گرت، بەڵام کاتێك وێنەکانم شتەوە زۆربەیان سوتابون. دڵنیات دەکەم حەما لەشاری خێوان دەچو.

لەسەر پردەکەی دەروازەی گەیلانی لەئۆتۆمۆبیلەکە دابەزیم و سەیری ئەوبەری روبارەکەم کرد و هیچ شتێکی لێنەبو، دیسانەوە تەماشام کردەوە، خەریك بو سەبارەت بەدیاریکردنی شوێنەکەم دەشڵەژام، شتەکانم بەدوودیو دەبینی : وێنەیەك لەیادەوەرییەکانمەوە دەردەچون، ئەوی دی لەشتەنوێکانی بەرامبەرمەوە. لەیەکەم پەرچەکردارمدا پشتم کردە ئەو شوێنەی دەبوایە گەیلانی لەسەر بێت، چاوم نوقاند، بەڵام لەدوایدا رووم وەرگێرا و چاوم کردەوە، گردێکی رووتەنم بینی، گەیلانی بو. ئەم شوێنەی ئێستا لەسەری راوەستاوم، جاران بەرامبەر دیمەنێکی پانۆرامای دڵرفێن بو لە خانوی پێکەوە نوساو، لەگەڵ ئەو گومەز و رێڕەو ژێر زەمینانەی دەچونەوە سەر ئەو دوکان و خانوانەی لەقەڵا دەچون. بۆیە کاتێك سوپا پەلاماری شارەکەی دا خەڵکی بەرەو ئەو گەڕەکە رایاندەکرد، پاشان تۆپ و تانکەکان گەمارۆی گەڕەکەکەیان دا و بەتەواوەتی وێرانیان کرد، و تەنها یادەوەرییان لێمایەوە. بەتەواوەتی تەختیان کرد، ئەو گردەی ئێستا بەرووتەنی دەیبینم ئوتێلی میردیانی نوێیان لەسەر ئێسك و پروسکی ئەو مردوانە دروستکردوە کەتائێستاش لەژێر بناغەکەی ماونەتەوە.

بەدەم دیمەنی دڵڕەقی و بێدەنگییەوە دەگەینە سعودیە، کەلەماوەی (10) مانگی قەیرانی کەنداودا جەڵدکردن و بڕینی ئەندامانی جەستە و سەرپەڕاندیان ڕاگرتبو، ئەویش نەك لەبەرئەوەی بایەخێکی نوێ بەمەسەلەی مافەکانی مرۆڤ بدەن، بەڵکو نەیاندەویست بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ئاشکرا ڕاڤەکردنی تایبەتی و پیادەکردنی دابونەریتی ئیسلامەتیان سەبارەت بەئەشکەنجەدان بۆ سەدان هەزار ئەمریکی ئاشکرابێت. لەدوای ڕۆیشتنی ئەمریکیەکان و لەهەوڵدانێکی سعودییە بۆ قەرەبوکردنەوەی ئەو وەختەی لەکیسیان چوە، لەمانگی حوزەیران / 1991 و لەماوەی سێ هەفتەدا، لەنێوەندی "ساحەی ئەلسوق" لەریاز سەری (16) کەسیان پەڕاند. مارتین ئەمیس لە "ئەسیوشیتد پرێس" دەڵێت :"تەنانەت سعودییە لیبراڵەکانیش، ئەوانەی حەز بەدیموکراسی و ئازادی ژنان دەکەن، پشتگیری لەسزادانی توندی ئیسلام دەکەن"[43]. ئەو لیبراڵانە دەڵێن ؛ هەرچەندە رای مرۆڤ لەسەر بابەتەکانی دی کراوە بێت، بەڵام ناتوانرێ گفتوگۆ لەسەر فۆرمی دڕندانەی سزادان لەقورئاندا بکرێ. لەهەمو حاڵەتێکدا هەستیان بەزەرورەتی ئاخاوتن دەکرد، بەڵام بەومەرجەی ناویان نەهێنرێ. سعودیە لەماوەی 6 هەفتەدا لەئەیلول ـ تشرینی یەکەم / 1990، 750 هەزار یەمەنی بێوەیی و گوێڕایەڵی یاسای دەرکرد تەنها لەبەرئەوەی حکومەتی یەمەن لەکۆبونەوەی باڵای عەرەبیدا دەنگی بۆ ئەو بریارە نەدا کەداوای ڕەوانەکردنی سەرباز دەکات بۆ ئەوەی بەرگری لەسعودیە بکات [44]. زۆرێك لەو کەسانە هەمو تەمەنیان لەسعودیە بەسەر بردبو، ئەمە سەرباری ئەو پاشەکەوتە کەمەی کۆیانکردبووە لەسەر سنور دەستی بەسەرا گیرا. هەروەها ڕێکخراوی لێبوردنی نێو دەوڵەتی دەڵێت ؛ زۆرێك لەو کەسانەی لەلایەن هێزەکانی ئەمنی سعودییەوە گیرابون، ئەشکەنجەدرابون[45].

کوێتیەکانیش پێش ئەوەی ئەو جالییە زۆرەی فەڵەستینیەکان لەکوێت دەربکەن کەخۆی لە 300 هەزار کەس دەدا، لەوە زیاتریان بەفەلەستینیەکان کرد ـ زۆربەیان نەفەلەستین و نەهیچ وڵاتیکی دییان دیبو ـ لەدوای ڕزگارکردنی کوێت بەسەدان، ئەگەر نەڵێین بەهەزارانیان لەو فەلەستینیانە کوشت کەبەشێوەیەکی هەرەمەکی دەگیران. ئەوانەشی خۆیان حەشارنەدابو یا لەشوێنیکی گشتی گوللەباران دەکران یا زۆر دڕندانە ئەشکەنجەدەدران ئنجا دەکوژران[46]. لەوە دەچو کوێتیەکان بریاریان دابێت، ڕیژیمی عراق چ بەسەرهێناون، بەسەر فەڵەستینیەکانی بهێننەوە.

ئەو وڵاتەی کرێکارە یەمەنیە دەرکراوەکانی بۆ نێردرایەوە زۆر باشتر نەبو لەو وڵاتەی کرێکارەکانی دەرکردبو. بەرەئی روناکبیرە پێشەنگەکان، یەمەنی باشور نمونەی ناسیونالیزمی

"پێشکەوتوخوازی" مارکسیزمە لەنیمچە دورگەی عەرەبی دواکەوتودا. چونکە لەهەمو وڵاتە عەرەبیەکانی دی هەوڵی زیاتر دەدرا بۆ دامەزراندنی چاودێری و سەقامگیرکردنی تەندروستی و فێرکردن و دابینکردنی هەلومەرجی پێویست بۆ کارکردنی ژنان، بەڵام سەرلەبەیانی 12/ کانونی دوەم/1986 و لەکاتی پێشکەشکردنی چای بەیانی عەلی ناسر چەتەئاسا (15) ئەندامی مەکتەبی سیاسی لەنەیارەکانی لەحزبی فەرمانڕەوای قەتلوعام کرد. یەکێك لەپاسەوانەکان کەجانتا سامسونایتە بچوکەکەی سەرکردەی هەڵگرتبو دەمانچە سکوربیونوکەی هەڵکێشا و وەزیری بەرگری لەپشتەوە گوللەباران کرد، دوابەدوای ئەو روداوەش لەدوو هەفتەی شەڕی سەرجادە تەرمی پەنەماوی (13) هەزار کوژراو و لەسێدارە دراوی بەکۆمەڵ لەسەر جادەکان بون.

یەمەنییەکی باشور دڕندەیی شەڕەکەی بەمجۆرە راڤەکردوە : "خەڵکانێکی زۆر لەسێدارە دران نەك تەنها سیاسیەکان، تاکار گەیشتە ئەوەی دەبوایە مرۆڤ رێگەیەك هەڵبژێرێت : یا شەڕکردن و روبەروبونەوە یا چاوەروانکردنی مردنێکی مسۆگەر"(47). بەڵام ئەوەی لەخودی روداوەکان ترسناکترە ـ ئەو روداوانە تەنها پنتێکە لەئۆقیانوسێك، ئەگەر لەگەڵ روداوەکانی وڵاتە پێشکەوتوترەکانی ناوچەی هیلالی خەسیب بەراورد بکرێت ـ زۆربەی روداوەکەیان لەبیرکردوە، ئەمە ئەگەر ئاگایان لەیەك بەیەکی روداوەکان بێت. بۆ شەش ساڵ دەچێت لەوڵاتیکی زۆر پێشکەوتودا 13 هەزار کەس لەسەر مەسەلەیەکی نامەبدەئی کوژران. ئایا مەسەلەکە گەڕانەوە بو بۆ خێڵایەتی؟، بەڵام شەڕی خێڵەکیش یاسای خۆی هەیە، یاسای رەفتارکردنی پەیوەست بەتوندوتیژی، ئەو یاسایەی جۆرێك هاوسەنگی لەسیستمی کۆنی تایبەت بەداگیرکردن لەپێناوی تاڵانیدا دەپاراست. خاڵی سەرەکی سەبارەت بە روداوەکانی شوێنێکی بۆ نمونە وەك یەمەن لەساڵی 1986 و لوبنان لەکاتی شەڕی ناوخۆدا و عراق لەکاتی راپەرینی ئازاری ساڵی 1991 دا بریتی بو لەوەی هیچ جۆرە یاسایەك نەبو، چونکە زۆر بەسادەیی سیاسەت هەرەسی هێنا و کۆمەڵگەش بەتەواوەتی داروخا و ئاژاوە و پشێوی باڵا دەست بو.

بڵاوبونەوەی دڵڕەقی دامەزراوەیی لەوڵاتانی وەك عراق، سوریا و سعودیەدا هاورێی گۆڕانکاری چۆنایەتی فۆرمی توندوتیژی بو. ئەم رەوتە باڵادەستە بەشێوەیەکی نەگۆڕ بەرەو فۆرمی زیاتری دڕندایەتی هەنگاوی دەنا. بۆ نمونە لەسەرەتای شەڕی ناوخۆی لوبناندا ئۆتۆمۆبیلی مینرێژکراو وەك چەکێکی کارا بۆ ترساندنی بەکۆمەڵ داهێنرا، پاشان ئاستی

بۆسەنانەوە بۆ دەبڵ تەقینەوەی ئۆتۆمۆبیل بەرزکرایەوە، ئەویش بەئاپورە بەستنی خەڵکی لەرێگەی تەقینەوەیەکی تارادەیەك بچوك، ئنجا تەقینەوەیەکی راستەقینەی بەدوادادێت[48].

لەماوەی شەڕی لوبناندا (3641) ئۆتۆمۆبیلی مینرێژکراو تەقێنرایەوە، و بوە هۆی کوشتنی (4386) کەس و بریندار بونی (6784) کەسی دی[49]. بەپێی ئامارە رەسمیەکان زیانەکانی شەڕی 15 ساڵەی لوبناندا (144240) کوژراو، و (197506) بریندار و (17415) بێسەروشوێن بوە. لەبەر هۆی نادیار ئەو ئامارە بەهەزاران کوژراوی شیعەی لوبنانی و فەڵەستینی تیایە کەبەدەستی یەکتر لەناوچون، کەچی هەزاران فەڵەستینی ئۆردوگانشینی تیانیە کەلەشەڕی نێوان خۆیاندا کوژراون، هەروەها ئەو فەڵەستینیانەشی تیانیە کەساڵی 1982 لەبەرچاوی سوپای ئیسرائیل بەدەستی میلیشیا مەسیحیەکان قەتلوعام کران. تەنانەت پارێزگارانەترین هەڵسەنگاندیش ژمارەی کوژراوەکانی شەڕی پازدە ساڵەی لوبنان بە 120 هەزار کوژراو و 300 هەزار بریندار دەخەمڵێنێ. بەوشەیەکی دی، ساڵی 1975 لە 5ر4٪ کۆی ژمارەی دانیشتوانی لوبنان کوژراون و زیاد لە5.11٪ کەمئەندام بون.[50].

پێویستە ئەو هەمو ئازارە دەرونیانەمان لەبیرنەچێتەوە کەبەچەندایەتی ناپێورێت یا ئەو گەندەڵە کولتورییەی لەواقیعدا خۆی لەکۆچکردنی 800 ـ 900 هەزار کەسی لێهاتو دەبینێتەوە، ئەوانەی لەسەر ئاستی کولتوری بەچالاکترین کەسی رۆژهەڵاتی ناوەراست دادەنرێن. ئەو خەڵکە روویان لەکوێ کرد ؟ بەدڵنیاییەوە روویان لەرۆژئاواکرد، ئایا شوێنێکی دی هەیە؟ ئەو سۆپەر مارکێتە تازانەی خاوەنەکانیان لوبنانی یا فەڵەستینی بون بەدرێژایی جادەی برۆدوای و لەناوچەی رۆژئاوای سەرووی نیویۆرك بڵاوبونەتەوە لە 10 ـ 15 ساڵی رابردوو هیچیان لەوێ نەبون. ئەو کۆچکردوانە لەدیدی مێژوی پەیوەندی عەرەب ـ رۆژئاوا ناوچەیەکی جوگرافیای گرنگیان بەجێ هێشتوە، بەڵام ئەو لوبنانەی بەناچاری بەجێیان هێشت و لەبیریان کردوە، ئێستا بەهەمو مانایەکی وشە توشی ئیفلیجی بوە.

لەکاتی شەڕی ناوخۆدا نەك هەمو جۆرە توندوتیژییەك لەسەر خەڵکی مەدەنی تاقیکرایەوە، بەڵکو لەراستیدا فۆرمی تازەش خرایە سەر فەرهەنگی ئەو جهانە ئەنارچیستە (کاری خۆکوژی شێتانە بەئۆتۆمۆبیل، کوشتنی مەدەنی نەناسراو، بەبارمتە گرتنی هەرەمەکی بەرامبەر بەپارە، شێوازی کوشتنی سەرجەم خێزانێك، وەك رێگە چارەسەری کێشەیەك). باشترین مادەیەك لەسەر "روداوەکان" لەبەردەستمان بێت، هەروەك لوبنانیەکان پێیان خۆشە ئەو ناوەی لێبنێن (گوزارشتێکی میللیە لەسەر شتێکی ناشیرین و دزێو، کەمێك لەمانای وشەی

"کێشە" لەئێرلەندا تێپەردەکات، ئەوەش بێتوانایی لوبنانیەکان بەرامبەر بەکارەساتەکە دەردەخات) رۆژنامەنوسی رۆژئاوایی لێهاتوی وەك رۆبەرت فیسك و ژنە لوبنانیەکان پێشکەشیان کرد (ئەوەندەی من ئاگاداربم تاکوئێستا وەسفێکی دیاریکراو لەسەر ژێرخانی دینەمۆی کولتوری ـ سیاسی بەزمانی عەرەبی لەسەر ئەم شەڕە یا لەلایەن هەر نێرینەیەکی عەرەبی دی نەنوسراوە ـ نوسەر). دڕندایەتی شەڕی ناوخۆ، بەشێوەیەك کەقابیلی لەبیرچونەوە نیە، لەدیمەنە کابوسییەکانی کۆتایی کتێبە کاریگەرەکەی جین سەعید "پریشکی بیروت : یاداشتەکانی جەنگ" وەرگیراوە.

" لەیەکێك لەو هەولآنەی چەند ساڵێك لەمەوبەر بۆ گێڕانەوەی نەزم و قانون درا، چاندنی ترس بو لەدڵی تاوانبارە ئاساییەکان کەبەهۆی پشێوی هەلومەرجەکەوە چالاکییان زیادیکردبو.. تاوانباریکیان گرت و حوکمی ئیعدامیان بەسەرا سەپاند. لەباخێکی گشتیدا بەدەم لنگەفرتێوە بەرەو پەتی سێدارەیان برد.. تاوانباری ئەو زەلامە گومانی تیانەبو، چونکە نەك هەر دانی بەتاوانی کوشتنی خاوەن ماڵەکەی و کچەکەیدا نابو، بەڵکو جەستەی هەردوکیانیشی شێواندبو ... بەپێی نوسراوی پۆلیس مرۆڤێکی شێتۆکە و ناتەواو بو ...

هەڵیانگرت، کەلەپچەیانکرد، بەستیانەوە، بەزۆر کەللەشەقەکەیان بەپەرۆیەکی رەش داپۆشی و ملیان خستە پەتەوە، جڵەوکردنی پێویستی بەپێنج شەش کەس هەبو، چونکە هەرهاوار ولەقەفرتێی دەکرد، بۆیە تادواهەناسە هەر گرتبویان ... لەنێولق و پۆپی درەختی باخەکەشەوە رۆژبەدیارکەوت.

لەهەمو رۆژنامەکان وێنەی بڵاوبووە ... بەبێ ئەوەی کەس ناڕەزایی دەربڕێ نمایشکردنی یاسا ئەنجامدرا : شایانی ئەوە نەبو کەس نارەزایی لەسەر دەربڕێ. نامرۆڤایەتی وەك جەستەی هەردوو کوژراوەکەی شێوابو ... لەنێو شەرێکی خوێناویدا، پیاوێکی شێتۆکەی کەساس هەڵبژێردرا بۆ ئەوەی تەکفیر لەهەمو تاوانەکانی بکات، دەمەوبەیان، لەباخێکی گشتیدا بەزۆر پەلکێشی مردنێکی سەرشۆڕانەکرا. ئەوەش بەدادپەروەری دادەنرا.

لەجهانێکی نادادپەروەردا، ئەمە بەجۆرێك لەدادپەروەری دادەنرێ، کەواتە پێویستە ئەو دادپەروەرییە دابڕێژرێتەوە" [51].

لەسوریاوە بۆ نیمچە دورگەی عەرەب و لوبنان و بۆ راپەرینی فەڵەستینیەکان کەساڵی 1987 بەهیواو ئاواتێکی گەورەوە دەستی پێکرد، " ئایا چەند فەڵەستینی بەبیانوی هاوکاریکردنی ئیسرائیل بەدەستی فەڵەستینی کوژراوە ؟ وەزارەتی بەرگری ئیسرائیل لەدوای

www.dengekan.com

21 مانگ لەدەست پێکردنی راپەرین ئامارێکی بڵاوکردەوە و تیایە هاتوە لەنێوان حوزەیران ـ ئەیلول / 1989 دا، 1800 روداو لەناوچە داگیرکراوەکان رویانداوە و لە60٪ یان پەلامار و دەستدرێژی بوە لەدژی فەڵەستینیەکانی دی و 70 کوژراوی لێکەوتۆتەوە کەزۆربەیان روداوی کوشتنی درندانەبون، لەبابەت شێواندنی جەستە و ئەشکەنجەدانی قوربانی لەپێش کوشتنیدا. ئەوجۆرە وردەکارییانە ئاشی پروپاگەندەی ئیسرائیل وەگەردەخات. بەپێی وتەکانی ئیسرائیل پێویستە کوژرانی 70 کەس لەماوەی چوارمانگدا بەراوردبکرێت لەگەڵ ئەو 20 فەڵەستینیەی لە 18 مانگی رابردو بەدەستی دەسەلەستینیەکانی دی کوژراون[52]. بەوتەیەکی دی، لەکاتێکدا ئاسۆی سیاسی لەبەردەم راپەریندا تاریك دەبێت، ئیتر ئەو روداوانە خۆیان خۆیان دەخۆنەوە. ئەم دیاردەیە لەباشوری ئەفریقیادا زۆر ئاسایی و بەربڵاو بو (سوتاندنی تایە لەملی ئەو کەسانەی پێیان دەوترا هاوکارەکان)، بەڵام لەئێرلەندای باکور (سوپای کۆماری ئێرلەند فیشەکی بەئەژنۆی ئەو کەسانەوە دەنا).

ئایا راپۆرتەکانی وەزارەتی بەرگری ئیسرائیل راست بون ؟ ئەگەر راست بون، کەواتە بۆچی روناکبیرانی فەڵەستین، ئەوانەی نیشتەجێی رۆژئاوان، ئەو توندوتیژییە ناوخۆییەی فەڵەستینیان شەرمەزار نەکرد، هەروەکو نیلسون ماندێلا و سەرکردە رەشپێستەکانی باشوری ئەفریقیا "سوتاندنی تایەی ملیان" شەرمەزار کرد؟[53]. جۆست هێلترمان، کە لەگەڵ رێکخراوی مافەکانی مرۆڤی فەڵەستینی "ئەلحەق" کاریدەکرد، وتارێکی دورودرێژی لەسەر ئەم بابەتە نوسیوە و نکۆڵی لەوەقائیعەکانی وەزارەتی بەرگری ئیسرائیل نەکردوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە ژمارەی کوژراوەکانی لەکانونی یەکەم/ 1987 تا 16 / ئایار / 1990 بە 207 کوژراو پشتراستکردۆتەوە[54]. بەڵام بەهەر حاڵ ئەو پرۆسەی کوشتنەی نەك رەخنەنەکردوە، بەڵکو پاساوی بۆ هێناوەتەوە : "ئەوەی گێرانەوەی هەواڵەکان لەبیریدەکات (لەبڵاوکردنەوەی روداوی کوشتنەکان دا)، پێناسەی فەڵەستینیەکانە بۆ بەکرێگیراوان، چونکە فەڵەستینیەکان پێیان وایە ئەوانە خەڵکانێکن دەستیان لەگەڵ دوژمنی میللەتەکەیاندا تێکەڵ کردوە، بەوەش مافی ئینتما بۆ کۆمەڵگەی فەڵەستینی لەدەستدەدەن". رەنگە نوسەری ئەم وتارە لەمە تێنەگات، بەڵام ئەمە راڤەکردنێکی کلاسیکی حزبی بەعسە بۆ چەمکی خیانەت و بۆ بێبەشکردنی سەدان هەزار عراقیش لەرەگەزنامە و ژیان بەکاریدەهێنا. هێڵترمان دەزگاکانی راگەیاندنی رۆژئاوا بەوە تاوانبار دەکات کە "چەمکی سزادان لەناوکۆی مێژویی و سیاسی خۆی دەردەهێنن" و لەجیاتی ئەوەش دەیکەن بەکارێکی جیاکار بۆ (پێکهاتەی زمانەوانی خۆرهەڵاتناسی بۆ ـ "ململانێی نێوان گروپەکان"، "نێوان عەرەب")[55]. بۆچی هێڵترمان

"ململانێی نێوان گروپەکان" و "عەرەب" دەخاتە دوالیزمەوە؟ ئایا پێی وایە شتێکی "رۆژهەلاتی" لەسەر ئەم دو وشەیە هەیە؟ ئایا تاوان رەوایە ئەگەر لەناوکۆی مێژویی خۆی دابنرێت؟ ئەمە چ جۆرە مافێکی مرۆڤە؟.

بەلام ئێستا دەنگی نوێی فەڵەستینیەکانی ناوچە داگیرکراوەکان پێوەری دوالیزمی روناکبیرانی " لایەنگری عەرەب"یان لەرۆژئاوا پێ قبول نیە. د. حەیدەر عەبدئەلشافی، سەرۆکی لیژنەی گفتوگۆی فەڵەستین بۆ ئاشتی لەرۆژهەلاتی ناوەراستدا، لەرۆژنامەی " ئەلقودس " کەلەقودسی رۆژهەلات دەردەچێت، ئەو پرۆسەی کوشتنەی شەرمەزار کردوە کەهێلترمان پاساوی بۆ هێناوەتەوە [56]. د.حەیدەر دەڵێت : چوار ساڵ و نیو لەتەمەنی راپەڕینی فەڵەستینیەکان پێویستیەکی زۆری بەهەڵسەنگاندنەوە هەیە، چونکە دەبێ فەڵەستینیەکان لەو حەقیقەتە تێبگەن کەراپەرینەکەیان سیمای توندوتیژی هەرەمەکی وەرگرتوە. باسم عید، رۆژنامەنوسێکی فەڵەستینیە و لەرۆژنامەی " ئەلقودس " کاردەکات، بریار دەدا لێکۆڵینەوە لەسەر کوشتنی ژنێکی سك پڕی دایك چوار منالْ بکات کەبەداری گۆڕستانێکەوە هەڵواسرابو، چونکە گەنجانی فەڵەستینی بەتومەتی هاوکاریکردنی دەستەلاتدارانی سەربازی ئیسرائیل تاوانباریان کردبو. باسم لەئەنجامی لێکۆڵینەوەکەی بۆی دەرکەوت هاوکاری ئیسرائیلی نەکردوە. هەروەها هەنگاوێکی بوێرانەشی نا بەوەی بکوژەکەی بەتیرۆریستێکی قێزەون وەسفکرد. هەر ئەو رۆژەی وتارەکەی بلاوکرایەوە، لەلایەن چەند کەسێکی نەناسراوەوە بەتەلەفۆن پەیوەندی پێوەکرا بۆ ئەوەی هەڵوێستی خۆی راست بکاتەوە، بەلام عید رەتیکردەوە، بۆیە قسەکەرەکە داوای تەفسیری لێکرد، ئەویش رازی بو چاوی پێبکەوێت. ئەگەر هەلومەرجەکە رەچاوبکرێت ئەوا دیسانەوە ئەو کارەشی هەر بوێرانە بوە. لەکۆتایدا عید ماوەی (5) کاتژمێری تەواو لەنێو (50) گەنجی فەڵەستینی بەسەر دەبات، لەدوای ئەوەی لەسەر نوسینکەی زۆر بەتوندی پەلاماری دەدەن و بکوژەکەشی ستایش دەکەن (ناویان نەدەهێنا) و تەنها دەیانوت " یەکێکمان"[57]. وتارەکەی عەبدئەلشافی و هەڵوێستی باسم عید، وەك رێکخراوی "ئەلفەنار" و دەرکەوتنی سەرکردەی مرۆڤدۆست لەنێو ئەو فەڵەستینیانەی لەسنوری پێش 1967 لەئیسرائیل یا ناوچە داگیرکراوەکان دەژین (وەك لەکەسایەتی حەنان عەشراوی و فەیسەڵ ئەلحوسەینی دەردەکەوێت)، گەواهی دەدەن بەوەی هەوڵێك بۆ بونیات نانی هەستێکی سیاسی فەڵەستینی نوێ هەیە کە هەستی رەخنە لەخۆگرتنیان تیایە. لەکۆتاییدا بۆ ئەوەی لەو عراقە بینەوە کەخودی خۆم بەسەرچاوەی

هەمو شتێکی دەزانم، ئەوا چەندین جڵد لەسەر دڵڕەقی لەعراق و بێدەنگی عەرەب و روناکبیرانی "نەیاری ئیمپریالیزم" لەسەر ئەو درِندایەتیە چاوەروانی نوسین دەکات. هەنوکە ئاماژە دەکەم بەوەی تاچەند کوشتنی 500 هەزار تا یەك ملیون مرۆڤی عراقی و ئێرانی سەرنجی ئەو کەسانەی راکێشاوە کەلەشەڕی کەنداودا قسەیان لەسەر تاوانەکانی رۆژئاوا دەکرد. لێکۆڵیاری فەڵەستینی و نیشتەجێی واشنتن د. حاتەم حوسەینی کەدڵی بەگەلانی عەرەب و ئیسلام دەسوتێ بەوەی گەورەترین بەهایان لەشەڕی کەنداوی ئەمریکا داوە، دەنوسێت :

"حکومەتی ئەمریکا خۆی بەپارێزەری مافەکانی مرۆڤ دەزانێت ... بەڵام لەشەڕی وەحشیانەی کەنداودا بەمەبەستی بەرگریکردن لەمشتێك شا و میر، بەشداری لەکوشتن و دەربەدەرکرنی ملیونان مرۆڤی بێدەرەتان کرد.. کوا مافەکانی مرۆڤ لەشارەکانی بەسرەو کەرکوك و کەربەلا و ئەوانی دی کەبەتەواوەتی وێرانکران؟" [58]. بەڵام شاعیری عراقی و لەدایك بوی بەسرە سەعدی یوسف هەمان هەستی حاتەمی نیە و دەڵێت :

" دەڵێم : پەنجا هەزار کەسی شاری بەسرە بەدەستی ئەمریکا نەکوژران، بەڵکو بەدەستی ئەو درِندەیە کوژران کەلەخولەکێکدا هەزاران کەسی لەشارۆچکەی هەڵەبجە ژەهر بارانکرد.

تاوانە گەورەکە خولی خۆی تەواوکرد. خەلیفەی عەباسی " موەفەق " بەخۆی و سوپاکەی بەرەو شاری بەسرە کەوتەرێ بۆ ئەوەی لەکوێلەکان رزگاری بکات، بۆیە تائەمرۆش شەقامێکی ئەو شارە ناوی ئەوی لێنراوە، بەڵام ئەو درِندەیەی لولەی تانکی تی 72 کردە ماڵ و سنگی مناڵ و کورانی رەنگ دانسقەی شارستانی عەرەب، تەنانەت تەنها جادەیەکیشی فەرامۆش نەکردوە تارۆژێك لەرۆژان کەلوییەك (برج) بەناوی شەهیدان و مناڵانی بەسرەی لەسەر دروست بکرێ"[59].

سەرەرای ئەوەی شاری بەسرە لەئەنجامی بۆردومانی هێزی ئاسمانی ئەمریکا لەهەمو شارەکانی دی عراق زیانی زیاتر لێکەوت، کەچی شاعیری ناودارەکەی بەسرە سەعدی یوسف قسە لەسەر کردەوەکانی وەحشەکەی هەڵەبجە دەکات لەسەر شاری بەسرە. لەلایەکی دی، شاری بەسرە لەماوەی شەڕی عراق ـ ئێراندا چەندین کەرەت وێرانکراوە بەبێ ئەوەی د. حوسەین شتێکی لەسەر بڵێت. ئەوەی لەلای د.حوسەین گرنگ بو شەیتانی گەورەیە کەلە فەرهەنگی حوسەینی بەکۆمپانیا مۆنۆپۆڵەکانی رۆژئاوا دەوترێ، ئەو کاولکارییەی نەکردوە. حوسەینی لەسیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بەرۆژهەڵاتی ناوەراست پەست بو، ئەمەش هەق بو. بەڵام ئایا بەراستی گرنگی دەدا بەمافەکانی مرۆڤ لەبەسرە، ئەمە ئەگەر ئاماژە بەکەربەلا نەکەین کە روداوەکان واکەوتەوە بەدرێژایی مانگی شوبات / 1991 لەلایەن هێزی هاوپەیمانانەوە

بۆردومان نەکرا ؟ بەسەلامەتی بەجێیان هێشت بۆئەوەی سەدام لەمانگی ئازاردا وێرانی بکات. کاتێك حوسەینی ئەو وتانەی دەنوسی، هێشتا کفنی ئەو عراقیانە زەرد هەڵنەگەڕابو کەلەدوای راپەرینی ئازاردا بەدەستی گاردی کۆماری کوژرابون.

بەڵام لەو کاتەی ژمارەی کوژراوەکانی شەڕی هەشت ساڵەی عراق ـ ئێران زیادیدەکرد، هێندێك لەناودارترین کەس لەبواری ئەدەبی عەرەبی لەپاڵ هەزاران روناکبیری بچوکتر سەردانی عراقیان دەکرد و خەڵات دەکران و ئامادەی ڤیستیڤاڵی شیعر دەبون (کەسانی وەك نزار قەبانی، مەحمود دەروێش، عەبدئەلوەهاب ئەلبەیاتی، غادەسەلمان، سوعاد ئەلسەباح، کاریس مەهدی و تەوفیق یوسف عەواد). هێندیکیان تەنها وەك هاتوهاوارێك کەپێشوەخت پارەکەی درابێت ئامادەی ئەو ڤیستیڤاڵە دەبون کەعراق مایەدانی (تمویل) دەکرد. هیچ نارەزاییەك لەسەر ئەو هەڵوێستە نیە، بەڵام هیندێکیان رێگەیان خۆشدەکرد بۆ مەبەستی پشتگیریکردن لەسیاسەتی ریژیم بەکاربهێنرێن. لەو کاتەی میدالیای ئاڵتونی لەبەغدا دابەشدەکرا بەهەزاران گوندی کورد لەدوری (70) میل لەو شوێنەی ڤیستیڤاڵە ئەدەبیە بریقەدارەکەی سەدام حوسەین ـ ی تیادەکرا، لەلایەن حکومەتی عراقەوە وێراندەکرا. لەنێوان ساڵانی 1986 ـ 1988 نزیکەی دوو هەزار گوند تەختکرا، بەڵام لەساڵی 1988 (لەبەشی پێنجەمدا باسمکردوە)، بەلایەنی کەمەوە (100) هەزار کوردی بێوەی کوژران، ئەوەش لەرۆتینێکی رێکوپێك لەهەڵمەتیکدا کەپێی دەوترێ ئەنفال ئەنجام درا، ئەو پرۆسەیەی هەمو سیمایەکی لەناوبردنی بەکۆمەڵی تیایە، ئەو کارەش خودی ئەو ریژیمە پێی هەستاوە کەخەڵکانی وەك د. حوسەینی لەکاتی شەڕی کەنداودا پشتگیریان لێی دەکرد، لەبەرئەوەی پێیان وابو لەرزگارکردنی فەڵەستین یارمەتیان دەدا. ئایا ئەو روناکبیرانە بەرووداوەکانی کوردستانی عراقیان دەزانی؟، ئەگەر ئاگایان لەو وردەکارییە ترسناکانە نەبوە، ئەوا دەبێ پێشبینی شتی خراپتر بکەن.

نوسەری عەرەبی عراقی ئەمین عیسا بەدڵێکی پڕ لەسوێ وتارێك بەناوی "مەحمود دەروێش و رێگەیەکی داخراو" ئاراستەی دەروێش، ناودارترین کەسی ئەدەبی فەڵەستینی دەکات (لەپێش پەلاماردانی ئێران، ئەمین عیسا لەکاتی رەشبگیری شیوعیەکان لەعراق هەڵهات) :

" ئەی مەحمود ؛ ئێستا ترس و تۆقاندن هەمو سوچێکی نیشتمانی گرتۆتەوە، بۆیە ئەگەر بێدەنگی لەتوانادا نەبێت، ئەوا دەست تێکەڵکردن خیانەتە ـ چۆن بکوژ دەبێ

بەنیشتمانپەروەر؟ چۆن ڕێگە بەخۆت دەدەیت شایەری بۆ ڕیژیمی بەعس بکەیت (دەربارەی ئەو نیشتمانپەروەرانەی لەکاتی تەنگانەدا نیشتمان بەجێدەهێڵن). خۆت ڕاستیەکان زۆر باش دەزانی. ڕیژیم پێش ئەوەی شەڕی ئێران بکات، شەڕی نیشتمانپەروەرانی کردوە. ئایا دەشێت فاشییەت جیگەی تێکۆشان بگرێتەوە؟ نیشتمانپەروەرانی عراق نیشتمانیان لەناودڵ و گلێنەی چاویان هەڵگرتوە و بەخوێنی پاگژیان تابلۆی دوارۆژێکی ڕوناك دەکێشن" (60).

لەبەرچی نوسەری عراقی ئەلعیسا ئەوەندە لەشاعیری گەورەی فەڵەستینی "دەروێش" بێزار بو؟ لەبەر ئەوەی ساڵی 1986، واتە پێنج ساڵی ڕەبەق لەپێش شەڕی کەنداو، دەروێش لەکۆنگرەی نوسەرە عەرەبەکان لەبەغدا و بەئامادەبونی هەزاران کەسی پەیوەندیدار بەبواری نوسین، گوتاربێژی سەرەکی سەدام بو. دەروێش لەگوتارەکەیدا قسەی لەسەر تاوانی "بێدەنگی" و "خیانەتی بێدەنگی" دەکرد. بەڵام قسەی لەسەر بێدەنگی روناکبیرانی عەرەب نەکرد، بەرامبەر بەکارەساتی میللەتانی عراق کەلەسەر دەستی خودی ڕیژیمەکەیان ـ بەکورد و عەرەب ـ ڕوبەڕوی دەبونەوە. دەروێش خەڵکانی وەك ئەلعیسای ڕەخنە دەکرد، لەبەرئەوەی لەتاراوگە دەژیان، ئەمە لەکاتێکدا وڵاتەکەیان شەڕی فارسی دوژمن دەکات، کەچی ئەوان خەنجەری ژەهراوی لە "دڵی عراق و روحی فەڵەستین" دەدەن. دەروێش لەکۆتای گوتارەکەیدا کەبەرامبەر ئەنجومەنی سەرکردایەتی حزبی بەعس دەیخوێندەوە، کەوتە پیاهەڵدان و ستایش کردن و سوپاسگوزاری "مانگی بەغدا ـ سەدام حوسەین" و خاکی عراقی مەزن کەپاسەوانی لەهیوا و ئاواتی عەرەب، لەدەروازەی ڕۆژهەڵات دەکرد، بەوەش قارەمانێتی لەمیتولۆجیاوە بۆ هەنوکە دەگێڕێتەوە" (61). ئەم سەرگوزشتە خەمۆکییە بەتەواوەتی مانا دەبەخشێت، کاتێك کەسێکی وەك دەروێش زۆر باش دەیزانی پێویستە لەسەری چ بکات، لەجیاتی ئەوەی ستایش ڕیژیمەکەی سەدام حوسەین بکات. هەمان دەروێش بیست و سێ ساڵ لەمەوبەر، لەساڵی 1963، کاتێك بەعس یەکەم ئەزمونی دەستەڵاتی لەعراق گرتەدەست، ئەم چەند دێرە ڕەقەی لەسەر کردەوەکانی بەعس بەرامبەر بەکوردەکانی عراق نوسیوە :

لەخاکی کوردستان
ترس و سوتاندن، شەونخونی دەکات
و ئێستاش دەڵێت، بژی عروبە

کەواتە ئەی عروبە

لەخاکی کوردستانەوە تێپەرە [62].

### 10 ـ پێناسەی بێدەنگی

لەنیشتمانی عەرەبیدا هەمیشە ژیانی مرۆڤ بێبەها و بێنرخ نەبوە، تەنانەت لەشەڕی ساڵی 1967 یشدا هەستیاری عەرەب بەرامبەر بەپێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لەوڵاتە تازەپێگەیشتوەکان خراپتر نەبوە، ئەمەش بەمانای باش نیە، بەڵکو مەبەست ئەوەیە هاوشانی وڵاتانی ئاسیا یا ئەمریکای لاتین بوە. لەساڵی 1975 و سەرەتای شەڕی ناوخۆی لوبناندا، ڕۆژهەڵاتی میسر لەنیشتمانی عەرەبی بەشێوەیەکی ئاوارتە شوێنێکی بێزراو بوە. بەرزراگرتنی توندوتیژی، شەڕی چەکداری و بیروباوەری شۆرشگێڕانە لەپێش لوبناندا بەچەند دەیەیەك لەعراق و سوریا لەدایك بوە. دەرئەنجام ئەمرۆ هەستیاری مافەکانی مرۆڤی عەرەب زۆر لەوڵاتە تازەپێگەیشتوەکانی وەك هیندستان و ئەمریکای لاتین دواکەوتوترە. ئیستبدادی بەتوانا و نەبونی رەئی خەڵکی بەسەر یاسادا هاورێی ئەنتلجنسیایەکە بەهیچ شێوەیەك رەخنەیەکی لیبراڵ یارەخنەیەکی لەسەر مافەکانی مرۆڤ لەسەر هیچ یەکێك لەو دوانە نەبوە. لەئێستادا سەروەت و سامانێکی مەزنی بێهاوتا رووی لەرۆژهەڵاتی ناوەراست کردوە، تەنانەت خودی عەرەب کەبەزۆری‌و بەردەوامی لەناوچەکە رادەکەن لەبەر نەبونی دەرفەتی ئابوری نیە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە دڵڕەقی لەهەمو شوێنێکدا بوە بەیاسا.

ئەم دڵڕەقییە دیاردەیەکی تایبەت بەساڵانی حەفتا و هەشتاکانە و پەیوەندی بەعەرەب و ئیسلامەوە نیە. گۆڕینی کۆمەڵێك خەمی سیاسی و کولتوری نمونەیی لەزۆربەی وڵاتانی جهانی سێیەم لەساتەوەختێکی یەکلایی کەرەوەدا بۆ ئەم دڵڕەقییە نائاساییەی ئێستا رۆژهەڵاتی تێکەوتوە، یەکێکە لەو ماوە جیاکەرەوانەی تازەگەرێتی و داهێنانی کولتوری سیاسەتی نوێی عەرەبی پێدەناسرێتەوە. پێم وایە ئەو ماوەیە دەکەوێتە نێوان ساڵانی 1967 ـ 1975 ـ ەوە، واتە دەکەوێتە نێوان شەڕی شەش رۆژە و هەڵایسانی شەڕی ناوخۆی لوبنانەوە.

لەدوای شەڕی 1967 بەچەند ساڵێك، گروپێك لەروناکبیرانی وەك سادق جەلال ئەلعەزم و ئەدۆنیس، لەپاڵ گۆڤار گەلێکی لەبابەت "مەواقیف" هەمو شتێکیان دەخستە ژێر رەخنەیەکی وردەوە. بەتەنها ناونیشانی کتێبەکانی ئەلعەزم بەسەرهاتەکە دەگێڕێتەوە : "رەخنەکردنی فیکری ئاینی"، "رەخنەلەخۆگرتن لەدوای شکستدا"، "رەخنەکردنی فیکری بەرهەڵستکار" ی فەلەستینی. ئەو کتێبانە گرنگیان لەوەدانیە کەبەپێی چەمێکی نازەمەنی راستبن، چونکە لەکولتوردا شتێکی لەو جۆرە نیە، وهیچ دەستێوەردانێکی ئیسرائیل یا رۆژئاوا لەکاروباری ناوچەکە قبوڵ ناکات، بەڵکو تائێستاش بەپێی فەرهەنگی سیاسی عەرەبی بەکاری

ڕەتکەرەوە (رفضي) دادەنرێ. گرنگی ئەو کتێبانە لەوێدایە بەخڵتەی سیاسی ـ کولتوری عەرەبی ـ ئیسلامی دەچێتەوە، بەبێ ئەوەی هەوڵبدات سەرزەنشتی خەڵکی غەریبەبکات. خەریکە تەوژمێك لەفیکری عەرەبی سەرچاوە دەگرێ بەبێ ئەوەی لەنێوان مەیلی سەرکەوتنگەرا و سنگ کوتان (لطم الصدور) ئەمبەروئەوبەر بکات کەهەردوکیان دوانەی گوتاری عەرەبی هاوچەرخن. ئەو کتێبانە هێشتا زۆر برگەیان تەرزەبۆچونێکی تیایە مایەی سەرسورمانە :

" تەنها بەکارهێنانی زاراوەی " کارەسات " ئاماژەیە بۆ شەڕی حوزەیران و دەرئەنجامەکانی کەزۆرێك لەلۆجیکی پاساوهێناوە و خۆدزینەوە لەبەرپرسیارێتی و ئاکامەکانی لەخۆدەگرێت، چونکە کارەساتبار بەرامبەر بەکارەسات و رودانی بەرپرسیارنیە، بەوەش بەرپرسیارێتی لەچاو گەورەیی و ترسناکی کارەساتەکە زۆر کەمدەبێتەوە، بۆیە کارەساتەکان بۆسەردەم و زەمان و سروشت دەگێڕینەوە، واتە بۆ ئەو هۆکارانەی ناتوانین کونترۆڵیان بکەین و لەسەر ڕێڕەوی روداوەکان لێپێچینەوەمان لەتەکدا بکرێ" [1].

بزوتنەوەی بەرگری فەڵەستینی لەو کەلەپورە کەڵەکەبوە و گرنگەی نێوان 1967 ـ 1975 دروست بوە. گوتاری سیاسی لەو ساڵە یەکلایی کەرەوانەدا (هێشتا لێکۆڵینەوەی تێروتەسەلی لەسەر نەکراوە) لەدەوری شادی و تازەگەرێتی و گەڕان بەدوای فیکری نوێدا دەسوڕایەوە، ئنجا قۆناغی نائومێدی و سەرەتای پەنابردن بۆ دابونەریتەکان دەستی پێکرد، بەڵام شەڕی 1967 تاقیکردنەوەیەك بۆ تەنانەت ئەلعەزم و ئەدۆنیس و دیدی بەخوداچونەوە و هەڵوێستی عەلمانی فیکریشیان شکستی هێنا. ئێستا ئیسرائیل لەهەمو کاتێکی دی بەهێزترە، کەچی هێشتا قەوارەیەکە عەرەب بۆی هەرس ناکرێ. رەخنە لەخۆگرتن لەدوای شکست بەپێی پێویست هەنگاوی نەنا، بەڵکو کەوتەداوی دیاریکردنی گریمانەی نادیاری وەك : کەموکورتیەکانمان چی بو تا بەوشێوە ئابروبەرانەیە شکست بخۆین؟ چۆن خۆمان بگۆڕین بۆئەوەی چییان پێکردوین لەشەڕی داهاتودا بەسەریان بهێنینەوە؟

لەو دەمەدا بەتەواوەتی گۆڕەپان لەبەردەم هەمو جۆرە ئایدۆلۆجیایەکی رادیکاڵی ئاواڵەبو : بەعسیزم، مارکسیزمی بێناوەرۆك، ئیسلامی سیاسی کارا، سوسیالیزمی عەرەبی و ناسیونالیستە لۆکاڵە تێکۆشەرەکان (فەڵەستین، لوبنان و سوریای مەزن و هتد). هیچ یەکێك لەو ئایدۆلۆجیانە ـ لەپاڵ جیاوازییە گرنگەکانی دی نێوانیان ـ نەیانتوانی گەشە بەدیدی خۆیان بدەن، دەربارەی جهانێك کەلەسەر وێناکردنی مافەکانی مرۆڤ تەوەرە دەبەستێت یا

لەوەی مرۆڤ وەك مەبدەئێکی سەرەکی دیدێکی تازەی بۆ عروبە هەبێت. لەوەش زیاتر و سەرەرای گەورەیی دەنگەکانی پێش 1967 کەچی لەکۆتاییدا تەنها خاڵی هاوبەشی نێوان هەمویان "دژایەتی کردنی ئیمپریالیزم"و "دژایەتی کردنی زایونیزم" بو، بۆیە هەمیشە لەسیاسەتی عەرەبیدا دەتوانیت تا بۆتدەکرێ سەرزەنشتی رۆژئاوا یا ئیسرائیل بکەیت. ئەزمونی سیاسەتی عەرەبی لەپێش رزگاربونی فیکری میانرەوی تیابوە، هەر ئەو فیکرەش ئەم ساوێلکەییەی ئالۆز کرد و خەستی کردوە. لەسالآنی چل و پەنجاکاندا خەڵکانی لیبراڵ و دیموکراسی لەنیشتمانی عەرەبی هەبون، بەڵام ئەوەی مایەی تراجیدیە شەری 1967پاشماوەی فیکرەکەیانی پەرت و بلآوکردەوە. لەکاتێکدا دڵرەقی بلآودەبووە و هەمو جۆرە هەمەرەنگییەکی لەسیاسەتی عەرەبیدا ئەفروز دەکرد، کەچی ئەو فیکرانە بەدرێژایی سالآنی هەشتاکان خۆیان دەجوییەوە و تەنها بێزارییەکی نەخۆشیانەی فیکرکوژی لێمابووە . لەوە دەچێت لەدوای کتێبەکەی ئەلعەزم "رەخنەلەخۆگرتن لەدوای شکستدا"[(2)] بۆ دواوە گەرابینەوە.

لەکاتی قەیرانی کەنداودا لەساڵی 1990 ـ 1991 گوتاری ئەنتلجنسیای عەرەب لەدژی رۆژئاوا گێرانەوەی ئەوگوتارە نەگۆرە تایبەتە بو کە خۆی لەبەرپرسیارێتی دەدزییەوە، ئەو گوتارەی ئەلعەزم لەدوای شەری 1967 رەخنەی کردوە. رەشبینی ئەم گوتارە بەتێپەربونی کات بەجۆرێك زیادی کردبو، مەترسی ئەوەی لێدەکرا ئەو کارەی هەوڵدەدرا بەدەست بهێنرێ لەکیس بچێت، ئەو کارەش : هیوا پەیداکردن بو بەسیستمێکی نوێی باشتر و پەرۆشی بروابون بەوەی مرۆڤ توانای گۆرانی هەیە. لەدوای چارەکە سەدەیەك بەسەر شەری حوزەیرانی 1967 دا نەوەیەکی نوێی کولتور بەرز لەنوسەرو بیریارانی عەرەب سەرپەرشتی رۆژنامە و گۆڤارەکان دەکەن، ئەوانەی کۆرسیان لەزانکۆ ناودارەکانی رۆژئاوا هەیە. ئەو خەڵکانە بەرووکەش زۆرجیاوازبون لەگەڵ خەڵکانی وەك ئەحمەد ئەلشەقیری و محەمەد حەسەنەین هەیکەل کەسەر بەنەوەی کۆن بون. ئەوانەی گفتوگۆیان لەسەر تازەگەری و تەقالید و دیموکراسی و ئیسلام و بانگەشە و دژە بانگەشەی رۆژهەلآت و رۆژئاوا دەکرد و بەزمانی ئینگلیزی و فرەنسی و عەرەبی دەیاننوسی و لەهەمو دونیا شتیان بلآودەکردەوە، بەڵام کاتێك کار دەگەیشتە سەر پیادەکردنی دڵرەقی خەڵکانی خۆیان ئیتر لەنەوەی کۆن هەرزەکارانەتر رەفتاریان دەکرد. نکۆڵیکردن لەو دڵرەقییەی بەردەوام باڵای دەکرد، کەلینێکی ئەوتۆی لەنێوان شێوازی قسەکردنی ئەو روناکبیرانە و راستی روداوەکانی دەوروبەریان دروستکردبو کەناتوانرێ

بەرگری لێبکرێ، بۆیە کاتێك سەدام حوسەین کوێتی داگیرکرد، ئەو روناکبیرانە بەسەراکەوتنە ئەو چاڵەی خۆیان لەدوا شیکردنەوەیاندا دروستیان کردبو.

نەوەی من، زۆرێك لەو روناکبیرانە دەگرێتەوە کەلەو کتێبەدا ئاماژەم بەنوسینەکانیان داوە، لەرووی سیاسیەوە لەبۆتقەی شەڕی 1967 دا پێگەیشتون : بۆ نمونە ئیدوارد سەعید، سەرەرای ئەوەی لەقودس لەدایك بوە، بەڵام لەدوای شکستی سوپای عەبدئەلناسر و هەڵهاتنی هیوای فەلەستین بەتوندی پابەندی ناسنامەی فەڵەستینی ـ عەرەبی بو. هەمومان پێکەوە، ئیتر چ لەبیروت، لەندەن یا لەنیویۆرك دەژیاین زۆر ئەزمونی گەورەی لەیکچومان بینی. منیش وەك لایەنگرێکی رێکخراوی فەڵەستینی دەستم بەسیاسەت کرد، هەروەك سەعید و ئەلعەزم لایەنگرییان لێی دەکرد. لەکاتێکدا هەمو وەختەکەم بۆ پاڵپشتی لەبزوتنەوەی فەڵەستینی تەرخان کردبو، کەچی بۆیەکەمجار درکم بەعەرەب بونی خۆم کرد، تەنانەت لەو دەمەشدا کەحزبی بەعس لەعراق لەسەر بنەمای ئایدۆلۆجیای یەکگرتنەوەی هەمو عەرەب رەوایەتی بەدەستەڵاتی خۆی دەدا، لایەنگریم لەبیرۆکە کۆنەکەیان دەکرد دەربارەی "شۆرشی عەرەبی". بەڵام ئەوەی سەرنجی راکێشام فۆرمی چلەکانی میشیل عەفلەق نەبو، بەڵکو وێنەیەکی نوێ بو کە روناکبیرانی فەلەستینی قسەیان لەسەر دەکرد و رابونی بزوتنەوەی فەڵەستینیش سەرقافڵەی بو. بەڵام سەبارەت بەهەستی خودی خۆم وەك عراقییەك، هەرگیز هەستم بەدڵەراوکێی گەڕانەوە بۆ دواوە نەدەکرد. هەروەها بەتەنهاش نەدەگۆڕام. لەهەرلایەکەوە تەماشات بکردایە، دەتبینی چۆن ناسنامە وێنادەکرێتەوە و بەفیکری نوێی درەوشاوە رووپۆش دەکرێ. ئەوەش وەك هەورە بروسکە لەتاریکیدا چەخماخەی دەدا.

لەسەرەتای شەڕی ناوخۆی لوبناندا گەنجانی عەرەب جهانێکی زەینی ئامادەکراویان لەروبەروبونەوەی واقیع تاقیدەکردەوە، ئەوەش تاقیکردنەوەیەکی راستەقینە بو. لەکاتی ئەو تاقیکردنەوەیەدا خەرمانەی رێکخراوە فەلەستینیەکان بەتەواوەتی رووی لەکزی کرد و درەوشانەوەی نەما. ئەو رێکخراوانە دەستەڵاتیان لەلوبنان پیادە دەکرد، لەئاکامی ئەو کارەشیان لەریکخراوی بەرهەڵستکار دەرچون و لەپیادەکردنیاندا وەك رێکخراوەکانی دەوروبەریان بون بەرێکخراوی بودەڵە و بۆگەن.

رێکخراوە فەڵەستینیەکان وەك هەمو رێکخراوەکانی دی، پارێزگاریان دەکرد، باجیان دەسەند، هەرەشەیان دەکرد، تالان و کوشتن و برینیان پیادە دەکرد، خەڵکیان دەفڕاند، چەکدارەکانیان خۆیان بەسەر لوبنانی فەڵەستینیە سادەکان بادەدا و شێوازی نوێیان لەکوشتن

و ئەشکەنجەدانی عەرەبەکانی دی دادەهێنا. ئایا سەبارەت بەلوبنانیە ئاساییەکان جیاوازی لەنێوان پیاوێکی مافیای فەلەستینی و هاوبیچمەکانیان لە " ئەلمورابیتون ـ المرابطون " یا " ئەلکەتائیب ـ الكتائب" هەیە؟، چەتە رێگرەکان ماڵوموڵکی خەڵکیان بەتاڵان دەبرد. ئایا ئینتمای ئەوچەتانە لەباندێکەوە بۆ باندێکی دی جیاوازی دەخاتە نێوانیانەوە؟ لەکۆتاییدا لە لوبنان کارگەیشتە ئاستێك خەڵکی لەسەر بستێك زەوی دەکوژرا. خەڵکی خۆیان بەمافیا بچوکەکانی خۆیان دەفرۆشت بۆ ئەوەی گیانیان بپارێزن. بەمشێوەیە کاتێك راستیە مەزنەکان ئاشکرا دەبون، ئیتر نائومێدی و رەشبینی و بێهیوای باڵی بەسەرا دەکێشان.

لەگەڵ سەرەتای شەڕی ناوخۆی لوبناندا تازەگەری کولتوریش کەلەسەر زەمینەی 1967 دەستی پێکردبو، بەتەواوەتی کۆتایی پێهات. بەڵام هیچ گروپێك ئەوەندەی ئەنتلجنسیای فەلەستینی ئیفلیجی پێوەدیارنەبو. ئەو ئەنتلجنسیایەی سەرقاڵی دیاریکردنی زاراوەی "فەڵەستینی" تازە داهێنرابو لەبەرامبەر ئیسرائیل کەئەزمونی داگیرکردن توشی گەندەڵی کردبو (داگیرکردنی خاك و خەڵکی کە ساڵی 1967 دەستی بەسەراگرتبو). سیاسییەکانی ئیسرائیل لەو دەمەدا فێڵێك یا دووفێڵی فێزەون لەعەرەبە هاوبیچمەکانی خۆیانەوە فێربون، ئەو دووفێڵەش : نکۆڵیکردنێکی تەواو لەهەبونی ئەوەی پێی دەوترا فەلەستینی و ناوزەدەکردنی ناوچە داگیرکراوەکان بە "یەهودا و سامەرا".

بەدرێژایی ساڵانی هەشتاکان هەمو لایەنەکانی رۆژهەڵات بەروناکبیرانی فەلەستینیشەوە خراپترین رێگەیان هەڵبژارد. لەکاتی تێکەڵبونیان لەگەڵ خودی سەرکردایەتی ئەو رێکخراوانەی بەشێوەیەکی زۆر ناشیرین لەلوبنان رەفتاریان دەکرد، تەنانەت داوای ئەو پێگە مەعنەوییە بەرزەشیان نەکرد کەبەدرێژایی ساڵانی حەفتا و هەشتاکان هەیانبو. لەکاتێکدا باشوری ئەفریقیا سەرکردەیەکی وەك نیلسۆن ماندیلا و چیکوسلۆفاکیا کەسێکی وەك ڤاکلاڤ هاڤیل و پۆلۆنیاش لیش ڤالیسا ـ ی تیاهەڵدەکەوێت، کەچی روناکبیرانی فەڵەستین بەکەسێکی وەك یاسر عەرەفاتەوە نوساون. ئەوجۆرە هەڵبژاردنە شکستی نەوەیەك دەردەخات. ئایا میللەتێکی بەتوانای وەك میللەتی فەڵەستین (بەرزترین و باشترین و بەربڵاوترین کولتوری لەنیشتمانی عەرەبی هەیە) بەدرێژایی ساڵانی پڕلەتێکۆشانی سیاسی ناتوانێت کەسێکی باشتر لەیاسر عەرەفات بەسەرکردەی خۆی هەڵبژێرێت؟

تەنها گەڵاڵەکردنی پرسیارێکی لەوجۆرە لەسەر کاغەز دەمترسێنێ، چونکە هیچ وەڵامێکم بۆ ئەم پرسیارە پێ نیە، بۆیە تەنها دەتوانم ئاماژە بەشکستی بەکۆمەڵی ئەنتلجنسیا بدەم کەناتوانێت گەشەبەگوتاری مرۆڤدۆستانە دیموکراسیانەبدات، گوتارێك پشتگیری لەزمانی

نیشتمانی بکات. وەك ئەوەی بەبۆچونی عەرەب لەرووی تیورییەوە دووکاری دژبەیەکبن یا زەحمەتە لەرۆژهەڵاتدا پێکەوە هەڵبکەن. وشەگەلێکی لەبابەت "ئازادی"، "دیموکراسی"، "دادپەروەری"، " کەرامەتی مرۆڤایەتی" و "مافەکانی مرۆڤ" لەسەر دەستی ئەو روناکبیرانەی بەردەوام پرتەوبۆڵە لەروپامایی رۆژئاوا دەکەن، هەمو مانایەکی خۆیان لەدەستداوە. ئەو روناکبیرانە چیدی بڕوایان بەو شتانە نەماوە کە رۆژئاوایان پێتاوانبار دەکرد بەوەی بڕوای پێی نیە.

ئەو مانا کۆنە ونبوانە پێویستیان بەیادهێنانەوە و سەرلەنوێ گونجانەوەی هەیە، بەڵام نەلەسەر فۆرمی راڤەکردنی "ئەڵتەرناتیڤ" و نەلەسەر فۆرمی گوتنی "ئێمە هەمومان" دژی پۆخڵەواتەکانی بەعسین. ئەمەش بەپێی پێویست کارێکی باش نیە. زۆرجاران زمانی نکۆڵیکردن و رەتکردنەوە بیانویەکە بۆ تەمەڵی و کەمتەرخەمی، لەوەش خراپتر رەنگە ببێتە پاساوێك بۆ دڵڕەقی. ئەوەش لەکاتی "قەیرانی ریسوایی" سەڵمێنرا، ئەو رۆژەی سەدام کوێتی داگیر کرد. جگە لەشێوازی نوێی بیرکردنەوە کەلەسەر قوڵترین جۆری بێزکردنەوە نشونما دەکات، ئەو بیرکردنەوەیەی سازش ناکات لەدڕندایەتی و رەگەزپەرستی ئەو عەرەبانەی لەدژی عەرەبەکانی دی یا لەدژی کورد و کەمەنەتەوایەتیەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست پیادەی دەکەن، هیوا و بڕوا بەو گەلەستەمدیدانە ببەخشێت کەماوەیەکی دورودرێژە لەم بەشەی دونیا بەدەستییەوە دەناڵێنن. پێویستیمان بەگوتارێکی نوێ هەیە کەناوەرۆکەی رەخنە لەخۆگرتن بێت، گوتارێك سوربێ لەسەر مەسەلەی نەبەزاندنی پیرۆزی ژیانی مرۆڤ و هەمو کارەکانی تریش بخرێتە ژێر رکێفی ئەو پێوەرەوە. بەقەدەر ئەوەی روناکبیرانی فەڵەستینی پێشبینی دەکەن هەمو عەرەب لەدژی چەوسانەوەیان پشتیگیری لەخەباتیان بکات، دەبێ خۆشیان لەم ناوکۆیە لەوە تێبگەن کەلەهەمو لایەکی دی، عەرەبیان لەروی ئەخلاقی و مەعنەوییەوە شەرمەزار کردوە.

لەو کاتەی بەشێکی گەورەی دونیا (ئوروپای رۆژهەڵات، ئەمریکای لاتین، چین، باشوری ئەفریقیا) پەییان بەمافەکانی مرۆڤ/ دیموکراسی دەبرد لەدژی جەور و ستەمو بیروکراتیەتی ستالینی تێدەکۆشان، باشترین و لێهاتوترین کەسانی فەڵەستینی بەم دەستەواژانە کتێبی فیقیهکراویان دەنوسی :

"... هەمو زانیارییەکی ئەکادیمی لەسەر هیندستان و میسر بەشێوەیەك لەشێوەکان بەواقیعی سیاسی ئیمپریالیزم شێواو، رووتوش و بێبەهاکراوە.. لەم لێکۆڵینەوەیەدا تەنها ئەوەندە لەسەر خۆرهەڵاتناسی دەڵێم..

ئنجا بەپێی ئەو وتانە هەمو ئوروپییەك رەگەزپەرستانە قسە لەسەر رۆژهەڵات دەکات، هەروەها ئیمپریالییە و بەتەواوەتیش لەسەر خودی خۆی تەوەرە دەبەستێت"[3].

کتێبی "خۆرهەڵاتناسی" پرۆژەیەکی کولتوری ئەوتۆ بو کاریگەری لەسەر نەوەیەکی خوێندکاری عەرەب هەبو، تێکرای لێکۆڵینەوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست لەساڵانی هەشتاکاندا هەمان سیمایان وەرگرتبو. ئەو کتێبە هەرگیز سیاسەتی هاوچەرخی عەرەبی رەخنە نەکردوە، بەڵکو هانی سیاسەتی نارۆدیزمی (شعبوی) دەدا کەبەقوڵی لەدژایەتی کردنی رۆژئاوا رەگی داکوتاوە. شیکردنەوەی شێواندنەکانی لەسەدەی 18 ـ 19 ـ وە هاتوە بەڵام خوێندکارە لاوەکانی عەرەب و لایەنگری عەرەب ئەو شێواندنانەیان خستە چوارچێوەی بەرنامەیەکی کولتوری ـ سیاسی دەرەوەی پێداویستیە راستەقینەکانی ئەو عەرەبانەی لەجهانێکدا دەژین بەگەورەیی دڵڕەقی دەناسرێتەوە، نەك بەباڵادەستی ئەو ئیمپراتۆرانەی بەردەوام زیاد دەکەن. روی دوەمی نێوان کتێبی "خۆرهەڵاتناسی" سەعید و کتێبی "تەغتییەی ئیسلام" بەئاراستەی بەرجەستەکردنی ئەم بیرۆکەیە دەڕوات : "چۆن دەزگاکانی راگەیاندن و پسپۆرەکان شێوازی جهانبینیمان دیاریدەکن"، ئەمەش بیرۆکەیەکی ئەخلاقی نادروست پێشی دەکەوێت کە دەڵێت ؛ دەبێ رۆژئاوا لەبەرمێژوی دورودرێژی ئابروبەرانەی بەرامبەر بەرۆژهەڵات لێرە و لەوێ لۆمەبکرێ. بەمشێوەیە بەشێوازێکی ناژیرانە لەگرفتە راستەقینەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست لادەدا. لەکاتێکدا بەشداری لەکەڵەکەکردنی تاڵوسوێری پاشخانی هەڵچونی گەنجانی عەرەب دەکرد، ئنجا کتێبەکە شتی لەو بابەتەی زۆر تیایە[4].

لەو کاتەی دڵڕەقی باڵای دەکرد، هۆیە بابەتییەکانی تاڵوسوێریش زۆر کز دەبو بەبەراورد لەگەڵ ماوەکانی دی لەمێژوی دورودرێژی تێکچڕاوی عەرەب و رۆژئاوادا. ئێستا رۆژئاوا لەقۆناغی پیربون و داروخانە، نەك لەقۆناغی داگیرکەر یا ئیمپراتۆر بێت. سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لەڤیتنام روبەروی شکستێکی یەکلایی کەرەوە بووە، لەئێران خومەینی شکستێکی ئابروبەرانەی بەسەراهێنا و لە لوبنانیش لەلێبوك دەچو (تاکە کەسێك لەکارێکی خۆکوژی و لەتەقینەوەیەکدا زیاد لە 200 سەربازی ئەمریکی لەهێزی مارینز کوشت). ئیسرائیل ناچارکرا لەناوچەکانی میسر بکشێتەوە. رۆژئاوا بۆ ماوەیەکی دورودرێژ ئێرانی لەکیس چو. هێزی دارای عەرەب پێتشر وێنەی نەبوە.

لەم هەلومەرجەدا ئەو پرسیارە کولتورییەی دەڵێت هێزی ئەمریکا لەجهاندا تواناو دەستەڵاتی رەهای چەندە پرسیارێکی گرنگ نیە، بەڵکو تاچەند لەهەمو کارەکانیدا ناکارابوە (ئەوەش دەگمەن بو) لەروبەرونەوەی ئاڵۆزی گرفتە بێچارەسەرەکانی وڵاتە سەربەخۆکانی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا. باشترین نمونەش شەڕی کەنداوە ـ شەرێك دەوڵەتە عەرەبیەکان بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی عەرەب ـ عەرەب مایەدانیان دەکرد. هەرچەندە ئەو کێشەیە بەبێ چارەسەرێکی یەکلایی کەرەوە هێڵرایەوە، ئەمەش بەبۆچونی عراقی بۆ نەبونی دەست پێشخەری ئەمریکا ناگەڕێتەوە. عراق وێران بو، بەڵام سەدام حوسەین لەدەستەڵات مایەوە، نەك لەبەر ئەوەی رۆژئاوا دەیویست لەدەستەڵات بمێنێتەوە بەڵکو لەبەرئەوەی هێزی هاوپەیمانان لەبیرۆکەی بەمیرات وەرگرتنی بەرپرسیاریتی تۆقیبون کەهاوکاتی تەواوبونی ئەو ئەرکەیان بو.

پاساوی بەرنامەی روناکبیرانی عەرەب و لایەنگرانی (عەرەب) ی نیشتەجێی رۆژئاوا بریتی بو لەوەی تەنها رۆژئاوا دەتوانێت شتێك لەسەر کێشە هەرێمییەکانی وەك کێشەی عەرەب ـ ئیسرائیل بکات، لەبەر ئەوەی کێشەکە لەرووی مێژووە دەستکردی خۆیەتی. "ئێمەی فەلەستینی بەرپرسیارنین"، "ئێمە هەمیشە قوربانی دەستی مێژو بوین". عەرەبی فەلەستینی و ئەنتلجنسیای لایەنگرانی عەرەب، داگیرکردنی باشوری لوبنان و کوژرانی نزیکەی 20 هەزار مەدەنی لوبنانی و فەلەستینی بێتاوان بەبۆردومانی هەرەمەکی، وەك داگیرکردنی کوێت لەلایەن سەدام حوسەینەوە بەدەرئەنجامی سیاسەتی ئەمریکا دەزانن. لەپێش تەواوبونی شەڕی کەنداو لەتوانادا نەبو ئاخاوتن لەگەڵ ئیسرائیلیەکان بکەیت یا بۆ بەدیهێنانی مافەکانت خەبات لەئیسرائیلدا بکەیت، بەڵکو دەبوایە هەمیشە روو لەئەمریکا بکەیت. تەنها بیرۆکەی هەڵمەتی داواکردنی "مافەکان" کەبەشێوەیەکی راستەوخۆ ئاراستەی رای گشتی ئیسرائیل بکرێ (بەڵگەکان ئاماژە دەکەن بەوەی دەشێت ئەم شێوازە پشتگیری لێبکرێ) بەچارەسەرێکی پڕ لەریسوایی و گوماناوی دادەنرا. بۆچی نیڵسۆن ماندیلا بتوانی ئاخاوتن لەگەڵ "بیگ بۆتا" بکات، بەڵام روناکبیرێکی فەلەستینی نەتوانێت ئاخاوتن لەگەڵ ئیسرائیلییەکی وەك خۆی بکات، ئەوانەی دەرگا لەبەردەم دەرفەتی گونجاو داناخەن؟ روناکبیرانی فەلەستینی لەجیاتی ئەوەی بەگەوهەری گرفتی ناوخۆوە پابەندبن، کەچی لەساڵانی هەشتاکاندا سەرقاڵی زنجیرەیەك شەڕی دۆڕابون لەدژایەتی کردنی "لایەنگری" حکومەتی ئەمریکا یا دەزگاکانی راگەیاندنی ئەمریکا. لەراستیدا ئەو فەلەستینییەی لایەنگری لەپیاچوونەوەی رادیکالانە

دەکرد بۆ سەرەتاکانی سیاسەت، لەناو ئیسرائیل ـ فەڵەستین دەژیا و بەشێوەیەکی فیعلیو راستەقینەش لەلایەن هاوەڵەکانیانەوە کە ئەو بیرۆکەیان رەتدەکردەوە، بێزراو بون [5].

کتێبی خۆرهەڵاتناسی، وەك قەسیدەکەی نزار قەبانی " ئەبوجەهل فلیت ستریت دەکرێت" لەرێگەی میزاجی نارۆدیزمەوە کار بۆ لەئەستۆنانی عەرەب دەکات کە ماوەیەکی دورودرێژە ئامادەگی هەیە. نوسەر هیچ کارێك بۆ وێناکردنەوەی رۆژئاوا لەزەینی عەرەبدا ناکات، سەرەڕای ئەوەی وەك عەرەبێك شیاوترین پێگەی هەیە بۆ ئەوەی بەو ئەرکە هەستێت. کتێبەکە عەرەب دڵنیادەکات و گیانی ڤاییل بونیان لەکن دروستدەکات، لەجیاتی ئەوەی هانیان بدات لەسەر ئەو گریمانە سەرەکیانە بەخۆیاندا بچنەوە کەناچالاکیان بەتەواوەتی رونبۆتەوە. رەنگە ئەمە ئامانجی سەرەکی کتێبەکە نەبێت بەڵام کتێب ژیانی تایبەتی خۆی هەیە و سەربەخۆیە لەنیازی نوسەرەکەی. لێرەدا وتەکانم ئاراستەی خوێنەرە عەرەبە لاوەکانی "خۆرهەڵاتناسی" دەکەم، ئەوانەی تاکو ئەمرۆش پێی سەرسامن، لەبەر ئەوەی پێویستییەکی زۆریان بەوە هەیە فێری ئەو بیرۆکەیە نەبن کەدەڵێت :"هەر ئوروپییەك" هەرچییەکی لەسەر نیشتمانەکەمان وتوە و دەڵێت کەسێکی "رەگەزپەرستە".

بونی ئەو کتێبە بەسەرچاوە لەدامەزراوە زانستیە ئەکادیمیەکانی رۆژئاوادا ـ لەکاتێکدا کە ئیمپراتۆرەکان زۆر دەمێکە داروخاون (بریتانیا و فەرەنسا) یا لەحاڵەتی داروخانی تەواوە (وڵاتە یەکگرتوەکان) ـ ئاماژە بەنەبونی پەیوەندی لەنێوان گریمانە ئاراستەکراوەکانی کتێبەکەو زانستی نوێی رۆژئاوا دەدا لە مەسەلەی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا. لە گاڵتەجارییەکانی واقیع ئەوەیە ئەم کتێبەی لەرۆژئاوا گرنگییەکی زۆری پێدرا " کە بەتەواوەتی لەدەوری خۆی تەوەرەی بەستوە" لەبنەڕەتدا لەبەر ئەوە بوە کە نوسەرەکەی فەڵەستینیە، رێك وەك ئەوەی لەدوای داگیرکردنی کوێت، کتێبی "کۆماری ترس" بەهەند وەرگیرا لەبەر ئەوەی نوسەرەکەی عراقی بو، بۆیە کاتی ئەوە هاتوە روبەروی ئەمجۆرە راستیە ناوخۆیانە ببینەوە.

کتێبی "خۆرهەڵاتناسی" دەیویست ببێتە پرۆژەیەکی کولتوری ـ سیاسی لەبابەت رێبازی نەعوم چۆمسکی لەسەر پەیوەندی نێوان شەڕی ڤێتنام و وێناکردنی بابەتی بۆ زانستی زانکۆ [6]. ئەوەی لەمەسەلەکەدا مایەی سەرنجە بەتەنها ئاماژەیەك لەسەر رۆژهەڵاتی ناوەراست لەپێشەکی کتێبەکەدا هاتوە : "رۆژنامەنوسی فرەنسی لەماوەی سەردانەکەی بۆ بیرۆت، لەکاتی شەڕی ناوخۆی لوبناندا لەساڵی 1975 ـ 1976، بەخەمناکییەوە لەسەر وێرانبونی سەنتەری بیرۆت دەنوسێت : " رۆژگارێك سەر ... بەرۆژهەڵاتی شاتوبریان ونرڤاڵ بو ". بێگومان لەسەر شوێنەکە لەسەر هەق بو، بەتایبەتی ئەگەر ئوروپییەك ئەو قسانە بکات.

ڕۆژهەڵات بەنزیکەیی داهێنراوێکی ئوروپی بو.."[7]. لێرە بەدواوە جهانی عەرەبی ڕاستەقینە لە کتێبێکدا وندەبێ کەفۆرمی چۆنێتی تێروانینی گەنجانی عەرەب بەرامبەر بەجهان دادەڕێژێت. لەکۆتاییدا ئەوەی مایەی خەمۆکییە لەواقیعدا زۆربەی لوبنانییەکان ناتوانن ڕۆژهەڵاتی شاتوبریان ونرڤاڵ ببینن، بەلایەنی کەمەوە بەرادەی ئەو ڕۆژنامەنوسە فرەنسییەی ئاماژە بەوتەکانی دراوە.

ئەدۆنیس چوار ساڵ پێش تەسلیم بون و ڕۆیشتنی بۆ پاریس، کەساس و بێزراو لە "ناوچە کاولبوەکانی نێوەندی بیروت" و "شەڕی ناوخۆ" دا ئەم چەند دێرەی نوسیوە :

کوشتن سیمای شاری گۆڕیوە. ئەم داروبەردە

لەئێسک و پروسک دروست بوە،

ئەم دوکەڵەش هەناسەدانەوەی مرۆڤە [8].

ئەم چەند دێرەش وەك سەرنجەکەی ئەدۆنیس لەساڵی 1986 :"شتێك لەنیشتمانی عەرەبی مردوە" [9] دەنگدانەوەی حەقیقەتە. وەلید خالید ـ یش شتێکی لەوجۆرەی وتوە، کاتێك دەنوسێت :" لەناوەڕاستی حەفتاکانەوە تەوەری ڕەوشت لەجهانی عەرەبیدا بزرە". ئەم قسەکردنە لەدامێنی شەڕی کەنداودا ڕەنگدانەوەی دیمەنی دڵڕەقی بەندەکانی پێشووە، بەڵام لەئێستادا پێویستیمان بەشتی زیاتر هەیە. لەجهانی عەرەبی تەقینەوەیەکی ناوخۆی و دارمانێکی ئەخلاقی هەیە، ئەوەش بەتەنها ڕامالێنێك یا نەبونی نێوەندێتی نیە. ئاکامی ئەو دارمانەش بەدرێژایی نەوەکانی داهاتو لەگەڵماندا دەبێت، ئیتر هەرچییەك لەعراق یا لوبنان ڕوبدات، بەدەر لەوەی قودس لەنێوان عەرەب و ئیسرائیل چارەسەر دەکرێ یا نا.

" ئەو دەردانەی هەمانە، هی خۆمانە و لەخۆمانە"، تۆم لیهرەر ـ ی مۆسیقای میللی عراقی عەزیز عەلی لەساڵانی چل و پەنجاکاندا چڕیوێتی. عەزیز لەوجۆرە ڕوناکبیرە عەرەبانەیە کەئێستا کاریگەرییان لەدەرەوە و ناوەوەی نیشتمانی عەرەبیدا نیە. ئەگەر بەرێکەوت بەخت یاوەری کەسێکی وەك عەزیز بێت و دەربکەوێت، ئەوا لەلایەن خودی ڕوناکبیرانەوە پەراوێز دەکرێ و بەهەند وەرناگیرێ. بەدرێژایی ئەم کتێبە هەوڵمداوە سەرنج بۆ ئەو ئاوارتە دەگمەن و ناوازەیەی گوتاری مێگەلی سیاسی لەرزۆك ڕابکێشم کەلەم ساڵانەی دواییەدا ژیانی کولتوری عەرەبی دیاریکردوە. بۆ نمونە ئەمیل حەبیبی ـ ی نوسەر، لوتفی مەشهور ـ ی ڕۆژنامەنوس و سەرنوسەر و سەلمان موسالەحەی شاعیر لەو فەلەستینییە دەگمەنانەن بەئاشکرا هەڵوێستی خۆیان لەسەر شەڕی کەنداو دەربڕیوە و دەکرێ عراقیەکانی

نەیاری ریژیمیش رێزی لێبگرن، بەدەر لەوەی مرۆڤ لەسەر وردەکاری هەڵوێستەکەیان دەگونجێت یا نا. بەرێکەوت سێ عەرەبی ئیسرائیلی بەجۆرێك لەئەزمونی کەسێتی، پاکی و واقیعی بونیان یەکدەگرنەوە کەلەزۆربەی روناکبیرانی عەرەب بەدیناکرێت، ئەوانەی لەم کتێبەدا رەخنەکراون. پێ لەسەر هەڵوێستی ئاشکرای هێندێك لەوفەڵەستینیە ئاوارتانە دادەگرم، چونکە زۆر لەفەڵەستینییەکان لەئاخاوتنە تایبەتیەکانی خۆیاندا هەڵوێستی باشیان هەبو، بەڵام هەستیان دەکرد قسەکردنی یەکلایی کەرەوە لەسەر کولتوری عەرەبی روبەروی مەترسیان دەکاتەوە و چاویان دەخرێتەسەر : جلوبەرگە شۆڕاوەکانتان لەسەر بان هەڵمەخەن، بەتایبەتی لەو شوێنەی رۆژئاوایی دەیبینێ.

لەساڵی 1939 عەزیز عەلی لەئیزگەی بەغداوە بەم وشانە نەخۆشی عەرەبی وەسفکردوە :

**ئەی خەڵکینە بەڵا بەڵای خۆمانە**

**قسەبکەین کێشەکانمان ریسوامان دەکات**

**بێدەنگیش بین نەخۆشییەکانمان دەمانکوژێت**

**کەواتە ئەی دکتۆر رێنمایمان بکە**

**روو لەکوێ بکەین** [11].

عەزیز عەلی تاسێی ناوەندی خوێندبو، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا زمانی عەرەبی، کوردی، ئینگلیزی، روسی و ئەڵمانی بەباشی دەزانی. فەرمانبەری حوکمەت بو، بەڵام لەدوای دەوامی رەسمی گۆرانیبێژێکی میللی بو، هەر خۆیشی گۆرانیەکانی دەنوسی. گاڵتەیەکی زۆری بەئەفسانە و رەشبینی دەهات، چونکە پێی وابو زۆرجاران عەقلیەتی تاکی عیراقی بەرپرسیارە لەو بارودۆخەی تێی کەوتوە. لەقۆناغی پێش 1958 لەسەر چالاکیەکانی لەدژی حوکمی پاشایەتی سەردەمی دەستەڵاتی بریتانیا چەندین ساڵی لەزیندان بەسەر بردوە. عەلی ئەلوەردی، پسپۆر لەسۆسیۆلۆجیای ئەکادیمی و کامیل چاردرچی سیاسەتمەداری دیموکراتخوازی گەورەی عراق لەهاوەڵ و هاوشێوەکانی عەزیز عەلی بون.

عەزیز عەلی لەدانیشتنە تایبەتیەکانیدا هەمیشە ئەم نوکتەیەی لەسەر خانەنشین کردن و وازهێنانی لەگۆرانی نوسین دەگێڕایەوە : "جاران ماوەی چەند رۆژێك دەیانگرتم، کەمێکیشیان تێهەڵدەدام، ئنجا پێنج دیناریان پێدەدام و رەوانەی ماڵەوەیان دەکردم. بەڵام

دواتر هەم ماوەیەکی زیاتر لەزیندان دەیانهێشتمەوە و هەم زیاتریان تێهەڵدەدام، نەپێنج دیناریان پێدەدام ونەرێگەشیان پێدەدام بگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە. ئەمرۆ برادەران بەسنگێکی فراوانەوە نوکتە وەرناگرن".

قبول نەکردنی رەخنە یا نوکتە و شەرمنەکردن، هەرچەندە کەمیش بێت، پێش ئەوەی بکەویتە تەنگژەیەکی ترسناکەوە وەك ئەوەی نیشتمانی عەرەبی تێکەوتوە، بۆ نەبونی گیانی بەخۆداچونەوە دەگەڕێتەوە. میکانیزمی دەوڵەت لەهەمو جهاندا هەستی نوکتەی لەدەستداوە و هەموشمان پێشبینی دەکەین، بەڵام ئەو تەنگوچەڵەمەیەی تایبەتە بەنیشتمانی عەرەبی ـ بەبەراورد بەسەردەمی عەزیز عەلی ـ بەشێوەیەکی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەنتلجنسیا نەك بۆ ریژیمەکان. چۆمسکی لەساڵی 1966 وتارێکی تەقلیدی نوسیوە : "پێویستە خەمی گەوهەریمان جەخت لەسەر رۆڵی داهێنان و شیتەڵکردنی ئایدۆلۆجیا بکات" [12]. بەپێی پاساوەکانی چۆمسکی روناکبیران بەرپرسیارێتی گەورەیان دەکەوێتە ئەستۆ، ئەویشی پشت بەو دەسکەوتانە دەبەستێت کەچێژی لێوەردەگرن : ئاسودەیی، ئاسانکاری، شارەزایی و ئازادی گەیشتن بەزانیاری، لەگەڵ ئەوەشدا زۆرجاران خودی روناکبیران، ئەوانەی لەرۆژئاوا خوێندنیان تەواوکردوە، ئازاری زیاتر دەگەیەنن، لەئەنجامیشدا هۆی سەرەکی روداوەکانن. چونکە سیمای فێڵبازی و بلیمەتییان بەئایدۆلۆجیای نەتەوایەتی بەخشیوە کە دژایەتی خەمە راستەقینەکانی مافەکانی مرۆڤ بکات، ئەوەشیان لەسەدام ئاساکان باشتر ئەنجام داوە. هەمو کەس پێشبینی دەکرد قسەکەرەکانی حزبی بەعس پروپاگەندە بکەن، کەچی ئەو روناکبیرانەی ئاماژەم بۆ کردون، بەحوکمی پلەوپایەیان، وەك کەسانێکی مەنتیقی کەبەرپرسیارانە جهانی عەرەبی بۆ رۆژئاوا و خودی عەرەبیش روندەکەنەوە مامەڵەیان لەتەکدا دەکرێ. بۆ بەدبەختی ئەو کەسانە هێشتا گرنگی زیاتر بەو میسیرییە دەدەن کەلەزانکۆیەکی لەندەن دەرسدەڵێتەوە تا ئەو میسرییەی لەزانکۆی عەین شەمس لەقاهیرە دەرسدەڵێتەوە.

ئەوەی مایەی دوروویییەکی زیاترە لەنێو نوسەرە عەرەبە هاوچەرخەکان و "لایەنگری عەرەب" دا، خودی ئەو کەسانەن کەپلەوپایەیان بواری ئەوەیان پێدەدا حەقیقەت لەسەر دەوروبەرەکەیان بزانن، کاریگەریشیان لەسەر نەوەیەکی منالێتری عەرەب هەبێت تاشێوازێکی

تەندروستتر و باشتر تەبەنی بکەن لەتێروانین و تاوتوێ کردنیاندا. بۆچی کارەکان بەم ئاستە گەیشتوە ؟ ئەم دیاردەیە ناگەڕێتەوە بۆ ناشایستەیی روناکبیران وەك تاکەکەس یا بۆ سیفەتێکی ئالۆز لەعەقڵی عەرەب، ئەمەیان خراپترە (ئەوانەی ئەم قسانە دەکەن دیدێکی رەگەزپەرستیان هەیە)، هەروەها لەسەرچاوە کۆنەکانی ناومێژوی تەقلیدی عەرەب یا ئیسلامیشەوە دروست نابێت، بەڵکو لە لۆجێکی ناونمونەی ئایدۆلۆجیای باڵادەستەوە دروست دەبێت ـ ناسیونالیستی کولتوری ـ کەبەتێکرایی مارکسیزم و ناسیونالیزم و ئیسلامیزم دەگرێتەوە، تەنانەت هێندێك لەو کەسانەش دەگرێتەوە کەبانگەشەی ئەوەیان دەکرد، پشتگیریکردنی مافەکانی مرۆڤیان کردوە بەخەمی خۆیان.

ئەوەش خەڵکی لەرێگەی ئەو شێوازە ئاوارتەیە ناسنامە ساختە دەکەن، ئەوانەی لەناکاو تێگەیشتن پێویستییەکی زۆر و کەساسانەیان بەیەکێك هەیە(ناسنامە). لەکاتی ئەو گەڕانەیاندا هەستیان دەکرد پێویستە هەمو شتێکی ئالۆز و تاکەکەسی بخەنەلاوە، ئنجا خۆشیان لەوشتانە دوربخەنەوە کەبەژیانەوە پەیوەستن، ئەوەش بۆ بەرژەوەندی زمانی " قوربانیەکە " ئەو زمانەی هەمەرەنگی تیانیە کە رەنگە تەنها هەستێکی هەڵە لەسەر دڵنیایی کۆمەڵ پێشکەش بکات. لەهەڵومەرجی پەرتەوازەیی و هەلاهەلایی و پەرتبوندا دەبڵ تراجیدیای (المأساة المزدوجة) لەمجۆرە ئەفسانانەی ناسیۆنالیزم خۆی حەشاردەدا، کە تەنانەت زمانێکی هەڵبژاردە و هەڵبژێراوی ئەزمونێکی کردەییش ناتوانێت لەنێو ئەو کۆمەڵە مرۆڤە هەڵبکات. ئەوەش نهێنی توندو تیژی و رەگەزپەرستییەتی. ئەوانەی هەمیشە هەوڵدەدەن ناسنامەی خۆیان بناسن، زۆرجاران خۆیان لەئاست پرسیارەکانیدا زیاتر سەرسام دەبن و دەشڵەژێن، چونکە هۆیەکی شایستە و بەجێیان بۆی هەیە، بەتایبەتی کاتێك کارەکە پەیوەندی بەولاتانی رۆژهەلاتی دوای 1967 ـ ەوە هەبێت. لوبنانی، عراقی، فەڵەستینی و ئەوانی دی ، پێیان وابو تێگەیشتنیان بەتەواوەتی لەسەر ناسنامە هەرەسی هێناوە یا زۆر بەخێرایی لێرەولەوێ پارچە هەڵوەریو و شکاوەکانیان پێکەوە دەلکێنرێ، دەرئەنجامیش دیمەنێکی لاواز و بێگیان مرۆڤ بەباقی جهان دەبەستێتەوە.

حزبی بەعس لەعراقدا جێگیرترین ریژیمی لەمێژوی نوێی ولاتدا دامەزراند. چونکە شێلگیرانە کاری لەسەر دستکردەیی سنوری عراق دەکرد، بەوەش چەندین دەیەی بێبایەخ و

پوچەڵکردەوە کە هوشیارییەکی نوێی دروستکردبو لەسەر ئەوشتەی پێی دەوترێ عراق. ئاکامی ئەو کارەش لەو بزوتنەوە سیاسیانە بەدیدەکرێ کە وەك پەرچەکردارێك لەسەر جەوروستەمی حزبی بەعس دروستبون : کورد، شیعە، سوننە، ئیسلامی یا عەرەب. هیچ یەکێك لەوناوانە گرفتی عراقیەکان چارەسەرناکات ـ کورد و عەرەب یا شیعە و سوننە ـ کەواتە لەدوای روخاندنی سەدام حوسەین چ کەسێك بەناوی هەمو عراقیەکانەوە قسە دەکات ؟ یا ئایا پێویستە هەمو جارێك لەهیچەوە دەست پێبکەین؟

لە لوبنان ئەو نەوەیەی لەدوای 1967 بەسەدان و هەزارانیان بەهانای کێشەی فەلەستینەوە چون، بەو کارەیان نەفرەتیان لەبیرۆکەی لوبنان دەکرد کەباوباپیرانیان دروستیان کردبو. ئنجا ئەوانەی لەساڵانی شەستەکاندا سەردەمی ئاڵتونی دەژیان دەستیان کرد بەکۆچکردن، لەبەرئەوەی چیدی ژیان تەحەمول نەدەکرا. ئەمڕۆ ئەو نەوەیەی لە لوبنان دەژی تەنانەت لەیادەوەریشیدا وڵاتێکی یەکگرتو ناناسێت. مناڵان لەشارێکی دابەشکراوی ژێر دەستەڵاتی چەتەکان گەورەبون. بەدرێژایی ژیانی 15 ساڵ ئەزمونی شەڕی ناوخۆ، ئنجا بەحوکمی هەلومەرجەکە و زەرورەتی بەردەوامبون ناچارکرابون خۆیان بە موسڵمان و مەسیحی و موارەنە یا شیعە بزانن و بەپلەیەکی کەمتریش بەلوبنانی. ئەو نەوە لاوەی ئەمڕۆ دەیەوێت تێکەڵ بەمەیدانی کارکردن بێت، دوجار داماڵراون لەو نەوەیەی قەوارەیەکی یەکگرتویان دروستکرد. نابەردەوامی نێوان نەوەکان مەرجێکی سەرەکی حاشاهەڵنەگرە بۆ ئەوەی هەستکردن بەناسنامە دروست بێت.

ئەوەی لەم مەسەلەیەدا مایەی گاڵتەجارییە، گوتاری دوای ساڵی 1967 "دژ بەئیمپریالیزم"ە کەلەساڵی 1990 ـ 1991 شکستی گەورەی خوارد، هەمان گوتار وەك پەرچەکردارێك لەسەر گوتاری رابردوی عەرەب لەسیاسەت و کولتوردا سەریهەڵدا (بەتایبەتی لەلای محەمەد حەسەنەین هەیکەل، جەمال عەبدئەلناسر و ئەحمەد شەقیری). ئەمڕۆ بەیارمەتی زانیاری کۆن و نوێ هەردو گوتارەکە بەشێوەیەکی ترسناك لەیەکدەچن. نەوەی من، نەوەی ئەو روناکبیرە عەرەبانەی لەکەشوهەوای شکست پێگەیشتون چی بەسەر هاتوە؟ رەنگە لەرەخنەکردنی جهانی عەرەبی لەماوەی 1967 ـ 1975 زیادەرەویمان نەکردبێت،

رەنگە گرفتەکەش لەوێدابێت کەمێك زیادەرەویمان لەتێکشکاندنی هێندێك لەو پیرۆزییانەکردبێت کە کۆمەڵگە بەرگەی ناگرێت؟ لەراستیدا نازانم. ئەوەی لەیەککاتدا بەچەندین زمانی جیاواز قسەدەکەین ـ مارکسیزم، ناسریزم، بەعسزم، فەڵەستینیزم، ناسیونالیزم، هەروەها عەرەبی، ئینگلیزی و فرەنسی ـ دواجار زۆر یارمەتیدەر نەبو، چونکە ئەو شێوازانە لە جهانبینیدا لەبازنەی تێکچڕاو دەچن کەلەسەر زەمینێکی هاوبەش یەکتری دەبرن، بەڵام کاتێك چوارچێوەی بازنەکان بۆگەن دەکەن و دادەروخێن، ئیتر جگە لە "ئێمەی عەرەب" یا "ئێمەی موسڵمان" یا "ئیسرائیل" و "کیشەی فەڵەستین" شتێکی دی نامێنێتەوە. ئەمەش هەمو مەسەلەکەیە، بۆیە کاتێك مرۆڤ بیری لێنەکاتەوە شتێکی ئەوتۆ نادۆرێنێ. بەدڵنیاییەوە ئەوەندە بەس نیە، لەبەرئەوەی لەکۆتاییدا دەرکەوت نەك هەر زمانەکان جیاواز نەبون، بەڵکو جگەلە خڵتەی فیکر و پوچی زمان شتێکی دی نەبو.

لەدوا ویستگەدا لوبنان سەرگەردان بو، عراق بۆ ماوەی هەشت ساڵ لەسەرپشکۆی قەسابخانە ئەمدیو و ئەودیوی دەکرد، کوێت داگیر و تالآنکرا و خرایە سەر عراق، ڕێکخراوە فەڵەستینیەکان بەتەواوەتی پشتگیریان لەسەرکردەی ستەمکاری سیاسەتی عەرەبی دەکرد، بەڵام کراوەترین و گشتگیرترین روناکبیری عەرەب، بون بەکۆڵەکەی کولتوری ئەو ڕیژیمانەی بانگەشەی رەتکردنەوەیان دەکرد. ئەو روناکبیرانەی فیکر بەرهەمدەهێنن ـ نەك ئەو گروپە ستەمکار و پاشا و ئۆتۆکراتە گێلانەی تۆپ بەکاردەهێنن ـ پێویستە نەوەی گەنجانی عەرەب لەداروخانی ئەخلاقی جهانەکەیان بە بەرپرسیارێتیان بزانن.

بێدەنگی لەترسەوە لەدایك نابێت بەڵکو لەهەژاری و تەسکی فیکرەوە لەدایك دەبێت، بۆیە دەرکەوتوە ئەو بۆشاییەی ئێمە بۆشایی روحە، بەڵام نەك لەوجۆرەی تەنها ئیمانی ئاینی جێگەی دەگرێتەوە. سەلمان روشدی لەرۆمانی "منالآنی نیوەشەودا"بێدەنگی بە" کونی دڵم" ناوزەدە کردوە. سیاسەتی بێدەنگی ئەو حاڵەتە نامۆیە بو کەرێگەی دا چەپرەوی لوبنانی (تەرابلوسی)، سەرنوسەری رۆژنامەی ئوردونی (خوری)، مێژونوسی تونسی (جەعیت)، رەخنەگری ئەدەبی سوری (ئەبودیب) و تێکۆشەری پێناوی مافەکانی مرۆڤی فەڵەستینی (کەتاب)، هەمویان پێکەوە لەژێر چەتری بەرگریکردن لەمافەکانی ستەمکار یەکبگرنەوە، بەبێ ئەوەی کەسیان خەون ببینن لەژێر دەستەڵاتیدا بژین. لەبەرئەوەی نەك هەر شوێنی

یەکگرتنەوەیان هەیە، بەڵکو بەجۆرێك گەورەو فراوانتر دەبێت، تەنها باوەش پیاکردنێك ژمارەیەکی زۆر و جیاوازی روناکبیرانی گەورەی عەرەب دەگرێتەوە، ئەوەش بەربەستێکی بنەرەتیە لەبەردەم سیاسەتێکی نەرمترو لێبوردەتر لەم بەشەی جهاندا.

قەیرانی کەنداو ئاشکرای کرد بێدەنگی عەرەب بەمانای، یەکەم ؛ بەشێوەیەکی سەرەکی نەبونی هاوسۆزی لەگەڵ ئەوانی دی و پاشەکشێی بوە لەبوارێکی گشتی هاوبەشەوە بۆ باوەشێکی ئاسودە، بەلام لەگەڵ گروپی بچوك بچوکی هاوناسنامەی وەك خێڵ، ئاین، تیرە و وەلائی خێزانی خنکێنەر بوە.

بێدەنگی لەنیشتمانی عەرەبیدا هاومانای مردنی سۆزدارییە، و بریتیە لەسیاسەتی هەڵنەخستنی جلوبەرگی شۆراو لەبەردەم خەڵکیدا بۆ ئەوەی درندایەتی ترسناك و دونیای پڕ لەتۆقاندن بۆدەوروبەکەت ئاشکرا نەکەیت، بۆیە بێدەنگی شێوازێکە لەرەفتاری وشترمرغ (نەعامە) دەچێت، شێوازی بێئاگایی لەوەی عەرەب چ بەسەر عەرەبی برای دەهێنێت، هەمو ئەوانەش کەڵکەڵەی دەمارگیری دژایەتی کردنی رۆژئاوای کردوە بەنەخۆشی. ئۆلیڤەر ساکس دەڵێت : تەندروستی "ناکۆتایە و بەردەوام گەورە وفراوان دەبێت" تا دەگاتە ئەوەی "دەبێ هەمو دونیا دەگرێتەوە"، ئەگەر ئەمە راست بێت ئەوا بێدەنگی عەرەب لەنەخۆشییەك دەچێت ماکەکەی " کۆتا و بەرەو گرژبون دەچێت"[13].

بێدەنگی زمانێکی نارسیزمی (النرجسیە) ناوەکییە، بەردەوام هەوڵدەدا جهان بۆ خودڕامان (تأملات ذاتية) بچوك بکاتەوە، بۆیە بێدەنگی لەنیشتمانی عەرەبیدا بێدەنگییە لەدڵڕەقی.

لەکۆتاییدا ئەم کتێبە هەوڵدەدا شتێکی زۆرساکار بڵێت : سیاسەتی بێدەنگی بەرامبەر گەورەبونی دڵڕەقی لەنیشتمانی عەرەبیدا دڵڕەقییەکە زۆرجاران عەرەب لەدژی عەرەب پیادەی دەکات و بەشێوەیەکی سەرەکی بەرپرسیارە لەداروخانی ئەخلاقی عەرەبی کەئێستا وەك پەتایەك لەبەرزترین ئاستیدایە. سەرکردەی لەبابەت سەدام حوسەین لەگەڵ بێدەنگی ئەنتلجنسیای عەرەب لەبەرامبەر دڵڕەقی بەهێزتر دەبن، ئەوانەی خۆیان لەبێدەنگی دروست بون. روناکبیران خۆیان بێدەنگیان داهێنا.

بێدەنگی شێوازێکە لەقسەکردن و نوسین، لەسەروی ئەوەشەوە شێوازێکی بیرکردنەوەی ئەوتۆیە دڵڕەقی روپۆش و پەردەپۆش دەکات، بۆیە پێویستە دڵڕەقی خەمی سەرەکی ئەو کەسانە بێت کەنوسین و قسەکردن و بیرکردنەوەیان کردوە بەئەرکی خۆیان. شکاندنی دیواری بێدەنگی ئەرکی ئەخلاقی هەمو عەرەبێکە، بەتایبەتی روناکبیران، چونکە هیچ شتێکی دی، تەنانەت خەبات لەدژی ئیسرائیلیش ئەو گرنگییەی نیە. سەبارەت بەخۆشمان، ئێمەی ئەم بەشەی جهانمان خۆشدەوێت و ئاوێتەی بوین، کارێکی قورس و ناپەسەندە قسەی لەمجۆرە بکەین. بەڵام ئەوەش هەرگیز لەحەقیقەتی کەم ناکاتەوە.

هەوڵمنەداوە بەو پرسیارە ئاڵۆزەوە بگیرسێمەوە بەوەی چۆن بەم حاڵەتە ترسناکە گەیشتوین، چونکە ئەمجۆرە پرۆژانە پێویستی بەماوەیەکی باش هەیە و چەندین ساڵ دەخایەنێت، بەڵام تا ئەو کاتەش کوژراوەکانی جهانی عەرەبی کەڵەکە دەبن و بۆنی جەستەیان بێئەندازە هەراسانکار دەبێت، بۆیە لەلای خۆمەوە سەبارەت بەم پرسیارە چاوەروانی " لێکۆڵینەوەی زانستی" ناکەم، ئەم کتێبەش بەپلەی یەکەم مەسەلەی لێکۆڵینەوەی زانستی لەئەسۆ ناگرێت.

رەنگە ئێستا کەس نەتوانێت ئەو ماوە گونجاوە دوربکەوێتەوە و تەنها ئەوەندە بزانین کە ئەو رێبازەی کارەکانی لەسەر پیادەکراوە رێبازێکی هەڵە بوە. هەروەها ئەوەندەش بزانین هێشتا ئەو کلیلەی بەدەستمانەوەیە بێدەنگی پێ ئاوەژو دەکرێتەوە. هەنگاوی یەکەم بۆ ئەوەی لەزۆلکاو دەرچین، توندترین و گرانترین هەنگاوی ریشەکێش کردنە لەبەرئەوەی لەدەرونمان رەگی داکوتاوە، باڵادەستی ئەو کولتور و ئەخلاقەی ئەوانی دی گوناهبار دەکات هێشتا لەنێو ئێمەی عەرەب دا کارایە. ئەوەندەی من ئاگادارابم، ئەگەر ئەو دارەم بەپێچەوانەوە نوشتانبێتەوە، ئەوا بەئیمانێکی قوڵەوە پێم وایە تەنها ئەو نوشتانەوەیە مانای راستەقینە بەفرە رەهەندی و فرەیی بەهاوبەندی عەرەب دەبەخشێت.

هەنگاوی دوەم بریتیە لەوەی "دڵڕەقی بکەین بەسەرەتا" ئەم وتە نەستەقە ساکارە خەسڵەتێکی گەورەی لەفەرامۆشکردنی گوناح تیایە، ئیتر چ لەفۆرمی ئاینی ( پێشێلکردنی یاسا پیرۆزەکان ) بێت یا لەفۆرمی نوێ "سەرزەنشت کردنی مێژو". ئەو دو فۆرمە پەیوەندی ناوەکیان پێکەوە هەیە و لەرەگوریشەی تەسکی عەرەبی هاوچەرخ قوڵترە. مرۆڤ دەتوانێت

ئازاری جەستەیی بەکەسێکی لەخۆی لاوازتر بگەیەنێت. جودیس شاکلار ئەم ڕەفتارەی ڕونکردۆتەوە و بە "خراپەی گەورە" یشی ناوزەد کردوە.

ئەم ڕەفتارەش خۆی لەخۆیدا شایانی ئەو حوکمەیە، نەك لەبەر ئەوەی مانای نکۆڵیکردن لەبونی خوداوەند یا هەر پرەنسیپێکی دەگەیەنێت، بەڵکو حوکمیە لەجیهانێکدا دارێژراوە کە دڵڕەقی وەك بەشێك لەژیانی سروشتی تایبەتیو هەڵسوکەوتی گشتی ڕۆژانەمان تیایە ئەنجام دەدرێ، بۆیە پێویستە سەرەتا بەبێ مەرج بەهەموو کەس ڕەوا ببینرێ، نەك کەسێکی لەخۆمان گەورەتر لێمان ببورێتو لەکردەوە دڕندانەکانمان خۆش بێت، بەوەش مرۆڤ ڕێگە لەبەردەم هەر حوکمێکی یاسایی دی دادەخات جگە لەوەی پەیوەندی بەواقیعەوە هەیە. گەر بەتوندترین شێوە ڕقمان لەدڵرەقی بێتەوە، کارێکە بەتەواوەتی هاوئاهەنگە لەگەڵ دینداریدا (لەگەڵ هەمو ئایدیۆلۆجیەکانیشدا)، بەڵام بابەر لەوە بڵێین ئەوە حوکمێکی پوختی مرۆڤانەیە لەسەر ڕەفتاری مرۆڤدا" (14).

لەجهانی عەرەبیدا گۆڕانکاری باشتر ڕونادات ئەگەر نەوەیەکی نوێ لەگەنجانی عەرەب لەو دڵڕەقییە نابەجێیەی دەوروبەریان تورەو نارەزایی دەرنەبرن، بۆیە دەبێ تا ئەو ئاستە شۆرشگێر بن خۆیان لەهەمو ئاسەوارێکی شەرم رزگاربکەن و بەئاشکرا و بەخواستی دڵی خۆیان هەمو قسەیەك بکەن، و بێباك بن لەوەی خەڵکی گوێبیستی قسەکانیان دەبێت یا ڕەنگە هێندێك کەس بۆمەبەستێکی خراپ وشەکانیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بقۆزنەوە.

ڕۆژگارێکی ترسناك و شێواوە گەنجێك تیایە عەرەب بێت، چونکە عروبەیەکی گشتگیر وەك بیروباوەرێکی سیاسی ژیانی لەدەستداوە، وئێستا عروبە لەهەمو وەختێك زیاتر حاڵەتی هەلاهەلابون دەژی. لێکۆڵینەوەی زانستی ئامانجی ئەم کتێبە نەبوە، لەبەرئەوەی ئێمە تەنها خەوشەکانمان دەست نیشانکردوە و هەوڵێکیشە بۆ ئەوەی بەرێگەیەکی نوێ وەسفیان بکەین. ڕەنگە مێژو، توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی ڕۆژانێکی باشتر چاوەروانیان بکات، هەرچەندە من دڵنیام لەهاتنی، بەڵام ئاخۆ ئەو ڕۆژە کەی دێت؟

## پەراوێزەکان

1. سەمیر خەلیل "نوقوم بون لەکەنداوی درۆدا" دا، رۆژنامەی "ئەندیپێندنت" 25/ ئاب / 1990، ل 28.

2. بۆ ئەوەی لەفەرەج فۆدە تێبگەین، بڕوانە عادل دەروێش، رۆژنامەی "ئەندیپێندنت"، 10 / حوزەیرانی / 1992.

3ـ کتێبی "فێرگە یەهودی و ئێرانیەکان لەعراق" دا، (بەغدا، 1984). ئەم کتێبەی فازیل ئەلبەڕاك، لەبەشی یەکەمی کتێبی " کۆماری ترس" گفتوگۆی لەسەر کراوە.

4ـ لەسەرچاوە عراقییەکان لەبەغدا وەرگیراوە، پاشان رۆژنامەیەکی لەندەنی بەناوبانگ کەرێگەنادات سەرچاوەکان ئاماژەی پێبدەن، لەتشرینی یەکەم بلاویکردەوە.

5ـ وێنە ئێرانییەکە جۆرێکی باش و مایەی سەرسوڕمانە و لەژێرناوی"جمهوری وحش"، لەوەرگێرانی ئەحمەد تەدەیین (تاران 1992) بلاوبۆتەوە، هەروەها قەرزارباری هاوڕێ "سدیق هۆشەنگ شەهابی" . یم کەوێنەیەکی بۆ دەستەبەرکردم و چەند پەرەگرافێکیشی بۆ وەرگێرام. وەرگێر لەپێشەکێکەیدا خوێنەر لەسەر فرەیی زانیاریم لەسەر عراق ئاگادار دەکاتەوە، بەلام لەبەر بەرزی ئاستی هوشیاری خوێنەری ئێرانی بەپێویستی نەزانیوە قسە لەسەر بێئاگایم بکات لەسەر ئەو شتانەی پەیوەندی بەکۆماری ئیسلامی ئێرانەوە هەیە. بۆ نمونە هەرجارەی بەراوردێکم لەنێوان دڵڕەقی سەدام و دڵڕەقی خومەینی کردبێت لەکاتی شەڕی عراق - ئێران دا، ئەوا سەرەرای ئەوەی بیرۆکەکەی بەئەمانەت و وەك خۆی وەرگێڕاوە، ئنجا هاتوە لەپێش نوسینی هەرناوێکی خومەینی وشەی ئیمامی لەبەردەمی خستۆتە نێودوو کەوانەوە، بۆیە لێرەدا جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەخراپی باری وەرگێران بدرێ لەولاتە عەرەبیەکاندا بەبەراورد لەگەڵ ئەو بایەخەی بەوەرگێڕانە ئێرانەکە دراوە، هەروەها چۆنێتی بەرهەمهێنانی کتێبەکە زۆر بەرزترە لەچۆنێتی هەرسێ وێنە عەرەبیەکە.

6. بڕوانە وتارەکەی حەبیبی لەرۆژنامەی عەرەبی زوبان "ئەلقودس ئەلعەرەبی" کەلە لەندەن دەردەچێت، 20 / ئازار / 1991.

7. سەمیر خەلیل، "نیویۆرك تایمز"، 27 / ئازار / 1991.

8. بڕوانە بەشی شەشەم، "یادکردنەوەی دڵڕەقی"، پەراوێزی یەك.

9. وێستگەی بی. بی. سی، کۆمەڵێك فیلمی دیکۆمێنتی لەفیلمێکدا بەناونیشانی "ئێڤری‌مان"، لەدەرهێنانی گوین رۆبەرتس دەرهێناوە، بۆ یەکەمجار لە 12 / کانونی دوەم / 1992 لەبریتانیا نمایش کرا، هەروەها لەولاتە یەکگرتوەکانیش بەرنامەی "فرونت لاین"، لە 31 / ئازار / 1992 لەژێر ناوی " کێلگەی کوشتنەکانی سەدام حوسەین " نمایشی کردوە.

10. "ئەلقودس ئەلعەرەبی" بەشی یەکەم چۆن کتێبی " کۆماری ترس" بو بەئەفسانەی، لە 5 / شوبات / 1992 بلاوبۆتەوە، "ناونیشانی وتارەکەی لەئەسلەوە وەرگیراوە". بەشی دوەم "دۆزەخی زەین لەنائومێدییەوە سەرهەڵدەدا"، 6 / شوبات / 1992 بلاوبۆتەوە، بەلام حەدیدی سەبارەت بەناونیشانی وتارەکەی داندەنێت بەوەی لەرەخنەکردنی هەڵوێستی سیاسیمەوە وەریگرتوە کەلەئازاری / 1992 ئەسکەندەر کۆکبرن لەگۆڤاری "نیوستایتسمان ئەند سۆسێتی" لەسەری نوسیوە.

11ـ بروانە چاوپێکەوتنەکەی سەعید لەگەڵ "بەربەرا هارلۆ" بەناونیشانی "روناکبیران و جەنگ"، راپۆرتی میریب، ژمارە 171 (تەموز و ئابی / 1991)، ل 16و18.

12. خۆم بەقەرزارباری "لەتیف رەشید" دەزانم، لەبەرئەوەی یەکەم کەس بو لەسەر ئەنفال کۆپی فایلەکانی ئەمنی پێدام، لەگەڵ د. بەرهەم، چونکە ئەویش گەلێك بەڵگەنامەی دی پێدام کە بۆ پشتراستکردنەوەی بەسەرهاتەکەی تەیمور زۆر گرنگ بون، هەروەها زۆر سوپاسگوزاری شۆرش رەسوڵ، وەرگێڕی قسەکانی تەیمور دەکەم، ئەمە سەرباری ئەوەی شۆرش لیستێکی بەناوی 7558 کوردی ئەنفال کراو ئامادەکردبو. شۆرش لەپێش داگیرکردنی کوێت سەردانی عراقی کرد و خۆی روبەروی مەترسی گەورە کردەوە و بەشێوازێکی نهێنی دزەی بەو لیستە کرد و پێشکەشی رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی کرد. ئێستا شۆرش لە لەندەن جیگیر بوە و هەر خۆیشی بەسەرهاتەکەی بۆ رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی گێڕایەوە، بەلام بەسەرهاتەکەی نامۆ بو، تەنانەت ئەگەر ئاستی دڵڕەقی بەعسیش لەبەرچابگیرێت، بۆیە لەکانونی دوەمی / 1991 دا چاوپێکەوتنی لەگەڵ رێکخراوەکە نەکرد، چونکە هەستی دەکرد کەس باوەری پێناکات. وەك ئەوەی دزێوی تاوانەکە لەسەر ئەو کەسانە بکەوێتەوە کە زانینی ئەو شتانە دەکەن بەپیشەی خۆیان و باوەر بەماقولی روداوەکە دەهێنن. شۆرش بەرێکەوتنێکی نائاسایی بیریکەوتەوە ناوی تەیمور عەبدوڵلا، کەساڵی 1978 لەگوندی کوڵەجۆ لەدایك بوە، لەنێو لیستی خەڵکە بێسەروشوێنەکانی ئەنفالدا هاتوە. لەوەش زیاتر مەن تۆمارگەیەکی رەسمی "گوندە روخاوەکانم" هەیە و ناوی قەڵای کوڵەجۆی تیایە. تەیمور بەبێ ئەوەی پێی بزانێت قوربانی شتێکی گەورەتر بو، بەلام بەرێگەیەکی سەرسورهێنەر لەپرۆسە کۆمەڵ کوژەکەی ساڵی 1988 ـ ی حزبی بەعس رزگاری بو، ئەوە پرۆسەیەی ناوی "ئەنفال" ـ ی لێنرابو.

13. پریمۆ لیفی "خنکاو و رزگاربوەکان"، (نیویۆرك : ڤینتاج بۆکس، 1989)، ل 12.

**بەشی یەکەم**

1 ـ خەلیل

1. لەهاوینی 1991، لەلەندەن چاوپێکەوتنم لەگەڵ خەلیل سازکرد.

2. " سەنەدەی تەلەگراف "، 3 / ئازار / 1991، ل 17.

3. لەبەشی دوەمی بەسەرهاتی روداوەکان لەعراق یا هەروەك عراقیەکان پێی دەڵێن "راپەڕین"، لەشاری بەسرەی باشوری عراق دەستی پێکرد، ئەو رۆژەی شەڕی کەنداو کۆتایی پێهات، واتە 28 / شوبات / 1991.

4ـ سێ راپۆرتی گرنگ سەرچاوەی ئاماژەکردنەکانە : فایلی "ئۆتۆستڕادی دۆزەخ" یا ئەوەی گۆڤاری "نیو ستایتسمان" لە 21 / حوزەیران / 1991 بلاویکردۆتەوە، وتارێکی "جولی فلینت"، "سیمای راستەقینەی جەنگ"، رۆژنامەی "ئۆبزێرڤە"، 3 / ئازار / 1991، وتاری "مایکڵ کێلی"، "قەتلوعامی سەر رێگەیەکی لەبیرکراو"، رۆژنامەی " گاردیان"، 11 / نیسان / 1991.

5. کێلی " قەتلوعامی سەر رێگەیەکی لەبیرکراو ".

6. رۆبەرت فیسك "تۆقاندن و کاولکردن و ریسوایی شێوازی سەدام بون بۆ وێرانکرد"، رۆژنامەی "ئەندیپێندنت"، 2 / ئازار / 1991.

7. گاردیان، 2 / ئازار / 1991، وتاری " لاشە سوتاوەکان ئۆتۆستراد دادەپۆشن ".

8. رستەی " ماجیدەی عراقی " بۆ یەکەمجار لەشەڕی عراق ـ ئێران داهێنرا، ئەویش بۆ بەرز ڕاگرتنی ئەو ژنە عراقیانەی منالە گوێڕاڵەکانیان لەپێناوی عراق بەکوشت دەدا. عراقییەکی قۆشمەچی سەبارەت بەو کچە نەدارە عراقیانەی لەدوای شەڕی کەنداو بەپۆل بۆ عەمان دەچون و بەمەبەستی پارە کۆکردنەوە کاری لەشفرۆشیان دەکرد، دەڵێت : "ماجیدەیەکی عراقی بەدینارێکی ئوردونی". پاشان حکومەتی عراق بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە قانونێکی دەرکرد کە رێگەی نەدەدا هیچ ژنێك بەتەنها سەفەر بکات. لەکاتی شەڕی کەنداودا زۆرێك لەعەرەبەکان پێیان وابو شەرەفی عەرەب لەمەحەکدایە، بۆیە وەك پاساوێك بەکاریاندەهێنا بۆ ئەوەی پشتگیری لەرژێمی عراق بکەن. دەستەواژەی "ماجیدەی عراقی"، سەدام حوسەین لەنەزمی شەرەف و ریسوایی تەقلیدییەوە وەرگیراوە. لەبەشی نۆیەمدا لەژێرناونیشانی "دیمەنەکانی دلڕەقی و بێدەنگی" کردەوە دڕندانەکانی لەدژی ژنی عەرەب باسدەکەین.

9ـ رۆبەرت فیسك، هێندێك لەباشترین راپۆرتی رۆژنامەنوسی لەسەر ئەم بابەتە نوسیوە، بەدڵنیاییەوە هاوسۆزی لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانان نەبو. "چەند رۆژێك لەدوای رزگارکردنی کوێت، زۆرێك لەرۆژنامەنوسان، بەخۆشمەوە لەسەر رەفتاری شەڕئەنگێز و شەیتانیانەی دەستەڵاتی سەربازی عراق لەکوێت توشی شۆك بوین، چونکە تالان و شڕەخۆری و لەسێدارەدان و ئەشکەنجەدان لەچلەپۆپەدا بو. منالیان لەبەرچاوی کەسوکاری دەکوشت و درێڵ (بریمە) یان بۆ هەڵواسینی خەڵکی بەکاردەهێنا. ئەو کارانە سەرەتا لەپروپاگەندەی شەڕی نمونەیی دەچو. بۆیە باوەرم بەو شتانە نەدەکرد تا لاشەکانم لەکۆلەری تایبەت بەچاونەبینی کە دەست وقاچ و چاویان کونکرابو ". 21 / حوزەیران / 1991، گۆڤاری "نیو ستایتسمان ئەند سۆسێتی"، ل 27. هەروەها بڕوانە وتارێکی بەناوی "شتێکی دڕندە سەردانی کوێتی کرد"، رۆژنامەی "ئەندپێندن"، 28 / شوبات / 1991.

10. ئیسحاق بن نیر "تا تو ئۆن "، (تەلئەبیب : تساد هاتفیز)، ل 80 ـ 81، سوپاس و پێزانیم بۆ ئەمانۆیل و ئەلیزا فەرگون و میس خوری هەیە کەئەم بەسەرهاتەیان بۆ باسکردم و چەند برگەیەکیشیان لێی وەرگێڕا.

11. لەبەرواری 6 / شوبات / 1991، رۆژنامەی لۆمۆند وتارێکی مونسیف مەرزوقی بەناوی "رۆژئاوای چەواشەکار" بڵاوکردەوە.

12. کتێبی کیڤن دۆبرز، مافەکانی مرۆڤ لەرۆژهەڵاتی ناوەراستدا "دەنگە عەرەبیەکان"، (بیرکلی : چاپەمەنیەکانی زانکۆی کالیفۆرنیا، 1991) ل 166 ـ 167.

13. عەبدولرەحمان مونیف "چ جهانێك دەبێت؟ روناکبیرانی عەرەب و سیستمی نێودەوڵەتی نوێ"، " گەڕانەوەی کۆڵۆنیالیزم : لەداگیرکردنی کولتورییەوە بۆ شەڕی کەنداو"، بەپێنوسی کۆمەڵێك نوسەر نوسراوە (لەندەن، خانەی پەخشی ریاز ئەلرەیس، 1991) ل 40.

14ـــ لە ئەستۆنان بەتەنها عەرەب ناگرێتەوە. هێندێك تێکۆشەری نەیاری جەنگ لەولاتەیەگرتوەکاندا بەتەواوەتی لەم مەسەلەیە رۆچوبون. بۆنمونە بڕوانە کاریکاتۆری ئابروبەر لەگۆڤاری زێد (حوزەیران) 1991، ل 19، کوێتیەکی قەڵەو لەبەردەم بیرە نەوت بەشێوەیەکی قێزەون و رەفتار شەڕئەنگیز پاڵی بەئۆتۆمۆبیلە مێرسیدیسەکەی داوەتەوە (ژن و کچە پەچەکراوەکانیشی لەئۆتۆموبیلەکە بون)، کوردێکی ریوەڵەی سیما ناشیرینیش کە ژن و کچەکەی لەپشتەوەیە بەجلی کوردییەوە لەتەنیشتیەوە راوەستاوە. نیگارکێشەکە مەبەستی هەرچییەك بێت ئەوا وێنە کاریکاتۆرەکەی سوکایەتی بەکوێتی و کورد دەکات.

15. بگەڕێڕەوە بۆ نوسینەکەی نوسەری عراقی خالید قەشتینی لەکتێبی "گاڵتەجاری سیاسی لەکن عەرەب"، (لەندەن کۆرنت بۆکس، 1985) ل 59.

16. حازم ساغیە ـ یەی نوسەر و هاورێ قسەی لەسەر ئەم خاڵە کردوە : شیکردنەوەی ئەم دیاردەیە پێویستی بەهاوبەندییەکی سۆسیۆلۆجی هەیە، هاوبەندییەك گەشەکردنی خودکاری دڵڕەقی دەستنیشان بکات کە زۆرێك لەعەرەبەکان لەکاتی شەڕی کەنداودا بەرامبەر بەکوێتیەکان دەریاندەبڕی. هەجوکردن لەدەستەواژەکانی دیاردەی مێژوو ـ سۆسیۆلۆجیای "دەمارگیرییە"و لەکاتی قەیران یا لاوازییەکاندا بەشێوەیەکی ترسناك گەورە دەبێت. مێژونوسی گەورەی عەرەب ئیبن خەلدون لەشیکردنەوەی گەشەکردن و داروخانی ئیمپراتۆرێتی ئیسلامی لەسەدەی رابردو لێزانانە دەمارگیرێتی بەکارهێناوە. ساغیە لەنامەیەکی شەخسیدا ئەم سەرنجانەشی خستۆتەپاڵ ئەو بەڵگانەی لەم بەشەدا پێشکەشی کردوە : هەجوکردن بەشێوەیەکی بنەرەتی لەپێش موتەنەبیو تەنانەت لەپێش ئیسلامیشەوە هەبوە. هەجوکردن لەگەڵ گوزارشتکردنی دەمارگیری لەخۆی لەدایك بوە، ئنجا ئامانجی کۆکردنەوەی تەوژمێك بوە لەدوای لاوازبونی ئەو "یەکگرتنە"ی لەئیسلام کەوتەوە (شاعیرانی

ئەلفەرزدەق و ئەلئەختەل لەسەردەمی بەنی ئومییە دیاردەیەکی نمونەییە). لەمەش زیاتر پێم وایە دەمارگیری لەدژی کوێتیەکان دیاردەیەکی ئاڵۆزە و لەهەبونی جیاوازییەکی گەورە لەدەوڵەمەندی سەرچاوە دەگرێ کە بەهۆی پارەی پیترۆڵەوە دروست بوە، کەواتە دەمارگیری لەسایەی کولتورێکدا کەپێ لەسەر بنەچەو خێڵ دادەگرێ، چەند گروپێك دەکاتە دژی چەند گروپێکی دی. ج دەبێت ئەگەر ئیرەییش بخەینە پاڵ ئەم هاوکێشە تەڤێنراوە؟ ئەمرۆ هەجوکردن لەنیشتمانی عەرەبیدا لەم بۆگەنەوە دەپاڵێورێت.

17ـ ئەم هەڵسەنگاندنە بۆ قەبانییە، بڕوانە "سەلما خەزرا ئەلجەیوسی"، "ئاراستە و بزوتنەوەکانی شیعری نوێ"، (لیدن : أ. ج برێڵ 1977)، جلدی 2 ل 664.

18. نزار قەبانی "ئەبوجەهل فلیت ستریت دەکڕێت"، گۆڤاری مانگانەی لەندەنی " ئەلناقد"، ژمارە 10 / نیسان / 1989، ل 10.

19. قەسیدەی " بۆچی دەنوسم؟ "، لەکتێبی نزار قەبانی ئەو "قەسیدانەی رقی لێهەڵگیراوە"، (ئەلقودس : ئاژانسی ئەبوعەرەفە)، ل 14.

20ـ لەپێناوی نمونەیەکی دی، بڕوانە وتارێکی نزار قەبانی لە " ئەلحەیات "، 11/تەموز/1992، لەو بۆنەیە شاعیر ئاماژە بەگاڵتەجاری عەرەب دەکات لەسیستمی نوێی جهاندا. بەڵام ئەو وێنەیەی سەبارەت بەوەسفکردنی رەگەزپەرستی رۆژئاوا لەزەینی شاعیر زرنگەی دێت زۆر گرنگترە لەو هەمو شتانەی لەسەر خودی بابەتەکە دەیڵێت. ئەوەی عەرەب پێشبینی نەدەکرد لەدوای ئەوەی دارونەداریان بۆ شەڕی کەنداو خەرج کرد، ئەوە بو لەدواتەمەنیاندا ببن بەخەڵکی سیریلانکا.. رەنگە خەونیان بەئەمریکایی یا بریتانی یا فرەنسی یا سویدی یا دانیمارکی بونی خۆیانەوە بینیبێت، یا لەوپەری ناچاری بەقوبرسی بونەوە بینیبێت، کەچی لەجیاتی ئەوە جهانی یەکەم سورە لەسەر ئەوەی وەك خەڵکی سیریلانکا مامەڵەیان لەتەکدا بکات کەشاعیر زۆربەسوك و ریسوایان دەزانێ، لەبەرئەوەی "عەرز دەسڕنەوە"، "قاپوقاچاخ دەشۆن" و وەختی خۆیان بە بەخێوکردنی منداڵانەوە بەسەر دەبەن. شاعیر لەنیوەی وتارەکەیدا قسە لەسەربۆنی مرۆڤ دەکات کەچۆن بۆ نمونە لەوڵاتێکی وەك فرەنسا دەبێتە هۆی دەرکردن یا گرتن یا دادگاییکردنی. هەرچەندە قەبانی قەشمەری دەکات، بەڵام بۆ سەڵماندنی فیکرەکەی بەردەوام دەبێت و دەڵێت: لەکاتێکدا نیوەی ئوروپاییەکان لەژورێکدا لەگەڵ سەگەکانیان دەخەون ولەقاپێکدا نانیان لەگەڵ دەخۆن و لەسەر نوێنێك دەخەون، کەچی ئاینی ئیسلام لەسەر پاکی جەستە و روح بونیات نراوە. بەڵام نوسەری سعودی غازی ئەلقوسەیبی لە13 / تەموز / 1992 لە رۆژنامەی "ئەلحەیات" وتارێکی بەپێزی پڕ لەتوانجی سوکی لەسەر بڵاوکردۆتەوە.

21. بۆ نمونە بڕوانە وتارێکی بەپێزی لێکۆڵیاری رەشپێستی ئەمریکی "هێنری لویس گایتز"، "دیماگۆگیەتی رەش و زانا ساختەچیەکان"، نیویۆرك تایمز، 20 / تەموز / 1992.

22ـ نزار قەبانی " ئەلناقد "، ژمارە 33 (ئازار / 1991)، ل 6 ـ 7. وشەی نیـشتمانی قـەبانی بەزەحمەت ماناكانی بۆ زمانی ئینگلیزی دەگوێزرێتەوە. وشەی نیشتمان بەمانا كلاسیكییەكەی لەزمانی ئینگلیزی بە وشەی "هوم" دێت كەپەیوەستی بەیادەوەری خێزان و شوێنی لەدایك بونـەوە هەیـە. ئـەم مانایە لەسەدەی نۆزدەهەمـدا گـۆڕا بـەمانای "پـاتری" فرەنـسی یـا "فازولنـد" ئـەڵمانی یـا وڵات بـەمانا فراوانەكەی. بەڵام هەمیشە ئامـاژە بەوشـوێنە دەكـات كـە مـرۆڤ بەشـێوازێكی زۆر عاتیفانـە پەیوەسـتی پێوەی هەیە. رەنگە ئەو شوێنە سوریا یا میـسر بێـت یـا دەشـێت زۆربـەی جهـانی عـەرەبی "نیـشتمانی عـەرەبی" بێـت. بەناوەرۆكـدا بـەجوانی دیـارە قـەبانی مەبەسـتی ئـەم دوا تەفـسیرەیە (ئـەو نوسـەر و لێكۆڵەریانەی سەبارەت بەقەیرانی كەنداو لەبەشی دووەمـدا گفتوگـۆ لەسـەر بیرورایـان كـراوە، بۆهـەمان مەبەست بەكاریان هێناوە).

23ـ نزار قەبانی " ئەلناقد "، ژمارە 35 (ئایار / 1991)، ل 4 ـ 7.

24ـ " ئـەلفبا "، ژمـارە 814، 2 / ئایـار / 1984، لەهـەمان ژمارەشـدا نامەیـەكی زەلیلانـەی سوعاد ئەلـسەباح بڵاوبۆتـەوە. سـوعاد یەكێكـە لەبنەماڵـەی دەسـتەڵاتداری كوێـت و بـەرگری لەكێـشەی نەتەوایەتی چەپڕەوانە (پێشكەوتوخواز) دەكات. عەبدئـەلوەهاب ئەلبـەیاتی شـاعیرێكی عراقیـە و وەك نزار قەبانی و رۆجێ گارودی، نوسـەری فرەنـسی چـەپڕەو و شـارەزا لـەكاروباری رۆژهـەڵاتی ناوەراسـت، ئەهەلی قەڵەمە.

25ـ لەتـشرینی یەكـەم / 1992، لەوڵاتەیـەكگرتوەكان چـاوپێكەوتنم لەگـەڵ حـەنان (نـاوێكی خوازراوە) كرد.

**2 ـ ئەبو حەیدەر**

1. خەلیل دەفتەری یادەوەرییەكانی ئەو ئەفسەرەی پێدام، بەڵام لەبەر هۆی بـەجێ نـاتوانم نـاوی ئاشـكرا بكـەم. لێـرەدا ئـەوەی گـرنگ بێـت ئامـاژە بەنوسـێنێكی وەزیـری نـاوخۆ دەدەم كـە 2 / ئـاب / 1990 دا كۆبونەوەیەكی تایبەتی لەگـەڵ ئەفـسەرانی ئەمنـدا كـردوە لـەپێش ئـەوەی رەوانـەی كوێـت بكرێن : " دەرۆن بۆ كوێت، ئەویش پاریزگایەكە وەك هەر پارێزگایەكی دی عـراق ". بەوشـەیەكی دی، حزبی بەعس بەدرێژایی مـاوەی داگیركـردن دەیویـست كوێـت بەعراقـەوە بلكێنێـت. ئـەوەش بریـارێكی سەرپێی نەبو. سەدام لەدوای پەرەسەندنی قەیرانی كوێتدا بڕیاری لەسەر دابێت. سەبارەت بەسیاسەتی بەعس لەراگواستنی عەرەبی زۆلكاوەكان بـۆ ئۆردوگـای نیـشتەجێ كـردن لەراگواسـتنی هـەزاران كـوردی سـاڵانی هەشـتاكان دەچـو، بڕوانـە وتارەكـەی پاتریـك كـۆكبرن، "تـەوژم لـەدژی عـەرەبی زۆلكاوەكـان دەگۆڕێت"، رۆژنامەی "ئەندیپێندنت"، 7 / ئایار / 1992.

2. كتێبی " لەمەنزڵگەی جەنگ " ی جۆن سیمبسون، (لەندەن : ئارۆبۆكس، 1991)، ل357.

www.dengekan.com

3ـ حەبیب (ناوێکی خوازراوە)، لەهاوینی 1991، لەرێگەی هاوکارێکمەوە کەنایەوێت ناوی بنوسرێت لەئوروپا چاوپێکەوتنم لەگەڵ سازکرد. لەدوای بینینی و لەسەر رۆشنایی قسەکانی چاوپێکەوتنەکەم نوسیەوە.

4ـ لەکرۆنۆلۆجیای راپەرینەوە وەرگیراوە کە دەزگای خوێنی لەلەندەن داینەوە. بەپێی ئەو کرۆنۆلۆجیایە روداوەکانی گۆرەپانی سەعد لەکاتژمێری 30و4 پاش نیوەرۆی 28/ شوبات دەستی پێکرد (واتە پێش راگەیاندنی ئاگربەسی شەڕی کەنداو بەشێوەیەکی رەسمی)، بەلام بەپێی دەنگوباسەکانی دی، سەرلەبەیانی ئازار / 1991 دەستی پێکردوە.

5. راپۆرتی پاتریك بیشوب، رۆژنامەی " دەیلی تەلەگراف "، 2 / ئازار / 1991.

6. خۆم بەقەرزاری زوهیر حەمادی دەزانم کە بەکازم ئەلرەیسان ـ ی ناساندم. لە18 / حوزەیران / 1992 لەڤییەنا چاوپێکەوتنم لەگەڵ سازکرد.

7. راگواستنی شیعەکانی عراق بۆ ئێران لەساڵی 1971 ـ ەوە دەستی پێکرد، ئەوانەی یەکەمجار راگوێزران کەسانێك بون تائەو کاتەش پاسپۆرتی ئێرانیان هەبو، هەرچەندە باو و باپیرانیان لەدایك بوی عراق بون و لەژێرچەتری ئیمپراتۆرێتی عوسمانی کاروگوزەرانیان بەسەر دەبرد. لەهەڵمەتی یەکەمدا بەدەیان هەزار کەس (رەنگە لە 980 هەزار کەس تێپەربکات) راگوێزران، و زۆربەشیان کوردی فەیلی (کوردی شیعە) بون.هەڵمەتی دوەم ناوچەکانی دەوروبەری بەغدای گرتەوە : قەنبەر عەلی، قەشلە، باب ئەلشێخ، قەهوەت شەکر، ئەلخەلانی و عەقد ئەلئەکراد. ئنجا هێدی هێدی هەڵمەتەکانی راگواستن کەمبووە و رەنگە بەتەواوەتیش راگیرابێت. لە 6 / نیسان / 1980 لەناکاو سەرلەنوێ راگواستن دەستی پێکردەوە، بەلام ئەمجارەیان لەسەر ئاستێکی زۆر بەرزتر دەستی پێکردەوە. رۆژانە 5 ـ 6 هەزار کەسیان بەلۆری لەسەر سنورەکانی ئێران بەرەڵلادەکرد. لەو شەپۆلی راگواستنەدا ئەو کەسانەش بەرکەوتن کەرەگەزنامەی عیراقیان هەبو، بەبیانوی ئەوەی بەرەچەڵەك ئێرانی بون. بەمشێوەیە بەسەدان هەزار کەس لەساڵانی هەشتاکان راگوێزران (ژمارەی راگوێزراوەکان خۆی لە 200 ـ 400 هەزار کەس دەدا). سەرەتا حکومەتی ئێران ئاماری لەسەر راگوێزراوەکان بلاودەکردەوە، بەلام پاش ماوەیەك ئەو کارەی راگرت. ئەو ژمارەیەی حکومەتی ئێران بەرەسمی بلاویکردۆتەوە دەگاتە 165 هەزار کەس و بەهەزارانی تریش لەپێش گرتنیان رایانکرد. ژمارەی ئەو کەسانەی رەگەزنامەی عراقیان هەیە و نیشانەی بەرەچەڵەك ئێرانی لەسەرە بەملیونێك کەس دەخەملێنرێ. خۆم بەقەرزاری "زیا کاشی" دەزانم کەوردەکاری هەڵمەتی راگواستنەکەی بۆ باسکردم، بەلام بەدبەختانە بەشێوەیەکی زانستی و تەنانەت لەسەر ئاستی خوارئاساییش لەبەردەستدا نیە.

8ـ ئەنفال ناوێکی موجەفەری پرۆسەیەکی حکومەتی عراقە کەلەساڵی 1988 لەدژی گوندنشینە کوردەکانی کوردستانی عراق ئەنجامیدا. روداو و بەسەرهاتی ئەو هەڵمەتە لەبەشی پێنجەمدا "تەیمور" بەتەواوەتی باسکراوە.

9. فاتیمە (ناوێکی خوازراوە)، لەهاوینی 1991 لە لەندەن چاوم پێی کەوت.

10. لەرێگەی غانم جەوادەوە چاوپێکەوتنم لەگەڵ ئەبوحەیدەر سازد، چونکە هەوڵ و کۆششێکی زۆری دا زانیاریم لەسەر راپەڕین بۆ کۆبکاتەوە، بۆیە ئەگەر بڕوا و متمانەی غانم نەبوایە نەمدەتوانی ئەم بەشە بنوسم. لەهاوینی 1991 دا چاوپێکەوتنم لەگەڵ ئەبوحەیدەر سازکرد.

11. لەو دروشمە گشتیانەی دی لەسەرچاوەی جیاوازەوە دەستم کەوت : "اللە أكبر"، "یاحسین" بو، هەروەها ئەو دروشمانەی لەسەر دیوارەکان نوسرابون بریتی بو لە : "لازعیم الاالحکیم"، (محەمەد باقر ئەلحەکیم، رێبەری باڵای ئەنجومەنی ئیسلامییە و لەئێران دادەنشێت)، "ثورة اسلامية، لاشرقية و لاغربيـة". لـەکاتی راپەڕینـدا زۆرجـاران سـەدامیان بـە "الطاغيـة" نـاوزەد دەکـرد. الطاغيـة، دەستەواژەیەکی قورئانیە و لەدوای ئەوەی خومەینی لەکاتی شۆڕشی ئێران لـەدژی شـا بـەکاریهێنا، بـوە زاراوەیەکی میللی.

12ـ حکومـەتی عـراق یەکـەکانی سـوپا و حزبـی بـۆ ڤوتابخانـەکان گواسـتبووە، چـونکە لەلایـەن هێزەکـانی هاوپەیمانانـەوە بۆردومـان نـەدەکران، بۆیـە ئـەو ڤوتابخانەیـەی شـاری نەجـەف جێگـەی پێکـدادانێکی تونـد بـو. ئـەو بەسـەرهات و گەواهیانـە پـەیڤینێکی تۆمـارکراوی پێـنج کاتـژمێری شۆرشگێرەکانی شاری نەجەف بو، کەلەئێرانەوە روداوەکانی راپەڕینیان دەگێڕایەوە. لەدوای روداوەکانی راپەرین بەماوەیەکی کورت ئەم پەیڤینـە بەمەبەسـتی بەبەڵگەکردنی تۆمـارکراوە. شـیعەیەکی عراقـی کەنایەوێت ناوی بهێنرێـت سێ کاسێتی ئەسڵی پێدام، بۆیـە لێـرە بـەدواوە لـەجیاتی ئـەو سەرچـاوەیە دەستەواژەی " کاسێتە ئێرانیەکان بەکاردەهێنم.

13. لەکاسێتە ئێرانیەکانەوە وەرگیراوە.

14. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر عەزیز عەلی بڕوانە بەشی (1)، " پێناسەی بێدەنگی ".

15. رەزا فەحام، شاعیرێکی میللی دییە و لەشـاری نەجـەف دەسـتگیر کـرا و حـوکمی بەسـەرا درا، بەڵام نازانم چارەنوسی بەکوێ گەیشت. کاسێتە ئێرانیەکان.

16. بڕوانە وتارە نایابەکـەی : "راپۆرتـەکان پـەردە لەسـەر راپـەرینی شـیعەکانی عـراق لادەبـات. رۆژنامەی "وڵ ستریت جورناڵ"، 31 / کانونی یەکەم / 1991.

17ـ " تۆبـە کـردن " یـەکێك بـو لـەو دەسـتەواژانەی راپـەریوەکان بەکاریانـدەهێنا. یـەکێك لەراپـەریوەکان دەڵێـت : "لەبـەرێز ... هـەر کەسـێك چـەکەکەی تەسـلیم بکـات و تۆبـەبکات، نابێـت بکوژرێت. بەمشێوەیە خەڵکی گوروژمیان دەهێنـا. خـودا بەسـەرەوە شـاهید بێـت، ئەفسـەرێکی پلەیـەك یەکێك بـو لـەو کەسـانەی کـە ژن و کورەکـەی و ئـامۆزاکی بەعـسی هێنایـان، چـەکەکەی تەسـلیم کـرد و پەیمانیدا لەگەڵ راپەرین بێت. بەدڵنیاییـەوە ئـەو کەسـە بەکەڤالـەتی خـەڵکانی دی مایـەوە". کاسـێتە ئێرانیەکان. ئەمەش فەرهەنگی بەعس بو لەسەر تـاوان و سـزادان تابـچوکترین وردەکـاری، وەك ئـەوەی

لەســەرەوە باســکراوە، بەمەبەســتی ســەلامەتی رەفتــاری قوربانییەکــە کەفالــەت لــەباقی ئەنــدامانی خێزانەکانی دی وەردەگیرێت.

18. ئەم بەسەرهاتە و گەلێکی دی لەکاسێتەئێرانیەکەدا هەیە.

19. فاتیمە (ناوێکی خوازراوە). بڕوانە پەراوێزی ژمارە ـ 9 ـ

20. لەکاسێتە ئێرانیەکەوە.

21. لەهاوینی 1991 چاوپێکەوتنم لەگەڵ ئـەم بـەرێزەی نەجـەف کـردوە، ولـەکاتی راپـەریـندا رۆڵـی ســەرکردایەتی وازیــدەکرد. یەکــسەر لــەدوای تۆمــارکردنی دەستنوســی چــاوپێکەوتنەکە ئــەم مەنەلۆجەم رێکخستوە.

22ـ ریــژیم بەشــێوەیەکی بــەربلاو دیــاردەی تفکــردن لەجەســتە یــا تفکــردن لــەو خەڵکانــەی لەسـەرپەتی سێدارەبون لەبەغدا پیـادە دەکـرد. ئـەم دیاردەیـە لـە کـانونی دوەم / 1969ەوە دەسـتی پێکرد کاتێك 17 عراقیان بەئاشکرا لەسێدارەدا ـ 13 کەسـیان یـەهودی عراقـی بـون ـ دواتـریش 42 بازرگانیان لە 25 / تەموز / 1992 لەسێدارەدا و بەعسیەکان خەڵکیان ناچاردەکرد تفیـان لێبکـەن. تۆنی هۆرڤیتز، دانەری کتێبی "بەغدای بێنەخشە"، لەهاوینی / 1991 چاوپێکەوتنی لەگەڵ حەمیـد (نــاوێکی خــوازراوە) ســازکردوە، بۆیــە قــەرزارباری ئــەو پیــاوەم کەرێگــەی پێــدام دەستنوســی چاوپێکەوتنەکەی بەکاربهێنم. حەمید دەڵێت هێندێك کەس رۆژنامەیـەکی بـچوکیان بەقـەوارەی 3 تـا 4 لاپـەرەیی دەردەکـرد کـەدوا هەواڵـەکانی راپـەرین و چـەند ئایـەتیکی قورئـانی لـەخۆی گرتبـو. زیـاد لەسەرچاوەیەکەوە دەنگوباسی ئەو رۆژنامەیەم بیستوە، بەڵام بەدبەختانە هیچ ژمارەیەکم لێیان دەست نەکەوت.

23. فەتواکە لەبەرواری 18 / شەعبان / 1411 ـ ی کۆچی دەرچوە، واتە 5/ئازار/1991 ی زاینی.

24. لەکاسێتە ئێرانیەکانەوە.

25. حەبیب بەزاراوەیەکی عامی عراقی دەنگی سەدام بە "ماکل قازوق" وەسفدەکات.

26. ئاماژەیە بۆ محەمەد باقر ئەلحەکیم، سـەرۆکی سیاسـی ئەنجومـەنی بـاڵای ئیـسلامی لـەعراق کەلـەتاران دادەنیـشێت. ئەنجومــەن لەســاڵی 1982 دامــەزراوە، نێوەندەکـەی بـەردەوام لـەتاران بـوە، ولەکاتی راپەرین دا رۆڵی گرنگی وازیکردوە. ئەم رێکخراوە کۆماری ئیسلامی ئێران بەبنکـەی "شۆرشـی ئیسلامی جهان" دادەنێت و ماوەیەکیش چەتری چەندین رێکخراوی ئیـسلامی بـو، بـەڵام لـەم سـاڵانەی دواییەدا تەنها پەیوەندی بەئەلحەکیمەوە هەبو. بڕوانە جویس. ن. وایلی "بزوتنەوی ئیسلامی شیعەی عراق". (لەندەن : بلاوکراوەکانی لین راینەر، 1992)، ل 60.

27ـ لـەهاوینی 1991 تـۆنی هـۆرڤیتز چـاوپێکەوتنی لەگـەڵ حەمیـد (نـاوێکی خـوازراوە) سازکردوە. بڕوانە پەراوێزی ژمارە 22.

28ـ ئەم چاوپێکەوتنەم لەئاب / 1991 دا لەگەڵ سەرکردەیەکی گەورەی بەری کوردستانی سازکردوە، بەڵام پێی باش بو ناوی نەهێنرێت.

29ـ هادی (ناوێکی خوازراوە) گەنجێکی تێکۆشەری کوردە و بەشداری لەرووداوەکان کردوە. بەسەرهات و رووداوەکانی بۆ نەبەز کەمال باسکردوە کەلە ئەیلولی / 1991 لەڤییەنا بۆ ئەم کتێبە چاوپێکەوتنی لەگەڵ کردوە. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئۆردوگا زۆرەملییەکان بڕوانە بەشی پێنجەم "تەیمور".

30ـ یاداشتنامەکە لەکاتێکدا ئامادەکراوە کە کۆپتەرەکان وەرەقەیان فڕێ دەدایە خوارەوە و هەڕەشەی کیمیابارانی لە شارەکانی باشور دەکرد. زۆرێك لەپەنابەرانی باشور ئەو وەرەقانەیان دیوە، ویەکێکیشیان لەشاری دهۆك دەستی بەسەرا گیراوە کەئاراستەی شارەکانی نەجەف، کەربەلا، بەسرە، عیمارە و ناسریە کراوە. بەندی (7) لەبەڵگەنامەکە بریتیە لەو زانیارییە گشتیانەی ئاراستەی هەمو ئەمنی عراق کراوە و پەیوەندی بە "بەشی هونەری"یەوە هەیە"بەپێی رێنماییەکان و بەسەرپەرشتی ئەفسەری بەش، شێوازی هونەری بەکاردەهێنرێ". ئەم دەستەواژە روتوشکراوە مانای بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەدژی خۆپێشاندەرە مەدەنییەکان دەگەیەنێت. هەمو گەواهینامەکان لەبەڵگەنامەکانی لای من هەیە.

31ـ نەبەز کەمال لەئەیلەلی 1991 لەڤییەنا چاوپێکەوتنی لەگەڵ سەروەر کردوە.

32ـ مجاهیدنی خەلق لەهەنگاوێکی پروپاگەندەی ئاوارتەدا کاسێتێکی ڤیدیوی باش تۆمارنەکراویان ناردوە بۆ ئەندامانی کۆنگریسی ئەمریکا، بەپێی ئەو کاسێتە پاسدارانی ئێران بەجلی کوردییەوە پەلاماری شارەکانی باکوریان داوە بەسلیمانیشەوە. مجاهیدین لەکاسێتەکەدا بانگەشەی بەرپەرچدانەوەی هێرشی ئێرانیەکان دەکەن و وێنەی ئەو کوردە عراقیانەشیان گرتوە کەبۆ بەرگری کردن لەریژیمی عراق بەدەستی مجاهیدین کوژراون. سەبارەت بەم رووداوە و سەرچاوەکانی راپەڕین لەباکوری عراقدا بڕوانە ئەو راپۆرتانەی پیتەر گالبرایت لەژێر ناوی "شەڕی ناوخۆی عراق"، لەئایاری / 1991 پێشکەشی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی کۆنگرێسی ئەمریکای کردوە.

33ـ لەئایاری / 1991 "نیل کۆنان لە"ناشیونال پابلیك رادی" چاوپێکەوتنی لەگەڵ موستەشارە کوردەکە سازکردوە. زۆر سوپاسی دەکەم بەوەی کاسێتە تۆمار کراوەکەی خستە بەردەستم، منیش لەپێناوی پاراستنی ژیانی قسەکەرەکان ناوەکانم لابردوە.

34ـ هەنا (ناوێکی خوازراوە) ژنێکی گەنجی عەرەبی بەغدایە و لەگەڵ مێردە کوردەکەی لەسلیمانی دەژیا. کەمال نەبەز لەهاوینی / 1991 لەیەکێك لەئۆردوگاکانی ئوروپا بۆ ئەم کتێبە چاوپێکەوتنی لەگەڵدا سازکردوە. شەوانە لەبەغدا وێنەی سەدام دەشێوێنرا. یەکێك لەخەڵکی ئەلئەعزەمییە پێی وتم ؛ بەیانیەکیان لەخەوهەستام کونێکی بچوکم لەدەمی سەدام بینی

کەبەشێوەیەکی سەرنج راکێش پێڵاوێکی لیهاتبوە دەرەوە (ئەوەش شێوازێکی بینابیە ـ بصری - لەسەر وتەکەی "صدام ماکل قازوق"، بڕوانە پەراوێزی 25).

35ـ وشەکانی مەسعود بارزانی ـ م لەدەستنوسی فیملی "خەونێك خیانەتی لێکرا" وەرگرتوە، ئەم فیملە لەدەرهێنانی " گوین رۆبەرتس" ـ ە و لەنیسانی / 1991 بۆ یەکەمجار لەکەناڵی چواری بریتانیا نمایش کرا.

36ـ هادی (ناوێکی خوازراوە)، تێکۆشەرێکی لاوی کوردە و نیشتەجێی ئۆردوگای خەباتە، ئەم روداوەی بەچاوی خۆی دیوە. نەبەز کەمال لەئەیلولی / 1991 لەڤییەنا، بۆ ئەم کتێبە چاوپێکەوتنی لەگەڵدا کردوە. جیرالدین برۆکس لەکاتی سەردانەکەی بۆ باکوری عراق بەسەرهاتێکی لەوجۆرەیان بۆ گێڕاوەتەوە : جەلادێکم بینی گرتیان، خانەخوێکەم چرپاندی بەگوێمدا، بردیان بۆ سەرجادەکە، خەڵکی لەدەوری کۆبونەوە، کاتێك درم بەحەشاماتەکەدا و لێی نزیك بومەوە، خەریك بو گوێیان دەبری، خانەخوێکەم لێیان پاڕایەوە وازی لێبهێنن، پیاوێکی توڕەی چەقۆ بەدەست ئاوڕی لێدایەوە و پێی وت : "ئایا منالێکت بێسەروشوێن کراوە؟ نا. کەواتە بێدنگ بە". رۆژنامەی "وڵ ستریت جورناڵ". 20 / نیسان / 1992.

37ـ باسل (ناوێکی خوازراوە) و خەڵکی شاری بەغدایە، ئەم نامەیەی بۆ عومەری (ناوێکی خوازراوە) برای نوسیوە کەئێستا لەئەمریکا دادەنیشێت. باسل و خێزانەکەی لەترسی بۆردومانی هاوپەیمانان بۆ سلیمانی رایانکرد، لەوێش لەپێش ئەوەی جارێکی دی لەترسی گاردی کۆماری رابکات، ئەو دیمەنانەی دیوە کەلەنامەکەیدا باسیکردوە و نامەکەیشی لەئێرانەوە رەوانە کردوە. لەدوای تێپەربونی ماوەیەکی کورت بەسەر ئەو روداوانەی باسل لەنامەکەیدا باسیکردبو، فیلمێکم لەسەر بینای ئەمنی گشتی (ئەمنەسورەکە) بینی و لاشەکان هێشتا لەشوێنی خۆیان مابونەوە. برادەرێکی کورد کە دەرفەتی بینینی ئەو فیلمەی بۆ رەخساندم، دەڵێت : ئەو کەسانەی لە 48 کاتژمێری شەڕدا لەو بینایە کوژران لە 700 کەس زیاتر بوە. باسل لەئاکامی روداوە ترسناکەکانی سلیمانی ئەزمونێکی دۆزەخی دی ژیاوە کاتێك دەیویست خێزانەکەی بەسەلامەتی لەتوڕەیی گاردی کۆماری رزگار بکات. بەسەرهاتی عومەری برای باسل لەبەندی دوەمی ئەم کتێبەدا باس کراوە.

38ـ بڕوانە سیمیسون، "لەمەنزگەی جەنگەوە"، ل 359، چاوپێکەوتنەکانم لەگەڵ هاوڵاتیانی ئاسایی بەسرە حیکایەتەکەی سیمیسون پشتراست دەکاتەوە.

39ـ بەوشەیەکی دی، خودی هەڵگەڕانەوە (الردە) لەگوتاری ئیسلامی سیاسی هاوچەرخدا لەزەینی بەعسیشدا خیانەتە. بەڵام خیانەتە لەدژی عروبە و وەلائی رەهاش بۆ حزبی بەعسە کەنوێنەری شەرعی پەخشکردنی عروبەیە. میشیل عەفلەق لەنوسینەکانی ساڵانی چلەکانیدا بەشێوەیەکی ئاشکرا ئەو پەیوەندییەی لەگەڵ ئیسلام دروستکردوە. ئەمەش جەخت لەسەر پێویستی

بیرکردنەوەیەکی نوێی لیبراڵ دەکاتەوە لەنێو بیریارانی ئیسلامدا بەمەبەستی "راڤەکردنەوە" یا چاوخشاندنەوە بەم گوتارەدا.

40ـ لەدوای ئەوەی ئوم حوسەین عراقی بەجێهێشت لە لەندەن ئەم چاوپێکەوتنەم لەگەڵ سازکرد. ئوم حوسەین لەسەردەمی شەڕدا لەناسریە و بەسرە بوە، و بەدیدێکی نیگەتیڤانە لەراپەڕین دەڕوانێت، هەرچەندە لەدوای کۆنترۆڵکردنەوەی شار لەلایەن گاردی کۆمارییەوە ئازارێکی زۆریشی چێشتوە.

41. کەنعان مەکیە ئەم چاوپێکەوتنەی ئوم حوسەینی بەسرەنشین تۆمار کردوە.

42. نەبەز کەمال لەهاوینی 1991، لەکامپی پەنابەرانی عراقی لەئوروپا ئەم چاوپێکەوتنەی بۆ ئەم کتێبە لەگەڵ سامان سازکردوە.

43ـ لەکاتی راپەریندا نزیکەی 9 مۆزەخانە لەباکور و باشور تالانکرا و سوتێنرا، ونزیکەی 400 ئاسەواریش دیارنەما. بەشێك لەمۆزەخانەی بەغدا بۆ کەرکوك گوێزرایەوە تاجێگەی ئەو توحفە نایابە ئیسلامیانە بێتەوە کە حکومەتی عراق لەکوێت دزیبوی. مایەی گاڵتەجارییە لەکاتێکدا توحفە ئیسلامیەکان بۆ خاوەنە شەرعیەکانیان دەگەڕایەوە (لەتشرینی یەکەمی / 1991)، کۆمەڵێك توحفەی عراقی لەکاتی راپەڕینی کوردەکان لەکەرکوك تالانکرا. دواتر هێندێك لەو ئاسەوارانە لەسندوقێکدا لەقەراخی جادە دۆزرایەوە. بەلام باقییەکەی دی کەوتە بازاری هونەری جهانییەوە، ئەویش لەرێگەی دەڵالە ئێرانیەکانەوە بۆ هەوادارانی ئاسەوار و بەریوەبەرانی مۆزەخانەکانی لەندەن و نیویۆرك نمایش دەکرا. بڕوانە وتارەکەی زانای ئاسەواری عراق "سەلما ئەلرازی" لەگۆڤاری "نەیشن"، 11 / ئایار / 1992. ل 624 ـ 625.

44. حوسەینیەکان شوێنێکی خاکی شیعەکانە و بۆ نوێژکردن و کۆبونەوە بەکاردێت، زۆرجاران خێرخوازە دەوڵەمەندەکان دروستیدەکەن.

45. چاوپێکەوتنەکەی فاتیمەی (ناوێکی خوازراوە) سەماوەنشین لەسەر کاسێت تۆمار کراوە، کەنعان مەکییە سازیکردوە.

46ـ ئیمام مونتەزر، وەك هەمو ئیمامەکانی دی لەرەچەڵەکی پێغمبەرە، بڕوانە وتارەکەی بێرنارد لویس "شیعە"، "نیویۆرك ریڤیو ئۆف بۆکس "، 15 / ئاب / 1985.

47ـ شۆرشگێرێکی نەجەفی سەرچاوەی ئەم بەسەرهاتە نائاساییە و لەکاسێتە ئێرانیەکانەوە وەرگیراوە.

48. ئاماژە بەگەشتێکی نیمچە رەسمی دەکەم، لەژێر ناوی "سەدام حوسەین : پیاو، مەسەلە و دوارۆژ"، (لەندەن : سەنتەری جهانی سێیەم، 1981)، فواد مەتەر، رۆژنامەنوسی لوبنانی و دانەرو پسپۆر لەکاروباری رۆژهەلاتی ناوەراستدا.

49ــ گــەواهی نامەیــەکی دوولاپــەڕەیی دەستنوســی بێئیمزایــە و لــەئێران نوســراوە، ڕەنگــە بەدەســتوخەتی فەرمانبــەرێکی ئەنجومــەنی بــاڵای ئیــسلامی نوســرابێت. مــن قــەرزارباری حەیــدەر مەحمودی ـ م کەئەم گەواهی نامەیە و چەند مادەیەکی دی لەئێرانەوە بۆ ئەم کتێبە دەستەبەر کرد.

50ـ بڕوانە ڕاپۆرتی لیزسیرگود، " گاردیان"، 23 / تەموز / 1991.

51ـ بڕوانە جولی فلێنت لەڕۆژنامـەی "ئۆبزێرڤـەر"، 10 / ئـازار / 1991، ل 14، ڕاپـۆرتی "ئەندیپێندنت"، 17 / ئازار / 1991، ل 16، هەروەها بڕوانە هەواڵە جهانیەکانی بی. بی. سی، 4 / نیسان / 1991، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

52ــ نــاوی ئــەو خێزانــە نەجەفیانــەی بــەبۆمبی بالیــستی کــوژراون لــە " کوشــتنی بەکۆمــەڵ لەراپەرینی ئازاری / 1991 و ڕوداوەکانی دواتری عـراق" وەرگیراوە. (لەنـدەن، ڕێکخـراوی مافـەکانی مـرۆڤ لـەعراق / 1991)، ل 10. لێـرە بـەدواوە بـە " کوشـتنی بەکۆمـەڵ " ئامـاژە بـەم سەرچـاوەیە دەدەیـن . لەگوتەکـەی سـەدام حوسـەین وەرگیـراوە لـە 2 / نیـسان / 1990 دەربـارەی چـەکە نهێنیـە تازەکانی عراق، هەروەها بڕوانە بەشی 8، "خورافاتی نوێی ناسیونالیزم".

53ـ دەنگی عراقی شۆڕشگێڕ، 1967، جی. ئێم. تی، 26 / ئازار / 1991، ڕاپۆرتی بـی. بـی. سی. بڕوانە پوختەی وێستگە جهانیەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، 28 / ئازار/ 1991.

54ـ "ئێـشوئازاری ناکۆتـا : ڕاپـەڕینی 1991 عـراق و ڕوداوەکـانی دواتـر"، (نیویـۆرك : میـدڵ ئیست ۆوچ)، ل 52، (لێرە بەدواوە بە"ئێشوئازاری ناکۆتا") ئاماژەی پێدەدەین.

55ــ لـەئاکامی پێـداگرتنی حکومـەتی عـراق تـەرمی ئایـەتوڵلا خـوئی لەشـەبەقی ڕۆژی دواتـر بـەخاك سـپێردرا و تـەنها ڕێگەبـە (6) کـەس درا ئامـادەی ڕێـورەسمی ناشـتنەکەی بـن. ڕێگـەش نـەدرا پرسەی بۆ دابنرێت. کورتەی ژیان و نوسراوەکانی لەلایەن دوکەسەوەنوسـراوە، مـایکڵ ۆود لـە (حـوار)، دەقی پەیامە خەبەرییەکەش لیژنـەی کاروبـاری گـشتی موسڵمانە شیعەکان بڵاویکردۆتـەوە (ئـەیلول / 1992)، ل 8، و شبلی ئەلەلات لە (ئەندپێندنت)، 10 / ئاب / 1992.

56ـ " کوشتنی بەکۆمەڵ "، ل 5.

57ـ بۆب درۆگین، " ئەلعراق : سەدام حوسەین سەربازەکانی خەڵات دەکات بەرامبەر بەکوشتنی منالّ ـ شیعەکان : ئەگینا ڕوبەڕوی سزادان دەبنەوە"، ڕۆژنامەی گاردیان، 29 / ئازار/1990.

58ـ " ئێـشوئازاری ناکۆتـا "، ل 51، هـەروەها بڕوانـە "ڕوداوەکـانی ئـازاری / 1991 لـەدەمی شاهیدەکانەوە"، نێوەندی بەڵگەنامەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ لەعراق بڵاویکردۆتـەوە، تـاران، 1991، ل 17 (لێـرە بـەدواوە بـەڕوداوەکانی ئـازار ئامـاژەی پێـدەدرێ). ئـەم بەڵگەنامـە دانـسقەیە عراقیـەکان لەرۆژگارێکی سەخت دەریانکردوە، لەدوای ڕاپەڕین بەماوەیەکی کورت لەدەمی زۆرێك لەشاهیدەکانەوە وەرگیراوە. خۆم بەقەرزارباری حەیدەر حەمودی دەزانم کەئەم بەڵگەنامەیەی بۆ دەستەبەر کردم.

59ـ کوشتنی بەکۆمەڵ. ل 11.

60. بڕوانە " روداوەکانی ئازار "، ل 15، بەمەبەستی زانینی روداوەکانی سەررێگەی هیندییە. هەمان بەڵگەنامە نمونە لەسەر بۆردومانکردنی خێزانە راکردوەکانی عیمارە پێشکەش دەکات، ل 21 ـ 22. هەروەها بڕوانە "ئێشوئازاری ناکۆتا"، ل 51، درۆگین : "ئەلعراق : سەدام حوسەین" و "کوشتنی بەکۆمەڵ"، ل 16 و 18.

61. درۆگین، " ئەلعراق : سەدام حوسەین ".

62. لەدوای ماوەیەکی کورت لەگەیشتنی ئوم حوسەین بۆ لەندەن، کەنعان مەکییە چاوپێکەوتنی لەتەك سازکردوە.

63. بڕوانە " ئێشوئازاری ناکۆتا "، ل 71، جولی فلێنت، "ئەلعراق : سەدام شەڕ لەدژی شیعە رادەگەیەنێت و زۆرێك لەکوردەکانیش لەچیاکانەوە دادەبزن"، رۆژنامەی "ئۆبزێرڤەر"، 28 / نیسان / 1991، و " کوشتنی بەکۆمەڵ "، ل 6. ناوی (12) نەخۆشخانەی پەلاماردراوی باشوری عێراق بەوشێوازەی لەبڕگەی پێشەکی "روداوەکانی ئازار" وەسفکراوە، ل 67 ـ 68.

64. " کوشتنی بەکۆمەڵ "، ل 7.

65ـ بڕوانە " کوشتنی بەکۆمەڵ " ل 6، 9، 11، شێوازی کوشتن بەهۆی بلۆکەوە، بڕوانە "روداوەکانی ئازار" ل 42، هەروەها بڕوانەراپۆرتی : زیندە بەچاڵکردنی خەڵکی، شێلانیان بەزرییپۆش، خستنەخوارەوەیان بەکۆپتەر و فرۆکە، ل 16 ـ 17.

66. نورا بوستانی" ئاسەواری مردن لەعراقدا "، " واشنتن پۆست "، 26 / ئازار / 1991.

67. " کوشتنی بەکۆمەڵ " ل 21 و 23.

68. " روداوەکانی ئازار "، ل 23.

69ـ راپۆرتی رۆیتەر لە 8 / نیسان / 1991، کرونۆلۆجیای شۆرش کە دەزگای خوئی لەلەندەن رێکیخستوە.

70. " ئێشوئازاری ناکۆتا "، ل 52.

71. سیمبسۆن " لەمەنزلگەی جەنگەوە "، ل 6.

72ـ بڕوانە رۆژنامەی " گاردیان "، رۆژی شەممە، 9 / ئازار / 1991، ل 7. راپۆرتی کیم فلێچەر، رۆژنامەی "سەندای تەلەگراف"، 24 / ئازار / 1991، ل 19. فلینت، رۆژنامەی "ئۆبزێرڤەر"، 28 / نیسان / 1991.

73. لیستێکی لاوەکی هەیە بەناوی ئەو پیاوە ئاینیانەی لەبنەماڵەی بەحر ئەلعلوم کوژراون یا بێسەروشوێن کراون، لیستەکە لەم بەرێزانە پێکهاتوە : ئەلسەید عەلائەدین، ئەلسەید عەلی ئەلسەید، ئەلسەید مستەفا ئەلسەید، ئەلسەید ئەمین ئەلسەید، ئەلسەید محەمەد حوسەین ئەلسەید موسا، ئەلسەید محەمەد سەفا موسا، ئەلسەید محەمەد ئیبراهیم ئەلشیرازی، ئەلسەید باقر (کوڕێتی)، ئەلسەید

عەمار ئەلسەید عەبود و ئەلسەید جەعفەر بەحر ئەلعلوم. بڕوانە " کوشتنی بەکۆمەڵ " ل 23، "روداوەکانی ئازار" ل 51 ـ 56، فلینت، "ئۆبزێرڤەر"، 28 / نیسان / 1991.

74ـ حیکایەتی وێرانکردنی مادی لە " روداوەکانی ئازار "، ل 4 ـ 46، بەتێروتەسەلی ئاماژە دەکات بەروخاندنی 10 مزگەوت و حوسەینیە و 11 کتێبخانە و حەوزەی ئاینی شاری نەجەف و خاپورکردنی 117 مزگەوت و حوسەینییەو حەوزە و شوێنی ئاینی شاری کەربەلا. لەلاپەرە 57 ـ 63 ناو وشوێنەکانیان بەوردی دیاریکراوە. هەروەها رێکخراوی مافەکانی مرۆڤ لەعراق کەبارگاکەی لەلەندنە، لیستێکی بەناوی مزگەوتە روخاوەکان پێشکەشە کردم. بڕوانە لیز سەرگود : "ئەلعراق: سەرۆك سەدام حوسەین هەڵمەت لەدژی شوێنە پیرۆزەکانی شیعە دەست پێدەکات"، رۆژنامەی گاردیان، 23 / تەموز / 1991، کاسی ئیڤانز دەربارەی هەڵدانەوەی گۆڕەکانی کەربەلا، "أنشوطات معلقة في النسيم في مقام الشيعة المقدس". رۆژنامەی "ئۆبزێرڤەر"، 26/ئایار/1991.

75ـ " کوشتنی بەکۆمەڵ "، ل 19.

76ـ لیز سەرگود دەڵێت : حکومەتی عراق لەهاوینی 1991، دەیویست دیواری مەرقەدی ئیمام عەلی بەپەرژینی زنجیردار بگۆڕێت، بۆ ئەوەی بەئاسانی کۆنترۆڵ بکرێت و نەبێت بەقەڵایەکی تۆکمە. رۆژنامەی گاردیان، 23 / تەموز / 1991.

77ــ لەقسەکەر و کورەزای ئایەتوڵلا خوویی وەرگیراوە. و پاتریك کۆکبرن لەوتاری "گەنجینەدزراوەکانی ئیسلام" باسیکردوە، رۆژنامەی "ئەندیپیندنت"، 10 / کانونی دوەم / 1992، ل 12، هەروەها بڕوانە پاتریك کۆبرن " گەنجینە کۆنەکانی عراق لەبەلای شەڕێکی دزێودا"، ئەندیپیندنت، 15 / تەموز / 1991، ل 17.

78ـ ئەم زنجیرەیە لە 3 / نیسان / 1991 دەستی پێکرد، چوار وتاری یەکەمیانم دەسکەوت. ئەم گەواهینامانەم لەو وتارانەوە هەڵهێنجاوە.

79ـ بۆ نمونە بڕوانە شبلی تەلەحمی "لەدەرەوەی شەڕی ناوخۆی عراقدا بمێننەوە"، "نیویۆرك تایمز"، 5 / نیسان / 1991، ل 25. تەلەحمی مامۆستای پەیوەندی نێو دەوڵەتی و سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەراستە لەزانکۆی کۆرنێڵ و وەك راوێژکاری شاندی دیبلۆماتیکی ئەمریکی لەنەتەوە یەکگرتوەکان کاریدەکرد لەکاتی قەیرانی کەنداودا. هەروەکو خۆی دانیپیاناوە لەکاتی قەیرانی کەنداودا هەڵویستی مەبدەئی نەبوە. لە 2 / نیسان / 1991 تید کوپل لە ئەی. بی. سی. نیوز نایتلاین گفتوگۆیەکی لەتەکدا سازکردوە، لەوێدا تەلەحمی دەڵێت : "بەرگری لەئیدارەی ئەمریکا ناکەم. بەڵام پێم وایە، بۆ نمونە پێویستە لەسەر ئەمریکا لەدژی لایەنی سێیەمی کێشەکە، روداوەکانی ناو کوێت رابگرێت". بەوشەیەکی دی، تەدەخولکردنی ئەمریکا لەدژی کوێت بەمەبەستی دەستیاری فەلەستینیەکان کارێکی بەجێ و پێویستە. بەڵام تەدەخولکردنی بۆ رێگەگرتن لەسەدام حوسەین لەکوشتنی دەیان هەزار مەدەنی عراقی کارێکی بەجێ و پێویست نیە.

80. بڕگەکان لەتێکرای دەستنوسی وتەکەی کۆنگرەی لەندەن وەرگیراوە کە(هاوبەندی ئەهلی بەیت) لە 20 / تشرینی یەکەم / 1991، رێکیخستبو. هاوبەندی ئەهلی بەیت رێکخراوێکی ئیسلامی جهانیە و بارەگاکەی لە لەندەنە.

**3 ـ عومەر**

1. ئیستخباراتی سەربازی عراق (16) هۆبەی هەبو، هەریەکەیان لەجۆرێك تاوان بەرپرس بو. هۆبەی 16 لەهەمو هۆبەکانی دی نهێنی تر بو. دەستەلاتی گرتنی بەرزترین بەرپرسی حکومەتی هەبو. لەوەدەچێت ئەو هۆبەیە لەگرتنی عومەر بەرپرسیار بوبێت.

2. هێندێك بڕگەی نامەکەی باسل، لەبەشی دوەمدا (ئەبوحەیدەر) هاتوە.

3ـ چۆن ئەبوحەیدەر ناوێکی شیعییە، عومەریش نوێکی سونییە، بۆیە هەڵبژاردنی ناوەکان بەقەدەر راستی بەسەرهاتەکەی عومەر و ئەبوحەیدەر بەمەبەست بوە.

4ـ هێزی دەریایی عراق لەپێش 1958 دا بریتی بو لە گەشتی کەشتی سەربازی و نێوەندەکەیشی لەناوچەی زۆلکاوەکانی باشوری عراق بو. چاودێری کردنی خێڵە شیعەکان و کۆنترۆڵکردنیان ئەرکی سەرەکییان بو. ئەوەش هەمو هێزی دەریایی مەملەکەتی عراق بو.

5. لەکاتی شەڕی کەنداودا یەکەکانی هێزی تایبەتی (کۆماندۆ) سوپای عراق دەورییەی تیمەکانی ئیعدامکردنیان دەردەکرد، بۆ ئەوەی ترس لەدڵی سەربازەکانی بەرەی پێشەوە جەنگ بچێنن و نەوێرن رابکەن. بەقسەی سەربازە گیراوەکان، سەربازانی تیمەکانی ئیعدام ئەندامی حزبی بەعس بون. سەربازەکان ناوی خۆیان دەگۆڕی بۆ ئەوەی نەناسرێنەوە، بۆ نمونە ئەگەر سەربازێك ناوی محەمەد بوایە پێیان دەوت حوسەین. هەست و بەزەییان نەبو. وتاری رۆبەرت فیسك، "دەستبەسەری لەنێوان بۆمب و تیمەکانی ئیعدام" دا، رۆژنامەی "ئەندیپێندنت"، 1 / ئازار / 1991.

6ـ گەرەکی " ئەلسەورە " بەرەسمی پێی دەوترێ مەدینەی سەدام، مەڵبەندێکی شیعەنشینی هەژاری شاری بەغدایە و لەسالآنی پەنجا و شەستەکاندا بەهۆی کۆچکردنی گوندنشینەکان و شارەکانی باشورەوە دروست بوە. بەتێکۆشانی سیاسی ناوی دەرکردوە. ئێستا بەلایەنی کەمەوە نزیکەی ملیونێك کەسی تیادەژیت.

7. عەرەق خواردنەوەیەکی ئەلکهولی عراقییە و لەخۆرما دروستدەکرێت. عومەرو برادەرەکەی هەر ئێوارەیەکی زوو بوتڵێکیان فڕ کرد.

8. سۆندە یا کێبڵ ناوێکی عراقیە بۆ ئەو چەکە نمونەییەی پاسەوانەکان لەزیندانەکەی عومەر بەکاریاندەهێنا. کێبڵ تەلێکی کارەباییە و بەمادەیەکی پلاستیکی رەش داپۆشراوە، نیوەتیرەکەی نزیك

ئینجێك دەبێت و درێژییەکەی نزیکەی پێیەك دەبێت. زاراوەی عامی لەزیندانداا ئەم دەستەواژەیەی بە "مات جوا الکیبلات" گۆڕیوە.

**4-مستەفا**

1. لەکاتی پەلامارە هەشت مانگییەکەی ساڵی 1988 دا کەبەئەنفال ناوی دەرکردوە، هێرش کرایە سەرگۆپتەپە. ئامانجی پەلامارەکە لەنێوبردنی ژیانی دێهاتییەکان بو لەناوچەیەکی بەرفراواندا کە حکومەت بە "ناوچەی قەدەغەکراو" پۆلینی کردبو. پرۆسەی ئەنفال بەچوار قۆناغ لەچوارناوچەی جیاواز ئەنجامدرا. بەپێی بەلاغی حکومەتی عراق گۆپتەپە لەئەنفالی دوو هێرشی کرایەسەر.

2. دەقی چاوپێکەوتنەکە لەکۆتایی بەشی ژمارە (5)دا تۆمارکراوە.

3ـ هەروەك عەرەب پێی دەڵێت رێبازی نەقشبەندی. لەتاجیکستان، ئاسیای ناوەراست سەریهەڵداوە، ئنجا لەهیندستان، ئێران و کوردستان بڵاوبۆتەوە. بەڵام لەکوردستانی عراق لەسەر دەستی مەولانا خالیدی نەقشبەندی پێشوازییەکی زۆری لێکراوە. (مەولانا خالید لەساڵی 1779 لەگوندی قەرەداخ لەدایك بوە. قەرەداخ چەند میلێك لەباشوری سلێمانییەوە دورە).

4. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر یەکێك لەو موستەشارە کوردانە لەراپەرینی ئازاردا، بڕوانە بەشی دوەم.

5. لەتشرینی دوەم / 1991 سەردانی قەڵای دهۆك و قورەتوم کرد. لەسەرەتای بەشی پێنجەمدا باسی قەڵای قورەتو کراوە.

ئەم چاوپێکەوتنە لەباکوری عراق سازکراوە. بڕوانە بەشی دوەم، پەراوێزی ژمارە 32.

**5 ـ تەیمور**

1. بڕوانە پێشەکی و پەراوێزی ژمارە 21، ل 330، چۆن بەتەیمورم زانی.

2. کورد بەرەچەڵەك هیند ـ ئوروپییە و زۆربەیان موسڵمانی سوننە مەزهەبن، ئێستا ژمارەیان لە 20 ملیون زیاترە. بەشێوەیەکی تایبەت لەو زنجیرە چیایە بڵاوبونەتەوە کە دەوری باشوری رۆژهەڵاتی تورکیا، باکوری رۆژئاوای ئێران، باکوری رۆژهەڵاتی سوریاو ئازربایجان و باکوری رۆژهەڵاتی عراقیان داوە. زمان و دابونەریتی کورد لەگەڵ تورك و فارس و عەرەب جیاوازی هەیە، ئەوانەی دەستەڵاتیان لەوڵاتانەدا هەیە کە کورد بەزۆری لەناوسنورەکەیان دەژیت. کورد لەعراقدا گەورەترین کەمایەتی ناعەرەبە و نزیکەی 15 ـ 20 کۆی دانیشتوانی پێکدەهێنێ.

3. لەگەڵ داروخانی ئیمپراتۆرێتی عوسمانی لەکۆتایی یەکەم جەنگی جهاندا، بەپێی پەیماننامەی سیڤەر لە1920 بەڵێنی "پرۆژەی خود موختاری" لەباکوری عراق بەکورد درا. بەڵام ئەو برگەیەی پەیماننامەکە بەتەواوەتی لەپەیماننامەی لۆزان لابرا کەساڵی 1923 سنوری تورکیا و سوریا و عراقی

دیاریکرد. لەو کاتەوە خێڵە کوردە چەکدارەکان شۆڕشێکی کراوەیان لەدژی حکومەتی پاشایەتی سەر بە بریتانیا هەڵایساندوە. حکومەتی عراق چاوی لەخاکی بەپیت و بیرەنەوتە گەورەکانی کورد بڕیبو، بۆیە ئامادە نەبو ڕێگە بەکورد بدات لەباکوری عراق ناسنامەی کوردییان هەبێت. بریتانیا لە کانونی یەکەم / 1925 کۆمەڵەی نەتەوەکانی قاییل کرد کە رایبگەیەنێت هەرگیز بواری دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی نیە.بەغداش لەلای خۆیەوە راگەیاندنێکی لەو بابەتەی دەکرد. لەساڵی 1924 حکومەتی ئینتداب زۆر دڕندانە شۆڕشی کوردی سەرکوتکرد.

4. لەدوای چاپێکەوتنەکەی شۆڕش رەسول لەگەڵ ئەیاد رەحیم لە لەندەن دەیگێڕێتەوە، شوبات / 1992.

5. یەکەمجار حزبی بەعس لەکۆتایی شوباتی / 1988 وشەی ئەنفالی لەبەلاغێکی سەربازی رەسمی بەکارهێنا و تیایە ئاماژە بە "ئەنفالی یەك" دەکات. بەپێی بەلاغێکی سەربازی رەسمی ژمارە 3109 لە 2 / نیسان / 1988 کە رادیوی بەغدا پەخشی کرد، ئەنفالی دوو کەسێك بەناوی لیوا ئەیاد خەلیل زەکی فەرماندەیی دەکرد. رادیۆکە باسی لەخائینانی ناوچەی قەرەداخ دەکرد کەزۆر بەباشی میراز کراون. بەدرێژایی هاوین رادیوی عراق بەئاشکرا زاقوزیقی لەسەر ئەو پەلامارانە دەکرد، تا لەدوا ئەنفالدا کار گەیشتە چلەپۆپە. دوا ئەنفال بەشێوەیەکی جیدی لەئاب / 1988 دەستی پێکرد.

6ـ وشەی ئەنفال لەزمانی فارسی دا بەمانای غەنیمەت بەکاردەهێنرێ، بەڵام ئەم وشەیە گەشەیسەندوەو ئێستا بەمانای "بەخشی" یش دێت. وشەی ئەنفال بەروکەش بەدوو مانای دژبەیەکی هەیە. ئەمەش بەشێوەیەك لەشێوەکان بۆ سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە، غەنیمەت شەرعییەتی پێدراوە و وەك دزی نیە، چونکە دیاری خودا بو بۆ سەرکەوتوەکان و گشت ئومەتی ئیسلام لەشەڕی بەدردا کە تیایە موسڵمانەکان دەسکەوتیان هەبو ... سەرباری ئەوەش لەفەرهەنگی نوێی دوای دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی لەساڵی 1979، وشەی ئەنفال ماڵومولکی گشتیش دەگرێتەوە. بەوپەڕی سادەیی وشەی ئەنفال لەغەنیمەتەوە بۆ دیاری بۆ ماڵومولکی گۆڕاوە. ئەمرۆ کاتێك پیاوانی ئاینی لەئێران وشەی ئەنفال بەکاردەهێنن مەبەستیان زەوی، دارستان، روبار و چیاکانە. هەمان شتیش بۆ نمونە لەعراق بۆ وشەی سەنتەری پۆست بەکاردەهێنرێ.

7. جیم مویەر ـ ی رۆژنامەنوس بەسەرهاتی لەو چەشنەی لەسەر ئەو ژن و منداڵانە نوسیوە کە "بەهەراجی ئاشکرا بەدەوڵەمەندەکانی سعودی و کوێتیەکان فرۆشراون"، ئەو بەسەرهاتانەشی لەباکوری عراق بیستبو. پاشان سەربازە کوردەکان کەسوکارە فرۆشراوەکانی خۆیان ناسیوەتەوە کەلەوێ بەمێرد درابون. بڕوانە وتارەکەی بەناوی : "ئەودیوی راکردنە ترسناکەکەی کورد"، لەگۆڤاری "زی کریستیان سیانس مونیتۆر"، 18 / نیسان / 1991، ل 1. ئەوەی بۆم رونبۆتەوە، مویەر یەکەم

رۆژنامەنوسە، پێی وابوە ئەنفالەکان ناوی جیفرەی هەڵمەتێکی گەورەی لەناوبردن بوە کە حکومەتی عراق ئەنجامی داوە.

8. کاسێتێکی تۆمارکراوی سەدامم لایە قسە بۆفەرماندە سەربازییەکانی دەکات، ئەم بڕگەیەم لەو کاسێتەوە وەرگرتوە. بەشێکی سەرەکی دەقی قسەکانی لە رۆژنامەی "ئەلحەیات"ی عەرەبی لەلەندەن بڵاوبۆتەوە.

9. بڕوانە بەشی (8)، " خورافاتی نوێی ناسیونالیزم ".

10. لەلێکۆڵینەوەیەکی نایاب و فرەلایەنەی مارتین ڤان بروینسین وەرگیراوە : "کورد لەنێوان ئێران و عراق" دا، "میدڵ ئیست ریپۆرت"، تەموز ـ ئاب / 1986 ، ل 27.

11. سەرچاوە کوردییەکان باس لەو رێنمایی و رێوشوێنە رەسمیانە دەکەن کە لەنوسینگەی عەلی حەسەن مەجید، بەرپرسی رێکخستنی باکور دەرچووە و ئاماژە بۆ لەناوبردنی ژیان دەکات لەو ناوچانەی لەبەر هۆی ئیداری یا ئەمنی بەناوچەی قەدەغەکراو پۆلین کراوە. بەشێوەیەکی دیاریکراوتر پێیان وتم : بەپێی رێنماییەکان دەبێ: "هەمو خەڵکی ئەو ناوچانە بکوژرێن". رێنماییەکان ـ ئاراستەی هەمو لقەکانی حزب، دەزگاکانی ئەمنی ناوچە جیاوازەکان، ئیستخباراتی سەربازی، لەشکرەکانی سوپای یەکەم (نێوەندەکەی لەکەرکوك بو) و لەشکرەکانی سوپای پێنجەم (لەهەولێر) کراوە ـ ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش سیاسەتی پرۆسەی ئەنفالی دیاریکردوە، دەبوایە لەدوای ماوەیەکی کورت لە 29 / ئازار / 1987 دەست پێبکات. بەهەرحاڵ وێنەیەکی ئەم بریارە رەسمییەم چنگ نەکەوت.

12ـ لەتشرینی دوەم / 1991، گوین رۆبەرتس، بەئامادەبونی خۆم لەهەولێر چاوپێکەوتنی لەگەڵ د. جەعفەر سازکرد. د. جەعفەر لەدوای کیمیابارانی شێخ وەسان بەماوەیەکی کورت لەسوپای عراق هەڵهات و گەیشتە لەندەن.

13ـ بڕوانە راپۆرتی ئالن کویل "عراقیەکان لەناوخۆدا روبەروی شەڕێکی گەورە دەبنەوە". نیویۆرك تایمز، 22 / ئەیلول / 1987، ل6. لەناونیشانی وتارەکەوە دیارە دیدێکی رۆژئاوایانەی پێوەدیارە، ئەویش دیدێکی تاك لایەنە، و دۆستە عراقییەکانیان پێشکەشیان کردون (لەرۆژگارێکی نزیك دا)، بەوەی عێراق بەرپەرچی بەرگری پێشمەرگە کوردەکان دەداتەوە. بەبۆچونی من بەڵگەنامەکان ئاماژە بەو شتانە ناکەن، چونکە خەڵکە کوژراوەکان خەڵکانێکی بێوەی بون. هەروەها بڕوانە وتارەکەی باتریك تایلەر "پارتیزانەکانی کورد مەترسییەکی گەورە لەسەر عراق دروستدەکەن"، رۆژنامەی "واشنتن پۆست"، 19 / شوبات / 1988، ل 15. ئاماژە بەپێشێلکارییە بەرفراوانەکانی مافی مرۆڤ دەکات، لەگەڵ "تەختکردنی سەدان گوند و بەزۆر نیشتەجێ کردنی هەزاران کورد".

14ـ ئەیاد رەحیم لەشوباتی / 1992، لەلەندەن چاوپێکەوتنی لەگەڵ جەمال (ناوێکی خوازراوە) سازکردوە.

15. لەدوای ئەم چاوپێکەوتنە، بەدرێژایی زستانی / 1992، چەندین چاوپێکەوتنی دی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ماڤی مرۆڤ، توێژەرەوەی تایبەتی نەتەوە یەکگرتوەکان (ماکس ڤان دیر ستول) و زۆرێك لەرۆژنامەنوسان سازکرا. لەوەدەچێت تەیمور مەبەستی پێکابێت. هەروەکو ئاشکرایە، لەو دەمەوە، ئەو مێرد منالە بەبێ پاسەوانی پێشمەرگە وێلکراوە بۆ ئەوەی خۆی و خزمەکەی بژێنێت. بەلایەنی کەمەوە رۆژنامەنوسێك تێبینی ئەو شتەی کردوە کە بۆ هەڵبژاردنەکانی پارلەمان گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان، و بێهودە هەوڵیداوە ئەو مێرد منالە ببینێ و لەچارەنوسی ئاگادار بێت.

16. گوین رۆبەرتس، وینەی هەمو چاوپێکەوتنەکەی گرتوە، پێکەوە سەفەرمان کرد، چەند دیمەنێکی فیلمەکە لە بی. بی. سی "ئیڤریمان" لەناونیشانی "ڕێگەی دۆزەخ" پێشکەش کرا.

### 6 ـ یادکرنەوەی دلڕەقی

1. بڕوانە " بۆچی لەلدا چەڤیوین "، بەپێنوسی " کریستۆڤەر هیجنز "، گۆڤاری هارپرز ، ژمارە 282، رەنوسی 1688، (کانونی دوەم / 1991). هەروەها بڕوانە راپۆرتێکی تایبەت بەناونیشانی "عـراق گـەیت : چـۆن ئیدارەی بوش لەکرینی چەك دەستیاری سەدامی کردوە، بۆچی باجدەرە ئەمریکییەکان کەوتنە داوی باجدانەکەیەوە؟". "یو. ئیس. نیوز ئەند وورڵد ریپۆرت"، 18 / ئایار / 1992.

2ـ کینیس رۆس، یاریدەدەری بەریوەبەری ڕێکخراوی "میدڵ ئیست وۆچ" لەنامەیەکیدا بۆ نیویۆرك تایمز ئەم پرسیارەی کردوە، 13 / تەموز / 1992، ل 14 أ.

3. بڕوانە پوختەی جێبەجێ کردن، "تەندروستی و خزمەتگوزارە کۆمەڵایەتێکانی عراق لە دوای قـەیرانی کەنداو : هەڵسەنگاندن لەڤولایدا"، لێکۆڵینەوەی تیمێکی توێژینەوەی جهانی (کامبردج)، تشرینی یەکەم / 1991. ل 3.

4ـ سەرچاوەی پێشو 4 ـ 5، 12 ـ 13، لەدوای چەند مانگێك لەبلاوکردنەوەی ئەم راپۆرتە بارودۆخی باشوری وڵات خراپتر بو، سەرەرای ئەوەی بارودۆخ لەناوەراستی وڵات باشتر ببو، چونکە پارچەی یەدەکیان بۆ وزەی کارەبا پەیدا کرد بو، بەلام لەودەمەوە باکور ناوچەیەکی ئازاد بو، بەسەر پارمەتیە دەرەکییەکان کرابووە.

5ـ گۆڤاری " نیوزویك "، 20 / کانونی دوەم / 1992، ژمارەی کوژراوە مەدەنییەکان کە بەبۆردومانی ئاسمانی گیانیان لەدەست داوە بە2500 ـ 3000 کەس دەخەملێنێ. حکومەتی عراق هەتا 11 / شوبات / 1991 ژمارەی کوژراوەکان بە650 کەس و برینـدارەکانی بە 750 کەس لەقەلەم داوە. هەر لەو رۆژەدا وەزیری داد ژمارەکەی بۆ هەزاران کوژراوی مەدەنی بەرز کردۆتەوە. بڕوانە "نیویۆرك تایمز"، 12 / شوبات / 1991، هەڵسەنگاندنە بەراییەکان باس لە 5000 ـ

15000 کوژراو دەکات. بڕوانە "زی بریتیش میدیکاڵ جورناڵ"، 1991، ژمارە 303، ل 303 ـ 306.

6ـ گۆڤاری " یو. ئیس. نیوز ئەند ورڵد ریپۆرت "، ژمارە 20 / کانونی دوەم / 1992، ئەو رۆژەی شەڕ دەستی پێکرد، دەنوسێت : "عێراق نزیکەی 300 هەزار سەربازی رەوانەی کوێت کرد، ئەوەش نیوەی ژمارەکەی جەنەراڵ شوارزکۆفە کەبە 632 هەزار سەربازی لەقەڵەم داوە، و لەخەملاندنەکەی پنتاگۆنیش کەمترە کەبە 540 هەزار سەربازی خەملاندوە. بەهەمان شێوەش، رەنگە ژمارەی بەرکەوتوەکانی عراق زۆر لە 100 هەزار کەمتر بێت کە ئاژانسی هەواڵگری وەزارەتی بەرگری هەڵیسەنگاندوە. رەنگە بەدرێژایی 43 رۆژ نزیکەی 8 هەزار سەربازی عراقی لەکوێت کوژرا بێت".

7ـ دیپۆنت لەدوای بڵاوکردنەوەی هەڵسەنگاندنەکانی دەرکرا. ئەو هێرشە راگەیاندنەی لەدوای هەڵسەنگاندنەکەوە دەستی پێکرد، فەرمانبەرانی ناچار کرد ژمارەی تازە دەربکەن. ژمارە تازەکە بەلای ئەو پاساوەدا لاسەنگ بو کەدەڵێت ژمارەی راستەقینەی بەرکەوتوەکان لەدوای تەواوبونی شەڕ بوە نەك لەکاتی شەڕدا. لەدوای ئەوەش "یەکێتی ئازادییە مەدەنییەکان" کەوتە خۆی، سەرەرای ئەوەی دیپۆنت ـ یان لە نیسانی 1991 گێرایەوە بۆ سەرکارەکەی، کەچی یەکێتی یەکسەر نوسینگەی ئاماری رەسمی ئەمریکای تاوانبارکرد بەوەی هەوڵیداوە "بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان دوابخات و لەخەڵکی بشارێتەوە، بۆ ئەوەی ئیدارەی ئێستای ئەمریکا توشی شڵەژان بکات". بڕوانە "واشنتن پۆست"، 6 / ئازار / 1992، ل 6 أ، "بۆستون گلۆپ"، 14 / نیسان / 1991.

8ـ " جورناڵ ئۆف ئەمریکیان میدیسین "، جڵدی 266، ژمارەی پێنج، 7 / ئاب / 1991، ل 639 هەروەها بڕوانە "بریتیش میدیکاڵ ریپۆرت"، 1991، ژمارە 303، ل 303 ـ 306.

9ـ مۆرای کمبتۆن، "نیویۆرك نیوزدەی"، 3 / ئازار / 1991. هەروەها بڕوانە راپۆرتی سەرۆکایەتی نەتەوە یەکگرتوە لەنیویۆرك، یونیسیف، ئەرکێکی تایبەت لەعراقدا، شوبات / 1991.

10ـ لە 26 / ئەیلول / 1991 لە "نیوئینگلاند جورناڵ ئۆف میدیسین" بڵاوبۆتەوە، ل980. "برسێتی و بەرزی رێژەی مردن لەنێو منالانی عراقدا ئێستا بەبەڵگە پشتگیری لێدەکرێ"، "زی لانسێت" گۆڤارێکی پزیشکی نایابە لەژمارە 9 ی تشرینی دوەمی / 1991، بڵاویکردۆتەوە، (جڵدی 338، ل 1180). " لەدوارۆژدا کەسمان ناتوانین بڵێین نەمانزانیوە".

11ـ " کاریگەری شەڕی کەنداو لەسەر مردنی منالان و ساوایانی عراق"، نێوەندی لێکۆڵینەوەی دانیشتوان ، "هارفۆرد سکوڵ پابلیك هێڵس". ئەم راپۆرتە نایابەی "سارە زائیدی" تاکوئێستاش بڵاونەبۆتەوە. ئەم لێکۆڵینەوەیە لەسەر خێزانە عراقیەکاندا کراوە.

12ـ لێرەدا ئاماژە بەدستنوسی وتارێك دەدەم کەتاکوئێستا بڵاونەبۆتەوە بەناونیشانی: "خۆراکی منال و شەڕی چەکداری لەعراقدا"، وەلید ئەلدوری نوسەری وتارەکە بەمیهرەبانییەوە پێشکەشی

کردم. وتارەکە بریتیە لە کۆکردنەوە و شیکردنەوەی زانیاری هەریەك لە أ. ئەرمیجۆ حسین، وفائی فەوزی، و ج. هیریا ـ ئەکینا ـ هەموبان سەر بەفوتابخانەی هارفۆرد ی دروستی گشتین.

13ـ رۆژنامەی " گاردیان " ، 28 / ئازار / 1991.

14ـ "کاریگەری شەڕی کەنداو لەسەر منالانی عراق : لێکۆڵینەوەیەك لەبارەی سایکۆلۆجیای منالان"، لە 28 / ئەیلول / 1991 دکتۆر ئاسێل دیریگرۆف و دکتۆر ماین راونداڵین نوسیویانە. هەروەها بڕوانە پوختەی جێبەجێ کردن : "دروستی و خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی لەعراقدا لەدوای شەڕی کەنداو : هەڵسەنگاندن لەقوڵایدا"، ل 24 ـ 25.

15ـ " بەلگەنامەی 91 " هەڵمەتێك بو لەسەر بەلگەنامەیەك رێکخرا کەلە 1400 وشە پێکهاتبو. جگەلە شتەکانی دی، بەلگەنامەکە داوای راگرتنی حوکمی لەسێدارەدان و هەڵوەشانەوەی سەربازگیری دەکات و بەرزترین ئاستی خەرجی سەربازی لەکۆی بەرهەمهێنانی نەتەوەیی لە2٪ تێپەر نەکات، ئەوەش لەدەستوردا جیگیر بکرێ. زیاد لە 400 کەسایەتی عراقی لەروناکبیران و داهێنەران لەنەتەوە و ئاینە جیاوازەکان لەهەمو ئاستە کۆمەڵایەتی و ئینتما سیاسیەکان ئیمزایان لەسەر کردوە و ناوی خۆشیان لەژێر بەلگەنامەی 91 نوسیوە کەلە تشرینی دوەم / 1992 بلاوکرایەوە. بەلگەنامەکە بەپێنج زمان (عەرەبی، کوردی، ئاشوری، ئینگلیزی و تورکمانی) لەگەڵ لیستی ئیمزاکان لەبەلگەنامەی 91 دا بلاوکرایەوە. ص. ب 2724 لەندەن w24xs.

16ـ واشنتن پۆست، 2 / ئازار / 1991، ل أ 13.

17ـ " نیویۆرك تایمز "، 11 / حوزەیران / 1991.

18ـ بڕوانە سەمیر خەلیل : پەیکەر لەعراقدا (لەندەن. ئەندریە دو بیچ، 1991).

19ـ بڕوانە بەشی چوارەم.

20ـ " دڵڕەقی بکەین بەسەرەتا ... مەسەلەیەکی زۆر جیاوازترە لەمرۆڤایەتییەکی رووت. ڤێزکردنەوە لەدڵڕەقی لەهەمو شتێکی زیاتر پێویستی بەوە هەیە بەشێوەیەکی توند هەمو نەریتە ئاینی و سیاسیەکان رەتبکرێتەوە. ئەمەش حوکم بەسەر مرۆڤدا دەدا ژیانی پڕ لەگومان، بریارنەدان و ڤێزنەکردنەوە بژیت و زۆرجارانیش رقی لەمرۆڤ بێتەوە. کردنی دڵڕەقی بەسەرەتا زۆر بەدەگمەن تاقیکراوەتەوە و گفتوگۆی لەسەر نەکراوە ...(لەبەرناشیرینی چاپەکەی بۆم نەخوێنرایەوە).... هەرەشەیەکی زۆر قوڵ لەلۆجیك دەکات". جودیت شکلار "شەڕئەنگیزی ئاسایی"، (کامبردج. هارفۆرد یۆنیڤێرستی پێرس) ل 80.

21ـ " نیوزویك "، 18 / ئازار / 1991. قەرزارباری لۆرانس وشلەرم کەسەرنجمی بۆ ئەم بابەتە و دەلالاتەکانی راکێشا. پەیڤین لەسەر بابەتی پەیکەری مایالین ـ ی شەڕی ڤێتنام و پەیکەر بەشێوەیەکی گشتی و شەڕی کەنداو هانیدام ئەم بەشە بەو شێوازە بنوسم کە پێمنوسیوە.

**عراق بەرەو کوێ ؟**

1. زۆربەی روناکبیرە عەرەبە ناعراقیەکان تێگەیشتن لەئازاری 1991دا لەعراق چی رویدا، بۆ نمونە وەزیری دەرەوەی ئوردون، سەرۆکی شاندی گفتوگۆی ئاشتی لەرۆژهەلاتی ناوەراست، کەمال ئەبوجابر، لەچاوپێکەوتنێکیدا بەبێ بیرکردنەوە دەڵێت : "سیخورەکانی ئیسرائیل لەهەمو شوێنێکی باکور و باشوری عراق بلاوبونەتەوە و سیخورەکانی ئێرانیش لەهەمو شوێنێکدا هەن.. لەژێر چەتری دەستیاری عراقدا". ئەگەر ئەبوجابر ئەوەندە ژیر نەبێت تابەئاشکرا ئەو قسانە بکات، ئەوا هەزارانی دی بەنهێنی بەو شێوەیە بیردەکەنەوە. بەو شێوازە بیریان دەکردەوە، چونکە هەروەکو دەمانبینی لەکاتی قەیرانی کەنداودا زۆر بەتوندی لەگەڵ ئەو شتانە دەژیان کە دەیانوتەوە. قسەکانی ئەبوجابر لەچاوپێکەوتنێکی وەرگیراوە کەجۆن بلایك لەویستگەی بی. بی. سی لەگەڵیا سازیکردوە."ئیڤریمان" فیلمێکە بەناونیشانی "ئەو ئەهریمەنەی دەیناسین" لەهاوینی 1991 لەبریتانیا نمایش کرا. قەرزاربارى جۆن بلایك ـ م بەوەی رێگەی پێدام دەقەکەی بەکاربهێنم کە ئەم پەراوێزەم لێیوەرگرتوە.

2. پشت بەستنی بەعسیەکان بەخەڵکانی تکریتی لەبەرزترین ئاستی دەستەلاتدا بەتەنها بەس نیە بەوەی بەعس دەوڵەتێکی تائیفی دامەزراندوە. سیمای هەر دەوڵەتێك پەیوەندی بەبونیاتی (رەوایەتی) و ئەو بەرنامە ئایدۆلۆجییەوە هەیە کەخزمەتی دەکات. لەبەر ئەوەی ناسیونالیزمی عەرەبی جۆرە پەیوەندییەکی بەدابونەریتی سوننەوە هەیە، ئیتر ناکرێ بڵێین لەناسیونالیزمی عەرەبیدا شتێك هەیە شیعە ئاوارتە دەکات، بۆیە دەبینین زۆربەیان لەسالانی شەست و حەفتاکاندا پەیامی عروبەیان هەلگرتبو. بەپێی هەردوو دیدوبۆچونی ئایدۆلۆجی و قەوارەیی شتێك نیە پێی بوترێ تایبەتمەندی "سوننە" لەدەوڵەتی عراقدا کەسەدام حوسەین سەرۆکایەتی دەکات. گرفتەکە لەخودی سروشتی بەعس و ئۆپۆزسیۆنی عراقییە، ئەوانەی سورن لەسەر ئەوەی دەوڵەتی بەعس بەسوننە یا عەلمانی دابنێن، چونکە بەم رەفتارەیان ئاگری تایفەگەری دوارۆژ خۆشدەکەن کە رەنگە عراق پارچەپارچە بکات.

3. ئەم کۆمەڵە گوند و کنیسە وێرانە تایبەتەی لەیاداشتنامەکە بەوردی باسیکراوە لە بەرواری 18 / نیسان / 1988 بزوتنەوەی ئاشوری دیموکراسی لەنەتەوە یەکگرتوەکان و رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی دابەشیکرد. لەپێناوی بریاردان لەسەر سێدارەدانی مەسیحییەکانی عراق بڕوانە : "قوربانیەکانی دی کوردستان"، گۆڤاری "نیوزویك"، 17 / حوزەیران / 1991، ل 33.

4ـ لەسەرەتای شەڕی عراق ـ ئێراندا، راگەیاندنی ئێران باسی ئەوەی دەکرد کە "عەرەب لەپشتەوە خەنجەر دەوەشێنن"، ئەمەش ئاماژەی "خیانەت" کردن بو لەحوسەین لەلایەن خەڵکی عراقەوە لەساڵی 60 کۆچیدا. بڕوانە وتارەکەی ئەمیر تاهیری لە "ئەنتەرناسیونال هیراڵد تریبون"، 10 / تشرینی یەکەم / 1980.

5ـ ئەم سکاڵایە نەك تەنها پێکەنیناوی و قەبەکراوە بەڵکو هیچ بنەمایەکیشی نیە. لێکۆڵینەوەم لەسەر کۆمەڵێك وتار کرد کەلەنێوان 1986 و 1989 لەرۆژنامەکانی رۆژئاوا سەبارەت بەکورد بلاوببونەوە. ئەو وتارانە کۆمەڵەی مرۆڤی کورد لەژێر ناوی "کوردستان بەسوتماك دەکرێ" لەپاولۆ ئالتۆ ـ ی کالیفۆنیا کۆیکردبووە. وتارەکان تا ساڵی 1988 باس لەمەینەتیە کەمەکانی کورد دەکات کەزۆربەیان پەیوەندی بەشەڕی عراق ـ ئێرانەوە هەبو، بۆیە هیچ ئاماژەیەکی کۆمەڵ کوژی تیانەبو. بەلام 1988 مەسەلەی کورد سەرنجی رۆژنامەکانی رۆژئاوای راکێشا، ئەمەش بەزۆری دەگەڕێتەوە بۆ کیمیابارانی مانگی ئازاری هەڵەبجە کەبوە مایەی کوژرانی پێنج هەزار کەس. وشەی لەناوبردنی بەکۆمەڵ بۆ یەکەمجار لە 3 / نیسان / 1988 لەرۆژنامەی "سان خوسی مێرکوری نیوز" باسکراوە. لەساڵی 1988 رۆژنامەنوسێك یا دوو رۆژنامەنوس بەراوردێکیان لەنێوان مەینەتی کورد و کوورەی یەهودییەکان کرد. وتارەکان باس لەراگواستنی گوندنشینەکانی کورد دەکەن بۆ باشوری عراق، بەلام بەشوێن و چارەنوسیان نازانرێ. لەئەیلولی 1988 دا لەهەمو وەختێکی دی وتار لەسەر کوردستان نوسرا، بەلام وتارەکان لەسەرەتای تشرینی یەکەمدا سەرلەنوێ بەشێوەیەکی دراماتێکی رویان لەکزی کرد. لەمەشدا ستایش یا رەخنە لەکەس ناگرم چونکە ئەمە حاڵی دونیایە.

6ـ بۆ نمونە بڕوانە وتارەکەی محەمەد عەبدئەلجەبار :"دیموکراسی کۆمەڵێك میکانیزمە بۆ رێکخستنی ژیانی سیاسی لەوڵاتدا"، ژمارە 90، ل 48 ـ 50.

7ـ بڕوانە "دامەزراندنی بەعسی عراق" بەشی شەشەم لە "کۆماری ترس"، لەپێناوی بیرۆکەی "ئەلئیمان" لەبیروڕای بەعس لەساڵانی چلەکاندا.

8ـ کاتێك لەتشرینی یەکەمی 1991 لەباکوری عراق چاوپێکەوتنم لەگەڵ سەرکردەی کورد، مەسعود بارزانی کرد بۆم رونبووە دانایییەکی ئاوارتەی هەیە. زۆر نین ئەو بنەماڵە عراقیانەی وەك بنەماڵەی بارزانی دوچاری مەینەتی بونەتەوە. بارزانی سەبارەت بەداروخانی ئەخلاقی لەعراق و بێمتمانەیی لەنێوعراقییەکاندا راشکاوانە قسەی دەکرد. هەروەها بەرونی دەیوت لەزەینیدا پێ لەسەر ئەو مەسەلانە دادەگرێ : "ئێشوئازارێکی قوڵ لەنێوان ئێمە و حکومەتدا رەگی داکوتاوە، تەنانەت لەنێوان ئێمە و هێندێك گروپی عراقیشدا، بۆیە سارێژبونەوەی کارێکی زۆر زەحمەتە. بەلام ئەگەر رێگەی لێبوردن بگرینەبەر و هەوڵبدەین لاپەرەیەکی نوێ هەڵبدەینەوە، دەتوانین بۆ نەوەکانی داهاتو بژین. پێویستە لەپێناوی منالەکانماندا لێبوردنمان هەبێت، ئەگینا لەروباریکی خوێندا نوقم دەبین". کاتێك لەو چاوپێکەوتنە بومەوە و بیرمدەکردەوە لەوەی عراقیەکان لەبارزانی باشتریان دەست ناکەوێت سەرپەرشتی بونیات نانەوەی عراقی دوای سەدام بکات.

9ـ ت. س. ئەلیوت، "بێرنت نۆرتن"، (چوار چوارخشتەکی)، (نیویۆرك : هارکۆرت پرێس جۆڤانۆڤیچ، 1988)، ل 14.

10ـ حەمید بیکیت ـ ی خوێندبووە، کاتێك ئاماژەی بەکارەکەی دەکرد "چاوەڕوانی گۆدۆ". بەڵام ئایـا لەنەسـتیدا بـیری لـە ئیمـامی دوازدەهـەمی شـیعە (ئەلمەهـدی ئەلمونتـەزر) دەکـردەوە ؟ بـەپێی بیروباوەری شیعە ئیمـامی دوازدەهـەم نـەمردوە، بـەڵکو دیارنـەماوە و دوبـارە دەرکەوتنـەوەی نیـشانەی سـەرەتای دەسـت پێکردنـی سـەردەمێکە لەسـەر هـەق بونیـات نرابێـت. بۆیـە دەمـەوێت بڵێم حەمیـد چاوەڕوانی گـۆدۆی خـۆی دەکـرد هـەروەکو شـیعەی عـراق چـاوەڕوانی مەهـدی خۆیـان دەکـەن. چـونکە هیوای راستەقینە بەدوارۆژ لەگەڵ ئەمجۆرە گواستنەوە کولتورە تیکچڕاوە دەست پێدەکات بەتایبـەتی کاتێك تێکەڵی زەینێکی کراوەی وەك زەینی حەمید دەبێ

**بەشی دوەم**

**7 ـ من کێم**

1ـ ئوسـامە واثـق، لـەدوای ئـەوەی "هـەور" دەرچوێتـەوە، "ئەلعـەرەب" رۆژنامەیـەکی رۆژانـەی سیاسیە و لە لەندەن دەردەچێت ، 22 / نیسان / 1991.

2ـ لەبەر ئەوەی لەبەغدا لەدایك بوم، تائێستاش کۆتم بۆ دروست دەکات، بەدەر لـەوەی مـرۆڤ چ پاسپۆرتێك هەڵدەگرێت. بۆیـە کاتێـك لـە کـانونی یەکـەمی 1991، لەرێگـەی تورکیـاوە لەگەشـتێکی باکوری عراق دەگەڕامەوە، رێگەیان پێنەدام لەفرۆکەخانەی لۆغانەوە بۆ وڵاتە یەکگرتوەکان بگەڕێمەوە و بۆ لەندەنیان گێڕامەوە، چونکە ئەفسەرەکەی هیجرەت پێی قـووت نەدەچو لەبەغـدا لـەدایك بـوم. پاسپۆرتەکەم ڤیزەی تورکیای لەسەر نـەبو. جانتایـەکی پـڕ لەرۆژنامـەی عـەرەبی و بەڵگەنامـەم پێبـو. بـەڵام خۆشـبەختانە و بـەهاوکاری نێوەنـدی لێکۆڵینـەوەی رۆژهـەڵاتی ناوەراسـت لـەزانکۆی هـارفۆرد و کینیت رۆس لەرێکخراوی مافەکانی مرۆڤ (ووچ) چەند مانگێك لە لەندەن نەمامـەوە بـۆ ئـەوەی هـەمو مەسەلەکان رونبکەمەوە.

3ـ بڕوانـە یاسـای چاکسازی سـاڵی 1977 کەلەبەشـی چـوارەمی "کۆمـاری تـرس" دا گفتوگۆی لەسەر کراوە. هەروەها بڕوانە رەگوریـشەی یاسـا لەئایـدۆلۆجیای بەعـسیزم لەسـاڵانی چلەکاندا. بەشـی شەشەم.

4ـ دەتـوانم بـیر لەئاوارتـە شەخـسیەکانی ئـەم قانونـە بکەمـەوە، وەك هیـشام مـولحیم، پـەیامنێری "ئەلسەفیر" لە وڵاتە یەکگرتوەکان کە عراقیەکان بەچاوی سۆزەوەتەماشـای دەکـەن، حـازم صـاغیة ـ ی رۆژنامەنوس لە "ئەلحەیات"، کاتێك لەسەر کورد دەینوسی هـیچ عـەرەبێکی دی ئـەو کـارەی نـەدەکرد. بەڵام "وضاح شرارة"، مامۆستای زانستە سیاسیەکان لەزانکۆی لوبنان، لەو تێگەیشتبو کە خەسـڵەتی ناشیرینی ریژیمی عـراق سـەبارەت قەیرانەکـە مەسـەلەیەکی سەنتراڵیـستە. هـەروەها هـەمان حاڵـەتیش راسـتە لەسـەر سـەڵاح زەغیـدی، توێـژەرەوەی سۆسـیۆلۆجیا و بەریوەبـەری پێـشوی یـەکێتی کرێکـارانی تونس، وەلید خالیدی لەزانکۆی هارفۆرد، لوتفی مەشعور سەرنوسەری "الصنارة" گۆڤارێکی هەفتانەی

عەرەبی ئیسرائیلییە و لەحەیفا دەردەچێت، سەلمان موسالەحە ـ ی شاعیری ئیسرائیل ـ عەرەب، و نوسەری گاڵتەئامیزی فەلەستینی ئەمیل حەبیبی و شبلی ئەلمەلات، دامەزرێنەرانی لیژنەی نێو دەوڵەتی لەپێناوی عراقێکی ئازاد. بێگومان خەڵکانی تریشیم لەیاد کردوە.

5ـ وەسفی هەمان دیمەنی مەغریب دەکات، سەلاح زەغیدی لەسەر روناکبیرە مەغریبیانە دەنوسێت کە " وادیار دواجار لەو پەیوەندییە جەماوەرییە تیگەیشتبون کە هێندیکیان ـ زیاتر دەربەستبون ـ هیوایان پێی هەبو ... لەتونس .... زۆربەی روناکبیران بەتەواوەتی پشتگیریان لەسەدام حوسەین دەکرد. زۆربەیان بون جەنگاوەری ئاسایی و بەحەماسەت و هێندێك جاریش بەهەڵچونێکی زۆرەوە، بەبێ هیچ رامان و دودڵییەك بەشداریان لەو خۆپێشاندانانە دەکرد لەپشتگیریان لەسەدام حوسەین دەکرد. "لەکاملبونی فیکرەوە بۆ لادانی سیاسی : نامەیەکی کراوە بۆ هیشام جەعیت" لە "دەفتەری رۆژهەڵاتەوە"، حوزەیرانی 1991، ل 32. قەرزارباری پرۆفیسۆر ئەڤرام ئیدۆڤیچ ـ م کەسەرنجمی بۆ ئەم وتارە راکێشا.

6. هاندەری راستەقینەی نادیار لەتەقاندنەوەی سۆزداریدا کە شەڕی کەنداو وروژاندی شایانی ئەوەیە بەوردی توێژینەوەی لەسەر بکرێ. بەلام دەشێت مرۆڤ دڵنیا بێت لەوەی لەم چەند ساڵەی رابردودا "رەتکردنەوەی رۆژئاوا" بابەتێکی سەرەکی ڤوتابخانەی فیکری "ئوسوڵی" بو، بەتایبەتی لەتونس و جەزائیر و رقهەلگرتنێکی ئۆرگانی لەعەرەبی کەنداو، ئەوانەی بەدوا تازە دەوڵەمەندی (نۆڤۆ ریچ) و بەلوتبەرز دادەنران، هەمو ئەوانە رۆڵێکی سەرەکیان دەبینی. روناکبیرە مەغریبیەکان بەتەواوەتی خۆیان لەگەرموگوری هەستی بێگەردی گشتی ونکردبو، ئەو هەستەی پێی گۆشکرابون ... بەلام لۆجیك و رامان و شیکردنەوەی بابەتی و هەستی رەخنەلەخۆگرتن بەتەواوەتی بەسیحری ساحر بزربون. بگەڕێرەوە بۆ سەرچاوەی پێشو. ل 32 ـ 33.

7ـ روداوێکی راستەقینەی کورتە چیرۆکێکی بلاونەکراوەی ئەحمەد تونتچی یە (ناوێکی خوازراوە)، بەناوی "زی بیسترو".

8. ناسیونالیستی لێدوانەکەی واسق لە "ئەلعەرەب" کەبوە بە سەروتاری ئەم بەشە لەمجۆرەیە. سەمیر خەلیل سیفەتی "عروبەی" تیانیە، لەبەر ئەوەی لۆمەی ئەهریمەنە راستەقینەکان ناکات، واتە ولاتە یەکگرتوەکان و ئیسرائیل.

9. "ئەلعەرەب"، 24 / حوزەیران / 1991.

10. ساتع ئەلحەسری گەورە بیریاری عەرەب، لەسالانی نێوان هەردوو جەنگی جهانیدا، پێ لەسەر گرنگی زمان دادەگرێ وەك بنەمایەك لەتیورەی نەتەوایەتیدا.

11. ئیدوارد سەعید "روناکبیران و جەنگ"، "میریپ ریپۆرتس ، ژمارە 171 (تموز ـ ئاب / 1991) ل 16، بڕوانە پێشەکی. لەچەندین بۆنەدا بەکەسێك ناوزەدە دەکرام کە "رقی لەخۆی

دەبێتەوە"، ئەمەش داتاشینێکی لۆجیکی شێوازەکەی سەعیدە لەوێناکردنی بیری ئەوی دی. "ئەفسانە نەجم ئابادی" لەژێر ناوی "جەنگی سەعید لەدژی روناکبیران" گفتوگۆی لەسەر ئەو بابەتانەی سەعید کردوە کەلەچاوپێکەوتنەکەیدا گەلالەی کردوە، ئنجا بە وەلامەکەی سەعیدیشەوە لەمیریپ ریپۆرتس" بلاوبۆتەوە. ژمارە 173، (تشرینی دوەم ـ کانونی یەکەم/1991)ل2.

12ـ (لەمەنزلگەی جەنگ) دوە، جۆن سیمبسۆن، ل1.

13ـ وەلید خالیدی " قەیرانی کەنداو " : سەرچاوە و ئاکامەکانی (واشنتن، دەزگای لێکۆڵینەوەی فەلەستینی 1991) ل4.

14ـ بەعس نەتەوەی عەرەب وەك فاکتێك پێشکەش دەکات کەپێویستە بکرێتە واقیعێکی دەستەهەست لەمێژودا و بەراستییەکی سیاسی بگۆڕێت. نەتەوەی عەرەب واقیع نیە. ئێستا وەك جاران بونی نیە ... بەعس شکستی هێنا جەماوەرێکی گەورە لەنێو جەماوەری عەرەبیدا بەلای خۆیدا رابکێشێت. هیچ کاریگەرییەکی لەسەر ئەنتجلنسیای کراوە وشیار بەئاراستە فیکرییەکانی جهان نەبو ... روناکبیران ئینتمایان بۆ ئایدۆلۆجیایەکی قەومی هەژار نابێت کە تۆیی فاشییەتی لەخۆی هەلگرتوە بەبێ ئەوەی خیانەت لەخۆیان نەکەن. هەروەك سەلاح زغیدی لە "کامڵبونی فیکر ..." ئاماژەی بەهیشام جەعیت کردوە. ل 40 ـ 41.

15ـ چاوپێکەوتنێکی هیشام جەعیت لەگەڵ گۆڤاری "ئێکسپرێس"، 7 /شوبات/1991. لەنێو کتێبە فرەکانی جەعیت : "ناسنامە و دوارۆژی عەرەب ـ ئیسلام".

16ـ گۆڤاری " ئێکسپرێس "، 7 / شوبات / 1991.

17ـ سەلاح زغیدی " لەکامڵبونی فیکرەوە .... "، ل 40.

18ـ " ئەلدەستور "، 7 / ئازار / 1991.

19ـ ئەحمەد حازق ئەلعورف لە رۆژنامەی " ئەلشەعب " ی تونسی دەنوسێت کە ئەستونێکی هەفتانەی هەیە. زغیدی لە "کامڵبونی فیکر ..." ئاماژەی بۆ کردوە، ل 34.

20ـ " فایننشیاڵ تایمز "، 27 / شوبات / 1991.

21ـ مونیس ئەلرەزاز " ئەسوشیتید پرێس " لەعومان، هەروەها "بوستن گلۆب"، 27 / شوبات / 1991.

22ـ بڕوانە " نیوزویك "، 7 / کانونی دوەم ، ل 22.

23ـ نوسەر و وەرگێری بەرهەمەکانی فرۆید بۆ زمانی عەرەبی، جۆرج تەرابیشی، نمونەیەکە لەسەر ئەمجۆرە بیرکردنەوەیە، لەبەشی داهاتودا تەبەنی ئەم لۆجیکەی لەسەر قەیرانی کەنداو دەکەم.

24ـ رامی. ج. خوری " میوەی جەنگە تاڵەکە " لە "زی گۆڵف ریدەر : مێژو، بەلگەنامە، بیروڕا" چاپیکردۆتەوە. دارشتنەوەی میکائیل. ل. سفری و کریستۆفەر سێرڤ (نیویۆرك : رانـدۆم هاوس 1991) ل 403 (لێرە بەدواوە بە زی گۆڵف ریدەر) ئاماژەی پێدەدەین.

25. بڕوانە وتارەکەی جودیت میلەر (گەمەی سوریا : ڕوویەکی ڕۆژئاوایی بنوێنە)، "نیویۆرک تایمز ماگازین"، 26 / کانونی دوەم / 1992، ل 19.

26. فەواز ترابلوسی : " دروێنەی جەنگ "، میریپ ریپۆرتس، تەموز ـ ئاب / 1991، ل 32.

27ـ لەوتارێکی دانی ڕۆبنشتاین لە هاریتز وەرگیراوە. 4 / ئازار / 1991. وەرگێڕاوەکەی ئیسرائیل شاهاك لەرۆژنامەی عیبرییەوە بلاوبۆتەوە.

28ـ لەگۆڤاری " ئەلناقد " ی لەندەنی بلاوبۆتەوە، ژمارە 33 (ئازار / 1991)، ل 4 ـ 5، وشەی (متاه) مانای بەخۆنازین و بالاکردن و ملکەچی نادیار و نەبونی ڕێباز و وێڵبون لە سەرزەمینێکی کاکی بەکاکی دەگرێتەوە ناونیشانەکە بەشێوەیەکی نایاب دەست دەخاتەسەر هەستی تورەبون و دڵەراوکێیەکی قوڵ کەرەتکردنەوەی عەرەبی پێدەناسرێتەوە و پێشتریش لەشیعرەکانی قەبانیدا بەدیمانکرد (بەشی یەکەم).

29. سەمیح قاسم، "ئێمە ئێستا بەڵگەنامەی مێژوویین" لە "ئەلناقد" بلاوبۆتەوە، ژمارە 30 (کانونی یەکەم / 1990)، ل 4 ـ 5.

30ـ میلان کۆنديرا لە " ئەلریوایە ـ الروایە " وەریگرتوە، (نیویۆرك : گرۆڤ پرێس 1988)،ل135.

31. وتارێکی مونسیف مەرزوقی بەناوی (ڕۆژهەلاتی بزر) لەکاتی شەڕی کەنداودا بلاوبۆتەوە، "لۆمۆند"، 6 / شوبات / 1991. وادەست پێدەکات "لەکەناری ناوەراستی باشورەوە دەبینی کە شەڕی کەنداو وەك سەرەتای تەلاقدانی نێوان ڕۆژئاوا و جهانی عەرەبی دەردەکەوێت ". مەرزوقی لەوتارەکەیدا سوپاسی شڤینمان دەکات کە چەپرەوێکی حزبی سۆسیالیستی فرەنسیە و لەحکومەتەکەی میتیراندا وەزیری بەرگری بو، شڤینمان بەوە ناوبانگی دەرکردبو کەلەسالانی هەشتاکاندا چەکێکی زۆری بەعێراق فرۆشتوە. بۆچی؟ لەبەر ئەوەی شیڤمان بەمەبەستی پشتگیریکردن لەعێراق وازی لەپلەکەی خۆی هێنا. لەپێناوی زانیاری زیاتر لەسەر ڕێکخراوی "هاوبەندی مافەکانی مرۆڤ لەتونس"، بڕوانە بەشی یەکەم.

32. سەلاح زغیدی، وتاری (لەکاملبونی فیکر ...)، "دەفتەرەکانی ڕۆژهەلات"، ل 35.

33. بڕوانە بۆ نمونە وتارەکەی نوسەری سودانی د. حەسەن مەکی محەمەد ئەحمەد کە لە 2/ ئایار/1991، ڕۆژنامەی "ئەلقودس ئەلعەرەبی" بلاویکردۆتەوە. وتارەکەی ئەو پاساوە دەخاتەروو کە دەڵێت لەشەڕی "ام المعارك" دا "ڕۆژئاوا گەورەترین زەرەرمەند دەبێت"، لەبەر ئەوەی ئاکامی هەنوکەیی هەرچییەك بێت لەوێرانەیی و داروخان ئەوا لەدوا دەرئەنجامدا ئیزافەیەکە بۆ پرۆژەی زیندوکردنەوەی ئیسلام. بێگومان ئەمەش دزێوترین وێنەی هەڵوێستی جەعیت بو. بەهەرحاڵ تەنها نوسەرە موسڵمانەکان ئاماژە بەشالاوی خاچپەرستی نادەن. بڕوانە بۆ نمونە وتارێك بەناونیشانی "جگە

لەشەڕی ئەمریکا هیچ ڕێگەیەکی دیمان نیە"، بەپێنوسی فەیلەسوف حەسەن عسفور " ئەلقودس ئەلعەرەبی "، 18 ـ 19 / ئاب / 1990.

34ـ لەکۆمەڵە شیعری " کەوتنی باڵندە "، (بیروت : دەزگای عەرەبی بۆ کێلۆڵینەوە و پەخشکردن، 1985)، ل 7.

35ـ ئەمە ناونیشانی وتارێکی میشیل عەفلەقە، یەکەمجار لە (فی سبیل البعث) بلاّبۆتەوە، (بیروت. خانەی ئەلتەلیعە، 1959) ل 29 ـ 30.

36ـ بەشێك لەچاوپێکەوتنەکەی فواد عەجمی، لەوتارەکەی عەجمی "بێدەنگی لەکولتوری عەرەبیدا " وەرگیراوە، (زی نیو ریپابلیك)، 6 / نیسان / 1987.

37ـ " ڕۆژژمێری گەمارۆدانی بیروت 1982 " قەسیدەیەکی ئەدۆنیسە لەسەر بیروت لە ئەنتۆلۆجیای شیعری عەرەبی بەناونیشانی (قوربانییەکانی نەخشە) بلاّوبۆتەوە، "لەندەن : دار ئەلساقی، 1984"، ل 134.

38ـ لەبنەرەتدا وتارەکەی ئەنزنسیرگەر بەئینگلیزی لە (دیر شبیگڵ) لە "لۆس ئەنجلس تایمز" بلاّوبۆتەوە، 14 / شوبات / 1991، بەشی ب، ل 7.

39ـ سەلاح زغیدی باس لە 36 روناکبیری فرەنسی دەکات کەلە ئابی 1990 بەیاننامەیەکیان دەرکردوە و لکاندنی کوێت لەلایەن عراقەوە و بزوتنەوە ناحەزەکانی ئەمریکا لەکەنداو پێکەوە شەرمەزار دەکەن، و "بەلانەگرانی بێگانە و تابوری فرەنسی پێنجەم و بەکرێگیراوانی ئیمپریالیزمو زایونیزم ناو زەدە دەکرێن"، "لۆکایە دو لۆریان" (حوزەیران 1991)، ل 34.

40ـ وشەکانی عەبدولرەحمان حەفیدی " لیبراسیۆن "، 2 / ئازار / 1991، هەروەها لە " لۆکایە دو لۆریان " وەرگیراوە (حوزەیران / 1991)، ل 34.

41ـ وتارەی تۆنی واکر "تێکۆشەرە موسڵمانەکان سەدامیان بەخەلیفە دەوێت"، "فاینێنشاڵ تایمز"، (10 / کانونی دوەم / 1991).

**8 ـ خورافاتی نوێی ناسیونالیزم**

1ـ فواد زەکەریا "کولتوری عەرەبی و قەیرانی کەنداو"، (لەندەن : کوێت و ریسرچ کۆمپانی)، 1991، ل 30.

2ـ بەدرێژایی ئەم کتێبە ئاماژە بەدیدوبۆچونی ئەو روناکبیرانە کراوە.

3ـ رەشید خالیدی (فەڵەستینیەکان و قەیرانی کەنداو)، "زی گۆڵف رێدەر"، ل 423.

4ـ سەمیر ئەمین " گرەوە راستەقینەکان لە شەڕی کەنداودا "، مۆنتلی ریڤیۆ (تەموز ـ ئاب / 1991) ل15.

5ـ بڕوانـە فەلسـلییەی (ئـەراب سـتادیز کـوارترلی)، جڵدی 13، ژمـارە 1و2 (زسـتان و بـەهار 1991)، ل 5.

6ـ ئیدوارد سەعید " گرێدان، زمان، ناسنامە "، (زی گۆڵف ریدەر) ل 439.

7ـ لەکۆنوسی کۆنگرەکەوە وەرگیراوە کەلە ئازاری 1991 بەسترا و دوو ئەکادیمی لوبنـانی و دوو ئەکادیمی عراقی و 13 ئەکادیمی بـاکوری ئـەفریقیا ئامـادەبون و هەموشـیان ئـەکادیمی بـواری زانـستی کۆمەڵایەتی بون. بەناونیشانی "شەڕی کەنداو و دوارۆژی عەرەب : پەیڤین و هەڵوێـست" بڵاوکرایـەوە، (تـونس : خانـەی سـەراس 1991). (لێـرە بـەدواوە بەشـەڕی کەنـداو ئامـاژەی پێـدەدەین) ل 93. بـۆ پیاچونەوەی هەمان دیدوبۆچـونی، بـەڵام بەسـێ بـەرواری جیـاواز، بڕوانـە وتارەکـەی فـەتحوللا والغلـو، مامۆستای زانستی ئابوری لەزانکۆی محەمەدی پێنجەم لەریبات. ل50.

8ـ بێگومان وڵاتە یەکگرتوەکان تا گرتنی کوێـت پـشتگیری لەسـەدام دەکـرد و بەدڵنیاییـشەوە ئـەو پـشتگیریکردنە هـانی سـەرۆکی عراقیـدا لەسـەر پلانـەکانی بـەردەوام بێـت. بـەڵام بۆچـی دەبـێ ئـەو پشتگیریکردنە بەپلەی یەکەم هـانی گـرتنی کوێتی بـدات؟ ئاسـتی پـشتگیریکردنەکەی ئـەمریکا لـەعراق هەتا دووی ئابی 1990 لـەراپۆرتێکی تایبەتـدا روندەبێتـەوە بـەناوی "عـراق گـەیت : چـۆن ئیـدارەی بوش لەکرینی چەکدا دەستیاری سەدام حوسەینی کرد، بۆچی باجـدەرە ئەمریکیـەکان باجەکەیانـدا؟". (یو. ئێس. نیوز ئەند وۆرلد ریپۆرت). 18 / ئایار / 1992.

9ـ کاتێك دژە هێرشی عراق بۆ سەر راپەرینەکەی 28 / شوبات لەوپەری توندیدا بـو، ئیـدوارد سەعید لەوتارێکیدا کەلە 7 / ئازار / 1991 بڵاوکراوەتەوە، دەنوسێت : "زۆرجاران ئەو قسەلۆکانەی لەسەر عراق دەوترێتـەوە بـەوەی هاوڵاتیـانی خـۆی کیمیابـاران کـردوە، ئـەوا لەباشـترین حاڵەتیـدا ئـەو قسەلۆکانە کۆنکرێتی نین. لێرەدا بەلایەنی کەمەوە راپـۆرتێکی کـۆلێجی جـەنگ هەیـە، ئـەو راپۆرتـەی لەکاتێکدا ئامادەکراوە کە عراق هاوپەیمانی وڵاتە یەکگرتوەکان بوە و بانگەشـەی ئـەوە دەکـات کـەئێران کوردەکانی لەهەڵەبجە کیمیاباران کردوە. ئـەمرۆ خـەڵکانێکی زۆر بـاس لـەو راپۆرتـە دەکـەن". لەنـدەن ریڤیۆ ئۆف بۆکس. (7 / ئازار / 1991) ل 7. لەکەیەوە سەعید بەراپۆرتی وۆر کۆلێج سەرسام بـوە، ئەمـەش کارێکـە شـایانی سـتایش کردنـە بـەوەی بەڵگەنامەیـەکی لـەوجۆرەی کەجێگـەی بـڕوا نیـە لەئەرشـیف دەربهێنـرێ بـۆ ئـەوەی مێـژوی رووپامـایی ئـەمریکا سـەبارەت بـەکارێك کەپەیوەنـدی بەعراقـەوە بخاتـەروو. سـەعید دەیـەوێت بـڕوا بهێنێـت بـەوەی لەتوانایـدا هەیـە گومـان لەراسـتییەك بچێنێت کە مشتومڕ هەڵناگرێت ـ چەندین ساڵە بەراستی زانـراوە ـ ئـەویش لەگونـدی شـێخ وەسانەوە لەنیسانی 1987 دەستی کرد بەکیمیاباران کردنی گوندە کوردنشینەکان. ئەو رۆژانـەی هێـشتا ریـژیم یارییـە تازەکـانی تاقیـدەکردەوە، بەدرێـژایی سـاڵانی هەشـتاکان بەشـێوەیەکی گـشتی و سیـستماتیکانە بۆردومانی کیمیایی دەکرد. هەمو رۆژنامەکانی جهان هەواڵەکانیان بڵاودەکردەوە.

10. وەك هیچنز، پێی وایە باشترە هەڵهێنجانی نیازی بۆگەنی هەمو دەوڵەت و حکومەتەکان لەسەر رێسای گریمانە لۆجیکترە. بەڵام لەدەسپێکی ئەو سەلماندنانەی پێشکەشمان دەکرێت، نالۆجیکیە شتێك هەڵهێنجین کە گلاسپی بەفیعلی مەبەستی بوە. "لەراستیدا گرفتە گەورە سنورییە چارەسەر نەکراوەکانی کەنداو، لەنەخشەکێشانی کۆلۆنیالیزمی بریتانیای سەردەمی کۆنەوە سەرچاوەدەگرێ"، بڕوانە هیچنز، "بۆچی لە لمدا چەقیوین؟"، "هاربرز ماگازین"، (کانونی دوەم / 1991). جۆن سیمبسون حیکایەتێکی جیاواز لەسەر ئەم چاوپێکەوتنە پێشکەش دەکات، لە"لەمەنزلگەی جەنگەوە" ل 101 ـ 105. سیمبسون بەتوندی پێدادەگرێ لەسەر ئەوەی لەکاتیچاوپێکەوتنەکەدا خودی سەدام : "هیچ بیرۆکەیەکی رونی لەسەر کردەوەکانی نەبو" ل 102.

11. هەروەها بڕوانە رەخنەکانی نعوم چۆمسکی لەبەشێکی دی ئەم بەندەدا.

12ـ لەکاتی گەشتەکەمدا بۆ باکوری عراق لە تشرینی دوەمی 1991، روناکبیرێکی کورد وێنەیەکی لەگۆڤاری ((ناوی گۆڤارە لەچاپدا دەرنەچوە ـ و ـ)) "تایمز ماگازین" پێدام. گۆڤارەکە وتارێکی تیابو ستایشی "بیریاری ئەمریکی چۆمسکی دەکرد"، لەسەر ئەو بنەمایەی "ئەو رێوشوێنانەی رۆژئاوای شەرمەزارکردوە کەدژی پرەنسیپەکانی دیموکراسی بوە"، کەچی وتارەکە ئەو شتانەی پشتگوێ خستبو کەلەرابردودا چۆمسکی لەسەر پۆخڵەواتی بەعس وتبوی و تەنها پێی لەسەر"کەلەبەری نێوان وتە و کردار" داگرتبو کە چۆمسکی لەنێو لیبراڵە رۆژئاواییەکان دروستی کردبو. مایەی گاڵتەجارییە بەوەی لەم کتێبەدا بەباشی دیاریکردنی ئەم ئەرکەم لەبەرچاو گرتوە، بەڵام لەگەڵ جێگۆرکێی لیبراڵە رۆژئاواییەکان بەروناکبیرانی عەرەب . " ئەلفبا "، ژمارە 1208، 20 / تشرینی دوەم / 1991، ل 6.

13. فەواز تەرابلوسی، "میریپ ریپۆرتس"، (تەموز ـ ئاب / 1991) ل 30.

14. فەسلییەی (ئەراب ستادیز کوارترلی) ل 14 و 20.

15. ئیدوارد سەعید (زی گۆڵف ریدەر)، ل439.

16ـ لەدەقی قەسیدەی "یاداشتی شوێن پێی وڵاخ" وەرگیراوە لە "گەڕانەوەی کۆلۆنیالیزم : لەداگیرکردنی کولتورییەوە بۆ شەڕی کەنداو" بڵاوبۆتەوە ، بەپێنوسی کۆمەڵێك نوسەر، (لەندەن : بڵاوکراوەکانی ریاز ئەلرەیس 1991) ل 172 ـ 173.

17. هەمان سەرچاوە. ل 172.

18. فیل ریفس، ئەم حیکایەتەی بەدورودرێژی لە "لۆجیکی توندی قورئان و کلاشینکۆف" گێڕاوەتەوە، رۆژنامەی ئەندیپێندنت. 12 / شوبات / 1991.

19ـ بڕوانە راپرسی عەرەبی لەنوسینی دیڤید هێرست "ریسواکردنی سەلاحەدین رۆشنایی دەخاتە سەر لایەنگرانی"، رۆژنامەی گاردیان، 27 / شوبات / 1991.

20. جاك بێرك "لەدایك بونی عەرەبی نوێ : ئێشوئازار و دڵخۆشی" (لەندەن : خانەی ئەلساقی 1983)، ل49. بێرك ئاماژە دەكات بەوەی كەسەلاحەدین ساڵی 1970 سروشی 50 كتێبی ئەدەبی تازەی بۆ هاتوە.

21ـ جۆرج تەرابیشی، "جووت تاوانی رۆژئاوا"، كتێبی "گەڕانەوەی كۆلۆنیالیزم"، ل 162 ـ 163، تەرابیشی هەمان بەراوردی بیسماركی لەگەڵ محەمەد سەید ئەحمەد كردوە :"لەلای هیچ عەرەبێك شاراوەنیە كەریژیمی سەدام حوسەین سەركوتكارترین ریژیمی دونیایە ... بەڵام بۆچی سەدام ناتوانێت لەپێناوی عەرەبدا ئەو كارە بكات كەبیسمارك لەپێناوی ئەلمانیادا كردی؟". میریپ ریپۆرتس (كانونی دوەم ـ شوبات / 1991) ل 17.

22ـ " ئەلقودس ئەلعەرەبی " پینج وتاری محەمەد عابد ئەلجابری بلاوكردۆتەوە. جابری لەلێكۆڵینەوەیەكی بێبەهایدا بەناونیشانی "دروستبونی عەقلی عەرەبی" پشتگیری لەپرۆژە سیاسییەكەی حزبی بەعسی عراقی دەكرد. لەوتارێكیدا لەسەر بابەتی "سەدام حوسەین كێیە: ئەزمونی رابردو و ئاسۆی دوارۆژ"، جابری سەرۆكی عراق وەك سەركردەیەكی خاوەن روانگە پێشكەش دەكات كە "پرۆژەی ناسیونالیستی رزگاریخواز و پێشكەوتوخواز و یەكگرتنەوەی هەیە، بەجۆرێك كە گەلی فەلەستینی بتوانێت لەسەر خاكی خۆی مافی چارەی خۆنوسینی دیاریبكات". بەڵام بۆ تەنها جارێكیش باسی لەفایلی ریژیمی عراقی لەبواری مافەكانی مرۆڤدا نەكردوە. وتارەكانی لە 31 / كانونی دوەم / 1991، 2 ـ 3 / شوبات / 1991، 5 / شوبات / 1991، 9 ـ 10 / شوبات / 1991 و 3 / ئازار / 1991 بلاوبۆتەوە.

23. ئەلیاس خوری " راستی و وەهم "، رۆژنامەی (ئەلسەفیر)، 1 / ئەیلول / 1990، ل 10.

24. حازم ساغیە چاوپێكەوتنەكەی سازكردوە و 4 / نیسان / 1991 لەرۆژنامەی "ئەلحەیات" بلاوبۆتەوە.

25ـ كۆنگرە خەیرەدین حەسیب، بەریوەبەری نێوەندی (لێكۆڵینەوەی یەكگرتنی عەرەب) و بەریوەبەری پێشوی بانكی نێوەندی عراق بەسكرتێری گشتی هەڵبژارد، لەگەڵ سكرتارییەتێك كەلە 25 ئەندام پێكهاتبو، ئەویش بەپێی دابەشبونی جوگرافی بۆ ئەوەی كارەكانیان راپەڕێنن (دوو عراقی، ئوردونییەك، سێ فەلەستینی، سێ لوبنانی، سورییەك، یەمەنییەك، دە ئەندام لەباكوری ئەفریقیا و چوار لە وڵاتانی كەنداو). لەو كەسە گرنگانەی ئیمزایان لەسەر كردوە هیشام شەرابی، مامۆستای زانكۆی جۆرجتاون و فەیلەسوفی مەغریبی محەمەد عابد ئەلجابر بون، لەوێنەیەكی كۆپی كراوی بەیانی كۆنگرەكەوە هەمو ئاماژەكان وەرگیراوە.

26. بۆچی بۆنمونە، بیریارێكی رەخنەگری وەك هیشام شەرابی بێزار و تورە دەبێ لەوەی هێزی هاوپەیمانان ئەو كارەیان بەسەر سوپای كۆماری سەدام دا هێناوە ؟ دوای ئەوەی گاردی كۆماری زۆر

درندانــە راپــەڕینی ئــازاری ســەرکوتکرد و خــەڵکێکی زۆری بێوەیــان کوشــت کــەزۆر لــەژمارەی هــەمو کوژراوەکانی گاردی کۆماری زیاتر بـو، هیـشام بەماوەیـەکی زۆر لەوتارێکیـدا جـەخت لەسـەر زیانـەکانی لەخـەڵکی عـراق دەکاتـەوە وەك بەڵگەیـەك لەسـەر تاوانـەکانی ئـەمریکا لەشـەڕی کەنـداودا . بڕوانـە " تاوانی ئەمریکا و دەست پێشخەرییەکەی مـستەر بیکـەر ". " ئـەلقودس ئەلعـەرەبی "، 29 / نیـسان / 1991.

27. " بەیانێك بۆ نەتەوە "، ل 4.

28. هـەروەها بگـەڕێرەوە بـۆ سـەلاح زغیـدی لـە وتارەکـەی "لـەکامڵبونی فیکـرەوە "، لۆکایـە دو لۆریان، (حوزەیران / 1991)، ل 35.

29. " بەڵگەنامەی 91 "، بەندی پێنجەم. هەروەها بڕوانە بەشی شەشەم، پەراوێزی 15.

30. ئیـبراهیم ئـەبو لەغـد " سیاسـەتی گرێـدان " لـە "دوای گـەردەلول : خویندنـەوەی قـەیرانی کەنـداو" دارشــتنەوەی أ. ب. بنیــیس و م. موشــەبەك (نیویــۆرك : ئۆلیــف بــرانش پــرێس 1991) ل184، 188 ـ 189.

31. محەمەد حەلاج : "هەڵوێست وەرگرتن : فەڵەستینیەکان و قەیرانی کەنـداو". جورنـاڵ ئـۆف بالستین ستادیز، جلدی XX، ژمارە 3 (بەهاری 1991) ل 45.

32. " هاداشۆت "، 10 / تشرینی یەکەم / 1990.

33. سەدام حوسەین جارناجارێك ئایەتی قورئانی بەکاردەهێنێ. بڕوانە بەشی پێنجەم.

34ـ " زی هـومێنز ریڤیـو ئـۆف بـووکس "، جلدی VIII، ژمـارەی 10 ـ 11، (تـەموز / 1990)، ل11 ـ 12.

35. نزهار بئر، " هـاریتز "، 22 / ئـازار / 1991. ئـەو وەرگێـڕاوەم بـەکارهێنا کـە ئیـسرائیل شاهاك لەراپۆرتی ژمارە 67 بۆی دابین کردم بەناونیشانی "فەڵەستینیەکانی ئیسرائیل لەکەشوهەوای رەخنە لەخۆگرتن گفتوگۆی دیموکراسی دەکەن".

36. بڕوانە وتارە گرنگەکەی حەبیب و هودا ئەلحوسـەینی لەرۆژنامـەی "رۆژهـەڵاتی ناوەراسـت" لە 3 / ئایار / 1991.

37. لەوتەیەکیدا کەلەگەلەری کوفە لەلەندەن لەبەرواری 17 / ئایار / 1991 پێشکەشی کـرد، حەبیبی سەرجەم روناکبیرانی عەرەبی رەخنەکرد، لەبەر ئەوەی نەیانتوانیبو ئەو بۆشاییە پڕبکەنـەوە کەلەقەیرانی کەنـداو کـەوتبووە. لـەوتارێکی دیـدا دەپرسـێت ؛ بۆچـی ئەمـە رویـدا؟ پـێم وایـە گونـاهی کەمتەرخەمی روناکبیرە عەرەبە داهێنەرەکانە، جگـە لەکۆمـەڵێکی بـچوکی پـەراوێز کـراو، لەسـەر ئـەو رۆڵەی دەبوایە لەپێناویدا کاریان بۆ بکردایە، ئەویش بـەدیاریکراوی پاراسـتنی ویـژدانی میللەتەکەیانـە لە گەندەڵی. "ئەقودس ئەلعەرەبی"، 22 / ئایار / 1991.

38. بڕوانە چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵ ی. ئەلغازی لە هاریتز، 30 / ئایار / 1991.

39. بڕوانە وتارەکەی لە "ئەلقودس ئەلعەرەبی"، 20 / ئازار / 1991.

40. ناوەرۆکی وڵاتپاریزێ فەلەستینی، بەتەواوەتی بزرە لەعروبە ـ گشتگیرییەکەی کەسێکی وەك هیشام جەعیت یا محەمەد عابد ئەلجابری.

41ـ هەر هەمان پاساویش گەشەی پێدرا لەو کارەی کەعراق لەدژی کوێت پیادەی کرد و بەشێوەیەکی بەرفراوانتریش لەو وتارەی لە "نیو ستایتسمان ئەند سۆسێتی" بلاوبۆتەوە ، 31 / ئایار / 1990.

42. محەمەد حەسەنین هەیکەل "ئەمریکییەکان بڕۆنە دەرەوە و ئەی سیستمی نوێی عەرەبی وەرە نـاوەوە"، ڕۆژنامەی "تـایمز"، 12 / ئـەیلول / 1990، بـەبێ هـیچ پاسـاوێك هەیکـەل ئـەو بێدەنگییەی لەسەر قەیرانی کەنداو شکاند کە ماوەی شەش هەفتەی خایاند، رای یەکەمی لەرۆژنامەی تایمز ـ ی لەندەنی بلاوبووە.

43ـ نعـوم چۆمـسکی "سیاسەتی وڵاتـە یـەکگرتوەکان لەقـەیرانی کەنـداودا" زانکـۆی هـارڤۆرد. کامبریـدج ، 19 / تـشرینی دوەم / 1990، زنجـیرە نامێلکـەی ئـۆبن ماگـازین. ویـست فێڵـد. ن. ج. 1991. ل 2.

44. نعوم چۆمسکی : "سیستمی نوێی جهانی"، بایتز کۆلدج، 30 / کانونی دوەم / 1991. زنجیرە نامیلکەی ئۆبن ماگازین، ویست فێڵد. ن. ج. 1991. ل 5.

45. چۆمسکی، " سیاسەتی وڵاتە یەکگرتوەکان لەقەیرانی کەنداودا "، ل 2.

46. سەرچاوەی پێشو. لەنامێلکەکەدا چۆمسکی رونیدەکاتـەوە کـە وڵاتـە یـەکگرتوەکان بـەردەوام دژایەتی دیبلۆماسیەت و گفتوگۆ دەکات، چونکە سیاسەتی ئەمریکا لەلایەن گەلانی جهانی سێیەمەوە پەسەند ناکرێ، بۆیە ئەگەر واز لەتوندوتیـژی بهێنـێ بەتـەواوەتی شکست دەهێنـێ. ئـەم جەختکردنـە دوگماییە پـشت بەبەڵگەنامـە نابەسـتێت لەبـەر ئـەوەی ئـەزمونی راپـەرینی ئـازاری خـەڵکی عـراق ئـەو قسانە پۆچـەڵ دەکاتـەوە، کاتێـك شۆڕشـگێڕە کـورد و عەرەبـەکان داوایـان لـەهێزی هاوپـەیمانان کـرد لەروخاندنی ریژیمی عراقدا هاوکاریان بکات.

47. شەڕی کەنداو، ل 29.

48. سەرچاوەی پێشو. ل 34. هەمان پاساو لەوتارەکەی سەمیر ئەمین ئامـادەگی هەیـە کەپێشتر باسکراوە، "گرەوە راستەقینەکانی ..."، مۆنتلی ریڤیۆ (تەموز ـ ئاب / 1991)، ل 16 ـ 19.

49. وێنەیەکی کۆپیکراوی نوسـینێکی بلاونـەکراوەی ئەحمـەد چەلەبی بەناونیـشانی "دارایـی و دەستەڵات لەعراقدا"، 20 / شوبات / 1990.

50ـ ژمارەکـان لـەدۆنا سمیـت ـ ەوە وەرگـیراوە : "دڵـەراوکێی توێـژەرە ئەمریکییـەکان بەرامبـەر بەتێچونی ریژیمی نوێی بوش"، رۆیتەر، 18 / ئازار / 1991.

51. ژمارەکان لەمارك سۆمەر ـ ەوە وەرگیراوە : "ولاتـە یـەکگرتوەکان ناتوانێت تێـچون لەئەسـتۆ بگرێت"، کریستیان سیانس مۆنیتۆر، 6 / ئاب / 1991، ل 18.

52. بۆ نمونە بڕوانە وتارەکەی ئێدوارد لۆتواك "ئایا ئـەمریکا رێگـەی داروخـانی گرتۆتەبـەر؟"، کۆمانتری ، ئازاری 1992، ل 15 ـ 21.

53. ژمارەکان لەجێمس ریسن ـ ەوە وەرگیراوە، "بوش بۆ مایەدانی شەڕ، بـاج هـەڵناگرێت"، لـۆس ئەنجلوس تایمز، 22 / کانونی دوەم / 1991، بەشی کاروبار، ل1.

54. ئیدوارد سەعید، "بەشێوەیەکی تراجیدی، کتێبێکی داخراو بۆ رۆژئاوا"، ئەندیپیندنت، 12 / ئاب / 1990. ئەو رۆژەی شەڕی کەنداو دەستی پێکرد، سەعید زۆر بەتوندی ئەو هەنگاوەی عراقـی رەخنـەکرد. بڕوانـە وتـاری "ئیمپراتـۆرێتی لم" (ویـك ئەنـد گاردیـان)، 12، 13 / کـانونی دوەم / 1991. ئەو وتارە لەخوێندنەوەی سەعید بۆجهان، سیـستمی نـوێی عـەرەبی رەخنـە دەکات، دەست خۆشـی لـەو کـارەی دەکـەین، چـونکە هـیچ هـەڵهێنجانێك پێـشکەش ناکـات. بـەبڕوای مـن بنـەما سەرەکییەکانی وەك خۆی ماوەتەوە، ئەوەش کاتێك سەڵمێنرا کە سەعید دژایەتی ئەو پرەنسیپەی کـرد هاوپەیمانەکان بۆ بەرژەوەندی راپەرینی خەڵکی عراق و لەدژی سەدام حوسەین تەدەخول بکەن.

55. سەمیر خەلیل "نقوم بون لەکەنداوی درۆدا"، ئەندیپێندنت، 25 / ئاب / 1990.

56. سەعید " بەشێوەیەکی تراجیدی، کتێبێکی داخراو ....".

57. ئەلیاس خوری " زری ئەمریکی "، " ئەلسەفیر "، 18 / ئاب / 1990، ل 10.

58. تەرابیشی " گەڕانەوەی کۆلۆنیالیزم "، ل 159 و 164.

59. شەڕی کەنداو، ل 112.

60. تەرابیشی " درویێنەی جەنگ " میریپ ریپۆرتس، تەموز ـ ئاب / 1991، ل 32.

61. ناونیشانی تەواوی : "گەڕانەوەی کۆلۆنیالیزم لەداگیرکردنی کولتورییەوە بۆ شەڕی کەنداو"، بەپێنوسی کۆمەلێك نوسەر، لەوانەش : کەمال ئەبودیب، سەمیح قاسم، محەمەد بەرادە، ئەنسی ئەلحاج (لەندەن : بلاوکراوەکانی ریاز ئەلرەیس / 1991).

62ـ بڕوانـە وتارەکـەی "شـەڕ لـەدژی شارسـتانی"، گاردیـان، 6 / نیـسان / 1991. وتارەکـەی بەشێوەیەکی پوخت و بەتێروتەسەلی قسەلەسەر "گەڕانەوەی کۆلۆنیالیزم" دەکات، ل 33 ـ 44.

63ــ بڕوانــە چــاوپێکەوتنەکەی لەگــەڵ کەســار لــە "ئەلحــەیات"، 30 / ئایــار / 1989، بەناونیشانی (کتێبی عەرەبی دەکوژن).

64. سەعید "بەشێوەیەکی تراجیدی، کتێبێکی داخراو ..."

65. خالیدی : " قەیرانی کەنداو : سەرچاوە و ئاکامەکانی"، ل 2.

**9 ـ دیمەنەکانی دڵرەقی و بێدەنگی**

1ـ هێندێك جار، تەنانەت کاتێك عەرەبیش راپۆرتی لەوجۆرە ئامادە دەکات، ئەوا پشتگوێ دەخرێ. لەکاتی کۆنگرەی نیشتمانیدا لەساڵی 1991، بۆ لیژنەی ئەمریکا ـ عەرەب ـ ی دژ بەرەگەزپەرستی ADC کە بانگەشەی ئەوە دەکات "رێکخراوێکی بێلایەنە و تەنها بەرگری لەمافەکانی عەرەبە ئەمریکییەکان دەکات"، ئەم لیژنەیە بو بەبەربەستێك لەبەردەم رێکخراوی مافەکانی مرۆڤی عراقی کەبارەگاکەی لەواشنتنە، چونکە رێگەی پێنەدان لەسوچیکدا ئەدەبیاتی خۆیان نمایش بکەن. (لەهەمان کۆنگرەدا بەستە وەرەقەیەکی 92 وەرەقەیی بۆ فرۆشتن نمایش کرابو کە پێکهاتبو لە 30 گوتار، لێدوان، چاوپێکەوتن و نامەی لێپرسراوانی رەسمی حکومەتی عراقی بەناونیشانی "عراق دەدوێت" ـ زیاد لەنیوەی بابەتی سەدام حوسەین بو ـ). بەپێی وتەکانی فێرد مۆر ـ ی پەخشکار، ئامانجی ئەم کۆمەڵە بابەتە "خستنە رووی دیدو بۆچونی عراق بو". بەرگی کتێبەکە نەخشەیەکی رەنگ سەوزی کوێت و عراقی لەسەر بو کە سنوری نێوانیان سڕابووە، لەپاڵ نامێلکەی دی کەباسی لەدانیشتوانی بیست ملیۆنی عراقی دەکرد (بەپاریزگای نۆزدەهەمیشەوە). رێکخراوی ADC ساڵی 1980 دامەزرا "وەك پەرچەکردارێك لەسەر ئەو شێواندن و قسەهەڵبەستن و رەگەزپەرستییەی ئەمریکییەکانی بەرەچەڵەك عەرەب روبەروی دەبونەوە". (زانیارییەکان لەراپۆرتی چالاکییەکانی ساڵی 1991 ـ ی رێکخراوەکەوە بڵاوبۆتەوە). لەهەمو حاڵەتێکدا بەدەگمەن گرنگی بەپێشێلکردنی مافەکانی عراق و جهانی عەرەبی دەدا، لەجیاتی ئەوەش گرنگی بەپێشێلکارییەکانی ئیسرائیل دەدا لەسەر مافەکانی مرۆڤ و مافە مەدەنییەکانی عەرەبە ئەمریکییەکان. لە 11 / ئایار / 1992 ئەلبێرت مخیبر، سەرۆکی لیژنەیADC لەچاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ رۆژنامەنوسی ئەمریکی ـ عراقی دەڵێت ؛ هەمو ریژیمە عەرەبیەکان مافەکانی مرۆڤ پێشێل دەکەن، بۆیە ئەگەر لیژنەکە لەو پێشێلکارییانەوە دەست پێبکات، لەکوێ دەوەستێت؟ ئایا پێویستە هەمو کۆنگرەیەك 21 خشتەی کارکردن ئامادەبکەن؟ ئەم کارە کۆتایی نیە. بۆیە قسە لەسەر روداوە دەکەم چونکە ADC گەورەترین رێکخراوی ئەمریکی ـ عەرەبی وڵاتە یەکگرتوەکانە و نوێنەرایەتی نزیکەی 20 هەزار عەرەبی ئەمریکی دەکات و دیدوبۆچونەکانی فرە رەهەندە.

2ـ بۆ نمونە مرۆڤ بیر لەبەرهەمی ژنە نوسەرە لوبنانیەکانی وەك حەنان ئەلشێخ، ئەندریە شەدید و ئیتیل عەدنان دەکاتەوە چونکە نوسەرە پیاوەکان هێشتا سەرقاڵی رەتکردنەوە و ناسیونالیزم و دژایەتی کردنی ئیمپریالیزمن. بۆ زانینی جیاوازی زیاتر بڕوانە لێکۆڵینەوەکەی ا. عەقاد : "ئەلحەسانیە و جەنگ : دەمامکی ئەدەبی لەرۆژهەڵاتی ناوەراستدا"، (نیویۆرك : نیویۆرك یۆنیڤێرستی پرێس 1990).

3. تاکە کتێبێك کەلەسەر حەما پێم زانیبێت بەناونیشانی : "حەما : تراجیدیای سەردەمێکە کە سەبرا و شاتیلای تێپەراندوە"، (قاهیرە، خانەی ئەلئیعتسام). ناوی نوسەر لەسەر کتێبەکە نیە، رەنگە هەوڵی چەند ئیخوان موسلمینێك بێت. باشترین بەسەرهاتی روداوەکان لەکتێبی تۆماس فریدمان دا هاتوە بەناوی : " لەبیروتەوە بۆ قودس " (نیویۆرك : فیرار شتراوس ئەند جیرۆ 1989)، بەشی چوارەم، "یاساکانی حەما"، بەرزترین ژمارە 40 هەزار کوژراوە کەسۆربون لەسەر حەما بلاویکردۆتەوە. رێکخراوی لێبوردنی نێو دەوڵەتی لەراپۆرتێکیدا ژمارەی کوژراوەکان بە 10 ـ25 هەزار کوژراو دەخەملێنێ. کەس ژمارەی راستەقینە نازانێت.

4ـ هەر کە فاکسەکەم پێگەیشت چەندین کەرەت بەدوای راستی ئەو ناسنامەیە گەرام ـ ئاماژەپێکراوەکە ـ هەچەندە ئەو وێنە ئەسڵییەم دەستنەکەوت کە کوردەکان لەکاتی راپەرینی ئازاری 1991 دا دەستیان بەسەراگرتبو، بەلام ئەو کاسێتە ڤیدیۆیەم بینی کەوێنەی ناسنامەی عەزیز سالەحی گرتبو لەنزیك ژوری هەتکردندا لەبارەگای ئەمنی سلێمانی. وێنەکە لەکاتی تالانیدا گیرابو. بۆیە وەختی ئەوە نەبو ساختە لەبەلگەنامەکە بکرێ. ئەمە و شایەتی کوردەکانی دی و ئەو رۆژنامەنوسە رۆژئاواییانەی لەو دەمەدا لەوێ بون، هیچ گومانێکم لەلا ناهێڵێت لەوەی ئەو بەلگەنامەیە راستیە و ساختە نیە.

5. بەپێی شایەتی ئەحمەد بامەرنی لە 26 / ئەیلول / 1991 لەپاریس لەکاتی رێوشوێنەکانی دادگا پێشکەشی کرد بۆ "تاوانبارکردنی سەدام" و هەمو دارودەستەکەی بۆ ئەوەی بزانن لەتوانادا هەیە تاوانی شەڕ یا تاوان لەدژی مرۆڤایەتی ئاراستەی سەرکردایەتی بەعس بکەن. لەو دادگایەدا هیشام ئەلحەسەن، پزیشکی شارەزا لەندەن، لەشایەتییەکی زۆر کاریگەریدا دەڵێت زۆربەی ژنە عراقیە نەخۆشەکانی لەسالانی هەشتاکاندا لەلایەن پیاوانی ئەمنەوە دەستدرێژیان کراوەتە سەر. هەروەها بڕوانە کۆمەڵێك راپۆرتی شایەتەکان بەناوی "روداوەکانی ئازار/1991"، هەروەك خودی شایەتەکان دەیگێرنەوە (تاران : نێوەندی دۆکیومێنتی مافەکانی مرۆڤ لەعراقدا. 1991. ل33).

6. لەبارەی ئەم زانیارییە خۆم بەقەرزاری هیلاری مان دەزانم. لەدوای رزکارکردنی پایتەختی کوێت ماوەیەکی کورت سەردانی ژوری هەتکردنی کردبو. هەروەها لەدوای راپەرینیشەوە بەماوەیەکی کورت کاسێتێکی ڤیدیۆیان پێدام کەوێنەی ژوری هەتکردنی لەئەمنی سلێمانی و وێنەی کۆمەڵێك جلی ژنانەی کۆنی فرێدراوی لەپاڵ دیوارێکدا گرتبو.

7. بڕوانە وتارەکەی ئەندرۆ هۆگ لەپایتەختی کوێتەوە بەناونیشانی "میراتی شەڕی سەدام : منالانی بێ رابردو"، سەندای تایمز، 26 / کانونی دوەم / 1992. هۆگ لەدوای سەردانەکەی بۆ خانەی هەتیوان دەڵێت : "داینگەکە بەوێنەی پۆرترێت و کەلوپەلی رەنگاورەنگ رازابووە و بەهیچ شێوەیەك لەشوێنی ئەو منالانە نەدەچو کە کوێتییەکان پێیان باش بو لەبیریان بکەن. بەلام ئەوەش واقعیکی نەویستراوە کە زۆربەی منالانی داینگەکە یادەوەری زیندوی داگیرکاری عراق بون و لەژنانێك

کەوتبونەوە کەسەربازەکانی سەدام حوسەین دەستدرێژییان کردبووە سەریان. خەملاندنەکان جیاوازن، بەڵام دەستدرێژییەکانی حەوت مانگی داگیرکردن بە 500 ژن دەخەملێنرێ، هێندێك لەژنەکان چەندجارێك دەستدرێژییان کراوەتەسەر". منالانی داینگەکە بەری ئەو ژنانە بون کە دەرفەتی ئەوەیان نەبو بەدزێوە منالەکانیان لەباربەرن یا لەلایەن خێزانەکانیانەوە هیچ تێگەیشتنێکیان بۆیان نەبو. ئەو ژنانە روبەروی ژیانی ریسوایی دەبونەوە.

8ـ بروانە بۆ نمونە شایەتی ئوم حوسەین ئەلبەیاتی کە ژنێکی تورکمانە و لەکاتی گرتنیدا روبەروی چەندین شێوازی جۆراوجۆری دەستدرێژی سێکسی بۆتەوە لەکاتی دانیشتنی شایەتیدان یا لێکۆڵینەوەی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لەعراقدا شایەتی داوە. لە23 / ئایاری 1992 دانیشتنەکان لەتاران بەسترا و لە13 / حوزەیرانی 1992 لە (دەنگی کوێت) مادەکەی بڵاوکرایەوە. هەروەها بروانە راپۆرتی جیم موێر : "لەپشت راکردنە ترسناکەکەی کوردەوە"، (کریستیان ساینس مۆنیتۆر)، 18 / نیسان / 1991، ل 1. جێم دەنوسێت : "زۆرێك لەسەرچاوەکان دەڵێن، سەبارەت بەهێندێك سیاسی کەللەشەق، رێوشوێنێکی ئاسایی باو هەبو، بەوەی کەسوکاریان دەهێنایە زیندان و لەپێش چاویان دەستدرێژییان دەکردە سەریان بۆ ئەوەی قسەیان لێدەربهێنن". کاتێك لەکۆتایی حەفتاکانەوە سەرکوتکردن بەفیعلی زاڵبو، ئیتر ژنان لەعراقدا لەهەلومەرجێکی ئاڵۆز لەبەرچاوان "وندەبون". رێکخراوێك کەناوبانگی نیە و بارەگای لەلەندەنە داوا لە "لیژنەی نیودەوڵەتی دەکات ژنە زیندانی و بێسەروشوێنەکانی عراق ئازاد بکرێن". لەسالانی هەشتاکاندا هەوڵێکی زۆریدا زانیاری کۆبکاتەوە، لیست پێشکەش بکات و بەکاری راگەیاند هەستێت سەبارەت تەنگژەی ئەو ژنانە لەرۆژئاوادا.

9ـ رۆبەرت کارین " ریسوایی "بابەتی بەرگی"ئەلئەتلانتیك" بو، جلدی 269، ژمارە 2، (شوبات / 1992)، ل 47. ئاماژەکانی دی ئەم برگەیە لەلێکۆڵینەوەیەکی 30 لاپەرەیی وەرگیراوە.

10ـ قەرزاباری پەیڤینەکانی چەندین ساڵەی "مەی غەسوب" م لەبارەی ئەو بیروراکانەی بەتێروتەسەلی لێرەدا هاتوە، هەرچەندە بەدڵنیاییشەوە بەهیچ شێوەیەك لەسەر ئەو شتانەی لێرەدا نوسراوە بەرپرسیار نیە. بەتایبەتی بروانە کتێبەکەی : "ژنی عەرەب و رەسەنایەتی نێرینە"، (لەندەن : دار ئەلساقی 1991). وێنەیەکی هەمان بیرۆکەی لەوتاریکیدا دەرکەوتوە بەناونیشانی " مێخوازی و نێرینەی هەتاهەتایی لەجهانی عەرەبیدا "، نیو لێفت ریڤیو، ژمارە 161.

11. قەرزاربارى فالح عەبدئەلجەبارم، لەبەر ئەوەی ئەم نەریتەی تکریتییەکانی پێراگەیاندم، کە دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی عوسمانی لەگەڵ ئەو رقوکینە نامۆییەی لەبازنەکانی حوکمی بەعس لەکۆتایی شەستەکانەوە نەشونمای کرد، بەمەبەستی زەفەربردن بەبنەماڵە ئۆرۆستۆکراتە بەناوبانگەکانی عراق.

12. بۆ تەواوی بەسەرهاتەکە بڕوانە بەشی پێنجەم.

13. بڕوانە کارین " ریسوایی "، " زی ئەتلانتیك "، ل 40.

14. بەسەرهاتی ئەمەل مەسراتی و سارە ئەبو غەننام، لەپاڵ بەسەرهاتی دی، لەوتاریکدا هاتوە بەناوی "گرەنتی تاوانکردن" لەنوسینی ماتی ریڤیف (کۆڵ هایەر)، 8 / تشرینی دوەم / 1991. ریڤیف پێشتریش لەساڵی 1988 دا لەسەر ئەم بابەتەی نوسیوە، بەتایبەتی کاتێك کە ئاشکرایکرد دەستەلاّتدارانی ئیسرائیل لێبوردنێکی نائاساییان هەیە بەرامبەر بەو عەرەبانەی ژنەکانیان لەسەر مەسەلەی "تاوانی شەرەف" کوشتوە. ڤەرزاربازی کومەڵە وتارێکی ئیسرائیل شاهاکم لەسەر بابەتی تاوانی "شەرەفی خێزان"، زۆربەی ئەو زانیاریانەی بەکاریهێناوە سەرچاوەکەی چالاکی بوێرانەی رێکخراوی "ئەلفەنار"ی ژنانی فەلەستینیە و جەخت لەسەر ئەم مەسەلەیە دەکاتەوە. هەروەها بڕوانە راپۆرتێکی نایابی ژمارە 83 بەناوی "سەرەتای بزوتنەوەی ژنانی فەلەستینی"، بەبەرواری 23 / ئاب / 1991. رێکخراوی "ئەلفەنار" لە 4 / تشرینی دوەمی/ 1991 لەدەرەوەی بنکەی پۆلیسی شارۆچکەی رەملە خۆپێشاندانێکی رێکخست کە ئەمەل مەسیراتی جارێکی دی دایەوە بکوژەکانی. خۆپێشاندەرە فەڵەستینیەکان (ژنان) دەستەلاّتدارانی ئیسرائیلیان تاوانبار کرد دەستی لەگەڵ نەریتە کۆنپارێزەکان تێکەڵ کردوە و ملیان بۆ کەچ کردوە. بڕوانە پەیامی هەواڵەکان کەفەنار بەزمانی عەرەبی لەحەیفای ئیسرلئیل دەریدەکات. کانونی یەکەم / 1991، ل 2.

15. ریڤیف (کۆڵ هایەر)، 8 / تشرینی دوەم / 1991.

16. لەتشرینی دوەمی / 1991، ئەبو عەلی (ناوێکی خوازراوە) لەشەقلاوە (باکوری عراق)، زانیاری لەسەر ئەم بەڵگەنامە تایبەتە پێراگەیاندم. ئەبو عەلی لێپرسراوی رێکخستن و پۆلینکردنی هەشت هەزار بەلگەنامە بو کەحزبی شیوعی عراقی لەئازاری 1991 دەستی بەسەرا گرتبو. وێنەی ئەسڵی بەڵگەنامەکانم نەبینی. نوسەرێکی ناوداری کورد و تێکۆشەریکی سیاسی لەرێگەی ئەو لیستانەی رێکخراوە کوردستانیەکان دەستیان بەسەراگرتبو دەتوانیت بیسەلمێنێ وێنەگرتن بەکامیرای شاراوە لەعراق ببو بەپیشەیەکی راستەقینە. باسی لەچەند حاڵەتێکی دیاریکراوی کاسێتی سێکسی ئابروبەرانە دەکرد لەخودی ریژیم دابەشی دەکرد بەمەبەستی شکاندنی چەند کەسایەتییەکی کوردی دیاریکراو کە زۆرجاران گومانیان لەهاوکاریکردنیان هەبو. بڕوانە چاوپێکەوتنەکەی ئیسماعیل زایەر و ..... لەگۆڤاری مافەکانی مرۆڤی هۆڵەندی (مینسن ریچن ماگازین)، ئایاری 1992. رێکخراوی میدڵ ئیست وۆچ - یش بەڵگەنامەی پۆلیسی عراقی هەیە کە ئاشکراکردنی خیانەتی خێزانی وەك ئامرازێك بەکاردەهێنێ بۆ ئەوەی بیانکات بەهەوالگر.

17ـ بڕوانە راپۆرتی تیریزا ئۆرنهێڵ، "ناچارکردنی ژنان بەقسەکردن : زاروەرگرتنی ژنە فەڵەستینیە زیندانیەکان لەلایەن دەزگای ئەمنی گشتی ئیسرائیلەوە"، (لەندەن : پارێزەرانی مافەکانی مرۆڤ لەئیسرائیلدا، 1992)، لەرێگەی لێکۆڵینەوەی هێندێك حاڵەتدا دەرکەوتوە چۆن دەزگای ئەمنی

ئیسرائیل : (گەشەی بەتەکنیکی دیاریکراوی تایبەت بەژنان داوە، وەك زۆربۆهێنانی سێکسی، و تەوزیفکردنی چەمکی عەرەبی لەمەر " شەرەفی ژن ")، ل 17. هەروەها بڕوانە پەراوێزی ژمارە 25 ـ ی (خورافات).

18ـ عیسام ئەلخەفاجی "ترسی دەوڵەت و داروخانی سیاسەت لەعراقدا"، "میریپ ریپۆرتس"، (ئایار ـ حوزەیران / 1992)، ل 16.

19ـ قەرزاباری مەی غەسوب ـ م کە ئاماژەی پێدام بەوەی پێویستە ئەم جیاوازییەی نێوان وڵاتێکی وەك سعودیە و عراق لەبەرچاوبگیرێ.

20ـ ئەو کەسەی ئەمەی پێراگەیاندم، لەهاوێنی 1992 لەلەندەن چاوم پێیکەوت، بەڵام پێی خۆشە ناوی نەهێنرێ.

21ـ لەدوای ئەو هەمو شپرزەیی و هەڵچونەی ساڵانی حوکمی بەعس، کەچی هێندیك کەسایەتی لەئۆپۆزیسیۆنی عراقیدا ئیسلام لەسیاسەتدا بەکاردەهێنن، ئەویش بەناوی پێویستی گەڕانەوە بۆ "ئەسڵ" و "نەریت" پاساو دەدرێتەوە. خاڵی یەکەم بریتیە لەوەی ئەم پاساوانە هەمیشە ئەوە پشتگوێ دەخات کە ئەم رەگوریشە هەمان بونی جارانی نەماوە. گرنگ نیە لەکاتی راپەرینی ئازاری 1991 دا چەند کەس دروشمی ئیسلامییان دەوتەوە، لەبەر ئەوەی ئەو خەڵکانەی دروشمی "اللەأکبر" یان دەوتەوە، هەر خۆشیان هەمو شتێکی چواردەوریان لەنێو دەبرد. چونکە نیهلیزمیش (العدمیە) بەناوی ئیسلامەوە هەر میراتی بەعسە و هیچ پەیوەندییەکی بەئیسلامی تەقلیدییەوە نیە. ناکرێ شتێکی وەك گەڕانەوە بۆ ئیسلامی راستەقینە لەعراقدا روبدات، چونکە ماوەیەکی زۆرە عراقییەکان بەشێوەیەکی قوڵی ئەوتۆ بون بەخەڵکانێکی (هاوچەرخ) کەتوانای پاشگەزبونەوەی تیانیە. رەنگە تەنها ئیسلام وەك ئایدۆلۆجیایەکی سیاسەتی نوێ بەکاربهێنرێ کەجێگەی ئایدۆلۆجیای بەعس بگرێتەوە و وەك ئەویش دەرئەنجامی وێرانەیی لێبکەوێتەوە (لەماوەیەکی دوردا زیان بەخودی ئیسلامیش دەگەیەنێت). ئەمرۆ عراقییەکان پێویستیەکی زۆریان بەوە هەیە لەسیاسەتدا لەهەمو فیکرێکی ئایدۆلۆجی دوربکەونەوە، بەئیسلامیشەوە.

22ـ بڕوانە راپۆرتی رۆی گوتمان لەرێگەی چاوپێکەوتن لەگەڵ 20 قوربانیدا، (نیویۆرك نیوزدەی)، 23 / ئاب / 1992، ل 7 و 39.

23ـ لەدوای پێشکەش کردنی بەڵگەی تەواو بەدادگای سەربازی دەولی کەساڵی 1946 لەتۆکیۆ بەسترا بەرەسمی گەیشتنە ئەم ژمارەیە. لە لێکۆڵینەوەیەکی سۆزان براون میلەرەوە وەرگیراوە لەسەر ئەم بابەتە بەناونیشانی "لەدژی ئیرادەمان : پیاوان، ژنان و دەستدرێژی کردن"، (نیویۆرك: بانتام بۆکس، 1980)، ل 58.

24ـ سەرچاوەی پێشو. ل 86 ـ 87.

25. پوختەیەکی ئەم کێشانە لەپاڵ لێدوانێکی کورت لەبارەی پەرچەکردار لەسەر نامێلکەکە لە کانونی یەکەمی 1989 لە "ژنان لەپێناوی ژنە زیندانیە سیاسیەکاندا ـ ئەلقودس" هەیە. (ئەلقودس ـ راپۆرتی شەش مانگی، کانونی دوەم ـ حوزەیران / 1990)، بڕوانە لاپەرەی 12 ـ 13، کێشەی دەستدرێژی سێکسی.

26ـ لێکۆڵینەوەی 1982 لەئۆریگۆن (وڵاتە یەکگرتوەکان) ئەنجام درا. بڕوانە (عەقلی دەستدرێژیکار)، نیوزویك، 23 / تەموز / 1990، ل 46.

27. "نەبونی هاوسۆزی یەکێکە لەپایە هەرە جیگیرەکانی دەستدرێژیکردن، چونکە پەلاماردەران توانای قایلکردنی خۆیان هەیە، بەوەی قوربانییەکە ئارەزوی هەبوە یا شایانی ئەو دەستدرێژیکردنەبوە". سەرچاوەی پێشو. ل50.

28. چاوپێکەوتنی ژنە عراقیەکان کە مادەیەکی سەرەکی کتێبەکەی سەنا ئەلخەیاتە "شەرەف و ریسوایی"، (لەندەن، دار ئەلساقی، 1990) لەکاتی شەڕی عراق ـ ئێراندا ئەنجام درابو. ئەو توندوتیژییەی لەپەیوەندی شەخسی نێوان کەسەکاندا هەیە (بەلام توندوتیژی سیاسی نیە)، لەتێروانینیان بۆ پەیوەندی خێزان و سێکس بەدیاردەکەوێت، کە ئەویش بەرهەمی گوزەراندنی چەندین ساڵەی ژیانە لەژێر حوکمی بەعسدا. بەڵام ئەگەر ئەو چاوپێکەوتنانە لەساڵانی پەنجا وشەستەکاندا ئەنجام بدرایە، واتە پێش ئەوەی توندوتیژی بەو رادەیە مۆرکی دامەزراوەیی وەربگرێ، ئەوا پێم وایە ئەم دەرئەنجامەی ئێستای نەدەبو.

29. بڕوانە ریڤیف " کۆڵ هایەر "، 8 / تشرینی دوەم / 1991.

30ـ بڕوانە وتارەکەی ئیما دایلی لەبارەی چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵ د. هاریتۆس فاتوراس بەناونیشانی "خەڵکانی ئاسایی توانای شەرئەنگیزییان هەیە"، (ئەندیپێندنت)، 10 / ئاب / 1992.

31. راپۆرتێکی دورودرێژە لەسەر روداوەکە، لەنوسینی رۆی گوتمان، "نیویۆرك نیوزدەی"، 23 / ئاب / 1992، ل 7 و 39.

32. ئەحمەد توتنچی، نوسەری ئەوکورتە چیرۆکەیە کەلەبەشی حەوتەمدا ئاماژەم پێکردوە.

33. ریڤیف، کۆڵ هایەر، 8 / تشرینی دوەم / 1991.

34. سەلمان موسالحە، (شەرەف ونبوی عەرەب)، هاریتز، 27 / ئازار / 1991. لەوەرگێڕاوەکەی ئیسرائیل شاهاکەوە وەرگیراوە لەراپۆرتی ژمارە 67، بەناونیشانی "فەڵەستینیەکانی ئیسرائیل لەکەشوهەوای رەخنەلەخۆگرتن گفتوگۆی دیموکراسی دەکەن".

35. مەی غەسوب، " ژنی عەرەب "، ل 9 ـ 10.

36ـ وتاری "لەگەڵ رێز و پێزانیم بۆ هەمو خێزانەکەم، دەمەوێت بژیم"، لەنوسینی ئامی گینسبرگ، " هاداشوت "، 12 / تشرینی دوەم / 1991، هەروەها ئەم وتارە لەکۆمەڵەکەی شاهاك دا هەیە کەلەپەراوێزی 14 باسکراوە.

37. ئەم ژمارەیە لەوتارێکی پارێزەر "ئەسما جەهەنگیز" وەرگیراوە، بەناوی (دەستدرێژیکردن رووی زۆری هەیە)، لەچاپە پاکستانییەکەی " هیراڵد ئەنیۆڵ"، کانونی دوەم / 1992، ل 52. هیراڵد هەژدە لاپەرەی وتارە جیاوازەکانی بۆ "سیاسەتی دەستدرێژیکردن" لەپاکستان تەرخانکردوە. ئنجا بەدوای ئەویشدا دوو روداوی بەناوبانگی تیایە بۆ پاکتاوکردنی حیساباتی سیاسی لەرێگەی دەستدرێژکردنە سەر ئەو ژنانەی سەر بەچینی خوارەوەی کۆمەڵ بون. قەرزارباری "سارە زەیدی" م کەسەرنجی بۆ ئەم مادەیە راکێشام. ترسناکی بارودۆخەکەی پاکستان و ئەو شێوازەی یاسای سنور بەئاشکرا لەگەڵ بنەماکانی مافەکانی مرۆڤ ناکۆك دەوەستێتەوە لەراپۆرتێکی 153 لاپەرەییدا خراوەتە روو کە رێکخراوی هیومان رایتس ووچ دەریکردوە بەناونیشانی : "دەبڵ مەترسی : دەستدرێژییەکانی پۆلیس بۆ سەرژنان لە پاکستاندا". (نیویۆرك / 1992).

38. " تایمز ئۆف ئەندیا " لە (ژنان لەهێڵی پێشەوە) وەرگیراوە. راپۆرتێکی رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتیە لە ئازاری 1991 دەرکراوە، ل 19، هەروەها تیایە هاتوە : "پێدەچێت دەستدرێژیکردن لەکاتی زینداندا بەرادەیەکی ئەوتۆ زیادیکردوە کە ناونیشانی "پۆلیس شەڕ بەژنان دەفرۆشن" بوە بە بابەتێکی رۆژنامەکان. ئەگەر وایدەبنێین لە97٪ ئەو کێشانەی پەیوەستن بەدەستدرێژیکردنەوە یا هەڵدەوەشێتەوە یا رەتدەکرێتەوە بەبیانوی ئەوەی پۆلیس ناتوانێت (لەچاپ دەرنەچوە) ئەو ئاستەنگییانەی دوچاری چارەسەری دەستدرێژیکردن بۆ سەر گیراوەکان دەبێتەوە، ناکرێ بەهەند وەرنەگیرێ".

39. بڕوانە " بەبێ خوایشتی خۆیان " لە "فۆکاس" بڵاونامەیەکی رێکخراوی لێبوردنی نێو دەوڵەتیە، شوبات / 1992، ل 4.

40. بەپێی قسەی سوزان نەسر، یەکێکە لەئەندامەکانی ئەلفەنار، لەکاتی چاوپێکەوتنیدا لەگەڵ ئەیاد رەحیم لەئایاری 1992دا دەڵێت : "ئەلفەنار" لە بەهاری 1991 دامەزرا. دامەزراندنی پزیسکی کێشەی کچێکی فەڵەستینی تەمەن بیست ساڵان بو، کچەکە خەڵکی گوندی ئیکسال ـ ی سەر ئەلجەلیل بو کە لە تەمەنی پازدە ساڵییەوە باوکی دەستدرێژی دەکردە سەری. لەئەنجامدا کچەکە سکی پڕ دەبێت و تەرمەکەی بەسوتاوی لەسەیارەیەکدا دەدۆزرێتەوە. بەڵام پۆلیسی ئیسرائیلی باوکی کچەکە ئازاد دەکات، ئیتر ژنانی فەلەستینی دەست دەکەن بەسکاڵا کۆکردنەوە و داوا لەدەستەڵاتداران دەکەن دادگایی بکەن. ئەمرۆ ژنانی فەنار لەگوندە عەرەبی و قوتابخانە ئامادەییەکاندا کۆڕدەگرن لەسەر بابەتی شەرەف و ریسوایی لەکۆمەڵگەی عەرەبیی ئیسلامدا. کاتێك شێخ محەمەد غەدیر لەچاوپێکەوتنیکی رادیۆیدا وتی :"پێویستە شەرەفی خێزان بپارێزی" و ئەگەر ژنێك "ریسوایی بەسەر خێزانێکدا هێنا، پێویستە رەفتاری لەتەکدا بکرێ، تا دەگاتە کوشتنیشی". ژنانی فەنار داوایان

لەدادوەری گشتی کرد بەتومەتی هاندانی کوشتن شێخ تاوانبار بکات. هەروەها بڕوانە گینسبرگ (هاداشوت)، 12 / تشرینی دوەم / 1991.

41. "بەیانی ڕێکخراوی لێبوردنی نێو دەوڵەتی دەربارەی مافەکانی مرۆڤ لەسوریا"، واشنتن، 24 / نیسان /1991.

42. بڕوانە پەراوێزی ژمارە - 3 - لەسەرچاوەکانی دی لەسەر ڕوداوەکەی حەما، لەپاڵ ئەم چاوپێکەوتنەی سەعید کەلە بەهاری 1992 لەولاتە یەکگرتوەکان سازکرا. بێگومان سەعید ناوێکی خوازراوە.

43. بڕوانە وتارەکەی مارتین ئەمیس لە ئەسیوشێتد پرێس کەلە "ناشوا تەلەگراف" بلاوبۆتەوە لە "نیو هامپشایر"، 14 / حوزەیران / 1991، هەروەها بڕوانە (بۆستن سەندای گلۆب)، 9 / حوزەیران / 1991.

44. بڕوانە راپۆرتەکەی جودیت میلەر، "زی نیویۆرك تایمز"، 30 / تشرینی یەکەم / 1990.

45. بڕوانە راپۆرتی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی، هەروەکو لە "تایمز" (لەندەن) لە 2 / تشرینی دوەم / 1990 ئاماژەی پێکردوە.

46. بڕوانە راپۆرتی میدڵ ئیست وۆچ بەناونیشانی "سەرکەوتن بوە شتێکی بێزراو"، ئەیلولی 1991 و بلاوکراوەیەکی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی لەسەر ئەشکەنجەدان و کوشتن لەکوێت. 18 / نیسان / 1991.

47. ئەم هەمو وردەکارییە لەسێ راپۆرتی جۆن کیفنەر دەرهێنراوە، "نیویۆرك تایمز"، 22 / کانونی دوەم - 30 / کانونی دوەم - 9 / شوبات / 1986.

48. تەقاندنەوەی دوو ئۆتۆمۆبێل لەپیادەکردندا لەپیادەکردنەکانی ئیسرائیل دەچێت لەلوبناندا، ئەویش دووجار بۆردومان کردنی ئۆردوگایەکی پەنابەرانە لەماوەیەکی کورتدا.

49. ئەم ژمارەیە لە 6 / ئازار / 1992 لە " ئەلنەهار" بیروتی بلاوکرایەوە. یەکەم ژمارەی رەسمی لەسەر ژمارەی کوژراوەکانی شەڕی ناوخۆی لوبناندا، هەروەکو نوسینگەی زانیاری ئیدارەی پۆلیسی بیروت پشتڕاستی کردۆتەوە، لەهەمان ژمارەی ئەلنەهار بلاوبۆتەوە. ئەگەر بەشێوەیەکی دی دەرنەکەوتبێت، ئەوا وەك سەرچاوەیەك پشتی پێدەبەستم.

50. ژمارەکان لە لێکۆڵینەوەیەکی "سەلیم نەسر" - ەوە وەرگیراوە بەناونیشانی :"لوبنان : راستی نوێی کۆمەلایەتی و کێشەی بونیات نانەوە"، لەپرێسس چاپکراوەتەوە، لەبلاوکراوەکانی نێوەندی لێکۆڵینەوەی نێو دەوڵەتی لەزانکۆی - میت - جلدی 3، ژمارە 1 (زستانی 1991 - 1992)،ل13.

51. جین سەعید مەقدەسی، "پریشکی بیروت : یادەوەری جەنگ"، (نیویۆرك : پریسیا بۆکس / 1990)، ل 243 - 244.

52ـ هـەمو ئامارەکـان لەوتاریکـدا وەرگـیراوە بـەناوی "راپـەڕین لـەخۆی هەڵدەگەڕێتـەوە"، "ئیکۆنۆمیست"، 16 / ئەیلول / 1989. ل 41.

53ـ نوسـەری فەڵەسـتینی، ئـەمیل حـەبیبی بەشـێوەیەکی ئاشکرا دیـواری بێـدەنگی لەسـەر ئـەم تاوانانە روخاند. بڕوانە وتارەکانی لە "ئەلقودس ئەلعەرەبی"، 20 / ئازار ـ 22 / ئایاری 1991.

54ـ بۆسـت هیلـتر مـان "زی نایـشن"، 10 / ئـەیلول / 1990. لێـرەدا حـەبیبی لەرەخنەیـەکی توندیـدا لەتونـدرەوی فەڵەسـتینەکان، بەرێکـەوت ئامـاژە بەکوشـتنی 300 کـەس دەکـات بـەبیانوی هاوکاریکردنی ئیسرائیل. "ئەلقودس ئەلعەرەبی"، 20 / ئازار / 1991.

55ـ " زی نایـشن "، 10 / ئـەیلول / 1990. ناونیـشانی وتارەکـەش : "دوژمـنی نـاوخۆی راپەڕین"ە.

56. هەروەکو لەراپۆرتی "بۆستن گلۆب" بلاوبۆتەوە. 30 / ئایار / 1992.

57. عید بەنائومێدی کۆبونەوەکەی بەجێهێشت و لەچاوپێکەوتنێکی تریـدا وتـی : رەنگـە دوەم کەسی ئەم زنجیرەیە بێت. بڕوانە "بۆستن گلۆب" 20 / حوزەیران / 1992.

58. وتارەکەی لە "ئەلقودس ئەلعەرەبی"، 9 / نیسان / 1991.

59. قەسیدەکە ناوی (شاری سەدەی یەکەم) ە و لە7 / ئازاری 1991 نوسراوە، واتـە لەکاتێکـدا نوسـراوە کەراپـەڕینی خـەڵکی عـراق لـەدژی ریـژیمی عـراق سـەرکوتدەکرا، ئـەو راپەرینـەی لەشـاری بەسـرەوە دەسـتی پێکـرد. ئـەم قەسـیدەیە بەعـەرەبی چـاپکراوە لەگـەڵ وەرگێرانێکـی ئینگلیـزی کـە نوسەری فەڵەستینی، ئەنتوان شەماس وەریگێڕاوە لـە "میـدیتیریان"، گۆڤارێکی وەرزییـە، دوو ژمـارەی پێکەوەیە 2 و 3، ل 78 ـ 81.

60ـ ئـەمین ئەلعیـسا وتارەکـەی بـەناوێکی خـوازراو نوسـیوە، ئـەویش م. یـەحیا، بەناونیـشانی "مەحمود دەرویش و رێگەیەکی داخراو"، لە 26 / ئازاری 1987 لە "عراق ئەلغەد" بلاوکرایەوە.

61. هەمویان لەدەقی لێدوانەکەی محمود دەرویشەوە وەرگیراوە کەلـە هەفتەنامـەی "ئەلتەلیعـە ئەلعەرەبیە" بلاوکرابۆتـەوە، کەلـەپاریس دەردەچێت، ژمـارە 151. 31 / ئـازار / 1986، ل 38 ـ 39.

62. قەسیدەکەی دەورۆیش ناوی "کردستانە" و لەوتارەکەی ئەلعیسا وەرگیراوە، لەپەراوێزی 60 باسکراوە.

**10 ـ پێناسەی بێدەنگی**

1ـ سـادق جـەلال ئەلعـەزم "رەخنـە لـەخۆگرتن لـەدوای شکـستدا"، (عـەکا : دار ئەلجـەلیل / 1969)، ل 20.

2ـ جگەلـە "وضـاح شـرارة"، مامۆسـتای زانـستە سیاسـیەکان لـەزانکۆی لوبنـان، کەلـەدوای داگیرکردنی کوێت دەمودەست وتارێکی نایابی نوسی، و هـەمان ئـەو بابەتانـە دەگێڕێتـەوە کەبەرهـەمی سەرەتایی ئەلعەزم بو، و یـاری بەناونیـشانەکانی دەکـرد. بڕوانـە وتارەکـەی "رەخنەلـەخۆگرتن لـەکاتی شکستدا" کەلە 25 / ئابی 1990 لە "ئەلحـەیات" بڵاوبۆتـەوە. شـەرارە بەراشکاوی هێرشـی دەکـردە سەر ناوەرۆکی گوتاری قـەومی و جـەماوەری، ئەمـە لەکاتێکدا ئـەم گوتـارە لەهـەمو لایەکـەوە لـەبیروت چوار دەوریان دابو، بۆیە ئەگەر رەچاوی هەلومەرجەکە بکەین ئەوا رەفتارێکی بوێرانە بو.

3ـ ئیـدوارد سـەعید "رۆژهەڵاتناسـی"، (نیویـۆرك : رانـدۆم هـاوس / 1979)، لەپیـشەکیەوە وەرگیراوە، ل 11، تیایـە دیاریـدەکات کـێ دەبێتـە بابـەتی کتێبەکـە و کـێ "ئێـستا رۆژهەڵاتناسـە" (ل 204)، و بیرکردنـەوەی سـەعیدیش دیاریـدەکات سـەبارەت رۆژهەڵاتناسـی "لەچـاپ دەرنەچـووە"، و هەنوکە، هەروەکو لەسەر "هەمو" ئوروپییەك دەیڵێت.

4. سەبارەت رەخنەی عەرەب لەسەر ئەم کتێبە، بڕوانە سادق جەلال ئەلعـەزم، "رۆژهەڵاتناسـی و رۆژهەڵاتناسی ئاوەژو" لەگۆڤاری "ئەلحەیات ئەلجەدیدە" بڵاوبۆتەوە، ژمارە 2، (کانونی دوەم ـ شوبات / 1981). ئەم کتێبە بەهەمان ناونیشانیش بەزمانی ئینگلیزی لە "خەمسین" بڵاوبۆتەوە، ژمارە 8، (ئیتاکا پرێس، لەندەن / 1981).

5. کاتێك ئەمیل حەبیبی لەئایاری 1992 خەڵاتی ئەدەبی ئیـسرائیلی قبـوڵ کـرد، تورەبـونێکی زۆری لێکەوتەوە، روناکبیرانی عەرەب یەك لەدوای یەك قبولکردنی ئەو خەڵاتەیان شەرمەزار کـرد (بـۆ نمونە مەحمود دەرویش، عەبدئەلرەحمان مونیف، سەمیح قاسم، جۆرج تەرابیشی، عـەزیز ئەلعەزمـە، جابر عـسفور، هیـشام شـەرابی و زۆرێکـی دی). لـەبارەی لێـدوانێکی کـورتی هەریـەکێك لـەو کەسـانە و خـەڵکانی دی سـەبارەت بەرەتکردنـەوەی قبـولکردنی خەڵاتەکـە، بڕوانـە، "ئەلحـەیات"، 24 / ئـازار / 1992. هـەروەها یـەکێتی نوسـەران و رۆژنامەنوسـانی فەڵەسـتینیش حـەبیبیان رەخنـەکرد. لێـرەدا پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێ کە حەبیبی لەلایەن نەوەی نوێی سەرکردایەتی فەڵەستینی ناو ئیسرائیل و ناوچـە داگیرکراوەکانـەوە پـشتگیری لێـدەکرا، وەك حـەنان عەشـراوی و فەیـسەل ئەلحوسـەینی. بـۆ پـشتگیریکردن لـە حـەبیبی بڕوانـە رەخنەیـەکی دانـسقە لەنوسـینی حـازم سـاغیە، "مەسـەلەی ئـەمیل حەبیبی"، رۆژنامەی "ئەلحەیات"، 30 / ئازار / 1992.

6. بڕوانە " رۆژهەڵاتناسی "، ل 61.

7. سەرچاوەی پێشو. ل 1.

8ـ لەقەسـیدەکەی ئـەدۆنیس سـاڵی 1982 لەسـەر بـیروت، لەئـەنتۆلۆجیای شـیعری عـەرەبی بڵاوکرایـەوە کەبەهـەردوو زمـانی عـەرەبی و ئینگلیـزی دەردەچـێت، بەناونیـشانی (قوربانیـەکانی نەخشە). دار ئەلساقی. ل 138.

9ـ بڕوانە فواد عەجمی (بێدەنگی لەکولتوری عەرەبیدا)، "زی نیو ریپابلیك"، 6 / نیسان / 1987.

10ـ خالیدی (قەیرانی کەنداو : سەرچاوە و ئاکامەکانی) ل 3.

11ـ ئەو گۆرانییەی بەم دێرانە دەست پێدەکات ناوی (دکتۆر) ە و ساڵی 1939 دانراوەو هەر هەمان ساڵیش لەرادیۆی بەغداوە تۆمار کراوە.

12ـ نعوم چۆمسکی "بەرپرسیارێتی روناکبیران"، جاری دووەم "قاریء شومسکی" دەریکرد، (نیویۆرك بانتیون بۆکس، 1987).

13ـ ئۆلیڤەر ساکس، (رابون)، لەندەن بیکادور 1991، ل234.

14ـ شکلار " شەڕئەنگیزی ئاسایی"، ل 8 ـ 9، رستە نایابەکەی "دڵرەقی بکەین بەسەرەتا" مونتانیە دایهێناوە، لەدوای خوێندنەوەی شکلار بۆم ئاشکرابو، دزێوترین شەڕی سیاسی لەنێو هەموو شەڕەکانی دی، هەروەکو شکلار- یش لەکتێبەکەیدا دەیسەلمێنێ بریتیە لە دڵڕەقی.

## پێرست


| بابەت | | لاپەڕە |
|---|---|---|
| پێشەکی نوسەر | | 15 |
| | **بەشی یەکەم / دڵڕەقی** | 33 |
| 1. خەلیل | | 35 |
| 2. ئەبو حەیدەر | | 69 |
| 3. عومەر | | 130 |
| 4. مستەفا | | 168 |
| 5. تەیمور | | 187 |
| 6. یادکردنەوەی دڵڕەقی | | 247 |
| عراق بەرەو کوێ؟ | | 265 |
| | **بەشی دوەم / بێدەنگی** | 283 |
| 7. من کێم؟ | | 285 |
| 8. خورافاتی نوێی ناسیونالیزم | | 312 |
| 9. دیمەنەکانی دڵڕەقیو بێدەنگی | | 354 |
| | **10. پێناسەی دڵڕەقی** | 391 |
| | **پەراوێزەکان** | 412 |